Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.19631

# ڕەگەزی کات لە بنیاتی دەقی شانۆیی (چێژ لە مەرگتان وەردەگرم) دا

عطا رشيد حسين

بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ،زانکۆی سلێمانی

**Article Info**

Received: July, 2019
Revised:July,2019
Accepted: August ,2019

**Keywords**

شانۆ ، چێژ لە مەرگتان وەردەگرم

**Corresponding Author**

خلاصة البحث

شانۆ بەیەکێك لەهونەرە مەزنەکانی مێژووی شارستانیەتی مرۆڤ دادەنرێ.کە هەرلە سەرەتای سەر هەڵدانیەوە،تا ئەم سەردەمە دەبینین بەدرێژایی ئەو مێژووە توانیویەتی خزمەتێکی مەزن پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات. ئەوەش بەهۆی ئەوەی هونەری شانۆ جگە لەنواندن بایەخ بەکۆمەڵێك ڕەگەزو بابەتی هەمەجۆرتری وەکو: (مۆسیقا، ڕووناکی ، ڕووداو، کات ، شوێن ، ئیکسیسوار، ماکیاژ، دیکۆر ،دیالۆگ،..) دەدات. لەهەمان کاتیشدا هەڵگری خەم وپەژارەو هەموو هەست و نەستەکانی مرۆڤیشە وهەرلەسەرەتاشەوە بۆخزمەتی مرۆڤ و هوشیارکردنەوە وبەرزکردنەوەی ئاستی دنیابینی و تێگەیشتنی مرۆڤایەتی هاتۆتە کایەوە. هەربۆیە لەگەڵ گەشەکردنیشیدا توانیویەتی بچێتە نێو زۆربەی ڕەهەند و کەلێنەکانی ژیانی مرۆڤەوە و سوودیان لێ وەربگرێت وبیانکات بەکەرەسەیەکی گرنگی نێو بابەتەکەی، لەوانەش وەکو: (ئایین، بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، سیاسەت، مێژوو، دڵداری ،نیشتمانپەروەری، گاڵتەجاڕی ،..).

بێگومان، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی هاندان و ڕێنوێنی کردنی گەلێك جۆری لێکۆڵینەوە و قسەکردن لەسەر تەکنیك وناوەڕۆکی شانۆ لەلایەن ڕەخنەگرانەوە. لەو چوارچێوەیەشدا وبەمەبەستی زیاتر ئاوڕدانەوە لە ڕۆڵ و گرنگی شانۆی کوردی بەپێویستمانزانی ئاوڕ لە ڕەگەزی (کات) بدەینەوە، کە ڕەگەزو کەرەسەیەکی گرنگی بنیاتی دەقی شانۆگەرییە و پەیوەستە بەتەکنیکی گێڕانەوەوە، چونکە هیچ گێڕانەوەیەك بەبێ بوونی کات ئەنجام نادرێت، ئەمەجگەلەوەی ڕەگەزی کات چەقێکی فرەتەوەر و فرەڕەهەندیشی هەیە.

لەڕاستیشدا،هەر ئەو ڕۆڵ و پێگە گرنگەی کاتە، کە سەرنجی زۆربەی ڕەخنەگرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە،کەچیتر وەکو بابەتێکی ئاسایی تەماشای کات نەکەن، بەڵکو ڕەگەزی کات خۆی لەخۆیدا خودی دەقە و ناکرێت فەرامۆش بکرێ. لەوڕووەشەوە ،ئەم توێژینەوەیەش ، وەك لەناونیشانەکەیدا هاتووە(ڕەگەزی کات لەبنیاتی دەقی شانۆیی (چێژ لە مەرگتان وەردەگرم).کە یەکێکە لەبەرهەمەکانی(حەکیم مەلا ساڵح) و لە کتێبی (هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا) بەرگی (٤) بڵاوی کردۆتەوە، زیاتر ڕەگەزی (کات) مان کردۆتە بنەما و بنچینەی توێژینەوەکە و تێیدا ئەو قۆناغ و ساتە وەختە مێژووییە هەڵدەسەنگێنین و دیاری دەکەین، کە تێیدا پانتاییەکی جوگرافی گەورەی وەکو شاری (هەڵەبجە) لەساڵی 1988 بەر شاڵاوی کیمیاباران دەکەوێت و ڕووداو و تراجیدیایەکی گەورەی مرۆیی و ژینگەیی دروستدەکات، کە لەماوەی چەند ساتەوەختێکی کەمدا زیاتر لە(5) هەزار مرۆڤی کورد بەبێ جیاوازی ڕەگەزی و چینایەتی شەهید دەبن و هەزاران کەسی دیکەش لە سەر زێدی بابو باپیرانیان ئاوارە دەبن ، هۆیەکەشی لەبەرئەوەیە ئەو خەڵکە کوردبوون و تەسلیمی ویستی نەگریسی حزبی بەعسی فاشی نەبوون.

## پێشەکی

شانۆ بەیەکێك لەهونەرە مەزنەکانی مێژووی شارستانیەتی مرۆڤ دادەنرێ،کە هەرلە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە،تا ئەم سەردەمە دەبینین بەدرێژایی ئەو مێژووە توانیویەتی خزمەتێکی مەزن پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات، ئەوەش بەهۆی ئەوەی هونەری شانۆ جگە لەنواندن بایەخ بەکۆمەڵێك ڕەگەزو بابەتی هەمەجۆرتری وەکو: (مۆسیقا، ڕووناکی ، ڕووداو، کات ، شوێن ، ئیکسیسوار، ماکیاژ، دیکۆر ،دیالۆگ،..) دەدات. لەهەمان کاتیشدا هەڵگری خەم و پەژارەو هەموو هەست و نەستەکانی مرۆڤیشە وهەرلەسەرەتاشەوە بۆ خزمەتی مرۆڤ و هوشیارکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی دنیابینی و تێگەیشتنی مرۆڤایەتی هاتۆتە کایەوە، هەربۆیە لەگەڵ گەشەکردنیشیدا توانیویەتی بچێتە نێو زۆربەی ڕەهەند و کەلێنەکانی ژیانی مرۆڤەوە و سوودیان لێ وەربگرێت وبیانکات بەکەرەسەیەکی گرنگی نێو بابەتەکەی، لەوانەش وەکو: (ئایین، بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، سیاسەت، مێژوو، دڵداری ،نیشتمانپەروەری، گاڵتەجاڕی ،..).

بێگومان، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی هاندان و ڕێنوێنی کردنی گەلێك جۆری لێکۆڵینەوە و قسەکردن لەسەر تەکنیك و ناوەرۆکی شانۆ لەلایەن ڕەخنەگرانەوە. لەو چوارچێوەیەشدا و بەمەبەستی زیاتر ئاوڕدانەوە لە ڕۆڵ و گرنگی شانۆی کوردی بەپێویستمانزانی ئاوڕ لە ڕەگەزی (کات) بدەینەوە، کە ڕەگەزو کەرەسەیەکی گرنگی بنیاتی دەقی شانۆگەرییە و پەیوەستە بەتەکنیکی گێڕانەوەوە، چونکە هیچ گێڕانەوەیەك بەبێ بوونی کات ئەنجام نادرێت، ئەمەجگەلەوەی ڕەگەزی کات چەقێکی فرەتەوەرو فرەڕەهەندیشی هەیە.

لەڕاستیشدا،هەرئەو ڕۆڵ و پێگە گرنگەی کاتە، کە سەرنجی زۆربەی ڕەخنەگرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە،کەچیتر وەکو بابەتێکی ئاسایی تەماشای کات نەکەن، بەڵکو ڕەگەزی کات خۆی لەخۆیدا خودی دەقە و ناکرێت فەرامۆش بکرێ. لەوڕووەشەوە ،ئەم توێژینەوەیەش ، وەك لەناونیشانەکەیدا هاتووە(ڕەگەزی کات لەبنیاتی دەقی شانۆیی (چێژلە مەرگتان وەردەگرم)،کە یەکێکە لەبەرهەمەکانی(حەکیم مەلا ساڵح) و لە کتێبی (هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا) بەرگی (٤) بڵاوی کردۆتەوە، زیاتر ڕەگەزی (کات) مان کردۆتە بنەما و بنچینەی توێژینەوەکە و تێیدا ئەو قۆناغ و ساتە وەختە مێژووییە هەڵدەسەنگێنین و دیاری دەکەین، کە تێیدا پانتاییەکی جوگرافی گەورەی وەکو شاری (هەڵەبجە) لەساڵی 1988بەر شاڵاوی کیمیاباران دەکەوێت و ڕووداو و تراجیدیایەکی گەورەی مرۆیی و ژینگەیی دروستدەکات، کە لەماوەی چەند ساتەوەختێکی کەمدا زیاترلە(5) هەزار مرۆڤی کورد بەبێ جیاوازی ڕەگەزی و چینایەتی شەهید دەبن و هەزاران کەسی دیکەش لەسەرزێدی بابو باپیرانیان ئاوارە دەبن ، هۆیەکەشی لەبەرئەوەیە ئەو خەڵکە کوردبوون و تەسلیمی ویستی نەگریسی حزبی بەعسی فاشی نەبوون.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تائێستا بەشێوەیەکی زانستی بەرچاو لێکۆڵینەوە لەسەر ڕۆڵ و گرنگی ڕەگەزی کات ، وەك پێویست لە نێو دەقی شانۆیی (چێژ لەمەرگتان وەردەگرم) نەکراوە و ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. وەهەروەها مەسەلەی ئەو ساتە وەختە پڕلەتراجیدیایەی شاری هەڵەبجەش، پێویستی بەوە هەیە چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر بنووسرێ و بکرێتە کەرەسەی لێکۆڵینەوە، چونکە ئەو مەرگەساتە هێندە گەورەیە، تاکورد و مرۆڤایەتی بمێنێ ناکرێ لەبیربکرێ و یەکێکە لەساتەوەختە تراجیدیاکانی ژیانی نەتەوەی کورد.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

لەڕێی ئەو لێکۆڵینەوەیەوە هەوڵماندواە خزمەتێکی زیاتر بە ڕەوتی هونەری شانۆی کوردی بکەین لەڕووی تەکنیکەوە، بەتایبەتیش ڕەگەزی کات. وەهەروەها دەربڕینی سۆزی خۆشەویستی و وەفایەکیشە بۆ ئەو ڕووداو و بەسەرهاتە دڵتەزین و ناخۆشەی، کەلە 1988/3/16 بەسەر هەڵەبجەدا هات.

پلانی لێکۆڵینەوەکە:

بەمەبەستی زیاتر دەرخستنی ڕۆڵ و گرنگی کات لە بۆتەی لێکۆڵینەوەکەدا، سوودمان لە ڕێبازی زانستی وەسفی شیکاری پراکتیکی وەرگرتووە.

بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لەپێشەکییەك و دووبەش و ئەنجام،لە بەشی یەکەمدا ،ئاماژەمان داوە بەچەمک و جۆرەکانی کات لەڕووی تیۆرییەوە ودابەشمان کردووە بەسەر (٢) تەوەردا، کە بریتیین لە:-

1 - چەمک و کاریگەری کات لە بنیاتی دەقدا

2 - جۆرەکانی کات .

بەشی دووەمیش ،زیاتر ئاوڕدانەوەیە لەلایەنی پراکتیکی و بەرجەستەکردنی کات لەدەق شانۆیی (چێژلەمەرگتان وەردەگرم) دا.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو، کە لەدووتوێی لێکۆڵینەوەکەدا پێی گەیشتووین، لەگەڵ کورتەی لێکۆڵینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ناوی سەرچاوە بەکارهاتووەکان.

**بەشی یەکەم :**

بینای کات لەڕووی تیۆرییەوە

١. چەمک و کاریگەری کات لە بنیاتی دەقدا

ئاشکرایە،کات ڕەگەزێکی گرنگی هونەری گێڕانەوەیە،((چونکە لەبنەڕەتدا وابەستەی کاتە و کاتیش لەناو چوارچێوەی ئەو سازدانەدایە، کە پلۆتی چیرۆکەکە دادەڕێژێت)) (2، 2012، 131) و بەیەکێك لەپێکهاتە گرنگەکانی دەقی شانۆیی دادەنرێت و هیچی کەمتر نییە لەڕەگەزەکانی تر.

واتەهیچ دەقێکی شانۆیی،کەخۆی لەخۆیدا چیرۆکێکە و لەکۆمەڵێك ڕووداو وبەسەرهات پێك دێت بەبێ بوونی کات بنیات نانرێت، چونکە ڕوودانی ڕووداوێك پەیوەستە بەکات و سەردەمێکی دیاریکراوە، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات، هەربۆیە پشت گوێ خستن و فەرامۆشکردنی کەموکوڕی لە چیرۆکەکەدا دروست دەکات و کەلێن دەخاتە نێو بنیاتی دەقەکەوە. بەواتایەکی دی گێڕانەوەی هیچ ڕووداوێك بەبێ بوونی کات نابێ، جا ئیدی ئەو کاتە لەهەردەم و ساتەوەختێکدابێت (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو)0 بێگومان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت،کە((ڕیزکردنی کات بەدەوری ڕووداو و کەسایەتییەکان و شێوەی گێڕانەوەیان لە ئێستا و ڕابردوو و داهاتوودا بەگونجاوترین شێوە لەسەرەتا، تاکۆتایی چیرۆکەکە دادەنرێت و ڕێك دەخرێن)) (1، 2011، 140)

کەواتە کات، وەکو کۆڵەکەیەکی پتەوی نێو شانۆ وایە، کە بنیاتی دەقەکەی ڕاگرتبێت و هەرئەویشە پاڵ بەڕەگەزە بەشداربووەکانی تری وەکو: (شوێن ، کاراکتەر، ململانێ ، ...تد) دەنێت بەمەبەستی جووڵاندن و گەشەکردن و تەواوکردنی بنیاتی دەقەکە0. نەك هەرئەوەندە، بەڵکو ڕەگەزی کات((سەرجەم پێکهاتە و ڕەگەزە بەشداربووەکانی تری دەق پێکەوە دەبەستێتەوە و هەریەکەشیان بەپێی پێگە و ئەرك و ڕۆڵ و پەیوەستبوونیان بەکاتەوە دەخرێنەڕوو)) (13، 1990، 15)

لەڕاستیدا، بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگ و بەرچاوەی ، کە ڕەگەزی کات هەیەتی چ لە ژیاندا و چ لە بنیاتی دەقدا ،دەبینین بەدرێژایی مێژوو سەرنجی زانایان و فەیلەسوفان و نووسەرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کات ((ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات و هیچ گێڕانەوەیەك بە بێ کات نییە، جا ئەو کاتە لەهەر دەمێکدا بێت، کە سەر بەڕابردوو، یان داهاتوو بێت. بەو واتایەی، ئەگەر تەواوی چیرۆکێك لە زنجیرەیەك لە جووڵە و ڕووداو پێکهاتبێت، ئەم زنجیرەیە هەم کات بۆخۆی تەرخان دەکات ، هەم لەماوەی کاتدا ڕوودەدات)) (2، 2012، 126)

بوونی کات لە پێکهاتەی دەقدا ڕەگەزێکی گرنگە و ((بوونێکی کرۆنۆلۆجی هەیە)) (3، 2008، 57) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت،کات وەکو سیفەتێکی هەمیشەیی خۆی لەناو دەق و لەدەرەوەی دەقدا بەردەوام لە جووڵەدایە. بەتایبەتیش لەناو دەقدا، وەکو بازنەیەك ،یان هێڵێکی ئەندازەیی گرنگ وایە،کە بەچواردەوری ڕەگەزە بەشداربووەکانی تردا دەخولێتەوە وبەردەوام لەڕابردووەوە بۆ ئێستا و لە ئێستاشەوە بۆ داهاتوو دەچێت، بەڵام ئەوەی هەیە بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە ڕەگەزی کات و ڕەنگدانەوەی لەبنیاتی دەقدا و ((هەستکردن بەکات ،کارێکی ڕێژەیی و ساتەوەختی و خودییە،لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لەنووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت)) (14، 2006، 238)

هەربۆیە هەموو نووسەرێك ((بەپێی بۆچوون و بیرو هەستی خۆی مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکات و لای زۆریان گرنگترین جۆری کات ، کاتی ئێستایە، کەبوونی تێدا بەرجەستە دەکرێت، چونکە مرۆڤ لە ئاگاییدایە. واتە کاتی ئێستا کاتی چەقە، ئەگەرئێستا نەبێت ناتوانین ڕابردوو بەیادمان بهێنینەوە، چونکە کاتی ڕابردوو کاتێکی بەسەرچووە لەزەینی هەرتاکێکدا وبەهۆی ئێستاوە دەهێنرێتەوە یاد، ئەویش بەڕێگای وەبیرهێنانەوە)) (3، 2008، 57-58)

وەک دەبینین، هەموو ئەمانە وایانکرد، کە درامانووسان بەبایەخەوە تەماشای ڕەگەزی کات بکەن و کاری لەسەربکەن و هەوڵبدەن بەشێوازێکی سەردەمیانە لە بنیاتی دەقدا بەکاری بهێنن و بەهۆیەوە بتوانن کاتی ڕابردوو بهێننەوە ناو باس و بابەتەکانیان و لەوێشەوە خزمەتی کاتی ئێستا و داهاتووی پێ بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و بەتایبەتی تریش دەبینین((توخمی کات لەدرامادا ئەوە لەنووسەر دەخوازێ، کەچارەسەری ڕابردوو، داهاتوو بەڕێگای تایبەتی بکات و والەو کاتانە بکات، کە هەموویان بێنەوە سەر کاتی ئێستا، ئەمەش بەبەرجەستەکردنی لەڕەوشتی کەسایەتییەکان لەکاتی نمایشەکەدا)) (10، 2013، 163) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت،کە ((پابەندبوون بەکاتەوە لەمیانی نمایشدا، بە واتای بەستنەوەی هونەری ئاخاوتن دێت بەجووڵە لەکاتی گونجاودا))(14، 2006، 238)

مامەڵەکردن لەگەڵ کاتدا کارێکی گرانە و هەروا ئاسان نییە، بۆیە دەبێت درامانووس بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و بزانێت چۆن و بە چ شێوازێك بەکاری دەهێنێت؟ ئەوەش بەو مەبەستەی تابتوانێ ئەو پەیام و داخوازییەی ، کە هەیەتی بەشێوەیەکی گونجاو و سەردەمیانە لە قاڵبێکی هونەریدا دایبڕێژێت و بیگەیەنێ.

بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت درامانووس بەدوای گرنگترین و هەستیارترین خاڵدا بگەڕێت بۆ دەسپێك و هەوڵبدات بە شێوەیەکی (( ڕێژەیی ئەندازەیی مامەڵە لەگەڵ کاتەکانی ڕابردوو ، ئێستا، داهاتوو دا بکات و بزانێت چ خاڵێك دەکاتە خاڵی دەستپێك، دەبێ لەو خاڵەوە دەست پێ بکات)) (3، 2008، 62) هەربۆیە ((یەکێك لەفاکتەرە هەرە ڕیشەیی و بنەڕەتییەکانی سەرکەوتنی شانۆگەری ئەوەیە،کە بتوانێت هاوتەریب بێت لەگەڵ زەمەندا)) (10، 2013، 164)

وەك دەردەکەوێت، هونەری شانۆ پەیوەندییەکی تۆکمە و بەهێزی لەگەڵ کاتدا هەیە و بەدەرلە کات ،شانۆ واتایەکی ئەوتۆی نابێت و بەهیچ شێوەیەك ناکرێ فەرامۆش بکرێ و شانۆ لە کات دابېڕدرێ، چونکە شانۆ لەگەڵ ئەوەی بابەتێکی زیندووی شارستانییە،نزیکترین ڕەگەزی ئەدەبییە لە واقیع و واقیعیش بێ کات نابێت و هەموو کاتێکیش خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

کەواتە، ڕەگەزی کات وەك چەمك ((ئەو کاتە ڕێژەییەیە، کەچۆنیەتی ڕووداوەکان و جووڵانەوەی کەسێتییەکان لەئێستاو ڕابردوو و ئایندەدا بەگوێرەی شێوازی ڕێکخستنی تێکستەکە دیاری دەکات)) (11، 2004، 54) واتە درامانووس ئازادە لەوەی چۆن دەتوانێت سوود لەڕەگەزی کات وەربگرێت و چۆن بەکاری بهێنێت؟ لەڕاستیدا، ئەوەش دەکەوێتە سەر بینا و شێوازی چۆنیەتی ڕەوتی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو دەقەکە،هەربۆیە بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە ڕەگەزی کات ((مەرج نییە درامانووس لە بنیاتی دەقەکەیدا پەیڕەوی ئەو سیستەمی ڕیزبەندییەی نێو سروشت و واقیع بکات، بەڵکو پاش و پێشخستن و یاری کردن بەو بەشانە و تێك هەڵکێشانیان بەپێی شێوازو تایبەتمەندی نووسەرو دەقەکەی بەرجەستە دەبێ و دەگۆڕێ)) (17، 2004، 154) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کەپاش و پێشخستن و یاری کردن بەکات لەلایەن درامانووسەوە نیشانەی ئەوەیە، کاتی دەق جیاوازە لەو کاتە سروشتییەی، کەلەواقیعدا هەیە و نەگۆڕە و دوورە لەتواناو دەسەڵاتی مرۆڤەوە.

لەلایەکی تریشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ ، کە ئەو یاری پێکردنە بەکات لەناو دەقدا خۆی لە خۆیدا ((کارێکی ئیستاتیکییە و کارلەماهیەتی ڕووداوەکان ناکات)) (15، 1979، 85) هەربۆیە(( هەندێجار بەهۆی بەردەوامی گۆڕانی ڕەوتی ڕووداوەکان و هەڵوێستی کەسەکان دەشێت ئەم ڕووداوانە ڕووبدات، یان ڕوونەدات. واتە ئەو ئەنجامانەی چاوەڕوانکراو ئاساییە بێتەدی، یان نەیەتەدی و گێڕانەوەی ئایندە لە ئێستاوە بۆ داهاتوو پەلکێش بکرێت لە ڕێگای تێپەڕاندنی ئەو خاڵەی،کە گێڕانەوەکە پێی گەیشتووە بۆ کاتی ئایندە))(1، 2011، 141) بەوەش وەك دەبینین ((کاتی گێڕانەوەکە بەشێوەیەکی دروست بەرەو پێش دەچێت و دەبێتەهۆکارێك بۆ بەئەنجام گەیاندن و هێنانەدی ڕووداوە چاوەڕوانکراوەکان))(15، 1979، 69)

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە هەردوو ڕەگەزی کات و ڕووداو وەکو دوانەیەکی تێك ئاڵاو وان و بەبێ یەکتری نابن و تەواوکەری یەکترن. بەواتایەکی دیکە دەکرێ بڵێین، کات ئەو ساتە وەختەیە، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات و ڕوودانی هەر ڕووداوێکیش پەیوەستە بەو کاتەی تێیدا ڕوویداوە.

٠٢ جۆرەکانی کات .

هەرلەو چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەڕۆڵ و گرنگی پێگەی کات لە بنیاتی دەقدا دەبینین ڕەخنەگران و شارەزایان لەڕووی تەکنیکی پرۆسەی گێڕانەوەدا (2) جۆرە کاتی جیاوازیان دەستنیشان کردووە ، کە بریتیین لە: (کاتی حیکایەت) و (کاتی گێڕانەوە)

بێگومان،هەریەکەشیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە. بۆنموونە،کاتی حیکایەت((ئەو کاتەیە،کەتیایدا ڕووداوە کان بەشێوەیەکی یەك بەدوای یەکدا ڕوودەدەن)) (5، 2009، 83) و ((ڕووداوەکان لەناو دەقەکەدا پێشکەش دەکرێن)) (1، 2011، 142) ،بەڵام هەرچی کاتی گێڕانەوەیە((بریتییە لەو کاتەی،کە تیایدا گێڕەرەوە ڕووداوەکان ڕێکدەخات ودەیان گێڕێتەوە)) (5، 2009، 83-84) واتە(( ئەو کاتەی، کە پێویستە بۆ خوێندنەوە و کاتی خستنە ڕووی چیرۆکەکە)) (1، 2011، 142)،کە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان و کاتی گێڕانەوەیان لەخۆ دەگرێت. شایانی ئاماژە پێکردنە، کە هەمیشە کاتی حیکایەت دەکەوێتە پێش کاتی گێڕانەوە، چونکە تاکاتی حیکایەت نەبێت ، ئەوا بەدڵنیاییەوە کاتی گێڕانەوەش دروست نابێ.

هەرلەدووتوێی ڕۆڵ و گرنگی کات لەنێو بنیاتی دەقی شانۆییدا ، هەندێك لەڕەخنەگران و پسپۆڕانی بواری شانۆ ئاماژەیان بەهەندێك جۆری کات کردووە ، کە بریتیین لە:-

((١٠كاتی دەق : بریتییە لەوکاتەی نووسەر دەقەکەی تێدا نووسیوە و ڕووداوەکانی تۆمارکردووە.

٢٠كاتی ڕوودانی ڕووداوەکان : ئەو کاتەیە ڕووداوەکانی ناو ئەو دەقە، کە نووسەر باسی دەکات، چەند دەخایەنێ؟ پێویستە نووسەر بەوریاییەوە ئاماژەیان بۆ بکات (سەعاتێك ، ڕۆژێك، مانگێك ، ساڵێك، سەدەیەك،...تد)

٣٠ کاتی فیزیکی : واتەکاتی حەقیقی و ڕاستەقینە، یان ئەو مێژوو و کات و سەردەمەیە، کە ڕووداوەکان باسی لێوەدەکەن. ئەویش دەبێ نووسەر ئاگاداریان بێ و تێکەڵ و پێکەڵیان نەکات)) (10، 2013، 163)

بەدیوێکی تردا دەکرێ بڵێین، کاتی فیزیکی ((ئەو ساتەیە، کە نووسەر یەك لەدوای یەك ڕووداوەکانی تێدا ڕێك دەخات و سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی دەستنیشان دەکات)) (17، 2004، 153). واتە نووسەر، وەك دیاردەیەکی فیزیاوی لە دیوی دەرەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و وەك هێڵێکی ڕاست بەپێی زنجیرە بەدوای یەکدا ڕزی کردووە و((لە دەرەوەی هەستی کەسایەتییەکەدایە و بەهۆی پێکهاتەی بابەتییەوە دەستنیشان دەکرێ)) (9، 2005، 293)

٤٠ کاتی نمایش : ((کاتی بینەرە، لەبەرئەوەی بەشێکە لەئامادەبوونەکەی و دەکرێ ناویشی لێ بنرێی کاتی ئاهەنگ گێڕان .. هەروەها ئەم جۆرە کاتە، کاتێکی بابەتی و هەستیاری واقیعییە و بەکاتژمێر دەپێورێ)) (14، 2006، 239)، چونکە ماوەی نمایشی شانۆگەرییەکە هەر چەند کاتژمێرێك دەخایەنێ ، یان دەکرێ بڵێن : ((کاتی نمایش، ئەو کاتە دەگرێتەوە،کەبینەر بەرانبەر نمایشی شانۆیەکە دادەنیشێ ،کە ماوەیەکی کەم و دیاریکراوە، ڕووداوەکان تێیدا ڕوودەدەن)) (10، 2013، 164-165)

هەروەها هەمان ئەو جۆرە کاتە هەندێکجار لەلایەن هەندێك ڕەخنەگرەوە بەکاتی دەروونی، یان کاتی خودی، یان کاتی ناوەکی ناوزەدی دەکات، چونکە دەچێتە ژێرباری سیستەمەکانی چیرۆك، یان دەقی گێڕانەوەیی و ((بەپێی دەروونی کارەکتەرەکە کورت ،یان درێژ دەبێتەوە. لەهەمان کاتیشدا یارمەتی خوێنەر (بینەر) دەدات،کە بەناو عەقڵی کارەکتەرەکاندا ڕۆ بچێتە خوارەوە. هەروەها یارمەتی خودی نووسەریش دەدات، کە سۆز و هەڵچوون و هەڵوێستی کارەکتەرەکان وەکو چۆن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕوو دەدات، هەربەوشێوەیە پیشان بدات وەکو کۆمەڵێك ڕووداوی جیاجیا و پەرش و بڵاو)) (5، 2009، 90)

کەواتە، بەهۆی گرنگی ئەو جۆرە کاتەوە وایکردووە، کە بگوترێت : ((کاتی دەروونی لەهونەردا لەهەموو جۆرەکانی تری کات گرنگترە)) (18، 1987، 66)

لەکۆتاییدا دەکرێ بڵێین، شارەزایان و نووسەران لەسەر ئەوە هاوڕان،کەکات بوونی هەیە و خاوەن بوونێکی واقیعیشە و بەشێوەیەك لەشێوەکان دەتوانین هەستی پێ بکەین و بەئاگابین لێی و بیناسینەوە وژیانی مرۆڤ و زیندەوەران پەیوەستە پێوەیی و خاوەن سیفەتێکی ئەوتۆیە، کە بەردەوام لەجووڵەدایە و هەر بەرەو پێشەوە دەڕوات و ناگەڕێتەوە دواوە و دووبارە نابێتەوە، بەڵام کات لە بنیاتی دەقدا بەو شێوەیە نییە و شایانی تێکشکاندن و دەستکاری کردن و پاش و پێش پێ کردنە،چونکە لەبواری دەقدا ((هەموو شتێك زیاتر ملکەچی خەیاڵە، بۆیە هەموو ڕەگەزە ئەدەبییەکان توانیویانە بەباشترین شێوە خۆیان لەگەڵ کات و گۆڕانەکانی کات بگونجێنن و هەمیشە کات ،وەکو توخمێکی سەرەکی تەماشابکەن)) (7، 2009، 111)

واتە نووسەران بەهۆی کارکردنیان لەنێو زنجیرەی کات و بەکارهێنانی شێوەی جیاوازی خۆی بتوانن لێزانانە بیخەنە خزمەتی پرۆسە ئەدەبی و هونەرییەکەوە وبۆ فۆرمێك ئاڕاستەی بکەن و بەهۆیشیەوە ((جگەلە بەها هونەرییەکەی چێژێکی زۆرتریش بە خوێنەر (بینەر) دەبەخشێت و هانیدەدات لەناو گەمەیەکی کاتسازی ڕووداودا کەسێتیگەلێکی جودا دەست نیشان بدات بەو واتایەی ئەم گەمەیە لەشێوەی نوێ و ناباو و تێکشکانی کاتدا خۆی بەرجەستە دەکات))(2،2012، 131)

بەواتایەکی تر ڕەگەزی کات لەنێو بنیاتی دەقدا ئەرکێکی پێ دەسپێردرێ ، ئەویش ئەوەیە، کە ((بەرلەهەموو شتەکان دەستنیشان کردنی زەمەنی ڕووداو و کردارەکانە بۆ وەرگر، دواتر بەکارخستنی سەرجەم پێکهاتەکانە لەنێو پرۆسەی زیندووکردنەوەدا، ئەمەش ئەو کاتە ڕوو دەدات، کە دەق دەچێتە پرۆسەی نمایشەوە)) (17، 2004، 155) هەروەها هەرلە دووتوێی ڕەگەزی کاتدا، شوناس و زەمەنی ڕووداو و کارەکتەرو شوێن و ڕەگەزەکانی تریش بەدیار دەکەون.

**بەشی دووەم :**

بیناتی کات لە دەقی شانۆیی (چێژلەمەرگتان وەردەگرم) دا لەڕووی پراکتیکەوە

شایانی باسە، ئەوڕووداوە پڕلەکارەسات و تراجیدیایەی، کە لە دووتوێی دەقە شانۆییەکەدا بەرچاودەکەوێ و ڕەنگی داوەتەوە، گەورەترین پانتایی داگیرکردووە. لەڕاستیدا،

هەرئەمەشە وایکردووە، کە درامانووس بەوردی کاری لەسەر بکات و گرنگی پێ بدات، کە تێیدا شاری هەڵەبجە و دانیشتوانەکەی لەلایەن ڕژێمی بەعسی داگیرکەرەوە بەر شاڵاوی کیمیاباران دەکەون و سەرجەم ڕووداو و بەسەرهاتەکان هەر لەسەرەتاوە،تاکۆتایی دەقە شانۆییەکە دەبینین لەکاتی ئێستای دەقەکەدا ڕوو دەدەن و دەقەکەش لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەدەقێکی ئایدیۆلۆجی دادەنرێ، کە باس لە ئازارو ژانی گەلی کورد لە شاری هەڵەبجەدا دەکات و وێنای ئەو ساتە وەختە ناخۆشانە دەکات، کە لە ڕۆژی 1988/3/16 هەڵەبجەییەکان بەناهەق و لەبەر کوردبوونیان ڕووبەڕووی بوونەوە.

هەربۆیە لەڕووی کاتەوە دەکرێ بڵێین، کاتی دەستپێکی ڕووداوی سەرەکی نێو دەقەکە لە دەمەو نیوەڕۆیەکی کۆتاییەکانی وەرزی زستان بووە. بەوەش درامانووس توانیویەتی هونەرمەندانە و بەشێوەیەکی واقیعیانە لەڕووی کاتی گێڕانەوەوە پەنابباتەبەر بەکارهێنانی تەکنیکی گێڕانەوە لەناو گێڕانەوەدا،کەتێیدا گێڕانەوەکان تێکەڵ دەبن و لەڕێی ئەنجامدانی کاتی گێڕانەوەکەشەوە سیفەتی هاوکاتی وەردەگرن.واتە هەندێکجار بەهۆی ڕەوتی ڕووداوەکانەوە کاتەکانی ئێستا و ڕابردوو پێکەوە باس دەکرێن. ئەمەش وایکردووە ئەو شێوازە هونەرییە مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕووداوەکاندا کاریگەری لەسەر خوێنەر (بینەر) دروست بکات
.

هەربۆیە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم دەقە شانۆییە خۆی لەخۆیدا گەشتێکە لە تراجیدیای ئێستاوە بۆ تراجیدیای ڕابردوو، لە هەموو تراجیدیاکانیشدا سووکایەتیکردنە بە مرۆڤی کورد.ئەمەش وایکردووە، کە((توخمی کات لە دراماکەدا ئەوە لە نووسەری شانۆ بخوازێ، کە چارەسەری ڕابردوو، داهاتوو بەڕێگای تایبەت وا لەو کاتانە بکات، کە هەموویان بێنەوە سەرکاتی ئێستا، ئەمەش بەبەرجەستەکردنی لەڕەوشتی کەسایەتییەکان لە کاتی نمایشەکەدا)) (10، 2013، 163)

هەربۆیە بەمەبەستی زیاتر تیشک خستنەسەر ڕەوتی کات لەو دەقە شانۆییەدا لەڕووی جۆرەکانی کاتەوە هەرسێ جۆری کاتی (ڕابردوو ، ئێستا ، داهاتوو) بەرچاودەکەون. واتە لەدووتوێی ڕەنگدانەوەی کاتەوە بەوردبوونەوە و هەڵدانەوەی ساتە وەختەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە سێ کاتی جۆراوجۆر دەبینین ، کە بریتیین لە:

١. کاتی پێش کیمیابی بارانکردنی هەڵەبجە (ڕابردوو).
٢.کاتی کیمیابی بارانکردنی هەڵەبجە (ئێستا).
٣. کاتی دوای کیمیابی بارانکردنی هەڵەبجە (ئایندە).

ئیدی لە چوارچێوەی گێڕانەوەی کاتی ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا لە دووتوێی ئەو کاتە جیاوازانەدا،گێڕەرەوە وردە وردە دێتەسەر ئاماژەدان بە ساتە وەختەکان و وێنای ڕووداوەکانمان بۆ دەکێشێت.

١.کاتی پێش کیمیابی بارانکردنی هەڵەبجە (ڕابردوو)

گەر لاپەڕەکانی مێژووی دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکان لە عێراقدا هەڵبدەینەوە، دەبینین بەدرێژایی ئەو مێژووە ئەو دەسەڵاتانە بەجۆرەها بیانووی جۆراو جۆر دژایەتی گەلی کوردیان کردووە و هیچ کاتێک ئامادە نەبوون دانی خێر بە گەلی کورد و مافە سەرەتاییەکانیدا بنێن ، کە لەسەر زێدی باب و باپیری خۆی ژیاوە. بەتایبەتیش ڕژێمی بەعسی داگیرکەر،کە هەمیشە لەبەرانبەر گەلی کورد و وێرانکردنی خاکەکەیدا لە بۆسەدا بووە و بەدوای بیانوودا گەڕاوە و کوردیان بەهاوڵاتی پلە دوو و میوان زانیوە . نموونەی ئەمەش کیمیابی بارانکردنی شاری (هەڵەبجە) یە لە ساڵی ١٩٨٨ ی سەدەی ڕابردوودا.

ئیدی وەک لە دەقە شانۆییەکەدا هاتووە،گێڕەرەوە بەم شێوەیە بە خستنەڕووی گرتەیەکی (صدام) دەست پێدەکات،کە لەژوورەکەیدایەو چاوەڕوانی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامە وانییە. واتە دیمەنی سەرەتای دەقەکە گوزارشت لەکاتی ڕابردوو دەکات((سەدام بەرامبەر تەلەفزیۆنێکی شاشە گەورە دانیشتووە،هەڵدەسێ سەیری تابلۆکان دەکات و خۆشی بەسیمایەوە دەردەکەوێ،دەست دەکات بەویسکی خواردنەوە، تەلەفزیۆنەکە دادەگیرسێنێت، بێژەر دەڵێت:- بینەرانی خۆشەویست ...ئێستەش ڕۆژنامەنووسێك وتووێژێك لەگەڵ سەرکردەی مەزن و لێوەشاوەی وڵاتەکەمان جەنابی (سەدام حسێن)– خوابیپارێزێت- سازدەکات)) (6، 2014، 19)

وەك دەبینین، بەوشێوەیە گێڕەرەوە لەچوارچێوەی گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا و خستنەڕووی ڕۆڵ و گرنگی ڕەگەزی کات دا، هەندێکجار ڕەوتی ڕووداوەکان بەپێی ئاراستەی کاتەکە بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆجی، ((واتە گێڕانەوەی یەك لەدوای یەکی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زنجیرەیی تەقلیدی)) (11، 2004، 85) دەگێڕدرێتەوە و هاوتەریبە لەگەڵ ئاراستەی کاتەکە بەشێوەیەکی ئاسۆیی لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و لە ئێستاوە بۆ داهاتوو.

وەک ئاشکرایە، سەردەمی قۆناغی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی جەنگی (8) ساڵەی نێوان عێراق و ئێران،کە مخابن ساتە وەختی ئەو ڕووداوە سامناك و

تراجیدیە لە کۆتاییەکانی ئەو جەنگە نەگریسەدا بوو،کە(سەدام) ی تاوانبار سەرکردایەتی دەکرد و نیازی شەڕانگێزی بەشێوەیەك بوو، کە هەردەم حەزی بەئاشتی نەدەکرد و بەردەوام بەدوای گێچەڵ و پشێویدا دەگەڕا، هەروەکو درامانووس لە دووتوێی دەقەکەیدا ئاماژەی پێ دەدا((سەدام : تاسەرکەوتن بەدەست دێنین گرەو لە ئێران دەبەینەوە، چونکە ئەم حیزبەی ئێمە حیزبی بەعس لەسەربنەمای شەڕو شەڕ دروست بووە، بڕوامان بەئاشتی و ماشتی و شتی واقوڕ نییە، شەڕی ئێرانیش نەمێنێ ئەوا شوێنی تر هەیە ئاگری شەڕی خۆمانی تیا هەڵگیرسێنین)) (6، 2014، 19)

پاشان گێڕەرەوە هەر لە ژوورەکەی (سەدام) هوە، کە تێیدا دانیشتووە و تەماشای سەرجەم کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی عێراق دەکات لەپێش کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، بەڵام بۆ نەگبەتی (سەدام) و داروەدستەکەی لەهەر هەموو کەناڵە جیاوازەکانەوە وێنەی ژیانی ئاسایی خەڵکی هەڵەبجە پیشان دەدات، کە بەشێوەیەك لەشێوەکان سەرقاڵی خۆشی دەربڕینی خۆیانن. بۆنموونە لە کەناڵێکەوە دیمەنی قوتابیانی هەڵەبجە پیشان دەدات، کە لە چ کەیف و خۆشییەکدان و سەرقاڵی یاری و بەزم و سەفای خۆیانن ((سەدام تەلەفزیۆنەکە دادەگیرسێنێ، مناڵانی قوتابخانەی سەرەتایی هەڵەبجەی تێکەڵ دەبینێ، کە گۆرانی بەلەنجە گیان بەلەنجە دەڵێن)) (6، 2014، 31)، بەڵام (سەدام) و دەستەوتاقمەکەی چونکە لەبەرانبەر خەڵکی هەڵەبجە داخ لەدڵن بەهیچ شێوەیەك چاویان بەرایی نادات، کە خەڵکی هەڵەبجە لەو خۆشی و شادیەدا بن و خۆشیان لە نێو ئاکامی جەنگێکی دۆڕاودا بن لەبەرانبەر بە وڵاتی ئێران.

بۆیەهەموو ئەمانەش وادەکەن، کە زیاتر رق ئەستوورتر بێ و لەهەل و بیانوویەك بگەڕێ ، تا داخی شکستی چەند ساڵەیان بەو خەڵکە هەژارەی هەڵەبجە بڕێژێ ، هەروەکو دەڵێت:- ((دەوەرە کەللەیی مەبە بەدەست میللەتی ئاوا بێ مێشکەوە چاو چاو چەندە بەزەوقن، بەڕاستی ئەمانە بەشەرنین و هەرگیزاو هەرگیز فێری ژیانی ڕاستەقینە نابن، ئەمە دایك و باوکە سەگەکانیان وایان ڕادێنن، بۆیە هەربۆ ئەوە باشن لەناو ببرێن)) (6، 2014، 31)

هەروەها لە کەناڵێکی تردا (سەدام) وێنەیەکی تری شاری هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان دەبینێ،کە بێ کێشەو گرفتن و لەخۆشیدان، ئەمەش وا لە (سەدام) دەکات زیاتر ئیرەییان پێ بەرێت ((کەناڵی دووەم سەیرانێك پیشان دەدات لەناو باخی گشتی هەڵەبجەدا، جاوەرە سەیری ئەم بەزمەکە و مەمرە .. تەماشا تەماشا ئەو خەڵکە نەفامە خۆیان بەچییەوە سەرگەرم دەکەن؟ باشە بڵێ سەگبابینە چ خۆشییەك لەو پێکەنین و بەزمە قۆڕە دەبینن؟ پێ بکەنن دەی ئەوەندەتان نەماوە. ئەها ئەها سوێندم بەحیزبی بەعس و هەموو عەرەب دەبێ ئەو سەیرانەتان لێ بکەین بە جەهەنەم)) (6، 2014، 31)

مخابن، هەموو ئەو ڕووداوانە و گەلێك ڕووداو و بەسەرهاتی دیکە، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە کاتی ڕابردوو خاوەن پێگەیەکی تایبەتییە و بەشێکی دانەبڕاوە لەگێڕانەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان دا پێش ڕوودانی کارەساتی تراجیدیای کیمیابارانکردنەکەیە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا،ئەوەتا گێڕەرەوە لەمیانی کاتی ڕابردوودا وێنەیەکی تری ڕووداوێکی ترمان پیشان دەدات، کە تێیدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ هێزەکانی (سەدام) لەشاری هەڵەبجەدا لەڕووبەڕووبوونەوەدان و سەردەکەون بەسەریاندا و شاری هەڵەبجە دەخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە و ڕزگاری دەکەن ((بەڕێزان ... ئەی خەڵکی بەشەرەفی شاری هەڵەبجەی تێکۆشەر، سڵاوی ئازادیتان لێ بێت، هەرشاد و بەختەوەر بن بەرەو ڕزگارکردنی کوردستان لەژێر ستەمی ڕەگەزپەرستدا، ئێوەی شۆڕشگێڕ بەبەشداریکردنتان لەگەڵ ئێمەدا توانیمان شارەکەمان لەژێر چەپۆکی فاشیستەکان ئازاد بکەین )) (6، 2014، 21)، بەڵام (سەدام) ی دیکتاتۆر و خۆشەویست و کۆیلە بۆ کورسی حوکم بەوە ڕازی نابێت، چونکە (سەدام) بەشێوەیەك بۆتە کۆیلەی کورسی حوکم نایەوێت دەستبەرداری ببێت و خەڵکی بە ئازادانە مومارەسەی ژیان بکەن. هەربۆیە دەسەڵاتی نارەوا و پاوانخوازی هێندەی تر ((ئەم مرۆڤە بۆگەن دەکات و هەستی نارەوایانەی دەسەڵاتخوازی ناخی دەتەنێ)) (8، 2006، 44)

هەموو ئەمانەش وادەکەن، کە (سەدام) لەبەرانبەر هەموو ئەو شکستانەی ڕووبەڕووی بۆتەوە لە ڕابردوودا زیاتر ڕقی لە کورد و هەڵەبجەییەکان بێتەوە و بەدوای فرسەتێکدا بگەڕێت، تا بەئارەزووی نەگریسی خۆی داخی دڵی خۆی بەسەر ئەو شارەدا بڕێژێت، بۆیە دەست دەکات بەدانانی پلانێکی ترسناك و دژوار، کە بەهۆیەوە و لە ئاییندەیەکی نزیکدا تۆڵە لەو شارە و دانیشتوانەکەی بکاتەوە و هەرچی ڕق و کینەیەتی بەسەریاندا ببیارێنێت. واتە ئەو نیمچە ڕزگاربوونە کاتییەی شاری هەڵەبجە وا لە (سەدام) و دارو دەستەکەی دەکات، کە تراجیدیایەك بەسەر خەڵکی هەڵەبجە و ئەوشارەدا بخولقێنێ، تا ژیان بەردەوام بێت لەبیریان نەچێتەوە، لەهەمان کاتیشدا کات و شوێن و مرۆڤایەتیش ئەتك بکات.

ئیدی هەموو ئەمانە لەکارو کارنامەی (سەدام) دا، کە لەژوورەکەی خۆیدایە و ئۆقرەی لەبەربڕاوە، دەبێتە شتێکی باوەڕپێنەکراو و چاوەڕواننەکراو و هەڕەشەی جددی، هەر بۆیە ((سەدام لەبینینی یەکەم دیمەنەوە کەڵلەیی دەبێت، دەست دەدا بەدەست دا و دێت و دەچێ، هەڕەشە دەکا و جنێو لەسەر جنێو دەدات. لەکۆتایی دوا دیمەندا بەوپەڕی توڕەبوونەوە بەبۆکس بەردەبێتە دیوارو مێزو کورسیەکەو دەکەوێ و پەنا دەباتە بەربوتڵە ویسکییەکە، تەواو دەشێوێ، پاشان بەدەم لارە لارەوە دەنەڕێنێ: سوێندم بە عروبە، بە عروبە، بەعروبە... ئەی هەڵەبجەی بێ فەڕدەبێ خاکت بەتورکە ببێژم ... ئەی ئاژاوەچییەکان، دەبێ کارێکتان پێ بکەم با بەدەواری شڕی نەکردبێت، ئێوە هەرمایەی سەریەشە بوون بۆ ئێمە ... جا بزانن چۆن لەناو خوێندا دەتان گەوزێنم)) (6، 2014، 21)

هەرلەچوارچێوەی کاتی ڕابردوو و پێش کیمیاباران کردنی هەڵەبجەدا،دەبینین (سەدام) دوای ئەوەی بەڕزگار کردنی هەڵەبجە لەلایەن پێشمەرگەوە، کە لەگەرمەی جەنگی عێراق – ئێران دایە، تەواو توڕە دەبێ و هەڕەشە لە خەڵکی هەڵەبجە دەکات وجارێکی تر لەڕێی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی خەڵکی ئەو شارە لەبەرانبەر دەسەڵاتەکەیدا،دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی تری ڕابردوو، کە چۆن خەڵکی هەڵەبجە دژی ڕژێمەکەی بوون و بەردەوام دەنگی نارەزایەتییان لەبەرانبەریدا بەرزکردۆتەوە .

بۆنموونە ئەوەتا گێڕەرەوە ئەو گرتە وێنەییەمان پیشان دەدات، کە خەڵکی هەڵەبجە خۆپیشاندان دەکەن و هیچ کاتێك بەو ڕژێمە سەرکوتکەرە ڕازی نەبوون و (سەدام) یش بەو دیمەنانە هێندەی تر ڕق ئەستوورتر دەبێت، چونکە بەشێوەیەك کاریگەری خراپی لەسەر دەروونی دروستکردووە بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت لەبیری بەرێتەوە و دەست بەرداری ببێت. ((سەدام ،لارەلار دەکەوێتە قسە لەگەڵ خۆیدا لەپڕ ڕادەچڵەکێ و ئەم دروشمانە لە گوێیدا دەزرنگێتەوە :

یەکەم : حزبی بەعس گڵاوە سەدام حسەین پێڵاوە

دووەم : بڕوخێ بەعسی فاشی بۆخۆیی و جەیش و جاشی

سێیەم : چیتان دەوێ قوتابیان سەربەخۆیی کوردستان

چوارەم : کوردین ئازادیمان دەوێ بەعس پیسە نامانەوێ)) (6، 2014، 24)

بەهەرحاڵ، وەك دەبینین ڕەوتی کات لە دووتوێی ڕووداوەکاندا بەرز و نزم دەکات و لەهەڵکشان و داکشاندایە و هەندێکجار بەهۆی ڕەوتی ڕووداوەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو. وەهەندێکجاریش بەپێچەوانەوە ڕەوتی کات بەرەو ئێستاو داهاتوو دەڕوات. واتە هەرسێ جۆری کات (ڕابردوو ، ئێستا، داهاتوو) لەدوو توێی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بوونی هەیە و بەرچاو دەکەوێ، بەڵام ئەوەی هەیە((لەنێوان هەرسێ ئاڕاستەکەشدا پەیوەندییەکی پتەو بوونی هەیە)) (16، 2017، 56) و بەپێی پێویستی ڕەوتی ڕووداوەکانیش جۆری کاتەکە دەستنیشان دەکرێ و دەردەکەوێ.

واتە درامانووس لەهەندێ شوێندا کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زنجیرەیی بەدوای یەکدا ناگێڕێتەوە، بەڵکو ئەو کاتەی لەهەندێ شوێنی دەقە شانۆییەکەدا و بەپێی پێویستی ڕەوتی ڕووداوەکان تێکشکاندووە و گێڕانەوەی هەندێ ڕووداوی پاش و پێش پێکردووە. بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین لەدووتوێی کاتی گێڕانەوەی دەقە شانۆییەکەدا (2) جۆرە کاتی جیاوازمان بەرچاودەکەوێ، کە بریتیین لە : (تێکشکانی کاتی گێڕانەوە) و (کرۆنۆلۆجیای کاتی گێڕانەوە).

هەربۆیە لەسەروبەندی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی سیاسی ئەو شارەدا،(سەدام) ئەو ڕووداو و بەسەرهاتە ناخۆشانەی ڕابردوو دەداتەوە بەگوێی هەڵەبجە ییەکاندا بەتایبەتی لەو کاتەوەی،کە حیزبی بەعس، تاڕادەیەك دەسەڵات وەردەگرن بەتایبەتی لەدوای کودەتاکەی شوباتی 1963 دا، کە بەتێڕوانینی ئەو چۆن شکست لەدوای شکست بەسەریاندا هاتووە، بەڵام پەند و عیبرەتیان لێ وەرنەگرتووە، هەروەکو دەڵێت: ((... خەڵکی ئەو شارە هیچ و پووچە دەرس لەهیچ شتێك وەرناگرن، بۆیە ئەبێ هەموویان لەناو ببرێن، شارەکەش لەگەڵ زەویدا تەخت بکرێت، ئەوانە لەساڵی 1963، کە هەندێ دەسەڵاتمان لە دەستدابوو دەرسمان دادان هیچ دەرچوو، لەساڵی 1974 یش بەناپاڵم و شەستیر لێماندان هەرهیچ دەرچوو، بەهەرفێڵێکی سیاسیش بوو سەری شۆڕشی ئەیلولمان پان کردەوە، کەچی دوای ساڵێك هەرئەو هەڵەبجەییانە دەستیان دایەوە چەك و دژمان وەستان، چەندین کەسمان بەناوی ڕێکخستنەوە لێگرتن و کوشتن هەروازیان نەهێنا، لە ساڵی 1987 گورزی خۆمان لێوەشاندن هەردەرسیان وەرنەگرت)) (6، 2014، 28)

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوودا ڕوویانداوە و سەرچاوەیان گرتووە بوونەتە مایەی بنیاتی ڕووداوەکانی ئێستا و داهاتووی دەقە شانۆییەکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ((ڕابردوو کاتێك

نییە، کە تەواو بوو بێت و لەبیرکرابێت، بەڵکو ئەو کاتە لەئێستای بیرکردنەوەدا، کە کردارێکی بێ ئاگایانەیە بەردەوامی بەبوونی خۆی دەدات)) (12، 1998، 67) کەواتە ((نابێت ڕابردوو پشت گوێ بخەین، چونکە خاوەنی سامانێکی دەوڵەمەندە لەبناغەی زانست و مێژوو و شکۆی مرۆییدا)) (29، 2017، 57) و بەهیچ شێوەیەکیش کاتی ڕابردوو ((لای مرۆڤ نامرێت، چونکە بوونی هەبووە و تیایدا ژیاوە و ڕەفتاری کردووە ،هەڵسووکەوتی ئەرێنی و نەرێنی هەبووە)) (16، 2017، 56)

مخابن، بەتێپەڕبوونی کات و بەبینینی هەموو ئەو دیمەن و گرتە ڤیدیۆیی و تەلەفزیۆنیانە، کە خۆشحاڵی خەڵکی هەڵەبجەی تێدا دەخرێتە ڕوو، دەبینین چرکە بە چرکە باری دەروونی (سەدام) تێکتر دەچێ و بیرکردنەوە و نیەتی زۆر خراپ لەلای (سەدام) دروست دەبێت، کە چۆن بتوانێ ڕق و کینەی چەندین ساڵەی بەسەر هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکاندا بڕێژێت٠

٠٢ کاتی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە (ئێستا)

لەم قۆناغەدا (( بایەخدان بە کاتی ئێستا گرنگی خۆی پاراستووە و بگرە لە دوو بەشەکەی دیکەی کات زیاتر بایەخی پێدراوە و لەوانەشە ئەم بایەخ پێدانە بگەڕێتەوە بۆ کارتێکردنی هونەری سینەمایی، کە تەنها یەک کات دەزانێت ئەویش کاتی ئێستایە))(4, 2001, 290 )

ئیدی دوای ئەو هەموو ڕابردووە دژوارەی ڕووبەڕووی سەدامی دیکتاتۆر و ڕژێمەکەی بووەوە، بیرکردنەوەی سەدام و ڕژێمەکەی بەرەو ئاقارێکی خراپ برد٠ هەربۆیە هەموو ئەم تێڕوانینانەش بەزەقی لەو دیدارە ڕۆژنامەوانییەیدا بەرچاودەکەوێ و هەستی پێدەکرێت، هەروەکو دەڵێت:-

((ڕۆژنامەنووس : ئەی چ بەرنامەیەکتان هەیە بۆ کوردەکان ؟

سەدام : ئەو خائینانە هەموو کلکی ئێرانن، ئێمەش بەرنامەی خۆمان داڕشتووە، کە ئەو کلکە لە بن دەبڕین، چونکە قبوڵ ناکەین بستێ لەخاکی عێراقی عەرەبی بەجێ پێی ئەوانە گڵاو ببێ، تەنانەت ئەوەشمان لەکۆمکاری عەرەبی بڕیوەتەوە و هەموویان پشتگیریمان دەکەن و زۆریان پێ باشە)) (6، 2014، 20)

لەدوای ئەو دیدارە ڕۆژنامەوانییەوە و گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، دەبینین سات لە دوای سات بارودۆخی هەڵەبجە دەکەوێتە ژێر مەترسی نیەتی پیس و چەپەڵانەی (سەدام) و ڕژێمەکەیەوە، کە مەبەستیەتی بۆیەکجارەکی سیمای شارستانیەت و ڕەوتی ژیانی تێدا ڕابگرێت و بیکوژێنێتەوە، کە ئەویش جینۆسایدکردنی خەڵکەکەیەتی ، هەروەکو گێڕەرەوە لەسەر زاری (سەدام) بۆمان دەگێڕێتەوە، کە چۆن ڕوودەکاتە (عەلی حەسەن مەجید) ی ئامۆزای ، ناسراو بە (عەلی کیمیایی) فەرمانی کیمیابارانکردنی شارەکە و دانیشتوانەکەی بۆ دەردەکات٠

((سەدام : نا نا هەربۆئەوە باشن قەڵاچۆیان بکەین، یاڵڵا هەڵسە بڕۆ بەدەم کاری خۆتەوە، ئەگەر ئەو بڕیارەی داومە وەك خۆی جێ بەجێی نەکەی، ئەوا ئیتر خۆم دەزانم چیت بەسەر دێنم ٠٠٠

عەلی : گەورەم فەرمانت بەجێ یە، منیش بە ئەندازەی جەنابت داخ لە دڵم، بەڵام ئەوەندە ئاگاداربە ، ئەگەر ئەفسەرێ سەرپێچی لە کارەکەمدا کرد، ئەوا فەرمان دەدەم لە دواوە مێشکی بتەقێنن ٠

سەدام : وابکە ، گرنگ ئەوەیە ، ئەوەی من دەمەوێ بیکەی)) (6، 2014، 28)

مخابن، ئیدی لەگەڵ دەرکردنی ئەو فەرمانە شومەی (سەدام) بۆ (عەلی کیمیایی)،کە گوایە هێزی پێشمەرگە لەو شارەدایە و شاردەستی بەسەردا گیراوە، دەبێتە بیانوویەك بۆ (سەدام) و داروودەستەکەی، کە بەهەر شێوەیەك بووبێت دەبێ ئەو شارە لە هێزی پێشمەرگە پاك بکرێتەوە٠ بۆیە ئەو بیانووە دەبێتەهۆی ئەوەی دەرووی شەڕلەلایەن (سەدام) و سوپاکەیەوە بەڕووی هەڵەبجەییەکاندا بکرێتەوە و ڕەوتی کاتیش لە ڕابردووەوە بۆ کاتی ئێستا بەشێوەیەکی ئاسۆیی دەڕوات و شاری هەڵەبجەش ڕووەو تارماییەکی چاوەڕوانەکراو دەڕوات ،کە خۆی لەکیمیابارانکردندا دەبینێتەوە و مەرگەساتێکی گەورەی تێدا دەقەومێت و ژمارەیەکی ئێجگار زۆریش شەهید و بریندار دەبن و خەڵکێکی زۆریش ئاوارە دەبن ((٠٠ ئەمڕۆ 1988/3/16 لەشەڕێکی خوێناویدا هێزەکانمان بەفەرمانی سەرکردەی مەزن و هێژا (سەدام حسێن) خوا بیپارێزێت، توانیمان لەهەڵەبجەدا شکست بە یاخیبووە خۆفرۆشەکان بێنین و زیانێکی گەورە بەسەروماڵیان بگەیەنین، هەروەها هێزەکانمان توانیان سنورەکانمان لەو گێرە شێوێنانە پاك بکەنەوە)) (6، 2014، 22). مخابن،لەدواجاردا بەرگی ماتەم دەدرێت بەسەر ئەو شارەدا و شێوازی سەرەتایی ژیانی مرۆڤی کورد لەبەرچاو هەموو گەلانی جیهاندا ئەتك دەکرێت و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ((پرنسیپی خۆویستی مرۆڤ تیژبکاتەوە و بیخاتە پەیوەندییەکی دیلێکتیکیەوە لەتەك شوێنەواری دوژمنی ژیاریدا)) (8، 2006، 47) واتە بوونی مرۆڤ و مرۆڤایەتی هیچ بەهایەکی ئەوتۆی نامێنێت٠

هەموو ئەمانەش وا لە مرۆڤ دەكات، كە ڕقی لەخۆی و لە ژیان و شارستانیەتیش بێتەوە، چونكە لەماوەی چەند چركە ساتێكی كەمدا ژیانی هەزاران كەس و مێژووی شارستانیەتی شارێكی دێرین بەناحەق لەناو دەبرێن و مۆمی تەمەنی ئەوهەزاران كەسە دوور لەویستی خۆیان و دوور لەهەموو پرنسیپێكی ئایینی و ژیاری دەكوژێنرێتەوە.

كەچی لە بەرانبەریشدا ئەندامانی هێزێكی درندەی وەكو ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕشی بەعسی فاشی و لە سەرجەم كەناڵەكانی ڕاگەیاندنیانەوە بە ئەوپەڕی دڵڕەقیی و سۆزێكی مرۆڤایەتییەوە دەیكەن بە بەزم و گۆرانی وتن و خۆشی دەربڕین ((هەموو : بەلەنجەگیان بەلەنجە هاوار لەو لار و لەنجە، بەتەن كیمیاویمان نارد بۆ شارەكەی هەڵەبجە.

عەلی : ئەی خوێڕی و خۆفرۆشان ئاواتان بەسەر دێنین)) (6، 2014، 39)

سەرباری هەموو ئەوانەش هەموو وڵاتانی جیهان و بە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانیشەوە لێی بێدەنگن و كەسێك بۆ ئەو كارەساتە جەرگبڕە بێ وێنەیە ورتەی لێوەنایەت،كە هەرچەندە لەو شارەدا ((زەبری هێزێكی غەربی دەرەكی بەسەر ئەو خەڵكانەوە زیت بۆتەوە و ترسیان بەرەو ژێر بەرەو دەپەخشێنێ)) (8، 2006، 55) هەربۆیە ((ئەو هێزی غەربی دەرەكییە لای ئەوان هەرغەریب دەمێنێتەوە)) (8، 2006، 55) و هەر ڕۆژێك بێت لەوێ نامێنێت و دەردەكرێت و هێزی گەل لەبەرانبەریدا ڕادەپەڕێت.

بەهەرحاڵ، وەك لە دووتوێی ڕووداوەكانەوە بینیمان ڕەوتی كات لەڕابردووەوە بەرەو ئێستایەكی تراجیدی هات و بە سوود و بەرژەوەندی پیاوانی ڕژێمی بەعس كۆتایی هات و بە زەرەرو زیانی هەڵەبجەییەكانیش تەواو بوو. بۆیە لەئێستادا ساتەوەختێكی واناخۆش ڕووبەڕووی هەڵەبجەییەكان بۆتەوە،كە هەستێك بوونی نەبێت و ژیان بۆ ئەوان هیچ بێت.

ئیدی دوای ئەو ڕووداوە سامناك و ماڵوێرانەكەرەیە، ڕەوتی كات بەرەو ئایندە دەڕوات و تێیدا سەرانی ئەو ڕژێمە داگیركەرە بەئەنجامدانی ئەو كارە جینۆسایدیە هەست بەخۆشی دەكەن ودەیكەن بە هەڵپەڵە و خۆشی دەربڕین و ڕەوتی كات و ئەنجامی ڕووداوەكان بۆ ئەوان سەركەوتنە، سەركەوتنەكەش دوو لایەنەیە ، لەلایەكەوە سەركەوتنە بەسەر سوپای ئێراندا و لەلایەكی دیكەشەوە سەركەوتنە بەسەرنەیارانی ناوخۆدا، هەربۆیە هەموو ئەمانەش بەئاشكرا لەسەرجەم كەناڵ و بڵاوكراوەكانی ئەو سەردەمەی ڕژێمدا بەشانازییەوە باسی ئەو سەركەوتنانە دەكەن.

((بێژەر: ..دوای ئەوەی هەڵەبجەییە خۆفرۆشەكان لەگەڵ ئێرانی شەڕخوازدا دەستیان تێكەڵا كرد و ئاژاوەیەكی گەورەیان نایەوە، هێزەكانمان بەهاوكاری فڕۆكە جەنگییەكانمان ناچاربوون دەرسێكی ئەو لادەرانە دابدەن، دەرسێكی وەها بێت، كە ببێ بەعیبرەت بۆ هەموو ئەوانەی، كە دەیانەوێ خیانەت لە عێراقی مەزن و حیزبی بەعسی پێشكەوتن خوازمان بكەن ..)) (6، 2006، 34) ئەمە جگەلەوەی لەسەر ئاستی سەرانی باڵای ئەو ڕژێمە داگیركەرە سەرقاڵی خۆشی دەربڕین بەشێوازی جۆراوجۆر، بۆنموونە ئەوەتا تاوانبار(عەلی كیمیاوی) بەم شێوەیە خۆشی خۆی دەردەبڕێت:-

((عەلی : بەلەنجەگیان بەلەنجە ، هاوار لەلار و لەنجە

. . . . . . مەرگمان گەیاند بەشارەكەی هەڵەبجە

سەدام : بەس ... بەس ... (بەدەم قاقای پێكەنینەوە دەست دەكات بەسوڕدان) )) (6، 2014، 39)

٣. كاتی دوای كیمیابارانكردنی هەڵەبجە (داهاتوو)

هەرلە دوو توێی خستنەڕووی ڕۆڵ و ڕەگەزی كات لەو دەقە شانۆییەدا، درامانووس لەڕێی (عودەی) كوڕی (سەدام) هوە ئاماژە بەكاتێكی ئایندەی دوورتر لەڕووداوی هەڵەبجە دەكات، كە ئەویش ئەوەیە، ئەو ڕژێمە داگیركەرە بەنیازە لە دوای جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق – ئێران پەلاماری دەوڵەتی (كوەیت) ی دراوسێی بدات و بە بیانووی جۆراوجۆرەوە بیخاتە سەر دەوڵەتی عێراق و لەلایەكی تریشەوە جارێكی تر بەناوی (عروبە) وە هەربەكە لە ناوچەكانی (ئەهواز) و (عەبادان)، كە سەر بەوڵاتی (ئێران) ە بخاتە ژێر چنگی خۆیەوە و لەولاشەوە پەلاماری دەوڵەتی ئیسرائیل بدات، كە لە فەلەستین دان و بیگێڕێتەوە بۆ عەرەبەكان و بیكات بەدەوڵەتێكی عەرەبی و خۆی بەشۆڕەسواری هەموو عەرەب بزانێت..

((عەلی حەسەن مەجید بەتەلەفۆن پەیوەندی دەكات بە (عودەی) كوڕی (سەدام) هوە :... بەڕێزم كاك عودەی .. خواپایەدارت بكات و خوابتان پارێزێت – جەنابی باوكت بڕیاری داوە دوای سەركەوتنمان بەسەر ئێراندا (كوەیت) بگرین و بهێنینەوە باوەشی عێراقی مەزن... ئێوە لەوبارەیەوە چی دەفەرموون ؟

عودەی : دیارە هێشتا تۆ ماوتە لەبەرنامەی درێژخایەنی باوكم تێ بگەیت، (كوەیت) هیچ نییە بەچوار ئەفسەری تركەن دەیگرین، دوای ئەوە براعەرەبەكانمان لە ئەهواز و عەبادان ئازاد دەكەین، پاش ئەوەش سەركوت كردنی جوولەكە دێتە ڕێمان و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی فەلەستین بۆ برا عەرەبەكانمان و هەروەها بە عەرەبكردنی ئەو خاكەی، كە

مێـژوو بەهەڵــە نــاوی کوردســـتان ... بەرنامەکــە درێژخایەنە)) (6، 2014، 26)

وەك دەبینین،درامـانووس هونەرمەندانـە توانیویـەتی سـوود لەرەگـەزی کات وەربگرێت و بـەپێی ڕەوتی ڕووداوەکان بـەکاری بهێنێت و بەپێی پێویست ، کاتەکان دابەش بکات و هەر کاتێك لەشوێنی گونجاوی خۆیدا دابنێت .واتە توانیویەتی جۆرێك لە گەمە بە جۆری کاتەکان بکات و پاش و پێشیان بکات.

## ئەنجام

لەکۆتایی توێژینەوەکـەدا، گەیشـتینە ئـەم ئەنجامانــەی لای خوارەوە :-

•درامــانووس لــە دوو تــوێی ڕەوتــی ڕووداوی پــڕ تراجیــدیای کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، ئاماژەی بە(3) جۆرە کاتی جیاواز کردووە، کە بریتیین لە:-

کاتی پـێش ڕوودانـی کیمیابـارانکردنی هەڵەبجە،کـە بەهۆیـەوە دەمانگێڕێتـەوە بـۆ سـەرەتاکانی ساڵانی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابردوو، کە تێیدا حزبی بەعسی فاشیست دەسەڵاتی وەرگرت (ڕابـردوو).هـەروەها کاتی کیمیابـارانکردنی هەڵەبجـە لەساڵی 1988 دا (ئێسـتا) لەگــەڵا کــاتی دوای کیمیابـــارانکردنی هەڵەبجە، تا ساڵی 1991 (داهاتوو) .

•بـەپێی ڕەوتی ڕووداوەکان، هەنـدێکجار درامـانووس شـێوازی هاوکاتی و تێکشکانی کاتی گێڕانەوەی کردۆتە بناغەی بیناسازی ڕەگـەزی کـات لــە دەقــە شـانۆییەکەدا. واتــە هەنــدێکجار سیستەم و ڕەوتی کات لەشێوە ئاسۆییەکەی (ڕابردوو ، ئێستا ، داهاتوو) لای داوە و پاش و پێش بـەو هێڵـە ئاسـۆییەی کات کراوە.

•کاتی حیکایــەت و کاتی گێڕانــەوە دوو کـاتی جیــاوازن، کـاتی حیکایـــەتی ڕووداوە بنچینەییەکـــە، کـــە کیمیابـــارانکردنی هەڵەبجەیــە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ڕۆژی 1988/3/16 ،کـــە سامناکترین و خوێناویترین ساتە وەختە لەمێژووی گەلی کورد بەگشتی و خەڵکی هەڵەبجە بەشێوەیەکی تایبەتی ، بەڵام کاتی گێڕانەوە و نووسینی دەقە شانۆییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2014 .

## سەرچاوەکان


١. ئاریانا ئیبراهیم(د)،شێوازە ئەدەبییەکانی ڕۆژنامەی خەبات 200 – 2006 ،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،2011 .

٢.بوشراکەسـنەزانی،پلۆت لــەچیرۆکی کوردیــدا 1995 – 2005،چاپخانەی لەریا،سلێمانی، 2012

٣. پـەروین عەبدوڵلا،ڕەگـەزەکانی دراما لەشـیعری لیریکـی کوردیدا، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، 2008 .

٤. پەرێز سابیر ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠١ .

٥. جــەلال ئــەنوەر ســەعید،تەکنیکی گێڕانــەوە لــەڕۆمانی (ئێوارەی پەروانـە) ی بـەختیار عـەلی دا، چاپخانـەی کـەمال، سلێمانی ، 2009 .

٦. حــەکیم مــەلا ســاڵح،هەڵەبجە لــە ئــامێزی مێـژوودا، ب4،چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2014

٧. سەنگەر قـادر شـێخ محەمـەد،بنیاتی گێڕانـەوە لەداسـتانی (مەم وزین) ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقا ره سپییەکان) ی بەختیار عـەلی دا ، چاپخانەی خانی ، دهـۆك ، 2009 .

٨. کــاوە جـــەلال، لەتـــەك فینۆمێنـــە ئەدەبییەکانـــدا، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهوشیاری(ی.ن.ك)، 2006

٩. کــەمال میراودەلـی(د)، فەلســەفەی جــوانی وهونـــەر، چ2،چاپخانەی قانع، سلێمانی ، 2005 .

١٠. کـــەیفی ئەحمـــەد عبـــدالقادر، ڕیـــالیزم لەشـــانۆی کوردیدا،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2013 .

١١. نـەجم خالیـد نەجمـەدین ئـەڵوەنی، بینـای کات لەسـێ نموونـەی ڕۆمـانی کوردیـدا، چاپخانـەی سـەردەم/ سـلێمانی ، 2004 .

١٢. نەوشـــیروان مســـتەفا ئەمین،پەنجـــەکان یـــەکتری دەشکێنن،چ3، چاپخانە نییە ، سلێمانی ،1998

کتێبە عەرەبییەکان :

١٣. جـابر عصـفور، زمـن الروايـة، ط1، دارالمدى، دمشـق – سوريا، 1990 .

١٤. مـاری اليـاس(د) و حنـان قصـاب(د) ، المعجـم المسـرحي، ط2، مكتبة لبنان،بيروت، 2006 .

١٥. موريس ابوناصر(د)،الالسـنيه والنقـد الادبي فى النظريـة والممارسة، مطبعة دارالنهار، بيروت،1979.

١٦. شـــادان ئـــەورەحمان، ژن و ڕابـــردوو هـــەولێك بـــۆ کۆیلەکردنی ژن، ط0 تەوار ، ژ(60) ، 2017

١٧. یاسـین ڕەشـید حەسـەن ، نـاوەرۆك و تـەکنیکی درامـای کــوردی 1991 – 2002 ،نامــەی ماســتەر،کۆ. زمــان ، ز. سلێمانی ، 2004 .

١٨. شجاع مسلم العاني ،البناء الفني فى الرواية العربية فى العراق ، رسالة دكتوراه ،كلية الاداب ،جامعه بغداد،1987

Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.19632

# کارە ئەسپێکتییەکان لە زمانی کوردیدا

**خۆشناو عەزیز حەمەئەمین[1]، مەحموود فەتحوڵڵا ئەحمە[2]**

1 کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین

2 کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی

***Article Info***

Received: July, 2019

Revised:August,2019

Accepted: August ,2019

***Keywords***

ئەسپێکت، تێنس ، بارودۆخ ،
سەرەنجام ، ڕووداو.

***Corresponding Author***

khoshnaw.aziz@uor.edu.krd

## پوختە

کارە ئەسپێکتییەکان، یا جەختکردنەوەی باری سەرنج لە بارودۆخی دەربڕراو، یاخود بنیاتی کاتی پێکهاتەی بارودۆخ بابەتێکی ڕێزمانییە، و هەر زمانە بە پێی تایبەتیی زمانەکەی نیشانیدەدات، ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکە بۆ باسکردن لەو کارانەی، کە وەک کارە ئەسپێکتییەکان لە زمانی کوردیدا دەناسرێن، ئەگەرچی کوردی زمانێکی تێنسییە وەك لەوەی ئەسپێکتی بێت، لەوەشدا لە ئینگلیزی دەکات، بە پێچەوانەی ڕوسییەوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەسپێکتییە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نادات، کە کوردی ئەسپێکتی نییە، بەڵکو ئەوە ڕاستییەکە و بڕاوەتەوە، بۆ ئەم ئامانجەش ژمارەیەك لە فۆڕمی تێنسی دیاریکراو دەخەینەپێش چاو، کە ڕاستەوخۆ جەخت لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی بارودۆخەکان دەکەنەوە، هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش ئەوەیە، لە ئەمڕۆدا زمانەکان شیدەکرێنەوە و پەسندەکرێن، تا هەموو ئاست و پێکهاتەکانیان بخرێتەڕوو، بەڵام شیکردنەوە و پەسنکردنی کارە ئەسپێکتییەکانی زمانی کوردی لە توێژینەوەیەکی سەربەخۆدا لەبەردەستدا نییە.

لەم توێژینەوەیەدا سوود لە ڕێبازی شیکەرەوەی پەسنکەرانە وەرگیراوە، و سروشتی کارەکە ئەوەی خواستووە جگە لە پێشەکی، کە سەرەتایەکە بۆ چوونە نێو باسەکەوە، بە پێی پلانێک دابەشی دوو بەش بکرێت: بەشی یەکەم لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، کە تێیدا دەروازەیەک بۆ ئەسپێکت و پێکهاتەی ئەسپێکت و گریمانەی پێشکات خراوەتەڕوو. بەشی دووەمیش بۆ (کارە ئەسپێکتییەکان لە زمانی کوردیدا) تەرخانکراوە، وسێ تەوەرە لەخۆدەگرێت، لەگەڵ خستنەڕووی گرنگترین ئەنجامەکان و، ڕیزکردنی سەرچاوە بەکارهاتووەکان بە دوای یەکدا..

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ باسکردن لەو کارانەی، کە وەك کارە ئەسپێکتییەکان دەناسرێن، و بنیاتی قووڵ و شاراوەیان جۆرێك لە توێژینەوە و باس و خواس بەخۆوەدەگرێت، و جۆرێکی تایبەتن لە کۆی کارەکانی زمانی کوردی، ئەوەی لەکارەکانی دیکەشیان جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە تایبەتمەندیی دەستپێك، بەردەوام، وەستان و کۆتایی بارودۆخ لەخۆدەگرن، واتە ئەو کارانە بەشێك لە بنیاتی واتاکانیان جەخت لە سەرەتا، ناوەڕاست، بەردەوامی و کۆتایی ئەو بارودۆخانە دەکەنەوە، کە دەیانخەنەڕوو، جگە لەوە، ئەمانە جەخت لە ڕووداو و ناوەرۆکی پێوەندیدار لە خاڵێك یان زیادتر لە کاتدا دەکەنەوە، بۆ نموونە: هەنگاونان، دەستپێکردن، و دەستپێدەکات ... "begging, start, and commence" جەخت لە بارەی ڕوودان لە دوای ڕوونەدانی خشکەییەوە دەکەنەوە، هەروەها وەستان، تەواوکردن،

و کۆتایهێنان/کۆتاییپهێنـــان، جەخـــت لە ڕوونەدان لە دوای ڕوودانـــی پێشـــبینیکراو دەکەنەوە، بەردەوامـــیش جەخت لە ڕوودان لە دوای خاڵی ئاماژەکردنی کۆتاییەوە دەکاتەوە (Newmeyer, 1975:25).

کـوردی زمـانێکی تێنسـیە وەك لەوەی ئەسـپێکتی بێـت، لەوەشـدا لە ئینگلیـزی دەکـات، بە پـێچەوانەی ڕوسیەوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر زمانێکی ئەسپێکتیە، لە هەمـان کاتـدا، ئەمە واتـای ئەوە نـادات، کە کـوردی ئەسپێکتی نییە، بەڵکو ئەوە ڕاستییەکە و بڕاوەتەوە، ئێمە لەو باسەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، کە کوردی هاوتــایە بە ئینگلیــزی و فارســی، بــۆ ئەم ئامــانجەش ژمــارەیەك لە فــۆڕمی تێنســی دیــاریکراو لە کوردیــدا دەخەینەپێشـچاو، کە ڕاسـتەوخۆ جەخـت لە سـەرەتا، ناوەڕاســت و کۆتــایی بارودۆخەکــان دەکەنەوە، ئەوە لە ئینگلیزیـدا تــا ڕادەیەك بێکێشــەیە، بــۆ باســکردنی هەر بـارودۆخێکی دیـاریکراو زاراوەیەکی تـایبەت جێگیرکـراوە، هەرچەنـد دوو فـۆڕمی تێنـس لە هەنـدێك شـوێن زۆر لە یەك نـزیکبن، ئەوە لە شــوێنی دیـکەدا بە واتـا و ئەرکی جیاوازەوە بەکاردەهێنرێن، لە فارسیدا دووبارە بە بەراورد بە کـــوردی تـــا ڕادەیەکـــی زۆر بێکێشـــەیە، ئەوەش دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەوەی کە لە فارسـیدا زاراوەی عەرەبـی تـێکەڵ بە فارسـی بەکـاردەهێنرێن، تـا ئەو بۆشـاییە پڕبکـاتەوە، کە لە ئەنجـامی لێکنزیکـی ئەرك و ڕەفتـاری هەنـدێك کاری، وەك "start, begin, continue and keep"دا بەدی دەکرێـت، لە کوردیـدا ئەو تێکەڵاویـیە زیــادترە تــا ئەو ڕادەیەی بە ئاســانی ناتوانیــت فــۆڕمی تێنسـێکی دیـاریکراو هاوتـا بە کاری ئەسـپێکتی "begin" لە ئینگلیزیدا بـدۆزیتەوە، بۆیە کاری "دەسـتپێکردن" هەمـوو ئەو واتـا و ئەرکـانە دادەپۆشـێت، کە کـاری "start" و "begin"لە ئینگلیزیدا بە ئەنجامی دەگەیەنن.

ئەوەی ماوە لەم پێشەکییەدا باسی لێوەبکەین، گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە دەگمەنە بە شێوەیەکی وەها باس لە وردەکارییەکانی کارە ئەسپێکتییەکان لە زمانی کوردیدا کرابێت، هەروەها بنەما و تایبەتییەکانیان و چۆنیەتی بەکارهێنان و کارکردنیان خرابێتەڕوو، و بە زمانانی دیکەش بەراوردکرابن. بۆ دەستبەرکردنی ئەم بنەمایانە و چەند لایەنێکی دیکە هێڵە سەرەکییەکان و بنەمای نووسینی ئەم توێژینەوەیە سوودوەرگرتن لە ڕێباز و توێژینەوەی شیکەرەوەی پەسنکەرانەی سینکرۆنی دەبێت، هەروەها هێنانەدی ئامانجەکانی کارەکەش وایخواستووە بە پێی پلانێک بە سەردوو بەشدا دابەشبکرێت:

بەشی یەکەم لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا هەریەکە لە زاراوەی ئەسپێکت، و زاراوەی ئەسپێکت و ئەکشنسارتێن خراونەتەڕوو، تەوەرەی دووەم بۆ پێکهاتەی ئەسپێکت و تایبەتییەکانیان، و تەوەرەی سێیەمیش بۆ گریمانەی پێشکات تەرخانکراوە.

بەشی دووەمیش سێ تەوەرە لەخۆدەگرێت، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە میکانیزمی کارکردنی کارە ئەسپێکتییەکان دەکەین، و لە تەوەرەی دووەمدا هەوڵمانداوە بابەتەکە ببەینە لایەنی پراکتیکی و گرنگترین کارەئەسپێکتییەکانی زمانی کوردی بە ڕوونکردنەوە و نموونەی پێویستەوە نیشانبدەین، لە تەوەرەی سێیەمیشدا هەریەکە لە نەربت، نەرێ و ئاوەڵناو لە تێنسی کارە ئەسپێکتییە کوردییەکاندا دیاریکراوە.

ختسنەڕووی گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، و ڕیزکردنی سەرچاوە بەکارهاتووەکان بە دوای یەکدا، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە دەبنە کۆتایی ئەم هەوڵە.

## بەشی یەکەم: دەروازەیەک بۆ ئەسپێکت و پێکهاتەی ئەسپێکت و گریمانەی پێشکات

### ١ . 1 ئەسپێکت

### 1 . 1 . 1: زاراوەی ئەسپێکت

دیـاریکردنی ئەسـپێکت لە بـواری "بـاری سـەرنج" یـان "جۆری بارودۆخ" و "چالاکی، جەختکردنەوە و گرنگیپێدان"، جێبەجێدەکرێت، زاراوەی ئەسـپێکت، هاوتـایە بە "vid "ی ڕووسـی، کە بە شـێوەیەکی مێژوویـی بـۆ زاراوەی لاتینـی " vider"دەگەڕێتەوە، کە بە واتای "to see" دێت، واتە "بینین"،

که دەکاتە "دونیـابینی"، هەروەهـا زاراوەی یۆنـانی "Eidos" بە واتـای ئەوەی، کە دەبینرێـت، لە فـۆرم، شـکڵ و قەوارەوە، بە لای (Porzig, 1927:152)ەوە، ئەسـپێکت وا دەبینرێـت وەك ئەوەی، جەختکـردنەوە و بـاری سـەرنج لە بـارەی بـارودۆخی دەربڕراوبێـت، لە لای (Comrie, 1976:3) ئەسپێکت بـریتییە لە "ڕێبـازی بـاری سـەرنجی جیـاواز لە بنیـاتی کـاتی پێکهـاتەی بارودۆخێك". .

باوترین پێناسە بۆ ئەسپێکت، لە نێوەندیی زانایانی بواری ئەسـپێکتی مۆدێرنـدا ئەوەیە، کە لەسـەر پێناسـەی Holt, (1943:6) بنیاکراوە، و دەڵێت، زۆر لە زمانزان و قوتابخانەکان جیـاوازی لە نێـوان ئەسـپێکت و کردەوەدا دەکەن، تەنیـا دوو ئەسـپێکت پەسـەنددەکەن. ئەوانەش بـریتین لە پێرفێکتیـڤ و ئیمپێرفێکتیـڤ. کەسانی دیکە،بۆ نموونە، Lyons و Comrie، هەندێك ئەسپێکتی دیکەش دەخەنە سەر ئەو ئەسپێکتانە، بۆ نمـــــوونە، نەریـــــتhabitual ، ســـــتەیتیڤstative ، دووبارەبوونەوەiterative و هەروەها.

١ . ١ . ٢: زاراوەی ئەسپێکت و ئەکشنسارتێن

لە بواری ئەسپێکتدا چەند زاراوەیەك بەکاردەهێنرێن، بـۆ نموونە، لە بـری ئەکشنسـارت (Lyons, 1977:706) زاراوەی "تایبەتمەنـدیی ئەسـپێکت بەکاردەهێنێـت"، کە پێشـتر ئەو زاراوەیە لەلایەن "Poutsma"ەوە بەکـار هـاتووە، و Lyons, (1977:706) تایبەتمەنـدیی ئەسـپێکتی وەك ئەو بەشـە ناسـاندووە، "کە واتـاکەی ئامـاژە بـۆ جـۆرێکی تـایبەت لە بـارودۆخ دەکـات زیـادتر لە یەکێکـی دیـکەوە"، و بە لایەوە جیـاوازی لە نێـوان ئەو دووانەدا ئەوەیە، کە تایبەتمەنـدیی ئەسپێکت سروشتی سیمانتیکی فەرهەنگییە، و ئەسپێکت بە گشـتی چەنـدین لایەن دادەپۆشـێت و چەنـدین جیـاوازی دەگرێتەوە، و ئاست و جیاوازییەکانی لەسـەر بنەمـای واتـایی، مــاوەدرێژی، زۆر ڕوودان، دووبــارەوەبوونەوە، دەســتپێکردن، تەواو بوون و هی دیکەش داناوە.

سیسـتەمی ئەسـپێکتی سـەربەخۆیی خـۆی دەپارێزێـت، لەو بـارانەدا، کە کـاری ڕسـتە وەك کـارێکی کردەیـی ڕەفتاردەکـات، دواتــر وەك داینامیـك، ئەوانە پەسـنی بـارودۆخی مـاوەدرێژی دەکەن، بەوە دەگوترێت ڕەفتاری ئەسپێکتی، هەمان بارودۆخ دەشـێت وەك کـردەوە یـان ڕووداو پێشـکەش بکرێـت. لە هەنـدێك زمانـدا "ڕووداو-event" و "کـردەوە-action"[1] بە هـۆی مۆرفیمی ڕێزمانییەوە لە سیستەمی ئەسپێکتدا نیشاندەدرێن، ئەو کـات مـۆرفێم ئەرکـی ئەو جیـاوازییە لەئەسـتۆدەگرێت، جیـاوازیی ئەسـپێکتی، کە بە ڕێزمـانی نەکـراون یـان لە ڕێزمانـدا ڕەنگیـان نەداوەتەوە، بـۆ نمـوونە، "static جێگیـر"ە، کە بـۆ هەردوو ئەســـپێکتی ڕاســـت و تایبەتمەنـــدیی ئەســـپێکتی بەکاردەهێنرێـــت. Comrie و Lyons باوەڕیـــــان وایە، کە ئەسـپێکت لە لایەکەوە و ئەکشنسـارت لە لایەکـی دیـکەوە ئامـاژە بـۆ جیـاوازیی سـیمانتیکی هەمـان جـۆر دەکەن. تـاقە جیاوازییەك کە هەبێت لە زمانی دیاریکراودا، ئەوە لە دەربڕینی زاراوەی زمانی-دیاریکراودایە. .

. جیاوازی لە نێوان "ئەسپێکت" و "ئەکشنسارت"دا دەبێت لەسـەر بنەمـا و بنـاخەی واتـا بێـت، ئەوە لە لایەن Herman, (1976), and (Forsyth, 1970) جەختی لە بارەوە کراوەتەوە، بۆ نمـوونە، "ئەسـپێکت تێڕوانینی قسـەکەریـان نووسـەرە بـۆ کـردەوە، یـان بـارودۆخی باسـکراو"، (Bache, 1982:64)، بە پـێچەوانەوە، ئەکشنسـارت دیاریـدەکرێت وەك ئەوەی، ئەو ڕێبازەبێـــت، کە تێیـــدا "کـــردەوەیەك یـــان بارودۆخێـــك گەشـــەدەکات، یـــان بەردەوام دەبێـــت لە بـــاروزروفێکی دیـاریکراودا" (Forsyth, 1970:19) لە بـاری ئەسـپێکتدا، دەڵێـت، "قسـەکەریـان نووسـەر ئـازادە لە هەڵبژاردنەکانی لە نێوان باسکردنی بارودۆخی پێرفێکتیـڤ یـان ئیمپێرفێکتیڤـدا، کە بە هـــۆی کـــارەکەوە ئامـــاژەی بۆدەکرێـــت. لەکاتێکـــدا ئەکشنســـارت کـــاتەگۆرییەکی بـــابەتییە لەوەدا پێکهێـــنەری هەقیقی بارودۆخی باسکراو هاوبەشی تێدا دەکات". .

1 . 2: پێکهاتەی ئەسپێکت

1 . 2 . 1: پێرفێکتیڤ

لە پێناسـە و ناسـینی پێرفێکتـدا ئەوەی بـاوە و دەگوترێـت ئەوەیە، کە قســـــەکەر و گـــــوێگر، لە دەرەوە ســـــەیری بارودۆخەکـــان دەکەن، و نـــاچنە نـــاوەوەی بـــارودۆخی باسـکراوەوە، بـۆیە بـارودۆخەکە وەك دانەیەکـی یەکگرتـوو دێتەبەرچاو، بێئەوەی ئاماژەکرابێت بۆ پێکهاتە و هەنگاوەکانی

[1] کردەوە بە واتای پرۆسە بەکاردەهێنرێت.

دیوی ناوەوەی بارودۆخەکە، جیاوازیی بەخورتی و پێویست لە بنیاتی ناوەکی بارودۆخەکان لەبەرچاوناگیرێت، پێرفێکتیڤ چەقی دیوی دەرەوەی بارودۆخ دەگوازێتەوە، بانگی گوێگرەکانی دەکات تا لە دەرەوەوە سەیری بارودۆخەکە بکەن، وەك یەك پارچە. بێشك، PFV وەك "کاتەگۆریی ئەسپێکت" مامەڵەدەکرێت. لە زمانە سلاڤییەکاندا زمانەوانەکان جەختیان لەسەر ئەو لایەنە کردووەتەوە، چونکە جگە لە جیاوازیی پێرفێکتیڤ/ئیمپێرفێکتیڤ وەك خوێندنەوەی ئەسپێکت هیچی دیکە وەرناگرن. ئەوە تا ڕادەیەك لە سیستەمی ئەسپێکتی ڕووسیشدا" هەروایە، بە پێی ئامارێك، کە لەلایەن Dahil ەوە ئەنجامدراوە جیاوازی PFV/IPFV لە زیادتر لە چل و پێنج زماندا ڕوودەدات و لە نێویاندا زمانی کوردییە. لە هەریەك لەو زمانانەدا کاتەگۆریی PFV وەك ئەندامی نیشانەکراو و ئیمپێرفێکتیڤێتی وەك ئەندامی نیشانەنەکراو مامەڵەدەکترێن.

کاتەگۆریی پێرفێکتیڤ زیادتر مەیلی بە لای ئاماژەکردنی کاتی ڕابردوودا هەیە، (Dahil, 1985:79) ئەوە وەك ڕوخسارو تایبەتمەندیی دووەمی پێرفێکتیڤ دەزانێت، و باوەڕی وایە، کە لە هەموو زمانەکاندا، "ئاماژەکردنی کاتی ڕابردوو پەسنی بەکارهێنانەکانی نموونەیی پێرفێکتیڤ-تاك دەکات، ڕووداوە تەواوبووەکان لە بەکارهێنانە نموونەییەکاندا لە ڕابردوودا دادەنرێن، زمانەکان جیاوازن، سەبارەت بەوەی تا چ ڕادەیەك و بە شێوەیەکی بەرفرەوان ڕێگە بە پێرفێکتیڤ دەدەن، تا لە ئاماژەکردنی کاتی نا-ڕابوردوودا بەکاربهێنرێت". بۆ دۆزینەوەی ڕوخسارە هاوبەشەکانی ئەندامێتی پێرفێکتیڤ لە سیستەمی زمانەکاندا، دەبێت پەنا ببرێتە بەر سیستەم و ڕێبازی نموونەی یەکەمی توخمی خۆیی سەبارەت بە سیمانتیکی کاتەگۆرییە ڕێزمانییەکان، ئەوە وەك سەنگی مەحەکە. لە بواری "ئەسپێکت"دا گرفتی ئەوە دێتە پێشەوە، کە چۆن و بە چ ڕێگەیەك دەتوانین تایبەتمەندیی کرۆکی پێرفێکتیڤێتی دیاربکەین، (Dahil, 1985:74) لەم بارەوە دەڵێت: "ئەوە توانستی لێتێگەیشتن و زانینی هەیە ئەگەر هاتوو بە شێوەیەکی سادە سەرنج لە ڕوخسارە جیاوازەکان بدەین، کە پەسنی بەکارهێنانی نموونەی یەکەمی توخمی خۆیی پێرفێکتیڤ بکەن". دیارە، لەگەڵ ئەوەشدا، بەکارهێنانی نموونەی یەکەمی توخمی خۆیی پێرفێکتیڤ، بۆ هەموو کاتەگۆرییەکانی هاوبەشن"جیاوازی لە نێوان زمانەکاندا هەیە سەبارەت بەوەی، کە چۆن دەتوانن پێرفێکتیڤ دیاربکەن". (هەمان سەرچاوەی پێشوو)، ئەو جیاوازییە لە بواری ئەسپێکتۆلۆجییەوە لەسەر فۆرم، ناوەرۆك و ڕەفتار، بە تایبەت دیاریکردنی پێرفێکتیڤەوە هەیە.

"پێرفێکتیڤێتی جەخت لەسەر باری سەرنجی بارودۆخێك دەکاتەوە وەك دانەیەکی هەمەوویی، بە بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان هەنگاو و بەشە جیاوازەکانیدا بکات، کە ئەو بارودۆخە پێکدەهێنن، لە کاتێکدا ئیمپێرفێکتیڤێتی گرنگی کرۆکی دەدات بە دیوی ناوەوەی بنیاتی بارودۆخەکە"، (Comrie, 1976:16) لەگەڵ "پێرفێکتیڤێتیدا"، قسەکەر لە دیوی دەرەوە سەیری بارودۆخی دیاریکراو دەکات، و هەموو بارودۆخەکە وەك دانەیەکی یەکگرتوو، لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتاییدا دەبینێت، بۆیە پێکهاتە و هەنگاوەکان، کە بارودۆخەکەیان پێکهێناوە لێکجیاناکاتەوە، وەك لە "خانووەکەی دروستکرد"، پێچەوانەی "خانەوەکەی دروست دەکرد"دا دەبینرێت. دیارە سەبارەت بە "هەمەوویی-totality دەبێت ددان بەو ڕاستییە دابنرێت، کە ناکرێت بۆ هەموو زمانەکان وەکیەك بێت، تەنانەت لە گەڵ ئیمپێرفێکتیشدا هەموو دانەکان هەمان خوێندنەوە وەرناگرن.

1 . 2 . 1 . ١: تایبەتمەندیی پێرفێکتیڤ

بە شوێن (Dahil, 1985:78-80)دا، هەموو ئەوانەی لەسەر کاتەگۆریی ئیمپێرفێکتیڤ کاردەکەن، لەو باوەڕەدان:


(أ) پێرفێکتیڤ ئاماژە بۆ ڕووداوێکی تاك دەکات، کە ناتوانرێت لەوە زیادتر لێکبدرێتەوە، خاڵی کۆتایی دیار بەخۆوەدەگرێت، بە زۆری لە ڕابردوودا ڕوودەدات، ئەمە تایبەتمەندییەکی زۆینەی ئەو زمانانەیە، کە جیاوازیی پێرفێکتیڤ/ئیمپێرفێکتیڤ بەخۆوەدەگرن، بەڵام ناکرێت ئەوە لە هەموو زمانەکاندا هەمان شت بێت.

ئاستی کاتەگۆرییەکانی "کاتی" و "ئەسپێکتی" بە مەبەستی بنیاتنانی سیستەمی هەرسێك، TMA[2] بە لای (Comrie,

[2] مەبەست time, mood and aspectە، واتە کات، مود و ئەسپێکت.

(1976:71)ەوە دانەیەك لەو پێوەنـدییانەی کە زۆر جـێگەی سـەرنجن، لە نێـوان ئەسـپێکت و تێنسـدا... ڕوودەدات کاتێك جیاوازیی ئەسپێکتی بۆ تێنسێك یان زیادتر سنووردارەدەکرێت... ئەوە دەردەکەوێـــت، کە جیـــاوازیی ئەســـپێکتی لە تێنســـی ڕابـــــردوودا دەردەکەوێـــت. بەو جـــۆرە لە زۆربەی زمـــانە هیندۆئەوروپییەکان، و هەروەها لە زمانی جۆرجیدا، جیـاوازی لە نێوان ئیوریسـت Aoristy[3] و ئیمپێرفێکت تەنیا لە تێنسـی ڕابـردوودا هەیە، و هـیچ جیـاوازییەکی هاوشـێوە لە تێنسـی دیکەدا نییە.

لێرەدا ئاماژە بـۆ هەقیقەتێك دەکرێت، کە زۆر باو و هاوبەشـە بۆ کاتەگۆرییەکانی TMA نـا-داهـاتوو تا سیسـتەمی سـێلایەنی فـۆرم بکـات، وەك لە سیسـتـەمی TMAی هیندۆئەوروپیـدا ڕوودەدات:




دایاگرامی (١)

(ب) پێرفێکـــت یـــان پێرفێکتیـــف بە هـــۆی نیشـــانەی مۆرفۆلـۆجیکەڵی و نیشـانەی پاشـگری بکەرییـەوە دیـاری دەکرێت، سەبارەت بە پێرفێکتیف/ئیمپێرفێکتیف دەکرێت ئەو پرسیارانەی لای خوارەوە بکرێن: .

-ئایا ڕابردوو تەنیا بۆ ڕابردوو سنووردارکراوە، یان چی؟

-ئایا ڕابردوو بۆ ئیمپێرفێکتیف سنووردارکراوە؟

جیـاوازییەکە لەوەدایە، پێرفێکتیـف لەسـەر ئامـاژەکردنی کـاتی ڕابـردوو سـنووردارکراوە، بەڵام دەشـێت لێکـدانەوە و دیـاریکردنەکەی بـۆ "پێرفێکتیـف" و "ئیمپێپێرکتیـف"یش بەکاربهێنرێـت، ئەگەر بەکارهێنـانی فـۆرمی پێرفێکتیـف ئامـاژەکردنی کـاتی ڕابـردوو بگەیەنێـت، نیشـانەی زیـادتر بـۆ ئاماژەکردنی کاتی ڕابردوو پێویستناکات.

لە کاتێکدا، کە قەدی تێنسی کاری ڕابـردووی پێرفێکتیـف واتای ئەوە دەدات، کەسێك لە ڕاسـتیدا کردەوەیەکی کـردووە "یان تەواوی کردووە"، تێنسی ڕانەبردووی کاری ئیمپێرفێکتیف تەنیـا واتـای وایە، "کەسـێك دەسـتیکردووە بە کـردەوەیەك (بەڵام تەواوی نەکــــردووە)" یــــان کەســــێك هەوڵیــــداوە کردەوەیەك بکات (بەڵام سەرنەکەوتووە)، بەم شێوەیە تێنسی ڕابـردووی ئەسـپێکتی ئیمپێرفێکتیـف لە ئیمپێرفێکتی لاتینی دەکات (Dahil, 1985:88).

ئەسـپێکتی پرۆگرێسـف بە پێـی ئەو ئامـارەی لە لایەن (Dahil, 1985)ەوە کراوە، لە بیستوهەشت زماندا دەبینرێت، لە زۆربەیاندا بە شـێوەی پەراوێـزی، کە لە نێویانـدا کـوردییە، ڕوودەدات. نموونەی یەکەمی توخمی خـۆیی پرۆگرێسـف، وەك وەچەبەشـی ئەسـپێکتی ئیمپێرفێکتیـف دیـاری دەکرێـت، لەو زمانانەدا، کە سیسـتەمی ئەسپێکتییەکەیان لە سـەربنەمـای جیاوازیی پێرفێکتیف/ئیمپێرفێکتیف کاردەکات، پرۆگرێسـف لە سـەربنەمـای "on-going activiy" کـردەوەی گەشـەکردووە بنیاتـدەنرێت، بە لای (Comrie, 1976)یەوە، پرۆگرێسـف بەشـێکە لە ئیمپێرفێکتیفێتی، نەك بە پـێچەوانەوە، بـۆیە بە پـێچەوانەی ئیمپێـرفێکتیفەوە سـەربەخۆیە لە ئامـاژەکردنی کاتی، چونکە: (أ) لە ڕابـردوو نـا-ڕابردوشـدا ڕوودەدات، (ب) لە نـا-ڕابـردوودا خوێنـدنەوەی نەریـت لەدەسـتدەدات، (پ) بە پێچەوانەی ئیمپێـرفێکتیفەوە، پرۆگرێسـف لە کوردیدا بنیـاتی پـارافرێزی بەخۆوەدەگرێـت، (ت) لە کاتێکـدا ئیمپێرفێکتیـف ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ لەگەڵ هەردوو کـارە سـتەیتیف و داینامیکییەکاندا ڕوودەدات پرۆگرێسـف تەنیـا لەگەڵ فـۆرمی تێسـنی داینامیکییەکانـدا گونجـاوە. (د) بە پـێچەوانەی پرۆگرێسـفەوە، کە هەمیشـە باسـی کـردەی کـاتی دەکـات، ئیمپێرفێکتیف پەسنی ڕاستی دەکات.

1 . 2 . 2: ئیمپێرفێکتیف

تەواو بە پـێچەوانەی پێـرفێکتیڤێتییەوەیە، قسـەکەرو گوێگر لە نـاوەوە سـەیری ڕوودۆخەکـان دەکەن، وەك ئەوەی خۆیان بەشێك بن لە ڕوودۆخەکە، سەرەتا و کۆتایی ڕوودۆخ نـابینن، بـۆیە گرنگییەکـی تەواو دەدەن بە بنیـاتی نـاوەکی ڕوودۆخەکان، نوانـدنی ئیمپێرفێکتیفێتی چەقی دیوی ناوەوەی

[3] تێنسی ڕابردووی ناتەواوی کارێک بە بێ ئەوەی ئاماژە بۆ ماوەدرێژی یان تەواوبوونی کردەوەیەک بکات، بە تایبەت لە زمانی یۆنانیدا.

بــــارودۆخ دەگــــوازێتەوە، بە واتــــای ئەوەی بەرانبەرەکــــانی بانگدەکات، تـا لە نـاوەوە سـەیری بارودۆخەکان بـکەن، وەك ئەوەی بــــارودۆخەکە لە گەشــــەکردندا بێــــت. (Bache, 1997:259) و (Comrie, 1976:4) باوەڕیان وایە، کە جیاوازی لە نێـوان "پێرفێکتیـڤ" و "ئیمپێرفێکتیـڤ"دا زیـادتر بە هـۆی هەڵوێسـتی بـکەرەوەیە کاتێـك دەیەوێـت بارودۆخەکـان بە پێرفێکتیـڤ یـان ئیمپێرفێکتیـڤ پێشـکەش بکات، ئەسـپێکت وەك ئـامێرێکی زمـانی جەختکـردنەوەیە لە بـارەی بـارودۆخی دەربڕراو، کە بکەر دەیەوێت بیگوازێتەوە، بۆ زانینی زیادتر با سەیری ئەم نموونانە بکەین:

(أ) باپیر نامەکەی نوسی. (ب) باپیر نامە دەنوسێت.

لە (أ)دا کارەکە لە فـۆڕمی پێرفێکتیڤـدایە، کە لە پـێش کاتی قسـەکردن کۆتایی پێهاتووە، لەم بارانەدا جەخت لەسـەر کۆتایی کردەی نامەنووسین کراوەتەوە، لە کاتێکدا لە دووەمدا باس لە بارودۆخێك کراوە، کە هیچ زانینێکمان سەبارەت بە سـەرەتا و کۆتـایی کـردەی نـامە نووسـینەکە نیـیە. جـۆری بـارودۆخ و ئەسـپێکت ناوبەنـد پێوەنـد و تـێکەڵاون، فـۆڕمی کارێکی دیاریکراو، بۆ نموونە، پڕۆگرێسـڤ بەکاردەهێنرێت، کە گونجاوە لەگەڵ هەنـدێك بـارودۆخ و لەگەڵ هەنـدێکی دیکەدا نـا. لەبەرئەوە، لە زمانەکانـدا، ڕەفتـار، فیچەرەکـانی نـاوەکی و واتای کارەکە گونجاوە لەگەڵ واتـا و فـۆڕمێکی دیاریکراو لە کار و ئەسپێکتدا، کە دەشێت لە زمانێکی تردا وانەبێت. ئەسپێکتی پڕۆگرێســـڤ، ڕوخســـارگەلێك لەخۆدەگرێـــت کە بە پێـــی سیسـتەمی ئەسـپێکتی پێی دەگوترێت ئیمپێرفێکتیـڤ، کەواتە ئەو دوو لایەنە بە شــێوەیەکی کەرتــی دەچنەســـەریەك، بــۆ نمـــوونە، ئیمپێرفێکـــت پڕۆگرێســـڤ لەخۆدەگرێـــت بەڵام پڕۆگرێسـڤ ئیمپێرفێکت لەخۆناگرێت.

1 . 2 . 2 . 1: تایبەتمەندیی ئیمپێرفێکتیڤ

(أ) دووبارەبوونەوە، بناخەی بنیاتی ئەسپێکتی نەریتییە، وەك ڕەفتاری سەرەکی ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیڤ چاوی لێدەکرێت، هەرکات ڕووداوێکی تـاك بە شـێوەیەکی ڕێکوپێـك دووبـارە و سێبارە دەبێتەوە، ستەیتیڤێتی دووبارەبوونەوەی ناسنووردار لە ئیمپێرفێکتدا ڕوودەدات. ـ

(ب) ئیمپێرفێکـت وەك ناسـادە مامەڵەدەکرێـت، و بەهـۆی پێشـگرەوە (وەك نیشـانە ڕێزمانییەکان) دیاریـدەکرێت، بنیـاتی ڕابــردووی ئیمپێرفێکتیـڤ بە هـۆی لێکـدانی تێنسـی ڕابــردوو لەگەڵ نیشانەی ئیمپێرفێکتیـڤ و هەنـدێکجار بە هۆی کاری بەیاریدەوە بنیاتدەنرێت، هەروەها پاشگری نیشانەی بکەری، دە-نوس-ێت. لە زمانی عەربیدا، بەم شێوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| نووسی | كتب | He wrote | پێرفیکتیڤ |
| دەنووسێت | بكتبوو | He is writing | ئیمپێرفیکتیڤ |
| دەی نووسی | كان يكتبوو | He was writing | ئیمپێرفێکتیڤی ڕابردوو |

(پ) ڕابردوو نیشانەکراوە، ئەوە بڕاوەتەوە، کە ئاماژەکردنی کاتی ڕابردوو بەخۆوەدەگرێت، ئیمپێرفێکتیڤ دیارینەکراوە، لەنێو خۆیدا ئاماژەکردنی کاتی داهاتوو لەخۆدەگرێت لەگەڵ یان بە بێ زیادەی زمانی دیکە. لەوەدا کوردی لە زمانی ڕووسی دەکات، بەواتای ئەوەی بنیاتی پەراوێزی واتە ناڕاستەوخۆ کاتێك زیادەی زمانی دیکە هاوبەشی لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە دەکات. کارەکانی کوردی پێرفێکتیڤ یان ئیمپێرفێکتیڤن، وەك زمانی ڕووسی، بە شێوەیەکی مۆرفۆلۆجی ڕەگی کاری وەرگیراو هەمیشە مەیلی بەلای ئەوەدایە کە بناخەی ئیمپێرفێکتیڤ دروستبکات. لە مەودای ئیمپێرفێکتیڤێتیدا، نیشانە ڕێزمانی و پەراوێزییەکان ئەرکی گەورەیان دەکەوێتەسەر، کاتەگۆریی پڕۆگرێسڤ، لە کوردیدا نیشانەنەکراوە، و دەکەوێتە مەودای ئیمپێرفێتکتیڤێتییەوە، کوردی مۆرفێمی سەربەخۆ بەرانبەر بە نیشانەی پڕۆگرێسڤ "ing-"ی ئینگلیزی نییە، لە ئەسپێکتی پڕۆگرێسڤی لە ڕابردوودا، بنیاتی سیمانتیکی نیشانەی ئیمپێرفێکتیڤ بە "دە- + قەد" یان بە بێ زیادەی زمانی دیکە خوێندنەوەی "was/were + -ing" وەردەگرێت، کە بە گشتی فۆڕمی داڕشتنێکی مۆرفۆلۆجیکەڵی بەخۆوەدەگرێت، بە خوێندنەوەی کردەی نەریتییەوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئیمپێرفێکتیڤ دەکات. لە کاتێکدا لە فۆڕمی نا-پڕۆگرێسڤدا جیاوازی لە نێوان ڕابردوو و ڕانەبردوو پیشاندەدرێت.

هەواڵنامەی کتێب

1 . 2 . 3: بارودۆخی چرکەساتی punctual

باس لەو بارودۆخانە دەکات، کە زۆر کورتخایەنن، و لە هەقیقەتدا کاتیان ناوێت، بە واتایەکی دیکە مەبەست ڕوودان یان کردنی کارێك لە کاتێکی لەبار یان ئاماژە و گەڕانەوە بۆ ڕووداو یان کردەوەیەك، کە لە کات و شوێنێکی تایبەتدا ڕوودەدات، ئەوە بە پێچەوانەی ئەو بارودۆخانەیە کە لە ماوەیەکی دووردا لە کاتدا ڕوودەدەن و دەخایەنن، لەبواری ئەسپێکتدا "کورتخایەنێتی" بە واتای چۆنیەتی بارودۆخی باسکراو دەگەیەنێت، کە لە کاتدا درێژنابێتەوە، بەڵکو ئەوانە دانەیەکن لە بارودۆخی کورتخایەن، بە گشتی بارودۆخە کورتخایەنەکان هیچ ماوەدوورییەکی ئەوتۆ بەخۆوەناگرن، کە شایانی باس بێت، بۆیە بارودۆخە کورتخایەنەکان بنیاتی دیوی ناوەوە بەخۆوەناگرن، ئەوانە زیادتر بارودۆخی داینامیکن و بەشێك نابن لە بارودۆخی ئیمپێرفێکتیڤێتی، کە لەوێدا قسەکەر دەبێتە بەشێك لە ڕووداوەکە و بنیاتی دیوی ناوەوە بۆ خوێنەر و گوێگرەکان دەخاتەڕوو، ئەوە وادەکات کە بارودۆخە کورتخایەنەکان لەگەڵ کاتەگۆریی ئیمپێرفێکتیڤدا ناگونجێن (Smith, 1983:478).

لە هەر زمانێکدا دەشێت بارودۆخی "کۆکین" وەك نموونەی یەکەمی توخمی خۆیی بارودۆخە کورتخایەنەکان هەژماربکرێت، بە تایبەت "کۆکین"، "پژمین"، یان "لە دەرگادان"ی تاك... بە گشتی "کۆکین" لە فۆڕمی ئەسپێکتی پرۆگرێسڤدا، کە واتای ئیمپێرفێکتیڤێتی دەگەیەنێت نایەتەوە و ناکۆکە. لە ڕاستیشدا کاتێك دەگوترێت "ئازاد دەکۆکی ـ Azad was coughing" ئەمە ئاماژەیە بۆ زنجیرەیەك لە "کۆکین"، کە دەکرێت وەك زنجیرەیەك لە کۆکین لە کاتدا درێژببنەوە. دیارە، نابێت ئەوەش لە یادبکەین، کە تەنانەت یەك کۆکەی تاکیش نابێت بە تەواوی کورتخایەنی وابێت، کە لە لە کاتدا درێژنەبێتەوە، بۆیە زمانەوانەکان لەبری کورتخایەنی "punctuality" زاراوەیەکی دیکە بەکاردەهێنن بە ناوی "semelfactive"، کە هاوتایە بە ڕووداوی "چرکەسات"، کە بە پێچەوانەی بارودۆخی کورتخایەنەوە واتای ئەوە دەدات، کە بارودۆخی دیاریکراو تەنیا یەکجار ڕوودەدات، بۆ نموونە، "پژمین"، کۆکین" یان لە دەرگادان"ێکی تاك. دواجار دووبارەوەبوون بە گشتی زنجیرەیەك لەو ڕووداوانە لەخۆدەگرێت (Comrie, 1976:28).

١ . ٣: گریمانەی پێشکات

١ . ٣ . ١: بیری لۆجیکی گریمانەی پێشکات

بیری گریمانەی پێشکات لە بواری بناخەی بیری سیمانتیکی، لە لۆجیکی ماتماتیکیدا بەکاردەهێنرێت، ڕاستی و سەرەنجامی لۆجیکی وەك پێوەندی لە نێوان ڕستەیەکدا بەدەستدێت، کە وەك بەرکاری ڕێزمانی و دونیای دەوروبەر (نموونە، لێکدانەوە) لەبەرچاودەگیرێت. بیری دونیای دەوروبەر بەهۆی لۆجیکەوە دیاریدەکرێت، لە زمانی لۆجیکیدا، ئەو بارودۆخانەی بە هۆی ڕستەیەکەوە باسی لێدەکرێت، دەبێت ڕاستبێت، گریمانەی پێشەکی لە مەودای ئەو هاوکێشەیەدا چارەسەردەکرێت، کە "دەگوترێت، ڕستەی S سەرەنجامی لۆجیکی دەستەیەك لە ڕستەکانی وەك *S‌ە، و لە هەموو بارودۆخەکاندا S ڕاستە، گەر هەموو ڕستەکانی *Sڕاستبن. لە بارێکی وەهادا ئێمە هەروەها دەڵێین، کە S بە شوێن فۆڕمی لۆجیکی Sەوەیە و*Sە شێوەیەکی لۆجیکی S دەگەیەنێت (Keenan, 1971:45).

سەرەنجام و زانیاری لە هەر خوێندنەوەیەك لە ڕستەی ژێر توێژینەوەدا، پشت بە واتای خودی ڕستەکە دەبەستێت، بۆ دیاریکردنی پێوەندیی واتا کرۆکییەکان لە نێوان ڕستەکاندا، بۆیە پێویستە بیری سەرەنجام لە سەرەتا و بناخەدا دیاریبکرێت. سەرەنجامی گریمانەی پێشەکی لۆجیکی بەم شێوەیە دیاری دەکرێت، "ڕستەی S بە شێوەیەکی لۆجیکی گریمانەی ڕستەی S دەکات، تەنیا لەم بارەدا، کە S بە شێوەیەکی لۆجیکی S بگەیەنێت، و نەرێی S-- ,S هەروەها بە شێوەیەکی لۆجیکی S بگەیەنێت" (هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو) بە واتایەکی دیکە، ڕاستی S مەرجی پێویستییە لە سەر ڕاستی یان هەڵەیەتی .S بەم شێوەیە ئەگەر S ڕاست بێت، پاشان S دەتوانێت ڕاست یان درۆبێت، بۆ زانینی زیادتر با سەیری ئەم ڕستانە بکەین:

١. نازەنین شوی بە برای ئازادکرد. ئازاد برای هەیە.

٢. نازەنین شوی بە برای ئازاد برای هەیە.

| | | |
|---|---|---|
| | ئازادنەکرد. | |
| ٣. | قسەکانی چرۆ ئازادی دڵگرانکرد. | چرۆ قسەی کرد. |
| ٤. | قسەکانی چرۆ ئازادی دڵگراننەکرد. | چرۆ قسەی کرد. |

بیری گریمانەی پێشەکی بە هۆی ئەو پێوەندییەی لە نێوان دەربڕینی ڕستەیەك و ئەو دەقەی تێیدا ڕوودەدات، دیاری دەکرێت. ئاسایی بە هۆی دەربڕینی ڕستەیەکی دیاریکراوەوە، دەتوانرێت ئاماژە بۆ زنجیرەیەك ڕاستی بکرێت، لەوانە: (أ) ڕاستی ڕەفتاری قسەکردن، (ب) هەموو ئەو دانە و هاوبەشانەش، کە هاوبەشی لە کردەوەی قسەکردندا دەکەن و (پ) کەلتوری هاوبەش و فیزیکی لە چوارچێوەی کردەوەی قسەکردندا. بەم جۆرە دەقی دەربڕینێك بە شێوەیەك دیاری دەکرێت، کە ئەو ڕەگەزە سەرەکییانەی پێویستن لەخۆبگرێت، بۆ نموونە، یەکەم، قسەکەر، نامەیەك بە ناوەڕۆکێکی دیاریکراوەوە، گوێگر و کات و شوێنێکی دیاریکراو. لە پاڵ ئەوانەدا، هەندێك مەرج هەن، کە پێیان دەگوترێت، گریمانەی پێشکاتی ڕستەیەك، چونکە بەبێ ئەو ڕەگەزانە دەربڕینەکە توانای لێتێگەیشتنی کەمترە، یان دەتوانین بە هۆی هەندێك ڕێگەی دیکەی نا-حەرفیەوە، لە ناوەڕۆکی دەربڕینەکە بگەین، ئەو مەرجانە بەلای Keenan, 1971:49) )ەوە، بریتین لە: .

(أ) بار و جۆری پێوەندییەکان لە نێوان هاوبەشەکاندا، (ب) پێوەندیی تەمەن، ڕەگەز، و نەوە لە نێوان هاوبەشەکاندا، (پ) پێوەندییەکانی بار، جۆر، تەمەن، ڕەگەز، لە نێوان هاوبەش و تاکەکاندا، کە لە ڕستەدا ناویان هاتووە، (ت) ئامادەبوون و نەبوونی بەرکارە دیاریکراوەکان لە چوارچێوەی فیزیکی ڕستەکەدا و (د) پێوەندیی شوێنی هاوبەش و بەندەکان، کە لە خودی ڕستەکەدا ناویان هاتووە. .

پێناسەی گشتی و گونجاو بۆ گریمانەی پێشکاتی پڕاگماتیکی لەوەدا کورت دەکرێتەوە، کە "دەربڕینی ڕستەیەك بە شێوەیەکی پڕاگماتیکی پێشبینی ئەوە دەکات، کە دەقەکەی گونجاوە، گوێگر/خوێنەر لە ڕستەیەکی دیاریکراودا کاتی خوێندنەوەی یان گوێلێبوونی دەزانێت، کە ژن، پیاو، منداڵ یان پیرە. ئەرکی سەرەتایی زمانەوانی پەسنی گشتی، لێوردبوونەوەیە لە کەرەستەی زمانی دیاریکراو تا ڕاستەوخۆ تێبگەین، کە دەبێت چ جۆرێکی واتا بە هۆی ڕەفتاری پێکهێنەرەکانیانەوە بگوازرێتەوە، بۆ نموونە:

(أ) باوەڕم بە نازەنین هەیە، زیرەکە وەك من.

(ب) نازەنین ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەخوێنێتەوە.

(پ) بە درێژایی قەراخی ڕوبارەکە پیاسەیانکرد.

(ت) گفتوگۆمان لەسەر تەواوی گرفتەکان کرد.

(د) بینیم، نازەنین جگەرەی دەکێشا.

ڕستەکانی سەرەوە بە مەبەستی گواستنەوەی ڕاستی، بارودۆخ، ڕووداو، کردە و... بەکارهاتوون. تویژینەوە لە کاتەگۆرییە جیاوازییەکان زیادتر لە مەودای کاتەگۆریی کاری لە ڕستەکاندا دەستپێدەکات، بۆ نموونە، دیاریکردنی بنیاتی ڕێزمانی فۆڕمێکی کاریی دیاریکراو، کاتەگۆرییەکانی وەك "تێنس"، "ئەسپێکت"، "مود" و "کاتی" لێدەکەوێتەوە، بە مەبەستی پۆلکردن و بەدەستهێنانی زانیاریی تەواو سەبارەت بە ئەو کاتەگۆرییانە، دەبێت لە ڕێگەی گرنگیدانەوە بێت، بە (أ) واتا، ڕەفتار و بنیاتی سیمانتیکی فۆڕمی تێنسی دیاریکراو، (ب) واتا، ڕەفتار و بنیاتی سیمانتیکی ئەرگیۆمێنتەکانی فۆڕمی تێنسەکە، بە هەموو پێکهێنەرەکانی ڕستەکەشەوە بارودۆخێك باسدەکرێت، کە دەکرێت ڕاستبێت یان هەڵە، بۆیە دەبێت دونیای "چاوەڕوانکراو"، لە نێوان "دونیای هەقیقی" و دونیای "چاوەڕوانکراو"دا، بە پێوەندییەکی بەهێز یان لاوازەوە دیاری بکرێت. دیارە، ئەمەش پشتبەستوو بە سروشتی مەرجی و ئەزمونی کەسەکانەوە سنورداردەکرێت. بۆیە لە هەر لێکدانەوەیەکی زمانی، بە تایبەت لە بواری سیمانتیکیدا دەبێت لە پاڵ دونیای ڕاستییەوە دونیای "چاوەڕوانکراو"یش لەبەرچاوبگیرێت. ئەو بارودۆخانەی بەهۆی ڕستەکانەوە دەردەبڕرێن، لە هەموو ئاستەکاندا چونیەکنین، بە سەرنجدان لە هەردوو فۆرم و بنیاتی سیمانتیکی تێنسەکە و ئەرگیۆمێنتەکانی، چەندین جیاوازی و وەکیەکی و ناوبەند پێوەندی لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت، بۆ نموونە، سادە پێچەوانەی پرۆگرێسڤە، ڕابردوو پێچەوانەی نا-ڕابردووە، .

(أ) لە کاژێر دە لە خەو هەڵستا. . .

(ب) لە کاژێر دە لە خەو هەڵدەستا

(پ) بۆیەچییەکە پارچەیەکی جوانی تەواوکرد. (ت) بۆیەچییەکە پارچەیەکی جوانی تەواودەکرد.

هەردوو قسەکەرو گوێگر لە (أ) و (ب) بارودۆخی باسکراو لەدەرەوە وەك دانەیەکی یەکگرتوو، کە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی پێکەوە گرێدەدات، دەبینن، لە باری سەرنجی ئەسپێکتەوە ئەو بارودۆخانە خوێندنەوەی پێرفێکتیڤ وەردەگرن، بە بێ ئەوەی بنیاتی ناوەوەی بارودۆخەکە لەبەرچاوگیرابێت لە (ب) و (ت)دا، قسەکەرو گوێگر لە نێوەوە سەرنج لە بارودۆخی باسکراو دەدەن، خاڵی چەقبوونەوە لە نێوەڕاستی بارودۆخەکاندا کورتدەبێتەوە، بۆیە بارودۆخی باسکراو خوێندنەوەی پرۆگرێسڤ، وەك وەچە بەشی ئیمپێرفێکت وەردەگرێت، لە نێوەوە یان ئەو بارودۆخانەی بە هۆی ڕستەکانی سەرەوە باسکراون دەبینن، چونکە بارودۆخی باسکراو وەك پرۆسە پێشکەش دەکرێت.

١ . ٣ . 2: ناوبەند پێوەندی و کارلێککردن لە نێوان ئەسپێکت و تێنسدا

باس لەوە دەکرێت، کە چۆن بەهای ئەسپێکت پێوەندیی بە بەهای تێنسەوە، بە تایبەت لە بواری "پێکەوەنەگونجان in compatibility"دا هەیە، ئەوەش خۆی لەخۆیدا جەختکردنەوەیە لەسەر بەهای فۆڕمی تێنس، کە دەکرێت ئەسپێکت لە مەودا و فۆڕمی تێنسەکانەوە هەڵبسەنگێنرێت. هەرسێ کاتەگۆرییەکانی وەك "تێنس"، "ئەسپێکت" و "ئەکشنسارت" ناوبەند پێوەندن، ڕاستییەکەش ئەوەیە، کە لە باری سەرنجی " تێنس"ەوە، "ئەسپێکت"، "موود" و "کردەوە"، لە ڕێزمانی گشتی و لە هەر زمانێکی تایبەتدا، بە ڕێگەی جیاواز بە کۆد دەکرێن، هەریەك لەوانە دەشێت جۆرێك لە دەستەڵات باڵای فۆڕمەڵی لەسەر ئەوەکەی دیکە هەبێت یان وەربگرێت. لە هەندێك زماندا وا دەردەکەوێت، کە تێنس بە شێوەیەکی فۆڕمەڵی لە سیستەمی کاردا بەدەستەڵات و گرنگتریێت لە ئەوەکانی دیکە، ئەمە لە هەموو زمانەکاندا چوونیەك نییە، دەبینی لە زمانێکی دیکەدا ئەسپێکت لە سیستەمی کاریدا باڵادەسترە. ئەوەش پشت بە جۆر و زمان دەبەستێت، بۆ نموونە، زمانی ڕووسی وا لەبەرچاو دەگیرێت وەك ئەوەی زمانی ئەسپێکتی بێت، لە کاتێکدا زمانی ئینگلیزی و کوردی وەك زمانێکی تێنسی سەیردەکرێت، بە چاوپۆشین لەو ڕاستییەی، کە لە هەمان کاتدا سیستەمی ئەسپێکتیشیان هەیە، ئەوەی گوترا پشت بە کەرەستەی زمانی تایبەت دەبەستێت، نموونەکانی خوارەوە جیاوازی لە نێوان ئاڕاستە directed و هەبوون لەناو خۆدا self-contained، پیشاندەدەن:

(أ) نازەنین هێلانەیەکی بچوکی بۆ کۆترەکان دروستدەکرد.

(ب) نازەنین بەرەو ماڵەوە ئۆتۆمبێلی لێدەخوڕی.

(پ) کاتێك چومە ژورەوە، نازەنین کتێبی دەخوێندەوە.

(ت) نازەنین بە درێژایی شەقامەکان پیاسەی دەکرد.

ڕستەکانی (أ) و (ب) ئاڕاستەکراون، بەو واتایەی کە بارودۆخی ئەتێلیکی پێوەندیی بە خاڵی کۆتایی دواتریەوە هەیە، بارودۆخی باسکراو وا دەهێتە تێگەیشتن وەك ئەوەی بەرەو پێشەوە ئاڕاستەکراوبێت، بەڵام پێویست نییە بگاتە خاڵی کۆتایی سروشتی، ڕستەکانی تری وەك (پ) و (ت) بریتین لە هەبوون لەنێو خۆدا، لەوەدا، کە ئەوانە بارودۆخی ئەتێلیکی دەردەبڕن، کە پێوەندییان بە خاڵی کۆتایی سروشتی بارودۆخەکەوە نییە، بۆ نموونە بارودۆخی خوێندنەوە، و پیاسەکردن، باس لە بارودۆخێك دەکەن، کە بە شێوەیەکی نادیاریکراو بەردەوام دەبن و مەرج نییە نازەنین لە (پ)دا خوێندنەوەی کتێبەکە تەواوبکات و لە (ت)، درێژی شەقامەکە دیارینەکراوە، بۆیە خولانەوەیە لە نێوخۆدا. Bach, (1997:242) بەو شێوەیەی لای خوارەوە ئاڕاستەکراو و لەنێوخۆگرتن دیاری دەکات: "بارودۆخی ئاڕاستەکراو بریتییە لە بارودۆخی گەشەکردن، (پرۆگرێسڤ)، بەرەو پێشەوە، بەڵام خاڵی کۆتایی لەخۆناگرێت، کە لە دوایەوە بارودۆخەکە ناتوانێت بەرەو پێشەوە بچێت، ئەگەر دووبارە دیارینەکرێتەوە. بارودۆخی لەخۆگرتنی خۆیی بریتییە لە بارودۆخی ئەتێلیکی و وا بەخەیاڵدا دێت، کە نە پێوەندیی هەبێ، و نە خاڵی سروشتی کۆتایی هەبێت".

١ . ٣ . 3: دیاریکردنی ئاڕاستەکراو بە شێوەیەکی زاراوەیی

بە دڵنیاییەوە پێوەندی بەهێزلە نێوان باری سەرنج و جۆری بارودۆخدا هەیە، پێوەندییەکی وەها ناتوانێت لە نێوان بارودۆخ و کات یان لە نێوان بارودۆخ و واتای ئەسپێکتیدا

هەبێت، بەلای Bachەوە دەگونجێت بیر لە بارودۆخ بکرێتەوە بەبێ ئەوەی لەکاتدا دابنرێت، لە هەموو زمانەکاندا بکەرەکان ڕێگەی ڕێکخراوی بە پڕاکتیکراویان سەبارەت بە کۆدکردنی بارودۆخی باسکراو هەیە، لە زمانی ئینگلیزیدا ئەوە بە هۆی بەکارهێنانی دەربڕینە کارە نا-دیاریکراوەکان و بەناوی کراوەکانەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت:

(أ) باپیر بە سەلامەتی گەیشتە بەغداد.

(ب) بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بگەیت، پێویستت بە هێواش لێخوڕین هەیە.

(پ) گەیشتنی سەلامەت لە بەغدادەوە، هەمیشە گرنگیی یەکەمی پێدەدرێت.

ڕستەی (أ) لە ڕابردوودا دانراوە، و خوێندنەوەی ئەسپێکتی پێرفێکتیڤ وەردەگرێت، ئەسپێکتێکی لەو جۆرە ئەو خوێندنەوانانە وەردەگرێت، یەکەم، actional کردەوەیی، دووەم، کاتی (ڕابردوو) و سێیەم، ئەسپێکتی (پێرفێکتیڤ) بەم شێوەیە، هەر فۆڕمێك ئەو سێ لێکدانەوانانە هەڵدەگرێت.

ڕستەی کلۆزی (پ) چاوگی بکەری نا-دیاریکراو لەخۆدەگرێت، و باس لەهەمان بارودۆخ دەکات وەك ئەوەی لە (ب)دا هەیە، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە، کە بارودۆخی "گەیشتن بە سەلامەتی لە بەغداوە" لەکاتدا دانەنراوە، هەر واتایەکی تەواوبوو بو گەیشتنەکە وەك بارودۆخی کورتخایەن وەردەگیرێت. بە کورتی ئەوەی لە (ب)ەوە وەریدەگرین، کردەوەیی بەڵام –کات و ئەسپێکتییە، هەمان شت بۆ (پ)یش دەگوترێت، کاتێك دەبینی کە "گەیشتن" لە ئاوەڵکاردا دەردەبڕێت. .

## بەشی دووەم: کارە ئەسپێکتییەکان لە زمانی کوردیدا

٢ . 1: کارە ئەسپێکتییەکان Aspectualizer verbs

کارە ئەسپێکتییەکان "aspectualizer" زاراوەیەکە لە لایەن (freed, 1979)ەوە، بەکارهاتووە تا ئاماژەبکات بۆ ئەو کارانەی، کە وەك ئاماژەکەر ڕەفتاردەکەن، هەر دانەیەك لەوانە ئاماژە بۆ دانەیەك یان یەکێکی دیکە لە بەشێکی ڕووداوی دیاریکراو دەکات، کە لە تەواوکەرەکانیاندا ناویان هاتووە (هەمان سەرچاوە، ix) بە پێی Freed ئەو دوازدە کارانەی خوارەوە دیارترین و گرنگترین کارە ئەسپێکتییەکانن لە زمانی ئینگلیزیدا، کە لە دوو توێی کتێبێکدا ڕەفتاریان پیشاندەدات. ئەگەر بە لای (Farahani, 1990)یەوە، ئەوەی لە ئینگلیزیدا لەلایەن Freedەوە کراوە کارێکی داهێنەرانەبێت، ئەوا بۆ ئەویش ئازایەتی و کارێکی داهێنەرانەیە، کە لە زمانی فارسیدا، هاوتای ئەو کارە ئەسپێکتانەی ئینگلیزی دەستنیشان دەکات، بە هەمان شێوە، دەشێت ئەوە بۆ ئێمەش کارێکی باش و داهێنەرانەبێت، گەربتوانین لە زمانی کوردیدا ئەو کارە ئەسپێکتانە پیشانبدەین و بە بەراورد بە کارە ئەسپێکتییەکان لە فارسی و ئینگلیزیدا ڕەفتاریان دیاری بکەین:


| ئینگلیزی | فارسی | کوردی | ئینگلیزی | فارسی | کوردی |
|---|---|---|---|---|---|
| Begin | ئاغازکەردەن | دەستپێکردن | Finish | تەمامکەردەن | کۆتاییپێهێنان |
| Start | شروعکەردەن | دەستپێکردن | Stop | موتەڤەققکەردەن | وەستان/ وەستاندن |
| Continue | ئیدامەدادەن | بەردەوامبوون[1] | Quit | تەرککەردەن | بەجێهێشتن |
| Resume | ئازسەرگیرفتەن | پێداچوونەوە | Complete | کامیلکەردەن | تەواوکردن |
| Repeat | تیکرارکەردەن | دووبارە (کردنەوە) بوونەوە | | | |

Cease وەستان و دواییپێهێنان، to cease fire وەستان All action ceased suddenly

end دواییپێهێنان دواییهاتن، کۆتایی پێهێنان و هاتن. Make an end of, وەستان و دوایی پێهێنان. . .

Keep پێڕەویکردن/بەردەوامبوون[4]


(Freed, 1979:1) ئەو کارە ئەسپێکتییانەی، کە تەواوکەری ڕستە، دارشتنی ناوی، یان ناوە سەرەتاییە کۆنکریتەکیان وەك بەرکارەکانیان وەردەگرن، وا لەبەرچاودەگیرێن، کە وەك کاریگەر لەسەر ئەو فۆڕمانە کاربکەن وایە، بۆ نموونە، سەرنج لە دایاگرامی (2) بدە:




[4] they kept the Sabbath ڕاگرتن خزمەتکار they kept servants تۆمارکردنی یاداشتی ڕۆژانە she keeps a diary ، ڕاگرتن لە باری خۆیدا keep your engine running ڕێلێگرتن the rain kept us from going out هەڵگرتن بۆ خۆ she kept the change

دەستیکرد ـ لیندا Linda started to write her second book.
بە نووسینی دووەم کتێبی (کتێبی دووەمی).


لە (1) دا کارە ئەسپێکتەکان (V asp) لەسەر تەواوکەرە ڕستەییەکان (یان ڕستەی بەناویکراو)sn کاردەکات. لە زمانی ئینگلیزیدا تەواوکەرەکان دەبێت فۆرمی to-V یان V-ingیان هەبێت، مەرجی هاوتایی NPبە شێوەیەکی ئاسایی بەردەوام دەبێت لە نێوان کاری سەرەکی (V- asp) و تەواوکەری کاری (V2)، بڕوانە دایاگرامی (3):




Linda started writing her second book ـ لیندا نووسینی نامە دووەمەکەی دەستپێکرد.


لە (2)دا V asp لەسەر ناوی وەرگیراو derived یان کاری بەناویکراو Vn وەرگیراوە.

دایاگرامی (٤)




Bill started the conversation ـ بیل گفتوگۆکەی دەستپێکرد. / دەستیکرد بە کفتوگۆ(کە)


دایاگرامی (٥)




Barry started his new car ـ باری ترومبێلە تازەکەی کارپێکرد/خستەکار.


لە (3)دا V asp ناوی کۆنکریتی سەرەتایی N prim وەك بەرکارەکەی وەردەگرێت. دەبینین، کە وەرگێڕانێکی هاوتای کارە ئینگلیزییەکان بە ناوی کارە ئەسپێکتییەکان لە هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا هەن، کە ئاماژە بۆ دانەیەك یان یەکێکی دیکە لە بەشە کاتییەکانی ڕووداوی دیاریکراو دەکەن، هەروەها هاوبەشی لە هەمان تایبەتمەندیی سینتاکتیکی دیاریکراودا دەکەن، بەم جۆرە دەشێت ئەو کارانە تەواوکەری ڕستەکان، ناوی هەڵێنجراوی، یان ناوی سەرەتایی کۆنکرێتی وەك بەرکارەکانی خۆیان وەربگرن، و نموونەکانی خوارەوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی گوترا لە هەردوو "کوردی و فارسی"دا، کە لە (Farahani, 1990:287-288)یەوە وەرگیراون، ئەوەی کوردی و فارسی لە کارە ئەسپێکتە ئینگلیزییەکان جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کە لە کوردی و تەنانەت فارسیشدا هەرکات کاری ئەسپێکتی بە فۆرمی تێنسی لێکدراو دەربڕرا، ئەوە دەشێت هەردوو بەشی کاری و نا-کاری کارە لێکدراوەکە لێکبترازێن و شوێنی بەرکارو ناوی وەرگیراو و لە شوێنی جیای ڕستەی ژێرلێکۆڵینەوە ڕووبدەن.

دایاگرامی (٦)





Ali name nevesh.t.tan ra shoru kar.d. ø ـ عەلی نووسینی نامەکەی دەستپێکردø

دایاگرامی (٧)




Ali began the examination ـ Ali azmza.y.esh ra shru kard.ø ـ عەلی تاقیکرنەوەکەی دەستپێکرد.

دایاگرامی (٨)




Ali began the letter ـ Ali name ra shoru kar.d.ø ـ عەلی نامەکەی دەستپێکرد.

لەگەڵ فرەوانی ئەو تایبەتمەندییانەش، کە کارەکان لە کوردی و فارسیدا هاوبەشی دەکەن، و ئاماژە بۆ دانەیەك یان یەکێکی دیکە لە بەشی کاتی بارودۆخی ژێرلێکۆڵینەوە دەکەن. ئەو کارە "کوردی و فارسی"یانە پێشتر لە هەردوو زمانەکەدا وەك کاری ئەسپێکتی دیارینەکراون، و ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سروشتی ئەسپێکتی ئەو کارانە لە پێش کارەکەی ئێمە و فەراهانی لە کوردی و فارسیدا نەدۆزراونەتەوە، بە لای فەراهانییەوە ئەوەیە لە (Windfuhr, 1979)دا توێژینەوەی

باش و بەسوود لە فارسی مۆدێرندا کراوە، لەوێدا فۆڕمی تێنسی دیکەش وا لەبەرچاوگیراون وەك ئەوەی کاری ئەسپێکتیین، دانەیەك لەوانە "dash.t.an: have"ـە نووسەر جەخت لەسەر "داشتن" و سێ فۆڕمی ئیمپێرفێکتی کاری سەرەکی دەکاتەوە، بۆ نموونە، (ئیمپێرفێکتیڤی نا-ڕابردوو، ئیمپێرفێکتیڤی ڕابردوو، ئیمپێرفێکتیڤی پێرفێکت، Windfuhr, 1979:102)لە (Farahani, 1990:288)یەوە، فۆڕمی تێنسی دووەم بریتییە لە "geref.t.an = non-past root ger./take" ئەو کارە وەرگرتن=گرفتەن" کاتێك چاوگی کاری سەرەکی پێشی دەکەوێت، ئەو کات ئاماژە بۆ ڕوخساری کارێك دەکات، کە سەرەتای کردەوەیەك دەردەبڕێت inchoative[5]، بەتایبەت دانەیەك، کە لەخۆیەوە ڕوودەدات، لە زۆربنەی کارە ئەسپێکتییەکانی ئینگلیزیدا، بەکارهێنانی ڕوحی جەختکردنەوەی سەرەتایی بە شێوەیەکی سیستەماتیکی لە بری جێگیر بەکاردەهێنرێت، بەکارهێنانی هۆیی (پێوەندیی نێوان هۆ و ئەنجام. ئەوە لە فارسیدا دەبێت بە (lit. rain raining دادایەago) baran bar.id.an geref.t.ø = it began to rain" باران/باران بارین دەستیپێکرد" بەو جۆرە بنیاتی چاوگ + geref.t.an تەنیا لە شێوازێکی بەرزدا ڕوودەدات.

کارێکی دیکە، کە لە فارسی و لەلایەنWindfuhrەوە ئاماژەی بۆ کراوە، بریتییە لە (ویستن- xas.t.an = want)، کە لە پاڵ واتای فەرهەنگی خۆیدا، واتای ئاماژەکردن بۆ سەرەتای بارودۆخ دەدات، هەر لەو بارەوە (Lazard, 1957:1950-51) لە (Farahani, 1990:289)یەوە، کە لە ڕستەی "bi.chare mi.xah.ad be.mir.ad = the poor guy is about to die"بە واتای "بێچارە دەیەوێت بمرێت"، بۆیە لەم بارانەدا "ویستن ـ xas.t.an ـــ want" واتای سەرەتا، واتە خوێندنەوەی جەختکردنەوە لەسەر سەرەتای بارودۆخی تازە بەخۆوەدەگرێت. ڕەخنەی بەرچاو لەسەر ئەو داوایە ئەوەیە، کە دەبێت لە چ ڕێگایەکەوە "ف.ك – دەیەوێت، کە بمرێت "جیاوازبێت لە ف.ك دیکە کە "ویستن" و "فۆڕمی پێرفێکتی نا-سەرەکی" ڕستەی نا-سەرەکی کارەکانی دیکەی تێدایە، بۆ نموونە، "دەیەوێت (کە) نامە بنوسێت"، کاتێك "ویستن" نیەت و ئارەزوو دەردەبڕێت، بۆیە لە یەکەمدا بەڵام نەك لەوەی دوایدا "ویستن" واتای جەختکردنەوە دەردەبڕێت. ئەوەی وای لە (Lazard) کردووە واتای جەختکردنەوەی بداتە پاڵ "ویستن" لە نموونەکەیدا، ئەوەیە کەس نایەوێت بمرێت، و دەشێت ئەوە لەلایەن زۆر لە قسەکەرەکانی "کورد" و "فارس"ەوە، ئەو دەربڕینە تاڕادەیەك لاوازبێت، کەواتە "ویستی بمرێت" بەکاردەهێنرێت تا ئەوە بگەیەنێت، کە قسەکەر تەنیا ئارەزومەندە بمرێت، واتای جەختکردنەوەی سەرەتایی وەك فیچەری سیمانتکی وەردەگیرێت لە بەکارهێنانی دەقیدا، لەبری ئەوەی وەك واتای مۆداڵی "ویستن" بدات. .

. سروشت و بنیاتی سیمانتیکی ئەسپێکتی کاری "دەبێت" لە زۆرباردا واتای جەختکردنەوە لە سەرەتای بارودۆخی باسکراوی هەیە، وەك هەر فرێزێکی کاری ئاوەڵناو، کاری "بوون، بێ و ببە" بۆ نموونە، "باپیر خۆشحاڵبوو" ئەوە بە ڕوونی جەخت لە سەر سەرەتای بارودۆخێکی نوێدەکاتەوە، واتە چوونە نێو بارودۆخی تازەوە، یان لە "دەبێت بە مامۆستا، بوو بە مامۆستا و..."، یان لە "ئاوەکە بوو/دەبێت بە سەهۆڵ" گۆڕانێکی جۆری و هێواش بەرێوەدەچێت، لەبەر ئەوە دەشێت وا مامەڵە لەگەڵ "دەبێت-become"دا بکرێت، وەك ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی کاری پرۆسە بێت"، کەواتە تاڕادەیەك جەخت لە سەرەتای بارودۆخی نوێ ناکاتەوە، کە لە بارودۆخێکی تایبەت دەدوێت. بەم جۆرە دەشێت وابڵێین باشترین لێکدانەوە ئەوەیە، کە فۆڕمی پێرفێکتی پرۆسەی کاری"دەبێت sho.dan, became," لە ڕستەیەکی وەك "نامەکە نوسرابوو- letter was written"، و وەرگێڕانی حەرفی دەبێت بە "became written"، "باپیر توڕەبوو" کۆتایی بارودۆخەکە دەردەبڕێت، ئەو ڕووداوەی وایکردووە، کە "باپیر" بچێتە نێو بارودۆخێکی توڕەبوونەوە، "دەبێت" کە بە واتای "شودەن" لە فارسیدایە دێت، وەك کاری جەختکەرەوە لەسەر سەرەتای بارودۆخ دەورنابینێت بە قەدەر ئەوەی کۆتایی کارەکە دەردەبڕێت، واتە گواستنەوە لە بارودۆخی ئارامی بۆ بارودۆخی هەڵچوون، کە توڕەبوونە.

[5] بە واتای ڕێژە یان فۆڕمی کارێک کە ئاماژە بۆ سەرەتای کردەوەکە دەکات، ئەوانە کاری شروعی واتە دەستپێکەری و جەختکەرەوەن لەسەر سەرەتای بارودۆخەکان، بۆ نموونە، لە زمانی عەرەبیدا وەرگرتن، دەستپێکردن شرع و هەروەها.

2 . 2: کارە ئەسپێکتییەکانی زمانی کوردی

٢ . ٢ . ١: کاری begin دەستپێکردن/هەنگاوینان

"Begin" وەك کارێکی فەرهەنگی سەربەخۆ، کاری بەیاریدەی بەڕێزمانیکراو، تەواوکەر و ئەسپێکتی کاتی مامەڵەدەکرێت، ئەو کارە لە ئینگلیزیدا دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێت، "begin1" وەك تێپەڕ، و "begin2" وەك تێنەپەڕ. ئەوانە فۆڕمی زۆریان هەیە، لە ئاستی قووڵدا دەردەکەون، begin وەك کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ، کە لەگەڵ بکەر(ی ناوی یان لابردنی بکەر) و بەرکاردا دەردەکەوێت.

(Freed, 1979)، (کە بۆ یەکەمجار توێژینەوەیەکی قووڵی لەسەر ئەو کارانە کردووە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا خوێندنەوەی ئەسپێکتی بەخۆوەدەگرن)، بناخەی توێژینەوەکەی خۆی لەسەر بنەمای جۆری ڕستەکان یان جۆری تەواوکەرەکان بیناکردووە، کە هەریەك لەو دوو کارانە دەتوانن ڕووبدەن:

(1)

(a) Bapir began to study for her exame last week

(b) Bapir began to study for her exams last week

(2)

(a) Bapir started to study for her exame last week

(b) Bapir started to study for her exams last week

ڕستەکانی 1 و 2 هەردوو تەواوکەری ڕستەیی لەخۆدەگرن، لە زمانی ئینگلیزیدا بە چاوگ واتە to V یان جۆری ڕێژەی کار V-ing دەستپێدەکەن. سەبارەت بە هەڵهێنجانی تەواوکەری ئەو دوو کارە، جیاوازی چاوەڕوانکراو لە نێوان being and "start"، و جیاوازی سیمانتیکی لە نێوان فۆڕمی to-V and V-ing بۆ هەریەك لەوانە کراوە. توێژینەوەی هەردوو (Bolinger, 1977:14)و (Huffman, 1989b) سەبارەت بەو دوو کارە لە نێوان ئەوەی پێی دەگوترێت فۆڕمی "چاوگ و بناخە" و فۆڕمی "ناوی بکەری-ing – و en–"کورتدەبنەوە. بە پێی (Freed, 1979:70-1)یەکەم ئاماژە بۆ گریمانەی پێشەکی هاوبەش دەکات، کە ڕێگە بە هەردوو فۆڕمەکە "start and begin"دەدات، کە لەگەڵ "چاوگی ڕستە" و "تەواوکەری ڕێژەی کارەکە"دا بێن. بەو جۆرە، بنیاتی سیمانتیکی (a1) لە سەر ئاستی قووڵ پێمان دەڵێت، کە "باپیر لە پێش هەفتەی ڕابردوو خۆی بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادەنەکردووە"، بنیاتی سیمانتیکی (b1) "دەستپێکردن" پێمان دەڵێت، کە جۆرێك لە خۆئامادەکردن دەبینی و سەرنجەکان بەرەو ئایندە ئاڕاستەدەکات، لە کوردیدا، دەکرێت وشەی " هەنگاونان" لە هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی کاری "begin"ی ئینگلیزی وەربگرێت، بەڵام بە شێوەی گشتی فۆڕمی تێنسی "دەستپێکردن" لە زمانی فۆڕماڵیدا لەبری هەردوو ئەو کارانەی لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردەهێنرێت: .

(d) لە هەفتەی ڕابردوو باپیر دەستیکرد بە خوێندنەوە/خۆئامادەکردن/ سەعیکردن بۆ تاقیکردنەوەکانی. لەگەڵ ئەوەشدا، کە لایەنی وەکیەکی لە نێوان ئەو دوو کارەدا بەدی دەکرێت، جیاوازی لە نێوان سەرەنجامی ڕستەکاندا دەکرێت بەو ڕێگەیەی لای خوارەوە دیاریبکرێت:

(1) لە ئینگلیزیدا لە ڕستەی "begin"دا، ڕووداو، ناوك یان تایبەتمەندێتیی چالاکیی ڕووداوەکە لە تەواوکەرەکەدا ناوی هاتووە، دەستی پێنەکردووە، بەڵکو تەنیا دەستپێکی "onset" ئەو ڕوویداوە... واتە وەك سەرەتا و دەستپێکردوو.

(2) سەرەنجامی تەواوکەری ئەو ڕستانەی بە ڕستەی "ناو" دەبینرێن و "begin"یان تێدایە، ئەوەمان پێدەڵێن، کە هەندێك لە "دراسەکە" ڕوویداوە، و دەتوانرێت سەرەنجامی هاوشێوە، وەك ئەوەی لە لایەن (Freed)ەوە پێشنیازکراوە ببینین، "باپیر هەفتەی ڕابردوو دەستیکردووە بە دراسە بۆ تاقیکردنەوەکانی و دواتر هیچی دیکەی نەکردووە".

(3) لەگەڵ ئەوەشدا، لەو ڕستانەی ئەو کارانەیان تێدا ڕوودەدات، پێشنیازی ڕوونەدانی ڕووداوی پێشتر دەکەن، و لە تەواوکەری ڕستەکەدا ناوی هاتووە، ئەوە تەنیا لەگەڵ "begin"دا دەگوترێت، کە ناوك (یان تایبەتمەندیی چالاکی)ی ڕووداوەکە دەستیپێکردووە، ڕستەیەك لەگەڵ "start"، کە لە دوایەوە تەواوکەری"to V" دێت، دەتوانێت ئەو سەرەنجامەی هەبێت، کە تەنیا دەستپێك "onset"ی ئەو ڕووداوەی لە تەواوکەرەکەدا ناوی براوە، دەستیپێکردووە. لەبەر ئەوە

هەواڵنامەی کتێب

دەشـێت ئەوە هەڵهێنجـین، کە "start" ئاماژە بـۆ دەسـتپێکی ڕووداوێـك دەکـات، لە کاتێکـدا "begin" ئامـاژە بـۆ سـەرەتای پارچەی کاتی ناوکی ڕووداوێك دەکات. بەو پێیە، تەنیا "begin" فـۆڕمی نیشـانەنەکراوە، و هەقیقەتی خـودی ڕووداوەکە، یـان پــارچەی کــاتی نــاوکەکەی یــان تایبەتمەنــدیی چــالاکی دەستپێکردووە، بەڵام بەبێ پێشبینی کۆتاییەکەی.

بارانبارین دەستپێکرد = it begin raining بێسەرەنجام بەرجەستەیی و نازانین کەی کۆتایی دێت؟

"Start" وەك فـۆڕمی نیشـانەکراو، و داوایەکـی تـایبەت و دیـاریکراو دەکـات بـۆ خـودی دەسـتپێکەکە، بـۆ نمـوونە، "سەرەنجام"ی نا-چالاکی پێشتر، کە وەك ڕەفتاری سەربەخۆ لەبەرچاودەگیرێت، ئەگەر هـاتوو "کـردەوەکە" جێبەجێبکرێت یان نا. .

(3) بـاپیر دەسـتیکرد بە نووسـینی نـامەکە = He started (writing/to write) the letter/a letter

(أ) بـاپیر دەسـتیکرد/startبە پـژمین، بەڵام خێرا بەهۆشـخۆی هاتەوە و نەپژمی: ئەوە بۆ "begin" نابێت. .

(ب) بـاپیر دەسـتیکرد/started بە قسـەکردن بەڵام قسـەکەی پێبڕا : ئەوە لەگەڵ "beging" نەگونجاوە.

بە لای Freedەوە، لەم بارانەدا کە ئەو دوو کارە لەگەڵ -V "ing" ڕووبـدەن، جیـاوازیی کاتی لە نێوانیانـدا نامێنێـت، بـۆیە دەکرێت بگوترێت: "it started raining = it begin raining"

ئەو جیــاوازییە لە کوردیــدا نابینرێــت، چــونکە تەنیــا لە فۆڕمێکـــدا ڕوودەدەن، و هەردوو بیـــرەکە بە یەك فـــۆڕم دەردەبــڕڕێن، بــۆیە قســەکەری کــوردی بیــر لەو جیــاوازییە ناکاتەوە، کە قسـەکەری ئینگلیزی هەسـتی پێدەکات، بـۆیە لە کوردیـــدا "دەســـتپێکردن" لەبـــری هەردوو فـــۆڕمەکە بەکاردەهێنرێــت، بــۆ نمــوونە، دەگوترێــت، "دەســتیکرد بە باران/باران دەسـتی بە بـارین کـرد، بارانبـارین دەسـتپێکرد"، و "دەستیکرد بە نووسـینی نـامەکە"، یان "دەسـتی بە نووسـینی نامەکە کرد". .

جگە لەوانەی سەرەوە (Freed) جیاوازیی دیکەش لە نێوان ئەو دوو کـــارەدا دەبینێـــتەوە، هەروەک لەم خشـــتەیەدا خراونەتەڕوو: .

خشتەی (١)

| Semantic substance | form | | Meaning |
|---|---|---|---|
| Inception action state or event / Start | Begin | | Unmarked for process/result marked/ for result |
| | | Start | |
| سەرەتای کردەوە | هەنگاونان | | نیشانەنەکراو بۆ سەرەنجام/کردەوە |
| بارودۆخ و ڕووداو | دەستپێکردن | | نیشانەکراو / بۆ سەرەنجام |

هەواڵنامەی کتێب

بەو جــۆرە "begin" ئەنــدامی نیشــانەنەکراوە و چ داوایەکــی تایبەتی بۆ سەرەنجام نییە، واتە زیادتر توانستی کشانی هەیە، بێلایەن و کۆتایی کراوە بەخۆوەدەگرێت. کە دەگوترێت "باران دەبارێت"، هەر لە ڕۆژێکەوە تا دەگاتە مانگ و هەفتە بەردەوام بێت، بەڵام بۆ "start" کە زیادتر بەرکار دەخوازێت و بەرکاریش پێویســـتی بەوە هەیە دوور یـــان نزیـــك کۆتـــایی دیـــاریکراو بەخۆوەبگرێت. بۆیە ڕێگە بە هەردانەیەك و هەموو جۆرەکانی

کردار، بارودۆخ، و ڕووداو دەدات، و ئەندامی نیشانەکراو داوایەکی دیاریکراو بۆ سەرەنجام دەکات:

دوێنێ نەریمان دەستیکرد بە بۆیەکرن. دوێنێ بۆیەکردن لە لایەن ئەوەوە دەستیپێکرا.

دوێنێ دەستبەکاربوو (بۆ بۆیەکردن). دوێنێ دەستکرا بە بۆیەکردن. .

٢ . ٢ . ١ . 1: "Begin" و ئاوەڵکارەکان

گەرلە بنیاتی قوولی سینتاکتیکی کاری دەستپێکردن و هاوەڵەکانی وردبینەوە و ڕەفتارەکانیان بخەینە ژێر توێژینەوە دەبینی، کە لە لایەن (Chomisky, 1965) و Rosenbaum, (1968) چەندین گفتوگۆ لەسەر ئەو کارانە بە تایبەت کاری ئەسپێکتی "دەستپێکردن" کراوە، ئەو گفتوگۆیانە لە دوو ئاستی قووڵدا ڕوویانداووە، واتە لە هەردوو تێنەپەڕو بکەر- خستنە نێوەوە/لەخۆگرتندا subject-embeded، وەك لە خوارەوە پیشاندەدرێت، ڕستەی (1) تێپەڕو بەرکار -لەخۆگر (2) و (3) دەتوانێت لە هەردوو ئەو بنیاتانەدا ڕووبدات:

(1) باپیر دەستی بە کارکردن کرد. ناوی کاری وەردەگرێ بە لێکترازانی بەشەکانی کاری لێکدراوەوە.

(2) دەستیکرد بە کارکردن. لێکنەترازانی بەشەکاری کاری لێکدراو

(3) باپیر دەرگاکەی دەستپێکرد. تێپەڕو بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە.

(4) بەخشینەوەی کەلوپەلە فریاگوزارییەکان دەستیپێکرد.

ڕستەی (4) بەوەدا لە ئەوەکانیتر جیاوازە، کە کاری دەستپێکردن ڕستەی ناوی وەك بکەروەردەگرێت.

(5) هەراوهوریا و پشێوی لە گۆڕەپانەکە دەستی پێکرد. PN وەك بکەر ڕەفتاردەکات

(6) دەستیکرد بە باران. باران دەستیپێکرد. باران دایدا. دایدایە باران. -

(7) ئەوا باران دەستیپێکرد، وا باران دەستیپێکرد. جەخت لەسەر بەردەوامی پرۆسە کراوەتەوە،

لەگەڵ ئەوەشدا، کە "باران" لەسەر ئاستی سەرەوەدا، دەشێت لە ئینگلیزیدا بەرانبەر بە "it" بوەستێتەوە، و وەك بکەر چاوی لێدەکرێت، ئەو ڕستەیە بەرانبەر بە ڕستەی – Newmeyerە، کە بکەرو بەرکار شوێن دەگۆڕنەوە (Perlmutter, 1966) لە (Newmeyer, 1975:28):

(1) باپیر دەستیکرد بە بریندارکردنی دارەکە.

(2) دارەکە بریندارکرا بە هۆی باپیرەوە. . .

Perlmutter پێنج بۆچوون، وەك هاوواتا بۆ بنیاتی تێپەڕی ڕستەی "باپیر دەستی بەکارکرد"، دیاری دەکات:

یەکەم: ئاستی قووڵ بۆ کارە ئەسپێکتییەکانی "پۆلی- دەستپێکردن" لە باری هەبوونی بکەری بەناویکراوی دەستپێکەرەوە:

(1) باپیر دەستپێکەرە.

دووەم: قسە لەسەر ئەوە دەکات، کە "دەستپێکردن"، دەتوانێت ببێتە تەواوکەری ڕووکەشی هەوڵدان:

(2) هەوڵیدا دەستبەکاربکات.

کاری دەستپێکردن پێویستە جێناوی "ئەو" لە ئاستی قووڵدا، وەك بکەروەربگرێت، ئەوەش لەوەوە هاتووە، کە "هەوڵدان" وەك -بکەری کارێك بێت، کە بکەرەکەی و بکەری تەواوکەرەکەی پێویستە بچنەسەریەك، واتە هەمان کەسبن لە ئاستی قووڵدا؟ .

کاری ناچارکردن "force" پێویستی بەوە هەیە، کە بەرکار و بکەری تەواوکەرەکەی هەمان شتبن.

- باپیرم ناچارکرد دەست بەکارکردن بکات.

.کاری ئەسپێکتی "دەستبەکارکردن"، کە بکەرەکەی لە ئاستی قووڵ دەشێت "باپیر" بێت.

سێیەم: ئەو مەرجەی، کە ئیمپێرفێکتیڤەکان بکەری کەسی دووەمیان هەیە لە ئاستی قووڵ و داوای ئەوە دەکەن، کە ڕستەیەکی وەك:

- دەستکردن بەکار وەك تێپەڕ ڕەفتار بکات. .

چوارەم: (Perlmutter) گفتوگۆی ئەوە دەکات، کە "دەستبەکاربوون/کردن، begin" پێویستە لە ئاستی قووڵدا بەرکار وەربگرێت، تا ڕستەیەکی وەك (1أ) لەبەرچاوبگیرێت، کە ڕستەی (1ب) وەك پارافرێز وەردەگرێت.

(1) . أ. باپیر کارەکەی دەستپێکرد.

. . .ب. کارەکە بەهۆی باپیرەوە دەستیپێکرا.

پێــنجەم: "دەســتپێکردن begin" وا دەردەکەوێــت، کە لە ژێــر هەژمــوونی لابردنــی بەرکــاردایە، (2) جەخــت لەســەر ئەوە دەکاتەوە، کە بەرکاری کرۆکی هەیە:

(1) بــاپیر بە خۆشــحاڵییەوە دەســتیپێکرد، بەڵام لە نیوەڕۆدا هیلاکبوو.

(2) باپیر لە سەرەتای ساڵانی 1920 دا دەستیپێکرد تا خێراتر گەورەببێت.

. بە شێوەیەکی سیمانتیکی کەسێك ناتوانێت، وێنەی "باپیر" وا ببینێــت وەك ئەوەی بــکەری دەربڕینــی "خێراتــر گەورەببێت"بێــت. کەواتە، کــاری ئەســپێکی "دەســتپێکردن begin" و هاوڕێکانی لە هەمان گروپدا، دەتوانن بکەر وەربگرن هەرکات، کە تەواوکەری کارەکانیان توانستی ئەو وەرگرتنەیان هەبێت، (Freed, 1979-29) ڕستەیەك بەبێ پۆلە کاری "being-class" نییە تا وا بزانین، کە بکەریان هەبێت، بەڵام تەواوکەری کارەکانیان بێ بکەرن. ئەو بۆچوونانە پێمان دەڵێن، کە جیاوازییەك لە نێوان سیمانتیکی کارە ئەسپێکتییە تێپەڕو تێنەپەڕە چاوەڕوانکراوەکانــدا نییە، putatively . transitiv aspectuals ئەو کارانەی وەك، هەوڵــدان try ، نەویستن refuse و ڕازیبوون، ڕێککەوتن condescend، داوای ئەوە دەکەن، کە ئەو کارەی لە ڕستەی وابەستەکەدا دێت، هەمان بکەر وەردەگرێت. بۆیە، پۆلەکاری "دەستپێکرن" دەبێت زیادتر لە بکەرێکیان هەبێت، بە واتای ئەوەی ئەوانە پێویستە تێپەڕبن، بۆ نموونە:

(3) باپیر دەستیپێکرد تا نازەنین ڕۆیشت.

(4) باپیر بەردەوامبوو و نازەنین کاریکرد.

ڕستەکان نا ڕێزمانین، چونکە بکەری ڕستە ناسەرەکییەکان هەمــان بــکەری ڕســتەی پۆلەکــاری دەســتپێکرن نــین، بە شێوەیەکی سیمانتیکی ئەو کارانە لەگەڵ تێنس و ئاوەڵکاری بە تەواوی "at all"دا ڕێکناکەون:

(5) بــاپیر ویســتی لە دەدا دەســتپێبکات/بەکاربێت هەر ئێســتا (نەگونجاوە).

ئەو پۆلە کارە ملکەچی هەمان سنووردانانن، کە دەتوانن بەدوای بەکارهێنەرە تێنەپەڕەکانیانــدا بــێن. بەڵام بــۆ فــۆرمی کاری دەســتپێکردنی تێپەڕ، ئەو ملکەچبوون و داســەپاندنە چاوەڕوانکراو نییە. کارە دەستپێکەرەکان جیاوازن لە کارە بکەرییەکان، کە داوای بکەری زیندووناکەن. .

(6) بەلــــوعەکە نکوڵیکرد/نەیهێشـــــت ئاوبـــــدەڵێنێت.
نەگونجاوە دەڵاندن دەستیپێکرد. گونجاوە

(7) بەلــــوعەکە دەستیکرد/وەســـــتا ئـــــاو بـــــدەڵێنێ.
نەگونجاوە .

دواجار کارەکانی "دەستپێکرن" و کارەکانی وەك بکەری-like "subject-" لێکجیــاوازن ئەویــش ســەبارەت بە ئازادییــان، ســەبارەت بە وەرگرتنی بەرکــاری بەنــاویکراو، کارەکــانی وەك -بکەری ڕێگە بە ناویکراوەکان نــادەن تــا بەدوای ئەوانەدا بــێن، کە ڕەنگـــدانەوەی پێوەنـــدیی ڕێزمـــانین، بەڵام کــــارە ئەسپێکتییەکان دەتوانن:

(8) فــرۆکەکە هەوڵی وێرانکردنــی شــارەکەیدا. بــکەر لە ئاستی ژێرەوە

(9) فرۆکەوانەکە نکۆڵی/ ڕەفزی وێرانکردنی شارەکەی کرد.

(10) باپیر هەوڵیدا سیمینارەکە دەستپێبکات.

لە زمانی ئینگلیزیدا ، کاری ئەسپێکتی "begin" و هاوڕێکانی دەتوانن تەنیا بکەر وەربگرن کاتێك کاری تەواوکەرەکانیان هەمان بکەر وەردەگرن، جگە لەوە ڕستەیەك نییە، کە پۆلی کاری دەستپێکردن تێیدا ڕوبدات و وا بێتە بەرچاو، کە تەنیا بکەرێك لەخۆبگرێت، ئەوە بۆ تەواوکەری کارەکانیان ڕاست نییە، تایبەتمەندیی باری بکەری لە ڕێزماندا بەدەستدێت، و ئەوە ناگەیەنێت، کە ڕێگە بە پۆلی-کاری دەستپێکردن -begin "class" بدرێت تا بە تەنیا ئەو تایبەتمەندییە پیشانبدات. جیاوازیی سیمانتیکی لە نێوان ڕێژەی فۆڕمی کاری ئەسپێکتی تێپەڕو تێنەپەڕلەو پۆلە کارانەدا نییە.

(Anderson) سەبارەت بەوەی ئایا ئەو کارانە تێپەڕن یان تێنەپەڕ شتێك ناڵێت، و ئەوە دیاری دەکات، کە "begin" نە تێپەڕە و نە تێنەپەڕ. و دەڵێت" دەکرێت کاری ئەسپێکتی دەســتپێکردن و گــروپەکەی بە تەواوی دیــاریبکرێن، ئەو کــارانەش، کە لەو بــارودۆخەدا دەوریــان داوە، دەکرێــت واتاکانیان پارافرێز بکرێن(Anderson, 1971 : 31)، بەم شێوەیە:

(ا) بــاپیر گەیشــت، بــاپیر نەگەیشــت، بەڵام: "بــاپیر دەستیکرد بە گەیشتن" نە گونجاوە

بـاپیر هەوڵیـدا دەسـتبەکاربکات. پـارافرێز: بـاپیر هەوڵیـدا ڕێگە بەخۆی بدات دەستبەکاربکات. . . . . .

باپیر ڕەفزیکـرد کارەکە بوەسـتێنێت. پارافرێز: بـاپیر نکـۆڵیکرد ڕێگە بەخۆی بدات کارکردن بوەستێنێت.

کـاری دەسـتپێکردن و هاوپۆلەکـانی، لە ئاسـتی سـەرەوەدا بە چەند جۆر و ڕێگایەك دەردەکەون، دەشێت ڕاستەوخۆ پێش ف.ناوی بکەون:

(11) باپیر دەسـتیکرد بە کتێبەکە. –

باپیر دەستی بە کتێبەکە کرد.

نـازەنین پـڕۆژەکەی دەسـتپێکرد. –

نازەنین دەستی بە پڕۆژەکەکرد.

۲ . ۲ . 2: کاری دەستپێکردن

بە پـێچەوانەوەی کـوردییەوە لە زمـانی ئینگلیزیـدا کـاری "begin" و "start" بەکاردەهێنرێن تـا هەمـان شـت بگەیەنـن، بەڵام "begin" فۆرمـاڵیترە، وەك لە "start"، "begin" کـارێکی نادەسـتورییە. ڕابـردووەکەی بـریتیە لە "began" و فـۆرمی "ed–"یەکەی "begun"ـە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێـت کە هەردووکیـان بە تەواوی هاووتـان و لەبـری یەك و لە هەمـوو شوێنەکان بەکاربهێنرێن، بۆ نموونە، دەگوترێت: .

(أ) دەســـت بەو ســـویچە دابنـــێ تـــا پـــرینتەرەکە کاربکات/دەستپێبکات/ بکەوێتەکار. لە بری (دەستپێکردن).

(ب) Press this button to start the printer not to begin the printer

(پ) مەکینـەی چیمەنبـڕەکە کارناکـات، نـاکەوێتە گەڕ/کـار (دەستپێناکات).

(ت) The lawnmower wont start. (This means that it doesnt work)

"Start" نەك "begin"، بەکاردەهێنرێت تـا قسـە سـەبارەت بە کاری تـازە، و پیشـە بکرێت، یـان بخوڵقێنرێت، لە کوردیـدا هەمان فۆڕمی تێنسی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت. .

(د) نـــازەنین چێشـــتخانەی تـــازەی دەســـتپێکرد، لە کوردیدا چێشتخانەی تازەی (کردەوە).

(ج) باپیر دەستبەکاربوو، پیشە تازەکەی وەرگرت.

(چ) She started a new restaurant. But not begun a new restaurant

کــــاری "دەســــتبەکاربوون"، "begin" دەشــــێت وەك "وادەرکەوتــــن "seem" و ڕوودان happen، کە بکەرێکــــی (ڕستەیی) موجەڕەد لە ئاستی قووڵ وەردەگرێت و ڕەفتاربکات.

۲ . ۲ . 2 . 1: پۆلی کارەکانی دەستپێکردن

(Rosenbaum, 1968) لە (Newmeyer, 1975: 26)ەوە، بــاوەڕی وایە، کە "begin" پێویســتە لە دوو بنیــاتی قــوو ڵی ڕیزبەندییەوە بەکاربهێنرێت و پێویستە هەردوو تێنەپەڕو بکەر-subject- embedding لەخۆگرێت:

. ـ دابەشکردنی بەشەخواردنەکە دەستیپێکرد.

لەم ڕســتەیەدا "begin" ڕســتەی بەنــاویکراو وەك بــکەر وەردەگرێــت، دووەم "begin" لە بنیــاتی ڕووکەش و بــکەردا دەبینرێت:

ـ (ئەوە) دەسـتیکرد بە باران/ دەسـتیپێکرد = it began to rain

"ئەوە" لە تێــنەپەڕی "begin" وەرگیـراوە، چــونکە "ئەوە" بـــاران دەبارێـــت "it rains"، "ئەوە" بەرانـــبەر بە "it" دەوەســتێتەوە، کە وەك بــکەری ژێرخــانی مــامەڵە دەکرێــت، هاوواتای ڕستەکانی وەك:

ـ تەقە دەستیپێکرد 1 // تـا بـاپیر بێزاربکـات2. تەقە بکەری ڕستەی یەکەم و دووەمە

ـ تەقە دەستپێبکات // تا باپیر بێزاربێت. تەقە بکەری ڕستەی یەکەم و باپیرهی دووەمە. .

. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەبدەین، کە:

"دەستپێکردن "start, begin, and commence جەخـت لەســەر ڕوودانێـــك، لە دوای ڕوونەدانێکـــی ژێرخـــانییەوە دەکەنەوە.

"وەســـتان"stop"، "تەواوکـــردن"finish"، :کۆتایهێنـــان " endجەخـت لەسە ڕونەدانێك دەکەنەوە لە دوای ڕوودانێکی پێشبینیکراوەوە.

"شاردنەوە/پاراســـتن"keep"، "بەردەوامبـــوون"continue"، جەخــت لەســەر ڕووداو لەدوای خــاڵی ئامـاژەکردنی کـاتییەوە

دەکەنەوە، کاتێك ڕوودان بە شێوەیەکی ئاسایی لە پێش ئەو خاڵەوە پێشنیازکراوە.


"پێداچوونەوە resume" جەخت لەسەر ڕووداوێك دەکاتەوە، لە دوای ڕونەدانی پێشبینیکراو، کە خودی خۆی ڕووداوێکی پێشبینیکراوی لەپێشیەوە هاتووە.

بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ ئەو کارانە، Newmeyer, (1975:25) پێیاندەڵێت پۆلی-دەستپێکردن، ئەو کارانە هەمان سنوربەندی سیمانتیکی پێکەوە ڕوودان لە بواری ئەسپێکت، تێنس، و ئاوەڵکارەکانەوە پێشاندەدەن، وەك کارەکانی "پۆلی-ڕوودانhappen-class" دەناسرێن، کە بەڵگەی ڕێزمانی زیادتر پیشاندەدەن سەبارەت بە ڕوودانیان، لە تێنەپەڕ، تێپەڕ، بکەری-شاراوە، و بنیاتی دوور/قووڵدا. -

- It began to rain بە رانبەربە "ئەوە دەستیکرد بە بارین".

لە زمانی ئینگلیزیدا "ئەوە" لە تێنەپەڕی دەستپێکردنەوە وەرگیراوە، و "it" وەك بکەری ژێرخانی/زیمنی مامەڵەدەکرێت، لەکاتێکدا لە کوردیدا، "ئەوە" کە لە بری "it"ی ئینگلیزی بەکاردەهێنرێت، خوێندنەوەی ئاماژەکردنی هەیە، دەگوترێت "باران دەستیکرد بە بارین"، یان "بارانبارین دەستیپێکرد"، ئەوە جیایە لە "باران دەبارێت= کە بەرانبەربە rain is raining" دەوەستێتەوە، کەواتە ڕستەکە ڕستەی ئەسپێکتی چاوگی بەناویکراوی وەرگرتووە. (Perlmutter) لە (Newmeyer, 1975: 28)ەوە، چەندین بەڵگە و گفتوگۆ سەبارەت بە بنیاتی تێپەڕی ڕستەیەکی وەك ئەوەی خوارەوە دەدات، وەك بنیاتی قووڵ بۆ کارەکانی پۆلی-دەستپێکرد/ begin

.




(١) جەخت لەسەر هەبوونی بەناویکردنی خستنەسەر کراوەتەوە، لە:

ـ "باپیر" لە "باپیر دەستپێکەرە" واتە "باپیر دەستپێکەری – Xە".

(2) دەڵێت: "begin" دەتوانێت باری سەرەوەی تەواوکەری "هەوڵدان" بێت لە:

- (من) هەوڵمدا دەستپێبکەم بە کارکردن. "دەست بەکاربکەم". .

"من" پێویستە وەك بکەری "دەستپێکردن" بێت لە ئاستی قووڵدا، بکەرو تەواوکەری بکەرەکەی پێویستە لە باری قووڵدا بچنە سەریەك، کاری "ناچارکردن"، لە لایەکی دیکەوە، پێویستی بەوە هەیە بەرکارەکەی هاوتەریب بێت بە تەواوکەری بکەر، بۆ نموونە:

-من باپیرم ناچارکرد تا دەستبەکاربکات/کارەکە دەستپێبکات. I forced Bapir to begin to work

پێویستە بکەری دەستپێکردن باپیر بێت، لە سەرئاسی قووڵ.

(3) لەو بارودۆخانەدا، کە ڕستە فەرمانییەکان بکەرەکانیان لە بنیاتی قوڵودا لە کەسی دووەم پێکدێن، داوای ئەوە دەکات، کە ڕستەیەکی وەك:

- دەستبەکاربکە (دەستپێبکە!).

دەبێت تێپەڕێت.

(4) perlmutter قسە لەسەر ئەوە دەکات، کە "begin" پێویستە لە بنیاتی قووڵدا بەرکارەکانی وەربگرێت، تا ئەو ڕستانەی خوارەوە لەبەرچاوبگرێت:

- باپیر دەستیکرد بە کارکردن. .

- کارەکە بە هۆی باپیرەوە دەستیپێکرد. هەردوو هاوواتان.

- باپیر نکوڵیکرد تا سەرسامبوونەکەی بوەستێنێت.

- باپیر نکوڵیکرد تا ڕێگە بەخۆی بدات سەرسامبوون بوەستێنێت.

زۆربەی تایبەتمەندییەکانی ڕێزمانی "بەشی کاری" بە شوێن هەقیقەتی سیمانتیکی یان نا-سیمانتیکییەکەوەیە، لەوانە لە "بەشی کاری" یان "کاری"دا قسەکەر بە شێوەیەکی هەقیقی پێشبینی ڕاستیی تەواوکەرەکەی دەکات، لە لایەکی دیکەوە، لە نا-هەقیقیەکاندا قسەکەرناتوانێت پێشبینی ڕاستی تەواوکەرەکەی بکات.

٢ . ٢ . 2 . 2: کاری دەستپێکردن و هاوڕێکانی وەك تێنەپەڕو تێپەڕ

(أ) یارییەکە دەستیپێکرد. پاسەکە وەستا. بارانەکە بەردەوامبوو.

لە هەرسێ ڕستەکەدا پۆلەکاری ئەسپێکتی دەستپێکردن خوێندنەوەی تێنەپەڕوەردەگرن، و بکەرەکانیش نا-گیاندارن. ناوەرۆك، دەشێت ئامرازێك هاوبەشی بکات، واتە بچێتە نێوان "دەستپێکردن و ف.ناوی"یەوە. .

(أ) باپیر لەسەر کتێبەکە بەردەوامبوو. He began on the book

(ب) باپیر لەسەر شەڕەکە بەردەوامبوو. He kept up the fight

کاری ئەسپێکتی "بەردەوامبوون"، لە پێش ئامرازی پێوەندی بە شوێنیدا فرێزی کاری دێت.

(أ) باپیر بەردەوامبوو لەسەر لێدانی نازەنین. Bapir kept on hitting nazanin

(ب) باپیر دەستیکرد بە کۆکردنەوەی پیتاك بۆ خێر(کردن) Bapir started a collection for charity

(پ) باپیر دەستی بە نامەکە کرد بۆ دایکی. Bapir began a letter to his mother

هەندێك لەو کارانە وادەردەکەون وەك ئەوەی بین بە باری بکەری بەناویکراو، ئەو بەناویکردنە وەك ئەوەی، کە فرێزی ناوی پارافرێز دەکات، بۆ نموونە:

(أ) کەسێ کە کار/ڕەفتاردەکات.

(ب) کار/ڕەفتارکەرە.

(پ) کەسێك، کە مەلەدەکات

(ت) دەگوترێت "مەلەکەرە/مەلەوانە"

"دەستپێکردن، کەوتنەکار، بەردەوامبوون"، هەریەك لەوانە باری ناوی بە ناویکراون، بۆ نموونە:

ـ باپیر دەستپێکەرە باپیر پێشەنگە لێرە دەبنە هاوواتا. .

ـ باپیر وەك پارێزگاریکەرو (بەردەوامبوو) لە خەستەخانەی شارەکەدا دەبینرێت.

کارە ئەسپێکتییەکانی دەستپێکردن کاتێك بە شێوەیەکی سیمانتیکی ئەرکی هۆکاری دەبینن.

(أ) باپیر سەیارەکەی خستەکار (بە هۆی پاڵنانەوە).

(ب) سەگەکە بەردەوامە لە ئێسقان شکاندن. (بەهۆی کەڵپەکانییەوە).

(پ) باران تەپوتۆزەکەی وەستاند. تەپەتۆز نەما بە هۆی بارانەوە. .

- زۆرێك لە کارەکان لە ژێر ناونیشانێکدا کۆدەبنەوە، کەوا نایەنەبەرچاو وەك ئەوەی بکەروەربگرن: .

(ا) کەسێك کە باوەڕدەکات دەبێت بە باوەڕدار

(ب) کەسێك کە هەیەتی دەبێت بە خاوەندار

(ت) کە سێك کە گومانی هەیە دەبێت بە گوماندار/بەگومان

ـ نازەنین بۆ کێ دەستیکرد بە نامەکە.

لە NP NPbegin لە بنیاتی سەرەوەدا، "دەستپێکردن" وەك تێنەپەڕو بکەر-تیاچەسپاو سەیردەکرێت. تەواوکەری کاری سەرەکی بە شێوەیەکی سیمانتیکی کارێکی نا-تایبەت بە "دەستپێکردن" هەستی، بەردەوامی و چالاکییە، گروپی کارە دەستپێکەرەکان، بەرکارو پێکهاتەی ڕستەی دیاریکراو: .

(أ) بابەکر دەستیکرد بە قەناعەتپێکردنی خوتبەکە نا

(ب) بابەکر دەستیکرد بە قەناعەتکردنی نانی نیوەڕۆ. نا .

(پ) بابەکر دەستیکرد بە گوێگرتن لە خوتبەکە. "دەستی بە گوێگرتنی خوتبەکە کرد"

(ت) بابەکر دەستیکرد بە پێشکەشکردنی خوتبەکە. "دەستی بە پێشکەشکردنی خوتبەکەکرد"

(د) بابەکر دەستیکرد بە نانی نیوەڕۆ. "بابەکر دەستی بە نانی نیوەڕۆکرد".

(ج) بابەکر دەستیکرد بە خوتبەکە.

(د) دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت، یەکەم "دەستکردن بە خواردنی نانی نیوەڕۆ"، و دووەم، "دەستکردن بە ئامادەکرنی نانی نیوەڕۆ"، ئەوە هەرگیز واتای ئەوە نادات کە "بابەکر دەستی بە بۆنکردنی نانی نیوەڕۆکە کردبێت"، یان "بەدڵبوونی نانی نیوەڕۆ ناگەیەنێت، "دەستپێکردن" واتا و لێکدانەوەی چالاکی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەموو ئەوانە کاتێك بەبیردادێن، کە کەسێك خوێندنەوەی گونجاو بۆ کاری چاوەڕوانکراو بکات، بۆ نموونە، لە "بابەکر دەستیکرد بە خوتبەکە"، یان "بابەکر دەستیکرد بە نانی نیوەڕۆ" چەند

هەقیقەتێك بەدەردەكەون، یەكەم، دەبێت خوێندنەوەكە هەرگیز هاوتا نەبێت بە كارێك، كە دەبێتە هۆی نا-ڕێزمانی ڕستەكە. بۆیە (أ) و (ب) ناڕێزمانین. ئەوە پێوەندیی بەو ڕاستییەوە هەیە، كە دەشێت كەسێك سیمانتیك، واتا و ناوەرۆكی قەناعەتپێكردنی هەبێت، وەك ئەوەی كەسێك دەتوانێت لەگەڵ "خوێندنەوە" لە (ت) و "لێنان" لە (د) دا هەیبێت، دووەم، خوێندنەوەی چاوەڕوانكراو تەنیا وەچە دەستەی خوێندنەوە چاوەڕوانكراوەكانە و بە هۆی ڕێگەپێدانی كارەكانەوە پێشكەشدەكرێت. بیری "گوێگرتن" لە "(ج) زەحمەتە، و بیری "بۆنكردن" زەحمەتە لە (د) كەواتە واتا و تێگەیشتنی كارە هەستییەكان قەت گونجاونین. خوێندنەوەی "بۆن"، "گوێگرتن" بۆ، "بینین"، "گوێلێبوون"، "سەیركردن"، "هەستكردن"، و تامكردن قەت لە ڕستەكانی وەك (د) و (ج) گونجاو و چاوەڕواونین. "هەستكردن"، "خوێندنەوەی ژێرخانی كاری هەمیشە لەگەڵ دەستپێكردن و هەرگیز لەگەڵ خواردن نایەت، "خواردن" بەركاری كۆنكرێتی دەوێت، و "خواردنەوە" پێویستی بە بەركاری شلە هەیە، "لەقە" پێویستی بە بكەری ئاژەڵ و "شەق" بە مرۆڤەوە هەیە.


٢ . ٢ . 2 . 3: كاری دەستپێكردن و بەركاری ناڕاستەوخۆ و ماوەدووری ڕووداو .

كاری دەستپێكردن زیادتر لە گەڵ بارودۆخی چالاكی و ماوەدووریدا دەگونجێت، نەك لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی كە پانتاییەكی كەم لە ماوە داگیردەكەن، بە پێچەوانەوە كاری "begin" زیادتر لەگەڵ بارودۆخە كورتخایەنەكاندا گونجاوترە، بۆ نموونە: .

(أ) دە ستمكرد بە نووسینی نامەیەك بۆ باوكم. پێویستی بە ماوەدووریەك هەیە

(ب) دەستمكرد بە لەچككردن بۆ كچەكەم. (نەگونجاو) لەچككردن ماوەیەكی زۆر كورتخایەنە

. لە گەڵ ئەسپێكتی "دەستپێكرد"دا كاری دووەم لە هەمان ڕستەدا لە شێوەی چاوگدا دەبێت، كە وەك بەركاری ناڕاستەوخۆ مامەڵەدەكرێت، ئەوەش لەو بارانەدا دەبێت، كە ئەگەر ئێمە هەڵوێست و شوێنی "دەستپێكردن" وەربگرین، لە باری قووڵی ڕستەیەكی وەك ئەوەی خوارەوەدا:




خوێندنەوەی ڕاست ئەوەیە، كە ناتوانرێت "فرێزی ناوی" كە وەك بەركار ڕەفتاردەكات، لە زۆر باردا بە جێناو جێگیربكرێت، بەركاری بە جێناو جێگیركراو جگە لە ڕێگەی تەرخانكراو ناتوانرێت بە ڕێگەی دیكە دیاری بكرێت. بەركاری ڕووكەشی چاوەڕوانكراو بۆ كاری ئەسپێكتی "دەستپێكردن" بریتییە لە سەرجەم بەركارە چاوەڕوانكراوەكانی كارە چالاكییە بەردەوامییەكان، بەڵام ئەوە تەنیا پیشاندانی ڕاستییەكە، كە كاری "دەستپێكردن" بەركاری هەڵبژاردەی سەربەخۆ لەخۆناگرێت، بۆ نموونە، "خواردن" بەركاری كۆنكرێتی و "خواردنەوە" بەركاری شلە و وەردەگرن.

بەكارهێنانی پێشبەندی "بۆ" و "لە" لەگەڵ فۆڕمی ئەسپێكتی پۆلەكاری "دەستپێكردن"، تەنیا پشت بە دیاریكردنێكی تایبەت لە كاری "دەستپێكردن" و "بەركارەكەی" لە شێوەی بەركاری ناڕاستەوخۆ نابەستێت. بەڵكو خوێندنەوەی كاری شاراوە و ناڕاستەوخۆ، كە دەشێت لە ڕستەكەدا ڕوبدات. لە كوردیدا بە ڕاشكاوی جیاوازی لە نێوان "for and to" ناكرێت، كاتێك كە لە ئینگلیزیدا دەگوترێت "Bapir allows for" نەك "allows to" لە كوردیدا دەگوترێت "باپیر ڕێگەی پێدرا (تا) قسەبكات، تا نان بخوات، یان تا بێتە ژوریٚ" و هەروەها. لە زۆر باردا كاری "دەستپێكردن" خوێندنەوەی "چالاكیی بەردەوام" وەردەگرێت، كاتێك، تایبەتمەندێتیی سینتاكتیكی "دەستپێكردن" لەو بارانەدا بەراورد دەكەین، كە لە بنیاتی ڕووكەشی دەربڕینەكانی "ناوی فرێزی + دەستپێكرد + ناوی فرێزی"دا ڕوودەدات. تایبەتمەندیی دیكەی ئەو پۆلە كارە ئەوەیە، كە بكەری بەناویكراو بە خۆوەدەگرن. .

(أ) بوون بە ئەكتەر بۆ كەسێكی شەرمن ئاستەمە.

(ب) باپیر تەنیا دەستپێكەرە.

(پ) باپیر دەستپێكەرە لە ئاژاوەنانەوەدا.

تایبەتمەنـدیی دیـکەی کارەکـانی "چـالاکی"، "بەردەوام" و "دەستپێکردن" بریتیین لە هاوبەشیان لە زانیاریی پێوەندی بە ناویکردن لە نیشانەی پرۆگرێسف "ing-" لە ئینگلیزیدا.

(أ) تاقیکردنەوەی باسوق لە خواردنەکەی دایە.

(ب) ڕەفتارکردن هەرگیز بۆ من ئاسان نییە.

سێ هەقیقەت، ئەوانەن:


(أ) "دەستپێکردن" بە شێوەیەکی سیمانتیکی جیاوازە لە کاری چالاکیی بەردەوام.

(ب) "دەستپێکردن" بە شێوەیەکی سینتاکتیکی وەك "کارە چالاکییە بەردەوامەکان" ڕەفتاردەکات.

(پ) لە بنیاتی ڕووکەشی ف.ن + دەستپێکردن + ف.ن خوێندنەوەیدا کاری شاراوە ئەوەیە، کە هەمیشە لە کاری چالاکی بەردەوامی دایە. .

(أ) بە درێژایی ڕۆژ باپیر لەسەر کارەکەی بەردەوامبوو.

نازانم بۆ ئەو کارە دەکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە سەر ئەوە بەردەوامە.




(a)

(1) خوتبەکە دەستپێکرد.

(2) دەنگەدەنگەکە وەستا. . . . . .

(3) نانی نیوەڕۆ بەردەوامبوو. . . . . . . .

(b)

(1) خوتبەکە لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان دەستپێکرد.

(2) قرەقرەکە وەستا کاتێك فەرمانـدە خـۆیکرد بە ژووردا.

(3) نانی نیوەڕۆ بەردەوامبوو تەنانەت دوای تەواوبوونی پرسەکەش.

ڕستەکانی (a) وا لێکنادرێنەوە وەك ئەوەی "خوتبەکە بە کردەوە دەستی بە کردنی شتێك کردبێت"، "دەنگە دەنگەکە وەستاوە تا شتێك بکات"، و "نانی نیوەڕۆ بەردەوامبووە تا شتێك بکات"، کاتێك کە "شتێك" وا لێکدەدرێتەوە وەك ئەوەی بریتیبێت لە بەردەوامبوونی چالاکییەك.

(1) کەسێك خوتبەکەی دەستپێکرد.

(2) کەسێك قرەقرەکەی دەستپێکرد.

(3) کەسێك نانی نیوەڕۆی بەردەوامکرد. .

دەبینی، کە لە پۆلەکاری "دەستپێکردنەکان"، لە دوورەوە تێنەپەڕ و بکەر-لەخۆگرە. ڕەفتاری کارە ئەسپێکتییەکان کاتێك لێکدانەوەی هۆکاری وەردەگرن.

(أ) پۆلیسەکە دەستیکرد بە کردنەوەی ئاهەنگەکە.

(ب) پۆلیسەکە بووە هۆی ئەوەی/وایکرد ئاهەنگەکە دەستپێبکات.

بنیاتی ڕستەی (أ) لە بنیاتی دیاریکراوەوە وەرگیراوە، کە زۆر لەو ڕستە بنەڕەتییە دەچێت، کە لە ڕستەی (ب)دا پیشاندراوە، بە واتایەکی دیکە، ئەوە لە بنیاتی ناڕاستەوخۆوە وەرگیراوە، کە تێیدا کاری ئەسپێکتی لە ژێر کاریگەریی کاری هۆکاری دایە و فەرمانی لەسەردەکرێت، کە بریتییە لە تێنەپەڕ و بکەرلەخۆگر. نموونەی "بەردەوام" کاری ئەسپێکتی هۆکاری وەردەگرێن، وەك نموونەیەك لە کارە ئەسپێکتییە هۆکارییەکان، وەستان کاری ڕاستییە، چونکە قسەکەر پێشنیازی ڕاستی تەواوکەرەکەی دەکات، بۆ نموونە:

(ا) باپیروەستا چی دیکە لە ژنەکەی بدات. جەخت لەسەر ڕاستی لێدانی ژنەکە کراوەتەوە

٢ . ٢ . 2 . 4: جیاوازی لە نێوان "begin and start"

بە گشتی زمانەوانەکان ئاماژە بۆ دەستەیەك لە فۆرمی تێنس دەکەن، کە وەك کارە ئەسپێکتییەکان مامەڵەدەکرێن، بڕێك لەو کارانە وەك ئاماژەکەر بۆ سەرەتای بارودۆخی باسکراو دەناسرێن، لەوانە (inchoative) begin, start, کە سەرەتای کردەوەکە دەردەبڕن، بە تایبەت دانەیەك، کە لەخۆوە ڕوودەدات، لە زۆربەی زۆری کارەکانی ئینگلیزیدا سەرەتایی - inchoative بە شێوەیەکی سیستەماتیکی بەکاردەهێنرێت، وەك جێگرەوە لەگەڵ بەکارهێنانی هۆکاریدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو دوو کارە لێکنزیکن، لە ئینگلیزیدا بە تەواوی نابنە سینۆنیم/هاوواتا، بۆیە لە زۆر باردا ئاستەمە سنوورێکی دیارو

ئاشـــكرا لە بەكارهێنانەكانیانـــدا بكێشـــرێت، لەم بـــارەیەوە زمانەوانەكـان قسـەیان لەسـەر بەكارهێنـانی ئەو دوو كـارە بە فـۆڕم لێكجیـا و بە ڕەفتـار لێكنزیك كـردووە: بەلای (Swan, 1980: 103)و كەسانی دیكەوە بە تایبەت قسەكەرەكان وا دەزانـن، كە ئەو دوو زاراوەیە لە نـزیكەوە هاوواتـای یەكـدین، بەڵام "begin" بە فۆڕمـــاڵیتر دەزانـــن. لە كاتێكـــدا بە لای (Tobin) ژمـارەیەك لە جیـاوازی لە نێوانیانـدا دەبینرێـت، كە خۆیـان لە جیـاوازیی سـیمانتیكی و ڕێزمانیـدا دەبینرێـت، بـۆ نموونە:

(أ) "Begin" بە مەبەســتی ئامــاژەكردن، بــۆ یەكەم بەشــی بـــارودۆخەكە بەكاردەهێنرێـــت، لە كاتێكـــدا "start" بـــۆ ئەو لەحـــزەیە، واتە چركەســاتی پـــێش یەكەم بەشــی (كـــردەوە، بـــارودۆخ یـــان ڕووداو)ەكە دەگەڕێـــتەوە. لە كوردیـــــدا "دەســـتپێكردن" لە زۆربەی بەكارهێنانەكانیـدا، جـێگەی ئەو دووانە دەگــرێتەوە، بەلای كەســانی تــرەوە (Newmeyer, 1975:51) لە (Tobin, 1993:161)ەوە، "لەگەڵ ئەوەشـدا، كە بە شـــــێوەیەكی ســـــیمانتیكی ئەو دووانە توانـــــای لێكجیابوونەوەیـــان نیـــیە، بە شـــێوەیەكی ســـینتاكتیكی لە ژمـارەیەك ڕێگـاوە لێكجیـاوازن ــ بنیـاتی "start" هەڵهێنجـانی ســـەرەنجامییە، نمـــوونەی دیـــكەی پڕاگماتیـــك "begin" خـوازەیە (Ruhl, 1989:12-13) دەسـتپێكردن، start و begin دەســـتبەكاركردن، ئەو دوو كـــارە لە كوردیـــدا، یەكەمیـــان خوێنـدنەوەی ئەوە هەڵـدەگرێت كە بە بێـپلان "كـردەوە" یـان "ڕووداوێك" ڕوودەدات، قسـەكەر كە دەڵێـت، "دایدایە باران"، "بـاران دایـدا"، "بـایەكە هەڵیكـرد"، كارە ئەسـپێكتییەكە وەك كاری تێنەپەڕ ڕەفتاردەكات و كـردەوەكە لە هزری قسـەكەردا، بە سـێ بەش دێـتە پێشـچاو، بەشـی یەكەم، بینینـی بـاران بارینەكەیە، گۆڕانی بـارودۆخی دەوروبەر لە دونیـایەكی بێـدەنگ و كڕوكـپ بـۆ دونیـــایەكی ئـــاڵۆز و بارانـــاوی، بەشـــی دووەم بەردەوامبـــوونی كـــردەوەی بارانبـــارینەكەیە، كە قســـەكەر لە نێـوەوە سـەیری دەكـات و ئەوە دەبێـتە بەشـێك لە ئەزمـونی خـــۆی، بەشـــی ســـێیەم كۆتـــایی كـــردەوە یـــان بـــارودۆخی باســـلێوەكراوە، كە نادیـــاریكراوە و لە گریمـــانە تێناپەڕێـــت، گریمانەی كۆتایی "بارانبارین"، پشت بە زۆر شت دەبەستێت، لەوانە، ئەزمـوونی قسـەكەر، كـات "پـایز"، "بەهـار"، "هـاوین" یـان "زسـتان"، شـوێن وڵاتێكی وەك كوردسـتانە یـان وڵاتێكی وەك سـوید بارانـاوی، ئەمـانە بە تێكـرا تایبتمەنـدیی كـاری ئەسـپێكتی ئەتێلیكـی تێـنەپەڕن، كە كۆتـایی نادیـاریكراو و چـاوەڕواننەكراو بە خـۆوەدەگرن، "بارانبـارین"، دەكرێـت لە چەنـــد دەقـــیقەیەكەوە تـــا دەیـــان ڕۆژ بگـــرێتەوە، دەســـتبەكاركردن/بوون بە هەردوو بـارەكەیەوە لەو بـارانەدا بەكاردەهێنرێت، كە ڕسـتەی ژێر تـوێژینەوە خوێندنەوەی تێـپەڕ وەردەگرێـت، واتە بەركـاری ڕاسـتەوخۆ یـان نـا-ڕاسـتەوخۆ وەردەگرێـت، بـۆیە بـۆ هەر بـارودۆخێكی تێـپەڕ دەشـێ پلانـی پێشـوەخت لەبەرچاوبگیرێـت، ئەوە وا دەكات كاتێـك ئەو كارە بەكاردەهێنرێـت وا لێكی بـدەینەوە، كە قسـەكەر سـەرنج لە چركەسـاتی بەشـی یەكەمی بـارودۆخی دیـاریكراو بـدات، ئەوە وادەكات، كە لە زۆر بـاردا بـارودۆخەكە خوێنـدنەوەی تێلیكی وەربگرێـت، "دەسـتیكرد بە نووسـین" نـاكۆكە و ..." لەهەریەك لەو بارانەدا چركەساتی بەشی یەكەم بیركردنەوەیە لە كردنی كارەكە، بەشی ناوەڕاست بەردەوامبوونی كردەی دروستكردن یـان نووسـینی نـامەكەیە، بەشـی سـێیەم دەسـتهەڵگرتنە لە نووسـینی نـامەكە، هەركات كارەكە بە پێی پلانی پێشـوەخت گەیشـــتە مەبەســـت ئەوانە ئەنـــدامن لە گروپـــی كـــارە ئەسپێكتییەكانی كوردی و ئینگلیزیدا.

(ب) "دەســـتپێكردن" زیـــادتر لەبەرچـــاوە و بەكاردەهێنرێـــت، زمانەوانە ئینگلیزەكان جیاوازی لە نێوان "begin and start"دا دەبینن، فیچەری "نیشانەكراوەكانی سەرەنجام"یان بۆ "Start" دانـــاوە، لە كاتێكـــدا "begin" وادەبینرێـــت وەك ئەوەی نـــا- نیشانەكراو یان ئەندامی بێلایەنی ئەو جووتە كارەبێت، ئەوە لە كوردیشـدا ڕاسـتە، چـونكە جەخـت لەسـەر پڕۆسـە (كـردەوە) دەكـاتەوە. بە شـێوەیەكی "etymologically" هەردوو كـارەكە "begin و start" تەواو جیـاوازو دیـارن، ئەو جیـاوازییەش لە لایەن "Freed"ەوە ئاماژەیـان پێـدراوە و بە شـێوەیەكی مێژوویـی بەیەكەوە پەیوەستنین، ئەو خوێنـدنەوانەی بـۆ بنیـات و واتـای دانەیەكیان دەكرێت، بۆ دانەكەی دیكە ناكرێت:

(1) (Freed, 1979-68) دەڵێت، نزیكی لە یەك لە بەكارهێنانی" close نزیـك" و "لە نـزیكەوە close up"، یـان "پـوختەكردن conclude"، "داخسـتن shut up"دا هەیە، كە بە واتـای كۆتایهێنان دێن. دیارە، تایبەتمەندیی ئەوانە لێكجیان، دەبێت

لە دوو لایەنەوە لە بابەتەکە بڕوانین، بۆ نموونە، ئەوانەی نیشانەکراون و ئەوانەش کە نیشانەنەکراون، بە جۆرێک لە ئینگلیزیدا دەگوترێت، "لە سەرەتاوە تا کۆتایی from start to finish"، بە پێچەوانەوە، ناگوترێت لە دەستپێکردنەوە تا تەواوکردن."but not from the beginning to finishing"

"Start"فۆڕمی نیشانەکراوە، بناخەی جیاواز لەخۆدەگرێت، و لە ئینگلیزیدا مێژوویەکی ئاڵۆزی سیمانتیکی لەخۆدەگرێت، زۆرجار بە واتاکانی وەك (أ) "هەڵگێڕانەوەی سیستەمی حوکم "overthrow"، (ب) بوونە هۆکاری ڕوودانی چاوەڕواننەکراو، لە پێش ئەوەی کاتی ڕوودانی بێت، کتوپڕ و بەبێ توێژینەوەی ورد و تەواوی بۆبکرێت، "overturn"، (پ) واتای تێنەپەڕیشی هەیە، لەکوردیدا جیاوازی لە نێوان ئەو دووانەدا دەکرێت بە هۆی ئەرگیۆمێنتی کارەکانەوە بێت، بۆ نموونە، "پەلە(ێ)کردن، دەرپەڕینە دەرەوە بۆ ... ، پەلاماردان"، "پەلاماری دوژمنیدا" نەك "دوژمنەکەی پەلاماردا"، هەڵقوڵان بۆ دەرەوە، بۆ نموونە، "ئەسپەکە دەستیپێکرد"، یان "دەنگەدەنگەکە سەرەتایەکی دامێ"، "سەرەداوێکی دەستکەوت"، "دەستی بە جوڵانکرد"، "جوڵەی پێکرا"، "کۆڕەو دەستیپێکرد"، "دەستیدایە"... هەموو ئەو بەکارهێنانانە پێشنیازی "جوڵە" دەکەن، بە هەمان شێوەی سەرەتا "onset"، (Tobin,1993) پێشنیازی زیادتر دەکات، کە هەموو ئەو نامانەی سەرەوە دەتوانرێت بە "start"ەوە بلکێن، هاوبەشی لە "سەرەتای جوڵە یان سەرەتای باو" دەکەن. .

(2) لە ئینگلیزیشدا، تەنانەت (Freed, 1979-69)یش لەگەڵ ئەوەیە، کە ئەو دوو فۆڕمە جیاوازییەکی فرەوانیان لە مێژودا هەیە، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەردووکیان لە دەقی وەکیەکدا بەکاردەهێنرێن، و هاوبەشی لە تایبەتمەندێتیی سیمانتیکی زۆردا دەکەن. ئەو دوو فۆڕمە هەردووکیان جەخت لەسەر هەمان جۆری سەرەتای کردەوە دەکەنەوە. لەگەڵ جیاوازییەك، کە "start" فیچەری سیمانتیکی دیکە لەخۆدەگرێت، کە لە "begin"دا دیار و ڕوون نییە. ئەوەی لە (Freed)دا دەخوێنرێتەوە، ئەوەیە، کە جەخت لەسەر فیچەرە نیشانەکراوەکانی سەرەنجامی "start" دەکەینەوە، "بۆ نموونە، لە ڕستەیەکی وەك:

(أ) دەستیکرد بە باران it is starting to rain بەڵام it is beginning to start نەگونجاوە

(ب) دەستکردن بە سەفەر نا سەفەرەکە/گەشتەکەی دەستپێکرد.

(پ) باشتر وایە لە 6 دا دەستپێبکەین دەست پێکرن لەشەشدا better to start at 6

(ت) دەستکردن بە کار کارەکەی دەست پێکرد. Start to work

(Newmeyer) لەگەڵ ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی سیمانتیکی ئەو دووانە توانای لێکجیابوونەوەیان نییە، بەڵام بە شێوەیەکی سینتاکتیکی لە ژمارەیەك لە ڕێگاوە لێکجیاوازن، ئەوەی زۆر هەقیقەتە ئەوەیە، کە جیاوازیی سیمانتیکی لە نێوان ئەو دووانەدا بەتەواوی دیارە.

(3) "start" دەتوانرێت لەسەر شتێك تەواوبێت، واتە پێویستی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ هەیە، بۆیە دەکرێت ئەوە بگوترێت کە بنیاتی "start" بە پێچەوانەی "being"ەوە هەڵهێنجانی سەرەنجامییە، (Ruhl, 1989:12-13).

(4) "Begin" وەك کارێکی ئەسپێکتی سەرەتای کردەوەکە دەردەبڕێت، بە تایبەت دانەیەك، کە لەخۆوە ڕوودەدەات، زۆربەی کارەکانی ئینگلیزی بەکارهێنانی "inchoative" سەرەتایی و بە شێوەیەکی سیستەماتیکی جێگیر بەکارهێنانی هۆکاری بەخۆوەدەگرن.

(5) "start" وەك فۆڕمێکی نیشانەکراوە، بناخە و جەوهەری تەواو و مێژوویەکی ئاڵۆز و بنیاتی سیمانتیکی ئاڵۆز لەخۆدەگرێت، واتای تێپەڕ و تێنەپەڕیشی هەیە. بۆیە بە زۆر واتا و لێکدانەوەی جیاواز دێت، لەوانە، هەردوکیان لە دەق وەکیەکدا بەکاردەهێنرێن، بە واتای وەکیەکیەوە...

هەردووکیان جەخت لەسەر هەمان جۆری سەرەتای کردەوە دەکەنەوە، ئەوەی زیادتر پێشبینیدەکرێت، ئەوەیە، کە "start" جگە لەوە، فیچەری سیمانتیکی دیش لەخۆدەگرێت، کە لە "begin"دا دیار و ڕوون نییە. ئەوەی لە (Freed)ەوە دەخوێنرێتەوە ئەوەیە، کە جەخت لەسەر فیچەرە نیشانەکراوەکانی سەرەنجامی "start" دەکرێتەوە.

(5) هەردوو کــارکە پێشــــنیازی ڕوونەدانــی ڕووداوی پێشـــتر دەکەن، ئەوە لە تەواوکەری ڕستەکەدا دەبینرێت.

(6) لەگەڵ "begin" ئەوە دەگوترێــــت، کە نـــاوك (یـــان تایبەتمەندیی چالاکی)ی ڕووداوەکە هەنگاوینراوە. .

(7) لەگەڵ "start"، کە لە دوایەوە تەواوکەری "to – V" بێت، ئەو ســەرەنجامە دەبینرێــت، کە تەنیــا دەســتپێك "onset"ی ڕووداوەکەی لە تەواوکەرەکەدا ناوبراو، بۆیە "start" ئاماژە بـۆ دەســتپێکی ڕووداوێــك دەکـات (وەك هەمــوویی)، لەکاتێکـدا "begin" ئاماژە بۆ سەرەتای پارچەی کاتی ناوکی ماوەی یەکەمی ڕووداوێك دەکاتەوە.

٢ . ٢ . 3: کۆتاییهاتن پێچەوانەی تەواوکردن

تەواوکــردن: بە چەنـــدین زاراوەی دیـــکەش دەردەبڕێـــت: "براندنەوە، هێنانەدی، بەئەنجامگەیاندن هیچ نەهێشـتنەوە، دواییهاتن، تەواوکـردن، پێوەنـدی لەگەڵ بـڕین و... (یەك بەرە و دوا). .

end: بە چەندین زاراوە دەردەبڕدرێت، کۆتاییهـاتن، تەواوبـوون، وەسـتاندن، دواییپێهێنـان، کۆتاییپێهێنـان، بـڕانەوە، بـڕینەوە، کۆتاییپێهێنان و دوایپهێنان، جیاوازی لە نێوان ئەو دوو کارەدا: .

(أ) وشـەی "کۆتاییهێنان"بە واتای "هەموو/سەرپاك entire" یان "ســەرجەم total" بەکاردەهێنرێــت، لە کاتێکـدا، وشـــەی "finish"، بەواتـای بە ئەنجامگەیانـدن" یـان "هێنـانە کۆتـایی" بەکاردەهێنرێــت. "تەواوکــردن" بە واتــای بەئەنجامگەیانــدن و دووەم "کۆتاییهـــاتن": بە واتــای تەواوبــوون وادەکــات یەکەم زیـــادتر وەك کــاری هەقیقــی و یەقــین لە لایەك و تێـــپەڕ لە لایەکەی دیکەوە لەبەرچاوبگیرێـت، بەو لێکـدانەوەیە دەبینی، لە بەئەنجامگەیانـدنی هەر پرۆســە و کردەوەیەکـدا ئەرکێکـی تەواو دەکەوێــتە ســـەر بـــکەر تـــا ئەو کـــردەوە و پرۆســـەیە بەئەنجامبگەیەنێـت، و لە دواییــدا دەبینی یەکەم وەك کـاری ســەرەنجامی و تێـپەڕ، دووەم وەك نـا-ســەرەنجامی و تێـنەپەڕ خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت. .

(ب) وشـــەی " کۆتــایی پێهاتوو/هێنان/هــاتن end" وەك کـار بەکاردێت و بە واتـای "کارکردن بە تەواوی"، لە لایەکی دیکەوە وشەی "بەئەنجامگەیاندن/تەواوکردن finish" بە واتای کۆتایی و جەخــت لەســـەردوا بەشــی کۆتــایی، خــاڵی کۆتــایی وەك هەمــوویی کــردنەوە دێــت. لە زۆر بــاردا، ئەوانە وەك هاوواتــای یەك بن وایە، بەڵام لەهەمان کاتدا، دەبینی لە هەندێك بـاردا جیـاوازن: کارێـك، کــردەوەیەك یـان باروذۆخێـك دەتوانرێـت کۆتــایی پێبێــت بەڵام جێبەجێنەکرێــت، بــۆ نمـــوونە، لە "قەرزدانەوە"دا دەکرێـــــــت دانەیەك لە پرۆســـــــــەکە جێبەجێبکرێـت "finished" بەڵام کۆتـایی پێـنەیەت. بنیـاتی ســیمانیکی "کۆتاییهـــاتن" لە هەردوو بــاری تێــپەڕو تێــنەپەڕدا نــاچنە ســـەریەك، بە واتــای ئەوەی وەك یەکنـــین. ئەوە لە کوردیدا واتـای ســەرجەم پێکهێنەرەکانی ڕسـتەی دیـاریکراو، پێمـان دەڵێـت کام لەو دوو فـۆڕمە بەکاردەهێنرێـت، و بەرانـبەر بە کام کارلەم دووانە لە زمانی ئینگلیزی دەوەستێتەوە، کاری "تەواوکـردن" بەرانـبەر بە "finish" و "کۆتاییهـاتن" بەرانـبەر بە "end" دێت لە زمانی سروشتیدا.

(پ) واتا و لێکەوتەکانی خودی "واتا" خـۆی ناتوانرێت لە بواری پێوەنــدی لە نێــوان پارچەکـانی زەمــان و ڕەگەزە زمانییەکانــدا بــدرێت، گەشــەکردنی تیــۆری ســیمانتیکی لەســـەر بنەمــای "مەرج/بەهـای ڕاسـتی"، و "مەرجی واتـای ڕاسـت و واگەیانـدنی وشـــەکە" بەدەســـتدەهێت. "تەواوکـــردن، کۆتاییپێهێنـــان و دوایهێنـان" لەنـزیکەوە پێوەنـدییان بە "دوایهـاتن، وەسـتاندن، کۆتایهێنان و بڕانەوە" هەیە، چونکە هەردوو کارەکە هاوبەشی لە پێشـاندانی بیری "بەشـی کۆتـایی" باروذۆخەکانـدا دەکەن، واتە، ئەو بەشـەی، کە لە دوای ئەوەوە هـیچ پـارچەیەکی دیکە نییە.

٢ . ٢ . 3 . 1: ســـەرنجەکانی Freed لەســـەر کۆتاییهێنـــان و تەواوکردندا .

ئەو باروذۆخەی بەهۆی کاری "کۆتاییهێنان"ەوە باسی لێوەدەکرێت، تا ڕادەیەك ڕوون نییە، چونکە "کۆتاییهێنان" هەمیشە PN دەوێت وەك ئەرگیومێنتەکەی، گەر نموونەیەکی ناویش بدۆزرێتەوە تا وەك ئەرگیومێنتی کاری "کۆتاییهێنان"، ڕەفتاربکات، ئەوا دەشێت زۆر ناوێزەبێت، چونکە... کۆتاییهێنان پێشبینی سەرتای پێشتری ئەو ڕووداوە دەکات، کە لە تەواوکەرەکەیدا ناوی هاتووە، واتە، "کۆتاییهێنان" دەبێت لەگەڵ "–ەکە" یان هەندێك ناوی دیاریکراو ڕوبدات، کە ئاماژە بۆ ئەو ڕووداوە دەکەن، کە پێشتر باسکراوە. تاقە بارێك کە ڕێگە بە ئامرازی نە-شوناسی "ێك" دەدات لەگەڵ

ئەرگومێنتەکانی ناوی کاری "کۆتایپێنان" لە هەندێك شوێنی دیکەدا لە فرێزی ناویدا ڕووداوی دیاریکراو دیاریدەکات. کاتێك ئەوانە بۆ گریمانەکانی پێشکاتی لەبەرچاو دەگیرێن. ڕستەکانی (پ) و (ت) وەك گریمانەی پێشکاتی (أ) و (ب) مامەڵە دەکرێن:

(أ) باپیر کۆتایی بە شەڕی یەك ساڵەی لەگەڵ قادر هێنا. پێشتر شەڕ هەبووە

(ب) شیلان کۆتایی بە پێوەندی لەگەڵ گروپی "أ" هێنا، کە هۆکاری هەموو ناخۆشیەکبوون.

(پ) پێشتر شەڕ لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا هەبووە.

(ت) شیلان پێوەندیی بە گروپی (أ)ەوە هەبووە.

٢ . ٢ . ٣ . ٢: لایەنی لێکچوو و جیاواز لە نێوان ئەو دوو کارەدا .

(أ) "دوایهاتن" ئاماژە بۆ ئەو خاڵە دەکات، کە ڕاستەوخۆ لە دوای بەشی کۆتاییەوەیە.

(ب) لە کاتێکدا "finish تەواوکردن" ئاماژە بۆ خودی بەشی کۆتایی دەکات. بۆ نموونە، لە کێبڕکێدا تەواوکردن لە پێش کۆتایی هاتنەوە دێت. (ڕاکەرەکان یان ئەسپەکان بۆ تەواوکردن دەجوڵێن لە Xەوە بۆ y لە سەرگردەکەدا Wierzbicka, (1988:7).

(پ) دەتوانرێت "تەواوکردن" وەك ناوی بکەری بەکاربهێنرێت (بۆ نموونە، نزیکەی تەواومکردووە/لە تەواوکردندایە)، یان وەك واتای ئاوەڵناوی ئامادە "ready"، بۆ نموونە، (من نزیکەی/ یەکسەر تەواومکردووە) لە باری وەهادا جیاوازی لە واتادا نییە، (بنیاتی ئاوەڵناو) ناوکۆیە لە شێوازی ڕەسمیدا (Swan, 1980:241).

(ت) هەردوو کارەکانی "کۆتایی/هاتن/هێنان و تەواوکردن" وەك کارە ئەسپێکتییەکان ڕەفتاردەکەن، و سەر بەو گروپەن، کە پێیان دەگوترێت پۆلی "begin"ی کارەکان. .

(ت) کۆتایهاتن و تەواوکردن دەکرێت وەك پێچەوانەی "begin" و "start" ڕەفتاربکەن، بەو واتایەی، کە مەودای سیمانتیکییەکەیان هاوبەشی لە وەستانی کردەوە، بارودۆخ و ڕووداوەکان دەکەن جگە لە سەرەتا.

(د) بە هەمان شێوە "end and finish تەواوکردن و کۆتایهاتن"، ئاماژە بۆ دوو شتدەکەن، نەك بۆ بەشی کۆتایی ناوك بەڵکو (دوا ئاوازی پارچەی مۆسیقا)، هەروەها بۆ بڕگەی کۆتایی ڕووداوەکان لە تەواوکەرەکانیاندا. .

(ج) ئەو دوو کارە لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن، بۆ نموونە کاری "end کوتایهاتن"، لێکدانەوەی ئەوە هەڵدەگرێت، کە بارودۆخی دیاریکراو بەردەوام دەبێت تا کۆتایی، واتە دەستپێکردن تا کۆتایی. کاری "تەواوکردن" جەخت لە سەر دوا خاڵی بارودۆخی دیاریکراو دەکاتەوە، کە دوای ئەوە چی دیکە بەردەوام نابێت. .

(چ) ئەو دوو کارە بە لای (Fowler, 1966)ەوە "کۆتایهاتن ended" لە باری پێرفێکتدا، پێچەوانەی باری پرۆگرێسڤە "beginning and begun و ending" لەوەدا هاوبەشن، کە نیشانە(نە)کراون، واتە پێوەندی نیشانە(نە)کراوی پێکیانەوە دەبەستێتەوە، و بناخەی خۆیان لە سەر هەمان فیچەری دیار داناوە. .

(ح) دەکرێت لە پاڵ کاری ئەسپێکتی "کۆتایهێنان"دا دەستەواژەی "بەبێ سەرەنجام" زیادبکەیت، بۆ نموونە، "لیژنەکە کۆبوونەوەکەیان کۆتاییپێهێنا (بەبێسەرەنجام)" لە کاتێکدا ئەوە لەگەڵ کاری ئەسپێکتی "تەواوکردندا" گونجاو نییە، چونکە لە باری بەکارهێنانی کاری "تەواوکرن"دا بارودۆخێکی سەرەنجامی تازە بەرهەمدێت، کە وەك ئەمری واقیع مامەڵەدەکرێت و بەردەوام دەبێت، بۆیە خوێنەر و گوێگر زیادتر سەرنجەکانیان لە سەر سەرەنجامی کۆبوونەوەکە چڕدەکەنەوە، نەك چاوەڕوانی کۆبوونەوەیەکی دی و دی و دیکە تا سەرەنجام بەدەستبهێنن، بۆیە لەو بارانەدا ناکرێت دەربڕینی "بەبێسەرەنجام" بۆ ڕستەیەکی وەها زیادبکرێت کە "تەواوکردن"ی تێدا بەکاردەهێنرێت.

(خ) زۆربەی زۆری بنیاتی سینتاکتیکی لەگەڵ کارە ئەسپێکتییەکاندا لە تەواوکەری ڕستەکان لە ڕێژەی چاوگ یان کاریدا دەبێت. کاری "کۆتایهاتن" بە پێی (Freed, 1979:126) وەك کارەکانی "دووبارەکردنەوە" و "تەواوکردن"، ئەو یاسایە بەدەردەخات، کە ئەو فۆڕمانە وەك دووەم ئەرگیۆمێنت مامەڵەدەکرێن و دەتوانێت تەنیا "ناوی وەرگیراو derived nominalو ژمارەیەکی دیارکراو لە primitive nouns وەك ئەرگیومێنتەکانی وەربگرێت. بە لای Freedەوە:

(1) باپیر و قادر گفتوگۆکەیان کۆتاییپێهێنا. .

(2) باپیر و قادر گفتوگۆکەیان تەواوکرد. (3)
باپیر و قادر گفتوگۆیان هەبوو. .

ڕستەکانی (1) و (2) هاوبەشی لە گریمانەی پێشەکی و دەستپێکردنی سەرەتای بارودۆخی نوێ دەکەن، Freed جیاوازی لە نێوان ڕستەی گریمانەی پێشەکی و بناخە، بناخەی پاشکۆ لە نێوان کارەکانی کۆتاییهاتن و تەواوکردن دەکات، بۆ نموونە، (١) گریمانەی پێشکاتی کارێك لەخۆدەگرێت، کە بە شێوەیەکی پراگماتیکی ئاماژە بۆ بەش یان چالاکی دیاریکراوی "گفتوگۆ"کە دەکات.

٢ . ٢ . 4: جیاوازی لە نێوان وەستان و دەستپێکردن

ئەو دوو کارە پێچەوانەی یەك ڕەفتاردەکەن، وەستان جەخت لەسەر کۆتایی بارودۆخ و دەستپێکردن لەسەر سەرەتای بارودۆخ دەکاتەوە، بۆ نموونە:

(أ) باپیر وەستا چی دیکە قۆپیە بکات. / باپیر لە قۆپیەکردن وەستا. باپیر قۆپیەی کردووە.

(قۆپیەکەرە/ نەرێتی)

(ب) باپیر لە نووسینی نامەکەی وەستا. لە نامە نووسین وەستا. باپیر خەریکی نامە نووسینبوو.

(خوێندنەوەی نا-نەرێتی)

لە هەر دوو ڕستەکەدا، بە ڕوونی پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە بکەر هەم قۆپیەکەرو هەم نامەی نووسیووە، جیاوازیی ئەو دووانە لەوەدایە، کە یەکەم خوێندنەوەی نەرێت بەخۆوەدەگرێت و دووەم نا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بە پێچەوانەی نامەنووسینەوە، دەشێت قۆپیەکردن زۆر دووبارە و سێبارەبێتەوە لە ژیانی کەسەکاندا. لە گەڵ کاری "دەستپێکردن"دا ئەو خوێندنەوەیە هەڵناگرێت، چونکە کاری ئەسپێکی "وەستان" جەخت لەسەر کۆتایی بارودۆخێك دەکاتەوە، کە لە باری ڕووکەشدا وا چاوەڕواندەکرێت جارێکی دیکە ڕونەداتەوە، "دەستپێکردن" جەخت لەسەر سەرەتای بارودۆخ دەکاتەوە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە و لە بنیاتی سیمانتیکی هەریەك لەوانە تێدەگەین، کە قسەکەر نیەتی چییە.

(پ) باپیر دەستیکرد بە جگەرەکێشان.

قسەکەر تەنیا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەوە حاڵەتە، لە ڕستەیەکدا بنیاتی سیمانتکی ئەو کارانە ئاشکرا دەکات. .

(ت) باپیر لە جگەرەکێشان نەوەستا/وازینەهێنا.

(د) باپیر دەستینەکرد بە جگەرەکێشان.

یەکەم خوێندنەوەی بەردەوامێتیی بکەر لەسەر کردەوەی جگەرەکێشان دەگەیەنێت، پێمان دەڵێت، کە بکەر بەردەوامە لەسەر جگەرەکێشان، جەختکردنەوە و پارێزگاریکردن لەسەر پێشبینی بنەڕەتی و سەرەکی لە ژێر کاریگەریی نەرێدا، وەك یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کارە هەقیقیەکان هەژماردەکرێت. ڕستەی (د) لە باری قووڵدا نەهی لە جگەرەنەکێشانی ناکاتەوە، گەرچی لە ئاستی ڕووکەشدا جۆرێك لە بۆچوونی نەخواردنی جگەرە دەکاتەوە، بۆ نموونە:

(أ) کارەساتی هەکاری کارەسات بوو بۆ کورد. ـ کارەسات بوو، کە باپیر کلیلی ماڵەکەی ونکرد.

(ب) کارەساتی هەکاری کارەسات نەبوو بۆ کورد. ـ ونکردنی کلیلی ماڵەکە کارەسات نەبوو بۆ باپیر. .

جەخت لە کارەساتبوونی هەکاری دەکاتەوە و پێمان دەڵێت هەکاری بەشێکە لە مێژوی کورد، چونکە لە واقیعدا ڕوویداوە، بەهای ڕاستی تەواوکەری یەقینی ئەو کارە ئەسپێکتانە، پێویستناکات لە ڕستەی نەرێدا پارێزگاریان لێبکرێت. .

(پ) (وا)چاوەڕوان دەکرێت، کە باپیر کلیلی مالەکەی ونکردبێت.

(ت) چاوەڕوانناکرێت کە باپیر کلیلی ماڵەکەی ونکردبێت.

ماڵەکە کلیلی هەیە، لە هەردوو باردا ونکرابێت یان نا، دەستپێکردن، وەك کاری یەقین ماماڵەناکرێت، بە پێچەوانەوە یەقینێتی کاری ئەسپێکتی "وەستان" دەکرێت بە هۆی ڕستەیەکی باوی وەك "ئایا وەستایت چی دیکە لە ژنەکەت بدەیت؟ "، یان کە گوێگر بەرەوڕووی پرسیار بووەوە، "لە لێدانی ژنەکەت وەستایت؟".

٢ . ٢ . ٥: کاری بەردەوامبوون و بەهای یەقینیەتی

کاری "بەردەوامبوونkeep" هەردوو تایبەتمەندییەکانی یەقینی و نا-یەقینی لەخۆدەگرێت، و بەکارهێنانەکانیشیان لە

نزیکەوە پێوەندییان پێکەوە هەیە، کە لەو ڕستانەدا بەرجەستەدەکرێت:

(1) باپیر لە کاژێر چواردا لەسەر کار بەردەوامبوو.

ڕستەی (1) خوێندنەوەی یەقینیی بەردەوامی وەردەگرێت، چونکە قسەکەر پێشبینی ئەوە دەکات، کە بکەرتا کاژێر چوار کاریکردووە، جگە لەوە هێماشە بۆ بەردەوامی کارکردنەکە لە دوای ئەو کاتەشەوە، بە پێچەوانەوە، لە (٢)دا:

(٢) باپیر لە کاژێر چواردا لە کارکردن بەردەوامنەبوو. .

بیرەکان لەسەر ئەوەن، کە بکەر لە پێش کاژێر چواردا، کاریکردووە، و کردەی کارکردن لە دوای چوارەوە وەستاوە، بۆیە دەبینی، کە (٢) جەخت لە سەر نا-یەقینیی بەردەوامی کارکردنەکە دەکاتەوە، و پێشبینییەك لە ئارادا نییە، کە کارکردنەکە بەردەوامبووبێت. .

لە زماندا ئاوەڵکارەکان لەو بارەوە دەکرێن بە دوو بەشەوە، بۆ نموونە، "ئاوەڵکاری خاڵی-کات"، کە جەخت لەسەر یەقینیی بەردەوامبوون دەکاتەوە، و "ئاوەڵکاری کاتی بەردەوام" جەخت لەسەر نا-یەقینیی بەردەوامبوون دەکاتەوە. دەکرێت ئاماژە بۆ تایبەتمەندیی زۆر باو و گشتیی پۆلەکاری دەستپێکردن بکرێتەوە، لەو بارەوە، (Kiparsky) ئەوە دەردەخات، کە کارە یەقینییەکان ڕێگە بە ناوی "fact" دەدەن تا تەواوکەری ڕستەیی "کە. کلۆز" لەخۆبگرن، یان ڕێژەیەکی کاری وا، کە بتوانێت شوێنی، "کە.کلۆز" بگرێتەوە، بۆ نموونە:

(1) کە سەگەکە بە درێژایی شەو بوەڕێت، کارەساتە، کارەساتە سەگەکە بە درێژایی شەو بوەڕێت.

(2) ئەو هەقیقەتەی، کە سەگەکە بە درێژایی شەو بوەڕێت، کارەساتبوو.

(3) هەقیقەتی وەڕینی سەگەکە بە درێژایی شەو کارەساتبوو.

(Kiparsky, 1971-256) تەنیا لیستی ئەو کارە یەقینانە دەگرێت، کە دەتوانن ف.ناوی سادە وەك بکەر ووەربگرن:

(4) ئەو هەقیقەتانە بەسوودن.

(5) نازەنین ناوێزەیە.

(6) پاڵەوانەکە کارەساتە.

(7) یارییەکە زۆر سەرنج بزوێنە/خۆشە.

(8) ئەو سەرچاوەیە پێوەنیدارە.

٢ . 3: نەریت و نەرێ و ئاوەڵناو لە تێنسی کارە ئەسپێکتییە کوردییەکاندا

٢ . 3 . 1: نەریت

کاتەگۆریی نەریت بە واتای دووبارەوەبوونەوە "iterative" دێت، کە وەك پێوانەیەکی گونجاو سەبارەت بە گەیاندنی نەریت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، مەبەست لە دووبارەبوونەوە، ئەوەیە، کە شتێك زیادتر لە جارێك ڕوودەدات، بەڵام ئەوە بۆ خوێندنەوەی نەریت بەس نییە، چونکە ئەگەر ئەو دووبارەبوونەوە بەردەوام و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و دەستوری نەبێت، ئەوە ناگەیەنێت، کە بە شێوەیەکی لۆجیکی پێوەندیداربێت بە نەریتەوە، نەریت لە زمانەکاندا لەگەڵ ئاوەڵکاری "عادەتەن"، واتە بە شێوەیەکی ئاساییدا گونجاوە و لە دیاریکردنی چەندیەتی، و لە مەودای هەلومەرج و کاتی دیاریکراودا، کە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا یان بەهۆی دەقەوە دەدرێت، بۆ نموونە:

(أ) ئازاد ئارەق دەخواتەوە. ئازاد ئارەقخۆرە، ئیمپێرفێکڤ وەسفی ڕەفتاری بەردەوام و هەقیقی دەکات.

(ب) وا ئازاد ئارەق دەخواتەوە. مەرج نییە ئارەقخۆر بێت، پرۆگرێسڤ وەسفی ڕەفتاری کاتی دەکات.

(پ) ئازاد ئارەقی دەخواردەوە. ئارەقخۆربوو، بنیاتی ئەسپێکتی پرۆگرێسڤ لە ڕابوردودا نەریت لەخۆدەگرێت.

ئیمپێرفێکت لە بنیاتی سیمانتیکی خۆیدا واتای نەریتی هەڵدەگرێت، چونکە لە لایەکەوە بەردەوامی دەگەینێت و لە لایەکی دیکەوە وەسفی هەقیقەت دەکات وەك لە (أ)دا بەدەردەکەوێت، هەمان فۆڕمی ئیمپێرفێکتی ڕانەبردوو لە (ب)دا لە ژێر کاریگەریی "وا/ئێستا" دا، کە بەرانبەر بە "-was/were/are/is -ing"ی دەوەستنەوە، فۆڕمەکە وەك پارافرێز پێشاندەدرێت، بۆیە، بنیاتی سیمانتیکی ڕانەبردوو بەردەوامیی گشتێتی لەدەستدەدات، لە (پ)دا تایبەتمەندیی زمانی کوردی پیشاندەدات، لەوەدا، کە فۆڕمی ئەسپێکتی پرۆگرێسف لە ڕابردوودا، لە بنیاتی سیمانتیکی خۆیدا بە شێوەیەکی دیار و نادیار نەریت هەڵدەگرێت، هەر بۆیە لەگەڵ ئەو جۆرە ڕستانەدا دەکرێت ئاوەڵکارەکانی وەك "ئێواران، ئاسایی، هەمیشە و... بەکار بهێنرێن.

٢ . 3 . 2: کارە ئەسپێکتییەکان لە بنیاتی نەرێدا

بە شوێن (Freed, 1979)دا، گرفتێکی دیکە لەگەڵ "بەندە نادیارەکان"، دیاری دەکات کە لەسەر بناخەی گریمانەی پێشکات بیناکراون، تاقە گرفتێك لەگەڵ ئەو نموونانەدا ئەوەیە، کە کاتێك تاقیکردنەوەی نەرێنی بۆ گریمانەی پێشکات لە ڕستە سەرەنجامییەکاندا بەکاردەهێنرێت دوو خوێندنەوەی چاوەڕوانکراو وەردەگرێت، بۆ نموونە، کاتێك کاری "کۆتایهێنان" نەرێدەکرێت، گریمانەی پێش کاتییەکە بەردەوام وەك خۆی دەمێنێت، هەروەك چۆن لە ڕستەی ئەرێنییەکەدا بەردەوامبووە، (وەك ئەوەی کە پێویستە بۆ ئیسپاتکردنی هەبوونی گریمانەی پیشکات لە ڕەزامەندیشدا) لە کاتی نەرێکردنی ڕووداوی-تاوی، خوێندنەوەکە جیاوازە:

(١) باپیر کۆتایی بە شەڕی یەکساڵەی لەگەڵ قادر نەهێناوە.
باپیر لەگەڵ قادر لە شەڕدابووە. .

سەرەنجامەکە وەك "چوارچێوەی لێلی" ئاماژەی بۆکراوە، گرفتەکە لەگەڵ "کوتایهێنان"دا ئەوەیە، کە پێویستی بە فۆڕمی ئەرگیومێنتی ناوی هەیە و "گریمانەی پێشکاتەکان"یش جۆرێکن لە لێکدانەوە و بناخەی خۆیان لەسەر زنجیرەیەك بنەما، لەوانە، پراگماتیك، باری سەرنج و تێڕوانینی قسەکەر، فەلسەفی، لۆجیکی یان پێوانەی زمانی لە دەربڕینەکاندا داناوە، جگە لەوانە پێوەندیی لە نێوان بەندە دیاریکراو و نەکراوەکان لە ئینگلیزیدا بۆ ئەوانەش، کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کراوە.

دواتر (Freed) ئاماژە بۆ جیاوازی لە نێوان سەرەنجامی بەکارهێنانی "کۆتایهێنان" یان "تەواوکردن" دەکات لە سەر بنەما و بناخەی جیاوازیی پارافرێزەکانەوە، کە دەتوانرێت ڕاستەوخۆ هاوبەشی لە ---و بە هۆی ---- دوە بکات، و پێوەندیی نیشانەکردنەکانیان ڕوونبکرێتەوە:

(أ) گفتوگۆکانی باپیر و قادر چی دیکە ڕوونادەن. .

(ب) گفتوگۆکانی باپیر و قادر کۆتاییيان پێهات. .

بە لای (Freed)ەوە ئەوەی ناڕوونە لە نێوان (أ) و (ب)دا، ئەو لێکدانەوەیە، کە پێویستە هاوبەشی لە دەربڕینی "گفتوگۆکە کۆتاییپێهات"دا بکات، ئاڵۆزی و ناڕوونی ڕستەکە پێوەندیی بە جیاوازیی سیمانتیکی لە نێوان (أ) و (ب) هەیە. لە سەرەنجامی (أ) و (ب)دا هەندێك جیاوازیی دیار و بەسوود لە نێوان "تەواوکردن" و "کۆتاییپێهێنان" دا هەیە، سەرەنجامێك بە شێوەیەکی "تەواو" پێچەوانەی سەرەنجامی "کۆتایهێنانە" ئەو دوو ڕستەیە بەوە لێکجیادەبنەوە، کە فۆڕمی "تەواوکردن . finish"وەك فۆڕمی نیشانەکراو و "کۆتایهاتن" نیشانەنەکراو مامەڵەدەکرێن، یەکەم باس لە بارودۆخی داخراو و دووەم لە بارودۆخی کراوە دەکەن:

(أ) باپیر خوێندنی تەواوکرد.
خوێندنەکەی باپیر تەواوکراوە. خاوەنی بڕوانامەیە

(ب) باپیر کۆتایی بە خوێندنەکەی هێنا.
خوێندنەکەی باپیر کۆتاییپێهات. خاوەنی بڕوانامە نییە

لە (أ)دا "تەواوکردن" بەرکاری ڕاستەوخۆ وەردەگرێت، بەرکاری ڕاستەوخۆش بەوە جیادەکرێتەوە، کە کاریگەریی ڕووداوەکەی دەکەوێتەسەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ سەرەنجامێکی بەرچاو و دیارە، بۆیە فۆڕمی ئەو کارە بەرکارێك وەك سەرەنجامی موجەڕەد وەردەگرێت، وەك نیشانەکراو مامەڵەدەکرێت، بۆیە دەکرێت لە (أ) زیادەیەکی وەك "لە فیزیادا" وەربگرێت، و بنیاتە سیمانتیکییەکەی لەگەڵ دەربڕینێکی وەك "بەبێسەرەنجام" نەگونجێت. "کۆتایهێنان" تەنیا لەگەڵ بەرکاری ناڕاستەوخۆدا گونجاوە و دەربڕینێکی وەك "بەبێئەنجام" وەردەگرێت، بۆیە فۆڕمی کاری "کۆتاییپێهێنان" وەك "نیشانەنەکراو" مامەڵەدەکرێت. جیاوازی لە نێوان نیشانەکراو و بە پێچەوانەی فۆڕمی نیشانەنەکراوی-بێلایەن زیادتر لە وەسفەکانی (Freed)دا دیارن، بە تایبەت لە وەسفی واگەیاندنی سەرەنجامەکان بە فۆڕمی کۆتایهێنانی نیشانەنەکراودا.

(Freed, 1979:129) دەڵێت: کە ناوی چالاکی ئەو ڕووداوەی باسی لێوەدەکرێت و ناوی دەبرێت، لە پرۆگرێسڤدا بووە/دەبێت. سەرەنجامی ئەو ڕستانەی، کە کاری "کۆتاییپێهێنان"یان تێدایە، (1) "کۆتایهێنان" پێشنیازی ئەوە دەکات، کە "ڕووداوەکە" لە مەودای ناوی کردەوەکە کۆتایی پێهاتووە، و بەرەنجامی زیادەکە، کە بە هۆی ڕستەکەوە دەگەیەنرێت و زیادەیەکی وەك "بەبێسەرەنجام"، وەردەگرێت بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە کردەوەکە دەکرێت جارێکی دیکە لەو شوێنەی لێی وەستاوە دەستپێبکاتەوە. (2) بە

پێچەوانەوە، کاری "finish تەواوکردن" تەنیا پێشنیازی ئەوە ناکات، کە چالاکییەکە هیچی دیکە ڕونادات، و بەرەو کۆتایی و سەرەنجامێکی دیاریکراو و دیار بڕاوە، و وەك باروودۆخێکی جێگیر کاریپێدەکرێت، "باپیر خوێندنی تەواوکرد" کار بە سەرەنجامی تەواوکردنی خوێندنەکە دەکرێت. بەو جۆرە کۆتایهێنان ئاماژە بۆ بەشی کاتی کۆتایی ناوکی ڕووداوەکە دەکات، کە ناوی هاتووە لە تەواوکردنەکەیدا لەکاتێکدا کاری "finish" ئاماژە بۆ دوا ئاوازی ڕووداوەکەی دەکات.

ڕستە و پارافرێزەکان هەرگیز هەمان شت ناگەیەنن، پارافرێزەکان هاوبەشی لە واگەیاندندا دەکەن، لە کاتێکدا سەرەنجامی ڕستە بنچینەییەکان هاوبەشی لە کێڵگەی سیمانتیك یان تایبەتمەندیەتیی ئەسپێکتی لە مەودای کێڵگەی سیمانتیکیدا دەکەن. ڕاستییەکی دیکە، کە Freed, (1979:129) بە نموونە دەیهێنێتەوە، تا جەخت لەسەر ئەوە بکات کە "کۆتایهێنان" ئاماژە بۆ بەشی کۆتایی کات دەکات و "تەواوکردن" ئاماژە بۆ ئاوازی کۆتایی بارودۆخەکە دەکات:

(أ) لە دوای چەندین کاژێر لە مشتومڕ بڕیاریان لەسەر کۆتایی هێنانی گفتوگۆکەدا.

گریمانە: گفتوگۆی دیاریکراو کۆتاییهات، بەڵام پێویست نییە تەواوکرابێت، و سەرەنجامی کۆنکریتی بەدەستهاتبێت.

(ب) دوای چەندین کاژێر لەمشتومڕ ڕێککەوتن تا گفتوگۆکە لە کاتێکی دیکەدا تەواوبکەن. .

گریمانە: ئاماژەکردن تایبەتە بە "coda" واتە ئاماژە بۆ ئاوازەی کۆتایی یان کۆتایهێنانی ڕووداوەکە دەکات، ئەوە لە ڕستەکاندا لەشوێنی یەکدی بەکارناهێنرێن. "کۆدە"، بریتیە لە پارچەی ڕووداوێك، کە لە سروشتدا جیاوازە لە "ناوك"، و بەشێك لە ناوکەکان پێکناهێنێت. واتە، بەشێکی کاتی جیای ڕووداوێکە و ئەرکی ئاماژەکردن بۆ خودی "تەواوکردنی" دیاریکراو و "کۆتایهاتنی" ئەو ڕووداوە دەبینێت. لە (ب)دا کاتێك، کە پێشنیازی تەواوکردنی گفتوگۆکە لە کاتی دیکەدا دەکرێت، ئەوە تێدەگەین، کە هەندێك جۆری چالاکی دیکە، جیاواز لە گفتوگۆکە وەك ئەوەی لە پڕۆگریسف/گەشەکردندابێت، دەشێت لە کاتی دواهەمیندا جێبەجێبکرێت. تەواوکردنی گفتوگۆ، لە کاتی دیکە، دوای کاتی ئێستا جێبەجێ بکرێت، دەکرێت بە شێواز و لە فۆرمی ڕستەی جیاوازی دیکەدا گوزارشتی لێبدرێت.

(پ) لە دوای چەندین کاژێر لە مشتومڕ، بڕیاریاندا بەردەوابن لە گفتوگۆکە.

(ت) لە دوای چەندین کاژێر لە مشتومڕ، بڕیاریاندا گفتوگۆکە بوەستێنن. (تا کاتێکی دیکە)

بە لای (Freed)ەوە، ڕستەی "کۆتایهێنان"، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەکرێت هەردوو "گفتوگۆ"کە و ئەو ماوەیەی، کە گفتوگۆکەی تێدا ڕوودەدات دوابخرێت، لە ڕستەیەك، کە بە "تەواوکردن" ئاماژە بۆ چالاکییەکە دەکات، دەکرێت پێی بگوترێت، گفتوگۆیەك بۆ داخستن.

(د) باپیر نامەکەی کوتاییپێهێنا. پێش ئەوەی تەواوی بکات / باپیر نامەکەی تەواوکرد.

ئامادەیە بۆ ناردن.

(ج) نازەنین کۆتایی بە ڕستەکە هێنا. پێش ئەوەی تەواوی بکات / نازەنین ڕستەکەی تەواوکرد.

بزانە مەبەستی چییە؟

(چ) ئارام کۆتایی بە گۆرانییەکە هێنا. نەمانزانی کۆپلەی کۆتایی چییە ؟ / ئارام گۆرانیەکەی تەواوکرد. جا ڕۆیشت.

بنیاتی سروشتی کاری "تەواوکرن" لە ڕستەکانی سەرەوەدا زیادتر بۆ "سروشتی ئەسپێکتی ناوەکان" دەگەڕێتەوە، و جیاوازە لە بنیاتی سیمانتیکی "کۆتایهێنان"، سروشتی ئەسپێکتی ناوەکان وەك ئەرگیومێتی ڕستەکان ڕۆڵ دەبینن. .

(ح) لە نیوەی ڕێگادا باپیر کۆتایی بە گۆرانییەکە هێنا. پێڕا نەگەیشت کۆپلەی کۆتایی بڵێت

(خ) لە نیوەی ڕێگادا باپیر گۆرانییەکەی تەواوکرد. هیچی دیکەی نەما بیڵێت

لە (ت)دا پێشبینی نەگەیشتن بە مەبەستی تێدا دەخوێنینەوە، لە (چ) بێ دوودڵی پێشنبینی تەواوکردنی گۆرانییەکە دەکرێت. جیاوازی لە نێوان "کردەوە" و "سەرەنجام" لەوەدایە، کە گەیشتن و نەگەیشتن بە مەبەست لە ڕستەی دواتردا دەبینرێت.

٢ . 3 . 3: کاری ڕووداو و ئاوەڵناوی ئەسپێکتی

کارە ڕووداوەکان، بریتین لەوانەی کە جەخت لەسەر هەبوون یان ڕوودانی پێوەندیی ناوەرۆکەکانیان دەکەنەوە، ئەو پۆلە کارە دەستەیەکن، کە تایبتمەندیی ئایدۆمی لەخۆدەگرن، بۆنموونە، "ڕوودانhappen"، "دەرکەوتنoccur"، "بوون بە turn out-be"، "بەجێهێشتن/دەرچوونexist"، "دەربڕین come" to pass، "ڕوودان take place". ئاوەڵناوی ئەسپێکتیش ئەوانەن، کە جەخت لەسەر باری سەرنج یان هەڵسەنگاندنی ناوەرۆك یان چاوەڕوانکردنی ڕووداوەکانیان دەکەنەوە. ئەو پۆلە کارە، کە ئەندامەکانیان دەشێت هەقیقی یان نا هەقیقی بن و ئاستی ڕووکەشی ئاوەڵناوەکان لەخۆدەگرن، بە جۆرێک گرنگیsignificant ، ناوێزە exciting،odd خرۆشان و وروژاند ، شیان likely, چاوەڕوانکردن/بە تەمابوونpossible ، ئیحتیماڵ، گونجان، ڕاستtrue ، هەڵەfalse... نیشاندەدەن، ئاوەڵناوە ئەسپێکتییەکان تایبەتمەندیی سینتاکتیکیان هەیە، کە لە نێو خۆیاندا بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازن، لەکاتێکدا ئەوانەی وەك کاری ئەسپێکتی پیشاندەدرێن، و مامەڵەدەکرێن، ئەندامانی هەر گروپێك لەوانە جیاوازن لە ئەوەکەی دیکە، لە بواری تایبەتمەندیی سینتاکتیکییەوە، بە شوێن (Newmeyer, 1975:12-75)دا بەراوردێك لە ئینگلیزی و کوردیدا، لە مەودای ئەو دوو پۆلە کارە دەخەینەڕوو، ڕوودان، چاوەڕوانکردن/بە تەمای ڕوودان، وەك نموونە لەو دوو پۆلە کارە ئەسپێکتییە وەردەگرین:

1. دەبێت ئەوە ڕووبدات، کە قادر نازەنین بێزاربکات.
2. ئەوە ڕوویدا، کە قادر نازەنین بێزاربکات. (قادر نازەنینی بێزارکرد).

هەردوو ڕستەکە هەمان واتا بەخۆوەناگرن بە تایبەت لە جۆری تیشك خستنەسەردا جیاوازن، و هۆکارەکەشی بۆ پێشکەشکردنی سیمانتیك و بنیاتی باری سەرەوەی دەربڕینەکان دەگەڕێتەوە، لە یەکەمدا خوێندنەوەی مۆداڵ و لە دووەمدا پێرفێکتیڤ وەردەگرن، چاوەڕوانکردن likely و هاوەڵەکانی وەك کاری تێنەپەڕ، کە بە شاراوەیی و لە بنیاتی دوور بکەر لەخۆدەگرێت، لە ڕستەکانی خوارەوەدا، ئەوە دەردەکەوێت، کە کارەکان ئاوەڵناوەکان دیاری دەکەن:

3. کە قادر نازەنین بێزاردەکات چاوەڕوانکراوە.
4. چاوەڕوانکراوە قادر نازەنین بێزاربکات.
5. ئەوە چاوەڕوانکراوە کە قادر نازەنین بێزاردەکات. -

بە لای (Lakoff, 1970:a)ەوە بنیاتی باری سەرەوەی ئاوەڵناوەکان سەر بە کاتەگۆریی کرۆکی "کارەکانن"، واتە بە شێوەیەکی ژێرخانی وەك سەرەی کارەکان ڕەفتاردەکەن، لەبەرئەوە جیاوازی لە نێوان ئاوەڵناو و کارەکان لە زمانی ئینگلیزیدا، دانەیەکی تا ڕادەیەك ڕووکەشییە، بیرەکانی لە لایەن (Ross, 1969a:352)ەوە کورتکراونەتەوە، بەو شێوەیەی لای خوارەوە، لە (Newmeyer, 1975: 14)ەوە، ڕوندەکرێنەوە:

(1) کاری تێپەڕ هەن بە وێنەی "هێنانbring"، "پشتبەستن بە depend on"، "باوەڕکردن بە trust to" و کارە تێنەپەڕەکان وەك "نوستنsleep" ، "هەڵاوسانbillow"، "دوورکەوتنەوە لە elapse"، بە هەمان شێوە، ئاوەڵناوی تێپەڕیش هەن، بۆ نموونە، "دۆزینەوە لە"، "تووڕە بوون لە"... و هەروەها. و ئاوەڵناوی تێنەپەڕ. بۆ نموونە، "مردوو، سوور، و نابەجێ". .

(2) هەندێك کار بە وێنەی "زانینknow"، "هیوا خواستنhope"، "خوێندنەوە read"، هەموو ئەوانە پێویستییان بە بکەری ئاژەڵی هەیە، "شەق" پێویستی بە بکەری مرۆیی و "لەقە" پێویستی بە بکەری ئاژەڵی هەیە، لە کاتێکدا کارەکانی دیکە، بۆ نموونە، "elapse پێدراڕۆیشتن/تێپەڕبوون، بەسەرچوون، واگەیاندن entail، درێژبوونەوە بە ژێردا subtend، و هەروەها"، پێویستیان بە بکەری ئاژەڵ نییە.

(3) "بازدان، تێهەڵدان، بیناکردن"، دەتوانن لە ڕستەی فەرمانیدا بەکاربهێنرێن، بەڵام هی دیکە، بۆ نموونە، "لەیەکچوون، وەرگرتنی میرات، گومانکردن، و..." نا، دەگوترێ "بازبدە" بەڵام ناگوترێت "لە دایکت بچۆ!". هەندێك ئاوەڵناو، بۆ نموونە، "بەئەدەب، ڕاستگۆ، مەعقوڵ"، دەتوانن لە فەرماندا بەکاربهێنرێن، بەڵام "تاریك، قەڵەو، سکپڕو..." نا. دەگوترێت "بە ئەدەب بە!" بەڵام "تاریك بە!" نا. .

## .3 ئەنجامەکان

**پوختەی ئەنجامە هەرە درشت و بەرچاوەکانی توێژینەوە لە کـارە ئەسـپێکتییەکان لە زمـانی کوردیـدا، لەم چەنـد خاڵەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت:**

(١) تایبەتمەنـدیەتیی گروپێکـی کـارن لە زمانـدا بە شـێوەیەکی دیـارو جیـا ڕەفتـاردەکەن، بە جۆرێـک بـڕیتین لە دەسـتەیەك لە کار، کە دەتوانرێت بە ڕێگەیەك یان یەکێکی دیکە لە ڕەفتارو تایبەتمەندیەتیی کارەکانی دیکە جیابکرێنەوە، ئەوەش بە پێی سروشتی زمانی ژێر توێژینەوە دیاری دەکرێن.

(٢) ئەو گروپە کارانە لە لایەن (Freed, 1979)ەوە لە زمـانی ئینگلیزیـدا توێژینەویـان لە بـارەوە کـراوە، کە وەك "نیشـاندەر" ڕەفتـاردەکەن، هەریەك لەوانە ئامـاژە بـۆ دانەیەك یـان یەکێکی دیـکە لە بەشـەکانی ڕووداوەکە دەکـات، کە لە تەواوکەرەکانیاندا ناوبراوە.

(٣) لە هەر زمانێکـدا لە نێویانـدا زمـانی کـوردی، کـارە ئەسـپێکتییەکان ئەو کارانەن، کە ڕسـتەی تەواوکەری لەگەڵ ناو و ناوە سـەرەتاییەکان وەك بەرکارەکانیان وەردەگرن.

(٤) کارە ئەسـپێکتییەکان، وەک نیشـاندەرو ئاماژەکەر ڕەفتـاردەکەن، و هەریەکەیـان ئامـاژە بـۆ بەشـێکی ڕووداوێکی دیـاریکراو دەکـات، بە شـێوەیەک واتاکەیـان ئاماژە بـۆ جـۆرێکی تایبەت لە بارودۆخ زیادتر لە یەکێکی دیکە دەکات.

(٥) کـارە ئەسـپێکتییەکان وا دەبینـرێن وەك ئەوەی، جەختکردنەوە و باری سـەرنج لە بارەی بارودۆخی دەربڕراوبن، کە دەکرێـت بگوترێـت ڕاسـتەوخۆ جەخـت لە سـەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی بارودۆخەکان دەکەنەوە.

(6) ئەسپێکت تێڕوانینی قسـەکەریان نووسـەرە بـۆ کـردەوە، یـان بـارودۆخی باسـکراو، دیـاریکردنی تایبەتمەنـدیی کارە ئەسپێکتییەکانیش لەسەر بنەما و بناخەی واتا دەکرێت.

## .٤ سەرچاوەکان


1. Anderson, J. (1971). The Grammar of Case: Towards alocalistic theory. Cambridge University press.
2. Bache, C. (1982). Aspect and Akctionsart: Towards a SWmantic Distinction. Hornal of Linguistic 18, 57-72.
3. Bache, C. (1997). Thre Study of Aspect, Tense, and action. Peter Lang.
4. Bolinger D. (1977). More on the Present Tense in English: in Language
5. chomsky, N. (1965). Aspects of the Theory of Syntax. Cambridge, Mass: The Mit Press.
6. Comrie, B. (1976). Aspect An Introduction to the Study of Verbal Aspect and Related Problem. Cambridge. Combridge Univesity Press.
7. Dahil, O. (1985). Tense and Aspect System. Oxfoerd and New Yor, Blackwell.
8. Farahani, Ali Akbar K. (1990). A Syntactic And Semantic Study of The Tense And Aspect System of Modern Persian. The University of Leeds, The Department of Linguistics and Phonetics.
9. Forsyth. J (1970). A Grammar of Aspect: Usage and Meaning in the Russian verb. Cambridge University Press, pp. xiii, 386.
10. Fowler, R. (1966) (ed.), Essays on Style and Language. London: Routledge & Kegan Paul, pp. ix + 188.
11. Freed, A. F. (1979) The Semantics of English Aspectual Complementation. D. Rediel publishing Company, London : England.
12. Herman, W. (1976). The expression of future time in contemporary British English. Amsterdam: North-Holland.
13. Holt, J. (1943). Etudes d 'aspect, Universite d' Aarhus. Acta Jutlandia 15. Holvoet A. pp. 1 – 9.
14. Huffman, A. (1989b). Teaching the English Tenese. CUWPl, 10, 1 – 65.
15. Keenan, Edward L. (1971). Studies in Linguistic Semantics. Holt, Rinehart and Winston. Unicersity of Pennsylvania.
16. Kiparsky, p. & Carol kiparsky (1971). "Fact" in D. D. Steinberg and Leon A. Jakobovits (ed.) Semantics, Cambridge University press.

17. Lakoff, G. (1970a). on Generative Semantics Things. University of Chicago

18. Lyons, J. (1977). Semantics I-II. London, Cambridge & New Yourk: Cambridge Univesity Press.

19. Newmeyer Frederick J. (1975). English Aspectual verbs. University of Washington.

20. Perlmutter David M. (1966). The Tow Verbs Begin. Waltham, Massachusetts

21. Porzig, W. (1927). Zur Aktionsart indogermanischer prasensbildungen in indogermanische Forschungen. 45s. 152 ff.

22. Rosenbaum, P. S. & Jacobs, R. A. (1968) English Trasformtional Grammar. Waltham: Mass, Blaisdell Pub. Co., pp. X+ 294.

23. Ross, John R. (1969). Auxiliaries as main verbs. In W. Todd (Ed.), Studies in philosophical linguistics (Series 1). Evanston, IL: Great Expectations Press.

24. Ruhl, C. (1968). A study in Lingustic Semantics. State university of New Yourk press, Albany.

25. Smith, C. S. (1983). A theory of Aspectual choice. Linguistic Society of America. Vol. 59, NO. S. pp. 479 – 501.

26. Swan, M. (1980). Practical English usage. Oxford University Press, Oxford.

27. Tobin Y. (1993). Aspect in the English Verb. Process and Rusult

28. Wierzbicka, A (1988). The Semantics of Grammar. John Benjamins Company, Amesterdam/ Philadelphia.

29. Windfuhr, G. L. (1979). Persian Grammar – History and State of its study. Mouton Publishers, the Hague. Paris. New Yourk.

هەواڵنامەی کتێب

Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.19633

# گرفتە کۆمەلأیەتییەکانی خێزانی سزادراوان

## لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانییە لە بەڕێوبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی

**هیوا یاسین محمد , عمر ئەنوەر کریم**

[1]زانکۆی سلێمانی ، سکوڵی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی کۆمەڵناسی

[2]زانکۆی گەرمیان ، کۆلیژی پەروەردە، بەشی مێژوو

***Article Info***

Received: August, 2019

Revised:August,2019

Accepted: August ,2019

***Keywords***

خێزانی سزادراوان،

لێکۆڵینەوەي کۆمەلاَیەتی ،

بەرِيَوبەرايەتی ضاکسازی ذنان و

مندالاَنی سليَمانی

***Corresponding Author***

aso.subhan@garmian.edu.krd

**پوختە**

کۆمەلأیەتیانە ئەنجامدراوە کە ڕووبەڕووی خێزانی سزادراوان بۆتەوە ،دوای بەندکردنی یەکێك لە ئەندامانیان بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێکەوە.ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی گرفتە کۆمەلأیەتییەکانی خێزانی ئەو سزادراوانەیە کە لە بەڕێوبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان بەندکراون،هەروەها زانینی جۆری گرفتەکانیان و هۆکاری گرفتەکانیان و ڕۆڵی کەسوکار و دەزگا و ڕێکخراوەکان لە چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەلأیەتییەکانیاندا . گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە دەتوانێت خێزانی سزادراوان هۆشیاربکاتەوە بۆ زانینی مافەکانیان لەڕووی چاودێری و خزمەتگوزارییەوە،هەروەها دەکرێ ئەنجام و ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە سودی هەبێت بۆ ئاوڕدانەوەی زیاتری دەزگا حکومی و نا حکومییەکان لە توێژی خێزانی سزادراوان. لەم توێژینەوەدا توێژەران میتۆدی ڕووپێویی کۆمەلأیەتی و بەراوردکاریان بەکارهێناوە،لە نمونەی توێژینەوەکەشدا نموونەی مەبەستدار بەکارهاتووە،کە لە کۆی (72) خیزانی سزادراوان (20) خێزانیان وەرگیراوە.لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانیشدا فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن وتێبینی بەکارهێنراوە،ئەو ئامرازە ئامارییانەش بەکارهاتوون، بریتین لە ڕێژەی سەدی،ناوەندی ژمێرەیی،لادانی پێوەری.

گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەشتووە بریتین لە:

1- پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی خێزانی سزادراوان ڕووبەڕووی چەند گرفتێکی کۆمەلأیەتی بۆتەوە،لەوانە لاوازی پەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکان،گرفتی ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردنی خێزان،نەمانی متمانە لە شوێنی کارکردنیان.

2- پێگە وسەنگی خێزانی سزادراوان لە نێو کەسوکار و دراوسێ وشوێنی کار لاواز بووە.

3- دۆخی ئابوری خێزانی سزادراوان لە ئاستێکی خراپدایە،چونکە سەرۆك یان سەرپەرشتیاری خێزانەکەیان بەهۆی بەندکرنەوە لەدەستداوە،کە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی خێزانەکەیان بووە.

4- خێزانی سزادراوان لە لایەن دەزگا و ڕێکخراوەکانەوە یارمەتی پێویست نەدراون لە ڕووی مادیی و مرۆییەوە .

.

## بەشی یەکەم/ چوارچێوەی توێژینەوە

### تەوەری یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوە

**یەکەم / گرفتی توێژینەوە:**

ئەگەر سزای تاوانباران و زەوتکردنی ئازادی ئەوانەی تاوانی دژ بە تاکەکانی کۆمەڵگە ئەنجام دەدەن پێویست بێت بۆ چاکسازی تاوانباران و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا، ئەوا بە دڵنیاییەوە چاودێریکردنی خێزانی سزادراوان ئامانجێکی مرۆییە و ڕەنگدانەوەی ئەرێنیشی دەبێت لەسەر سزادراو بۆ باشتر وەرگرتنی پرۆسەی چاکسازیدا، چونکە ڕوانینی بۆ کۆمەڵگە دەگۆڕێ،کاتێ دەبینێ بە باشی چاودێری خێزانەکەی دەکەن و لە هەڵوەشان و لەناوچون دەیپارێزن .بەڵام ئەگەر کۆمەڵگا و دەزگا پەیوەندیدارەکان وەك پێویست چاودێری خێزانی سزادراوان نەکەن یاخود بە تەواوی پشتگوێیان بخەن،ئەوا لەیەك کاتدا کاریگەری نەرێنی لەسەر سزادراو و خێزانەکەشی دەبێت و ڕووبەڕووی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی وئابوری دەبنەوە.

ئەوەی دەبینرێت لە کوردستان و پارێزگای سلێمانی بە تایبەت،خێزانی سزادراوان بەهۆی چاودێری نەکردنیان لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە ڕووبەڕووی زۆر گرفتی کۆمەڵایەتی بونەتەوە، لەوانە"لاوازبوونی پەیوەندییە خێزانییەکان،کێشەی ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردنی خێزان،جیابونەوە، ڕووبەڕووبونەوەی لەکەی کۆمەڵایەتی، نەمانی متمانە..." بۆیە لەم توێژینەوەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو گرفتە کۆمەڵایاتیانەی کە ئەو خێزانانە ڕووبەڕووی بونەتەوە، بەهۆی بەندکردنی یەکێ لە ئەندامانی خێزانەکەیان و بێ باکی حکومەت و کۆمەڵگا لە پاراستن و چاودێریکردنیان،یاخود نەبوونی دەزگاییەکی تایبەتمەند بۆ هاوکاری کردنی ئەم خێزانانە لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی یەوە.

**دووەم / گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی دان بە خێزانی سزادراوان بە پێویستەیەکی لە پێشینە دادەنرێت بۆ پاراستنی ئەو خێزانانە لەوە گرفتانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە دوای بەندکردنی ئەندامێکیان لە دامەزراوە چاکسازییەکاندا،هەروەك هەنگاوێکیشە بۆ بەدەنگەوەهاتنی دامەزراوە فەرمی و نا فەرمییەکان لە چارەسەرکردنی گرفتەکانیان.لە سۆنگەیەوە دەتوانین گرنگی توێژینەوەی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی سزادراوان لەم چەند خاڵدا کۆبکەینەوە:

1- لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەوە گرنگترین ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانە دەخەینەڕوو، کە خێزانی سزادراوان ڕووبەڕووی دەبنەوە لەماوەی سزادانی ئەندامی خێزانەکەیان.

2- ئەم توێژینەوە سودی دەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی خێزانی سزادراوان لە زانینی مافەکانیان لەڕووی خزمەتگوزاری و چاودێری کردنەوە ،هەروەها بۆ بەرپرسانی دامەزراوەی چاکسازی بۆ زیاتر بەدەمەوەچونی ئەو خێزانانە لە چارەسەرکردنی گرفتەکانیان.

3- هەروەك دەکرێ سودی هەبێت لە کردنەوەی دەزگایەکی تایبەتمەند بە چاودێری و یارمەتیدانی خێزانی سزادراوان بۆ یەکەم جار لە کوردستاندا،هەروەکو چۆن لە هەندێ لە وڵاتانی پێشکەوتوو بوونی هەیە.

4- ئەو داتاو ئامارە زانستیانەی لەلایەنی پراکتیکی ئەم توێژینەوەدا دەخرێتەڕوو سودی دەبێت لە تێگەیشتن لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو خێزانانەو یارمەتی دانیان لەلایەن دەزگا تایبەتمەندەکانەوە.

5- ئەنجام و ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە سودی دەبێت بۆ ئاوڕدانەوە لەم توێژەی کۆمەڵگا، کە زۆر کەم ئاوڕیان لێ دراوەتەوە.

**سێیەم/ ئامانجەکانی توێژینەوە:**

هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئامانجێکی سەرەکی و چەند ئامانجێکی هاوپەیوەند یان نا سەرەکی هەیە،کە لەسەر توێژەر پێویستە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی بدات لە توێژینەوەکەیدا.لەم توێژینەوەدا توێژەران ئامانجێکی سەرەکی و پێنج ئامانجی ناسەرەکیان هەیە،کە بریتین لە:

**ئامانجی سەرەکی (هدف رئیسی) :**

دەرخستنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی ئەو سزادراوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی بەنکراون.

**ئامانجە ناسەرەکییەکان ( أهداف فرعیە):**

1- زانینی جۆری ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی خێزانی سزادراوان ڕووبەڕووی دەبنەوە.

2- زانینی هۆکارەکانی دروست بونی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانە بۆ خێزانی سزادراوان.

3- دەرخستنی ڕۆڵی خزم و کەسوکار لە چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتی و داراییەکانی خێزانی سزادراوان.

4- دەرخستنی ڕۆڵی دەزگاو ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان لە چارەسەرکردنی گرفتە مادییەکانی خێزانی سزادراوان .

5- زانینی ڕۆڵی گروپ و ڕێکخراو و دەزگا مرۆییەکان لە چارەسەرکردنی گرفتە مرۆییەکانی خێزانی سزادراوان.

**چوارەم/ هۆکارەکانی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

خێزانی سزادراوان توێژێکی گرنگی کۆمەڵگا و قوربانی ڕاستەوخۆی ئەو تاوانەن کە یەکێ لە ئەندامانی خێزانەکەیان ئەنجامی داوە،چونکە بەهۆی سزادانی ئەو ئەندامەی خێزانەکەیان ڕووبەڕووی زۆر گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەروونی و تەندروستی دەبنەوە،بەڵام گرفتە کۆمەڵایەتیەکانیان لە هەموو گرفتەکانی دیکە کاریگەرتر و دژوارترە لەڕووی چارەسەرکردنەوە،هەروەها ئەم توێژە لەگەڵ ئەوەی گرفتی

هەواڵنامەی کتێب

زۆرە،بەلاَم زۆر کەم لەلایەن کەسوکارو گروپ و رێکخراو و دەزگا تایبەتمەندەکان گرنگیان پێدراوە و گرفتەکانیان بۆ چارەسەرکراوە.هەروەك هیچ تۆێژینەوەیەك لەسەر رەوش و گرفتەکانی ئەم خێزانانە ئەنجام نەدراوە بە شێوەیەکی زانستی.لەبەر ئەم هۆکارانە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەمان بە گرنگ و پێویست زانی.

**تەوەری دووەم/ دەستنیشانکردنی چەمکەکان**

دیاریکردنی چەمك زاراوە زانستیەکان کارێکی پێویستە لە لێکۆڵینەوەی زانستی،پێویستە لەسەر توێژەر لە کاتی کارکردن بۆ دارشتنی گرفتەکان، چەمکەکان دیاری بکات بەشێوەیەکی ووردو روون بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم توێژینەوەیە بە ئاسانی لە مانا و بیروراکانی توێژەر بگات کە دەیەوێ گوزارشتی بکات (حسن ، 1971، ص 172_173).لە هەمان کاتدا دیاریکردنی چەمك و زاراوە زاننستییەکان کارێکی پێوستە لە توێژینەوەی زانستی دا بۆ لابردنی ئاڵۆزییەکان و روونکردنەوەیان و پێناسەکردنی ئەو چەمکانە دەبێتە هۆی ئاسانکاری لە تێگەیشتنی هزرو مانای توێژینەوەکە، لەگەڵ ئەوەی توێژەر لە رێگەی ناساندنی ئەو چەمکانەوە دەتوانێت بگات بە پێناسەی رێکاری بۆ هەر چەمك و زاراوەیەك (حسین ،1994 ، ص5).

هەر لەبەر گرنگی پێناسەکردنی چەمکەکان بەشێوەیەکی زانستی لە توێژنەوەی زانستیدا، لەم توێژینەوەیەدا بە تەوەرێکی سەربەخۆ پێناسەی ئەم چەمکانە کراوە (گرفتی کۆمەلاَیەتی،خێزان،خێزانی سزادراو،بەرێوبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی.

**یەکەم/ گرفتی کۆمەلاَیەتی :**

زاناکان کۆك نین لەسەر مانای چەمکە زانستیەکان بەهۆی ئەوەی چەمکەکان گەشەدەکەن لە ئەنجامی ئەو ئەزمونە ژینی و کۆمەلاَیەتیانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگا پیایدا تیَ پەڕدەبن.چەمکی گرفتی کۆمەلاَیەتیش لەلایەن سۆسیۆلۆژیستەکانەوە پێناسەی زۆرو جیاوازی بۆکراوە،کە لێرەدا لە روانگەی ئەم تیۆرو بۆچونانەوە هەندێکیان دەخەینەروو.

لەروانگەی قوتابخانەی ئەرکگەراکانەوە گرفتی کۆمەلاَیەتی بریتییە لە لە سەرخۆ لەکارکەوتنی بەشێك لە کایەکانی کۆمەڵگا، کە بەهۆیەوە بەشەکانی کۆمەڵگا پێکەوە ناگونجێن و دژی ئاراستەی یەك کاردەکەن،واتا گرفتی کۆمەلاَیەتی بەهۆی نەگونجان و نارێکخراوەیی لە کایەو سیستەمەکانی کۆمەڵگا سەرهەڵدەدات ( Thomas J.Sullivan, 2003,p 29 ). هەروەها لەروانگەی بیردۆزی ململانێوە گرفتی کۆمەلاَیەتی کاتێك سەرهەڵدەدات، کە گروپێك لە خەڵکی بروایان وابێت بەرژەوەندییەکانیان بەدەست نەهاتوون، یاخود پشکێکی باشیان لە سەرچاوەکان وەرنەگرتووە،هەربۆیە کاردەکەن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەوانەی بە بەربەستی دەزانن. (Henslin. M, James, 2006,p 33)

.هەروەك دەتوانین بلێین گرفتی کۆمەلاَییەتی دیاردەیەکی کۆمەلاَیەتییە کە کەلێنێکی دیاریکراو لە سیستەمی کۆمەلاَیەتی باودا دروست دەکات و کاریگەری لەسەر جێگیری کۆمەڵگا دەبێت و هەرەشەش لە بەردەوام بوونی دەکات (الساری، 2004،ص 15)
.

پێناسەی رێکاری بۆ چەمکی گرفتی کۆمەلاَیەتی: بریتییە لە دۆخێکی کۆمەلاَیەتی پەسەند نەکراو لەلایەن بەشێکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵگاوە، بەهۆی ئەوەی ئەو گرفتانە کاریگەری راستەوخۆ لەسەر رەوشی ژیان و ئاستی چاوەروانییەکانییان بۆ داهاتوو بەجێ دەهێڵێت .

**دووەم/ خێزان:**

بەهۆی جیاوازی دیدو بۆچونەکانی ئەو زاناو توێژەرانەی لە خێزانیان کۆڵیوەتەوە،تاکو ئێستا نەتوانراوە چەمکی خێزان بەیەك شێواز دیاری بکەن،بەڵکو چەندین چەمك و مانای جیا جیایان بۆ خێزان داناوە.لێرەدا هەندێکیان دەخەینە روو:

هەندێك لە زانایانی کۆمەڵناسی وا سەیری خێزان دەکەن،کە دامەزراوەیەکی کۆمەلاَیەتییە،چونکە ئەرکە جەوهەرێکانی تاك و کۆمەڵگا هەڵدەسورێنیَ،خێزان مرۆڤ لە بونەوەرێکی مرۆییەوە دەگۆرێت بۆ مرۆڤێکی بە مرۆڤ کراوی خاوەن سروشتی کۆمەڵگاکەی، بەهۆی پەروەردەکردن ئاراستەکردنەوە لەسەر بنەمای کارلێکی رەمزی کۆمەلاَیەتی لە نێوان تاکەکانی خۆیدا. ( خەلیل،2007،لا 5). دۆرکایم بە هەمان شێوە خێزان وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەلاَیەتی دەبینێت ،کە فاکتەرە کۆمەلاَیەتییەکان پێکی دەهێنێت و ئەندامەکانی لەرووی یاسایی و ئاکارییەوە پەیوەستن بەیەکەوە.بەلاَم بەشێکی تر لە توێژەران پێیان وایە خێزان گروپێکی بچوکە کە لە دایك وباوك و یەك منداڵ یان چەند منداڵێك پێك دێت،کە لەنێوان خۆیاندا خۆشەویستی دەگۆرنەوەو بەرپرسیارێتیش دابەش دەکەن ( حسین، 2014،ص 42).هەروەها لای هەندیك توێژەرو زانای دیکە خێزان یەکێکە لە گرنگترین دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەلاَیەتی، کە بەهۆیەوە کەلەپوری کۆمەلاَیەتی لە نەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی دیکە ( بن محمود،2014،لا 65) .

پێناسەی رێکاری بۆ چەمکی خێزان: بریتییە لە یەکەیەکی کۆمەلاَیەتی رێکخراو پەیوەست بە یاسا و داب و نەریتەوە، گرنگترین ئەرکیشی دروستکردنی تاکی چاکەخوازە ،لەرێگەی بەرجەستەکردنی رەفتاری باش و رۆڵی ئەرێنی لە ژیانی کۆمەلاَیەتیدا ،کە ئەمەش بەهۆی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلاَیەتییەوە بەدی دێت.

**سێیەم/ خێزانی سزادراو:**

بە جیاوازی بارودۆخ و تایبەتمەندییەکانی تاك و کۆمەڵەکان ئەوا بێ گومان چەمك و زاراوەکانیش جیاواز و ناچوونیەك

دەبن لە تاكێكەوە بۆ تاكێك و لە ژینگەیەكەوە بۆ ژینگەیەكی دیكە. ناساندنی چەمكی خێزانی سزادراوانیش بە پێی دۆخ و ژینگەی كۆمەڵایەتی خێزانەكە دەگۆڕێت و ناتوانین بە یەك شێواز پێناسەی بكەین،بەڵكو بەچەند شێوازێكی جیاواز تیشك دەخەینە سەری،كە بریتیین:

خێزانی سزادراو ئەو خێزانانەیە كە ڕۆڵی گەورە دەبینن لە ڕێكخستنی ژیانی نێو بەندینخانە و چۆنێتی ڕەفتارو كارلێكی كۆمەڵگای بەندینخانە، واتا ڕێكخستنی ژیان لەنێو بەندینخانەو ڕاگرتنی هاوسەنگی ژیان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەیوەندی سزادراو بە خێزانەكەیەوە(غانم ،1985،ص 268 ).هەروەها دەتوانین بڵێین خێزانی سزادراوان ئەو خێزانانەیە كە گرنگترین كەسیان لە بەندینخانەدایە بەهۆی ئەنجامدانی ڕەفتارێكی دژ بە سیستەمی وڵات، كە هەربەهۆی ئەو ڕەفتارەوە بۆ ماوەیەكی دیاریكراو لەژێر سایەی دەسەڵاتی یاسادا دەمێننەوە (الدوسری، 2007،ص 7 ).هەروەها خێزانی سزادراوان بەو خێزانانەش دەوترێت كە بێ بەشبوون لە كەسی یەكەم یان یەكێك لە ئەندامانی خێزانەكەیان، كە بەهۆی ئەنجامدانی چەند كردەوەیەكی جیاوازەوە لە بەندینخانەدان (المخیصیب، 2004،ص 8 ).

پێناسەی ڕێكاری بۆ چەمكی خێزانی سزادراو:بریتییە لەو خێزانانەی كە یەكێك یان زیاتر لە ئەندامانیان بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێكەوە لە بەڕێوەبەرایەتییە چاكسازییەكان بەندكراون،ئەم خێزانانە لەگەڵ لەدەستدانی ئەندامانی خێزانەكەیان ڕووبەڕووی چەندین گرفتی كۆمەڵایەتی دەبنەوە كە چارەسەركردنیان كاتێكی زۆری پێویستە، بەمانایەكی دی خێزانی سزادراو قوربانی تاوانێكە كە ئەنجامی نەداوە.

**چوارەم/ بەڕێوبەرایەتی چاكسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی:**

بەڕێوبەرایەتی چاكسازی لایەنێكی مەعنەوی سەربەخۆیە بە بڕیاری دادوەر سزادراوانەی تێدا بەند دەكرێت، بە مەبەستی لێكۆڵینەوە لە كەسایەتی و پشكنینی جەستەیی و كۆمەڵایەتی و دەروونی و شێوازی چارەسەركردنی و شیاندنی بە پێی پڕۆگرامێكی پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی. ئامانج لەم پڕۆسانەش دووبارە پەروەردەكردنی سزادراوەكە و ئامادەكردنێتی بۆ گونجاندنی لەگەڵ كۆمەڵگە لەوكاتەی سزاكەی تەواو دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ نێو كۆمەڵگە (قانون إصلاح النزلاو والمودعین، 2018،ص 23 ) .

بەڕێوبەرایەتی چاكسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی لە ساڵی 1997 دامەزراوە،یەكێكە لەو شەش بەڕێوبەرایەتییەی كە سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی چاكسازی كۆمەڵایەتییە لە كوردستاندا،هەروەك بەشێكە لە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان.ئەم بەڕێوبەرایەتییە لە چوار بەشی سەرەكی پێك دێت، ئەوانیش( ژنان، لاوانی تازە پێگەیشتوو، منداڵان، ڕاگیراوان) بۆ هەریەكە لەم بەشانە مامەڵەی جیاواز لەگەل سزادراواندا دەكرێت لەڕووی پڕۆسەكانی چاكسازی و شیاندنەوە.

## بەشی دووەم/ توێژینەوەكانی پێشوو و گرفتە كۆمەڵایەتییەكانی خێزانی سزادراوان

### تەوەری یەكەم/ توێژینەوەكانی پێشوو

**یەكەم/ خستنەڕووی توێژینەوەكانی پێشوو**

خستنە ڕووی توێژینەوەی پێشوو لە توێژینەوەی كۆمەڵناسیدا گرنگی یەكی زۆری هەیە و جێگای بایەخی زۆرێك لەو توێژەرەوانەیە،كە سەرقاڵی نوسینەوەی توێژینەوەی زانستین،ئەمەش بێ گومان بۆ چەند هۆكارێكی سەرەكی دەگەڕێتەوە، كە گرنگترینیان ئەمانەن :

1– لەكاتی خستنەڕووی توێژینەوەكانی پێشوودا، توێژەر ئەو توێژینەوانە دەخاتەڕوو، كە بابەتەكانیان نزیكن لەو بابەتەی توێژینەوەكەی خۆی بۆ تەرخانكردوە، لەگەڵ ئەوەی توێژەر هەڵدەسێ بە خستنەڕووی ئەو بەش و تەوەرو بابەتانەی كە توێژەرانی پێشوو لە توێژینەوەكانیاندا ئاماژەیان بۆ كردووە،ئەمەش بۆ ئاشنا بوون و سوود وەرگرتنی توێژەرە لەو زانیاری و بابەت و ڕاستیانەی لە توێژینەوەكانی تردا هەیە،چونكە توێژینەوەی ئێستا لەو كاتەوە دەست پێ دەكات كە توێژینەوەكانی پێشوو كۆتایی دێت ( عبدالقادر،2007، ص 36).

2– توێژینەوەكانی پێشوو بەسودە بۆ توێژەر، چونكە ئەو میتۆد و ڕێبازە لێكۆڵینەوانەی كە توێژینەوەكانی پێشوو پشتیان پێ بەستووە لە كۆكردنەوەی زانیارییەكان و پۆلێن كردن و شیكردنەوەیان،توێژەر دەتوانێ لە توێژینەوەكەی خۆیدا سوودیان لێ وەرگرێ ( هرزانی، 2005،ص 48).

لەبەرئەم هۆكارانەو چەند هۆكار و گرنگی یەكی دیكەی توێژینەوەكانی پێشوو لەو توێژینەوەی كۆمەڵناسیدا،لێرەدا چەند توێژینەوەیەكی پێشوو دەخەینە ڕوو كە نزیكن لە بابەتی توێژینەوەكەوە،ئەوانیش خۆی لە سێ توێژینەوەی پێشووی عەرەبی دا دەبینێتەوە و هەریەكە لەم توێژینەوانە هەردوو لایەنی تیۆری و پراكتیكی لەخۆگرتووە و خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن لە ڕووی زانستی و ڕاستی یەوە،هەروەها لەكات و شوێنی جیاواز جیاوازدا ئەنجام دراون،ئەمەش گرنگیەكی زۆری هەیە بۆ بەراوردكردنی دەرەنجامەكانیان بەو دەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی دەگات.پێویستە بوترێت كە توێژەران زۆر گەڕان بەدوای توێژینەوەی عێراقی و عەرەبی وبیانی دیكەدا بۆ زیاتر دەوڵەمەنكردنی توێژینەوەكە،بەڵام لەو سێ تویژینەوە زیاتریان دەسنەكەوت كە زۆر نزیك بێت لەم توێژینەوەیە،چونكە ئەم بابەتە

زۆر کەم توێژینەوەی لەسەر کراوەو توێژی خێزانی سزادراوان زۆر کەم ئاوڕیان لێ دراوەتەوە،هەربۆیە تەنیا ئەم توێژینەوانە بەدەسهات کە لێرەدا دەخرێتە ڕوو.

**1- توێژینەوەی " عبدالله عبدالرحمن المخيصيب "**

**ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە چاودێری کردنی خێزانی بەندکراو لە دامەزراوە چاکسازییەکاندا "دور القگاع الخاص في الرعايه أسر النزلاو المؤسسات الاصلاحيه"**

توێژینەوەیەکی پراکتیکی یە لەساڵی 2004 لە شاری (ڕیاز)ی سعودیە ئەنجامدراوە،بە ئامانجی زانینی جۆری ئەو چاودێریەی کە خێزانی بەندکراوان پێویستیانە،لەگەڵ زانینی ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە چاودێری خێزانی بەندکراواندا، هەروەها زانینی ئەو ڕێگریانەی ڕووبەڕووی کاری ئەو کەسانە دەبنەوە کە وەکو خۆبەخش یارمەتی خێزانی بەندکراوان دەدەن (المخيصيب، 2004،ص 18).لەم توێژینەوەیەدا توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە،لەنموونەی توێژینەوەکەشدا توێژەر نمونەی هەڕەمەکی بەکارهێناوە،کەنمونەکەی بۆ دوو توێژ دابەشکردووە،توێژی یەکەم ئەو فەرمانبەرانەن لە کەرتی تایبەت کاردەکەن و ژمارەیان (2100 )فەرمانبەرە،توێژەر لە کۆی ئەو ژمارەیە 210 فەرمانبەری وەکو نمونە وەرگرتووە،توێژی دووەم بریتییە لە خێزانی بەندکراوانی شاری ڕیازی سعودیە کە توێژەر 450 خێزانی لەکۆی 4500 خیزان وەکو نمونەی توێژینەوەکەی وەرگرتوە،واتا 10٪ ی نمونەکە.لە کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە،ئەو ئامرازە ئامارییانەش کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتووە بریتین لە ( لادانی پێوەری ، ناوەندی ژمێرەیی) (المخيصيب، 2004، ص 81- 83 ).

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێ ی گەیشتووە بریتین لە :**

1- ڕێژەی لە (42٪) ی فەرمانبەران دەڵێن باری ئابوری خێزانی بەندکراوانی دامەزراوەی چاکسازی ناجێگیرە.

2- توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی ڕیژەی لە(85٪)ی خێزانی بەندکراوان گۆڕانکاری لەئاستی بژێویان ڕویداوە دوای بەندکردنی بەخێوکەری خێزانەکەیان لە دامەزراوەی چاکسازی.

3- بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە لە (47٪) ی خێزانەکان پێیان وایە کەرتی تایبەت بەشداربونە لە چارەسەرکردنی گرفتە هەنوکەییەکانیان،بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێکی زۆریان کە ڕێژەیان دەگاتە ( 63٪) نیگەرانن لە سەختی ئەو ڕێکارانەی بۆ بەدەستهێنانی یارمەتییەکان دەگیرێتەبەر(المخيصيب، 2004، ص 196- 201).

**2- توێژینەوەی "محسن فالح الدوسري"**

**گرفتەکانی خێزانی بەندکراوان لە دامەزراوە چاکسازییەکان و ڕێگاکانی مامەڵکردن لەگەڵیدا "مشكلات أسر النزلاو المؤسسات الاصلاحيه وگرق تعاملها معها "**

توێژینەوەیەکی پراکتیکیە لەساڵی 2007 لە دامەزراوەی چاکسازی کۆمەڵایەتی (حائر) لە شاری ڕیاز ئەنجامدراوە، بەئامانجی زانینی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و تەندروستی و دەروونیانەی ڕوبەڕووی خێزانی بەندکراوان دەبنەوەو کاریگەری خراپی لەسەریان هەیە،هەروەها زانینی ئەو ڕێگایانەی خێزانی بەندکراوان بەکاریدەهێنن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە( الدوسري،2007، ص 6).توێژەر میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی واتە میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، نموونەی توێژینەوەکەشی مەبەستدارە و هەردوو توێژی بەندکراوان و خێزانی بەندکراوانی وەرگرتووە،کە لە کۆی 1124 بەندکراوی دامەزراوەکە 120 بەندکراوی وەرگرتوە،هەروەها 120 خێزانی بەندکراویشی وەرگرتووە. لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانیشدا توێژەر ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە، ئەو ئامرازە ئامارییانەش کەلەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بۆ گۆڕینی وەڵامی توێژەرەوان بۆ داتاو ژمارە بریتین لە: ( ڕێژەی سەدی،لادانی پێوەری،کرداری ئەلفا کرۆنباخ،کای سکوێر کا$^2$،هاوکێشەی (ت) (T-test ) الدوسري،2007، ص 91-114) .

**گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە :**

1- ئەرکی پەروەردەکردن لەسەر دایك زیاد دەکات دوای بەندکردنی سەرۆکی خێزان "باوك" .

2- کەمبونەوەی چاودێری لەسەر منداڵ بەهۆی ئامادەنەبوونی دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنەوە،کە خۆی لە باوکدا دەبینێتەوە.

3- بەشێکی زۆری خێزانەکان گرفتی هەستکردن بە تەنیایی و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و نەمانی پەیوەندی سۆزداریان هەیە (الدوسري،2007، ص 198- 206).

**3- توێژینەوەی " زيد بن عبدالله بن دريس"**

**ئەو خزمەتانەی لەلایەن لیژنەی نیشتمانییەوە پێشکەش کراوە بۆ چاودێری بەندکراوان و ئازادکراوان و خێزانەکانیان و خێزانی بەندکراوان، ڕاستێتی و ئاسۆکانی " الخدمات المقدمه من اللجنه الوگنيه لرعايه السجناو والمفرج عنهم واسرهم لٲسر السجناو واقعها وأفاقه"**

توێژینەوەیەکی پراکتیکیە لەساڵی 2007 ئەنجام دراوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو خزمەتگوزاریانە دەکات کەلەلایەن لیژنەی نیشتمانی بۆ چاودێری بەندکراوان و خێزانەکانیان و ئەو بەندکراوانەی ئازادکراون لە شاری ریاز پێشکەش دەکرێت، بە ئامانجی زانینی ئاستی ئەو خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیانەی لەلایەن لیژنەی نیشتمانیەوە پێشکەش بە خێزانی بەندکراوان دەکرێت،لەگەڵ زانینی ئاستی کاریگەری ئەو ڕێکارانەی بۆ

هەواڵنامەی کتێب

ڕێکخستنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کەپێشکەش بە خێزانی بەندکراوان دەکرێت دەگیرێتەبەر( بن دریس، 2007،ص 18). توێژەر لە توێژینەوەکەیدا میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە،سەبارەت بە نموونەی توێژینەوەکەش،توێژەر لە کۆی (136) خێزانی بەندکراو (88) خێزانی وەرگرتوە ،کە دەکاتە لە (64٪) نمونەی توێژینەوەکە. لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانیشدا توێژەر هەر دوو ئامڕازی فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە، لەلایەکی ترەوە توێژەر بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکان زیاتر لە (8 ) کەرەستە و ئامڕازی ئاماری بەکارهێناوە، کە بریتین لە (بەرنامەی SPS ، ڕێژەی سەدی، کرداری پەیوەست بوونی پیرسۆن، لادانی پێوەری، کرداری ئەلفا کرۆنباخ،هاوکێشەی (ت T-test) ، ... هتد ) ( بن دریس، 2007،ص 84– 92).

**گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش ئەمانەن :**

1- ڕێژەی لە ( 96,6٪) ی خێزانی بەندکراوان بەدەست گرفتی بێکاریەوە دەناڵێنن.

2- داهاتی مانگانەی (83٪) ی خێزانی بەندکراوان تەنها (100 ) ڕیاڵە ،واتا زۆرینەی نمونەی تۆێژینەوەکە ئاستی بژێویان لە خوار هێڵی هەژارییەوەیە.

3- بەشێکی زۆری خێزانی بەندکراوان ئاستی خوێندنیان وەکو پێویست نییە ( بن دریس، 2007،ص 152– 156).

**دووەم/ چەند سەرنجێك لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو**

دوای خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو سەبارەت بە خێزانی سزادراوان و گرفتەکانیان و ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشیان دەکرێت و ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە یارمەتی دان و چاودێری کردنیان.بە پێویستی دەزانین ئەم چەند سەرنجە بخەینەڕوو:

1- لەڕووی ئامانجەوە: هەرچەندە توێژینەوەکان بەپێی ناوەڕۆکی بابەتەکەیان ئامانجەکانیان جیاوازە،بەڵام بەگشتی لە ئامانجەکانیاندا هەوڵ بۆ زانینی گرفتەکانی خێزانی سزادراوان و جۆر و شێوازی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشیان دەکرێت و رۆڵی کەرتی تایبەت لە هاوکارییان و کەمکردنەوەی گرفتەکانیان دەدەن.ئامانجی ئەم توێژینەوەش بریتتیە لە ئامانجێکی سەرەکی و چەند ئامانجێکی لاوەکی،کە ئامانجە سەرەکێکە بریتییە لە دەرخستنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی ئەو سزادراوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی بەندکراون.

2- لەڕووی میتۆدەوە: توێژینەوەکان میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی یان وەسفیان بەکارهێناوە، لە بەکارهێنانی نمونەی توێژینەوەکەیاندا جیاوازن،لە توێژینەوەی یەکەمدا نموونەی هەڕمەکی و لە توێژینەوەی دووەمدا نموونەی مەبەستدار بەکارهاتووە، بەڵام جۆری نموونە لە توێژینەوەی سێیەم ڕوون نەکراوەتەوە.میتۆدی ئەم توێژینەوەش میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی و بەراوردکاریە، جۆری نموونەکەش مەبەستدارە.

3- لە ڕووی ئامرازی توێژینەوە: لە توێژینەوەی یەکەم و دووەم تەنیا فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهاتووە،بەڵام لە توێژینەوەی سێیەم فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن بەکارهاتووە.لەم توێژینەوەیەدا توێژەران فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و تێبنیان بەکارهێناوە.

4- لەڕووی دەرئەنجامەکانەوە: دەرئەنجامی هەر توێژینەوەیەك وابەستەیە بە جۆری کۆمەڵگا و ئاستی تاکەکانی لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەروونی و پەروەردەیی یەوە، هەربۆیە هەر توێژینەوەیەك لەو توێژینەوانە گەیشتۆتە کۆمەڵێ دەرئەنجامی جیاواز،کە هەندێك لەو دەرئەنجامانەی ئەو توێژینەوانە کە نزیکن لە دەرئەنجامی توێژینەوەکەمان لە تەوەری پێشوودا خراونەتەڕوو،هەروەها لە کۆتایی بەشی پراکتیکی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە خراوەتەڕوو،هەروەك بەراوردیش کراوە بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو.

**تەوەری دووەم / گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی سزادراوان**

خێزانی سزادراوان دوای بەندکردنی سەرۆکی خێزان یان یەکێك لە ئەندامانی ڕووبەڕووی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی دەبنەوە،کە هەر یەکێك لەو گرفتانە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسە ڕەوشی ژیانی ئەو خێزانانە دەبێت.توێژینەوەکان گرنگترین ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەیان خستۆتەڕوو،کە ڕووبەڕووی ئەو خێزانانە دەبنەوە لە ماوەی بەندکردنی یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکانیان،ئەوانیش بریتین لە:

1- ناکۆکی لە نێوان ئەندامانی خێزان:ئەم ناکۆکی یە بەهۆی گرنگی دانی هەر ئەندامی خێزانێك بە گرفت و کاروباری خۆی دێتە ئاراوە،واتا گوێ نادەن بە داهاتووی خێزانەکەیان و ئەو بەرپرسیارێتیە نوێ یەی دوای بەندکردنی ئەندامی خێزانەکەیان بۆیان دروست بووە،ئەمەش خراپی پەیوەندییە خێزانییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتری لێدەکەوێتەوە،کە دواجار دوور نییە لادان وتاوانیشی بە دوادا بێت ( حسن، 1967 ،ص 298).

2- ململانێی ڕۆڵ :ئەم ململانێیە کاتێك ڕودەدات کە باوك بەندکرابێت، هەربۆیە دایك پێویستە لەیەك کاتدا بەڕۆڵی دایك و ڕۆڵی باوك هەڵبسێت،ئاشکراشە ڕۆڵی باوك و دایك لەیەك جودان.یەکێ لە ئەرکەکانی باوکیش کارکردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزانە،بەڵام بە ئامادەنەبوونی باوك ئەم ئەرکە ئەکەوێتە سەر دایك،بە چوونە دەرەوەی دایك وەکو سەرۆکی خێزان بۆکارکردن بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر لە

ڕۆژێکدا منداڵەکان بەبێ چاودێری لە ماڵەوە دەمێننەوە،ئەمەش دەبێتە هۆی لادانی ئەو منداڵانە بەهۆی ئامادەنەبوونی دەسەلأتی کۆنترۆڵکردنەوە ( سعید، 1996 ، ص 123 ) ،یاخود دەبێتە هۆی لاوازی ئاستی خوێندن وەکو تەواونەکردنی قوتابخانە یان نەچونە بەر خوێندن یان دواکەوتن لە قوتابخانە،هەندێ جاریش سەردەکێشێ بۆ ڕەفتاری شەرانگێزی و دەرچوون لە دەسەلأتی سەرۆکی خێزان،هەموو ئەمانەش بۆ ماندووبوونی دایك بە کارکردنەوە دەگەڕێتەوە کە ناتوانێ وەکو پێویست بەڕۆڵی پەروەردەیی خۆی هەستێت( عمر،1991، 252)،.

3- قەباری خێزان و پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلأیەتی: قەبارەی خێزان کاریگەری لەسەر پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلأیەتی هەیە،ئەگەر قەبارەی خێزان کەم بوو ئەوا چاودێری منداڵ بەباشی ئەنجام دەدرێت،بەلأم ئەگەر قەبارەی ڕێژەی ئەندامانی خێزان زۆربوو ئەوا پڕۆسەی چاودێری و کۆنترۆڵی کۆمەلأیەتی لاواز دەبێت،لاوازبوونەی ئەو دوو پڕۆسەیەش دەبێتە هۆی ئەنجام دانی لادان و تاوان لە لایەن ئەندامانی خێزانەوە، وەکو (دزی، بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، تاوانی بەدڕەوشتی...) (إستنبولی، 1995، ص 41-42).

4- جیابوونەوە: یەکێکە لە گرفتە هەرە کاریگەرەکان کە ڕووبەڕووی خێزان بەگشتی و خێزانی سزادراو بە تایبەت دەبێتەوە،چونکە بونیادی خێزان بە بوونی ژن و پیاو تەوا دەبێت،بەلأم کاتێك جیابوونەوە ڕودەدات بەهەرهۆکارێك بێت ئەوا بونیادی خێزان ناتەواو دەبێت و شیرازەی خێزان تێك دەچێت،ئەم پەشێویەش دەبێتە هۆی زۆر گرفتی کۆمەلأیەتی لەوانەش لادان، وازهێنان لەکارکردن، نەمانی سۆزو خۆشەویستی لە خێزاندا،هەندێ جار نەخۆشی دەروونی و عەقڵی ( تیمز،1981، ص 135-137) .ئەم پەشێویەش لە کاتێکدا ڕوودەدات کە خێزان لە هەموو کات زیاتر پێویستی بەتەبایی و پەیوەست بوونی ئەندامانی هەیە بۆ بەجێگەیاندنی ڕۆڵ و ئەرکەکانیان،بەلأم ئەگەر جیابوونەوەکە ڕوویدا ئەوا چەند کاریگەریەکی نەرێنی لەسەر ئەندامانی خێزانەکە دادەنێت،لەوانەش نەمانی متمانە بەخۆبون،دڵەڕاوکێ،لاوازی ئاواتخوازی(گموح)،لاوازی ئاستی خوێندن،لاوازی چاودێری و کۆنترۆڵکردن، هەڵگەڕانەوە،لادان و تاوان.هەندێ جار جیابوونەوە هەڵوەشانەوەی خێزانیشی بەدوادا دێت،کە ئەمەیان دەبێتە هۆی نەخۆشی دەروونی،حەزی سێکسی،خەمۆکی،حەزکردن بە خۆکوشتن،چونکە بێ بەش دەبن لە سۆزو خۆشەویستی دایك یان باوك یاخود هەردووکیان (( عمر،1991، 229).

5- توانج و لەکەی کۆمەلأیەتی : یەکێکی تر لە گرفت و نەهامەتییەکانی خێزانی سزادراوان بریتییە لە و گوفتارە ناشرینانەی کە بە ئەندامانی ئەو خێزانانە دەوترێت بەهۆی تاوانی ئەندامێکیانەوە دەرهەق بە کۆمەڵگا،بەتایبەت هەندێ جار منداڵەکان واز لە قوتابخانە دەهێنن لە ترسی تۆمەتی هاوڕێکانیان یان لە شوێنی کارکردن دەردەکرێن.واتا ئەم خێزانانە بەدەست فشارە دەرەکییەکانەوە دەناڵێنن،کە بەهۆیەوە ڕووبەڕووی جۆری وەلأمدانەوەی جیاوازو چەشنەکانی خۆگونجاندن دەبنەوە ،چارەسەریش بۆ ڕووبەڕووبونەوەی فشاری دەرەکی بەهێزی پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزانەکەیە بەتایبەت دایك و باوك (حسن، 1967 ،ص 332) .

## بەشی سێیەم/ ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە

### یەکەم/ میتۆدی توێژینەوە:

لە ڕوانگەی سروشتی توێژینەوەکەو ئامانجەکان،لەم توێژینەوەدا میتۆدی ڕووپێوی کۆمەلأیەتی و بەراوردکاری بەکارهێنراوە.مەبەست لە بەکارهێنانی میتۆدی ڕووپێوی کۆمەلأیەتی لەم توێژینەوەدا بۆ زانین و دیاریکردنی ئەو گرفتە کۆمەلأیەتیانەی کە خێزانی سزادراوان لە دوای بەندکردنی سەرۆکی خێزان یان یەکێك یان زیاتر لە ئەندامانی خێزانەکەیان ڕووبەڕووی دەبنەوە،لەگەڵ دەست نیشانکردن و شرۆڤەکردنی ئەوگرفتانەی کە خێزانی سزادراوان لەماوەی سزادانی ئەندامێکی خێزانەکەیان بەدەستیەوە دەناڵێنن یاخود ڕووبەڕووی دەبنەوە.سەبارەت بە جۆری ڕووپێوی کۆمەلأیەتییەکەش، لەم توێژینەوەدا ڕووپێوی بەڕێگەی وەرگرتنی نموونە بەکارهاتووە،بەهۆی ئەوەی ژمارەی خێزانی سزادراوان زۆربوون و کاتێکی زۆری پێویست بوو نەتوانرا هەموویان وەربگیرێن، بۆیە ئەم جۆرە لە ڕووپێویەبەکارهات،تا بە شێوەیەکی ورد و دروست تر لێکۆڵینەوە لە گرفتی ئەو خێزانانە بکەین.

هەروەها هەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی بەراوردکاریش بەکارهاتووە بۆ بەراوردکردنی گرفتە کۆمەلأیەتییەکانی خێزانی سزادراوان لە بەڕێوبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی لەگەڵ گرفتە کۆمەلأیەتییەکانی خێزانی سزادراوان لە کۆمەڵگاکانی تر لە ڕێگەی خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو لە بەشی تیۆری توێژینەوەکە ،هەروەها دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەراوردکراوە بە دەرئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو لە بەشی پراکتیکی توێژینەوەکە.

### دووەم/ کۆمەڵگای توێژینەوە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە خێزانی ئەو سزادراوانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان بەندکراون ، لە کۆی (72) خێزانی سزادراوی هەردوو بەشی ژنان و لاوان (20) خێزان

وەکو نموونەی تۆێژینەوەکە وەرگیراوە و هەموویان تەمەنیان لە سەروو (18) ساڵەوەیە.

**سێیەم/ نموونەی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەدا لە کۆی (72) خێزانی سزادراوی هەردوو بەشی ژنان و لاوان (20) خێزان وەکو نموونەی تۆێژینەوەکە وەرگیراوە، کە دەکاتە ڕێژەی ( 27٪) ی کۆی خێزانی سزادراوانی هەردوو بەشەکە،بە جۆرێك بەشی لاوان لە کۆی (40 ) خێزان (9) خێزان وەرگیراوە، لە بەشی ژنانیش لە کۆی (32) خێزان بە هەمان شێوە (11) خێزان وەرگیراوە،پێوستە بوترێت لەم توێژینەوەیەدا ئەو خێزانانە وەرگیراون کەسەردانی سزادراوەکەیان کردووە لەڕۆژی سەردانیکردندا لە نێو بەڕێوبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان، بەڵام هۆکاری وەرگرتنی 20 خێزان لە کۆی 72 خێزان بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە،لەوانە توێژەران لە ماوەی ئەو چەند هەفتەیەی کە سەرقاڵی بەشی پراکتیکی توێژینەوەکە بوون لە نێو بەڕێوبەرایەتی چاکسازی ژنان ومنداڵاندا بەشێك لەو خێزانانەی دەهاتن بۆ سەردانی سزادراوەکانیان ئامادەنەبوون وەڵامی پرسیاری توێژەران بدەنەوە،هەوەها بەشێکی تر لەو خێزانانە لەماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکە سەردانی سزادراوەکانیان نەدەکرد،ئەمەش بۆ چەند هۆکارێکی کەسی یان کۆمەڵایەتی یان سزایی دەگەڕایەوە.سەبارەت بە جۆری نموونەکە،توێژەران نموونەی مەبەستداریان وەرگرتووە،چونکە ئەو خێزانانە بە پێی چەند پرەنسیپ و ڕەهەندێك دیاریکراون،لەوانە جۆری تاوان و ماوەی سزای سزادراوەکەیان و نزیکی لە سزادراوەکەوەو چەند ڕەهەند و پرەنسیپێکی تر.

**چوارەم/ بوارەکانی توێژینەوە:**

1- **بواری شوێنی/** ئەم توێژینەوە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی ئەنجام دراوە.

2- **بواری مرۆیی/** توێژینەوەکە ئەو خێزانانەی وەرگرتووە، کە یەکێك یان زیاتر لە ئەندامانیان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی بەندکراون و تەمەنیان لەسەروو (18) ساڵەوەیە.

3- **بواری کاتی/** لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیە لەماوەی نێوان ( 2015/11/9) تاوەکو ( 2015/12/31) ئەنجامدراوە، کەئەم ماوەیە شیکردنەوەی زانیارییەکانی فۆرمی ڕاپرسی و دەرهێنانی ئەنجامەکانی توێژینەوە ناگرێتەوە.

**پێنجەم/ ئامرازەکانی توێژینەوە:**

توێژەران لەم توێژینەوەدا چەند ئامرازێکیان بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان بەکارهێناوە، کە بریتین لە:

1- **فۆرمی ڕاپرسی:** فۆرمی ڕاپرسی لە کۆمەڵە پرسیارێك پێك دێت کە ڕووبەڕووی بەشێکی زۆر لە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە دەکرێتەوە، بە جۆرێك ئەو پرسیارانە پەیوەندی بەڕەوشی ئەو کەسانەوە هەیە کە وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە، جا ئەو کەسانە خێزان بن یان کەسانی پیشەیی ( ابراهیم، 2000، ص 225). لەم توێژینەوەدا فۆرمی ڕاپرسی پێك دێت لە (19) پرسیارو بەسەر سێ تەوەردا دابەشکراوە[*]، بەم شێوەیە:یەکەم/ زانیاری تایبەت بە خێزانی سزادراو، کە لە (6) پرسیار پێك دێت. دووەم / زانیاری تایبەت بە سزادراو ، کە لە (5) پرسیار پێك دێت.سێیەم/ زانیاری تایبەت بە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی سزادراوان ، کە لە (8) پرسیار پێك دێت.

هەروەها بۆ زانینی پلەی "ڕاستی" بڕگەکانی فۆرمی توێژینەوەکە پێش ئەوەی بەسەر تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دابەشبکرێت ، توێژەران شێوازی ئاشکرای ڕاستی بەکارهێنا (الصدق الظاهری) کە بریتی یە لە دابەشکردنی فۆرمەکە بەسەر پسپۆران و شارەزایاندا بۆ زانینی ڕاوبۆچوونیان لەسەر بڕگەکانی فۆرمەکە،بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران فۆرمی ڕاپرسیان بەسەر (5) پسپۆردا[*] دابەشکرد، پاش وەرگرتنەوەی فۆرمەکان لەپسپۆران توێژەران بۆچوون و تێبینیەکانی پسپۆرانی بەهەند وەرگرت و کۆمەڵێك گۆڕانکاری و چاککردنی لە بڕگەکاندا ئەنجامدا،لەکۆتای هەژمارکردنی تێکڕای ئەو بڕگانەی پسپۆرەکان لەسەری ڕازی بوون، دەرکەوت پلەی ڕاستی بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە بریتی یە لە (94,7٪).

2- **چاوپێکەوتن:** چاوپێکەوتن ئامرازێکی گرنگە کە توێژەر بەکاری دەهێنێت بۆ بەدەست هێنانی زانیاری سەبارەت بە ڕابردوو و یادگاریەکان و پلانی داهاتوو، کە ئەم زانیاریانە ناتوانرێت لەڕێگەی ئامرازەکانی دیکەوە بەدەست بهێنرێت ( رشوان، 2010، ص 160 ).بەهۆی ئەوەی ئەم توێژینەوە یە لەسەر گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی خێزانی سزادراوان کراوە، بۆیە بەپێویست زانراوە کەلەگەڵ فۆرمی ڕاپرسیدا ئەم ئامرازەش بەکاربهێنرێت،چونکە بەشێکی نموونەی توێژینەوەکە بەهۆی نزمی ئاستی ڕۆشنبیرییانەوە نەیاندەتوانی بەئاسانی لە پرسیارەکانی فۆرمی توێژینەوەکە بگەن، هەر بۆیە بەهۆی چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا توێژەران توانیان پرسیارەکانیان بۆ ڕوون بکەنەوە تا بەشێوەیەکی باشتر وەڵامی پرسیارەکانی فۆرمەکە بدەنەوە.لەلایەکی ترەوە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە لەگەڵ ئەو خێزانانە توانرا هەندێك زانیاری دیکە سەبارەت بە گرفت و ئاستەنگەکانی خێزانی سزادراوان بەدەست بهێنرێت،کە دواجار خزمەتێکی زۆر بە دەرئەنجامی مەیدانی

---

) بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( 1 ) بۆ بینینی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە.[*]

[*]) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (2) بۆ بینینی ناوی پسپۆران .

توێژینەوەکە دەکات،کە لە ڕاڤەکردنی ئەنجامی زانیاریەکاندا دەخرێتەڕوو.

3- **تێبینی:** تێبینی کۆنترین ئامرازە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا بەکارهێنراوە،بریتییە لە ڕوانینێکی ڕاست و ورد بۆ دیاردەیەك بە بەکارهێنانی شێوازێکی زانستی کە لەگەڵ سروشتی ئەو دیاردەیە بگونجێ کە توێژینەوەی لەسەر دەکەیت ( رشوان ، 2004، ص 141). ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم ئامرازە لەم توێژینەوەدا، ئاشنابوونی زیاترە بە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی سزادراوان لە ڕێگەی چاودێرییەکی وردەوە کە توێژەران لەکاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەوە پێی هەڵدەستن،بە واتایەکی تر بەهۆی ئەم ئامرازەوە باشتر لە ڕاستێتی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەی ئاراستەیان دەکرا دڵنیا دەبیتەوە،هەروەك توێژەران لەکاتی چاو پێکەوتنی مەیدانی توێژینەوەکەدا تێبینی گرفتەکانی ئەو خێزانانەیان دەکرد کە نەیان دەتوانی بەڕاشکاوانە لە کاتی سەردانی کردنی سزادراوەکەیاندا بیخەنە ڕوو .

**شەشەم/ ئامرازە ئامارییەکان:**

بۆ گۆڕینی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بۆ داتاو زانیاری، ئەم چەند ئامرازە ئامارییە بەکارهاتوون، کە ئەمانەن:

1. ڕێژەی سەدی: ئەم ئامرازە لەسەرجەم خشتەکانی توێژینەوەکەدا بەکارهاتووە.

2. ناوەندی ژمێرەیی: ئەم ئامرازە بۆ دۆزینەوەی ناوەندی تەمەنی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەکارهاتووە ( أبو زينه، 2002، ص 144).

$$م = \frac{مج\ س\ ك}{مج\ ن}$$

3. لادانی پێوەری ( الانحراف المعياری ): ئەم ئامرازە ئامارییە بۆ دۆزینەوەی لادانی پێوەری تەمەنی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەکارهاتووە( ترکیە، 2002 ، ص 129).

$$ع = \sqrt{\frac{مج\ (س - \bar{س})}{ن - 1}}$$

**بەشی چوارەم/ خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامی مەیدانی توێژینەوەکە .**

**باسی یەکەم/ خستنەڕوو و شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان.**

**یەکەم: زانیاری تایبەت بە خێزانی سزادراوان.**

**خشتەی (1): پلەی خزمایەتی نموونەی توێژینەوەکە لەگەڵ سزادراو ڕوون دەکاتەوە**

| پلەی خزمایەتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| باوك | 5 | ٪25 |
| دایك | 5 | ٪25 |
| هاوسەر( ژن یان مێرد) | 3 | ٪15 |
| کوڕ | 2 | ٪10 |
| کچ | 2 | ٪10 |
| مام وخاڵ* | 1 | ٪5 |
| باپیرەو داپیرە* | 1 | ٪5 |
| پور • | 1 | ٪5 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت زۆرترین ڕێژە (باوك و دایك)ی سزادراوانن کە ڕێژەکەیان دەگاتە (٪25)، هەروەها ڕێژەی (٪15) هاوسەر( ژن یان مێرد)ی سزادراوان بوون، لەکاتێکدا کور و کچی سزادراوان بە ڕێژەی (٪10) بوون،هەروەك مام و خاڵ ،باپیرە و داپیرە، پوور بە ڕێژەی (٪5) کەمترین ڕێژەی پلەی خزمایەتیان لەگەڵ سزادراوان پێك دەهێنا.ئەوەی تێبینی دەکرا دایك و باوك زۆرتر سەردانی سزادراوانیان دەکرد،ئەمەش بۆ سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە،کە لەم کۆمەڵگایەدا دایباب پەیوەندییەکی سروشتی و بەردەوامیان لەگەڵ منداڵەکانیان هەیە و بە ئاسانی دەستبەرداریان نابن.

**خشتەی (2) ئاستی خوێندەواری خێزانی سزادراو پیشان دەدات**

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 6 | ٪30 |
| نوسین و خویندنەوە | 8 | ٪40 |
| بنەڕەتی | 3 | ٪15 |
| ئامادەیی | 1 | ٪5 |
| دبلوم(پەیمانگا) | 1 | ٪5 |
| بەکالوریوس(زانکۆ) | 1 | ٪5 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

ڕێژەی(٪30) ی نموونەی توێژینەوەکە نەخوێندەوارن ، ئەوانەشی تە نها نوسین و خوێندنەوە دەزانن ڕێژەیان (٪40)ە،هەروەها ڕێژەی (٪15) ئاستی بنەڕەتیان تەواوکردووە، لە کاتێکدا دەرچوانی بڕوانامەی ئامادەیی و دبلۆم و بەکالۆریۆس بۆ هەر

هەواڵنامەی دیتر

یەکەیان تەنهاڕێژەی (5٪)ی نموونەکە پێك دەهێنن. لەم ئەنجامەوە دەر دەکەوێت کە زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە ئاستی خوێندەواریان نزمە یان نەخوێندەوارن. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە نەخوێندەواری خێزان یاخود نەبوونی بڕوانامەی ئاست بەرزی خوێندن یەکێکە لە هۆکارەکانی لادان و تاوان لە کۆمەڵگادا، هەندێ جاریش نزمی ئاستی خوێندەواری گرفتی کۆمەلأیەتی و ئابوری بەدوادا دێت وەکو بێکاری.

**خشتەی (3) ئاستی بژێوی خێزانی سزادراو دەردەخات**

| ئاستی بژێوی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆر باش | 3 | ٪15 |
| باش | 5 | ٪25 |
| مامناوەند | 3 | ٪15 |
| خراپ | 6 | ٪30 |
| زۆر خراپ | 3 | ٪15 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

سەبارەت بە باری دارایی خێزانی سزادراو، لەم توێژینەوەدا زۆرترین ڕێژەی نموونەکە کە دەگاتە(30٪) ئاستی بژێویان خراپە و ڕێژەی(25٪)یان ئاستی بژێویان (باشە)،هەروەها ڕێژەی لە(15٪)ی خێزانەکان ئاستی بژێویان زۆر باش یان مامناوەند یان زۆرخراپە.دەرئەنجامی ئەم خشتەیە دەریدەخات ڕێژەی(60٪) ی خێزانەکان ئاستی بژێوییان باش نییە ،ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم خێزانانە جگە لە گرفتە کۆمەلأیەتییەکان بەدەست چەند گرفتێکی ئابورییشەوە دەناڵێنن وەکو هەژاری و نزمی ئاستی بژێوی و نەتوانینی پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانی خێزان. لەلایەکی ترەوە بەڕای زانایانی تاوان خراپی ئاستی بژێوی هەندێ جار یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەنجام دانی تاوان لە کۆمەڵگادا،بەتایبەت تاوانە داراییەکان.

**خشتەی (4) خاوەندارێتی شوێنی نیشتەجێبونی نموونەکە دەخاتەڕوو**

| خاوەندارێتی شوێنی نیشتەجێبون | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خاوەنداری | 8 | ٪40 |
| کرێ | 9 | ٪45 |
| موڵکی گشتی | 1 | ٪5 |
| هی تر.....* | 2 | ٪10 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

دەرئەنجامەکان دەریدەخەن زۆرینەی خێزانەکان کە دەکاتە (45٪) لە خانووی کرێدا دەژین، لە بەرانبەردا ڕێژەی(40٪) یان لە خانووی خۆیاندا ژیان بەسەر دەبەن، ئەوانەش کە لە خانوی موڵکی گشتی و جۆری نیشتەجێبوونی تردا دەژین ڕێژەیان دەگاتە (15٪).ئەوەی دەبینرێت نزیکەی نیوەی نموونەکە لە خانووی کرێدا دەژین،ئەمەش جارێکی تر ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەم خێزانانە دۆخی ئابوریان باش نییە،چونکە لەوانەیە سزادراوەکە سەرچاوەی داهات و بژێوی خێزانەکەی بوبێت .

**خشتەی (5) ژمارەی ئەندامانی خێزانی سزادراو دەخاتەڕوو**

| ژمارەی ئەندامانی خێزان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 2–5 | 4 | ٪20 |
| 6– 9 | 11 | ٪55 |
| 10 زیاتر | 5 | ٪25 |
| **کۆی گشتی** | 20 | ٪100 |

بەپێی زانیاری خشتەکە ئەو خێزانانەی ژمارەی ئەندامانەکانیان لە نێوان (2–5) دایە ڕێژەی(20٪) ی نموونەکە پێکدەهێنن،ئەو خێزانانەش ژمارەی ئەندامانەکانیان لە نێوان(6–9) کەسە زۆرترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە کە بریتیە لە(55٪)، هەروەها ئەوخێزانانەی ژمارەی ئەندامەکانیان زۆرە ولە (10) کەس زیاترە رێژەی (25٪)ی نموونە توێژینەوەکە پێك دەهێنن.داتاکان دەریدەخەن ڕیژەی(80٪) ی نموونەکە خێزانی قەرەباڵغن و ژمارەی ئەندامانیان زیاترە لە (5) کەس. واتا خێزانەکان لە جۆری خێزانی درێژکراوەو گەورەن.ئاشکرایە خێزانی قەرەباڵغ و گەورە گرفتی ئابوری و کۆمەلأیەتی و پەروەردەیی زیاترە لە خێزانی بچوك، وەکو گرفتی دابینکردنی خەرجی خێزان، گرفتی پەروەردەکردن و فێرکردن و پێگەیاندنی کۆمەلأیەتی، ناکۆکی و خراپی پەیوەندییە خێزانییەکان.... تاد.

* مەبەست لەو کەسانەیە کە لەخانوی ماڵی باوك یان برا یان کەسێکی نزیکیاندا دەژین و کرێ نادەن وەموڵکی خۆشیان نییە

**خشتەی (6) پێشینەی تاوانکاری خێزانی سزادراوان* ئاشکرا دەکات**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 7 | ٪35 |
| نەخێر | 13 | ٪65 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

به پێی دەرئەنجامی ئەم خشتەیە زۆرینەی خێزانەکان کەسی تریان سزانەدراوە کە ڕێژەیان دەگاتە (٪65)،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی(٪35) ی خێزانەکان پێشتر کەسی تریان سزادراوە، واتا ئەم خێزانانە زیاد لە کەسێکیان سزادراوە،ئەمەش گرفتی زیاتر بۆ ئەو خێزانانە دروست دەکات بەراورد بەو خێزانانەی یەك کەسیان سزادراوە.

**دووەم : زانیاری تایبەت بە سزادراوان**

**خشتەی (7) دەرخستنی تەمەنی سزادراوان**

| تەمەنی سزادراوان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 22-18 * | 10 | ٪50 |
| 27-23 | 2 | ٪10 |
| 32-28 | 3 | ٪15 |
| 37-33 | 2 | ٪10 |
| 42-38 | 1 | ٪5 |
| 47-43 | 2 | ٪10 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

تەمەن گۆڕاوێکی سەربەخۆیی گرنگە لە توێژینەوەدا، هەربۆیە لەم توێژینەوەدا بۆ دەرخستنی جیاوازی تەمەنی سزادراوان بەچەند ئاستێك تەمەنیان خراوەتەڕوو.ئەوەی دەردەکەوێت زۆرینەی ڕێژەی سزادراوان تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (18-22) ساڵ و ڕێژەکەشیان دەگاتە (٪50)،هەروەها ڕێژەی (٪10) ی سزادراوان تەمەنیان دەکەوێتە نێوان(23-27) ساڵ، هەروەك ڕێژەی (٪15) یان تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (28-32) ساڵ و ڕێژەی (٪10) یان تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (33-37) ساڵ و ڕێژەی (٪5) یان تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (38-42) ساڵ،لە (٪10)ی سزادراوانیش تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (43-47) ساڵ،کە سەرجەمیان لە ڕەگەزی مێن،ناوەندی ژمێری تەمەنی نموونەکە (27) ساڵەو لادانی پێوەریش (8.5) ساڵە.

**خشتەی (8) ڕەگەزی سزادراوان دەخاتەڕوو**

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 9 | ٪45 |
| مێ | 11 | ٪55 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

بەپێی دەرئەنجامەکان لە(٪45)ی سزادراوان رەگەزیان نێرە و ڕێژەی لە(٪55)یشیان لە ڕەگەزی مێ پێك دێن.سەبارەت بە نزیکی ڕێژەی نێرو مێ، توێژەران مەبەستیان بوو خێزانی هەردوو ڕەگەز وەرگرن بۆ زانینینی ئەو جیاوازییانەی لە ئاست و جۆری گرفنە کۆمەڵایەتیەکانیاندا هەیە.

**خشتەی (9) باری کۆمەڵایەتی (هاوسەرگیری)سزادراوان دەخاتەڕوو**

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەڵت | 9 | ٪45 |
| دەستگیراندار | 1 | ٪5 |
| هاوسەری هەیە | 6 | ٪30 |
| هاوسەری مردووە | 2 | ٪10 |
| جیابوونەوە | 2 | ٪10 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوەکە بەم شێوەیە دابەش بووە، زۆرینەیان کە دەگاتە (٪45) سەڵتن، هەروەها (٪30)ی سزادراوان هاوسەریان هەیە و لە(٪5)یان دەسگیراندارن، هەروەك ئەوانەی هاوسەریان مردووە یان جیابوونەتەوە هەریەکەیان ڕێژەی (٪10) یان پێکهێناوە.ئەوەی گرنگە لە شرۆڤەی ئەم زانیاریانەدا بوترێت ئەوەیە، زۆرینەی ئەو سزادراوانەی سەڵتن لە ڕەگەزی نێرن،چونکە هێشتا تەمەنیان کەمە و لاون،هەندێکیشیان لە تەمەنی هەرزەکارییەوە بەندکراون و کاتی هاوسەرگیریان نەهاتبوو.

---

* مەبەست لە پێشینەی تاوانکاری لە خێزانی سزادراودا ،کەسی پلە (2,1)وە چونکە پێمان وایە کاریگەری ڕاستەخۆیان دەبێت لەسەر لادانی تاکەکانی خێزان و هۆکارێکە بۆ ئەوەی چاوی لێبکرێ و دووبارە بکرێتەوە..

* لە یاسای سزادرانی عێراقیدا تەمەنی(18-22)بە نەوجەوان دەژمێردرێ و لەکاتی سزادانیاندا ئەگەر ڕەگەزیشیان نێر بێت ئەوا لە (چاکسازییەکانی ژنان و منداڵان و نەوجەوانان) دەبن،لەدوای تەمەنی 23 ساڵییەوە دەنێردرێن بۆ (چاکسازی گەوران)، بەڵام بەپێی ڕێنماییەکی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەر سزادراوێکی نێر لە کاتی سزادانیدا تەمەنی 18 ساڵی تەواو کردبێت ڕاستەو خۆ دەنێردرێت بۆ (چاکسازی گەوران).

هەواڵنامەی کتێب

**خشتەی (10) ماوەی سزای سزادراوان ڕوون دەکاتەوە**

| ماوەی سزادان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 1 مانگ بۆ 1 ساڵ | 2 | ٪10 |
| 2– 5 ساڵ | 4 | ٪20 |
| 6–10 ساڵ | 5 | ٪25 |
| 11–15 ساڵ | 4 | ٪20 |
| 16–ساڵ زیاتر | 5 | ٪25 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

لە ئەنجامی خشتەکەدا دەردەکەویت کەمترین ماوەی سزادان لە نێوان (یەك مانگ بۆ 1 ساڵ)دایە کە ڕێژەکەی دەگاتە (٪10)، هەروەها ماوەی سزادانی (6–10) ساڵ و (16) ساڵ زیاتر نیوەی ڕێژەی سزادراوانیان پێکهێناوە کە دەگاتە (٪50)، هەروەها ماوەی سزادانی (2–5) ساڵ و (11–15) ساڵ بە ڕێژەی (٪40)ی سزادراوانن.وەکو تێبینی دەکرێت ڕێژەی (90 ٪) سزادراوان سزاکەیان قورسە* و لە پێنج ساڵ زیاتر سزادراون،زۆری ماوە سزادانی سزادراویش گرفتی زیاتر بۆ خێزانەکانیان دروست دەکات لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوریو دەروونییەوە.

**خشتەی (11) ماوەی بەندکردنی سزادراوان ئاشکرا دەکات**

| ماوەی بەندکردن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 1 مانگ بۆ 1 ساڵ | 5 | ٪25 |
| 2– 5 ساڵ | 8 | ٪40 |
| 6–10 ساڵ | 6 | ٪30 |
| 11–15 ساڵ | 1 | ٪5 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

دەرئەنجامەکانی سەرەوە دەریدەخەن زۆرترین ماوەی بەندکردنی سزادراوان لە نێوان (2–5) ساڵدایە و ڕێژەکەی دەگاتە (٪40)، هەروەها ماوەی بەندکرنی (1مانگ–1ساڵ) بە ڕێژەی (٪25)ە و ماوەی بەنکردنی (6–10)ساڵ بەڕێژەی (٪30) وڕێژەی (٪5) ی سزادراوانیش ماوەی بەندکردنیان لەنێوان (11–15) ساڵدایە.ماوەی بەندکردنیش هەوەکو ماوەی سزادان گرنگ وکاریگەرە،چونکە هەتا ماوەی بەندکردن زیاتر بێت گرفتەکانیش زیاتر دەبن، بە تایبەت خێزانی ئەو سزادراوانەی پێنج ساڵ زیاترە ئەندامەکانیان بەندکراون.

**سێیەم: زانیاری تایبەت بە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی سزادراوان:**

**خشتەی (12) دروست بوونی گرفت لە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی خێزانی سزادراوان ڕوون دەکاتەوە**

| جۆری گرفتەکان لە پەیوەندیە ناوخۆییەکانی خێزانی سزادراوان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەمانی متمانە لە نێوانیاندا | 6 | ٪30 |
| لاوازبونی پەیوەندیە خێزانییەکان | 4 | ٪20 |
| گرفتی ڕێکخستن و سەرپەریشتی کردنی خێزان | 5 | ٪25 |
| هەموویان | 4 | ٪20 |
| هیچیان | 1 | ٪5 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

پە پێی ئەو دەرئەنجامانەی لەم خشتەدا خراونەتەڕوو پەیوەندییەکانی خێزانی سزادراوان ڕووبەڕووی چەندین گرفت بوونەتەوە لەوانە ڕێژەی (٪45)ی نموونەکە ڕووبەڕووی گرفتەکانی ڕێکخستن وسەرپەرشتیکردنی خێزان ولاوازبونی پەیوەندییە خێزانییەکان بوون،هەروەها ڕێژەی(٪30) یان متمانە لە نێوانیاندا نەماوە، ئەو خێزانانەش ڕووبەڕووی هەموو گرفتەکان بوونەتەوە ڕێژەکەیان دەگاتە (٪20)،هەروەك (٪5)ی نموونەی توێژینەوەکەش هیچ گرفتێکی ناوخۆییان بۆ دروست نەبووە.ئەوەی لە ئەنجامەکاندا دەبینرێت ڕێژەی لە(٪95)ی نمونەی توێژینەوەکە بەهۆی سزادانی یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەیانەوە گرفت لە پەیوەندییە خێزانییەکان دروست بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت سزادان و بەند کردنی سزادراو بەتەنها کاریگەری لەسەر سزادراو نییە،بەڵکو بەهۆیەوە خێزانی سزادراویش ڕووبەڕووی چەندین گرفتی کۆمەلایەتی دەبێتەوە لەڕووی پەیوەندییە خێزانیەکانەوە. ئەوەی تێبینی دەکرا زۆرینەی ئەو خێزانانەی کە سزادراوەکانیان لە ڕەگەزی مێ بوون زیاتر ڕووبەڕووی گرفت بوونەتەوە لە پەیوەندییە خێزانیەکانیاندا، چونکە بەشێکی زۆریان هاوسەرگیرییان کردووە وخاوەنی منداڵن، بەراورد بەڕەگەزی (نێر)،کە زۆرینەیان سەلتن*.
هۆکاری بەرزی ڕێژەی گرفتە ناوخۆییەکانی خێزانی سزادراویش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزان*،بەندکردنی کەسی یەکەمی خێزان کە ئەرکی ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردن و کۆنترۆڵکردنی خێزان بووە.

هەواڵنامەی کتێب

* بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ئەو سزایەی ماوەکەی زیاد لە 5 ساڵ بێت بە سزای قورس ئەژمار دەکرێت.

بڕوانە ئەنجام و شرۆڤەی خشتەی ژمارە ( 9 ).*

بڕوانە ئەنجام و شرۆڤەی خشتەی ژمارە ( 5 ).*

**خشتەی (13) دروست بوونی گرفت لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی خێزانی سزادراوان روون دەکاتەوە**

| گرفتەکان لەپەیوەندییە دەرەکییەکانی خێزانی سزادراوان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پەیوەندی و هەڵسوکەتی خزم و کەسوکارمان لەگەڵمان گۆڕاوەوە | 3 | ٪15 |
| پەیوەندی و هەڵسوکەوتی دراوسێ و ناسراوەکانمان لە گەڵمان گۆڕاوە | 6 | ٪30 |
| لە شوێنی کارکردنمان متمانەمان کەمتربووە | 6 | ٪30 |
| هەموویان | 5 | ٪25 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

ئەوەی لەم وەڵامانەدا دەردەکەوێت پەیوەندییە دەرەکییەکانی خێزانی سزدراو ڕووبەڕووی یەکێك لەو گرفتانە بوونەتەوە بە جۆرێك پەیوەندی و هەڵسوکەتی خزم و کەسوکار بە ڕێژەی (٪30) لەگەڵیان گۆڕاوەو دراوسێ و ناسراوەکانیان بە ڕێژەی(٪30)،بەهەمان ڕێژەش لە(٪30) لە شوێنی کارکردنییان متمانەیان کەم بۆتەوە،بەڵام ڕێژەی (٪25) ی خێزانەکان ڕووبەڕووی هەموو گرفتە دەرەکییەکان بوونەتەوە.ئەوەی دەبینرێت سەرجەم نمونەی توێژینەوەکە بەهۆی سزادانی یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەیانەوە گرفتێکی دەرەکیان بۆ دروست بووە.ئەمەش وەکو لە خشتەی پێشودا (12) ئاماژەمان پێدا هۆکاری ئەم گرفتانە بۆ بەندکرنی سزادراوەکەیان دەگەڕێتەوە،بە تایبەت دوای ئەوەی ئەندامێکیان بەند دەکرێت بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێکەوە تێڕوانینی دەورووبەر بۆ ئەندامانی دیکەی خێزانەکە دەگۆڕێت و وەکو تاوانبار تەماشای ئەوانیش دەکەن. هەروەها لە کاتی چاوپێکەوتنی خێزانەکاندا تێبینی کرا ئەو خێزانانەی سزادراوەکانیان تەمەنیان زیاترەو ڕەگەزیان مێ یە و خێزاندارن* گرفتی زیاتریان بۆ دروست بووە لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیان لەگەڵ کەسوکارو دراوسێ و ناسراوەکانیان بەراود بە خێزانەکانی دیکە .

**خشتەی (14) گرفتەکانی پێگەی کومەڵایەتی بۆ خێزانی سزادراوان دەخاتەڕوو**

| گرفتەکانی پێگەی کۆمەڵایەتی خێزانی سزادراوان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لەنێو خزم وکەسوکارمان پێگەو سەنگی خێزانەکەمان لاواز بووە | 8 | ٪40 |
| لەنێو گەڕەك و دراوسییکانمان پێگەو سەنگی پێشومان نەماوە | 3 | ٪15 |
| لە شوێنی کارکردنم وەك پێشوو پێگە ومتمانەمان نەماوە | 2 | ٪10 |
| ڕووبەڕووی لەکەی کۆمەڵایەتی بوینەتەوە | 6 | ٪30 |
| هیچیان | 1 | ٪5 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

دەرئەنجامەکان دەریدەخەن پێگەی کۆمەڵایەتی زۆرینەی رەهای نمونەی توێژینەوەکە کە دەگاتە (٪95) ڕووبەڕووی گرفت بۆتەوە بەهۆی تاوانی سزادراوان کە ئەندامی خێزانەکانیانە، بەجۆرێك ڕێژەی لە(٪40) ی نمونەی توێژینەوەکە پێگەو سەنگی کۆمەڵایەتی خێزانەکەیان لاواز بووە لەناو خزم و کەسوکاریان و لە (٪30) ی نمونەی توێژینەوەکەش ڕووبەڕووی لەکەی کۆمەڵایەتی بونەتەوە،هەروەها (٪15) ی نمونەکە لە نێو گەڕەك و دراوسێکانیان پێگە و سەنگی پێشویان نەماوە،هەروەك ڕێژەی لە (٪10) یان لە شوێنی کارکردنیان پێگەو متمانەی پێشویان نەماوە و لە (٪5)ی نموونەکە ڕووبەڕووی هیچ گرفتێك نەبۆتەوە و سزادران و تاوانی ئەندامێکی خێزانەکەیان هیچ کاریگەری لەسەر پێگەو سەنگی خێزانەکەی نەبووە. وەك لە کاتی چاوپێکەوتنی خێزانی سزادراواندا تێبینی کرا ،ئەگەر پێشینەی تاوان لە ناو خێزانەکەدا هەبێت و سزادراوەکە ڕەگەزی مێ بێت*،ئەوا خێزانەکە زیاتر ڕووبەڕووی لەکەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە و پێگەی کۆمەڵایەتیشیان لاواز دەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەلتورو نەریتی کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان کە ژنان یاخود ڕەگەزی مێ وەك هێمای شەرەف و پاکیزەیی خێزان دەبینن،هەروەها ئەو سزادراوانەی کە تاوانەکانیان پەیوەندیدارن بە بابەتی سێکسی وهاوڕەگەزییەوە ، خێزانەکانیان زۆر ترین جار ڕووبەڕووی لەکەی کۆمەڵایەتی دەبنەوە. بەگشتی دەتوانین بڵێین هۆکاری ئەوەی ڕێژەی لە (٪95) ی خێزانەکان پێگەو سەنگی کۆمەڵایەتیان لە دەستداوە بەهۆی تاوانی یەکێك لە ئەندامەکانیانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە پێی کلتورو تێڕوانینی کۆمەڵگای نمونەکە لادان و تاوان کردەیەکی تاکایەتی نییە،بەڵکو خێزانەکانیش بە بەرپرسیارو کەمتەرخەمن و بەشێکن لە تاوانەکە، واتا خێزان دەبێتە قوربانی تاوانێك کە نەیکردووە.

**خشتەی (15) ڕوودانی گرفتی جیابوونەوە لە نێو خێزانی سزادراوان ئاشکرا دەکات**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 6 | ٪30 |
| نەخێر | 14 | ٪70 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

* بڕوانە ئەنجام و شرۆڤەی خشتەی ژمارە (9,8,7) .

* بڕوانە ئەنجام و شرۆڤەی خشتەی ژمارە (8,6) .

ئەنجامەکان ئاشکرای دەکەن گرفتی جیابوونەوە لە نێو (٪٧٠) ی خێزانی سزادراوان ڕووی نەداوە، بەڵام ڕێژەی لە (٪٣٠) ی خێزانەکان گرفتی جیابوونەوەیان هەبووە.ئەوەی تێبینی کرا ئەو خێزانانەی ماوەی سزا و ماوەی مانەوەی سزادراوەکەیان لە نێو چاکسازیدا لە پێنج ساڵ زیاترە*دیاردەی جیابوونەوە لەنێوان سزادراوان و هاوسەرەکانیاندا زیاتر ڕوودەدات، بەتایبەت ئەو سزادراوانەی کە تاوانەکانیان پەیوەندی بەبابەتی سێکس وشەرەفەوە هەیە.

**خشتەی (16) جۆری گرفتە ئابورییەکانی خێزانی سزادراوان دەخاتەڕوو**

| جۆری گرفتە ئابورییەکانی خێزانی سزادراوان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەمبونەوەی داهاتی خێزانەکەمان بەهۆی زیاد بوونی خەرجی سزادراوو هاتوچۆکردنەوە | 12 | ٪60 |
| لەدەستدانی سەرچاوەی سەرەکی داهاتی خێزانەکەمان | 2 | ٪10 |
| هەموویان | 4 | ٪20 |
| هیچیان | 2 | ٪10 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

پە پێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە ڕێژەی لە (٪٩٠) ی نموونەکە ڕوو بەڕووی یەکێك لە گرفتە ئابوریەکان بوونەتەوە، بە جۆرێك ڕێژەی لە (٪٦٠) ی خێزانی سزادراوان ڕووبەڕووی گرفتی کەمبوونەوەی داهات بەهۆی زیادبوونی خەرجییەکان بوونەتەوە،هەروەها ڕێژەی لە(٪٢٠)ی نمونەی توێژینەوەکە ڕووبەڕووی هەموو گرفتە ئابورییەکان بوونەتەوە، هەروەك ڕێژەی لە(٪١٠)یان سەرچاوەی سەرەکی داهاتەکەیان لەدەستداوە و ڕێژەی لە(٪١٠) ی خێزانی سزادراوانیش ڕووبەڕووی هیچ یەکێك لەو گرفتە ئابورییانە نەبووبوونەتەوە.ئەوەی پێویستە لەم ئەنجامانەدا شرۆڤە بکرێت ئەوەیە ئەو خێزانانەی هەژاربوون و خاوەنی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان نەبوون و ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەیان زۆربوون*، زۆرترین گرفتیان بۆ دروستبووە دوای سزادانی یەکێك لە ئەندامەکانیان، ئەمە جگە لەوەی هەتا سزدراو ماوەی بەندکردنەکەی زیاتر بێت خەرجی و بارگرانی ئابوری زیاتر بۆ خیزانەکانیان دروست دەبێت ، وەکو خەرجی گرتنی پارێزەرو قەرەبوو کردنەوەی لادان و تاوان،هەندێ جاریش بەهۆی هەستییاری تاوانی ئەندامەکیانەوە خێزانەکان ڕووبەڕووی ئاوارەیی و جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوون و سوتاندنی موڵك وماڵیان

دەبنەوە لە لایەن کەسوکاری تاوانلێکراوەکەوە، هەموو ئەمانەش جگە لە گرفتی ئابوری، گرفتی کۆمەڵایەتیشی بەدوادا دێت.

**خشتەی (17) ڕۆڵی خزم و کەسوکار لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی خێزانی سزادراوان دەردەخات**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 11 | ٪55 |
| نەخێر | 9 | ٪45 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

لە وەڵامەکاندا دەردەکەوێت زۆرینەی خزم و کەسوکاری خێزانی سزادراو ڕۆڵێکی باشیان گێڕاوە لە هاوکاریکردن و کەمکردنەوەی باری قورسی سەرشانی خێزانی سزادراوان کە ڕێژەکەیان دەگاتە (٪٥٥)،بەڵام ڕێژەی (٪٤٥) ی نمونەی توێژینەوەکە لەلایەن خزم و کەسوکارەکەیانەوە هاوکاری و پاڵپشتی نەکراون لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانیان.هۆکاری ئەوەی ڕێژەی زیاتری خێزانەکان هاوکاری و پاڵپشتی کراون لەلایەن کەسوکاریانەوە بۆ کاریگەری بەها ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە کە بانگەشەی برایەتی و یارمەتی دانی یەکترو بەهێزی پەیوەندییەکان دەدەن لەکاتە سەختەکاندا.بەڵام ئەوەش جێگەی تێڕامانە کە ڕێژەی لە(٪٤٥)ی خێزانەکان هاوکاری نەکراون،تەنانەت پەیوەندی هەڵسوکەوتی کەسوکارەکانیان لەگەڵدا گۆڕابوو پێگەی جارانشیان نەمابوو*،ئەمەش وەکو تێبینی کرا بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕایەوە،لەوانە هەندێك لە تاوانی سزادراوەکان بەرامبەر کەسوکار یان خێزانەکانی خۆیان بووە وەکو کوشتن و دەست درێژی و هەڕەشەکردن،هەروەها هەندێك لە تاوانەکانی سزادراوان دژ بە ئاکارو داب ونەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بووە.

**خشتەی ژمارە (18) ئاستی هاوکاری مرۆیی خێزانی سزادراوان لەلایەن گروپ و ڕێکخراووکەسایەتیەکانەوە دەردەخات**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 6 | ٪30 |
| نەخێر | 14 | ٪70 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

ئەنجامەکان دەریدەخەن زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە کە ڕێژەیان دەگاتە (٪٧٠) هیچ هاوکارییەك نەکراون لە ڕووی مرۆییەوە "هۆشیاری کۆمەڵایەتی و یاسای و دەرونی" لە لایەن دەزگاو ڕێکخراوو گروپ و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانەوە ، لە بەرامبەر ڕێژەی لە (٪٣٠) ی نمونەی توێژینەوەکە هاوکاریکراون لە لایەن یەکێك لە ڕێکخراو و گروپ و کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکانەوە . ئەم ئەنجامە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە هێشتا هاوکاری مرۆیی

---

* **بڕوانە ئەنجام و شرۆڤەی خشتەی ژمارە** (10، 11).
* **بڕوانە ئەنجام و شرۆڤەی خشتەی ژمارە** (3، 4، 5).
* **بڕوانە ئەنجام و شرۆڤەی خشتەی ژمارە** (13، 14).

توێژی خێزانی سزادراوان نەبووە بە بابەتێکی گرنگ و جێگای تێڕامانی ڕێکخراوو گروپەکان نییە لە کۆمەڵگادا.

**خشتەی ژمارە (19) ئاستی هاوکاری مادیی خێزانی سزادراوان لەلایەن ڕێکخراو گروپ وکەسایەتییەکان دەخاتەڕوو**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 4 | ٪20 |
| نەخێر | 16 | ٪80 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 |

ئەوەی لە ئەنجامی خشتەکەدا دەرکەوتووە زۆرینەی خێزانی سزادراوان بە ڕێژەی لە (٪80) هیچ هاوکارییەك نەکراون لە ڕووی ماددییەوە لە لایەن دەزگاو ڕێکخراو و گروپەکان و کەسایەتیيە کۆمەڵایەتییەکانەوە،هەروەك ڕێژەی لە (٪20)ی خێزانیەکان هاوکاریکراون لە لایەن یەکێك لە ڕێکخراو و گروپ و کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکانەوە .دەتوانین بڵێین هاوکاری نەکردنی ئەم خێزانانە لە ڕووی مادییەوە یەکێکە لە هەرە گرفتە سەرەکییەکان کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە،کە لەوانەیە جگە لە هەژاری و گرفتە ئابورییەکانی دیکە، ڕووبەڕووی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی ببنەوە،چونکە خراپی باری ئابوری گرفتێکی گەورەیە و چارەسەرکردنیشی ئەستەمە.

**باسی دووەم/ ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان.**

**یەکەم / ئەنجامەکانی توێژینەوە بە ئامانجەکانەوە و بەراوردکردنی بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو.**

1. بە پێی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتییە لە دەرخستنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی ئەو سزادراوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی بەندکراون.توێژینەوەکە دەریخستووە کە ئاستی خوێندەواری خێزانی سزادراوان لە ئاستێکی باشدا نیە، بەجۆرێك تەنها نوسین و خوێندنەوە دەزانن و هیچ بڕوانامەیەکیان نیە، وەکو لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (2)دا خراوەتە ڕوو، ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەو ئەنجامەدا یەکدەگرێتەوە کە توێژینەوەی (زید بن عبدالله بن دریس) پێی گەیشتووە سەبارەت بەوەی بەشێکی زۆری خێزانی بەندکراوان ئاستی خوێندنیان وەکو پێویست نییە.
2. بەپێی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتییە لە دەرخستنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی ئەو سزادراوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی بەندکراون،هەروەها ئامانجی ناسەرەکی یەکەم کە بریتییە لە زانینی جۆری ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی خێزانی سزادراوان ڕووبەڕووی دەبنەوە.توێژینەوەکە گەشتۆتە ئەو ئەنجامەی پەیوەندیە ناوخۆییەکانی خێزانی سزادراوان ڕووبە ڕووی زۆر گرفتی کۆمەڵایەتی بۆتەوە، لەوانە نەمانی متمانە ،لاوازی پەیوەندیە خێزانییەکان ،گرفتی ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردنی خێزان، وەکو لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (12)دا خراونەتە ڕوو، ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەو ئەنجامەدا کە توێژینەوەی (محسن فالح الدوسری) پێی گەیشتووە یەکدەگرێتەوە سەبارەت بەوەی ئەرکی پەروەردەکردن لەسەر دایك زیاد دەکات دوای بەندکردنی سەرۆکی خێزان، هەروەها کەمبونەوەی چاودێری لەسەر منداڵ بەهۆی ئامادەنەبوونی دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنەوە،.
3. بە پێی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتییە لە دەرخستنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی ئەو سزادراوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی بەندکراون،هەروەها ئامانجی ناسەرەکی یەکەم و دووەم کە بریتیین لە زانینی جۆری ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی خێزانی سزادراوان ڕووبەڕووی دەبنەوە، زانینی هۆکارەکانی دروست بونی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانە بۆ خێزانی سزادراوان. توێژینەوەکە گەشتۆتە ئەو ئەنجامەی پەیوەندیە دەرەکیەکانی خێزانی سزادراوان واتە پەیوەندی خێزان بەدەوروبەرەکەیەوە ڕووبەڕووی زۆر گرفت بۆتەوە بەهۆی بەندکردنی ئەندامی خێزانەکەیانەوە، لەوانە خزم و دراوسێ و ناسیاوەکانیان پەیوەندی و هەڵسوکەوتیان لەگەڵیاندا گۆڕاوە،هەروەك لەشوێنی کارکردنیشیان متمانەی پێشوویان کەمبۆتەوە،واتە وەکو ئەندامە سزادراوەکەیان سەیردەکرێن ،ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (13) ئەم ئەنجامانە پشت ڕاست دەکاتەوە، ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەو ئەنجامەدا کە توێژینەوەی (محسن فالح الدوسری) پێی گەیشتووە یەکدەگرێتەوە سەبارەت بەوەی بەشێکی زۆری خێزانەکان گرفتی هەستکردن بە تەنیایی و گۆشەگیری کۆمەڵایەتیان هەیە.
4. دەربارەی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتییە لە دەرخستنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی ئەو سزادراوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی بەندکراون،هەروەها ئامانجی ناسەرەکی یەکەم و دووەم کە بریتیین لە زانینی جۆری ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی خێزانی سزادراوان ڕووبەڕووی دەبنەوە،زانینی هۆکارەکانی دروست بونی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانە بۆ خێزانی سزادراوان.توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی پێگەو سەنگی خێزانی سزادراوان لە نێو خزم و دراوسێ و شوێنی کارکردن لاوازبووەو ڕووبەڕووی لەکەی کۆمەڵایەتیش بوونەتەوە. ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (14) ئەم ئەنجامانە پشت ڕاستدەکاتەوە، ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەو ئەنجامەدا کە توێژینەوەی (محسن فالح الدوسری) پێی گەیشتووە

یەکدەگرێتەوە سەبارەت بەوەی بەشێکی زۆری خێزانەکان گرفتی هەستکردن بە تەنیایی و گۆشەگیری کۆمەڵایەتیان هەیە.

5. دەربارەی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتییە لە دەرخستنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی ئەو سزادراوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی بەندکراون،هەروەها ئامانجی ناسەرەکی یەکەم کە بریتییە لە زانینی جۆری ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی خێزانی سزادراو ڕووبەڕووی دەبنەوە. توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی گرفتی جیابوونەوە لە نێو خێزانی سزادراواندا بەڕێژەیەکی کەم بووە دوای بەندکردنی هاوسەرەکانیان،وەکو لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (15)دا خراوەتە ڕوو.

6. بە پێی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتییە لە دەرخستنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی ئەو سزادراوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی بەندکراون،هەروەها ئامانجی ناسەرەکی دووەم کە بریتییە لە زانینی هۆکارەکانی دروست بونی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانە بۆ خێزانی سزادراوان.توێژینەوەکە دەریخستوە زۆرینەی خێزانی سزادراوان دۆخی ئابوریان خراپە و ڕووبەڕووی زۆر جۆری گرفتە ئابورییەکان بوونەتەوە، لەوانە کەم بوونەوەی داهات، زیادبوونی خەرجیەکان، لەدەستدانی سەرچاوەی سەرەکی داهاتی خێزانەکەیان بەهۆی بەندکردنی سەرۆك یان سەرپەرشتیاری خێزانەکەیانەوە،وەکو لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (16)دا خراوەتە ڕوو،ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەو ئەنجامانەدا یەکدەگرێتەوە کەهەریەکە لەتوێژینەوەوەکانی (زید بن عبدالله بن دريس) و (عبدالله عبدالرحمن المخيصيب) پێی گەیشتوون سەبارەت بەوەی باری ئابوری خێزانی بەندکراوانی دامەزراوەی چاکسازی ناجێگیرە و بەدەست گرفتی بێکاریەوە دەناڵێنن.

7. دەربارەی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتییە لە دەرخستنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی ئەو سزادراوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی بەندکراون،هەروەها ئامانجی ناسەرەکی سێیەم کە بریتییە لە دەرخستنی ڕۆڵی خزم و کەسوکار لە چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتی و داراییەکانی خێزانی سزادراوان.ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات نیوەی زیاتری نموونەی تۆێژینەوەکە خزم و کەسوکاریان یارمەتیدەریان بوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانیان،لەگەڵ ئەوەی ئەوانەی کە یارمەتی نەدراون و بە تەنها ڕووبەوڕووی گرفتەکانیان بوونەتەوە ڕێژەیەکی کەم نین، ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (17) ئەم ئەنجامانە پشت ڕاست دەکاتەوە.

8. بە پێی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتییە لە دەرخستنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی ئەو سزادراوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی بەندکراون،هەروەها ئامانجی ناسەرەکی پێنجەم کە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی گروپ و ڕێکخراو و دەزگا مرۆییەکان لە چارەسەرکردنی گرفتە مرۆییەکانی خێزانی سزادراوان. توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی زۆرینەی خێزانی سزادراوان هاوکاریی مرۆیی ( دەروونی، کۆمەڵایەتی، یاسایی) نەکراون، وەکو لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (18)دا خراوەتە ڕوو،ئەم ئەنجامە تاڕادەیەك لەگەڵ ئەو ئەنجامەدا یەك ناگرێتەوە کە توێژینەوەکەی (عبدالله عبدالرحمن المخيصيب) پێی گەیشتووە سەبارەت بەوەی کەرتی تایبەت بەشداربونە لە چارەسەرکردنی گرفتە هەنوکەییەکانی خێزانی سزادراوان.

9. دەربارەی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتییە لە دەرخستنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی ئەو سزادراوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی بەندکراون،هەروەها ئامانجی ناسەرەکی چوارەم کە بریتییە لە دەرخستنی ڕۆڵی دەزگاو ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان لە چارەسەرکردنی گرفتە ماددییەکانی خێزانی سزادراوان.ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات زۆرینەی خێزانی سزادراوان لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانیان هاوکاریی مادیی نەکراون لەلایەن ڕێکخراو و گروپ و کۆمپانیا و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانەوە.ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (19) ئەم ئەنجامانە پشت ڕاست دەکاتەوە،ئەم ئەنجامە تاڕادەیەك لەگەڵ ئەو ئەنجامەدا یەکناگرێتەوە کە توێژینەوەکەی (عبدالله عبدالرحمن المخيصيب) پێی گەیشتووە سەبارەت بەوەی کەرتی تایبەت بەشداربونە لە چارەسەرکردنی گرفتە هەنوکەییەکانی خێزانی سزادراوان.

## دووەم / ڕاسپاردەکان

1. ئەو سزادراوانەی کە ماوەی سزاکەیان کەمە لەبری زیندانیکردنیان سزای جێگرەوە پەیرەو بکرێت،ئەمەش دەرفەت و هۆکارێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی گرفتە خێزانی و کۆمەڵایەتیەکانی خێزانی سزادراوان کەمترببنەوەو باری سەرشانیان سوکتربێت.
2. بەپێویستی دەزانین کە هاوکاری ڕێکخراوەکانی بواری مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان کە لەزیندانەکان کارو چالاکی ئەنجامدەدەن و لەم بوارەدا چالاکیان هەیە فراوانتر بکرێت و بەتەنها لە سزادراواندا کورت نەکرێتەوە،بەڵکو گرنگی بە خێزانی سزادراوانیش بدەن.
3. بڕینەوەی مووچەی چاودێری کۆمەڵایەتی لە لایەن حکومەتەوە بۆ خێزانانەی باری ئابوریيان خراپ و ناجێگیرە.

4.کردنەوەی کەناڵی نوێی پەیوەندی گرتن بۆ خێزانی سزادراوان لەگەڵ سزادراوان لەڕێی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت(پەیوەندی ڤیدیۆیی)،کە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت لە کەمکردنەوەی خەرجی هاتوچۆو سەردانیکردن بۆ لای سزادراوان،هەروەها لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتیشەوە پەیوەندی نێوان سزادراوان وخێزانەکانیان بەردەوام و باشتر دەکات

7- دەرفەتی سەردانی و یەکتربینینی زیاتر بڕەخسێنرێت بۆ ئەو سزادراوانەی خێزاندارن،بە ئامانجی ڕێگری کردن لە جیابوونەوەی زیاتری خێزانەکان.

8- پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەو دەستەو لایەنانەی کە دەتوانن کار لەسەر هۆشیاری کۆمەڵگا بکەن ڕۆڵی زیاتر بگێڕن لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ ناساندنی خێزانی سزادراوان وەك کەسانی ئاسایی و بێ تاوان لە کۆمەڵگادا،چونکە بەشێکی کۆمەڵگا وەك تاوانبارو کەسانی مەترسیدار سەیریان دەکەن،تەنیا لەبەرئەوەی ئەندامێکیان تاوانی کردووە.

9- گۆڕانکاری لە یاساو ڕێنمایی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی سزادراوان و گەڕانەوەیان بۆ ناو خێزان بکرێت، بەجۆرێك کە دەرفەتی زیاتر بۆ سزادراوان بڕەخسێت بگەڕێنەوە ناوخێزانەکانیان، بەتایبەت ئەو سزادراوانەی خێزاندارن.

## سەرچاوەکان


1- أبراهيم، عبدالله ، البحپ فى العلوم الّجتماعيه ، المركز الپقافى العربى،الدار البيچاو ـ المغرب ،2000 .

2- إستنبولى، إبتسام،تأپير المشكلات الاجتماعيه الاقتصاديه فى التوازن الّسرى،رسالهماجستير،رياچ،1995 .

3- أبو زينه، د. فريد كامل ، الّحصاو فى التربيه و العلوم الانسانيه، مگبعه جهينه، عمان ، 2002.

4- بن دريس، زيد بن عبدالله ، الخدمات المقدمه من اللجنه الوگنيه لرعايه السجناو والمفرج عنهم واسرهم لّسر السجناو واقعها وأفاقه ، رساله ماجستير ، قسم العلوم الاجتماعيه ، جامعه نايف العربيه للعلوم الّمنيه ، 2007.

5- بن محمود، محمد،دەروونزانی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا،و.ئارام ئەمین شوانی،چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر،2014 .

6- تركيه، د. بهاوالدين ، الاحصاو الاجتماعى ، مگبعه الاهالى ، دمشق ، 2002.

7- تيمز، نويل،المشكلات الاجتماعيه،ت.د.غريب محمد،دار المعريفه،الاسكندريه،1981.

8- حسن، د. عبدالباسگ محمد ، أصول بحپ الآجتماعى ، گ3، مكتبه الّنجلوالمصريه ، القاهره ، 1971.

9- حسن، محمود،الّسره و مشكلاتها،دار النهچه،بيروت،1967.

10- حسين، جميله رمچان ، اپر التنشئه الآجتماعيه فى السلوك الاجرامى ، رساله ماجستير غير منشوره ، قسم علم الآجتماع ، كليه الآداب ، جامعه صلاح الدين ،1994 .

11- حسين، عزى،الّسره و دوروها فى تنميه القيم الآجتماعيه لدىالگفل فى مرحله الگفولهالمتأخره ،دراسه ماجستير، علم الّجتماع، 2014.

12- خەليل، د.مەعن،کۆمەڵناسی خێزان،و.ئارام ئەمین جەلال،چاپخانەی خانی،دهۆك،2007.

13- الدوسرى، محسن فالح ، مشكلات اسر النزلاو المؤسسات الاصلاحيه و گرق تعاملها معها، رساله ماجستير، قسم العلوم الاجتماعيه ،جامعه نايف العربيه للعلوم الامنيه ،الرياچ ، 2007.

14- رشوان،حسين عبدالحميد احمد،ميادين علم الاجتماع ومناهج البحپ العلمى،گ10 ،مكتب الجامعى الحديپ،الاسكندريه،2004.

15- رشوان، حسين عبدالحميد احمد، اصول بحپ العلمى، مؤسسه شباب جامعه، الاسكندريه، 2010.

16- السارى، د.سالم و د.خچر زكريا،مشكلات اجتماعيه راهنه"العولمه..وانتاج مشكلات جديده،الاهالى للگباعه والنشر،دمشق،2004.

17- سعيد، عبدلله،الوچع الاجتماعيه والاقتصاديه لّسر نزلاو السجون،رياچ،1996.

18- عبدالقادر، پەيمان،الفچائيات التلفزيونيه وتغير القيم الآجتماعى،مگبعه شڤان،السليمانيه،2007.

19- عمر، د.معن خليل و عبداللگيف عبدالحميد العانى،المشكلات الاجتماعيه،مگبعه التعليم العالى،الموصل،1991.

20- غانم، د.عبدالله عبدالغنى ، مجتمع السجن _دراسه انپروبولوجيه ، المگبعه الحميريه الاسكندريه ، 1985.

21- المغيصيب، عبدالله عبدالرحمن، دور القگاع الخاص فى رعايه أسر نزلاو المؤسسات الاصلاحيه ، رساله ماجستير، قسم العلوم الاجتماعيه،جامعه نايف العربيه للعلوم الامنيه ،الرياچ ، 2004 .

22- هرزانى، د. نورى ياسين ، الاعلام و الجريمه ، مگبعه جامعه صلاح الدين ، اربيل ، 2005 .

23- قانون إصلاح النزلاو والمودعين،رقم (14) لسنه 2018، الوقائع العراقيه،العدد 4499، 2018.

24- Thomas J.Sullivan,Introduction to Social problems,Sixth Edition, Northern Michigan University, 2003.

25- Henslin. M, James, Social Problems, seventh Edition, Southern Illinois University, Edwardsville, 2006.

# پاشکۆی (1)

**حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتی یەکان/ بەشی کۆمەڵناسی**

**فۆرمی توێژینەوە**

**دەربارەی ﴾ گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی سزادراوان﴿**

**﴾ لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانییە لە بەڕێوبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی ﴿**

**سلاو بەرێز:**

**ئەم فۆرمەی کە لەبەردەستدایە،تەنها بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بەکاردێت، هاوکاریت خزمەتکردنە بە توێژینەوەی زانستی و سوود وەرگرتنە لە ڕاو بۆچونەکانت بۆ دەوڵەمەند کرنی توێژینەوەکە،**

**لەگەڵ ڕێزوسوپاسدا**

**توێژەران**

**هیوا یاسین محمد** — **عمر ئەنوەر کریم**

**مامۆستایی یاریدەدەر** — **توێژەری کۆمەڵایەتی**

**زانیاری تایبەت بەخێزانی سزادراوان**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | پلەی خزمایەتی لەگەڵ سزادراو | باوک ( ) دایک ( ) هاوسەر ( ) کور ( ) کچ ( )<br>مام و خاڵ ( ) باپیرە و داپیرە ( ) پور ( ) |
| 2 | ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار ( ) نوسین و خویندنەوە ( ) بنەرەتی ( ) ناوەندی ( )<br>دبلۆم ( ) بەکالۆریۆس ( ) |
| 3 | ئاستی بژێوی | زۆر باش ( ) باش ( ) ناوەند ( ) خراپ ( )<br>زۆر خراپ ( ) |
| 4 | خاوەندارێتی شوێنی نیشتەجێبوون | خاوەنداری ( ) کرێ ( ) موڵکی گشتی ( ) هی تر(<br>) |
| 5 | ژمارەی ئەندامانی خێزان | ٢-٥ ( ) 6-9 ( ) 10 زیاتر ( ) |
| 6 | ئایا کەسی تر لەئەندامانی خێزانەکەت بەهۆی تاوانێکەوە سزادراوە؟ | بەڵێ ( ) نەخێر ( ) |

**زانیاری تایبەت بە سزادراوان**

| | | |
|---|---|---|
| 7 | تەمەنی سزادراو | ( ) ساڵ |
| 8 | ڕەگەزی سزادراو | نێر ( ) مێ ( ) |
| 9 | باری کۆمەڵایەتی سزادراو | سەڵت ( ) دەستگیراندار ( ) هاوسەری هەیە ( ) هاوسەری مردووە ( ) جیابوونەوە (<br>) |
| 10 | ماوەی سزاکەی | ١مانگ بۆ ١ساڵ ( ) 2-٥ ساڵ ( ) 6-١٠ ساڵ ( ) ١١-<br>١٥ ساڵ ( ) ١6ساڵ زیاتر( ) |
| ١١ | ماوەی بەند کردنی سزادراو | ١مانگ بۆ ١ساڵ ( ) 2-٥ ساڵ ( ) 6-١٠ ساڵ ( ) ١١-١٥ ساڵ ( ) |

**زانیاری تایبەت بە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی سزادراوان**

| | | |
|---|---|---|
| 12 | بەهۆی سزادانی سزادراوەوە پەیوەندیە ناوخۆییەکانتان کام لەم گرفتانەی بۆ دروستبووە؟ | أ- نەمانی متمانە لە نێوانتاندا ( )<br>ب- لاوازبوونی پەیوەندیە خێزانیەکانتان ( )<br>ج- گرفتی ڕێکخست و سەرپەرشتیکردنی خیزان ( )<br>د- هەمویان ( )<br>هـ- هیچیان ( ) |

| | | |
|---|---|---|
| 13 | بەهۆی سزای سزادراوەوە پەیوەندیە دەرەکییەکانتان کام لەم گرفتانەی بۆ دروست بووە ؟ | أ- پەیوەندی و هەڵسو کەوتی خزم و کەسوکارمان لەگەڵماندا گۆراوە ( )<br>ب- پەیوەندی و هەڵسو کەوتی دراوسێ و ناسراوەکانمان لەگەڵماندا گۆراوە ( )<br>ج- لەشوێنی کارکردنمان متمانەمان کەمتربوە ( )<br>د- هەموویان ( ) |
| 14 | پێگەی کۆمەڵایەتیت ڕووبەڕووی کام لەم گرفتانە بۆتەوە ؟ | أ- لەنێو خزم و کەسوکارمان پێگەو سەنگی خێزانەکەمان لاوازبووە ( )<br>ب- لە نێو گەڕەک و دراوسێکانمان پێگەو سەنگی پێشوومان نەماوە ( )<br>ج- لەشوێنی کارکردنم وەک پێشوو پێگەو متمانەمان نەماوە ( )<br>د- ڕووبەڕووی لەکەی کۆمەڵایەتی بوینەتەوە ( )<br>هـ- هیچیان ( ) |
| 15 | ئایا بە هۆی بەندکردنی سزادراوەو لە نێو خیزانەکەتان جیابوونەوە ڕوویداوە؟ | بەڵێ ( ) نەخێر ( ) |
| ١٦ | ڕووبەڕووی کام لەم گرفتە ئابووریانە بویتەتەوە بەهۆی بەندکرانی سزادراوەکەتانەوە؟ | أ- کەمبونەوەی داهاتی خیزانەکەمان بە هۆی زیادبوونی خەرجی سزادراو و هاتوچۆ کردنەوە ( )<br>ب- لەدەستدانی سەرچاوەی سەرەکی داهاتی خیزانەکەمان ( )<br>ج- هەموویان ( )<br>د- هیچیان ( ) |
| ١٧ | ئایا خزم و کەسوکار ڕۆڵیان هەبووە لە چارەسەرکردنی گرفتە خێزانییەکانتان ؟ | بەڵێ ( ) نەخێر ( ) |
| ١٨ | ئایا دەزگا و ڕێکخراو و گروپ و کەسایەتیەکان هاوکاریان کردوون لە ڕووی مرۆییەوە (دەرونی-کۆمەلایەتی -یاسایی) ؟ | بەڵێ ( ) نەخێر ( ) |
| ١٩ | ئایا ڕێکخراو و گروپ و کۆمپانیلو کەسایەتیەکان هاوکاریان کردوون لە ڕووی مادییەوە ؟ | بەڵێ ( ) نەخێر ( ) |

هەواڵنامەی کتێب

**پاشکۆی (2) ناوی پسپۆران**

| ژ | ناوی پسپۆر | پلەی زانستی | پسپۆڕی |
|---|---|---|---|
| 1 | کەژاڵ حسین محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی |
| 2 | عالیە فرج مستەفا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی |
| 3 | سەنگەر حسام عبدللە | مامۆستا | کۆمەڵناسی |
| 4 | سورێن ئەبوبەکر عبدللە | مامۆستا | کۆمەڵناسی |
| 5 | کوێستان علی عبدللە | مامۆستا | کاری کۆمەڵایەتی |

Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.19634

# کاریگەری خێڵ لەسەر ململانێی دەسەڵات لە سەردەمی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب (35_40ك/656_661ز) (جەنگی جەمەل-جەنگی سەففەین) بەنمونە

صلاح كانه بي اسماعيل[1]، اسو نريمان سوبحان[2]

[1]زانکۆی سلێمانی ، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی مێژوو

[2]زانکۆی گەرمیان ، کۆلێجی پەروەردە، بەشی مێژوو

**Article Info**

Received: August, 2019

Revised:August,2019

Accepted: August ,2019

**Keywords**

خێل ، ململانێی دسەلات، جەنگی جەمەل، جەنگی سەففەین

**Corresponding Author**

aso.subhan@garmian.edu.krd

## پوختە

نیمچە دورگەی عەرەبی یەکێکە لە گەورەترین دوورگەکان، بەوە جیادەکرێتەوە کە بیابانێکی وشك وسەرچاوەیەکی کەم ئاوی هەیە.بەهۆی سروشت وشوێنکەیەوە، دانیشتوانەکەی بە شێوەی خێڵایەتی و دەشتەکی (بەدەوی) ژیاون، ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەپێششدا نەهاتۆتە بوون. هۆزە جیاوازەکان لە ململانێی بەردەوامدا بوونە لەگەڵ یەکترو بەم شێوەیەش سیستەمە خێڵگەرایەکە پێش گەیشتنی ئاینی ئیسلام کۆنترۆڵی نیمچە دوورگەی عەرەبی کردبوو..

لەگەڵ هاتنی ئاینی ئیسلام، پێغەمبەر(د.خ) هەوڵیداوە لەڕێگەی دەسەڵاتی سیاسی و ئاینیەوە سیستەمی خێڵەکی کەم بکاتەوە،ئەمەش لەکاتی ژیانیدا ڕوویداوە، بەڵام پاش مردنی خێڵ دووبارە بەبەهێزتر دەرکەوتۆتەوە، دەستیخستۆتە نێو سیاسەتی دەوڵەتەوە.

بە تێپەڕبوونی کات، ململانێی خێڵەکی وێنای دەوڵەتی ئیسلامییان کردوە،تاڕادەیەك بووە یەکێك لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی دوڵەتەکە، بەتایبەتی لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی عوسمانی کوڕی عەففان و هەوڵەکانی بۆ خزمە نزیکەکانی (خزم لەڕێی خوێنەوە)بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی.ئیتر لەوکاتەوە،کۆشش بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات هزری خێزانە قورەیشییەکانی بەشێوەیەکی سەرەکی داگیرکردووە، بەتایبەتی لەنێوان بنەماڵەی ئومەوی و عەباسییەکاندا.

ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بۆ دوو بەش:

بەشی یەکەم دەکۆڵێتەوە لەوەی چۆن خەلیفە عەلی کوڕی ئەبی تالیب گەیشتۆتە خەلافەت، پاشان شەڕی جەمەل و هۆکاری ئەو دوژمنکاریانە بۆ عەلی.

بەشی دووەم دەکۆڵێتەوە لە جەنگی سەففەین، هەوڵەکانی موعاویە بۆ بێهێزکردنی عەلی کوڕی ئەبی تالیب،وکۆشش لەنێو موسڵمانە یەکەمینەکان لەگەڵ ئەو کەسانەی لەدوای هێرشکردنە سەر مەککە موسڵمان بوون.

## پێشەکی

پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام لەنیمچە دوورگەی عەرەبیدا سیستەمی خێڵایەتی هۆکارێکی گرنگ بووە لەبەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵگەی ناوچەکە،بەڵام لەگەڵ هاتنی ئیسلام وهاتنی بیرۆکەی یەکتاپەرستی وای لەئەندامانی خێڵەکان کردووە تاڕادەیەك پابەندیان بە ئاینەکەوە هەبێت،زیاتر لەوەی بۆ خێڵەکەیان ،ئەمە لەسەردەمی پێغەمبەری ئیسلامدا بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە،بەوەیکە قورئان یەکێتی موسڵمانانی وەك یەك"ئوممە"دووپاتکردۆتەوە،لەسەر ئەو بنەمایەش پێغەمبەری ئیسلام هەوڵەکانی خۆی خستۆتەگەڕ.

بەمەش زۆربەی خێڵەکانی نیمچەدوورگەکە لە ژێر یەك چەتردا کۆکردۆتەوە وپابەندی خۆیان بۆ ئیسلام ڕاگەیاندووە وگرنگیدانیان بە خێڵ پەراوێز خستووە.بەڵام وادیارە هەر لەگەڵ مردنی

پێغەمبەری ئیسلام کاریگەری خێڵایەتی لەناو موسڵماناندا سەرهەڵدەداتەوە،سەرەڕای دەستوەردانیان لەژیانی کۆمەڵایەتی،خێڵەکان ویستویانە دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردنیشیان لەدەستدابێت .گرنگترین نموونەش بۆ ئەمە ڕووداوی"سەقیفەی بەنی ساعیدە"یە بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان ململانێی خێڵایەتی نێو قورەیش وهەردوو خێڵی ئەوس وخەزرەجی لەو ڕۆژەدا لێکەوتەوە،ئەنجامیش ئەبوبەکری سدیق وەك قورەیشییەك بووە بە خەلیفەی موسڵمانان و قورەیشیەتیش بوو بە بنەمایەك بۆ دانانی خەلیفە.

سەرەڕای ئەم ڕووداوە گرنگەش،کە تیایدا خێڵی قورەیش وەك دەسەڵات خەلافەتیان جێگیرکردووە ،ڕەنگە ململانێی بنەماڵەکانی ناو قورەیش خۆشی کاریگەری لەسەر ڕەوتی بەڕێوەبردن و لایەنی سیاسی نێو موسڵمانان دانابێت.ئەو ڕووداوە گرنگانەی،کە لە مێژووی دەسەڵاتی ئیسلامدا ڕوویانداوە وادیارە کاریگەری خێڵیان بەسەر ئاڕاستەکردنی ڕووداوەکانەوە هەبووە بۆ نموونە شێوازی هاتنە سەرکاری خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەففان،هەروەها تۆمەتبارکردنی هەوڵەکانی بنەماڵەکەی سەبارەت بە قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسی وبایەخدانی خودی خەلیفەش بە خزمەنزیکەکانی،دواجاریش کوشتنی خەلیفەش. کاریگەری خێڵ لە ململانێ سیاسیەکان بە کوژرانی خەلیفە عوسمان کۆتای نەهاتووە،بەڵکو شێوەیەکی فراوانتری بەخۆیەوە بینیوە،وەك لە جەنگەکانی جەمەل وسەففەین بە دیدەکەین.لەم توێژینەوەیدا هەڵدەدەین بە وردی وبە پێی سەرچاوەکان،کاریگەری ئەو ململانێ خێڵایەتیە لەسەر دەسەڵاتی عەلی کوڕی ئەبوتالیب بخەینە ڕوو.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو باسی سەرەکی پێك دێت:

باسی یەکەم سێ تەوەر لەخۆدەگرێت.لە تەوەرەی یەکەمدا تیشکمان خستۆتە سەر هاتنە سەرکاری خەلیفە عەلی وهەڵوێستی ناوچەکانی عێراق وشام وحیجاز.لەتەوەرەی دووەمدا باس لە شەڕی جەمەل کراوە،تەوەرەی سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ ئەو هۆکارانەی بوونەتە مایەی دژایەتی کردنی خەلیفە عەلی لەلایەن عائیشەو تەڵحە وزوبێرولایەنگرانیان.

باسی دووەمیش لە سێ تەوەر پێکدێت.لەتەوەرەی یەکەمدا ئاماژەمان بە دەستپێکردنی شەڕی سەففەین کردووە.کە تێیدا چۆن سیستەمی خێڵ ڕۆڵی گێڕاوە.تەوەرەی دووەمیش هەوڵەکانی موعاویەی تێدا خراوەتە ڕوو بۆ بێهێزکردنی خەلیفە عەلی.تەوەرەی سێیەمیش باس لە ململانێی نێوان مسوڵمانە یەکەمینەکان وئەوانەی لەدوای فەتحی مەککە بڕوایان بە ئیسلام هێناوە.

لەکۆتایش ئەنجام ولیستی سەرچاوەو پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

## باسی یەکەم:هاتنە سەرکاری عەلی و دروستبوونی جەنگی جەمەل(36ك/656ز )

### تەوەرەی یەکەم: هاتنە سەرکاری عەلی کوڕی ئەبوتالیب:

بڕوامان وایە تۆوی دەمارگیریی خێڵایەتی هەر لەگەڵ مردنی پێغەمبەرەوە لە سەقیفەی بەنی ساعیدە (1)نێژراوە،لەسەردەمی خەلافەتی عوسماندا ئەم تۆوە چەکەرەی کردوە ونەشونما وگەشەی کردووە ،لەسەردەمی خەلافەتی عەلیدا تۆوی ئەم دەمارگیرییە هاتە بەرهەم،چونکە گەر ناڕەزایی لەکار و کردەوەکانی بنەماڵەی ئومەوی نەبوایە خەلیفە عوسمان نەدەکوژرا،گەر عوسمان نەکوژرایە عەلیش نەدەکرا بە خەلیفە،گەر عەلیش نەکرایە بە خەلیفە وەك نەوەی هاشم جەنگی جەمەل وسەففەینیش ڕووینەدەدا و ئەو هەموو مووسڵمانە لەو دووجەنگە نە دەکوژرا.

دوای ئەوەی خەلیفە عوسمان کوژرا،عەلی کوڕی ئەبوتالیب کوڕی عەبدولموتەلیب کراوە بە خەلیفەی موسڵمانان،وادەردەکەوێت بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە مەدینە هاتبووە کایەوە لە دوای کوژرانی عوسمان،سەرەتا عەلی ئامادەنەبووە ببێتە جێگرەوەی عوسمان،خەڵکی ناچاریانکردووە ببێتە خەلیفە، چەند جارێك خەڵکی ڕۆیشتوون بۆ لای،ئەو ئاماژەی بەوەکردووە وەزیرتان بم باشترە لەوەی فەرمانڕەواتانبم،بەڵام لەبەرئەوەی خەڵکی سوربوون لەسەر خەلیفەبوونی،ئەنجام ڕازیبووە ببێتە خەلیفەی موسڵمانان(2).سەبارەت بە بەیعەتدان وبەیعەتنەدانی عەلی لەلایەن هاوەڵە دیارەکانەوە بیروبۆچوونی جیاواز هەن،بە تایبەت ئەوانەی دواتر بوونە ڕابەر بۆ دژایەتیکردنی خەلیفە عەلی ئەوانیش زوبێری کوڕی عەوام(3)و تەڵحەی کوڕی عوبەیدڵڵا(4) بوون.هەندێك پێیانوایە تەڵحە و زوبێر بەویست وئارەزووی خۆیان بەیعەتیان بە عەلی داوە وخۆیان پێشتر بە خەلیفە بوونی خۆیان لەسەر پێشنیازی خەڵکی ڕەتکردۆتەوە ،ئامادەنەبوون ئەو پۆستە وەربگرن،بۆیە بەیعەتیان بە عەلی داوە،هەندێکی دیکە ئاماژەیان بەوەکردووە تەڵحە و زوبێر لە ژێرکاریگەری شمشێر و لەترس و بەناچاری بەیعەتیان بە خەلیفە عەلیداوە (5).پێدەچێت بۆچوونی دووەم ڕاستربێت،چونکە گەر وانەبوایە دواتر مەدینەیان بەجێنەدەهێشت و شەڕیان دژی عەلی نەدەکرد.

سەبارەت بە خەڵکی مەدینە بە تایبەت پشتیوانان وەك سەرچاوەکان باسیانکردووە هەموو بەیعەتیان بە خەلیفە عەلی داوە تەنیا چەند کەسێك نەبێت بەیعەتیاننەداوە،ئەوانیش لە سەردەمی عوسماندا پلە وپۆستیان هەبووە ولەگەڵ بنەماڵەی ئومەوی بوون (6)

سەبارەت بە بنەماڵەی ئومەویش،کە لەدوای کوژرانی خەلیفە عوسمان،موعاویە وەك گەورەی ئومەوییەکان دەرکەوتووە،خەلیفە عەلی هەر لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات هەوڵی لابردنی لە والیەتی شامداوە، گەرچی موغەیرەی کوڕی شوعبە،کەیەکێك بووە لە هاوەڵانی پێغەمبەر و عەبدوڵڵای کوڕی عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب،کە دەکاتە ئامۆزای عەلی،ئەوەیان بە خەلیفە عەلی ڕاگەیاندووە،کەوا موعاویە بۆ ماوەیەك لەسەرکار لانەبات،چونکە ئەگەر موعاویە لەسەرکار بهێڵێتەوە نەك دژایەتیناکات ،بەڵکو بەیعەتی خەڵکی شامی بۆ وەردەگرێت،و کوژرانی عوسمان ناکاتە بەهانەیەك بۆ بەیعەتنەدانی بە عەلی، موعاویە پیاوێکی دونیاییە گەر ئەم کارەی لەگەڵ بکەی چاوپۆشیدەکات لە کوژرانی خوێنی عوسمان،بەڵام گەر وانەکەی موعاویە کوژرانی عوسمان بە دەستی

نارەزایەکان دەکاتە بیانوو بۆ دژایەتی و بەیعەتپێنەدانت،بەڵام عەلی بەم پێشنیازەی ئەوان ڕازینەبووە(7).ئەوەبووە سەهلی کوڕی حەنیف، کە یەکێك بووە لە پشتیوانانی مەدینە وەك والی شام ڕەوانەی شام کردووە،بەڵام هەر لەسنوورەکانی شام پیاوەکانی موعاویە ڕێگایان لێگرتووە نەیانهێشتووە بڕواتە شام،ئەویش ناچار بۆ لای خەلیفە عەلی گەڕاوەتەوە(8)

بۆ ئەم مەبەستە عەلی نێردراوی ناردووە بۆ لای موعاویە،بەڵام موعاویە وەڵامی عەلی نەداوەتەوە نێردراوەکەشی بۆ ماوەی چەند مانگێك دەست بەسەرکردووە ونەیهێشتووە بۆ لای خەلیفە بگەڕێتەوە،دوای ئەوماوەیە موعاویە لەگەڵ ڕێگە پێدان بەگەڕانەوەی نێردراوەکەی عەلی، نێردراوێکی خۆیشی لەگەڵ نامەیەکی بەتاڵ بە بێئەوەی شتێکی وای تیا بنوسرێت(تەنیا ئەوەی تیانووسیووە:لە موعاویەوە بۆ عەلی) ومۆری موعاویەی لێدراوە ناردوویە بۆ خەلیفە،ئەوەی موعاویە دەبوو لە نامەکە بینووسێت فەرمانی بە نێردراوەکەی خۆی کردووە بەزار بە عەلی ڕابگەیەنێت، نێردراوەکە ئاماژەی بەوەکردووە موعاویە داوای تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمان دەکات(9).ئەوەی موغەیرە و کوڕی عەباس چاوەڕێیانکردووە لە موعاویە،موعاویە بە زیادەشەوە ئەنجامیداوە،چونکە دواتر کراسە خوێناویەکەی عوسمان برا بۆ شام،موعاویەوش ئەمەی بە هەلزانیووە هەستی خەڵکی شام بوروژێنێت، بۆیە کراسە خوێناویەکەی بردۆتە ناو مزگەوتی دیمەشقەوە،بەمەش ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شام لەژێر کراسەکەی عوسمان کۆبوونەتەوە و داوای تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمانیان کردووە(10).موعاویە ئاماژەی بەوەکردووە عوسمان بەستەم کوژراوە منیش ئامۆزای ئەوم،خاوەنی خوێنەکەیم،بڕۆنە لای عەلی بکوژانی عوسمانم بداتە دەستەوە،منیش خۆم دەدەمە دەستی ئەو(11). لە ڕاستیدا ئەوەی موعاویە داوایکردووە جگە لە بەهانەیەك بۆ وازنەهێنان و دوورخستنەوەی لە والیەتی شام هیچی تر نەبووە،چونکە عەلی زۆر لە موعاویە دڵسۆزتر و خەمخۆری عوسمان بووە،گەر عەلی بۆی بگونجایە و بارودۆخ ئاسایی بوایەتەوە ئەوە هەرزوو ئەوانەی عوسمانیان کوشتووە سزای قورئانی بەسەر دەسەپاندن،موعاویە بەناوی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمان ئەوەی بە هەلزانیووە دژایەتی خەلیفە عەلی بکات لەبەرامبەر دەرکردنی لەوالیەتی شام،بەمەش موعاویە ئامانجی خۆی لەدژایەتیکردنی خەلیفە عەلی بەدەستهێنا.

خەلیفە عەلی بە چەند ئاماژەیەك لە مەبەستی موعاویە گەیشتووە، بەوەی ئامادەنییە واز لە شام بهێنێت و عەلیش بە خەلیفە بزانێت،هەروەها بانگەشەی شەڕی عەلی دەکات:لەوانەش ڕێگەنەدان بە سەهلی کوڕی حەنیف بە والی شام لە جێگەی موعاویە،ڕێگەنەدان بە گەڕانەوەی نێردراوەکەی خەلیفە عەلی بۆ ماوەیەك.نوسینی نامەیەکی بەتاڵ و بەکارهێنانی ناوی عەلی وەك خۆی نەك وەك خەلیفە، ئەمەش نیشانەیەکە،بۆ ئەوەی موعاویە عەلی بەخەلیفە نازانێت هەروەها ئەوەی زیاتر ئاماژەی بە مەترسی موعاویە کردووە و بانگەشەی شەڕدەکات،بەکارهێنانی کراسەکەی عوسمان بوو بۆ کۆکردنەوەی خەڵك و بزواندنیان بوو بۆ شەڕ،ئیتر عەلی هیچ ڕێگە چارەکی نەما بەرامبەر موعاویە بیگرێتەبەر تەنیا بەکارهێنانی هێز نەبێت،بۆیە عەلی بڕیاریداوە سوپایەك ئامادەبکات بۆ شەڕی موعاویە و ملکەچکردنی،بۆ ئەمەش وتارێکی لە مەدینە پێشکەشکردووە،خەڵکی هانداوە بۆ خۆمادەکردن بۆ شەڕی موعاویە،ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مەدینە پشتگیری عەلیان کردووە لە هێرشکردنە سەر شام (12)،بەڵام لەوکاتەی خەلیفە عەلی خەریکی کۆکردنەوەی خەڵکانی مەدینە بووە بۆ شەڕی موعاویە،تەڵحە و زوبێر بێلایەنی خۆیان ڕاگەیاندووە،داوایان لە خەلیفەکردووە مۆڵەتیانبدات بڕۆن بۆ مەککە بە مەبەستی عەمرەکردن ،عەلیش ڕێگەی پێداون (13)عائیشەش خێزانی پێغەمبەر و کچی ئەبوبەکری سدیق،کە پێش کوژرانی عوسمان و لەکاتی گەمارۆکەدا مەککەی بەجێهێشتبوو،بە نیازی حەجکردن، کاتێك دەیەوێت بگەڕێتەوە مەدینە،لەڕێگا چاوی بە پیاوێکی مەدینە دەکەوێت، هەواڵی بارودۆخەکەی لێپرسیووە،بەوەی دوای جێهێشتنی ئەو لە مەدینە چی ڕوویداوە؟ئەویش وتویە عوسمان کوژراوە، وتویەتی ئەی دواتر چی ڕوویداوە پیاوەکەش ئاماژە بە خەلیفە بوونی عەلی(14)کردووە،ئیتر عائیشە نەگەڕاوەتەوە بۆ مەدینە دووبارە دەڕواتەوە بۆ مەککە( 15)،کاتێك دەگاتەوە بە مەککە ڕۆیشتووە بۆ لای حەرەم(مسجد الحرام)خەڵکی لەدەوری کۆبونەتەوە و وتاری بۆ خەڵکی مەککە داوە،لە وتارەکەیدا ئاماژەی بەوەکردووە عوسمان بەستەمکاری کوژراوە،داوای تۆڵە سەندنەوەی خوێنی عوسمانی کردووە،بەمەش خەڵکانی مەککە دەوروژێنن. (16)

## تەوەرەی دووەم: کاریگەری خێڵ لە جەنگی جەمەل:

ئەم پێشهاتانە هەلێکی باش بووە بۆ بنەماڵەی ئومەوی ولایەنگرانیان،ئەوانەی لەناوچە جیاوازەکانەوە ڕایانکردبوو لەدوای کوژرانی عوسمانەوە هاتبوونە مەککە،لەدەوری عائیشە کۆبونەتەوە و هەموو هێز وتوانایەکیان خستۆتەگەڕ دژی پێشهاتەکانی داهاتوو(17)،دواتر پارە و هوشترێکی زۆریان دابینکردووە لەکاتی خۆئامادەکردن و ڕۆشتن بۆ بەسرە و پاشان شەڕکردن دژی خەلیفە عەلی. (18)

لەم کاتەدا تەڵحە و زوبێریش گەشتوونەتە مەککە،ئەمانیش ڕۆشتوونەتە پاڵ دەنگە نارازییەکانی مەککە و داوای تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمانیان کردووە،ئیتر کارگەیشتۆتە ئەوەی گفتوگۆ بکەن بەوەی کارەکەیان لەکوێوە دەستپێبکەن وسەرەتا ڕوو لە چ ناوچەیەك بکەن،ئەنجام لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون ڕوو لە بەسرە بکەن. (19)

کاتێك ئەم هەواڵە بەخەلیفە عەلی گەیشتووە،بەشێك لە خەڵکانی مەککە لەگەڵ تەڵحە و زوبێر وعائیشە وبنەماڵەی ئومەیە بەڕێکەوتوون بۆ بەسرە،بەو سوپایەی ئامادەیکردووە بۆ شەڕی موعاویە لەشام،بە پەلە کەوتۆتەڕێ و مەدینەی بەجێهێشتووە،بەو هیوایەی پێش ئەوەی مەککە بە جێبهێڵن و بگەنە بەسرە پێیانبگات و لەوکارەیان پەشیمانیانبکاتەوە،بەڵام تاوەکو عەلی ڕۆشتووە ئەوان مەککەیان بەجێهێشتووە بەرەو بەسرە . (20)

بەگەشتنی سوپاکەی تەڵحە و زوبێر و عائیشە بە بەسرە خەڵکانی ئەو شارە بوون بە دوو دەستەوە ،دەستەیەك لەگەڵ ئەوان و

دەستەیەك لەگەڵ عوسمانی كوڕی حەنیف والی خەلیفە عەلی بوون،پێش گەشتنی عەلی بە بەسرە،شەڕ لەنێوان لایەنگرانی عەلی وئەواندا ڕوویداوە،ئەنجام لایەنگرانی عەلی شكستیان خواردووە،والیەكەی عەلیش دەستگیردەكرێت،دوای تاشینی سەر و ڕیش وبرۆی!ئازادیان كردووە(21).بە پێی بۆچوونێك لەشەڕەكەدا حەوت سەد كەس كوژراون(22).لە سەرچاوەیەكی دیكەدا باس لەكوژرانی شەسەد كەسكراوە(23).بە پێی هەندێك لە گێڕانەوەكانیش هەموو ئەوانەی بەسرە،كە دەستیان هەبووە لەكوژرانی(24).عوسماندا لەم شەڕەدا كوژراون،جگە لەحەرقوسی كوڕی زوهێری سەعدی نەبێت،لەكاتی شكستی سوپاكەی كوڕی حەنیف ڕایكردووە لەناو خێڵەكەی خۆی حەشارداوە. (25)

پێش ئەوەی خەلیفە عەلی بگاتە بەسرە لەو پێشهاتە ئاگاداركراوەتەوە،بۆیە عەلی بە هەر جێگایەكدا تێپەڕیوە خەڵكی بۆ لای خۆی بانگكردووە و نامەی بۆ خەڵكی كوفە ناردووە و مەبەستی پشتیوانیلێكردن،حەسەنی كوڕی بەنوێنەرایەتی ناردووە بۆ ئەوشارە،دوای گفتوگۆ و ڕا گۆڕینەوە لەگەڵ خەڵكی شارەكە،بە پێی سەرچاوەكان نزیكەی نۆ هەزار(26) كەس لە كوفەبوون بە لایەنگری عەلی و خۆیان ئاماكردووە بۆ شەڕی تەڵحە،زوبێر وعائیشە،پێش ئەوەی عەلی بە بەسرە بگات لە زیقاری نزیك بەسرە پەیوەستی سوپاكەی عەلی بوون. (27)

دوای بەڕێكردنی خەلیفە عەلی و سوپاكەی لە زیقار بەرەو بەسرە،هەردوولا بەیەكگەیشتوون.خەلیفە عەلی بەرامبەر بە تەڵحە وزوبێر چەند وتەیەكی وتووە،داوای لێكردوون واز لەم كارە بهێنن، تەڵحە خەلیفە عەلی تۆمەتباركردووە بەكوژرانی عوسمان،ئەویش بۆ نیازپاكی و بێبەریكردنی خۆی لە كوژرانی عوسمان بكوژەكانی نەفرینكردووە(28).پاشان ڕووی لە زوبێركردووە:چ هۆكارێك وای لێكردی ئەم كارە بكەی؟،ئەویش لەوەڵامدا وتویەتی،چونكە خۆم بەشیاوتردەزانم لەتۆ بۆ خەلافەت(29).عەلیش ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر بە بیری زوبێر دەهێنێتەوە:ڕۆژێك دێت لەبەرامبەر عەلی شەڕدەكەی ئەی زوبێر تۆ ستەمكاری(30).ئەمە بووە سەرەتایەك بۆ دوودڵی و پەشیمانبوونەوەی زوبێر لە كارەكەی و دەرچوون دژی عەلی،ئەوەی زیاتر كاریگەری لەسەر زوبێر دروستكردووە پەشیمانێتەوە لەشەڕی دژی خەلیفە عەلی و بەجێهێشتنی سوپاكەی،بینینی عەماری كوڕی یاسر گەورە هاوەڵی پێغەمبەر بووە،لەناو سوپاكەی عەلی،چونكە فەرموودەیەكی لە پێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە :عەمار دەستەیەكی یاخی و ستەمكار دەیكوژن،بەڵام عەمار لەم شەڕە نەكوژرا دواتر لە شەڕی سەففین دەكوژرێت.زوبێر ترسی ئەوەی هەبووە لە شەڕی دژی عەلی عەمار بكوژرێت. (31)

بەم پێیەش بێت ئەوە عەلی لەسەر ڕاست بووە،ئەوانەی دژبوون ستەمكارن،ئەوەی زیاتر پشتڕاستی ئەم فەرمودانە دەكاتەوە،فەرموودەیەكی دیكەیە،كە لە زمانی عائیشە خۆیەوە گێڕدراوەتەوە ،لەوكاتەی بەرەو بەسرە ڕۆشتوون،گەشتنونەتە سەر ئاوێك بەناوی حەوائیب(32).سەگەكانی ئەو ناوچەیە دەستیان بە وەڕینكردووە،عائیشە زۆر پەشۆكاوە،پرسیاریكردووە ئەم جێگە وئاوە كوێیە؟ ڕێنیشاندەریش وتویەتی ئاوی حەوائیبە،عائیشەش وتویە

هەمووەمان دەگەڕێنەوە بۆلای خودا،كەواتە من ئەوكەسەم،پێغەمبەر لەبارەیەوە دەیگووت:"خۆزگە دەمزانی سەگەكانی حەوائیب بۆ كامتان (مەبەستی خێزانەكانی بووە)دەوەڕێت:"(33). بۆیە عائیشە پەشیمان دەبێتەوە لەدەرچوونەكەی دەیەوێت بگەڕێتەوە،بەڵام عەبدوڵڵای كوڕی زوبێری كوڕی عەوام و كوڕی ئەسمای خوشكی عائیشە،دەڕواتە لای پوری پێیوتووە ئەوەی وتی ئێرە ئاوی حەوائیبە ئەوە درۆیكردووە !. (34)

هەندێك لە سەرچاوەكان ئاماژەیان بەوەكردووە دوای گەیشتنی هەردوولابەیەك چەند شەو و ڕۆژێك سوپاكانیان ڕووبەڕووی یەك وەستاون هیچ بەریەك كەوتنێك ڕووینەداوە شەوەكان بە هێمنی بەڕێكراوە،بەڵام لە پڕ شەوێك ولەبەرەبەیاندا لەناو سوپاكەی عەلیەوە بكوژانی عوسمان هێرشیان كردۆتە سەر سوپای بەسرەییەكان (35 )،بەمەش شەڕ لە نێوان هەردوولا دەستی پێكردووە. (36)

خەڵكانێك توانیبێتیان سوپایەك لە مەككەوە كۆبكەنەوە وهەموو پلانێك دابڕێژن وئەوڕێگا دوورە ببڕن و بگەنە بەسرە و بەشەڕ و خوێنڕشتن دەستی بەسەردابگرن.پاشان سوپایەكی دیكە بۆ جەنگی ئەمانە لە مەدینەوە بەڕێبكەوێت وبگاتە بەسرە.هەردولاش هەموو جۆرە كەرەستەیەكی جەنگی ئەوكاتەیان هەڵگرتبێت،پاشان ڕووبەڕوو وەك دوژمنی یەك لەبەرامبەر یەك بوەستن،كاتێك شەڕ لەنێوانیان ڕوویدات بڵێیت تاوانباران و بكوژان شەڕیان هەڵگیرساند!ئەگەر ئەمانە بۆ شەڕ نەهاتبن بۆ لە مەككەوە دێنە بەسرە و بەشەڕ دەستبەسەر ئەوشارە دەگرن؟ئەی بۆ عەلی سوپایەك كۆدەكاتەوە و لە مەدینەوە دەگاتە بەسرە؟ئەی بۆچی ئەمانە پێش دەرچوونیان لە مەككە هیچ نەبێت نامەیەكیان بۆ خەلیفە نەناردووە مەبەست ودەرچوونی خۆیان ڕوون بكەنەوە بۆ خەلیفە عەلی كەوا دەرچوونی ئەوان بۆ تۆڵەسەندنەوەیە لە بكوژانی عوسمان؟ئێمە لە هیچ یەك لەسەرچاوەكاندا بەرچاومانەكەوتووە تەڵحە،زوبێر و عائیشە نە نێردراوێك نە نامەیەك ئاڕاستەی خەلیفە عەلی بكەن و مەبەستی خۆیان ڕوونبكەنەوە،بەهەمان شێوەش خەلیفە هیچ نێردراوێكی بۆ لای ئەمانە نەناردووە هەروەك چۆن لە نێوان عەلی و موعاویە نامەگۆڕینەوە و نێردراو هەبووە،تەنیا لەسەرچاوەكان باس لەوەدەكرێت دوای دەستگرتن بەسەر بەسرە،پێش دروستبوونی جەنگی جەمەل ئەوكاتەی ئەوان دەستیان بەسەر بەسرە گرتووە،ئەوجا عەلی نێردراوی ناردووە،كە ئەمانە داوای چی دەكەن. (37)

لە مێژووی موسڵمانانندا ئەم ڕووداوانەمان زۆر بەرچاودەكەوێت،كاتێك دووگروپی موسڵمان ڕووبەڕووی یەك بونەتەوە شەڕ و كوشتار ڕوویداوە لەنێوانیان بەدەستێكی دەرەكی یان دەستی گروپێكی یاخی پاكانە بۆ ئەوكارانەكراوە،بۆیە وەك تاكی موسڵمان پێویستە نكۆڵی لەو شەڕ و كوشتارانە نەكەین،كە لە نێوان موسڵمانان ڕوویانداوە،تاكی موسڵمان دەبێت پەند و ئامۆژگاری لەوكارەساتانە وەربگرێت و دووبارەیان نەكاتەوە .

کۆمەڵگەی موسڵمان لە ئێستادا توشی چ گێژاوێکی سەرلێشێواوی بووتەوە،جارێك شەڕی شیعە و سوونە جارێك قاعیدە و ئێستاش گروپە پڕ مەترسی دارەکەی داعش،ناکرێت ئێستا بڵێن ئەمانە دەستی دەرەکین،بەڵکو ئەبێت تێبگەین ئەمە بەرهەمی شەڕێکی لە مێژینەی نێوان موسڵمانانە،پێمانوایە هەموو ئەو شەڕ و ئاژاوانە سەرچاوەکەی جەنگی جەمەل وسەففەینە،پاشان بەهۆی ئەم شەڕانەوە یەك لە دوای یەك کێشەکان قوڵتر ومەترسیدار تربوون،چونکە سەرچاوەی کێشەکانی موسڵمانان لەم دووجەنگەوە سەرچاوەی گرتووە بەتایبەتی جەنگی سەففەین،بەڵکو ئەبێت ئەوەبزانین و تێبگەین ئەم شەڕە لەنێوان دوولایەنی موسڵمان ڕوویداوە،کام موسڵمانیش ،ئەو موسڵمانەی موژدەی بەهەشتی پێدراوە!ئەو ژنەی بەدایکی ئیمانداران پێناسەکراوە،کەچی کوڕەکانی خۆی بە کوشتداوە!دەڵێن گوایە بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمان دەرچوون(لەکاتێکدا چەند گێڕانەوەیەك هەیە ئاماژە بەوەدەکەن تەڵحە و عائیشە ڕۆڵیان هەبووە لە هاندانی خەڵکی دژی عوسمان و والیەکانی،ئێمە بەگرنگمان نەزانیووە،بۆیە باسماننەکردووە)گەر واش بوو بۆ تۆڵەی خوێنی عوسمان ئەم دەرچوونەیان کردووە.ئەمانە لەماوەی ئەو چل شەوەی گەمارۆدانی عوسمان لەلایەن نارەزاییەکانەوە لەکوێ بوون؟خۆ کوژرانی عوسمان چرکەساتێك نەبوو کوژراو و تەواو،بەڵکو چل شەو عوسمان بە نارەحەتی و ئازار دوارۆژەکانی ژیانی بەسەربردووە،بۆچی یارمەتی عوسمانیان نەدا و ڕزگاریبکەن؟دەڵێن گوایە عوسمان وتوویەتی نابێت کەس یارمەتیمبدات نامەوێت خوێنی موسڵمان بە دەستی موسڵمان بەهۆی منەوە برێژرێت، خۆ دەبوو هەر بەبۆنەی وەسێتەکەی عوسمان نەدەبوو ئەمانە بەوبیانووەوە دەرچوونیان بکردایە.یان ئەوەیە ئەوانە دروشمی تۆڵەی خوێنی عوسمانیان بۆ مەبەست و مەرامی خۆیان بەکارهێناوە؟هەروەك موعاویەش بەکاری هێناوە. (38)

بەمەش عوسمان دووجار بەکارهێنراوە،یەکەمیان:بنەماڵەی ئومەیە پێگەکەی عوسمانیان بەکارهێنا و بەکارە خراپەکانیان خەڵکی لێیان بێزاربووە تا ئەوەی عوسمان بە دەستی خەڵکی نارازی کوژراوە.دووەمیان:خەڵکانێك دەرکەوتوون بۆ مەبەست و مەرامی خۆیان دروشمی تۆڵەی خوێنی عوسمانیان بەرزکردۆتەوە،چەندین موسڵمانیان لەو پێناوەدا بکوشتداوە.هەرچۆنێك بێت،بەوشێوەیەی سەرچاوەکان باسیانکردووە جەنگی جەمەل دەستپێکردووە، جەنگەکەش لەنزیك کاتی خۆرهەڵهاتن و لەبەرەبەیان تاوەکو خۆرئاوابوون بەردەوامبووە(39).زوبێر لە بەرامبەر کاریگەری وتەکانی عەلی لە بیرهێنانەوەی فەرموودەکەی پێغەمبەر و پاشان بینینی عەماری کوڕی یاسر لەڕیزی سوپاکەی عەلی،هەر لەسەرەتای دەستپێکی شەڕ،شەڕگەکەی بەجێهێشتووە و ڕوویکردووەتە ناوچەیەك نزیك بەسرە بەناوی وادی ئەلسباع لەوێ لای پیاوێکی دەشتەکی بەناوی عەمروی کوڕی جرموز لە خێڵی تەمیم لادەدا بۆ حەوانەوە،ئەویش لەکاتی خەودا دەیکوژێت( 40).تەڵحەش لە شەڕەکە کوژراوە(41 )مەروانی کوڕی حەکەم،کە لە ڕیزی سوپاکەی تەڵحەبووە،بەپێی سەرچاوەکان تەڵحە بەتیری هەڵەی مەروان کوژراوە،لە مەروانیشەوە دەگێڕنەوە،بە کوڕەکانی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففانی وتووە:"ئیتر دوای خوێنی باوکتان مەکەون.بەکوژرانی تەڵحە من خوێنی باوکتانم وەرگرتەوە:"بەم گێڕانەوەیە بێت گوایە تەڵحە دەستی لە کوشتنی عوسمان هەبووە.(42)

دوای چۆڵکردنی مەیدانی شەڕ لەلایەن زوبێرەوە پاشان کوژرانی تەڵحە وادیارە سەرکردایەتی سوپا کەوتووەتە دەستی عائیشە،بۆیە ئاماژەشبەوەکراوە شەڕ بەردەوام دەبێت و موسڵمانان زیاتر یەکتردەکوژن،تا ئەوەی هوشترەکەی عائیشە دەدرێت بە زەویدا یان لە پێدەخرێت، ئەوە بووە بە شمشێر لە چوار پەلی هوشترەکە(43 )دراوە و خراوەتەسەر زەوی،ئەوجا شەڕەکە کۆتای پێهاتووە( 44)،پاشان خەلیفە عەلی فەرمانیکردووە کەژاوەکەی عائیشە هەڵگرن، بۆئەمەش فەرمانی بە موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکری برای عائیشە کردووە،کە لە ڕیزی سوپاکەی عەلی بووە،هەڵیبگرن و بیبەنەوە بۆ بەسرە ،موحەمەدیش لەگەڵ چەند کەسێك لەهاوەڵانی عەلی ئەم کارەیکردووە. (45)

سەبارەت بە کوژرانی سەربازانی هەردوولا چەند بۆچوونێکی جیاواز هەیە،زۆرێك باسیان لە دەهەزار کوژراو کردووە لەهەردوولا،پێنج هەزار لە سوپاکەی خەلیفە عەلی وپێنج هەزاریشیان لە سوپاکەی تەڵحە و لایەنگرانی بووە(46)،وتراویشە هەژدە هەزار لە هەردوولا کوژراوە،سیازدە هەزار لە سوپاکەی تەڵحە و لایەنگرانی،پێنج هەزار لەسوپاکەی خەلیفە عەلی(47)باسیش لەحەوت هەزار کوژراو لەسوپاکەی تەڵحە ولایەنگرانی کراوە،وتراویشە حەڤدەهەزار،هەروەها نزیکەی هەزار کەسیش لە سوپاکەی خەلیفە عەلی کوژراوە(48)،لەبۆچوونێکی دیکەدا باس لەکوژرانی بیست هەزارکەس کراوە لە هەردوولا(49)،باسیش لە کوژرانی حەڤدەهەزار لەسوپاکەی تەڵحە ولایەنگرانی،پێنج هەزار لە سوپاکەی عەلی کراوە.(50)

لە کۆی گێڕانەوەکان ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە زۆرترین کوژراو لە سوپاکەی تەڵحە و لایەنگرانی بووە،کەمترین کوژراویش لەهەردوولا دە هەزار بووە.ئەمە لە کاتێکدابووە ژمارەی سەرجەم جەنگاوەرانی هەردوولا لە شەڕەکەدا پەنجا هەزار بووە،بیست هەزاریان لە سوپاکەی عەلی و سی هەزاریان لە سوپای بەرامبەربووە( 51)وەك شەڕ عەلی لە جەنگەکە سەرکەوتووە،بەڵام ئەگەر وەك موسڵمانێك لە شەڕەکە بڕوانین،ئەوا شکست وماڵوێرانییەکی گەورەبووە بۆ سەرجەم بەشداربووانی شەڕەکە،بەڵکو شکستێکی گەورەبووە بۆ سێ موژدە پێدراوی بەهەشت!کە لە بەرامبەریەك شەڕبکەن و ئەو هەموو موسڵمانە بەهۆی ئەوانەوە بکوژرێت،شکستێکی گەورە بووە بۆ دایکێك،ئەو هەموومنداڵەی خۆی بە کوشتداوە، ڕۆژانێك بوو ئەمانە دەستەیەکی یەکگرتووبوون،پشتوپەنا و خۆشەویستی یەکتربوون،ئەمانە هاوەڵە بەڕێزەکانی بەدر ، ئوحود و خەندەق بوون،ڕۆژانێك بوو بە شمشێرەکانیان خۆیان دەکردە قوربانی بۆ یەکتری،وا ئێستا شمشێرەکانی بەدر وئوحود ڕووبەڕووی یەك وەستاون،ئەوکارەساتە گەورەیەیان بەسەر خۆیان و موسڵمانان هێنا،کە تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوامی هەیە.

**تەوەرەی سێیەم: هۆكارەكانی دژایەتی كردنی عەلی كوڕی ئەبوتالیب:**

لەكۆتایدا تێبینی ئەوەدەكەین،چەند هۆكارێك وایكردووە ئەمانە دژ بەخەلیفە عەلی دەرچن:

یەكەم:دوای ئەوەی خەلافەت بۆ ئەوان نەبوو،خەلافەت بە عەلی سپێردراوە،عەلی هیچ پۆست و فەرمانڕەوایەكی بە تەڵحە و زوبێر نەسپاردووە،ئەگەرچی عەبدوڵڵای كوڕی عەباس هەوڵیداوە لەگەڵ عەلی هەر یەكەیان بكاتە والی ناوچەیەك وەك ئەوەی بەعەلی ڕاگەیاندووە زوبێر بكە بەوالی بەسرە و تەڵحەش بكە بەوالی كوفە،بەڵام خەلیفە عەلی ئەم پێشنیازەی ڕەتكردۆتەوە( 52).خۆ ئەگەر عەلی ئەو پێشنیازەی موغەیرە وعەبدوڵلای دەربارەی موعاویە پەسەندبكردایە لەگەڵ ئەم پێشنیازەی عەبدوڵڵا بۆ تەڵحە و زوبێر،ئەوا ڕەنگە جەنگی جەمەل و سەففەینیش ڕوویندایە،بەڵام وا دەردەكەوێت عەلی زیاتر پیاوێكی ئاینی بووە،نەك پیاوێكی سیاسی،هەروەك madelung (53) پسپۆڕ وشارەزا لەبواری مێژووی ئیسلام ئاماژەی بەوەكردووە:"هەڵوێستەكانی عەلی زیاتر دەگەڕایەوە بۆ زاڵبوونی لایەنی ئاینی وحەقیانەتیەكەی ودەستبەردارنەبوون لێیان لەبەر خاتری كاروباری سیاسی. (54)

خەلیفە عەلی نەك ئەمانی نەكردووە بەوالی و ئامادەنەبووە ئەوكارەبكات،بەڵكو لەماوەی ئەو چوارمانگەی سەرەتای دەسەڵاتی،كە تەڵحە وزوبێر لە مەدینەبوون،لە هیچ سەرچاوەیەكدا بەرچاومان نەكەوتووە عەلی پەنایبردبێت بۆیان،مەبەستی چارەسەركردنی كێشە و گرفتەكان و ڕێكخستنی كاروبارەكان لە دوای كوژرانی عوسمان و بوون بە خەلیفە بوونی خۆی،ڕەنگە هۆكاری پەراوێز خستنیان بۆ ئەوەبگەڕێتەوە ئەمان لەكاتی ئەو چل ڕۆژەی عوسمان گەمارۆ درابوو پاشانیش كوژراوە هیچ هەڵوێستێكیان نەبووە لە ئارامكردنەوەی بارودۆخەكە.

دووەم:خەلیفە عەلی هەر لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات یەكەم كاری دەستیكردووە بە لابردنی زۆربەی والیەكانی خەلیفە عوسمان لەسەرووی هەمووشیانەوە والیەكانی بنەماڵەی ئومەیە، تەنانەت عەلی نەك پشتیبەماننە بەستووە،بەڵكو تێبینی ئەوەدەكەین جگە لەبنەماڵەی عەباس (55) قوڕەیشیەكانی بەگشتی پەراوێز خستووە لەبەڕێكردنی كاروبارەكاندا ولەسەركارلایبردن،هەندێك لەو والیانەش ئەمەیان قەبوڵنەكردووە،نەك لەدەسەڵات لانەچوون،بەڵكو عەلیشیان بەخەلیفە نەزانیووە، ئیتر تەڵحە و زوبێر بۆیان دەركەوتووە كاری عەلی قورس دەبێت و بنەماڵەی ئومەیە نیازیان بەرامبەر عەلی خراپە،بۆ ئەوەی خۆیان پاكبكەنەوە لەوبێدەنگیەی هەڵیانبژاردبوو لەبەرامبەر نارەزاییەكان ویارمەتی نەدانی خەلیفە عوسمان،دروشمی تۆڵە سەندنەوەی خوێنی عوسمانیان بەرزكردەوە.

سێیەم:سەبارەت بەعائیشەش ئەوە ئاشكرایە،هەر لەڕووداوی ئیفكەوە پەیوەندی نێوان عەلی و عائیشە باشنەبووە،ئیتر ئاساییبوو ڕۆژێك عەلی ببێت بە خەلیفە عائیشە بەجۆرێك لەجۆرەكان دژایەتی خۆی بۆ دەربڕێت.

هەروەها تێبینی ئەوەش دەكەین زۆربەی زۆری بنەماڵەكانی قوڕەیش كەوتنە دژایەتی خەلیفە عەلی ئەوانەشی دژایەتیاننەكردووە نەبوون بەلایەنگری،جگە لەبنەماڵەی هاشم نەبێت. بنەماڵەی تەیم ، عودی ، عەبدولعەزی ، ئومەوی ، مەخزوم وسەهم كەوتنە دژایەتی عەلی.عەلی هەر لە سەرەتای دەسەڵاتەكەیەوە هەوڵی لاوازكردنی دەسەڵاتی قوڕەیشییەكانی داوە جگە لەكوڕانی عەباسی كوڕی عەبدولموتەلیب نەبێت زیاتر پشتی بەئەنسارەكان بەستووە،ئەوانی كردۆتە والی ناوچەكان(56).وەك ئەوەی قسەمی كوڕی عەباسی كوڕی عەبدولموتەلیبی (ئامۆزای)كردووە بەوالی مەككە(57).عەبدوڵلای كوڕی عەباسی (ئامۆزای) كردووە بەوالی یەمەن ،قەیسی كوڕی سەعدی كوڕی عەبادەی(پشتیوانان)كردووە بەوالی میسر(58).. پێشتریش باسمانكرد سەهلی كوڕی حەنیفی برایشی بەفرمانڕەوای شام دەستنیشان كردووە،بەڵام موعاویە ئامادەنەبووە شامی پێبسپێرێت.عەمارەی كوڕی حسان كوڕی شەهاب (پشتیوانان)ی كردووە بەوالی كوفە(59)ئەمەش نیشانەی ئەوەیە قوڕەیش پشتیان لە عەلی كردووە،عەلیش بەهەمان شێوە،هەر ئەمەش وای لە حەسەنی كوڕی عەلی كردووە لە كاتی ڕۆشتن بۆ جەنگی جەمەل بە باوكی وتووە:"زۆرم بۆ پێشنیاز كردیت بە قسەمت نەكرد،زۆردەترسم لە جێگایەكی چۆڵدا بەكوشتن بچیت:" (60).ئەم وتەیەی حەسەن نیشانەی ئەوەیە قوڕەیش نەك پشتی عەلیان گرتبێت، بەڵكو دژایەتیان كردووە،بگرە مەترسیبوون لەسەر ژیانی عەلی.

كاتێك ئەم ڕووداوانە،كەبەسەر عەلی كوڕی ئەبوتالیب كوڕی عەبدولموتەلیب هاتووە، بەراوردیدەكەین بەسەردەمی عەبدولموتەلیبی باپیری(61)زۆر لێكچونیان هەیە،ئەوەتا عەلی وەك باپیری پەنای بردۆتەبەر یەسربییەكان،هەر وەك ئەویش هەموو قوڕەیش كەوتنە دژایەتی تەنیا بنەماڵەی عەباسی بە دەستەوەماوە وەك چۆن عەبدولموتەلیب تەنیا بنەماڵەی عەبدولمەنافی بە دەستەوەمابوو بۆ پشتگیریكردنی،دەرچوونی ئەوانیش بۆ بەسرە وەك دەرچوونەكەی قوڕەیش وایە بۆ شام بۆ ئەوەی دادوەرێك دادوەریان بكات لەسەر دەستكەوتەكان،هەروەك جەنگی جەمەل و سەففەین خودا بڕیاری ڕەوایەتی بۆ عەبدولموتەلیب فەراهەم هانی(پێشتر باسمانكرد بە پێی وتەكانی پێغەمبەر (د.خ)ڕاستی لای عەلی بووە).

تێبینی ئەوەش دەكەین ئەوەی تەڵحە ، زوبێر و عائیشەی بەیەكەوە كۆكردووەتەوە دژی عەلی،خزمایەتی و بنەماڵە بووە،هەروەك دەزانرێت،تەڵحە خزمی ئەبوبەكرە و لە تەیمە،زوبێریش ئەسمای كچی ئەبوبەكر و خوشكی عائیشە هاوسەری بووە(62).دەشزانرێت دایكی زوبێر خزمی نزیكی عەلییە،كە سەفیەی كچی عەبدولموتەلیب دایكی بووە،بەڵام وا دیارە لە دوای گەورەبوونی عەبدوڵڵا كوڕە گەورەكەی زوبێر،زوبێر زۆر پەیوەستی بنەماڵەی عەبدولموتەلیب نەبووە،ئەمەش لە وتەكەی عەلی دەردەكەوێت كاتێك لە جەنگی جەمەل بە زوبێری وتووە:ئەی زوبێر ئێمە تۆمان بەیەكێك لە نەوەكانی عەبدولموتەلیب دادەنا،تا ئەوەی كوڕەكەت(مەبەستی عەبدوڵڵا)یە گەورەبوو جیاوازی لە نێوان ئێمە و تۆدا دروستكرد. (63).

## باسی دووەم: کاریگەری خێڵ لە جەنگی سەففەین(37ك/657ز )

### تەوەرەی یەکەم: دەست پێکردنی شەڕی سەففەین:

لە دوای تەواوبوونی شەڕی جەمەل و ئارامبونەوەی بارودۆخەکە خەلیفە عەلی جارێکی تر نوێنەری خۆی ناردووە بۆ لای موعاویە بە مەبەستی بەیعەتدان بە عەلی و وازهێنان لە دژایەتیکردنی، موعاویە ئەمجارەیان هەوڵیداوە پرس و ڕا بە هەندێك لە دەوروبەری بکات لەوانە عەمروی کوڕی عاس(64)عەمرو بە موعاویەی ڕاگەیاندووە نوێنەرت بنێرە بۆلای سەرکردەکانی دیکەی شام و کوژرانی عوسمان بخەرە ئەستۆی عەلی،بۆ ئەوەی هاوکاریت بکەن لە جەنگان دژی،موعاویەش پێشنیازەکەی بەهەند وەرگرتووە و دەستی بەجێبەجێکردنی کردووە،بەمەش جارێکیتر نوێنەرەکەی عەلی بێئەنجام گەڕاوەتەوە بۆ لای خەلیفە.(65)

ئەوکات عەلی لە شاری کوفە بووە،چونکە عەلی لە دوای جەنگی جەمەل وازی لە مەدینە هێناوە و نەگەڕاوەتەوە بۆ ئەو شارە و کوفەی کردووە بە ناوەندی دەسەڵاتەکەی(66).ڕەنگە بۆیە ئەمەشی کردبێت بۆ ئەوەی لەکار و جموجۆڵەکانی موعاویەوە نزیکبێت ،دوای گەڕانەوەی نێردراو خەلیفە عەلی ڕاوێژی بە دەوروبەری خۆی کردووە،جارێکیتر بڕیاری شەڕی دژی موعاویەداوە( 67).بەمەش هەردوولا بڕیاڕی شەڕ دەدەن و دەستدەکەن بە کۆکردنەوەی هێز.(68)

دژی یەکتر،دوای بەڕێکردنی سوپای هەردوولا،سوپاکەی موعاویە لەپێش سوپاکەی عەلی،دەگاتە ناوچەیەك لە قەراغ ڕووباری فوڕات بەناوی سەففەین(69)بەهۆی ئەو شوێنەشەوە شەڕەکە ناونراوە شەڕی سەففەین(70)لەو ناوچەیەش بۆ ئاوخواردنەوە لە ڕووبارەکە تەنیا لەو جێگایە توانراوە ئاوگل بدرێتەوە،کە سوپاکەی موعاویە دەستی بەسەرداگرتووە،خەلیفە عەلی نێردراوی ناردووە بۆلای موعاویە بۆ ئەوەی ڕێگابدەن پێکەوە لەو جێگایەوە ئاو ببەن،لەکاتی هاتنی نێردراودا وەلیدی کوڕی عوقبە و عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی سەرح لای موعاویە دەبن.پێشنیازی بۆ دەکەن ئەو داوایە ڕەتبکاتەوە و ڕێگای ئاو هەڵگرتنیان پێنەدرێت(71).ئەوەیان ڕاگەیاندووە وەك چۆن عوسمانیان بە تینوێتی کوشتووە،بە هیوای ئەوەی خودا لە ڕۆژی هەستانەوە ڕێگەی ئاویان لێبگرێت.ئەمەش یەکێك لە نوێنەرەکانی توڕەکردووە ئاماژەی بەوە کردووە خودا لە ڕۆژی هەستانەوە کافر و دووڕوو شەراب خۆرانی وەك ئێوە(مەبەستی وەلید و کوڕی ئەبی سرح)ەلە ئاوخواردنەوە دووردەخاتەوە.(72)

پاشان نێردراوەکانی خەلیفە عەلی داوای وەڵامی یەکجارییان لە موعاویە کردووە،موعاویەش پێی ڕاگەیاندوون،دواتر خۆتان وەڵامی کۆتایی وەردەگرن!ئەوەبووە ڕێگای ئەوەیان نەداوە سوپاکەی عەلی ئاو لەوجێگایەی ڕووبارەکە ببەن،بەمەش شەڕ دەستیپێکردووە ئەمەش یەکەمین شەڕ بوو لە نێوان موعاویە وعەلی ڕوویدات،لەشەڕەکە لایەنگرانی خەلیفە عەلی سەردەکەون و دەست بەسەر ئەوجێگایە دەگرن،پاشان عەلی ئەوە بەسوپاکەی ڕادەگەیەنێت:ئێوە وەك ئەوان مەبن ڕێگابدەن ئەوانیش بێنەسەر ئاوەکە و ئاوی خۆیان ببەن،ئەگەر ستەمی ئەوان نەبوایە ئێمە سەرنەدەکەوتین لەسەر ئاوەکە.(73)

خەلیفە عەلی لە هەوڵەکان بەردەوامبووە بۆ ئەوەی موعاویە واز لە دژایەتیکردن بهێنێت و بێتەوە ناو ڕیزی موسڵمانان،بۆیە جارێکی دیکە نوێنەر دەنێرێتەوە بۆلای موعاویە،بەڵام موعاویە وەك هەموو جارەکانی دیکە ئاماژەی بە کوژران و خوێنی عوسمانی کوڕی عەففان کردووە،دووبارەکردنەوەی ئەم وتەیە یەکێك لە نوێنەرەکانی عەلی توڕەکردووە،بۆیە ڕووبەڕو ئاماژەی بەوەکردووە:"سوێند بەخوا ئەی موعاویە ئەوەی هەوڵی بۆ دەدەیت لای ئێمە ڕوون و ئاشکرایە،هیچ شتێکت دەستنەکەوت خەڵکی پێ فریوبدەیت و لەخەشتەی بەریت و چەواشەی بکەیت و دوای خۆتی بخەیت،تەنیا ئەوە نەبێت بڵێیت پێشەواو خەلیفەکەتان بەستەم کوژرا،ئێمەش داوای خوێنەکەی دەکەین،نەزانەکان بڕوایان بەم قسەیەت کرد،لە کاتێکدا ئاشکرایە تۆ کەمتەرخەم بوویت لە یارمەتیدانی عوسمان، چونکە خۆت حەزتکردووە بکوژرێت بۆ ئەوەی ئەوجێگایە بۆ خۆت بێت،لە خودا بترسە دژایەتی پیاوێك مەکە لە تۆ شیاوترە بۆ ئەوشوێنە:"،وا دیارە ئەم وتانەی نێردراو موعاویەی زۆر توڕەکردووە،بۆیە پێی وتووە" ئەی عەرەبی بیابانشین ئەوانەی باستکرد درۆبوون!،بڕۆن و لێرە مەمێننەوە،تەنیا شمشێر لە نێوانمان دەبێتە دادوەر. (74)

ئیدی لە دوای ئەم نێردراوانە و بێهیوابوونی عەلی لە موعاویە،وردەوردە ڕۆژە ئارامەکان بەرە و مەترسی هەنگاوی ناوە بەرەو کارەساتە گەورەکە،بەرەو یەکتر قڕکردن،ئیدی لە کۆتاییەکانی مانگی ژی الحجەی ساڵی(36ك/656ز)شەڕ دەستیپێکردووە،ئەم شەڕانە وادیارە لەسەرەتاوە لە شێوەی شەڕی پەلاماردان وکشانەوە بەشێوەی گروپ گروپ بووە،چونکە هەروەك باسدەکرێت لەسەرەتای شەڕەکان ڕۆژی وا هەبووە یەکجار شەڕ ڕوویداوە،ڕۆژی واش هەبووە دووجار ڕووبەڕووی یەکتر بونەوەتەوە(75).ئەم بارودۆخە چەند ڕۆژێکی خایاندووە،دوای ئەوە هەردوولا شەڕیان ڕاگرتووە،بەهۆی هاتنی مانگی موحەرەمی ساڵی(37ك/657ز)،کە یەکێکە لەومانگانەی لە پێش هاتنی ئیسلام و لەکاتی هاتنی ئیسلامیش شەڕ و کوشتار تیادا ڕێگە پێنەدراوە.(76)

ئەمەش دوا دەرفەت بووە عەلی جارێکی دیکە نێردراو بنێرێتەوە بۆ لای موعاویە،دوای ئەوەی سەرانسەری ئەو مانگە خەلیفە عەلی هەوڵی بۆ ئاشتی داوە، بەڵام هیچ سودێکی نەبووە،چونکە عەلیش شتێکی تازەی پێنەبووە بۆ موعاویە،جگە لەوەی داوای ئەوەی لە موعاویەکردووە واز لە دەسەڵات و دووبەرەکی بهێنێت،بۆیە موعاویەش هەمان هەڵوێستی خۆی دووبارەکردۆتەوە.(77)

ئەنجام لەگەڵ تەواوبوونی مانگی موحەرەم و هاتنی مانگی سەفەر لە یەکەم ڕۆژی مانگ شەڕ دەستیپێکردۆتەوە(78).وەك ئەوەی بڵێی هەردوولا تامەزرۆی شەڕ و کوشتنی یەکترین،وەك پەندە کوردیەکە دەڵێت:من چاوەڕوانی ئەوڕۆژەم،کە ڕۆژێك زووتربێت.شەڕەکەش بە درێژایی دوازدە ڕۆژی مانگی سەفەر بەردەوام بووە(79).وەك شەڕەکانی پێش مانگی موحەرەم نەبووە،بەڵکو جاری وا هەبووە شەڕەکە شەو و ڕۆژ بەردەوام بووە و یەکتریان کوشتووە.(80)

زۆرترین کوشتنیش(81)لەو شەوەدا بووە،کە بە شەوی بێزلێبوونەوە(لیله الهریره)ناسراوە،شەڕەکە نە بە تاریکی شەو و نە بە هەڵهاتنی خۆریش کۆتایی نەهاتووە،بەڵکو تانزیکەی چێشتەنگاو شەڕ

بەردەوامبووە،بەپێی کتێبەکەی بەلازەریش ئەو ڕۆژە شەڕ ڕاگیراوە ڕۆژی دوازدەی سەفەری ساڵی(37ك/657ز)تیایدا عەمروی کوڕی عاس لەناو سوپاکەی موعاویە ئاماژەی بە سوپاکەی کردووە قورئان بەرزبکەنەوە بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە.(82)

بەکارهێنانی قورئانیش لەلایەن سوپاکەی موعاویەوە بۆ مەبەستی سیاسی و خۆڕزگارکردنیان بووە لەو شکستەی ڕووی تێکردوون،نەك بۆئەوەی واز لە شەڕی برا کوژی و شەڕی موسڵمانان بهێن،گەر بۆ ئەم مەبەستە بوایە پێشتر شەڕیاننەدەکرد و ئەو هەموو کوشتنە ڕووینەدەدا،دواتریش ڕێککنەکەوتن لەسەر ناوبژیوانەکە ،ئەوە باشترین بەڵگەیە لەسەر هەڵکردنی قورئان جگە لەمەرام ومەبەست هیچی تر نەبووە،ئەمە جگە لەوەی مەرام ومەبەستی هەڵکردنی قورئان لە وتەکەی خودی عەمروی کوڕی عاس دەردەکەوێت،هەروەك سەرچاوەکان باسیانکردووە،دوای ئەوەی سوپای شام ڕووبەڕووی شکستی عێراقیەکان بویەوە،سەرکەوتن نزیکبوو بۆ عێراقییەکان،عەمرو سەرکردەی سوپای شام،بە موعاویەی ڕاگەیاندووە:"پێشنیازێکت بۆ دەکەم هێز بەخۆمان دەبەخشێت سوپای ئەوانیش پەرتەوازە،ئەویش ئەوەیە قورئان بەرزدەکەینەوە،دەڵێین ئەمە لەنێوان ئێمە وئێوە دادوەربێت،بەمەش هەندێك لەوان بەم پێشنیازە ڕازیدەبن و هەندێکیش ناڕازی بۆ وەستانی شەڕ،ئەنجام دووبەرەکی دەبێتە بەشی ئەوان.(83)

بەم شێوەیە سوپای شامییەکان قورئانیان کردە نوکی ڕمەکانیان وەك ئاماژەیەك بۆ ڕاگرتنی شەڕ،ئەوەی عەمرو پلانی بۆ داڕشت سەریگرتووە،چونکە بەم کارەی عەمرو جیاوازی لە نێوان سوپاکەی عەلی هاتەکایەوە،کۆمەڵێك عەلیان ناچارکرد شەڕ ڕابگرێت( 84).ئەگەرچی عەلی ئاماژەی بەوەکردووە:"ئەمە تەنیا فرتوفێڵێکە،ئەوانە نەك شوێنکەوتەی قورئانین،بەڵکو نە لە ئاین دەزانن نە لە قورئان!"( 85).کۆمەڵێکی دیکە لە نێو سوپاکەی عەلی لەگەڵ ئەوە نەبوون شەڕ ڕابگیرێت،بەڵکو لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕەکە بوون،بۆیە کاتێك بەو کارە شەڕ ڕاگیراوە،بەشێك لەمانە لە عەلی جیابوونەوە،کەنزیکەی دوازدە(86)هەزاربوون،ڕۆشتوون بۆ ناوچەیەك نزیك کوفە بەناوی حەرورا،دواتر بە خەواریجەکان( 87)ناسران.(88)

دوای ناچارکردنی خەلیفە عەلی بەوەستانی شەڕ،نوێنەر دەنێرتە لای موعاویە بۆ ڕێککەوتن، موعاویە پێشنیازی ئەوەی بۆ عەلی کردووە:دوو نوێنەر لە هەردوولا هەڵبژێرین و سوێندیان دەدەین بێلایەن بن،ئەمانە لەگەڵ یەك کۆببنەوە و ڕاوێژبکەن،هەر بڕیارێکیاندا لەسەرچارەنووسی هەردووکمان قبوڵی(89) بکەین( 90).لەمەوە بۆمانڕوون دەبێتەوە موعاویە نەك مەبەستی خوێنی خەلیفە عوسمان بووە،بەڵکو جگە لە بەکارهێنانی ئەو دروشمە بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایە هیچی دیکە نە بووە.

هەردوولا لەسەر ئەو بنەمایە ڕازیبوون،موعاویە لای خۆیەوە عەمروی کوڕی عاسی هەڵبژاردووە ،خەلیفە عەلیش ویستویەتی عەبدوڵڵای کوڕی عەباسی ئامۆزای هەڵبژێرێت،بەڵام لیرەشدا عەلی لەلایەن هاوەڵانییەوە ناچارکراوە،کوڕی عەباس نوێنەری نەبێت،چونکە کوڕی مامیەتی وجیاوازی نییە لەگەڵ عەلیدا،دواتر خەلیفە عەلی ویستویەتی مالکی ئەشتەر(91).دیاری بکات،لایەنگرانی بەئەمیش ڕازینەبوون ،تائەوەی داوای ئەبوموسای ئەشعەریان کردووە نوێنەربێت، لەکاتێکدا ئەبوموسا لایەنگیری خەلیفە عەلی نەبووە،پێشتریش عەلی لە والیەتی کوفە دووری خستبووەوە و ئەبوموسا دوورە پەرێز بووە لە جەنگی نێوان عەلی و موعاویە،عەلی بە ناچاری بە ئەبوموسا ڕازیبووە.(92)

لەکاتی نوسینی ناوی خەلیفە عەلی وموعاویە لەسەر ڕێککەوتنی هەردوولا لەسەر ناوبژیوانییەکە ،عەمروی کوڕی عاس بەخەلیفە عەلی وتووە نابێت ناوی خۆت وەك ئەمیری ئیمانداران بنوسیت،بەڵکو ناوی ئاسایی خۆت بنووسە،عەلیش وتویەتی ئەمە وەك ئەو ڕۆژە وایە،کە بتپەرستانی قوڕەیش لە ئاشتەوای حودەیبیەی نێوان موسڵمانان و بتپەرستان بە پێغەمبەریان وت:"نابێت بنوسی موحەمەد پێغەمبەری خوا،بەڵکو تەنیا بنوسە موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا!:"بۆیە خەلیفە عەلیش هەروەك پێغەمبەری کردووە نوسیوویەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیب(93)بەهەمان شێوەی عەمرو،موعاویەش نامەی بۆ خەلیفە عەلی نوسیووە ئاماژەیبەوەکردووە نابێت لەکاتی نامەنوسین بۆ دوو ناوبژیوانەکە ناوی خۆت بە سەروەری باوەڕداران بنوسی.(94)

دوای ڕێککەوتن لەسەر دوو ناوبژیوانەکە،هەردووکیان لە مانگی سەفەر تا مانگی ڕەمەزان،بۆ ماوەی هەشت مانگ مۆڵەتیان پێدراوە بۆ کارەکەیان(95).شوێنی کۆبونەوەی دوو ناوبژیوانەکەش ناوچەیەك بووە لە دومەجەندەل بەناوی(96)ئەزروح(97).هەر لە سەرەتای کۆبونەوەکەیان عەمرو هەوڵی ئەوەی داوە بەرگری لە موعاویە بکات نەك وەك ناوبژیوانێکی بێلایەن بێت،بەڵکو زۆر هەڵیداوە کارەکە لە بەرژەوەندی موعاویە کۆتای بێت،بەرگریەکی سەرسەختانەی کردووە،موعاویە ببێتە خەلیفە و عەلی پەراوێزبخرێت،باسیلەوەکردووە،موعاویە خزمی نزیکی خەلیفە عوسمانە و مافی خەلافەتی هەیە،یەکێکە لەپیاوە دیارەکانی قوڕەیش،برای ئوم حەبیبەی خێزانی پێغەمبەری خوایە (د.خ) ئەبوموساش بەم وتانەی عەمرو ڕازی نەبووە،بەڵکو هەوڵیداوە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب بکرێتە خەلیفە لە جێگەی عەلی،واتا نە لەگەڵ خەلیفەبونی عەلی بووە نە موعاویەش(98)عەمروش بە پێشنیازەکەی ئەبوموسا ڕازی نەبووە،ئەنجام دوای وتووێژێکی زۆر،ڕێکنەکەوتوون لەسەر کەسێك بۆ خەلیفە، لەسەرئەوە ڕێککەوتوون عەلی وموعاویەش لە دەسەڵات دووربخرێنەوە و موسڵمانان لە نێوان خۆیاندا (99 )کەسێك هەڵبژێرن.(100)

دوای ئەو ئەنجامە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە موسڵمانانی هەردوولا،عەمرو ئەبوموسا پێشدەخات بۆ قسەکردن و ئاماژەی بە تەمەن وگەورەیی و زوو موسڵمانبوونی ئەبوموسا کردووە، لەبەرئەوە دوای ئەو قسەدەکات ،ئەبوموساش لە مەرام و نیازی عەمرو نەگەشتووە،پێش ئەو دەستی بە قسەکردن کردووە،ئاماژەی بەوەکردووە ،ئێمە هەردووکمان ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی عەلی و موعاویە لە دەسەڵات دووربخەینەوە،موسڵمانان خۆیان کەسێك لە نێو خۆیاندا بۆ ئەم کارە هەڵبژێرن،ئەگەرچی عەبدوڵڵای کوڕی

عەباس ئاگاداری کردووەتەوە ،بەوەی عەمرو پیاوێکی فێڵبازە با ئەو پێش تۆ قسەبکات ،بەڵام ئەبومووسا ئەمەی بەگرنگ نەزانیووە،کاتێك نۆرە هاتۆتە سەر قسەکردنی عەمرو ناپاکی بە ڕێکەوتنەکەوە کردووە، ئاماژەی بەوەکردووە ئەی خەڵکینە بینیتان ئەبومووسا عەلی لە خەلافەت دوورخستەوە،ئەوا من موعاویە لە جێگەکەی دادەنێم(101)ئەم بێ گفتیەی عەمرو وای لە ئەبوموساکردووە، عەمرو بە سەگ(102)بشوبهێنێت،عەمروش ئەبومووسای بە گوێدرێژ!(103)بۆیە کێشەکە لە نێوانیان بێئەنجام کۆتایی هاتووە.(104)

ئەمەش بووە هۆی پەرتەوازەیی نێوان موسڵمانان،دوودەسەڵاتی جیاوازدەرکەوت،دەسەڵاتێك لە شام موعاویە ڕابەرایەتیکردووە،دەسەڵاتێکیش لە کوفە عەلی وەك خەلیفە حوکمڕانی کردووە،بە بێئەوەی بڕوایان بەیەکتر هەبێت،ئەمە سەرەتایەك بووە بۆ مەینەتییە گەورەکەی نێوان موسڵمانان،ئەو مەینەتییەی تاوەکو ئێستا بە کۆڵی تاك بەتاکی موسڵمانانەوەیە،ئەویش دوو بیروباوەڕە جودا خوازییەکەی شیعە و سوونەیە،کە هەمیشە وەك دوودوژمنی سەرسەخت سەیری یەکتر دەکەن،بە درێژایی چەند سەدەیەك نەك دوژمنایەتیان کاڵبێتەوە،بەڵکو ساڵ لە دوای ساڵ مەترسییەکانیان بۆ سەریەکتری زیاتردەبێت

تەوەرەی دووەم: هەوڵەکانی موعاویە بۆ بێهێزکردنی دەسەڵاتی خەلیفە عەلی:

لەدوای کۆبونەوەی دوو ناوبژیوانەکە و بێئەنجام بوونی کۆبونەوەکان،بەتایبەتی لەدوای شەڕی نەهرەوان،کە عەلی بەسەر خەواریجەکاندا سەردەکەوێت،هیچ جموجۆڵێکی خەلیفە عەلی بەدی ناکرێت بۆ سەرشام،ئەمەش زیاتر دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی عەلی زۆر هەوڵیداوە لەگەڵ هاوەڵانی بۆ ئەم کارە، بەڵام هەمیشە ژمارەکی کەم ئامادەی خۆیان دەربڕیووە بۆشەڕکردن(105)بۆیە ئەم جارەیان بارودۆخەکە گۆڕاوە و موعاویە ئەوەی بۆ دەرکەوتووە عەلی سوپاکەی شەڕی بۆ ناکات،بەهۆی پەرتەوازەبوون و بێزاربوون لەشەڕە یەك لەدواییەکەکان،ئیترکاتی ئەوە هاتووە هێرش بکاتەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلیفە عەلی و بەرنامەکەی خۆی جێبەجێبکات،ئەویش گەیشتن بوو بە دەسەڵات و دەست بەسەراگرتنی خەلافەت بوو،بۆ ئەمەش یەکەمجار ناوچەی میسری هەڵبژارد بۆ هێرشکردن کە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە بەرووبووم بووە،دەبووە ناوچەیەك بۆ دەستهێنانی داهاتێکی باش بۆ دەسەڵاتەکەی،سوپایەکی شەش هەزار کەسی بەسەرکردایەتی عەمروی کوڕی عاس و موعاویەی کوڕی حەدیج ناردۆتە سەر میسر،والیەکەی عەلی موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکر(106)بووە،دوای هەندێك بەرگری سوپاکەی موحەمەد شکستدەخوات،بۆیە هەڵدێت،پاشان بە ئەسیری دەکەوێتە دەستیان بە پێی هەندێك لە سەرچاوەکان بەلێوی تینوەوە سەریان بڕیووە و لاشەکەشیان سوتاندووە،بەم شێوەیە میسر بوبە بەشێك لە دەسەڵاتی موعاویە.(107)

دوای دەست بەسەراگرتنی میسر وبێ دەنگ بونی لایەنگرانی خەلیفە عەلی ئەوە بۆ موعاویە زیاتر ڕوون بویەوە،کاتی ئەوە هاتووە هێرشی زیاتر بکاتە سەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خەلیفە، دوای گرتنی میسر وەك پێگەیەکی بەهێزی ئابووری،کاتی ئەوە بۆ موعاویە ڕەخساوە هەوڵبدات دەستبەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێت پێگەی ئاینی بە هێزی هەبووە،بۆیە سوپایەکی نزیك بە سێ هەزار کەسی بەسەرکردایەتی بەسری کوڕی ئەبی ئەرتاتی قوڕەشی لەبنەماڵەی عامری کوڕی لوئەی ئامادەکردووە بۆ هێرشکردنە سەر مەککە و مەدینە،لە ساڵی(40ك/660ز)دەستی بەسەر مەدینەدا گرتووە،دەستی بەزوڵم و ستەمکردووە لەبەرامبەر ئەو کەسانەی هاوکار و پشتیوانی عەلی بوون(108). پاشان هەر بەو سوپایە کوڕی ئەرتات هێرشیکردوەتە سەر مەککە و دەستی بەسەرداگرتووە، دوای ئەوەش ڕووی لە یەمەن کردووە،عوبەیدڵڵای کوڕی عەباس فرمانڕەوای یەمەن هەڵهاتووە لە جێگەی خۆی کەسێکی داناوە،دواتر کوڕی ئەرتات لەکاتی دەست بەسەرداگرتنی یەمەن جێگرەکەی عوبەیدڵڵا و کوڕێکیشی دەکوژێت،لێرەش دەستیکردووە بەزوڵم و ستەم لەلایەنگرانی خەلیفە عەلی، ژمارەیەکی لێکوشتوون،پاشان بۆ شام بۆ لای موعاویە گەڕاوەتەوە. (109)

ئەمە جگە لەو سوپا و دەستانەی دروستیکردووە بۆ هێرشکردنە سەر سنوورەکانی خەلیفە عەلی، وەك هێرشکردن بۆ سەر ناوچەکانی هیت و ئەنبار بە شەش هەزار سەربازەوە،جگە لە کوژرانی هەندێك لە لایەنگرانی خەلیفە عەلی ئەم سوپایە دەستی بەتاڵانی کردنکردووە،پاشان گەڕاونەتەوە بۆلای موعاویە (110).هەروەها موعاویە بە سوپایەکی هەزاروحەوت سەد کەسییەوە هێرشیکردۆتە سەر ناوچەی تیما،سەرەڕای زوڵم و ستەم لە لایەنگرانی عەلی ،دەستیانکردووە بەکۆکردنەوەی زەکاتی ناوچەکە(111).جگە لەو هێرشانەی موعاویە کردویەتە سەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خەلیفە عەلی، تێبینی ئەوە دەکەین موعاویە چەندین ڕێگای گرتوتەبەر بۆ دژایەتیکردنی عەلی بۆ ئەوەی دەسەڵاتی عەلی لاواز بکات. هەوڵدەدەین بەچەند خاڵێك ڕوونی بکەینەوە:

یەکەم:دروستکردنی دووبەرەکی خێلایەتی و هاندانی خەڵکی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خەلیفە عەلی: وەك ئەوەی عەبدوڵڵای کوڕی عەمروی حەزرەمی بۆ بەسرە ناردووە بۆ دروستکردنی دووبەرەکی لەناو خێڵی تەمیم ،زۆربەی زۆری بەسرەییەکان لەم خێڵەبوون،بەم کارەی عەبدوڵڵا تەمیمییەکان بونە دووبەرە لەناو یەك،لایەك لەگەڵ خەلیفە عەلی و لاکەی تریش دژی عەلی بوون،بەڵام عەلی هەر زوو هەستی بەم مەترسییەکردووە،بۆیە سوپاکی لە تەمیمییەکانی کوفە دروستکردووە و ناردویەتییە سەر عەبدوڵڵا و هاورێکانی،لەشەڕێکی ماوە کورت هەموویانی کوشتووە. (112)

دووەم:پێدانی دەستکەوت:موعاویەی کوڕی ئەبوسووفیان هەندێکجار پێشنیازی کاری دونیای خستۆتە بەردەم لایەنگرانی عەلی،بانگی کردوون،کە واز لە عەلی بهێنن،لە بەرامبەردا پاداشتی باشیان پێبدات،ئەمەشی زیاتر بۆ ئەو کەسانەی بەکارهێناوە ناوبانگی دیاریان هەبووە،وەك بینیمان چۆن ویستی قەیسی کوڕی سەعدی

كوڕی عەبادە بەم كارە هەڵبخەڵەتێنێت،بەڵام ئەو بەتوندی هەڵوێستی نواندووە،بەهەمان شێوە ویستی كارێكی لەو شێوە بەرامبەر نوێنەرێكی خەلیفە عەلی ئەنجامدا،بەناوی زیادی كوڕی حەفسەی تەمیمی،كە پیاوێكی ناوداری خێڵەكەی بووە بەتەنیا بانگی كردووە ئەوەی پێی ڕاگەیاندووە:"داوات لێ دەكەم لەگەڵ خێڵەكەت دژی عەلی شەڕ بكە، پەیمانتپێدەدەم گەر بەسەریدا سەركەوتم ئەوا دەتكەمە فەرمانڕەوای یەكێك لەو ناوچەیی خۆت دەیخوازی:"ئەویش لەوەڵامدا وتویە:"من باوەڕم بەخودا هەیە نابمە پشتیوانی ستەمكار وتاوانباران.(113)

لەكاتی كۆبوونەوەی دوو ناوبژیوانەكەش عەمروی كوڕی عاس شتێكی لەوبابەتە بەگوێی ئەبوموسا دەدات ،دیارە ئەمەش هەر پێشنیازی موعاویە بووە،عەمرو بێ ڕەزامەندی موعاویە نەیتوانیووە بەڵێنێكی لەوشێوەیە بدات،بەڵام ئەبوموساش بەهەمان شێوەی زیاد ئەمە ڕەتدەكاتەوە(114). .عەمروی كوڕی عاس خۆیشی لە بەرامبەر دەستكەوت بووەتە لایەنگری موعاویە،هەروەك سەرچاوەكان باسیانكردووە موعاویە ئەوەی بە عەمرو ڕاگەیاندووە:"پاڵشت و هاوكارم بە دژی عەلی ئەگەر بەسەریدا سەركەوتین هەتا لە ژیان زیندووی فرمانڕەوای میسر دەبێت :"(115) موعاویەش بەڵێنەكەی بردووەتە سەر،دوای گرتنی میسر عەمروی كوڕی عاسی كردووە بە فەرمانڕەوای ئەوناوچەیە.

سێیەم:دەرمان خواردكردنی سەركردە دیارەكانی عەلی:دوای ئەوەی ئەوە بە عەلی گەیشت موعاویە نیازی هێرشكردنە سەر میسری هەیە،خەڵكانێكیش دەركەوتوون لە میسر داوای خوێنی عوسمان دەكەن،عەلی گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی دەبێت لێهاتووترین كەس بكاتە والی میسر بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی سیاسەتەكانی موعاویە بێتەوە،بۆ ئەمەش مالیكی كوڕی ئەشتەری دەستنیشانكردووە ،موعاویە زیرەكی و لێهاتوویی ئەوی لە سەففەین بینیبوو،گەیشتبووە ئەو بڕوایەی ناتوانێت بە ئاسانی بەسەریدا زاڵبێت(116)تەنیا ڕێگە كوشتنیەتی بە بێشەڕكردن و ڕووبەڕووبوونەوە، موعاویە بە دزییەوە كەسێكی ناردووە بۆ لای یەكێك لە لێپرسراوانی كۆكردنەوەی باج لە میسر بە ناوی حابسات، داوایلێكردووە بە هەرنرخێك بووە پێش ئەوەی ئەشتەر بگاتە میسر وەك والی،لە ناوی بدە،ئەگەر ئەم كارەبكەی لە پێدانی باج دەتبەخشم،بۆیە حابسات پێش ئەوەی ئەشتەر بگاتە میسر،ڕۆیشتووەتە پێشوازی و هەنگوینی ژەهراوی دەرخوارد داوە و مردووە(117). بە بیستنی ئەم هەواڵە موعاویە خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە.ئاماژەی بەوەكردووە، عەلی دوو دەستی هەبوو،یەكێكیان لەشەڕی سەففەین بڕایەوە،واتە عەماری كوڕی یاسر،ئێستاش دەستەكەی دیكەی لە دەستدا(118)پاشان وتوویەتی خودا سەربازی لە هەنگوین هەیە.(119)

چوارەم:تاوانباركردنی خەلیفە عەلی و لایەنگرانی بەبێباوەڕ وكوژرانی خەلیفە عوسمان: یەكێكی دیكە لەو ڕێگایانەی موعاویە گرتبویەبەر دژی عەلی،ئەوەی لەناو خەڵكی شام بڵاوكردووەتەوە ئەو لەگەڵ خەڵكانێك شەڕدەكات نوێژناكەن و خەلیفەكەی ئێوەیان كوشتووە،هەروەك لەوتەی كەسێكی شامی لەشەڕی سەففەین دەردەكەوێت،كاتێك یەكێك لەلایەنگرانی خەلیفە عەلی ئامۆژگاریكردووە،قسەی نەشیاو نەڵێت،ئەویش وەڵامدەداتەوە :"ئێوە شایەنی ئەوەن،چونكە وەك پێیان گەیاندووم ئێوە وگەورەكەتانیش نوێژ ناكەن،فرمانڕەواكەی ئێوە خەلیفەكەی ئێمەی كوشتووە.(120)

## تەوەرەی سێیەم: ململانێی مسوڵمانە یەكەمینەكان و ئەو مسوڵمانانەی دوای فەتحی مەككە باوەڕیان هێناوە:

لە ڕووداوەكانی شەڕی سەففەینشەوە تێبینی ئەوەدەكەین،ئەم شەڕ وململانێیە شەڕ وململانێی نێوان دوو دەستەبووە،دەستەیەكیان موسڵمانە پێشینەكان بووە ئەوانەی ناویان بە كۆچكەران و پشتیوانان(121) هاتووە،ئەمانە خەلیفە عەلی ولایەنگرانی بوون،دەستەیەكی دیكە ئەوانە بوون،كە لەپێش ڕزگاركردنی مەككە بتپەرستبوون ودژایەتییەكی سەرسەختی ئاینی نوێ و هەڵگران وپەیڕەوانی ئەو ئاینەبوون، ئەمانەش موعاویە ولایەنگرانی بوون،بەڵام ئەمانە دواتر و لەكاتی ڕزگاركردنی مەككە بە ناچاری ئاینی نوێیان قەبوڵكردووە،بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەمان چەند وتەیەكی موسڵمانە پێشینەكان وەردەگرین لەشەڕی سەففەین بە موعاویە ولایەنگرانیان وتووە :

لەشەڕی سەففەیندا نوێنەری موعاویە دەڕواتە لای خەلیفە عەلی،عەلی ئەوەی بە نوێنەرەكانی موعاویە ڕاگەیاندووە سەیرم لەوە دێت ئێوە پشتگیری موعاویە دەكەن ودژایەتی ئێمە وبنەماڵەی پێغەمبەر دەكەن،لە كاتێكدا دەزانن موعاویە پێشینەیەكی درێژی نییە لەناو ئەم ئاینە،ئەوان كۆمەڵێك بوون دژی موسڵمانان،باوكی ئەودوژمنی خودا و پێغەمبەرەكەی بوو تا ئەوەی بەناچاری باوەڕی بە ئیسلام هێنا( 122).هەر لەسەففەیندا خەلیفە عەلی بەلای كۆمەڵێك لە خەڵكانی شام تێدەپەڕێت،وەلیدی كوڕی عوقبە لەناویاندا دەستی بەقسەكردن بە عەلی كردووە،بۆیە عەلیش لەم كاتەدا ئاماژەی بەوەكردووە ئەمانە هەرئەوانەبوون ئێمە پێشنیازی موسڵمانبوون وئیسلام بونمان بۆیاندەكرد،ئەوانیش پێشنیازی بتپەرستی،ئەمانە هەر لەكۆنەوە دوژمنایەتی ئێمەیان كردووە،بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەوانی شكستپێهێنا وسەركەوتنیان بەدەست نەهێنا،ئەمانە هەرمەترسی بوون بۆ ئیسلام و موسڵمانان(123).لە عەماری كوڕی یاسریشەوە هاتووە،كاتێك لەسەففەین عەمروی كوڕی عاسی بینیووە، ئاماژەی بەوەكردووە سێجار هاوشانی پێغەمبەر لەگەڵی جەنگاوم،ئەمجارەیان چوارەم جارە(124).عەبدوڵلای كوڕی بودەیلی كوڕی وەرقا،كە یەكێك بووە لەهاوەڵەپێشینەكانی پێغەمبەر(د.خ)(125)لە شەڕی سەففەیندا فەرماندەی باڵی ڕاستی سوپاكەی خەلیفە عەلی بووە،كاتێك وتاریداوە بۆ سەربازەكان وتەیەكی هاوشێوەی وتەكەی عەمار دەهێنێتە سەرزار و ئاماژەیبەوەكردووە جارێك شانبەشانی پێغەمبەر دژی ئەوانە جەنگاوین،ئێستاش دەبینن ئەوا جاری دووەمە. (126)

لەكۆتایی ساڵەكانی خەلافەتی عەلیدا موعاویە هەوڵیداوە لەگەڵ خەلیفە عەلیدا ئاشتیبكات، ئەمەش دوای مسۆگەركردنی ناوچەكانی شام ومیسر،عەلیش زانیوویەتی لایەنگرانی شەڕی بۆ ناكەن و دەسەڵاتی بەرەو لاوازی دەڕوات و موعاویەش بەرەو بەهێزی،ناچار دوای چەند نامە گۆڕینەوە یەك لەنێوان هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێككەوتوون ئیتر واز لەشەڕی یەكتربهێنن،هەریەكە و

ناوچەی خۆی لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت(127)موعاویە بە ئامانجی خۆی گەیشتوە شتێك نەماوە بە ناوی تۆڵەكردنەوەی خوێنی خەلیفە عوسمان.ئەوەی ئەو هەوڵی بۆ داوە شام بوو نەك خوێنی عوسمان،ئەگەر خەلیفە عەلی بەپێشنیازەكەی كوڕی شوعبە وكوڕی عەباس ڕازیبوایە،ئەوە هەرگیز نەك شەڕی سەففەین ڕوویندەدا،بەڵكو شەڕی جەمەلیش ڕووی نەدەدا،چونكە گومانمان لەوەنییە ئەگەر موعاویە ئاڵای شەڕی دژی خەلیفە عەلی بەرزنەكردایەتەوە ئەوا تەڵحە وزوبێریش ئەوەیان نەدەكرد دەرچن لەدژی عەلی، بیرۆكەی دەرچوون دژی عەلی بیرۆكەی موعاویە بووە،تەڵحە و زوبێریش دوای ئەو بیرۆكەیە كەوتوون ،موعاویە نەك شامی بۆ مسۆگەربوو،بەڵكو بووە خاوەنی میسریش، هەروەها ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەختی موعاویە لە زیادبوون بوو بەتایبەتی دوای كوژرانی عەلی كوڕی ئەبوتالیب بەدەستی یەكێك لە خەواریجەكان لە ڕەمەزانی ساڵی(40ك/660ز) دوای كوژرانی عەلیش لایەنگرانی عەلی،بەیعەتیان بە حەسەنی كوڕی عەلیدا وەك خەلیفەی موسڵمانان(128).ئەم جارەیان موعاویە چاوتێبڕینی والیەتی گۆڕاوە بۆ خەلافەت،لەو پێناوەدا هەوڵیداوە .

ئەوەی موعاویە هەوڵیبۆداوە مەبەستی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی خەلیفە عوسمان نەبووە، بەڵكو هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی داوە لەژێر ناوی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمان، ئێمە وەك توێژەر لەناو باسەكەدا لە چەندین شوێندا بەچەند بەڵگەیەكی مێژووی ئەوەمان ڕوونكردۆتەوە وبۆچوونی خۆمان دەربڕیووە.هەوڵدەدەین قسەش لەسەر ئەوانە بكەین،كە چوونە سەر مەدینە و خەلیفە عوسمانیان كوشت تاوەكو كۆتایی دەسەڵاتی عەلی چارەنوسیان چی لێبەسەرهات.لە ئەنجامی خوێندنەوەی ڕووداوەكانی ڕابردوو،وچەند دەقێكی دكتۆر موحەمەد عەلی سەڵابی،كە خاوەنی چەندین كتێبە لە بواری مێژووی ئیسلامدا،یەكێكە لەوتوێژەرە هاوچەرخانەی بەرگریەكی بێئەندازە لە موعاویە دەكات ،كە بەوەی موعاویە مەبەستی دەسەڵات نەبووە،بەڵكو داوای خوێنی خەلیفە عوسمانی بەستەم كوژراوی كردووە.ئێمە تەنیا سێ دەق وەردەگرین پاشان قسەی خۆمانی لەسەردەكەین:

سەڵابی ئاماژە بەوەدەكات موعاویە زۆر بەڕاستی بوو لە تۆڵەسەندن لە بكوژانی عوسمان ئەوە بوو لە بۆسەیەكدا كۆمەڵێك لە میسرییەكان،كە بكوژانی عوسمان بوو گرت و هەموویانی كوشت ،ئەو سەركردانەی میسر،كە دەستیان هەبوو لە كوژرانی عوسمان لەساڵی(36ك/656ز)موعاویە هەموویانی لە بۆسەیەكدا گرتن وكوشتیانی. (129)

لە جێگە یەكیتر و لەهەمان كتێبیدا ئاماژە بەوەدەكات:" ئاژاوەگێڕان ئەوانەی دایان بەسەر مەدینەدا و خەلیفە عوسمانیان شەهیدكرد لەناو سوپاكەی عەلی وەك گورگ لە پێستی مەڕ خۆیان بەدڵسۆزی عەلی دەزانی،بۆیە لە ئاشتی وڕێككەوتن زەرەریان بوو،بۆ ئەوەی نەپەرژێردرێتە سەریان وتۆڵەی عوسمانیان لێ نەكرێتەوە دژی وەستانی جەنگ بوون، دواتریش لە عەلی جیابوونەوە.(مەبەستی خەواریجەكانە)."(130)لەجێگە یەكیتری هەمان كتێبدا ئاماژە بەوە دەكات:"عەلی بەو سوپایەی بۆ شەڕی شام ئامادەی كردبوو(مەبەستی دوای شەڕی سەففەینە) بەرەو نەهرەوان كەوتەڕێ خەواریجەكان لەوێ بوون،دای بەسەریاندا،نەیهێشت یەك كەسیان دەربچن، مێژوونووسان دەڵێن ئەوانەی دەرچون لە پەنجەكانی دەست كەمتربوون. (131)

پێشتر ئەوەمانڕوونكردۆتەوە ژمارەی ئەو كەسانەی ڕۆیشتنە سەر مەدینە و دواتر بە هۆیەوە خەلیفە عوسمان كوژرا لە نێوان هەزار و پێنج سەد بۆ سێ هەزار بوون، چونكە زۆرێك لەسەرچاوەكان باسیان لەوەكردووە ژمارەی میسرییەكان پێنچسەد كەس یان شەشسەد كەس بووە ،وتوشیانە هەزار كەس بوون،ژمارەی كوفەییەكان وبەسرەییەكانیش هێندەی ئەوان بوون یان زیاتر،باسیش لەوەكراوە لەشەڕی پێش جەمەل كاتێك تەڵحە و زوبێر و هاوەڵانیان ڕۆشتنە ناو بەسرەوە شەڕ دروست بووە، لەو شەڕەدا هەموو بكوژانی عوسمان كوژران،تەنیا حەرقوسی كوڕی زوهێر نەبێت،دواتر ئەو كەسەش لە نەهرەوان دەكوژرێت.كەواتە ئێستا بكوژانی عوسمان لە بەسرەییەكان هەموو كوژران.تەنیا كوفەییەكان و میسرییەكان ماون،سەبارەت بە میسرییەكان ئەوا بەپێی بۆچوونی سەڵابی ئەوانەی گەڕابوونەوە میسر موعاویە لە بۆسەیەكدا هەموویانی كوشتووە،ئێستا ژمارەیەكی كەمی میسری و هەموو كوفەییەكان ماون،وەك دەزانیین بڕبڕەی پشتی سوپاكەی عەلی لە جەمەل كوفەییەكان بوون. سەرچاوەكان ژمارەی كوژراوانی سوپاكەی عەلی لە جەمەل لە نێوان هەزار كەس بۆ پێنجهەزار كەس باسكردووە،بێگومان ژمارەیەكی زۆر لەوانەی لەو شەڕەدا كوژراون ئەوانە بوون چونە سەر مەدینە،جا ئەوانەشی مانەوە بە پێی گێڕانەوەكەی سەڵابی لە دوای شەڕی سەففەین هەموویان بوونە خەواریج.هەر بە پێی گێڕانەوەكەی ناوبراویش عەلی هەموویانی لە نەهرەوان كوشت، كەواتە بەم بەدواداچونەبێت لە ساڵی(38ك/658ز) كە شەڕی نەهرەوانی تیاداكراوە یەك كەسیش لەوانە نەماونەتەوە،كە چونەتە سەر مەدینە.ئەمە جگە لەوەی هیچ گومانی تیادانییە ژمارەیەكی زۆركەم لەگەڵ كوژرانی عوسمان بوون لەوانەی چوونە سەر مەدینە،بەڵێ ئەوانە نارەزاییان دەربڕیووە لە كار و كردەوەكانی بنەماڵەی ئومەوی،بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەوە نەبوونە خەلیفە بكوژرێت،تەنیا چەند كەسێكی كەم نەبێت خەلیفەیان كوشتووە.

موعاویە دوای ساڵی(38ك/758ز) بۆچی وازی لەشام نەهێناوە،لە كاتێكدا بكوژانی خەلیفە عوسمان بە هیچ شێوەیەك بوونیان نەمابوو؟.ئەگەر عەلیشی بەوە تۆمەتباركردبوو كە دەستی هەبووە لەكوژرانی عوسمان خۆ عەلیش كوژرا ئیتر چ هۆكارێك وا لە موعاویە دەكات دوای عەلیش شەڕی حەسەنی كوڕیشی بكات؟،لەكاتێكدا حەسەنی كوڕی عەلی تاوەكو كوژرانی خەلیفە عوسمان،لە ماڵەكەی عوسماندا بەرگریكردووە.

## ئەنجام

**لە ئەنجامی لێكۆڵینەوە و توێژینەوەمان بۆ بابەتەكە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:**

**یەكەم:لە ساڵی(610ز)پێغەمبەر موحەمەد(د.خ) وەك دواین پێغەمبەر لەنیمچەدوورگەی عەرەب دەركەوتووە، دوای سێ ساڵ**

له بانگەوازی نهێنی بۆ ئاینەکەی،بانگەوازەکەی ئاشکراکردووە، هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ نەمانی ئەو سیستەمە خێڵایەتییە.کە ساڵەهای ساڵە خەڵکانی نیمچەدوورگەکە لەسەری ڕاهاتوون.پاش دژایەتیکردنێکی زۆروئازار وئەشکەنجەدانی خۆی و هاوەڵە موسڵمانەکانی،ئەو سیستەمە خێڵایەتیەیی تێکشکاندووە،توانیوویەتی هەموو خێڵەکان لە چوار چێوەی کیانێکی ئاینی و سیاسی بە ناوی ئومەتی ئیسلام یەکبخات،بەجۆرێك تاوەکو خۆی لە ژیان ماوە کۆمەڵگەی ئیسلام بە یەکگرتووی ماوەتەوە و هەمیشە بەرەو پتەوبوون ڕۆیشتووە،بەڵام لە دوای مردنی خۆی جیاوازی لە نێوان موسڵمانان هاتۆتەکایەوە،جارێکیتر تۆوی دەمارگیری خێڵایەتی لە دوورگەی عەرەب نێژراوە،لەسەردەمی دەسەڵاتی خەلیفە عوسمان ئەو تۆوە چەکەرەی کردووە ولە سەردەمی خەلیفە عەلی و لە جەنگی جەمەل و سەففەین نەشونمایکردووە و لە سەردەمی دەسەڵاتی عەلی هاتۆتە بەرهەم، بەمەش دەمارگیری خێڵایەتی بوو بە بەشێك لە ململانێ سیاسیەکان.

دووەم:ئەوەی موعاویە هەوڵی بۆ داوە لەدوای کوژرانی خەلیفە عوسمان گەیشتنە بە دەسەڵات بەناوی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمان.ئەنجام بەهۆی یاخیبونی موعاویەشەوە لە خەلیفە عەلی،تەلحە ، زوبێر و عائیشەش بیرۆکەی دەرچوون لە دژی عەلیان بەرزکردۆتەوە بەناوی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمان،دژی عەلی ئاڵای ناڕەزایەتیان هەڵکردووە،بەهۆیەوە جەنگی جەمەل بەرپابووە،عەلی لەجەنگەکە شکستی بە نەیارانی هێناوە،لەجەنگی سەففەینیش سەرەڕای نزیکبوونەوەی شکستی موعاویە و سەرکەوتنی عەلی وکوژرانی ژمارەیەکی زۆر لەهەردوولا شەڕ ڕاگیراوە،بەهۆی ڕازی بوونی خەلیفە عەلی بەوەستانی شەڕ،ژمارەیەك لە سوپاکەی لێی هەڵگەڕانەوە و دواتر بەدەستی یەکێك لەوکەسانە کوژراوە،بە کوژرانی عەلی،موعاویە لە ئامانجەکەی نزیکبووەتەوە،چونکە دوای چەند مانگێك لە کوژرانی عەلی و هاتنە سەرکاری حەسەنی کوڕی عەلی وەك خەلیفە،لەئەنجامی فشارەکانی موعاویە بۆسەری و باوەڕنەبوون بە لایەنگرانی بەوەی شەڕی موعاویەی بۆ بکەن و بەهەمان دەردی باوکی دەبەن،ناچار وازی لە دەسەڵات هێناوە بۆ موعاویە، بەمەش موعاویە بە ئامانجە لە مێژینەکەی خۆی گەشت و دەسەڵاتی گێڕانەوە بۆ نێو بنەماڵەکەی .

پوختە

نیمچە دورگەی عەرەبی یەکێکە لە گەورەترین دوورگەکان، بەوە جیادەکرێتەوە کە بیابانێکی وشك وسەرچاوەیەکی کەم ئاوی هەیە.بەهۆی سروشت وشوێنکەیەوە، دانیشتوانەکەی بە شێوەی خێڵایەتی و دەشتەکی (بەدەوی) ژیاون، ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەپێششدا نەهاتۆتە بوون. هۆزە جیاوازەکان لە ململانێی بەردەوامدا بوونە لەگەڵ یەکتر و بەم شێوەیەش سیستەمە خێڵگەرایەکە پێش گەیشتنی ئاینی ئیسلام کۆنترۆڵی نیمچە دوورگەی عەرەبی کردبوو..

لەگەڵ هاتنی ئاینی ئیسلام، پێغەمبەر(د.خ) هەوڵیداوە لەڕێگەی دەسەڵاتی سیاسی و ئاینیەوە سیستەمی خێڵەکی کەم بکاتەوە،ئەمەش لەکاتی ژیانیدا ڕوویداوە، بەڵام پاش مردنی خێڵ دووبارە بەبەهێزتر دەرکەوتۆتەوە، دەستیخستۆتە نێو سیاسەتی دەوڵەتەوە.

بە تێپەڕبوونی کات، ململانێی خێڵەکی وێنای دەوڵەتی ئیسلامییان کردوە،تاڕادەیەك بووە یەکێك لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی دوڵەتەکە، بەتایبەتی لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی عوسمانی کوڕی عەففان و هەوڵەکانی بۆ خزمە نزیکەکانی (خزم لەڕێی خوێنەوە)بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی.ئیتر لەوکاتەوە،کۆشش بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات هزری خێزانە قورەیشییەکانی بەشێوەیەکی سەرەکی داگیرکردووە، بەتایبەتی لەنێوان بنەماڵەی ئومەوی و عەباسییەکاندا.

ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بۆ دوو بەش:

بەشی یەکەم دەکۆڵێتەوە لەوەی چۆن خەلیفە عەلی کوڕی ئەبی تالیب گەیشتۆتە خەلافەت، پاشان شەڕی جەمەل و هۆکاری ئەو دوژمنکاریانە بۆعەلی.

بەشی دووەم دەکۆڵێتەوە لە جەنگی سەففەین، هەوڵەکانی موعاویە بۆ بێهێزکردنی عەلی کوڕی ئەبی تالیب،وکۆشش لەنێو موسڵمانە یەکەمینەکان لەگەڵ ئەو کەسانەی لەدوای هێرشکردنە سەر مەککە موسڵمان بوون.

## پەراوێزەکان:

1. سەقیفەی بەنی ساعیدە:جێگایەك بووە لە ناو شاری مەدینە.دوای ئەوەی پێغەمبەر د.خ کۆچی دوایکرد،پشتیوانان لەم جێگەیە کۆبوونەوە بۆئەوەی سەعدی کوڕی عوبادەی گەورەی خێڵی خەزرەج بکەنە جێنشینی.بڕوانە(ابن قتيبة:الامامةوالسياسة المعروف بتأريخ الخلفاء،ت/على شيري، ط1 ،دار الاضواء،بيروت،1990،ج1،ص ص21-22؛ابراهيم محمود:الفتنة المقدسة عقلية التخاصم فى الدولة العربية الاسلامية،ط1،بيروت،1999،ص46؛عبدالعزيز الدورى:مقدمة فى تاريخ صدر الاسلام،ط2،مركز دراسات الوحدة العربية،بيروت،2007..ص56؛احمد الشامى و محمد عبدالعظيم ابونصر:الحضارة الاسلامية انتشارها و تأثيرها في الحضارة الاوروبية،ب.ط،ب.م،2006-2007،ص51.)
2. البلاذرى:انساب الاشراف، حققة و قدم له :سهيل ذكار، رياض زركلى، ط1، دار الفكر، بيروت ،1996،ج3،ص11؛ احمد كاكة محمود:سياسةت لةئيسلامدا،ض1،ضوارضرا،سليَمانى،2008ل104؛ على محمد الصلابى خەلیفەی چوارەم على كوڕی ئەبوتالیب،و/عمر تۆفیق،ب.چ ،دار المعرفه،بيروت،2008ل141 .
3. زوبێری کوڕی عەوام کوڕی خوەیلد کوڕی ئەسەدی کوڕی عەبدولعەوزی کوڕی قوسەی کوڕی کیلاب،دایکی سەفیەی کچی عەبدولموتەلیب کوڕی هاشم کوڕی

عەبدولمەنافە.ناسراوە بە ئەبوعەبدوڵلا، عەبدوڵلای لە ئەسمائی کچی ئەبوبەکری سدیق بووە.یەکێك بووە لە دە موژدەپێدراوەکەی بەهەشت.بەهۆی ئەوەی لە جەنگی ئوحود پارێزگارییەکی خۆنەویستانەی لە پێغەمبەر کردووە دژی بتپەرستانی قورەیش پێغەمبەر(د.خ)نازناوی حواری پێبەخشی.بەوەی فەرمویەتی هەموو پێغەمبەران حەوارییەکیان هەیە حەواری من زوبێرە.بڕوانە:ابن عبدالبر،لَابي عمر يوسف بن عبدالله بن محمد:الاستيعاب في معرفة الاصحاب،ت/علي محمد البجاوي،ط1،بيروت،1992،ج2،ص ص510-516:ابن كثير:البداية والنهاية،ت/عبدالله بن عبدالمحسن تركي،ط1،دارهجر،ب.م،1997 ،ج10،ص ص479-481:ابن ابي حديد:شرح نهج البلاغة،ت/محمد ابراهيم،ط1،دار الكتاب العربي،بغداد،2007.،ج1،ص145.

4. تەڵحەی کوڕی عوبەیدڵلای کوڕی عوسمان کوڕی عەمروی کوڕی کەعبی کوڕی سەعدی کوڕی تیمی کوڕی مرره.دایکی ناوی سەعبەی کچی حەزرەمیە.یەکێکە لە دە موژدەپێدراوەکەی بە هەشتە.ناسراو بووە بەباوکی موحەمەد.کوڕە مامی ئەبوبکری سدیقی خەلیفەی یەکەمی موسڵمانان بووە.بڕوانە(ابن عبدالبر:م.س،ج2،ص ص764-770؛ابن كثير:م.س،ج10،ص ص475-476 ؛ابن ابى الحديد:م.س،ج1،ص144.)

5. ابن الجوزى:المنتظم في تاريخ الملوك والامم،حققة/ محمد عبدالقادر،مصطفى عبدالقادر،ط1،دار كتب العلمية،بيروت،1992،ج5،ص ص63-66؛ابن الاثير: الكامل في التاريخ،ت/أبى الفداء عبداللة القاضى،دار كتب العلمية،بيروت، 1987.

6. الطبرى:تاريخ الطبرى الامم و الملوك،ب.ط ، دار كتب العلمية، بيروت، ب.س،ج2،ص698 .

7. الدينورى،احمد بن داود:اخبار الطوال،ت/ عبدالمنعم عامر،جمال الدين الشيال،ب.ط،الاسكندرية،ب.س،ص142؛ابن على التيمى: الخلفاء الاربعة،ت/كرم حلمى فرحان،ب.ط، داركتب المصرية،القاهرة،1999،ص ص179-180؛ madelung:succession to Muhammad a study of early caliphates,p149.

8. ابن كثير:م.س،ج10،ص429؛ شوقى أبوخليل:فى التاريخ الاسلام،ط2،دار الفكر،دمشق،1996ص256.

9. الدينورى:م.س،ص141؛البلاذرى:م.س،ج3،ص13؛ تەهاحسين:ئاژاوەی گەورە،و:عبداللتيف بامۆكى، چ1،لەبڵاوكراوەكانى خانەی چاپ و بەخشى ڕێنما،سلێمانى ، 2011،ب2،ل ل41-42.

10. ابن الجوزى:م.س،ج5،ص77؛ابن على التيمى:م.س،ص182؛نبيلة حسن محمد:فى تاريخ الدولة العربية،ب.ط،دار المعرفة الجامعية ،الاسكندرية،1993،ص135؛يوليوس فلهاوزن: تاريخ الدولة العربية،تر/محمد عبدالهادى بوريدة،حسين مؤنس،ط2،القاهرة ،1968 ص ص70-71.

11. على محمد الصلابى:خەليفەی چوارەم على،ل230.

12. الطبرى:م.س،ج3،ص5.

13. ابن قتيبة:م.س،ج1،ص71؛الدينورى:م.س،ص141؛ابن على التيمى:م.س،ص182؛ابن ابى الحديد:م.س،ج1،ص148.

14. كاتێك ئەم هەواڵە بە عائيشە گەيشتووە،كەوا عەلى بوو بە خەليفە،ئاماژەی بەوەكردووە:حەزم دەكرد ئاسمان بكەوتايەتە سەر زەوی پێش ئەوەی عەلى ببێتە ئيمام وخەليفەی موسڵمانان بڕوانە(الطبرى:م.س،ج3،ص120؛ابن قتيبة: م.س، ج1،ص71؛ طه حسين:س.ث،ج2،ل 45.)

15. ابن الطقطقا:الفخرى فى الاداب السلطانية و الدولة الاسلامية،ب.ط،دار الصادر،بيروت،ب.س، ص ص85-86؛الطبرى:م.س،ج3، ص12؛147 madelung،p p r:

16. ابن الجوزى:م.س،ج5،ص ص79-80.

17. ابن كثير:م.س،ج10،ص432؛البلاذرى:م.س،ج3،ص21؛ابن العربي:العواصم من القواصم،ت/عمار طالبي،ب.ط،مكتبةدارالتراث، القاهرة،ب.س،ص ص300-301؛148 madelung ، p r:

18. ابن قتيبة: م.س،ج1،ص79؛ ابن على التيمى:م.س،ص183؛ على محمد الصلابى:حقيقة الخلاف بين الصحابة فى معركتى الجمل و صفين،ب.ط،دار ابن الجوزى،القاهرة ،2007،ص19؛ أحمد حمە ئەمين(ڕەنجيبار)::ئاوردانەوەيەك بۆ سەرەتاكانى ئيسلام،چ1،چوار چرا،سلێمانى،2013ص226.

19. ابن خياط:تاريخ خليفة بن خياط، ط1،ت/مصطفى نجيب فواز،حكمت كشلى فواز،بيروت،1995ص108؛المظفرى:تاريخ المظفرى، ت/حامد زيان غانم زيان،ب.ط،دار الثقافة للنشر والتوزيع،القاهرة،1989،ص ص172-173؛ كارل بروكلمان:تاريخ الشعوب الاسلامية ،تر:نبية أمين فارس،منير البعلبكى،ط5،دار العلم للملايين،بيروت،1968،ص115.

20. ابن الاثير:م.س ،ج3،ص ص113-114.

21. الطبرى:م.س ،ج3،ص ص13-18؛ابن كثير:م.س،ج10،ص ص 434-439 ، 444 .

22. ابن الجوزى:م.س،ج5،ص85 ؛محمد فرج:شخصيات عسكرية الاسلامية،ط2،دار الفكر العربية،القاهرة،ب.س،ص34.

23. ابن كثير:م.س،ج10،ص449 .

24. باشە گەرئەمانە بۆ تۆڵەكردنەوەی خوێنى عوسمان ڕوويان لە بەسرە كرد بوو،دوای كوژرانى بكوژانى عوسمان لەو شارە بۆ چى شارەكەيان بەجێنەهێشت و بڕۆشتنايە بۆ بكوژانى ديكەی عوسمان لە شارەكانى ديكە؟،بەڵكو لەشارەكەدا مانەوە و خەريكى بەهێزكردنى خۆيان بوون؟ .

25. ابن الاثير:م.س ،ج3،ص ص122-123؛ابن كثير:م.س،ج10،ص449؛على محمد الصلابى:حقيقة الخلاف بين الصحابة،ص ص28-29.

26. ژمارەی ئەو کەسانەی پەیوەستی خەلیفە عەلی بوون لە کوفەییەکان لە سەرچاوەکان جیاوازە:یەعقوبی باس لە شەش هەزار کەسی کردووە.(تاریخ الیعقوبی،ت /عبدالامیر مهنا، ط1، شرکة الاعلمی للمطبوعات، بیروت، 2010، ج2، ص80) ئبن خةیات باس لة شةش بؤ حةوت هةزاری کردووة.(تاریخ م.س،ص110) بولازةری باس لة دة هةزار ی کردووة(م.س ،ج3،ص29) تةبةری باسی لة دوازدة هةزار کردووة.( م.س ،ج3،ص36.)
27. الدینوری:م.س،ص ص144-145:ابن کثیر:م.س،ج10،ص ص445-447:ابن علی التیمی:م.س،ص185:محمد فرج:م.س،ص36.
28. ابن الطقطقا:م.س،ص87:محمد فرج:م.س،ص38 .
29. ابن الاثیر:م.س ،ج3،ص128.
30. ابن ابی الحدید:م.س،ج1،ص149:البلاذری:م.س،ج3،ص50:عبدالحسین نعمة: لمحات عن الثورات فی صدر الاسلام،ط1،ب.م ، 1998،ص55.
31. )ابن عبدالبر:م.س،ج3،ص1140:الذهبي:دولة الاسلام،ب.ط،بیروت،1985،ص21: القلقشندی:مأثر الأنافة فی معالم الخلافة،ت/ عبدالستار احمد فرج،ب.ط،عالم کتب، بیروت، ب.س.ج1،ص102:ابي الفداء:المختصر في اخبار البشر(تاریخ ابی الفداء)،ب.ط،مکتبة المتنبی،القاهرة، ب.م،ج1،ص174.
32. ئاوێکە دەکەوێتە نێوان بەسرە و مەککە(ابن ابی الحدید:م.س،ج1،ص149).
33. ابن العربی:عواصم،ص301:ابن قتیبة: م.س ،ج1،ص82:ابن الطقطقا:م.س،ص86.
34. البلاذری:م.س،ج3،ص24:ابی الفداء:م.س،ج1،ص173 .
35. مەبەست لە سوپای بەسرەییەکان سوپاکەی تەڵحە و زوبێرو عائیشە و لایەنگرانیانە.زۆربەی سەرچاوەکان بەلایەنگرانی عەلیان وتووە کوفەییەکان و بەلایەنگرانی ئەوانیان وتووە بەسرەییەکان،ڕەنگە ئەمەش بەهۆی ئەوەی زۆربەی سوپاکەی عەلی لە کوفەییەکان بووە و سوپاکەی ئەوانیش لە بەسرەییەکان .
36. الطبری:م.س،ج3،ص ص39-40:ابن کثیر:م.س،ج10،ص ص452-454.
37. دوای دەست بەسەراگرتنی بەسرە لەلایەن تەڵحە ، زوبێر و عائیشەوە،عەلی قعقاعی کوڕی عەمری ناردووە بۆلایان تا بزانێت مەبەست و مەرامی ئەوان چیە لەم دەرچوونە.
38. بەم دروشمە ئەو وتەیەی خەلیفە عەلیمان دێتەوەیاد،کاتێك خەواریجەکان لێیجیابوونەوە وتیان عەلی بە قورئان حوکمینەکردووە، بۆیە لێیجیابوینەوە(دروشمی لاحکم الا الله)بەرزکردەوە دژی عەلی،عەلیش وتوویە ئەمە"وتەیەکی جوانە،بەڵام مەبەستەکەیان پێی ناڕەوایە واتا ئەو دروشمە جوانە حوکم بە قورئان بکرێت،بەڵام ئەوان مەبەستێکی تریان هەبووە لەبەکارهێنانی(ابن ابی شیبة:المصنف،ت/حمدبن عبدالله،محمد بن ابراهیم،ط1،مکتبة الرشید ناشرون،السعودیة،2004،ج14،ص304:لطیفة البکای:حرکة الخوارج نشاتها و تطورها الي نهایة العهد الاموی،ط1،بیروت،2001،ص28: مصطفی الشکعة:الاسلام بلامذاهب،ط11،الدار المصریة اللبنانیة،القاهرة،1996،ص121.)
39. الطبری:م.س ،ج3،ص42:طةها حسین:س.ث،ب2،ل86.
40. ابن خیاط:م.س،ص108:ابن الطقطقا:م.س،ص87:المظفری:م.س،ص173:ابن ابی الحدید:م.س،ج1،ص150:شوقی ابوخلیل: م.س،ص255 .
41. الذهبی:دول الاسلام،ب.ط ،منشورات مؤسسة الأعلمی للمطبوعات،بیروت،1985،ص20:القلقشندی:م.س،ج1، ص102:الیعقوبی: م.س،ج2،ص ص80-81:ابی عبدالله السرور:بلغة الظرفاء فی ذکری تواریخ الخلفاء،ت/محمد زینهم،ب.ط،مکتبة الثقافیة الدینیة،مصر،ب.س،ص34:باقر یاسین:مێذووی خوێناوی عیراق،و:حمة صالَح طةلاَلَی ض1،سلێمانی،2004،ل66.
42. الیعقوبی:م.س،ج2،ص81 :البلاذری:م.س،ج3،ص43:ابن خیاط:م.س،ص11:محمد فرج:م.س،ص ص38-39.
43. بە هۆی هوشترەکەی عائیشەوە شەڕەکە ناونراوە شەڕی جەمەل واتا هوشتر.
44. الدینوری:م.س،ص ص150-151:ابن الاثیر:م.س ،ج3،ص140.
45. الطبری:م.س ،ج3،ص ص54-55:ابن الطقطقا:م.س،ص87 .
46. ابن خیاط:م.س،ص112:ابی الفداء:م.س،ج1،ص174:ابن کثیر:م.س،ج10،ص ص469-470:ابن الجوزی:م.س،ج5، ص93.
47. المسعودی:مروج الذهب معادن الجوهر،اختیار وتعلیق،ت/قاسم وهب،ط1،وزارة الثقافة،دمشق،1988،ج2،ص205.
48. القلقشندی:م.س،ج1،ص102.
49. المظفری:م.س،ص174:ابن خیاط:م.س،ص112:الذهبی:م.س،ص20.
50. کورت فیشلر:گەڕانەوەیەك بۆ سەرەتاکانی ئیسلام،و/ حەمەی حەمە سەعید،چ4،سلێمانی،2013،ل465.
51. ابن الاثیر:م.س ،ج3،ص129:عبدالحسن نعمة:م.س،ص55.
52. ابن قتیبة:م.س،ج1،ص71:عبدالحسن نعمة:م.س،ص49 .
53. wilferd madelung:ئیسلامناسێکی پێشەنگە لە زانکۆکانی قاهیرە وهامبورگ خوێندنی تەواوکردووە ،دواتر بووە بە پرۆفیسۆری خوێندنە ئیسلامییەکان لەزانکۆی شیکاغۆ لەساڵی 1969.پرۆفیسۆری لۆردیانی لەزمانی عەرەبی لەزانکۆی ئۆکسفۆرد لەساڵی1978 بەدەستهێناوە.مەدەلۆنگ ئێستا پلەی توێژەری پێشکەوتووە لەهاوڕێیان(زەمیل)ی پەیمانگای خوێندنی ئیسماعیلی. خاوەنی چەندین بڵاوکراوەیە لەوانە:ئەو

کتێبەی ئێمە سودمان لێبینیووە(شوێنکەوتووانی محمد:خوێندنەوەیەك بۆخەلیفە پێشینەکانی ئیسلام، بەشداریەکی فراوانیکردووە لەئینسایکلۆپیدیای ئیسلام و ئێران،کە وەك دانەر وچاوپێخشێنەرێکی ڕاوێژکار بەشداریکردووە.وەرگیراوەلەوێبسایتی تایبەتی خۆی .http://www.iis.uk/pro-wilferd-madelung

54. succession to Muhammad a, study of early caliphates: .p.r , p 149

55. لەلاپەڕەکانی داهاتوودا ئەوە ڕووندەبێتەوە خەلیفە عەلی زیاتر پشتی بە بنەماڵەی عەباس وپشتیوانان بەستووە و قوڕەیشییەکانی تری پەراوێز خستووە.

56. بروانة (الدينورى: م.س ،ص141: pp152-155، pr: madelung)

57. اليعقوبى:م.س، ج2،ص77:ابن كثير:م.س، ج10،ص ص440-441.

58. ابن الجوزى:م.س، ج5،ص75: p155، p r : madelung

59. ابن كثير:م.ن، ج10،ص429:ابن الجوزى:م.س، ج5،ص75.

60. برِوانة: ابن كثير:م.س، ج10،ص ص441-442؛ على محمد الصلابى:حقيقة الخلاف بين الصحابة ،ص ص32-33 .

61. لەسەردەمی عەبدولموتەلیب هەموو قوڕەیش دژایەتی عەبدولموتەلیب دەکەن، جگە لە بنەماڵەی عەبدولمەناف نەبێت،سەرەتا ئەم دژایەتیە لە نۆفلی مامیەوە دەست پێدەکات لەسەر پلە و پایەکان،عەبدولموتەلیبیش پەنا دەباتەبەر خاڵوانی لە(یەسرب) مەدینە،سەر بەخێڵی خەزرەج بوون،پاشان هەموو قوڕەیش یەکدەگرن لەسەر دژایەتیکردنی بە مەبەستی پێدانی بەشی ئاوی زەم زەم و دۆزینەوەی زێڕەکانی ناوی.بڕوانە(:النويرى: نهاية الارب فى فنون الادب،ت/على محمد،ط1،داركتب العلمية،بيروت، 2004، ج16،ص33 .)

62. ابن حبان البستى:تاريخ الصحابة الذين روي عنهم الاخبار،ت/بوران الضناوى،ط1،بيروت،1988 ص150؛ عبدالرحمن رافت باشا : صور من حياة الصحابة،ط1،بيروت،1992،ص ص474،463؛عبدالحسين نعمة:م.س، ص64.

63. البلاذرى م.س،ج3،ص50؛ابن الاثير:م.س ،ج3،ص128 .

64. سەبارەت بە چۆنیەتی ڕۆشتنی عەمروی کوڕی عاس،کە یەکێك بووە لە پیاوە دیارەکانی قوڕەیش سەر بە بنەماڵەی سەهم.ئەوە دەگێڕنەوە لە کاتی گەمارۆدانی عوسماندا عەمرو مەدینە بەجێدەهێڵێت دەڕواتە ناوچەی فەلەستین لە شام،کاتێك عوسمان دەکوژرێت و ئەوەی پێدەگات عەلی بە خەلیفە هەڵبژێردراوە پێیناخۆشدەبێت و موعاویەش دژایەتی خۆی دەربڕیوە،بۆیە هەوڵدەدات خۆی لە موعاویە نزیکبکاتەوە،سەرەتا موعاویە زۆر گرنگی پێنادات،وا دەردەکەوێت عەمرو خۆی یەکێك بووە لە نارەزاکانی عوسمان و خەڵکی دژی ئەو هانداوە،بەڵام موعاویە دواتر دەزانێ عەمرو دژ بە خەلیفە بوونی عەلییە و پیاوێکی زیرەك و لێهاتووە دەتوانێت سوودی لێببینێت.بۆیە دەیکاتە یەکێك لەپیاوەکانی خۆی و بەکاریدەهینێت بۆ دژایەتی عەلی.بڕوانە (ابن مزاحم :وقعة صفين،ت/عبدالسلام محمد هارون،ب.ط،دارالجيل،بيروت،1990،ص ص34-44؛ابن الاثير:م.س ،ج3،ص ص157-158؛ منير محمد الغضبان:عمرو بن عاص ،ب.ط. دارالسلام،القاهرة،2011،ص ص371-375.)

65. ابن كثير:م.س، ج10،ص492؛النويرى:م.س، ج20،ص60.

66. اليعقوبى:م.س، ج2،ص83؛ باوکی زاگرۆس:کورتە باسێکی مێژووی خوێناوی عەرەب،ل135.

67. الطبرى:م.س ،ج3،ص71؛ابن الجوزى:م.س، ج5،ص ص100-101 .

68. سەبارەت بە ژمارەی سوپای هەردوولا گێڕنەوەکان جیاوازن،بەڵام ئێمە زیاتر لە گەڵ ئەو ژمارانەین،کە زۆرترین سەرچاوە باسی کردووە،ئەویش ئەوەیە ژمارەی سوپاکەی عەلی حەفتاهەزار بووە بڕوانە (ابن خياط:م.س،ص116؛المسعودى:التنبية و الاشراف، ص256؛ المظفرى: م.س، ص175؛الذهبى:م.س،ص20؛ابن العديم:زبدة الحلب من تاريخ حلب،ت/خليل منصور،ط1،دار الكتب العلمية،بيروت،1996، ص21؛ القلقشندى:م.س، ج1، ص102)هەروەها لەشعرەکەی عەلی کوڕی ئەبوتالیب خۆشی،کە وەڵامی عەمروی کوڕی عاس دەداتەوە دەردەکەوێت،کە ژمارەی سوپاکەی حەفتاهەزار بووە لەشەڕەکە:لاصبحن العاصى ابن العاصى... سبعين الفا عاقدى النواصى.بڕوانە (الطبرى:م.س، ج3،ص71؛ابن الاثير:م.س ،ج3،ص163.)هەروەهاژمارەی سوپاکەی موعاویەش سەدهەزار کەس بووە.بڕوانە (البلاذرى:م.س، ج3،ص ص97-98؛القلقشندى:م.س ،ج1، ص102؛المظفرى:م.س،ص 175.)

69. سەففەین:دەکەوێتە نزیك ڕەقە لەسەر ڕووباری فورات،لەنێوان ڕەقە و بالیسە(ياقوت الحموى:معجم البلدان، ب ط، دارصادر، بيروت، ج3، 1977ص414)

70. شةرِى سةففةين دواى سالَيَك و مانطيَك لة خةلافةتى عةلى لة ناوضةى سةففةين رِوويداوة(ابن العديم:م.س،ص21.)

71. ابن كثير:م.س، ج10،ص ص493-499 ؛ Hagler , Aaron M : Repurposed Narratives, The Battle of siffin and the Historical memory of the Umayyad Dynasty : p 4 .

72. ابن مزاحم:م.س، ص ص160 -161؛ابن الجوزى:م.س، ج5، ص ص102-103.

73. الطبرى:م.س، ج3،ص ص74-75؛النويرى:م.س، ج20، ص ص64-665..

74. ابن الاثير:م.س ،ج3،ص ص168 -169؛النويرى:م.ن، ج20،ص ص65-66 .

75. ابن كثير:م.س، ج10،ص502؛ عصام الدين عبدالرؤوف الفقى:معالم التاريخ الاسلامى،ب.ط،دار الفكر العربى،القاهرة،ب.س ص108.

76. هەروەك لە قورئانیش ئاماژەی پێکراوە (إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِنْدَ اللَّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِي كِتَابِ اللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ...)[سورة التوبة36] ] واتە:بێگومان ژمارەی مانگەکان لای خوا دوانزە مانگە.لەکتێبی خوادا(لوح المحفوظ)دا دیاریکراوە ،هەر لەوڕۆژەوە،کە ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە چوارمانگی بە حەرامداناوە(واتە جەنگ تیایدا نابێت بەرپا بکرێت)(بورهان محمد امین،س.پ.ل 192.)

77. الطبری:م.س، ج3،ص ص79-80؛عبدالرحمن شلقم،:الدین والسیاسة فی التاریخ الاسلامی،ط1، دار الجماهیري،بنغازی ،1991،ص156.

78. المسعودی:مروج الذهب، ج2،ص234؛النویری:م.س، ج20،ص71.

79. بۆزانیاری زیاتر لەسەر شەڕەکە بڕوانە(ابن مزاحم:وقعەسفین،کە هەمووکتێبەکە کە زیاتر لە650 لاپەڕەیە باس لەم شەڕانە دەکات :الدینوری:مم.س:ص ص155-193؛ابن کثیر:م.س، ج10،ص ص543-554.)

80. )سەبارەت بە کوژراوانی هەردوولاش هەروەك ژمارەی سوپاکەی هەردوولا گێڕانەوەی جیاواز جیاواز هەیە،بەڵام بە گشتی زۆرێك لە سەرچاوەکان باس لەکوژرانی حەفتا هەزار کەس لەهەردوولادەکەن،چلوپێنج هەزاریان لەسوپاکەی موعاویە و بیستوپێنج هەزار یان لەسوپاکەی خەلیفە عەلی کوژراوە.بڕوانە(البلاذری:م.س، ج3،ص ص97-98؛ابن خیاط:م.س،ص117؛المقدسی:کتاب البدء و التاریخ،ب.ط،المکتبة الثقافیة الدینیة، ب.م،ب.س.، ج5،ص ص217-218؛المسعودی:مروج الذهب،، ج2،ص206؛المسعودی:التنبیة والاشراف،ص256؛ابن الجوزی:م.س، ج5، ص120؛ابن العدیم:م.س، ص21؛ القلقشندی:م.س، ج1، ص ص102-103؛ابن دحیة الکلبی: أعلام النصر المبین في المفاضل بین أهل صفین، ت/محمد المحزون،ط1،دارالغرب الاسلامی، بیروت،1998،ص59.)لەناو هاوەڵانی عەلیدا لەو ژمارەیەی کوژرابوون بیست وپێنجیان لەوانەبوون ئامادەی شەڕی بەدربوون دژی بتپەرستانی قوڕەیش .بڕوانە(المسعودی:التنبیةوالاشراف، ص256؛ ابن الجوزی:م.س، ج5،ص120؛ابن دحیة الکلبی:م.س،ص67؛ابن العدیم: م.س،ص21؛ابن کثیر:م.س، ج10،ص ص549-550؛ القلقشندی:م.س، ج1، ص102)شەست وسێ کەسیشیان لەوانە بووە،لە ڕێکەوتنی حودەیبیە وبەیعە ریزوان ئامادەبوون (ابن خیاط:م.س،ص118.)

81. ئەم شەڕ وکوشتنی یەکتریە بە هەموو شێوەیەك پێچەوانەی قورئانە خوای گەورە هەرەشەی ئاگری دۆزەخ لە کەسانێك دەکات، کە بە بێتاوان ئیماندارێك بکوژێت (وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا)[سورە النساو 93]واتا:هەرکەسێك بە دەستی ئەنقەست ئیماندارێك بکوژێت،ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخە،نەمرە تیایدا، هەروەها خوالێیتوڕەبووە و نەفرینی لێکردووە و سزایەکی گەورە و بێسنوری بۆ ئامادەیە.(بورهان محمد امین:تەفسیری ئاسان،ناوەندی ڕۆشنبیر،هەولێر، 2004،ل93).ئەمە جگە لەوەی لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە و داپەروەر ئاماژەیبەوەکردووە هەرکەسێك مرۆڤێك بێتاوان و بەناحەق بکوژێت(واتا موسڵمانیش نەبیت،بەڵام گوناە و تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت چ جای ئەوەی موسڵمانیش بێت)وەك ئەوە وایە هەر هەموو خەڵکی کوشتبێت(مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا...) [سورە المائدە 32]هەروەها لەجێگایەکی دیکەدا خوای باڵا دەست دەفەرموێت ((وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً....)[سورە النساو92]واتە:بۆ هیچ ئیماندارێك نییە ئیماندارێکی دیکە بکوژێت مەگەر ئەوەی نەزانێت و بەهەڵە بیکوژێت.(بورهان محمد امین:س.پ ، ل93.).لێرەوە پرسیارێك دێتە پێش ئایا ئەوانەی لەوشەڕانە کوژران بەهەڵە و نەزانیی بووە؟!ئایا ئەوانەی دەکوژران لەو شەڕانە لە کاتێکدا هەموویان موسڵمان بوون تاوان و گوناهی گەورەیان ئەنجامدابوو وا یەکتریان دەکوشت.؟!.

82. انساب:ج3،م.س،ص98 .

83. ابن عبدربة الاندلسی:العقد الفرید، ،ت/مفید محمد قمیعة،ط1،دارکتب العلمیة،بیروت،1983، ج5، ص93؛ابن کثیر:م.س، ج10،ص ص 543-544؛محمد کرد علی:کتاب خطط الشام،ب.ط ،دمشق،1925، ج1،ص139.

84. ابن الجوزی:م.س، ج5،ص ص121-122؛باوکی زاطرۆس:س.ث.لل136-137 ; Hawtin G.R ; first Dynasty of islam , the Umayyad caliphate AD 661-750 , . secondedition, p 28

85. ابن مزاحم:م.س،ص489؛النویری:م.س، ج20،ص87 .

86. باسیش لة ضوار هةزار كراوة.برِوانة (الدینوری:م.س،ص196؛المسعودی:مروج الذهب، ج2،ص261 .)

87. خەواریجەکان:ئەو کۆمەڵەیەبوون،کەلە سوپاکەی خەلیفە عەلی لەدوای جەنگی سەففەین کە لەنێوانی خەلیفە عەلی و موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان والی شام ڕوویدا،هاتنەدەرەوە ڕۆشتن بۆ ناوچەیەك لەعێراق بەناوی حرورا،پێیان وابووعەلی بەقورئان حوکمینەکردووە،چونکە دەبوو لەشەڕەکە بەردەوامبوایە نەك بەهەڵکردنی قورئان لە لایەن سوپاکەی موعاویەوە،عەلی شەڕ بووەستێنێت،بەڵکو دەبوو بەردەوام بوایە تاخودا سەرکەوتنی پێدەبەخشی و بەیەکجاری موعاویەی شکست پێبهێنایە،ئەوەی زیاتر ئەم کۆمەڵەیەی تووڕەکردووە و لەسوپاکەی عەلی بێنەدەرەوە و دوژمنایەتی عەلی وموعاویەش بکەن، چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان خەلیفە و والی شام بووە لەڕێگای ناوبژیوان لەهەردوولا،ئیتر

لێرەوە ئەم کۆمەڵەیە دروشمە بەناوبانگەکەیان بەرزکردەوە (لاحکم الا لله،واتا حوکم تەنیا بۆ خودایە)،ژمارەی دەرچوونی ئەمانە بەپێی سەرچاوەکان جیاوازە زۆرترینیان باس لە دوازدە هەزار دەکەن،کەمترینیان باس لە چوارهەزار دەکەن،خەلیفە عەلی چەندجارێك نوێنەری خۆی ناردووە بۆلایان،بە مەبەستی گەڕانەوە،بۆ دواجاریش عەبدوڵڵای کوڕی عەباسی ناردووە توانیویەتی کاریگەری لەسەریان دروستبکات و نزیکەی نیوە لەو ژمارەیەی وازیان لەعەلی هێناوە بگەڕێنێتەوە بۆ ناوڕیزەکانی عەلی،ئەوانەشیان ماون ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فشاریان لەسەرعەلی دروستکردووە،بۆیە عەلی لەجەنگی نەهرەواندا ڕووبەڕوویان بووەتەوەوزۆربەی زۆریان کوژران،ئیتر ئەوانەیان ماون زۆر ڕق ئەستوربوون بەرامبەر خەلیفە عەلی،تائەوەی یەکێك لەم خەواریجانە بەناوی عەبدولڕەحمانی کوڕی مولجم،عەلی کوشتووە،دوای عەلیش و لەسەردەمی خەلافەتی ئومەوی و عەباسیش لەسەر شانۆی ڕووداوەکان بەردەوام بوونیان هەبووە و لەشەڕ و ململانێ بوون دژیان.ئەمانیش لەناوخۆیاندا بوون بە چەندین دەستە وتاقم و بۆچوونی جیاواز لەنێوانیان دروستبووە.بۆزیاتر زانیاری لەسەر خەواریجەکان بڕوانە کتێبەکانی (الشهرستانی:الملل والنحل،ت/ امیر علی مهنا، علی حسن فاعور، ط3،دار المعرفة،بیروت،ج1، 1993؛ البغدادی:الفرق بین الفِرق،ط4، درالفکر،بیروت، لبنان،2008؛مصلح جلالی:شۆڕاتەکان،ب.ض،دار الحریة،بغداد،1987؛عطا عبدالرحمان المحیَدین:حرکات الخوارج فی بلاد الکورد و ماجاورها ، ط1 ،من منشورات مرکز الدراسات الکردیة ،سلیمانی،2007).

88. المقدسی:م.س،ج5، ص ص221-226؛الطبری:م.س،ج3،ص108؛لطیفة بکای:م.س،ص ص29-30 .
89. ابن مزاحم:م.س،ص493؛الطبری:م.س،ج3،ص102 .
90. ئەوەی شایەنی باسە لەنوسراوی ڕێککەوتنەکەدا بەهیچ شێوەیەك باسی خوێنی عوسمان نەکراوە،بەڵکو زیاتر باس لە چارەنووسی عەلی و موعاویە کراوە وەك خاوەن دوو دەسەڵات،ئەو دوو ناوبژیوانە بڕیاریان لەسەر هەرچی دا پێیقایلبن،کۆمەڵێك لەلایەنگرانی هەردوولا واژۆیان لەسەر ئەو نوسراوە کردووە هەردوولا پێیڕازیبوون،بۆ زانیاری زیاتر لەسەر نوسراوەکە بڕوانە(ابن مزاحم:م.س، ص ص504-508؛ابن قتیبە: م.س،ج1،ص ص152-153؛ الدینوری :م.س، ص194).
91. مالیکی کوڕی ئەشتەر(مالیکی کوڕی حارسی ئەشتری نەخمی)یەکێك بووە لە پیاوە دەمڕاست و ناودارەکانی کوفە،یەکێکش بووە لەو کەسانەی زۆربەی جار دژایەتی والییەکانی خەلیفە عوسمانی کردووە،بۆیە بەشدارییەکی کارایی هەبووە لە ڕۆیشتنی هەر دووجاری کوفەییەکان بۆ مەدینە بە مەبەستی ناڕەزایی دەربڕین دژی والیەکان( پێشتر باسمانکردووە وەکو سەرکردەیەکی دیاری کوفەییەکان سەرچاوەکان ناویانهێناوە،کەدژایەتی والییەکانی عوسمانی کردووە و لەگەڵ خەڵکان هاتۆتە مەدینە)،دوای کوژرانی عوسمان ئەشتر بووە بە یەکێك لە هاوەڵە دیارەکانی خەلیفە عەلی پیاوێکی تابلێیت لێهاتوو چاونەترس بووە،هەمیشە عەلی پشتیپێبەستووە.لەشەڕی سەففەین بەشداریەکی بێوێنەی هەبووە،لە هەر شوێنێك سوپای خەلیفە شکستی خواردووە بەگەشتنی ئەشتەر ئاراستەی شەڕەکە گۆڕاوە.بۆ شەڕەکانی ئەشتر و سەرکەوتنەکانی لە شەڕی سەففەین بڕوانە(ابن مزاحم:م.س،ص172 بەدواوە؛ الطبری:م.س،ج3،م.س، ص ص82-100؛ابن الاثیر:م.س ،ج3،ص ص175-197.)
92. المسعودی:مروج الذهب،ج2،ص ص249-250؛المقدسی:م.س،ج5، ص220؛الدینوری:م.س،ص ص192-193؛عباس محمود العقاد :مجموعة العبقریات الاسلامیة،ط1،دار الکتاب العربی،بیروت،1971،ج2،ص ص744-745.
93. ابن مزاحم:م.س، ص ص508-509؛ابن الجوزی:م.س،ج5،ص125 .
94. ابن قتیبة:م.س،ج1،ص151؛الدینوری:م.س،ص194.
95. ابن الجوزی:م.س،ج5،ص123؛ابن العدیم:م.س،ص21.
96. لبلاذری:م.س،ج3،ص117؛ابن الاثیر:م.س ،ج3،ص206.
97. ئەزروح:دەڵێن دەکاتە ناوچەی درعای ئێستا یان شوێنێك نزیك لەو،دەشڵێن گوندێکە لە ئێستادا سەر بەئوردنە(لەپەراوێزی کتێبەکەی ابن العدیم:م.س،ص21وەرگیراوە:ئێستا ناوچەیەك لەئوردن هەیە بەوناوە(لەپەراوێزی کتێبەکەی البلاذری:م.س،ج3، ص117وەرگیراوە.).
98. ابن مزاحم:م.س،ص ص541-542؛الدینوری:م.س،ص ص199 -200.
99. خۆی لەخۆیدا ئەمە گەورەترین گرفتبووە ئەم دوو ناوبژیوانە بۆ موسڵمانانیان دروستکردووە،چونکە لە کاتێکدا ئەم کارە بە جێدەهێڵن بۆ موسڵمانان، ئاخۆ ئەوانە کێن خەلیفە هەڵبژێرن،لە کاتێکدا کەس بوونییە بۆ ئەم کارە وەك ئەهلی شورا،هەروەها دەزگایەکیش نییە بۆ ئەم کارە،ئایا موسڵمانانی شام ئەم کارەبکەن یان عێراق؟،گەر کار بکەوێتە دەست شامییەکان موعاویە هەڵدەبژێرن،بەمەش عێراقییەکان ئەمە قبوڵناکەن، هەروەها بە پێچەوانەشەوە،بۆیە هەر خۆی لە خۆیدا دیارە ئەم پێشنیازە بە هیچ شێوەیەك سەرینەدەگرت
100. ابن الجوزی:م.س،ج5،ص127؛البلاذری:م.س،ج3، ص124؛عصام الدین عبدالرؤوف الفقی:م.س،ص29109Hawtin:pr,p:
101. ابن عبدربةالاندلسی:م.س،ج5،ص95؛ابن قتیبة: م.س،ج1،ص157؛عباس محمودالعقاد:م.س،ج2، ص737.
102. هەندێك لەسەرضاوەكان باس لەوەدەكەن لەو كاتەدا ئەم ئایەتەی خوێندۆتەوە(...فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِنْ تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ...) [سورة الآعراف 176]واتە جا نموونەی ئەو

جۆرةكةسانة وةكو نموونةى سةط واية ئةطةر دةرى بكةيت و ثيايدا هةلَبشاخيَيت هةناسة بركةيةتى.(بورهان محمد امين:س.ث،ل173.)

103 .عةمروش لةبةرامبةردا ئةم ئايةتةى خويَندؤتةوة(مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ...)[سورة الجمعة 5]واتا:ويَنةى ئةوانةى،كة تةوراتيان درا بةسةردا تا ثةيرِةويبكةن،ثاشان هةلَيانئةطرت و ثةيرِةويان نةكرد،وةك طويَدريَذيَك واية كة بارة كتيَبى هةلَطرتبيَت.(بورهان محمد امين:س.ث،ل553.)

104 . ابن مزاحم:م.س،ص546؛اليعقوبى:م.س،ج2،ص90؛الدينورى:م.س،ص201.

105 .البلاذرى:م.س،ج3،ص153؛الطبرى:م.س،ج3،ص ص123-124؛ابن الاثير:م.س ،ج3،ص ص223-225 ، 244.

106 .لەپێش موحەمەدی کوڕی ئەبوبکر والی میسر قەیسی کوڕی سەعدی کوڕی عەبادەی ئەنساری بووە،موعاویە زۆر سیاسەتی بەکارهێناوە بەرامبەر قەیس،بەڵام هەمیشە لەهەوڵەکانی شکستی خواردووە بەرامبەر ئەم سەرکردە ئەنسارییە،وەك ئەوەی سەرەتا هەوڵیداوە تەماح بخاتەڕێگایی،بەڵام قەیس لەم کارەی موعاویە خۆی بە دوورگرتووە،پاشان هەوڵیداوە تۆمەتباریبکات بە کوژرانی عوسمان(سەیرە ڕۆژانێك عوسمان و هاوەڵانی لەترسی موعاویە و باوکی و هاوشێوەکانی شاری مەککەیان بەجێهێلا،ئەنسارەکان دەبنە پشت و پەناو لانە و ماڵیان،ئێستا ئەوانە خۆیان بە میراتگری عوسمان دەزانن،تۆمەتی کوشتن دەدەنەپاڵ ئەوانەی بێهیچ بەرژەوەندییەك ئەوانیان لە خۆگرت!پاشان دەیەوێت بە هەڕەشەکردن و هێرشکردن بۆ سەر میسر بیترسێنێت،ئەمەش قەیس توڕەدەکات لەنامەیەکدا بۆ موعاویە دەنوسێ:ئەی کوڕی دوو گومڕاکەرەکە(مەبەستی ئەبوسووفیان و هندی دایکێتی) سوێند بەخوا گەر بێیت بەرەو میسر بەشێوەیەك شپرزەتدەکەم تەنیا بیری ڕزگارکردنی خۆت بێت،موعاویە دەزانێت بەم ڕێگایەش ناتوانێت بەسەر قەیس زاڵبێت،بوهتانی ئەوەی بۆدەکات قەیس دەستی لەگەڵ موعاویە تێکەڵکردووە،دەیەوێت میسر بکاتە بەشێك لەشام، ئەمە لەناو شامدا بڵاو دەکاتەوە پاشان بە خەلیفە عەلی دەگات،بۆیە عەلیش بەم قسانە بڕوادەکات قەیس لە والیەتی میسر دوور دەخاتەوە وموحەمەد لەجێگای دادەنێت بڕوانة(الطبرى:م.س،ج3،ص ص61-66؛النويرى:م.س،ج20،ص ص 116-119.)

107 .اليعقوبى:م.س،ج2،ص ص94-95؛ ابن الجوزى:م.س،ج5،ص ص149-151؛ ابن الاثير:م.س ،ج3،ص ص227-230.

108 .اليعقوبى:م.ن،ج2،ص ص99-100؛البلاذرى:م.س،ج3، ص ص211-212.

109 .ابن الجوزى:م.س،ج5،ص ص162-163؛ابن الاثير:م.س ،ج3،ص ص250-251.

110 .البلاذرى:م.س،ج3،ص ص201-203؛الطبرى:م.س،ج3،ص ص149-150 .

111 . ابن الجوزى:م.س،ج5،ص158؛ابن الاثير:م.س ،ج3،ص245.

112 .برِوانة (الطبرى:م.ن،ج3،ص ص136-137؛النويرى:م.ن،ج20،ص ص120-123.)

113 .الطبرى:م.س،ج3،ص80؛النويرى:م.س،ج20،ص68.

114 .ابن الاثير:م.س ،ج3،ص207؛النويرى:م.س،ج20،ص94.

115 .ابن عبدربة الاندلسى:م.س،ج5،ص92؛ابن قتيبة:م.س،ج1،م.س،ص117؛محمدكرد على:م.س،ج1،ص137 .

116 .کاتێك لەسەردەمی خەلیفەعەلی لە میسر نارەزایی دروستدەبێت و داوای تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمان دەکرێت،عەلی ئاماژەی بەوەکردووە تەنیا ئەشتەر دەتوانێ بەسەر کێشەکانی میسر سەربکەوێت،دوای مردنی ئەشتەر نامەکەی عەلی دەدۆزرێتەوە،کە بۆ خەڵکی میسری نوسیووە،لەو نامەیەدا عەلی ئەشتەر بە شمشێری خودا ناوبردووە،هەروەها ئاماژەشی بەوەکردووە نە شمشێرەکەی هەڵەدەکات و نە لەکاردەکەوێت)بۆ نامەکەی خەلیفە عەلی لەسەر ئەشتەر بڕوانە(البلاذرى:م.س،ج3، ص ص167-168؛الطبرى: م.س،ج3،ص127.)

117 .البلاذرى:م.س،ج3،ص168؛ابن الاثير:م.س،ج3،ص ص226-227؛هادى علوى:فصول من تاريخ الاسلام السياسى،ط2، نيقوسيا-قبرص،1999،ص ص214-215.

118 .الطبرى:م.س،ج3،ص127.

119 .البلاذرى:م.س،ج3،ص168.

120 . الطبرى:م.س،ج3،ص94؛ابن الاثير:م.س ،ج3،ص190.

121 . بەپێی گێڕانەوەکەی یەعقوبی جگە لەنوعمانی کوڕی بەشیر وموسلەمەی کوڕی موخلەد هیچ یەك لەپشتیوانان(ئەنسار)نە ڕۆشتونەتە ناو سوپاکەی موعاویە وشەڕ دژی خەلیفە عەلی بکەن.( م.س:ج2،ص88.)

122 . النويرى:م.س،ج20،ص69.

123 . الطبرى:م.س،ج3،ص95 .

124 .ابن مزاحم:م.س،ص340؛ابن كثير:م.س،ج10،ص528؛النويرى:م.س،ج20،ص82؛ منير محمد الغضبان م.س،ص 390.

125 . ابن الجوزى:م.س،ج5،ص114 .

126 . الطبرى:م.س،ج3،ص85 .

127 .ابن الجوزى:م.س،ج5،ص163 .

128 .الدينورى:م.س،ص216؛ابن عبدربة الاندلسى:م.س،ج5، ص109؛خليل مطران:مراة الايام فى ملخص التاريخ العام ،ب.ط ،دار مارون عبود، ب.م،ب.س،ص229؛ أحمد محمود العسيرى:موجز التاريخ الاسلامى،ط1،ب.م ،1996،ص132.

129. ژیانی علی کوری ئەبوتالب،ل311.
130. هـ.س،ل328.
131 . هـ.س،ل361.

## لیستی سەرچاوەکان

-قورئانی پیرۆز
ا-سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی
- ابن الاثير:ابي الحسن على ابى الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد الشيبانى (ت630هـ /1232م).
1-الكامل في التاريخ،ت/أبى الفداء عبداللة القاضى،دار كتب العلمية،بيروت، 1987.
البغدادى:لأبى منصور عبدالقاهر بن طاهر بن محمد (ت429 هـ /1037م)
2- الفرق بين الفِرق،ط4، درالفكر،بيروت، لبنان،2008.
البلاذرى:احمد بن يحيي بن جابر (ت279 هـ /892م).
3- انساب الاشراف، حققة و قدم له :سهيل ذكار، رياض زركلى، ط1، دار الفكر، بيروت ،1996.
ابن الجوزى:لأبى الفرج عبدالرحمن بن على بن محمد (ت597 هـ /1200م).
4- المنتظم في تاريخ الملوك والامم،حققة/ محمد عبدالقادر،مصطفى عبدالقادر،ط1،دار كتب العلمية،بيروت،1992.
ابن حبان البستى:ابى حاتم محمد (ت354 هـ /965م).
5- تاريخ الصحابة الذين روي عنهم الاخبار،ت/ بوران الضناوى،ط1، دارالكتب العلمية،بيروت،1988.
ابن ابي الحديد (ت 656 هـ /1258م).
6- شرح نهج البلاغة،ت/محمد ابراهيم،ط1،دار الكتاب العربى،بغداد،2007.
ابن خياط:ابى عمرو خليفة بن خياط بن ابى هبيرة المصفرى (ت240 هـ /854م).
7- تاريخ خليفة بن خياط،ط1،ت/مصطفى نجيب فواز،حكمت كشلى فواز،داركتب العلمية،بيروت،1995.
-ابن دحية الكلبى:لأبى الخطاب عمر بن الحسن (ت 633 هـ /1235م).
8- أعلام النصر المبين في المفاضل بين أهل صفين،ت/محمد المحزون،ط1،دارالغرب الاسلامى،بيروت،1998.
الدينورى:احمد بن داود(ابى حنيفة) (ت282 هـ /895م).
9- الاخبار الطوال،ت/ عبدالمنعم عامر، جمال الدين الشيال، ب.ط، الاسكندرية، ب.س.
الذهبى:الامام شمس الدين محمد بن احمد بن عثمان (ت746 هـ /1345م).
10- دول الاسلام،ب.ط ،منشورات مؤسسة الأعلمى للمطبوعات،بيروت،1985.
-الشهرستانى:لأبى فتح محمد بن عبدالكريم بن ابى بكر احمد (ت548 هـ /1153م).
11- الملل و النحل ،ت/ امير على مهنا، على حسن فاعور،ط3، دار المعرفة،بيروت، 1993.
ابن ابي شيبة:أبي بكر بن محمد بن ابراهيم (ت235هـ/849م)
12- المصنف،ت/حمدبن عبدالله، محمد بن ابراهيم،ط1،مكتبة الرشيد ناشرون،السعودية، 2004.
الطبرى:ابى جعفر محمد بن جرير (ت310 هـ /922م)
13- تاريخ الطبرى الامم و الملوك،ب.ط ، داركتب العلمية، بيروت، ب.س.
ابن الطقطقا:محمد بن على بن طباطبا المعروف لأبن الطقطقا (ت 709 هـ /1309م).
14- الفخرى فى الاداب السلطانية والدول الاسلامية،ب.ط،دار الصادر،بيروت،ب.س.
ابن عبدالبر:أبى عمر يوسف بن عبدالله بن محمد (ت463 هـ /1070م).
15- الاستيعاب فى معرفة الاصحاب،ت/على محمد البجاوى،ط1،بيروت،1992.
ابي عبدالله السرور،ابى الحسن على بن عبدالرحمن (د . ت )
16- بلغة الظرفاء فى ذكرى تواريخ الخلفاء،ت/محمد زينهم ،ب.ط ،مكتبة الثقافة الدينية،مصر،ب.س.
ابن عبدربة الاندلسى:احمد بن محمد (ت328 هـ /939م).
17- العقد الفريد،ت/مفيد محمد قميعة،ط1،داركتب العلمية،بيروت،1983.
- ابن العديم:للصاحب كمال الدين ابى القاسم عمر بن احمد بن هبةالله (ت660 هـ /1261م).
18- زبدة الحلب من تاريخ حلب،ت/خليل منصور،ط1،دار الكتب العلمية،بيروت،1996.
ابن العربى:ابى بكر (ت543 هـ /1148م).
19- العواصم من القواصم،ت/عمار طالبي،ب.ط، مكتبة دارالتراث، القاهرة،ب.س.
ابن على التيمى:ابى قاسم اسماعيل بن محمد بن الفضل (ت535هـ/1140م).
20- الخلفاء الاربعة،ت/كرم حلمى فرحان،ب.ط، داركتب المصرية،القاهرة،1999.
ابي الفداء:عمادالدين اسماعيل (ت732هـ/1331م).

21- المختصر في اخبار البشر(تاريخ ابى الفداء)،ب.ط،مكتبة المتنبى،القاهرة، ب.م.

ابن قتيبة:ابى محمد عبدالله بن مسلم (ت276هـ/889م).

22- الامامةوالسياسة المعروف بتأريخ الخلفاء،ت/على شيري، ط1 ،دار الاضواء،بيروت،1990.

القلقشندى،أحمد بن عبدالله القلقشندى الشافعى (ت820 هـ /1417م).

23- مأثر الأنافة فى معالم الخلافة،ت/ عبدالستار احمد فرج، ب.ط، عالم كتب، بيروت، ب.س.

- ابن كثير:للحافظ عمادالدين ابي الفداء اسماعيل ابن عمر بن كثيرالقريشى الدمشقى (ت774 هـ /1372م).

24- البداية والنهاية،ت/عبدالله بن عبدالمحسن تركى،ط1،دارهجر،ب.م،1997.

ابن مزاحم:لنصر بن مزاحم المنقرى (ت212هـ/827م).

25- وقعة صفين،ت/عبدالسلام محمد هارون،ب.ط ،دارالجيل ،بيروت،1990.

المسعودى:على الحسين (ت346 هـ /957م).

26- مروج الذهب معادن الجوهر،اختيار وتعليق،ت/قاسم وهب،ط1،وزارة الثقافة،دمشق،1988.

27- التنبية و الاشراف،ت/عبدالله اسماعيل، ب.ط، مؤسسة نشر المنابع الثقافية الاسلامية، ايران،ب.س.

المظفرى:شهاب الدين ابراهيم بن ابى الدم الحموى (ت642 هـ /1244م).

28- تاريخ المظفرى، ت/ حامد زيان غانم زيان، ب.ط،دار الثقافة للنشر و التوزيع، القاهرة،1989.

المقدسى:للمطهر بن طاهر (ت355 هـ/965م).

29- كتاب البدء و التاريخ،ب.ط،المكتبة الثقافية الدينية، ب.م، ب.س.

النويرى: شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب (ت733 هـ /1332م).

30- نهاية الارب فى فنون الادب، ت/ على محمد هاشم، ط1، دار كتب العلمية، بيروت، 2004.

- ياقوت الحموى:شهاب الدين ابى عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموى الرومى البغدادى (ت626 هـ /1228م).

32- معجم البلدان، ب.ط، دارصادر، بيروت ، 1977.

اليعقوبى:احمد بن ابى يعقوب بن جعفر بن وهب (ت292 هـ /904م).

33- تاريخ اليعقوبى،ت / عبدالامير مهنا، ط1، شركة الاعلمى للمطبوعات، بيروت، 2010.

ژێدەرەکان بە زمانی عەرەبی

ابراهيم محمود:

34- الفتنة المقدسة عقلية التخاصم فى الدولة العربية الاسلامية ، ط1 ، بيروت ، 1999 .

أحمد محمود العسيرى:

35- موجز التاريخ الاسلامى ، ط1 ، ب.م ، 1996.

أحمدالشامى ومحمد عبدالعظيم ابونصر:

36- الحضارة الاسلامية انتشارها وتأثيرها فى الحضارة الاوربية ،ب.ط،ب.م ،2006-2007 .

خليل مطران:

37- مراة الايام فى ملخص التاريخ العام ، ب.ط ، دارمارون عبود ،ب.م ، ب.س .

شوقى أبوخليل:

38- فى التاريخ الاسلام،ط2،دار الفكر،دمشق،1996.

عباس محمود العقاد:

39- مجموعة العبقريات الاسلامية،ط1،دار الكتاب العربى،بيروت،1971.

عبدالحسين نعمة:

40- لمحات عن الثورات فى صدر الاسلام ، ط1 ، ب.م ، 1998.

عبدالرحمن رافت الباشا:

41- صور من حياة الصحابة ، ط1 ، بيروت ، 1992.

عبدالرحمن شلقم :

42- الدين و السياسة فى التاريخ الاسلامى ، ط1 ، دار الجماهيري ، بنغازى ، 1991.

عبدالعزيز الدورى:

43- مقدمة فى تاريخ صدر الاسلام،ط2،مركز دراسات الوحدة العربية،بيروت،2007.

عصام الدين عبدالرؤوف الفقى:

44- معالم التاريخ الاسلامى،ب.ط ،دار الفكر العربى،القاهرة ،ب.س.

عطا عبدالرحمان المحيَدين:

45- حركات الخوارج فى بلاد الكورد و ماجاورها ، ط1 ،من منشورات مركز الدراسات الكردية ،سليمانى،2007.

على محمد الصلابى:

46- حقيقة الخلاف بين الصحابة فى معركتى الجمل و صفين،ب.ط،دار ابن الجوزى،القاهرة،2007.

كارل بروكلمان:

47- تاريخ الشعوب الاسلامية،نقل الى العربية:نبية أمين فارس،منير البعلبكى،ط5،دار العلم للملايين،بيروت،1968.

لطيفة البكاى:

48- حركة الخوارج نشاتها و تطورها الى نهاية العهد الاموى،ط1،دار الكتب العلمية،بيروت،2001.

محمد فرج :

49- الشخصيات العسكرية الاسلامية ، ط2 ، دار الفكر العربية ، القاهرة ، ب.س .

محمد كرد على:

50- كتاب خطط الشام ، ب.ط ، دمشق ، 1925.

مصطفى الشكعة:

51- أسلام بلامذاهب ، ط11 ، الدار المصرية اللبنانية ، القاهرة ، 1996 .

منير محمد الغضبان:

52- عمرو بن عاص ،ب.ط . دارالسلام ، القاهرة ، 2011.

نبيلة حسن محمد:

53- في تاريخ الدولة العربية،ب.ط،دار المعرفة الجامعية،الاسكندرية،1993.

هادى علوى:

54- فصول من تاريخ الاسلام السياسى،ط2،نيقوسا- قبرص،1999.

يوليوس فلهاوزن :

55- تاريخ الدولة العربية ، ترجمة/ محمد عبدالهادى بوريدة، حسين مؤنس، ط2، القاهرة ، 1968.

ژێدەرەکان بە زمانی کوردی

أحمد حمە ئەمین(ڕەنجیبار):

56- ئاوردانەوەیەك بۆ سەرەتاکانی ئیسلام،چ1،چوار چرا،سلێمانی، 2013.

أحمد کاکە محمود:

57- سیاسەت لەئیسلامدا ، چ1 ، چوارچرا ، سلێمانی ، 2008 .

باقر یاسین:

58- مێژووی خوێناوی عیراق.و:حمە صالح گەلاڵی چ1 ،سلێمانی ، 2004.

باوکی زاگرۆس:

59- کورتە باسێکی مێژووی خوێناوی عەرەب ، ب.چ ، ب.ش 2005 .

بورهان محمد امین:

60- تەفسیری ئاسان،ناوەندی ڕۆشنبیر، هەولێر ، 2004.

-تەها حسین:

61- ئاژاوەی گەورە،و:عبدالتیف بامۆکی، چ1،لەبلاوکراوەکانی خانەی چاپ و بەخشی ڕێنما ، سلێمانی ، 2011 .

عەلی محمد الصلابی:

62- خەلیفەی چوارەم علی کوڕی ئەبوتالیب، و:عمر تۆفیق،ب.چ،دارالمعرفه،بیروت،2008. کورت فیشلر:

63- گەڕانەوەیەك بۆ سەرەتاکانی ئیسلام ، و:حەمەی حەمە سەعید ، چ4 ، سلێمانی ، 2013 ، ل465 .

مصلح جلالی:

64- شۆڕاتەکان،ب.چ ،دار الحریه،بغداد،1987.

ژێدەرەکان بە زمانی ئینگلیزی

65 - Hagler .A.M (2013) http // ir.uiowa.edu/ mathal:vol. 3 : iss. 1, accessed on agust Repurposed Narratives : The Battle of siffin and the Historical memory of the Umayyad Dynasty : Mathal : vol . 3 iss . 1 , Article..

66 -Hawting G.R ( 2000) first Dynasty of islam , the Umayyad caliphate AD 661-750 , secondedition , Rautledge taylorand francis Gvoup , London

67 - madelung. W (1997) succession to Muhammad a study of early caliphates , Cambridge university press , Cambridge.

Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.19635

# ڕۆڵی ژن لە خەباتی سیاسیی و چەکداری لەڕۆژهەڵاتی کوردستان(١٩٧٩-١٩٨٨)

**سنۆبەر سەردار ستار**

زانکۆی گەرمیان، کۆلێجی پەروەردە، بەشی مێژوو

***Article Info***

Received: July, 2019

Revised:July,2019

Accepted: August ,2019

***Keywords***

شۆڕشی گەلانی ئێران، ژنانی ئێرانی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژنی کورد.

***Corresponding Author***

Snawber.sardar@garmian.edu.krd

## پوختە

مەسەلەی ژن، لەتەواوی ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەسەلەیەکی گرنگ و هەستیارە، چونکە بەدرێژایی سەدەی بیستەم تاکو ئێستا ژن لەخەباتدایە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی. لەماوەی حکومڕانی پەهلەویدا ژنانیش هاوشانی پیاوان دوچاری زوڵم و ستەمی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە بوونەوە، بەسەدان ژن لە ئێران ڕاپێچی زیندانەکانی ساواک بوون، ئەشکەنجە دراون و لەسێدارە دراون، بەمەش توانیان شان بەشانی پیاوان لەم قۆناغەی خەباتدا سەرکەون، و کۆتایی بە دەسەڵاتی حەمە ڕەزاشا بهێنن، بەهاتنە سەر دەسەڵاتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە(١٩٧٩)، ژنانی ئێرانی بەگشتی و ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت، سەر لەنوێ دەستیان دایەوە خەبات و تێکۆشان لەپێناو مافەکانیان، چونکە ئەم دەسەڵاتە نوێیەش هەرلەسەرەتاوە هێزو دەسەڵاتی تاک ڕەوانەیی خۆی بەسەرتەواوی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران لە(فارس، کورد، تورک، عەرەب)سەپاند،هیچ بوارێک نەمایەوە بەناوی ئازادیی مافی مرۆڤ و مافی ژنان.

## پێشەکی

لەسەدەی بیستەمدا، لەگەڵ گۆڕانکارییە مەزنەکانی بوارەکانی ژیان: و کۆمەڵگا لەڕووی فیکریی و ڕۆشنبیریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابورییەوە، لەگەڵ دەسپێکی سەردەمی شۆڕش و ڕاپەڕین و خەبات لەپێناو ئازادیی و سەربەستیی مرۆڤ و نیشتمان، ژنانیش بەگوێرەی کات و شوێن ئەندامیکی کارای ئەم گۆڕانکارییانە بوون و ڕۆڵیان لەپیاوان کەمتر نەبووە. ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان هەوڵیان داوە، هەوڵی گۆڕینی ئەو یاساو ڕێساو داب و نەریتانەییان داوە، کە دژایەتی ژن و ماف و ئازادییەکانی دەکەن، لەم پێناوەشدا ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەکیان هەڵگرتووەو، چوونەتە شاخ و هاوشانی پیاوان دژ بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران جەنگاون.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە، کەتەرخانکراوە بۆ توێژینەوە لەبارەی(ڕۆڵی ژن لەخەباتی سیاسیی و چەکداری لەڕۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٧٩-١٩٨٨)، ژنان وەک بەشێکی گرنگی کۆمەڵگا لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕش و ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشاهیی و هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری

ئیسلامی، لە زۆربەی ئەو رووداو و گۆڕانکارییانەی لەناوچەکەدا روویاندا، رۆڵی دیارو گرنگیان هەبووە .

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

خستنەرووی رۆڵی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستانە لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا، و ئاشکراکردنی پێگەی راستەقینەی ژنان لەبزوتنەوەکەو، ئەو رێگەو ئاراستانەی گرتوویانەتە بەر لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بۆ کارێکی ئەکادیمی، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەرچەندە رۆژهەڵاتی کوردستان لەماوەی ساڵانی رابردوودا چەند نامەیەکی زانکۆیی (ماستەرو دکتۆرا)ی لەبارەوە نوسراوەو هەریەکەیان قۆناغێکی ئەو ماوە مێژوویەی شیکردۆتەوە، بەڵام تاکو ئێستا توێژینەوەیەکی زانستی تایبەت بە رۆڵی ژنان لە خەباتی سیاسی و چەکداریی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەم قۆناغە مێژوویەدا نەکراوەو رۆڵیان لەو رووداوانە روون نەکراوەتەوە .

هەوڵماندااوە لەم توێژینەوەیەدا بەپشت بەستن بە رێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی لە رووداوو پێشهاتەکان باس بکەین و لایەنە شاراوەکانی روونبکەینەوەو بەشێوەیەکی بابەتیانە لەسەر بنەمای میتۆدی (وەسفی - شیکاری) راڤەو شرۆڤەی رووداوەکان بکەین. هەروەها لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا پشت بە سەرچاوە مێژوویە رەسەنەکان بەستراوە، بە تایبەت بەڵگەنامەی پارت و رێکخراوو گروپە سیاسییە جیاجیاکانی هەڵسوراوی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ناوچەکەو جیهان. جگە لەوەی پشت بەستراوە بە گێڕانەوەو بیرەوەری ئەو کەسانەی کەلەنێو رووداوەکانی ئەو سەردەمەدا رۆڵیان بینیوەو شایەتحاڵ و هاوسەردەمی رووداوەکان بوون.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

پێشەکی و دوو تەوەر لە خۆ دەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**تەوەری یەکەم: تیشک خراوەتە سەر رۆڵی ژن لە شۆڕشی گەلانی ئێران و رۆڵیان لە سەرخستنی شۆڕشەکە.**

**تەوەری دووەم:** بۆ باسکردن لە رۆڵی ژنان لە خەباتی چەکداری و سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کراوە، کەتێیدا باس لە هەریەک لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وەک حیزبی دیموکرات وکۆمەڵە و رۆڵی ژن لەم حیزبانەدا کراوە.

**تەوەری یەکەم:**

## رۆڵی ژنان لەشۆڕشی گەلانی ئێران

**بەپشت بەستن بەو راستییە مێژووییەی کە هەموو شۆڕشێک هۆو فاکتەری خۆی هەیە، ئەمە شۆڕشی گەلانی ئێرانیشی لە(١٩٧٩)دا گرتەوە، کەلەئەنجامی چەندین هۆکار دەستی پێکردوو سەرکەوتنی بەدەستهێنا. زۆر لەمێژوو نوسانیش بەبایەخەوە هۆکارەکانی ئەم شۆڕشەیان روونکردۆتەوەو**

نوسیویانەو لێ دواون، کە دەکرێت لێرەدا لە چەند خاڵێکی پوختدا بخرێتە بەردەست:

١-هۆکاری سیاسی و دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی رژێمی ناسۆنالیستی توندرەوی شاهەنشاهی پەهلەوی. بەتایبەت پارتی(رستاخیز/رابوون)، کەلەساڵی (١٩٧٥)دا دامەزرا، ئەمە زیاتر تورەی کۆمەڵگەی ئێرانی هەژاند، چونکە دامەزراندنی ئەم پارتە وەک راگەیاندنی جەنگ بوو دژ بە خەڵکی ئێران.١ پاشگەزبوونەوەیەکی تەواو بوو لەو بەڵێنانەی پێشتر دابووی بەخەڵکی لەپێدانی ئازادیی بە هەموو چینە ئاینیی و سیاسییەکان، بە بێ داستێوەردان لەلایەن دەوڵەتەوە.٢

٢- دەتوانرێ سیاسەتی نازانستیانەی ئابووریی رژێمی شاهەنشاهیی و چۆنیەتی بەرێوەچوونی ئەو سیاسەتە بەیەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی شۆڕش و رووخانی ئەو رژێمە لە ئێراندا بدرێتە قەڵەم. زیاد بوونی داهاتی نەوت چاوەڕوانی خەڵکی زیاد کرد، راستە چواردە ساڵ دوای شۆڕشی سپی٣ هەندێک گۆڕانکاری روویدا کە بۆ ماوەیەکی کاتی رۆڵیان هەبوو لە هێوەرکردنەوەی بارودۆخەکە، بەڵام سەرئەنجام کاسبکارانی بازاڕو چینی ناوەندو پیاوانی ئاینیی لەنێو خۆیاندا هاوپەیمانیەتیەکیان لەدژی دروستکردوو بەشداریانکرد لەهەرەسهێنانی دەسەڵاتەکەی.٤

٣-هۆکاری ئاینیی و کۆمەڵایەتیی: ئەم هۆکارانە رۆڵی کاریگەریان هەبوو لە شۆڕشی گەلانی ئێران، پیاوانی ئاینیی هەر لەسەرەتای حەفتاکاندا بەدوای ئامرازێک دەگەڕان بۆ مەبەستی دوورخستنەوەی شا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتیکردنی وڵات.٥ خراپی باری کۆمەڵایەتیی و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگەی ئێرانی و سەپاندنی فەرهەنگی ئەوروپای لەئێران لەرێگەی زانکۆکان و ئاشنابوون بەکلتورو دەستکەوتەکانی رۆژئاوا لەرێگەی سیستەمی پەیوەندی و راگەیاندنە گشتییەکانەوە و خواستی خەڵک بۆ ئازادیی و سەقامگیربوونی دیمکراسیی هۆکارێکی دیکەی شۆڕش بوو.٦

٤-هۆکاری کەسی و تایبەتی باری تەندروستی شا: تووشبوونی شا بە نەخۆشی شێرپەنجە و بوونی گرێ دەروونی لای ناوبراو، کاریگەری زۆری لەسەر بڕیارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی دانا بوو.٧

٥-هۆکاری نەتەوەیی: بەوپێیەی ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە ئاینە، بەدرێژایی حکومڕانی پەهلەوی نەتەوەکانی دیکە پەراوێز خرابوون و رژێمی شا هەوڵیداوە بەزۆرە ملێ زمان و کلتوری فارس بەسەر نەتەوەی نافارسدا بسەپێنێ. جگە لەوە ناوچە نافارسەکان بێ بەش کرا بوون لە خزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی وەک خوێندنگا و کەرتی تەندروستی و...هتد.٨ شۆڕشی گەلانی ئێران گەلێک تایبەتمەندی هەیە، کەیەکێک لەو تایبەتمەندییانە بەشداری کردنی ژنان بوو لە شۆڕشەکەدا، ژنان بەشێکی گەورەی شۆڕشیان لە ئەستۆگرت، بەجۆرێک خومەینی چەندین جار دووپاتی دەکردەوە ژنان چالاکانە رۆڵیان هەبووە لە شۆڕشدا، رۆڵیانی گەورەتر لە رۆڵی پیاوان هەژمارکرد. پێی وابوو کە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بەبێ بەشداریکردنی ئەوان نەدەگەشتە ئەنجام، لەم لایەنەوە بەشداریکردنی ژنانی لە شۆڕشدا بە پێویست زانی و رایگەیاند

باوکان و هاوسەرەکان بۆیان نیە ڕێگە لە ژنان بگرن.٩ بۆیە ژنانیش شان بە شانی پیاوان لە خۆپیشاندانەکان بەشداریان کرد، شەهیدیان داوە، چوونەتە زیندان، ئەشکەنجەدراون و ئاوارە بوون.١٠ کاتێک لە ساڵی (١٩٦٢) شا هەندێک چاکسازیی ئەنجامدا بەناوی (شۆڕشی شا و گەل)١١، دواتر بە (شۆڕشی سپی) ناوبرا، پیاوانی ئاینیی ئێران دژی ئەم چاکسازییە وەستانەوە، بە تایبەت ئیمام خومەینی، لەم بەرنامەی چاکسازییەدا هەرچەندە ژنان مافی دەنگدان و خۆ کاندیدکردنیان بۆ پەرلەمان پێدرا،١٢ بەڵام بەشێک لە ژنان لەگەڵ خومەینیدا دژی ئەم شۆڕشە وەستانەوە،١٣ چونکە ژنان لە سەردەمی شادا هەرچەند کۆمەڵێک لە مافەکانیان بە دەستهێنا و توانیان پێگەی کۆمەڵایەتییان بەرزبکەنەوە، بەڵام هێشتا بەشێکی زۆریان نەخوێندەوار بوون و بە هەمان شێوەی کۆن بیریان دەکردەوە.١٤ هەروەها لە ڕووداوی (٦ی حوزەیرانی ١٩٦٣) ژنان ڕۆڵێکی گرنگیان لە ئەستۆدا بوو، هانی پیاوانیان دەدا بۆ شۆڕش لە دژی دەوڵەت و پاڵپشتی کردنی خومەینی، وە بەشداریيان لە ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکانی دژبە دەوڵەت کرد، تەنانەت بەئامرازی سادە لە گەڵ پۆلیسدا دەست وە یەقە بوون و ژمارەیەکیان لێ کوژرا،١٥ جگە لەوە لە هەندێک لە شارەکان وەک مەشهەد دەستپێکی خۆپیشاندانەکان ژنان بوون، واتە یەکەمین جوڵانەوەی گشتی جەماوەری، جوڵانەوەی ژنان بوو، وە لە لایەن پۆلیسەوە کەوتنە بەر هێرش، پاش ئەمە جوڵانەوەی پیاوان دەستی پێکرد.١٦ لەخۆپیشاندانەکەی(٨ی ئەیلولی١٩٧٨)ی مەیدانی ژاڵەی تارانیشدا، کەدواتر بەهەینی ڕەش ناسرا،١٧ ڕێژەی کوژراوەکانی ژنان زیاتر بوو لە پیاوان، ئەم ڕووداوە زیاتر بووە هۆی هاندانی خەڵک بەگشتی و ژنان بەتایبەتی تاکو بەشداربن لەخۆپیشاندانەکان.18 بانگەشەی ژنانیش لە کاتی شۆڕشدا وەک پیاوان، بریتی بوو لە بانگەشەکردن بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی، بەدەر لەوە کۆبوونەوەی سیاسییان لە شارە جیاوازەکاندا ئەنجام دەدا، پاش ئەوەی ئاراستەی خۆپیشاندانەکان گۆڕا بۆ شەڕی ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان سوپاو هێزی چەکداری خەڵک، ژنان چەک و کەرەسەی پێوستیان دەگەیاندە دەست هێزەکە .19 ئەو ژنانەشی کە پێشتر خەباتی نهێنیان دەکرد، وەک دایکی شەهید و هاوسەری تێکۆشەر بەردەوام لە دژی ڕژێم تێدەکۆشان، هاتنە سەر شەقامەکان و بە دەنگی بەرز دەیان گووت (مرگ بر شاه) واتا مردن بۆ شا،20 یان هەندێکیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشدار بوون لەشۆڕش وەک پشتیوانیکردن لەهاوسەرەکانیان، کوڕو براو و باوکیان بۆ بەشداریکردن لەشۆڕش و پێشکەشکردنی یارمەتی داراییش یەکێکی دیکە بوو لە کارەکانی ژنان.21 لە ماوەی ئەم شۆڕشدا واتا لە نێوان ساڵانی(١٩٦٣-١٩٧٩) (٣٩٦) ژن شەهید بوون،٢٢ بۆیە بەشداریکردنی ژنان لەڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی، بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان و ڕابەرایەتیکردن و ڕێنمایکردن و پشتیوانیکردنی جوڵانەوەکان، ئاماژەیە بۆ ئەوەی جیاوازی ڕەگەزی کاریگەری نەبوو لەسەر کەمکردنەوەی ڕۆڵ و هەوڵی ئەوان.٢٣

هەروەها ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە نێو حیزبە جیاوازەکاندا وەک (چریکەکان، موجاهیدین کە پاش شۆڕش ناوی خۆیان گۆڕی بۆ پەیکار، تودە... هتد)، بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێراندا یانزدە لە سەدی کوژراوەکان ژنان بوو، وە لە زۆربەی لایەنەکانی دیکەشەوە پلەی یەکەمیان تۆمارکرد، یەکەمین ژنێک کە کەوتە بەر دەستەی تەقەکەران، یەکەمین ژنێک کە لە شەڕو پێکدادانی سەر شەقامەکان کوژرا و ژنێک کە یادەوەرییەکانی زیندانی نووسی،٢٤ یەکێک لەو زیندانانەی بەشێکی زۆر لە ژنان بە هۆی کارو چالاکیی سیاسیی تێیدا دەستبەسەر کراون،٢٥ زیندانی ئەوین بوو،٢٦ لەم بارەیەوە یەکێک لەو کچانەی کەلە سەردەمی شادا لە زیندان بووە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: " دایکی یەکێک لە فیدایيانیان هێنایە ژوورەکەمان بە تۆمەتی بە تەلەفوون قسەکردن لە گەڵ کچەکەی کە هەڵهاتبوو، چونکە تەلەفون لە ژێر چاودێری ساواکدا بوو، ئەو دڵی بەوە خۆشبوو ساواک دەستی ناگات بەکچەکەی هەموو شەوێک خەونی پێوە دەبینی، بەڵام کچەکەی لە ساڵی (١٩٧٦) لە شەڕو پێکدادانەکانی سەر شەقام کوژرا، پاش ئەوە ئیدی ئەویشمان نەبینییەوە..."٢٧، فاتیمە ئەمینیش کە ئەندامیکی چالاکی نێو حیزبی موجاهیدینی خەلق بوو، دەستبەسەر کراوە و خراوەتە زیندان بۆ ماوەی پێنج مانگ و نیو بە دڕندەترین شێوە لە زیندان ئەشکەنجە دراوە، هەموو جەستەی سوتێندراوە، بەڵام ئەو تا کۆتایی خۆڕاگر بووەو هاوڕێکانی بەدەستەوە نەداوە.٢٨ نموونەیەکی دیکە لەژنانی موجاهید(بهجت تیفتکچی)یە، چەندین جار لەلایەن ساواکەوە دەستگیر کراوە، بەڵام ناوبراو هەر بەردەوام دەبێت لەسەر کاری سیاسیی، دواجار لەتاران لە(١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦)لەگەڵ ژمارەیەک لەئەفسەرانی ساواک ڕووبەڕوو دەبێتەوەو بەبرینداری دەستگیر دەکرێ، لەڕێگەی بردنی بۆ نەخۆشخانە حەپی سیانیدی خواردووەو کۆتایی بەژیانی خۆی هینێاوە.٢٩ ژنان لە زیندان هەرچەند جیاوازی بیر وڕا لەنێوانیاندا هەبوو، هەندێکیان سەر بە موجاهیدین یان چریکی فیدایی بوون، هەندێکی دیکەشیان لایەنگری خومەینی بوون، وەک ئەشرەف ڕەبیعی باوەڕی بەوە بوو خومەینی ڕابەری شۆڕشەو دەبێت ئەوان ئەوە قبوڵ بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە هەوڵی ئەوەدا بوون لە ڕووکەشدا یەکێتیان لەناوەو دەرەوەی زیندان بپارێزن، باوەریان وابوو هەر هێزێک دژ بە ڕژێمی شا بێت، ئەو هێزە شۆڕشیە، ئەمەش بۆ ئەوە بوو نەیاندەویست جیاوازیی و کێشەکانی نێوانیان بێتە هۆی ئەوەی ساواک لەبەرژەوەندی خۆی بەکاری بهینێ،٣٠ جگە لەوە زیندانییەکان بۆ پاڵپشتی کردن لەخۆپیشاندەران و خەڵکانی شۆڕشگێڕ بەیاننامەیان بڵاودەکردەوەو مانیان لە خواردن دەگرت.٣١

تێکۆشان دژی ڕژێم لەنێو کچان و کوڕانی خوێندکاری زانکۆشدا بەشێوەیەکی جیاواز پەرەی سەند، مانیان دەگرت و بەشدار دەبوون لەخۆپیشاندنەکان.٣٢ دواجار لە(٨ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩) ژمارەیەک زۆر لە خەڵک کەبەشێکی زۆریان ژنان بوون، بەمەبەستی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی گشتی لەتەواوی وڵاتدا ڕژانە شەقامەکان بە دروشمی (نەشامان دەوێت نەشاپور).٣٣ شا ناچار بوو لەرۆژی (١٦ی کانونی دووەمی ١٩٧٩)ئێران بەجێبهێڵێ.٣٤پاشان خومەینی لە ڕۆژی(١ی شوباتی ١٩٧٩) لە فەرەنسا گەڕایەوە لەلایەن ژمارەیەک زۆر لە خەڵکی پێشوازی لێکرا، پاش چەند ڕۆژێک مەهدی بازرگانی

کرد بەسەرۆک وەزیرانی حکومەتی کاتی.٣٥ لە(٧ی ئازاری ١٩٧٩)شدا لەوتارێکدا بۆ خوێندکارانی زانستگەی ئاینیی لەشاری قوم، ڕایگەیاند ژنانی موسڵمان بوکەڵەنین، دەبێت بەحیجابەوە(چارشێو) دەرکەون لەشوێنە گشتییەکاندا.٣٦ لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەی ناوبراو ڕۆژی دواتر کەڕۆژی جیهانی ژنان بوو هەزاران ژن لە زانکۆی تاران نارەزایەتیان پیشاندا دژبە حیجابی زۆرە ملێ، ئەوان پێکەوەو بەیەک دەنگ دەیانگوت: لەم شۆڕشدا ژنانیش وەک پیاوان شەهیدیان داوە، بۆیە دەبێت وەک یەک ئازادبن.٣٧ پاش چەند ڕۆژێکی تر بۆ هەمان مەبەست ژنان لەبەردەم دادگای تاران کۆبوونەوە کەپێکهاتبوون لەپارێزەران، مامۆستایان، خوێندکارانی ئامادەیی و زانکۆکان، فەرمانبەران و هونەرمەندان دروشمەکانیان بریتی بوو لە: نەلەچک و نە چەپۆک، سەربەخۆیی و یەکسانیی و ئازادیی، پاشان گەڵاڵەنامەیەکیان بڵاوکردەوە کەتێیدا داواکارییەکانیان خستبووە ڕوو، بریتی بوون لە:(ئێمە شان بەشانی پیاوان لەکۆمەڵگادا ئەرکی کۆمەڵایەتیی خۆمان بەجێ دەهێنین، شێوازی پۆشینی جلوبەرگمان دەبێت ئازاد بێت، مافی ساسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوریی ژنان بەبێ هیچ جیاوازییەک پارێزراو بێت، دوورکەوتنەوە لە نایەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا لە یاسای کارکردن و دامەزراندن...هتد).٣٨ بەڵام دواجار هەموو دەنگە نارەزایەتیەکان کپکراو و بڕیارەکە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە جێبەجێ کرا.٣٩ لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ژنان سەرەڕای ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانەی ئەنجامیان دا لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی حەمە ڕەزا شا، دواجار ڕووبەڕووی دەسەڵات و حکومڕانیەکی خراپتر بوونەوە کە تەنانەت مافە سەرەتاییەکانیشیان لێ زەوتکرا، ئەمەش ژنانی ناچار کرد تاکو ئێستا بەردەوام بن لە خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان شانبەشانی چینەکانی دیکەی کۆمەڵگا.

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی ژنانی کورد لە خەباتی سیاسیی و چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان(١٩٧٩-١٩٨٨):

### یەکەم:حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران:

حیزبێکی نەتەوەیی، دیموکراتیکی پێشکەوتووخوازە لەم قۆناغەدا بەسەرەکیترین ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەژمێردرا، خاوەنی کۆماری میللی کوردستانەو لەلایەن پێشەوا قازی موحەمەدەوە دامەزراوە، لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران ناسراوەو هەڵگیرسێنەری جوڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی(١٩٦٧-١٩٦٨) بوو، مێژوویەکی پڕخەبات و تێکۆشان و قوربانی دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی هەبوو.٤٠ سەرەتای مێژووی دەرکەوتنی ژنانیش لەنێو ئەم حیزبەدا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد، ژنانی کورد لەو دەمەدا کە دواکەوتووترین توێژی ستەم دیدەی کۆمەڵگای کوردستان بوو، بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیاندا بوونە خاوەن ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان کە لەبەرواری(١٥ی ئازاریی ١٩٤٦)دا لەژێر ناوی(یەکێتی ژنانی کوردستان) یان( یەکێتی یایانی کوردستان) بە ڕێبەرایەتی (مینا خانم) هاوسەری پێشەوا دامەزرێنرا.٤١ ئەندامە ناسراوەکانی یەکێتی یایانی کوردستان جگەلە مینا خانم بریتی بوون لە: (عائیشە خان، ئامینە خان، کلثوم خان، زیبا خان، عیسمەتی کچی پیشەوا) کەتەمەنی لە هەموویان کەمتر بوو ،٤٢ یەکەمین ئامانجی ئەم یەکێتیە کۆکردنەوەی ژنانی بەتەمەن بوو بۆ پاڵپشتی کردن لە کۆمارو میللەت، لەبەرئەوەی زۆرێک لەم ژنانە نەخوێندەوار بوون، حیزب خولی خوێندن و فێربوونی کردەوە. وە کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی بۆ سوپا، بەشداریکردن لەڕێپێوانەکان، خۆپیشاندانەکان، نوسین لەڕۆژنامەکان، پاشان ڕێنوێنیکردنی ژنانی کورد بۆ چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان لە هەنگاوە بەراییەکانی ئەم ڕێکخراوە بوون.٤٣ بەر لە دامەزراندنی ئەم یەکێتیەش لە ڕێوڕەسمی سەربەخۆی کوردستان لە (٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦)، شانزدە کەس وتاریان پێشکەشکرد کە دوانیان ژن بوون، مامۆستای خوێندنگەی کچان بوون، یەکێک لە مامۆستاکان کە خەدیجە مەجیدی بوو ووتی: " خوشکانی ئازیز وەرنە ڕیزی براکانمان، دەست لەنێو دەستی یەکتر نەین، ئەوەی کە من دەیبینم نیشتمان چاوەڕوانە تاوەکو کچان دەست بکەن بە فێربوون و خوێندن، بۆ ئەوەی ئێمەش بگەین بە براکانمان، لەمڕۆدا دونیا پێوستێتی کچان و کوڕان، خوشکان و برایان بۆ ئازادیی نیشتیمان یەکبگرن..".٤٤ بۆیە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە پەیامێکی گەورە بوو بۆ کۆمەڵگای پیاو سالارو عەشایری لەو سەردەمەدا، لەسەردەمێکدا کەلە بنەماڵەو کۆمەڵگادا پیاو دەنگی یەکەم بووە، مەبەست لە دامەزراندنی ڕێکخراوی ژنان و باسکردن لە مافەکانیان لەو سەردەمەدا خۆزەقکردنەوە یان خۆ ناوداركردنی پێشەوا نەبوو، چونکە ناوبراو جێگەو پێگەی خۆی هەرهەبوو، بەڵکو گرنگی دان بە مافەکانی تاک بەگشتی و مافی ژنان بە تایبەت، بەشێکی گرنگ لە فیکری ئەو بوو.٤٥ کاتێک ڕۆژنامە نوسێک پرسیاری لەناوبراو کردووە (حیزبی دیمکراتی ئازربایجان) مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنەکاندا داوە بە ژنان، ئایا ئێوش ئەم کارەتان کردووە؟ بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە" هەرچەند ئێمە ئەم هەنگاوەی ئازربایجان بە ئەرێنی هەڵدەسەنگێنین، بەڵام دەبێت ئاگادارتان بکەمەوە کە ئێمە نەمانتوانیوە ئەم سەرکەوتنە بەدەست بهێنین".٤٦ بەمەش کۆماری کوردستان وەک کیانێکی ساسیی و مۆدیرن و دامەزراوەی دەرفەتێکی کەم وێنەی بۆ ژنان ڕەخساند تا لە سایەی سەرهەڵدان و دەستەبەر بوونی چەمکە مۆدێرنەکان هەوڵی دەرباز بوون لە فۆرم و بایەخە باوەکان بدەن کە تا سەر ئێسقان تێکەڵ بە کلتوری ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.٤٧

پاش ئەوەی لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران خۆپیشاندان دەستیپێکرد دژی دەسەڵاتەکەی حەمە ڕەزاشا، لە کوردستانیشدا یەکەم خۆپیشاندان لەشاری مەهاباد لە(١٥ی حوزەیرانی ١٩٧٨) دەستی پێکرد.٤٨ چونکە ڕێژەی کورد زیاتر لە سێ ملیۆن بوو لە ئێران، بەڵام ستەم لێکراو بوون لە دۆخێکی خراپدا دەژیان، کورد بێ بەشبوو لە بەشداریکردنی دەسەڵات، بۆ ماوەی چەندین ساڵ هیچ کوردێک وەک وەزیر بەشداری لە کابینەی حکومەت نەکرد بوو، وە هیچ باڵیۆزێک کورد نەبوو، لە ئاستی باڵادا خاوەنی هیچ پۆستێک نەبوو.٤٩ هەر بۆیە زۆرینەی زۆری چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەشدار بوون لە خۆپیشاندانەکانی شارەکانی کوردستان،

له ماموٚستایان، خوێندکاران، ژنان، لاوان، پیاوانی ئایینی، جوتیاران...هتد که هەریەکەو هەڵگری ئایدیاو بۆچوونێکی جیاواز بوون لەیەکتری، پێکهاتبوون له ڕەوتەکانی نەتەوەیی و نیشتمانیی، چەپ و مارکسی، ئاینیی و نەتەوەیی، مەزهەبیی و ئاینیی.٥٠ سەبارەت به بەشداریکردنی ژنانی دیموکرات له خۆپشاندانەکان، خەدیجه مەعزوری،٥١ دەڵێت:" کاتێک شۆرش دەستی پێکرد، بەشداریم له خۆپیشاندانەکان کرد، باوکم کاتی خۆی له سەردەمی کۆمار له دەستەی لاوانی دیموکرات بوو، سرودی بۆ دەخوێندمەوه، باسی دیموکراتی بۆ دەکردم، بۆیه کاتێک شۆڕش کرا چوومه نێو ئەو ڕیزەی دەیگوت بژی دیموکرات".٥٢

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشدا یەکێتی ژنانی دیموکرات له شاره جیاوازەکانی وەک (مەهاباد، شنۆ، سەردەشت) سەر له نوێی دامەزرایەوه، ژمارەیەک له ژنانی خوێندەوار هاتنه نێو ئەم یەکێتیه، دەرۆشتنه مزگەوتەکان یان ماڵەکان باسی خراپی دیارده کۆمەڵایەتییەکانی وەک ژن به ژن و گەوره به بچوکیان بۆ خەڵک دەکرد، ئەمەش بەرنامەی حیزب بوو، هەر کەسێک ئەم کارانەی بکردایه لەلایەن حیزبەوه سزا دەدرا، ئەم هەڵوێستەش لەلایەن ژنانەوه پێشوازییەکی باشی لێکرا.٥٣ پاشان بەدواداچوونیان دەکرد ئەو کەسانەی تاوان یان کردەوەی توندوتیژیان بەرامبەر هاوسەرو کچی خۆیان ئەنجامدەدا، به هێزی پێشمەرگەیان دەناساند و دواتر لەلایەن دامەزراوەکانی بزوتنەوەی کوردستان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرا.٥٤ بۆیه ئەمەش ڕێگه خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی دەیان ژنی نەخوێندەوار و ژنی ماڵەوه بێنه نێو یەکێتی ژنانی دیمکرات.٥٥ یەکێکی دیکه لەو ڕێکخراوانەی که ژنان لەسەرەتای شۆڕشەوه پەیوەندیان پێوه کردووه، یەکێتی لاوانی دیموکرات بوو، دواتر لەم ڕێگەوه دەهاتنه نێو حیزبی دیموکرات.56

دەکرێت خەبات و چالاکی ژنان له پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان بەسەر سێ دەستەدا دابەش بکرێت یەکەم: ئەو ژنانه بوون نان و جل و بەرگ و پێداویستیان گەیاندووەته پێشمەرگه له کاته جیاوازو مەترسیدارەکاندا، واتا لەو کاتانەدا پێشمەرگه له شوێنێکی دوور له ئاوەدانی ماونەتەوه دەستیان به نان و کەرەستەی پێویست نەگەیشتووه، کاتێکیش گەڕاونەتەوه بۆ شار و گوندەکان، ئەوان بەڕوویەکی خۆش و سنگێکی فراوانەوه بەپیریانەوه چوونەو به باوەشی ئاواڵاوەو دڵسۆزانه خزمەتیان کردوون، ئاویان بۆ گەرمکردوون و جل و بەرگیان بۆ شتوون، خواردنیان بۆ لێناون.57 لەم بارەیەوه خەدیجه پورمەند58 دەڵێت: "ژنان زەنگاڵ و دەستەوانه و مل پێچیان بۆ پێشمەرگه دروست دەکرد، بۆیه له ڕادیۆوه له بەرامبەر ئەم کاره دەست خۆشیان لێ دەکرا".59 دووەم: ئەو کچ و ژنانه له خۆ دەگرێت که ڕاستەوخۆ بەشدارییان له شۆڕش و کاری حیزبیدا کردووه و چەکیان هەڵگرتووه،60 لەم بارەیەوه قاسملۆ دەیگوت:"له تێکۆشانی حیزبی سیاسیی ئێمەدا دەبێت جێگای تایبەتی بدرێت به ژنان که نیوەی دانیشتوانی وڵاتەکەمان پێکدێنن، حیزبی ئێمه مافی بەرابەری تەواو لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێت، بەڵام دانانی ماف له گەڵ پیادەکردنی ئەو مافه له کۆمەڵدا مەودایەکی زۆریان له نێواندایه، دەبێت ئەو مەودایه ورده ورده له نێو بچێت. به بیروڕای حیزبی ئێمه تاوەکو ژنان له کاری کۆمەڵایەتیی و سیاسییدا بەشداربن کۆمەڵ پێشکەوتوو ترو هەرچی له بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزوتنەوەکه پێشکەوتووتر و شانسی سەرکەوتنی زیاتره".61 سێیەم: ئەم جۆره له ژنان بریتین له کەس و کاری ئەو کادر و پێشمەرگانەی که حیزبیان پێکهێناوه و ڕاستەوخۆ و بەردەوام له مەیدانی خەباتدا بوون و هەن، دایك، خوشک، هاوسەر و کچی ئەو کەسانەن که گیان و ژیانیان بەختی ئازادیی و بەختەوەریی وڵات کردووه، ئەم ژنه دیموکراتانه ئەرکێکی گەوره و مێژووییان له ئەستۆ گرتووه، ئامادەی هەرچەشنه قوربانی دانێک بوون که بەهۆی شۆڕشەوه بۆ ڕزگاری گەل و نیشتیمان دەکەوته سەر شانیان.62 یان ژنان هەستاون به هێنان و بردنی نامه له نێوان تەشکیلات و پێشمەرگەدا، تەنانەت جاری واهەبووه گواستنەوەی چەکیشی گرتووەتەوه، ئاگادارکردنەوەی پێشمەرگه له کاتی دانانی کەمین له نێو گوندەکان و هاتنی هێزەکانی ڕژێم و چەندین هەواڵی دیکه که پەیوەندییان به پێشمەرگه و دوژمنەوه هەبووه له ئەرکەکانی ژنان بووه، ئەو کاتانەی پێشمەرگه له نێو گوندەکاندا له کاتی پشوو و حەسانەوەدا بوون ژنان بوێرانه به چەکەوه پاسەوانی ئەوانیان کردووه.63 یان هەندێک له دایکانی پێشمەرگه لەگەڵ کوڕەکەی چووەته کەمین، زۆر جارژنانی گوندەکانیش هەوڵیان داوه پێشمەرگه لەدەست سوپای پاسداران ڕزگار بکەن به بەرد و به دار دوایان کەوتوون.64 جگه لەوه هەنێک له ژنان پەیوەندیان دەکرد به شانەی پیاوەکانەوه،65 هەندێکی دیکەشیان له نێو شارەکاندا پەیوەندیان دەکرد به تەشکیلاتەوه، که زۆر جار گیراون و ئەشکەنجه دراون یاخود دەستدرێژی کراوەته سەریان، یان ئەو ژنانەی خواردنیان دەبرد بۆ پێشمەرگه له لایەن پاسدارەکانەوه دەستگیر دەکران یان دەکوژران.66 بۆ نمونه کاتێک خاڵخاڵی له ماوەی شەڕی سێ مانگەدا له شاره جیاوازەکانی کوردستان دەستیکرد به لەسێدارەدانی گەنج و لاوی کورد دەیان ژنی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕی له سێدارەدا.67 له لایەکی دیکەوه ژنان به تێکۆشان له دامەزراوه و دەزگاکانی وەک نەخۆشخانه و خوێندنگاکانی شۆڕش، یان له دامەزراوه فەرهەنگیی و فێرکارییەکان و ڕاگەیاندنەکانی حیزبدا ڕۆڵێکی دیاریان هەبووه.68

هەروەها کچانێکی زۆر له گوندەکان ناویان دەنوسی بۆ پێشمەرگایەتی، بەڵام له لایەن خانەوادەکانیانەوه ڕێگەیان پێ نەدەدرا، هەندێک کچ هەبوون دەهاتنه نێو حیزب و دەبوون به پێشمەرگه، بەڵام دوای ماوەیەک خانەوادەکانیان دەیانیان بردنەوه،69 چونکه ژینگەی بزوتنەوەکه، لادێ و ناوچەی شاخاوی بووه و لادێش سوننەتی و داخراو و پیاو سالار تره له شارەکان، بۆیه کۆسپی جۆرا و جۆر له بەردەم بزوتنەوه هەبووه بۆ دۆزینەوەو دروستکردنی کادرو سەرکردەی ژن. بەو حاڵەتەیش ژنی کورد به شێوەی جۆراو جۆر بەشدار بوون له نێو حیزبی دیموکراتدا.70 عەبدوڵڵا حەسەنزاده لەم بارەیەوه دەڵێت:"کۆمەڵه ژنیان زۆر بوو، چونکه ئەوان که دروستبوون وەک ڕێکخراوێکی ڕوناکبیر دروستبوون، که زۆرتر قوتابی و خوێندکار بوون کوڕ و کچ پێکەوه تێکۆشانیان هەبوو، پاشان چەکیشیان هەڵگرت، بۆیه ئەگەر بڵێین

ئێمە لە سەد پێشمەرگە سیانیان ژن بوون، ئەوا کۆمەڵە لە سەد پێشمەرگە لەوانەیە بیستیان ژن بووبێت".71

سەبارەت بە بەشداریکردنی ژنان لە کۆنگرەکانی حیزبدا، لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبەوە ژنان بەشدارییان لە کۆنگرەکاندا کردووەو وەک ئەندامی ڕێبەریش هەڵبژێردراون، بەڵام ڕێژەکەیان کەم بووە، لە کۆنگرەی چواردەی حیزبدا (تبعیض مثبت) واتە ڕێژە بۆ ژنان دیاریکرا، بۆ ئەوەی ژنانیش مافیان هەبێت لە ڕێبەری حیزب و کۆنفرانسەکانی هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرەکان.72 کاتێک کۆنگرەی چوار کۆتایی هات قاسملۆ بەمەبەستی لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم وتوویژ لەگەڵ حکومەت لە بەرواری (٢١ی شوباتی١٩٨٠)نامەیەکی بۆ ئەبو ئەلحەسەن بەنیسەدر سەرۆک کۆماری ئێران ناردو ڕوانگەو بۆچوونەکانی حیزبی دیموکراتی لەسەر شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و ڕێبەرایەتی خومەینی و گیروگرفتەکانی کوردستان بۆ ڕوونکردەوەو داوای لێکرد بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کوردستان بە ڕێگەی ئاشتی، لیژنەیەکی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات قبوڵ بکات، ناوبرار هاودەنگی لەگەڵ قاسملۆ کردوو، بۆیە نوسینگەی سیاسیی حیزبی دیموکرات، لیژنەیەکی پێکهێنا کە یەکێک لە ئەندامەکانی ژن بوو ئەویش فەوزیە قازی بوو، ئەندامەکانی دیکەش بریتی بوون لە: (غەنی بلوریان سەرۆکی لیژنە و عەبدوڵلا حەسەنزادە، نەوید موعینی، ئەحمەد قازی) چوون بۆ تاران.73 لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ژنان سەرەڕای دواکەوتووی کۆمەڵگای کوردەواری و پابەند بوونی تاکەکان بە داب و نەریتە کۆن و باوەکان و ئەو بەربەستانەی لەلایەن خانەوادەکانیانەوە بۆ دەهاتە پێش توانیان بێنە ڕیزەکانی حیزبەوەو هاوشانی پیاوان بەشداربن لە خەبات و کاری سیاسیی.

## دووەم: کۆمەڵە:

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە بە (کۆمەڵە) ناسراوە، سەرکردەکان و دامەزرێنەرانی سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێننەوە بۆ پاییزی (١٩٦١)،74 کە لەسەرەتاوە بە تەشکیلات ناوبراوە جێگەی ئاماژەیە مێژووی دامەزراندن و دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە ئاڵۆزو تەموو مژاوییە، چونکە ئەم ڕێکخراوە لەسەرەتادا بەناوی (تەشکیلات)ەوە زیاتر لە نۆ ساڵ کاروچالاکی نهێنی بووە، کۆنگرەی دامەزراندنی نەبووەو هیچ بەڵگەنامەیەک لە بەردەستدا نیە، کە ڕۆژی دامەزراندن و دامەزرێنەرانی تێدا دیاریکرا بێت، بەڵکو بۆ مێژووی ئەم ڕێکخراوە بە تایبەتی لە قۆناغی نهێندا زیاتر پشت بە گێڕانەوەی زارەکی و بیرەوەری هەندێک لە دامەزرێنەران و ئەندامانی ڕێکخراوەکە بەستراوە.75 هۆی ئەمەش بۆ خۆپاراستن لە دەزگای ساواک دادەنێن، لەگەڵ ئەوەشدا لەساڵی ١٩٧٤ هەشت کادری سەرەکیان، لەوانە: (ئیرەجی فەرزاد، فوئاد موستەفا سوڵتانی، تەیب عەباسی، ڕوح ئیلاهی، عەبدوڵلا موهتەدی، سەعید یەزدیان، شوعەیب زەکەریایی، جەعفەر حەسەنپور، ئەبوبەکر مودەرسی) دەستگیرکران و هەریەکەیان بەچەندین ساڵ زیندانی حوکمدران و لەسەروبەندی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی شۆڕش لە (١٩٧٨)دا ئازاد کران.76 لە وەرگرتنی ئەندام چەند مەرجێک دانراوە بۆ ئەو کەسەی دەبێتە ئەندام لەم ڕێکخراوە، لەوانە دەبێت ئەو کەسە لە بواری جەستەییەوە کارێکی کردبێت وەک کارکردن لە کارگەکان یان کاری وەرزێری، پاشان ئەو کەسە ڕەخنەگر بێت لە سەرمایەداریی و هەوڵی گۆڕینی بدات بۆ سۆسیالیستی، دەبێت باوەڕی بە ئازادیی ژن و ئازادیی ژیان هەبێت، بەڵام ئەم مەرجانە بەشێوەی زارەکی لەسەری ڕێکەوتوون هیچ نوسراوێک سەبارەت بەو مەرجانە نەبوو.77

سەبارەت بە بەشداریکردنی ژنان لە تەشکیلاتدا گوڵێ قوبادی78 دەڵێت:" پێش شۆڕشی گەلانی ئێران، لە ساڵانی حەفتاکان لە ڕێگەی خوشکم گوڵڕیزەوە لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمەڵە پەیوەندیمان هەبوو وە بڵاوکراوەمان پەخش دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵە ئاشکرا نەبوو، ئێمە نەماندەزانی ڕێکخستنێک هەیە، بەڵکو تەنها وەک تاکە کەس یەکترمان دەناسی، لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێراندا کۆمەڵەش خۆی ئاشکرا کرد، ئەو کات زانیم ئەو کەسانە شۆڕشگێڕن و ساڵانێکی زۆر لەگەڵیان خەباتم کردووە، بەم شێوەیە کۆمەڵەم ناسی و درێژەم بە خەباتدا...".79 هەروەها لە سەروبەندی شۆڕشدا تشکیلات هەستا بە ئەنجامدانی ڕێکخراوەو کۆمەڵەکانی ژنان لەوانە کۆمیتەی ژنان لە شاری مەریوان، کە لەسەر پێشنیازی فوئاد مستەفا سوڵتانی دامەزراوە، ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی مەریوان لە دەوری ئەم ڕێکخراوە کۆبوونەوە، ئەمەش سەرەتایەک بوو کە ژنان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆپیشاندانەکان و شۆڕشدا بەشدارییان پێکراوە، چەندین ژن لە ناو ئەم ڕێکخراوەدا بە چالاکانە هەڵسوڕاون و ڕێکخراوەکەیان بەڕێوە بردووە، لەوانە(فاتمە موحەمەدی، مەلەکە مستەفا سوڵتانی، ناهیدە موحەمەدی، سەعدییە نەسیمی...هتد)، لە پاڵ ئەرکی ڕێکخراوەی ئەرکێکی تری ئەم ژنانە ئەوە بوو، بە گروپی پزیشکیەوە سەردانی گوندەکانیان کردووەو پزیشکەکان بە ئەرکی خۆیان هەستاون و نەخۆشەکانیان چارەسەر کردووەو ئەندامانی کۆمیتەی ژنانیش لەگەڵ تیمە پزیشکێکەدا ژنانی گوندەکاکیان کۆکردۆتەوەو ڕێنماییان کردوون و زانیارییان پێبەخشیوون.80 پاشان لە ساڵی (١٩٧٨) ژمارەیەک لە مامۆستایانی دڵسۆزو هۆشیاری شاری سنە کە پێکهاتبوون لە(موحەمد ڕوحانی، عەتا خەلقی، موزەفەر موحەمەدی)، وە ئەو ژنانەشی بەشدار بوون بریتی بوون لە:(شەهێن قادری، فەریدە قورەیشی، کە لەنێو خوێندکاراندا خۆشەویست و ناسراو بوون و لە هاندانی خوێندکاران بۆ بەشداریکردن لە تێکۆشان ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو بیریان لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی مامۆستایان کردەوە بۆ تێکۆشان دژ بە سیاسەتەکانی شاو پێکهێنانی شورای خوێندکاران، بۆ ئەم مەبەستەش لە ماڵی یەکێک لە مامۆستایان کۆبوونەوەو بڕیاری دامەزراندنی کانونی مامۆستایانیان دا، ئامانجی ئەم کانونە بەشێوەیەکی گشتی بریتی بوو لە ئامادەکردن و دابینکردنی کتێبی فارسیی و زانستی کۆمەڵاییەتی سەرەتایی و کتێبی کوردیی و هەوڵدان بۆ دانانی سندوقی بێکاری بۆ ئەو مامۆستایانەی کە بەهۆی چالاکی سیاسییەوە لە کارەکانیان دەردەکران، دواتر لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش دامەزرا وەک (سەقز، مەریوان، بۆکان، بانە، مەهاباد).81 (شورای ژنانی سنە)ش یەکێکی تر بوو

لەو ڕێکخراوانە، کە لەلایەن ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەوە وەک (گوڵڕیز قوبادی، گوڵێ قوبادی، فایزە قوتبی، شەهێن حەیدەری...هتد) دامەزراوە، کاری ئەم شورایەش بریتی بوو لە: بانگهێشت کردنی ژنان بۆ شوراکە، گەیاندنی یارمەتی بۆ بریندارەکانی شەڕ، لەم پێناوەشدا ژمارەیەک لە ژنانی ئەندامی شورا گیانیان لەدەستدا وەک( گوڵڕیز قوبادی، فایزە قوتبی، فەریدە زەکەریایی).82

لە دەستپێکی شۆڕشدا ژنان لە خۆپیشاندان و ناڕەزاییەتییەکانی دژ بە شا بەشدارییانکرد، تەنانەت لە هەندێک لە کۆبوونەوەکان دا کە بە مەبەستی ڕێکخستن و ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکان دەبەسترا بەشدار دەبوون، وەک شەهین پێشیاری، یان هەندێکی دیکەیان وەک مەهین و گولرخ پێشیاری و شەوبۆ لەگەڵ بەشداریکردنیان لە خۆپیشاندانەکان، یارمەتی دەری ژنان و خانەوادەکان بوون لە کاتی پەلامارداني پۆلیسدا داڵدەیاندەدان. گرنگترین دروشمی خۆپیشاندانەکانیش بریتی بوو لە: ئازاد کردنی زیندانیانی سیاسیی.83 پاش سەرکەوتنی شوڕشیش کۆمەڵە پێی نایە قۆناغێکی نوێیەوە، بە تایبەت کاتێک لە(١٦ی شوباتی ١٩٧٩) بە فەرمی بوونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاندو بوو بە یەکێک لە ڕێکخراوە چالاکەکانی کوردستان،84 بەمەش کۆمەڵێک لێپرسراوی خستە سەر شانی خۆی، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەکان و سەرپەرشتیکردنی خەڵک و ڕابەرایەتیکردنیان. بۆیە شانبە شانی لایەنەکانی دیکە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گۆڕانکاری سیاسیی بۆوەو هاوکات چالاکانە لە بەشی زۆری ڕووداوەکانی کوردستان بە درێژایی ساڵانی(١٩٧٩-١٩٨١) ڕۆڵی خۆی بینی، وەک بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان و دروستکردنی ڕێکخراوە پیشەییەکانی خوێندکاران و ژنان.85 کاتێک خومەینی فەرمانی دەرکرد دەبێت ژنان لەچک و چارشێو بپۆشن، لە٨ی ئازار لە تاران لە لەلایەن ژنانەوە خۆپیشاندان دەستپێکرد،86 ژنانی کوردستانیش کە زۆربەیان سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون بۆ پاڵپشتی کردن لە خۆپیشاندانەکانی تاران و دژایەتی کردنی بڕیارەکەی خومەینی لە ڕۆژی (١١ی ئازاری ١٩٧٩) خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.87 بەڵام دواتر ڕژێم ئەم کارەی سەپاند بەسەر کۆمەڵگای کوردییدا، بۆ ئەم مەبەستەش پاسداران دەڕۆشتنە خوێندنگاکانی کچان و هەڕەشەیان لێ دەکردن، دەیانگوت ئەوەی لە دەرەوەی خوێندنگاش لەچک نەپۆشی لە خوێندنگا دەردەکرێت،88 یان خوێندکارانیان ناچار دەکرد دروشمی دژ بە حیزبە کوردییەکان بڵێن و ڕێگەیان نەدەدا خوێندکاران ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی حیزبە کوردییەکان بخوێننەوە.89 لە بەرامبەردا خوێندکارانیش خۆپیشاندان و مانگرتن و ناڕەزاییان دژ بە ڕژێم ئەنجام دا،لەم ڕێگەیەدا چەندین خوێندکار دەستبەسەر کراوە.90

کۆمەڵەو لایەنەکانی دیکە بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافە یاسایی و فەرهەنگیی و سیاسیی و ئابورییەکانیان لەگەڵ حکومەتی کاتی کەوتنە گفتوگۆ، بەڵام ئەم گفتوگۆیانە سەری نەگرت، نزیکەی دەیەیەک شەڕو پێکدادانی چەکداری بەشە جیاوازەکانی کوردستانی گرتەوە،91 کۆمەڵە تا ئەم کاتە خۆی بۆ چالاکی سیاسیی لە شارەکاندا ڕێکخستبوو، لە ماوەیەکی کەمدا توانی خۆی بۆ تێکۆشانی چەکداری لە گوندەکان و ناوچە دوور دەستەکان ڕێک بخات، پاشان ژنانیش وەک پێشمەرگە چوونە ڕیزی تێکۆشان، بەمەش کۆمەڵە توانی وەک یەکەمین هێزی سیاسیی ژنان چەکدار بکات.92 لەم بارەیەوە ئیبراهیمی عەلیزادە دەڵیت:' ڕاستە کۆمەڵە یەکەم هێز بوو کە ئەو ڕۆڵە بگێڕێ، بەڵام درەنگ دەستی پێکرد، نزیکەی سێ ساڵ تێپەڕی تا توانیمان ئەو دەستکەوتە بە دەست بێنین، هۆکارەکەشی ئەوە نەبوو کە ئێمە چالاکیی و هەڵسوڕانی ژنان لەم بوارەدا بە ڕەسمی نەناسێنین، لەسەرەتاوە بە پارێزەوە دەمانڕوانیە ئەو مەسەلەیە، پێمان وابوو ئەم کارە هێشتا بۆ کۆمەڵگای کوردستان قورس بێت، هەر بۆیە یەکەم دەستەی هێزی پێشمەرگەی ژنان بە جیاواز چەکدار کران، ئەو پێشوازییەی کە خەڵکی گوندەکان لەم جوڵانەوەیە کردیان، ئێمەی گەیاندە ئەو باوەڕە کە خۆپارێزییەکەمان لە جێگەی خۆی نەبووە، پێشوازی لە چەکدار بوونی ژنان وەک پێشمەرگە زۆر لە چاوەڕوانی خۆمان زیاتر بوو...".93 تەنانەت کەسایەتیەکی وەک مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی کە مەلاو ڕێبەرێکی ناسراوو لایەنگری کۆمەڵە بوو، ڕێگەی دا کچەکەی ببێتە پێشمەرگەی کۆمەڵە.94 یان زۆر لە کچانی لاوی گوندەکان بە جۆش و خرۆشەوە حەزیان دەکرد ببنە پێشمەرگە یان چالاکی دیکە ئەنجام بدەن لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵدا.95 لەم بارەیەوە ئامینە کاکە باوە کە لە ساڵی ١٩٨٦ بووە بە پێشمەرگەی کۆمەڵە دەڵێت:" ژیانی ئێمە وەک کچ یان ژن لە ژێر چاودێری داب و نەریت کۆنترۆڵ دەکرا، ئەمەش وایکرد کە خودی خۆمان نەبین، دەسەڵاتمان بەسەر جەستەو ژیانی خۆماندا نەبێت و سنوردار بین، کاتێک زانیم بژاردەی دیکەم لەبەردەمدایە(کۆمەڵەو پێشمەرگایەتی)، ئیدی گەلێک دژوار بوو لە نێو ئەم چوارچێوە تەسکەدا بژیم، ویستم تێبکۆشم، بۆ ئەوەی ژیانێکی باشترم هەبێت، گەنجێکی هۆشیار بووم، هەستم دەکرد لە ڕووی کلتور، ڕژێم و تەنانەت خانەوادەکەی خۆمیش دەوەستمەوە، بیرم کردەوە، کە دەبێت ژیان بە جۆریکی ترو ئەڵتەرناتیڤیکی ترهەبێت...".96

ژنانی پێشمەرگە تەنها ژنانی شارو ژنانی خوێندەواری لە خۆنەگرتبوو، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات ژنانی گوندیش هاتنە نێو ڕیزەکانی ئەم حیزبەوەو هاوشانی پیاوان ڕاهێنانی چەکداریان پێی دەکرا، بەم پێیە هەموو چینەکانی کۆمەڵگا خوێندەوارو نەخوێندەوار و دەوڵەمەندو هەژاری لە خۆگرت.97 بۆ نموونە زوبێدە زەبیحی ناسراو بە(زبەی کۆمەڵە) ژنێکی نەخوێندەواری گوندنشینی خەڵکی شاری مەریوانە لە تەمەنی سیانزدە ساڵیدا هاوسەرگیری کردووە، خاوەنی پێنج منداڵ بوو بەر لە دامەزراندنی کۆمەڵە لەگەڵ ئەندامەکانی حیزبەکەدا ئاشنای پەیدا کردووە، پاش سەرکەوتنی شۆڕش کاتێک شورای شارەکان دادەمەزرێ، ئەندامانی کۆمەڵە پێیان باشبوو لە گوندەکەی ناوبراودا ژنێک کاندید بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش ناوبراویان کاندید کرد، دواتر زۆرترین دەنگی بە دەستهێنا، ئەم لەگەڵ پێنج کەسی دیکە کە پیاو بوون شورای گوندەکەیان پێکهێنا. پاش هێرشەکانی ڕژێمی ئیسلامیی بۆ سەر

کوردستان وەک ژنێکی گوندنشین چەکی هەڵگرتووەو بووە بە پێشمەرگە لە ریزەکانی هێزی چەکداری کۆمەڵە.98

هەروەها ژنان لەم رێگەدا چەندین گیروگرفتیان بۆ هاتۆتە پێش لەوانە: هۆکاری کۆمەڵایەتیی بوو هاتنی ژنان بۆ نێو ریزی پێشمەرگە، لە لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە بەربەستی زۆری بۆ دروست دەکرا، بیروبۆچوونی کۆن و بەرتەسک دژی کۆمۆنیستی لەم مەسەلەیەدا رۆڵی بینی، رۆحی پیاو سالاری وایکرد بوو کە ژنان لە نێو ریزی پێشمەرگەدا لە ژێر فشاردا بن،99 لەلایەن هەندێک لە پیاوانی پێشمەرگەوە بە چاوی کەمتر سەیر دەکران، توشی نایەکسانی و جیاکاری دەبوونەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هاتنی ژنان بۆ نێو ریزەکانی پێشمەرگە، بە خێرایی کاری کردە سەر کەش و هەوای کۆمەڵایەتیی کوردستان و بروا بە خۆبوونێکی زیاتری بە ژنان بەخشی.100 ژنان لەم پێناوەدا شەهیدیان داوە یەکەم پێشمەرگەی ژن کەلە شەڕ کوژرا ئەشرەفی رادپور بوو، وە یەکەم ژنێکی هەلسوراوی کۆمەڵە کە لە زیندانی کۆماری ئیسلامی کوژرا نیرەی ئەعزەمی بوو،101 لە نێوان ساڵانی (١٩٧٩-١٩٩١) سەدو سێ ژن گیانیان لە دەستداوە، نزیکەی پەنجا کەسیان لە کاتی رووبەڕووبونەوەی چەکداری گیانیان لە دەستداوە، بەم پێیە زۆرێک لە خانەوادەکان کچانی سیاسییان لەرێگەی چالاکی سیاسیی و هێزی چەکداری پێشمەرگە لە دەستداوە.102

بەدەر لە خەباتی چەکداری، ژنانی کۆمەڵە لە گوندەکاندا میتینگیان سازدەکرد، بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی ژنان لە دۆخی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی و رۆڵیان لە خەبات و تێکۆشان،103 ئەمەش بووە هۆی زیاتر دەرکەوتنی ژنان لە بۆنە نەتەوەیی و سیاسییەکاندا.104 جگەلەوە ژنان و کچان رۆڵیکی بەرچاویان هەبوو لە مانگرتنەکان بە تایبەتی مانگرتنی خەڵکی شاری سنە و کۆچی مەریوان و خۆپیشاندانەکانی شارەکانی(سنە، مەریوان، بانە، مەهاباد، سەقز...هتد).105 دواتر لە کاتی هێرشی دووەمی رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە(١٧ی نیسانی ١٩٨٠) بۆ سەر کوردستان ژنان شانبە شانی پیاوان لەم جەنگەدا بەشداربیان کرد،106 کاتێکیش کۆمەڵە شارەکانی بەجێ هێشت تاکو ساڵی ١٩٨٨ و دواتریش ژنان هەر بەردەوام پەیوەندییان بە کۆمەڵەوە دەکردوو دەچوونە ریزی پێشمەرگە، 107 لە هەمان کاتدا ژنان لە نێو شارەکانیشدا چالاکانە بەشداربیان لە خۆپیشاندان دەکرد،108 لەم بارەیەوە ناهید وەفایی109 دەڵێت:" کاتێک پێشمەرگە شارەکانی بەجێ هێشت لە نێو تەشکیلاتی نهێنی دا لە شارەکان کارمان دەکرد، بڵاوکراوەمان پەخش دەکرد، دروشمان لە سەر دیوارەکان دەنوسی، بریندارەکانمان دەرمان دەکرد..."110

کاتێک رژێمی کۆماری ئیسلامیی لە ماوەی هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر کوردستان هەستا بە لە سێدارەدان و کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بە بێ دادگایکردن، لە نێویاندا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بە گشتی و ژنانی کۆمەڵە بە تایبەتی کوژران و لە سێدارە دران، نموونەی ئەو ژنانەش وەک شەهلاو نەسرین کەعبی کە خوشک بوون خەڵکی شاری سەقز بوون، کاتێک رژێم لە نەورۆزی خوێناوی سنە یەکەم هێرشی خۆی بۆ سەرشارەکان دەست پێکرد، ئەمان بۆ یارمەتی دانی بریندارەکان رۆشتنە شارەکە، بۆیە کاتێک رژێم شەڕی سێ مانگەی دەست پێکرد هەردوو کیانی لەگەڵ ژمارەیەک لە کارمەندانی نەخۆشخانەی شارەکە دوور خستەوە بۆ کرمان و قەزوین، لەم ماوەیەدا چالاکانە بڵاکراوەکانی کۆمەڵەیان بەسەر خەڵکدا دابەشکرد، لە کۆتاییدا لە هێرشی دووەمی رژێم بۆ سەر کوردستان دەستگیر کراون و لە تاران زیندانی کراون، پاشان هێنراونەتەوە بۆ شاری سنە و لە سێدارە دراون.111 یەکێکی دیکە لەو ژنانە (زەریفە باجەڵان)ی خەڵکی کامیاران بوو، ژنی ماڵەوەو دایکی چەند منداڵێکی هەتیوو بوو، لە کاتی هاتنی تانکەکانی رژێم بۆ مەریوان، لەگەڵ خەڵکەکەدا بۆ رێگە گرتن لە تانکەکان لە نێو شەقامەکەدا دانیشت، بە هەموو شێوەیەک لە شارەکەدا یارمەتی پێشمەرگەی دەدا، سەرئەنجام لە(٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠) بە تۆمەتی هاوکاریکردنی پێشمەرگە دەستگیر کرا، پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر لە سێدارە درا.112 بۆیە بە پێچەوانەی بزوتنەوە کوردییەکانی ترەوە، کەلە رێگەی دروستکردنی پەیوەندی سایکۆلۆژیەنە لەگەڵ مێژووی کوردو خەباتی رابردووی خەریکی بە هێزکردنی کوردایەتی بوون، 113 ئەم رێکخراوە هەوڵیداوە لە رێگەی گرنگی دانی تایبەت بە پەروەردەی سیاسییانەو بەشارەزاکردنی کچان و کوڕانی گوند بە بنەماکانی چینایەتی و شەڕی پێشمەرگانە، پاڵپشتی خۆی لە نێو کوردا بونیاد بنێت.114 .

## دەرئەنجام

**پاش ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە چەند راستییەک کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێتەوە:**

**١- ژنانی ئێرانی لە سەردەمی شادا هەرچەندە توانیان بەشێک لە مافەکانیان بە دەست بهێنن وەک ئازادیی پۆشینی جلوبەرگ...هتد، بەڵام هێشتا بەشێکی زۆری کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و ژنان بە تایبەت نەخوێندەوار بوون، بۆیە ژنان بە ئایدۆلۆژیایی جیاوازەوە کە هەندێکیان لایەنگری خومەینی بوون و بەشێکی دیکەشیان سەر بەرەوتی چەپی تودە یان پارتەکانی دیکەی وەک موجاهیدین خەلق و چریکەی فیدایان بوون، شانبەشانی پیاوان توانیان بەشداربن لە تێکۆشانی سیاسیی دژ بە دەسەڵاتی حەمە رەزاشا، سەرئەنجام توانیان کۆتایی بەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە بهێنن.**

**٢-پاش سەرکەوتنی شۆڕشیش بە هۆی سیاسەتە تاک رەویەکەی خومەینی و دەرکردنی چەندین بڕیار لەلایەن ناوبراوەوە، بووە هۆی بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی شەقام، لەوانەش دەرکردنی بڕیاری پۆشینی لەچک بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژنان جارێکی دیکە پێکەوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان خەبات بکەن و تێ بکۆشن. بەڵام لە هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە تاکو ئێستا خەباتی ژنان دژ بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی لە ئێران بەردەوامە.**

٣-پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، سیاسەتی سەرکوتکردنی کورد لە سەردەمی دەسەڵاتی خومەینی دا گەیشتە لوتکە، بە هیچ جۆرێک ئامادە نەبوو داواکارییەکانی کورد قبوڵ بکات، کە بریتی بوو لە دیموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان، دواجار چەندین شەڕو ماڵ وێرانی بۆ کورد دروستکرد، لەوانە(نەورۆزی خوێناوی سنە، ڕووداوی نەغەدە، شەڕی سێ مانگە...هتد)، لە هەریەک لەم ڕووداوانە ژنانی کورد بە تایبەت ئەو ژنانەی لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات یان کۆمەڵەدا بوون بەشداریان کردووەو شوێن دەستیان دیار بووە. خواردن و پۆشاک و داو دەرمانیان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بردووە، جگە لەوەش پاش بە جێ هێشتنی شارەکان چەکیان هەڵگرتووەو لەگەڵ پیاوان خەباتیان کردووە، لەم ڕێگەیەدا ژنان گیروگرفتی زۆریان بۆ هاتۆتە پێش چ لە لایەن خانەوادەکانیانەوە بێت یان کۆمەڵگا، تەنانەت زۆرجار لە لایەن ئەو پیاوانەی کە هاوخەبات و هاوسەنگەریان بوونە بە چاوی کەمترەوە تەماشا کراون، ئەمەش وایکردووە ژنان زیاتر لە توانای خۆیان کار بکەن تاکو بەو چاوەوە سەیر نەکرێن.

## پەراوێزەکان:

1. هۆشمەند عەلی محمود، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکە لەدۆخی سیاسیی بزوتنەوەی ڕزگاریخوزی کورد(١٩٧٩-١٩٨٩)،چ١، جاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢،ل.٢٩٠.
2. امال السبکی، مێژووی سیاسیی ئێران لەنێوان دوو شۆڕشدا(١٩٠٦-١٩٧٩).و.شەماڵ ئەحمەد، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٣،ل٣٠٧.
3. شۆڕشی سپی: بەرنامەیەکی چاکسازی بوو لەسەردەمی حەمە ڕەزاشادا ئەنجامدرا، لە ساڵی (١٩٦٣)کە بریتی بوو لە: هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەی زەوی کە لەنێوان خاوەن زەوی و جوتیاراندا لەئارادا بوو، خۆماڵیکردنی دارستان، فرۆشتنی کارگەکانی حکومەت بۆ پارەدارکردنی چاکسازیی کشتوکاڵی، هەموارکردنی یاساکانی هەڵبژاردن، لەوانە ئازادکردنی ئافرەت، ڕەزامەندی لەسەر بەشداریکردنی کرێکاران لەقازانجی کۆمپانیاکاندا، دامەزراندنی دەزگای نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ کار ئاسانی بە زۆر خوێندن. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (یروان ابراهامیان، ایران بین دو انقلاب از مشروطه تا انقلاب اسلامی، ت.کاظم فیروزمند و دیگران، چ١٦، چاپ سعدی، تهران، ١٣٩١، ص٤٠٩؛ ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و خەلیل عەلی موراد، مێژووی ئێران و تورکیا.و. بەهادین جەلال مستەفا، چ١،چاپخانی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١،ل٢٢٣).
4. هۆشمەند عەلی محمود، س.پ، ل٣١.
5. شەیما سەعید حمەلاو، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران-کۆمەڵە(سازکا) (١٩٦٩-١٩٨٨)، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٢١٩.
6. ڕامبود لەتیفپور، سەرهەڵدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی لە ئێران، دۆسێی ئێران(گۆڤار)، ژ٢، کانونی یەکەمی٢٠١٠، ل٨١.
7. یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کورد(١٩٣٩-١٩٧٩)، چ٢، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٥٦٣-٥٦٤؛ هۆشمەند عەلی محمود، س.پ،ل.٣٠.
8. امال السبکی. س.پ، ل٢٠٦.
9. حامد نظری، محمد رضا علم و دیگران، فرهنگ سیاسی زنان شیعه(با تأکید بر نقش انقلاب اسلامی ایران)، فصلنامه علمی پژوهشی زن و فرهنگ، سال پنجم، شماره١٧، پاییز١٣٩٢،ص٨٩.
10. ١٠-مرتضی مطهری، نقش زن در جمهوری اسلامی، http://www.mortezamotahari.com/fa/BookView.html?BookId=418&BookArticleID=130755
11. 11- ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و خەلیل عەلی موراد،س.پ،ل٢٢٣.
12. سەعید مەموزینی، ڕووخانی شاو سەرکەوتنی خومەینی، چ١، هەولێر، ٢٠١١،ل٧٤: حسین مسعودیان و دیگران، مطالعه تطبیقی حضور زن در قوه مقننه: تحولات قبل و بعد انقلاب اسلامی ایران، نشریه زن در توسعه و سیاست، دوره١١،شماره٤،زمستان١٣٩٢،ص٥٨١: محمد رضا پهلوی،پاسخ به تاریخ، ب.س، ب.م، ص٤٠٥.
13. نقش زنان در پیروزی انقلاب اسلامی چیست؟ https://www.porseman.com/article/نقش-زنان-در-انقلاب-اسلامي/55386
14. سمیه عباسی و دیگران،نگاهی به موقعیت زنان ایران در دوره پهلوی از سال ١٣٠٠-١٣٣٢ش، پژوهش نامه زنان، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال پنچم، شماره اول، تابستان ١٣٩٣، ص٧٠.
15. نقش زنان در پیروزی انقلاب اسلامی چیست؟ https://www.porseman.com/article/نقش-زنان-در-انقلاب-اسلامي/55386
16. روایت تاریخی،تاریخ انقلاب، نقش زنان در دفاع مقدس، http://farsi.khamenei.ir/newspart-index?tid=5170
17. فرح پهلوی، کهن دیارا خاطرات فرح پهلوی، ٢٠٠٤،ص٢٧٣؛ اطلاعات، شماره ١٥٧٠٦، شنبه ١٨ شهریور ماه ١٣٥٧.
18. مرتضی مطهری، نقش زن در جمهوری اسلامی، www.mortezamotahari.com/fa/BookView.html?BookId=418&BookArticleID=130755
19. اطلاعات، شماره 15783، دوشنبه، ٢٣ بهمن ١٣٥٧؛ مریم یزدانی، نگاهی به پیدایش انقلاب اسلامی و نقش زنان در پیروزی آن، http://www.imam-khomeini.ir/fa/n123708/نگاهی_به_پیدایش_انقلاب_اسلامی_و_نقش_زنان_در_پیروزی_آن
20. همان پیشین.

هەواڵنامەی کتێب

21. ریحانە قادری، تاثیر فرهنگ سیاسی بر مشارکت زنان با تاکید بر نقش انقلاب اسلامی ایران، [illegible]aboutus/9318/4/9318/52

22. امار شهیدان انقلاب اسلامی، http://www.ion.ir/news/325469

23. نقش زنان در پیروزی انقلاب اسلامی چیست؟ https://www.porseman.com/article/نقش-زنان-در-انقلاب-اسلامي/55386

24. یرواند ابراهامیان، اعتراف شکنجە شدگان، چ١، نشر باران، سوید، ٢٠٠٣، ص١٥٠.

25. همان پیشین.

26. زیندانی ئەوین: یەکێکە لە ناودارترین زیندانەکانی ئێران، کە دەکەوێتە ناوچەی سەعادەت ئاباد، لەساڵی ١٩٧٩ تەواو کراوە، لەم زیندانەدا کەسانێک لە گروپە جیاوازەکانی مەزهەبی و سیاسی...هتد، وەک تالقانی و مسعود ڕەجەوی تێیدا دەستبەسەر کراون، تاکو ئێستاش بەشی تایبەت بە ژنانی تێیدایە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (گزارشی از زندان اوین مشهورترین زندان ایران، https://fa.iran-hrm.com/گزارشی-از-زندان-اوین-مشهورترین-زندان-ا/

27. ویداد حاجی تبریزی، داد بی داد نجستین زندان سیاسی زنان١٣٥٧-١٣٥٨، جلد٢، چ١، خرداد ١٣٨٣، ص٢٩٤.

28. مجاهدین خلق ایران، فاطمە امینی، شمارە اول، سال اول، دوشنبە اول مرداد، ١٣٥٨؛ مجاهدین خلق ایران، فاطمە امینی، شمارە ٢، سال اول، دوشنبە ٨ مرداد ١٣٥٨؛ مجاهدین خلق ایران، مجاهد شهید فاطمە امینی چگونە در زیر شکنجە بشهادت رسید،حماسە یک پایداری بزرگ، شمارە٤، سال اول، دوشنبە٢٢ مرداد ١٣٥٨.

29. مجاهدین خلق ایران، یاد مجاهد شهید بهجت تیفتکچی را گرامی بداریم، شمارە ١٣، سال اول، دوشنبە ١٢ اذر ماە ١٣٥٨.

30. ویداد حاجی تبریزی، داد بی داد، جلد٢، ص٣٢٧.

31. همان پیشین، ص٣٢٨.

32. ویداد حاجی تبریزی، داد بی داد نجستین زندان سیاسی زنان١٣٥٧-١٣٥٨، جلد١، چ١، خرداد ١٣٨٣، ص١٦٤.

33. مسعود بهنود، از سید ضیاء تا بختیار، ب.م، ب.س، ص٨٥٤.

34. اطلاعات، شمارە١٥٧٠٦١، سە شنبە،٢٨ دی ماە ١٣٥٧.

35. اطلاعات، شمارە١٥٧٧٤، پنچشنبە، ١٢ بهمن ماە ١٣٥٧.

36. اطلاعات، شمارە 15802، چهارشنبە ١٦ اسفند ماە ١٣٥٧.

37. اطلاعات، شمارە ١٥٨٠٣، پنچشنبە، ١٧ اسفند ماە ١٣٥٧.

38. اطلاعات، شمارە ١٥٨٠٤، شنبە، ١٩ اسفند ماە ١٣٥٧.

39. اطلاعات، شمارە ١٦١٧٩، چهار شنبە ١١ تیر ماە ١٣٥٩.

40. یاسین سەردەشتی، س، پ، ل٥٩٤.

41. دەقی قسەکانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ڕێوڕەسمی ٢٤ی ڕەشەمە سالرۆژی دامەزراندنی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان، کوردستان، ژ٣٦١، ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٨١،ل.٢.

42. یاسین سەردەشتی، س، پ،ل٢٤٦.

43. SHahrzad Mojab, Women of [illegible] Kurds, Toronto, Canada,2001, p.76.

44. ibid, p. 78.

45. ڕۆژ عەزیزی، یەکیتی ژنانی دیموکراتی کوردستان یادگارەکەی کۆماری کوردستان، ژنان، ژ٣٩، نەورۆزی ١٣٩٣، ل١٠.

46. ئەحمەد ئەسکەندەری، ژن و سیاسەت، حیزبایەتی و یەکسانی، ژنان، ژ٣٠، تەمووزی ٢٠١١، ل٩.

47. عیسمەت نەستانی، مۆدێرنەو ڕزگاری ژن، ژنان، ژ٣٧، جۆزردانی١٣٩٢، ٢٠١٣، ل١٦.

48. شەیما سەعید حەمەلاو، س.پ، ل٢٢٤.

49. جعفر حسين نزار، الثورة الاسلامية في ايران وقائع واحداث، ط١، ١٩٧٩، ص٧٥.

50. هۆشمەند عەلی محمود، س.پ، ل٤٩.

51. خەدیجە مەعزوری: ناوی تەواوی خەدیجە موحەمەد عەبدولڕەحمانە، لەساڵی (١٩٦٣) لەدایکبووە، خەڵکی شاری شنۆیە، لە سابڵاخ پەیمانگی مامۆستایانی تەواو کردووە، لە کوردستانی باشوریش لە زانکۆی کۆیە بەشی یاسای خوێندووە، لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان کاری کردووە، دەیان وتاری لەسەر ژنان نوسیوە، پاشان بووە بە بەرپرسی بونیادی پشتیوانی لە ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، یەکێکە لە یەکەمین ژنە پێشمەرگەکانی دیموکرات، ئێستاش بەرپرسی کۆمسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دیموکراتەو لە کۆیە دەژی.

52. چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەدیجە مەعزوری)، کۆیە،٢٠١٩/٧/٢٩.

53. هـ.س.

54. کوێستان فتوحی، ژنانی پێشمەرگەو خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوزانە، ژنان، ژ٣٨، پاییزی ١٣٩٢، ٢٠١٣، ل١٢.

55. ژنانی نێوکۆری خەبات، ژنان، ژ٢٦، جۆزردانی ١٣٨٩، ل٣٣.

56. شوعلە قادری، ڕۆلی ژنان لە سیاسەت، ژنان، ژ٣٦، ڕەشەمەی ١٣٩١، ل٢٧.

57. کوێستان فتوحی، ڕۆلی ژنان لە خەباتی پێشمەرگایەتیدا، ژنان، ژ٣٢، سەرماوەرزی ١٣٩٠، ل٢٢.

58. خەدیجە پورمەند: ناوی تەواوی خەدیجە موحەمەد عەلی پورمەندە، لەساڵی (١٩٦٩) لە پیران شار لە دایکبووە، خانەوادەکەی کورد پەروەر بوونە، هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزایەکی خۆیدا کردووە کە پێشمەرگەی دیموکرات بووە، بۆیە ناوبراو لەگەڵ هاوسەرەکەی چووەتە کوێستانەکانی قەندیل، دواتر دەبێتە ئەندام لە حیزبی دیموکرات، بۆ ماوەی نۆ ساڵ لە یەکێتی ژنان بووە، ناوبراو تاکو ئێستا لە ژیاندا ماوەو لە کۆیە دەژی.

59. چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەدیجە پورمەند)، کۆیە،٢٠١٩/٧/٢٩.

60. موژگان عەلیپور، گۆشەیەک لە خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات، ژنان، ژ٤٢، بەفرانباری ١٣٩٤، ٢٠١٦، ل٢٢.

61. ئەحمەد هەمزە پور(مەکلاوی)، قاسملۆ سوار چاکی خەبات بۆ ئاشتی و دیموکراسی، چوار چرا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١١٠.

62. گەلاوێژ پەیڕەوان، ڕۆڵی کچان و ژنان لە شۆڕشدا، ژنان، ژ٣٥، خەرمانانی ١٣٩١، ٢٠١٢، ل٢١.
63. هـ، س، ل٢١.
64. ئینتها جەهانگیری، تەوار(بەرنامەی تەلەفزیۆنی)، کەناڵی ئاسمانی کورد کەناڵ، ٢٠١٧/٦/٣٠.
65. زولەیخا خزری، تەوار(بەرنامەی تەلەفزیۆنی)، کەناڵی ئاسمانی کورد کەناڵ، ٢٠١٧/٧/١٤.
66. عومەر باڵەکی و ئەوانی تر، ڕۆژی پێشمەرگەو ئاڵای کوردستان، بەرنامەی دیداری تایبەت، کورد کەناڵ، ٢٠١٨/١٢/١٨.
67. سنندج: رژیم جنایتکار اعدام زنان و مردان مبارز زندانی را ادامه میدهدم، خبرنامه، شماره ٥٦، ١٣٥٩/٣/٢٨، ص١.
68. کوێستان فتوحی، بزوتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان و پێگەی کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست، ژنان، ژ ٣٠، تەموزی ٢٠١١، ل٦.
69. ئینتها جەهانگیری، تەوار(بەرنامەی تەلەفزیۆنی)، کەناڵی ئاسمانی کورد کەناڵ، ٢٠١٧/٦/٣٠.
70. گفتوگۆ لەگەڵ (کوێستان فتوحی)، بە سکایپ، ئەڵمانیا، ٢٠١٩/٧/٢٥. (کوێستان فتوحی: لەساڵی (١٩٦٨) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی وەرزێری لادێی لە دایکبووە، لەساڵی (١٩٨٦) لەگەڵ خوشکێکی بووەتە پێشمەرگەی دیموکرات، ناوبراو جگە لە پرسی نەتەوەکەی مەسەلەیەک کە هەمیشە بەلایەوە گرنگ بووەو لە ئەوەلەویەتی کارەکانی بووە، مەسەلەی ژنان و پرسی یەکسانخوازییە، یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوبەرو دامەزرێنەری گۆڤاری ژنان، لە کۆنگرەی چوارەدەی حیزب بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە، ناوبراو ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی و وازی لە کاری حیزبایاتی هێناوە).
71. بێژەن ساعدی، حەقیقەتی مێژوو دیدار لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەنزادە تایبەت بە مێژووی حیزبی دیموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەلی کورد، چ١، ٢٠١٩، ل٢٩٦.
72. گفتوگۆ لەگەڵ (عیسمەت نەستانی)، بە ئیمێڵ، کۆیە، ٢٠١٩/٧/٣٠.( عیسمەت نەستانی: لە ساڵی (١٩٦٥) لە گوندی نەستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، لە ساڵی (١٩٧٩) پەیوەندی بە ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، زیاتر لە بیست ساڵ پێشمەرگایەتی کردووە، بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ مامۆستاو بەڕێوبەری خوێندنگای شۆڕش بوو، لە کۆنفرانسی سێیەمدا وەک بەرپرسی یەکێتی ژنانی دێموکرات هەلبژێردراوە، ئێستاش وەک کادری پلە چواری حیزب لە تێکۆشان بەردەوامە و لە کۆیە دەژی).
73. حامد گەوهەری، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەساڵدا(١٩٧٨-١٩٨٨)، ب١، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٦٥.
74. ملکه مصطفی سلطانی و ساعدوطن دوست، مباعث کنگره اول کومله، ب.م، ب.س، ص٨.
75. شەیما سەعید حەمەلاو، س.پ، ل١٤٤.
76. ئەیوب ئەیوب زادە، چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کۆمەڵەو دۆزی ناسیۆنالی کورد)، ب١، چ١، Nima Verlag، ٢٠٠٢، ل١٩-٢٠.
77. شەیما سەعید حەمەلاو، س.پ، ل١٨٨.
78. گفتوگۆ لەگەڵ (گوڵێ قوبادی)، بە سکایپ، سوێد ٢٠١٩/٧/٨. (گوڵێ قوبادی: ساڵی (١٩٥٦) لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی شاری سنە لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لەشاری سنە تەواو کردووە، پاشان بڕوانامەی دیپلۆمی بەدەستهێناوە، ساڵی (١٩٧٣-١٩٧٤) بە نهێنی لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە کاری کردووە،، ساڵی (١٩٧٩) بووتە یەکەم ئەندامی ژن لە نێو کۆمەڵە، ساڵی (١٩٨٠) بووە بە پێشمەرگە، ناوبراو تائێستا لە ژیاندا ماوەو لە سوێد دەژی).
79. (م، ا) سەعید، گفتوگۆ لەگەڵ گوڵێ قوبادی، کوردستان دیپلۆماتیک، ژ٢٨-٢٩، ٢٠١٨، ل٢٢.
80. ڕەشاد مستەفا سوڵتانی، کاک فوئاد ڕێبەرو سیاسەتمەدارو زانایەکی سیاسی، چاپی ڕۆژهەڵات، ٢٠٠٦، ل١٤٠-١٤١.
81. گلرخ قبادی، شقاقق ها بر سنگلاخ زندگی و زمانەی یک زن کرد ازکردستان ایران، چ١، ٢٠١٥، ص١١٣.
82. همان پیشین، ص١٩٧-١٩٨.
83. گفتوگۆ لەگەڵ (گوڵێ قوبادی)، بە سکایپ، سوێد، ٢٠١٩/٧/٨.
84. زاهیر ڕەشید پور، کۆمەڵە، چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٥١.
85. هۆشمەند عەلی محمود، س.پ، ل٢٤٥.
86. محمد جعفری، روشنک، چ١، انتشارات شنبه، ٢٠٠٥، ص٩١-٩٣.
87. حسین مراد بیگی، تاریخ زنده کردستان- چپ و ناسیونالیسم، انتشارات نسیم، ص٨١.
88. اعتراض دختران دانش اموز علیه پاسداران، خبرنامه، شماره ١٣٩، ١٣٦٠/٦/١٨، ص٦.
89. دبیرستان دختران نیشتمان مهاباد، خبرنامه، شماره ١٤١، ١٣٦٠/٧/١٠، ص٥.
90. تظاهرات پرشور دانش اموزان در سنندج، خبرنامه، شماره ٦٦، ١٣٥٩/٩/١٨.
91. مصطفی ایزدی و دیگران، تاریخ بیست ساله پاسداری از انقلاب اسلامی درغرب کشور اوضاع و احوال مناطق غرب و شمال غرب در اواخر دوران فترت یا عوامل به وجود اوردەی نبرد دوم، کتاب دوم، چ١، ١٣٨٦، ص٢٣٧.
92. فاطمه کریمی، مبارزات زنان کرد: پیوند شاخ و شار برگرفته از گاهنامه تحلیلی"بەرجەوەندار"، :http://www.nnsroj.com/fa/detiles.aspx?id=100835

پەلێکی تر لە ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش بە ڕیزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەیوەست بوون، پێشڕەو، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە،ژ ٢٦، دەورەی دووهەم، گەلاوێژی ١٣٦٧، ئووتی ١٩٨٨، ل١٩.

93. بەهمەن سەعیدی، خەبات بەرەو سەرکەوتن، ب١، چ٣، ٢٠١٢، ل٨٦.

94. سنەوبەر سەردار ستار، شێخ عیزەدینی حوسەینی (١٩٧٩-١٩٨٩)، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠١٦، بڵاونەکراوە، ل٣١.

95. نامەای از یک رفیق پیشمرگە، خبرنامە، شمارە ١١٤، ١٣٥٩/١٢/٢، ص٣.

96. ئامینە کاکە باوە، لە پێشمەرگایەتیەوە بۆ پەرلە مانی سوێد، و. ڕووناک شوانی، ئەم کتێبە دەستنووسە(توێژەر).

97. فاطمە کریمی، مبارزات زنان کرد: پیوند شاخ و شار برگرفتە از گاهنامە تحلیلی"بەرجەوەندار"، http://www.nnsroj.com/fa/detiles.aspx?id=100835

98. فاطمە کریمی، زبە کوملە؛ روایت زندگی یکی از نخستین زنان پیشمرگە کرد، https://www.nawext.com/fa/post/view/zbh-khwmlh--rwyt-zndgy-ykhy-z-nkhstyn-znn-pyshmrgh

99. بەهمەن سەعیدی، خەبات بەرەو سەرکەوتن، ل٢٥٦؛ گوڵێ قوبادی، س. پ، ل٤٧١.

100. ناهید وفایی، جلوهای زندگی، چ٢، سوید، ٢٠١٩، ص٢٩٤،

101. بەهمەن سەعیدی، سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە، چ١، ٢٠٠٩، ل٢٣٣.

102. فاطمە کریمی، مبارزات زنان کرد: پیوند شاخ و شار برگرفتە از گاهنامە تحلیلی"بەرجەوەندار"، http://www.nnsroj.com/fa/detiles.aspx?id=100835

103. برگزاری میتینگ زنان در یکی از روستاهای بوکان، خبرنامە، شمارە ١٣٧، ١٣٦٠/٦/٤، ص٥.

104. مراسم پرشور بر مزار رفیق شهید جمیل رمضانعلی، خبرنامە، شمارە ١٣٤، ١٣٦٠/٥/٦، ص٣.

105. بمناسبت ١٧ اسفند روز جهانی زن، خبرنامە، شمارە ١١٦، ١٣٥٩/٢/١٥، ص٢.

106. گلولە باران شهرهای مریوان- سنندج- سقز از طرف پادگان همچنان ادامە دارد، خبرنامە، شمارە ٢٤، ١٣٥٩/٢/٥، ص٤.

107. پەلێکی تر لە ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕ هاتنە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، پێشڕەو، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، ژ٢٧، دەورەی دووهەم، ڕەزبەری ١٣٦٧، ئۆکتۆبەری ١٩٨٨، ل٧.

108. ڕاپەیمانیی هەزاران ژن و پیاوی کرێکارو زەحمەتکێش لە شەقام و کۆڵانەکانی شاری سنە، پێشڕەو، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، ژ٣٠، جۆزردانی ١٣٦٧، ژوئەنی ١٩٨٩، ل٧.

109. گفتوگۆ لەگەڵ(ناهید وەفایی)، بە سکایپ، نەرویچ، ٢٠١٩/٧/٢٧. (ناهید وەفایی: لە ساڵی (١٩٦٨) لە شاری سنە لە دایکبووە، دایکی کوردو باوکی تورکمانە، لە ڕێگەی خاڵیەوە ئاشنا بووە بە سیاسەت، پاش شۆڕش پەیوەندی کردووە بە حیزبی چریکەی فیدایی کەمینەی ئێران، دواتر پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەوە تاساڵی (١٩٩١) لە نێو ئەم حیزبەدا چالاکانە کاری کردووە، پاشان چووەتە وڵاتی نەرویچ، ناوبراو تاکو ئێستا لە ژیاندا ماوەو لەوێ دەژی).

110. گفتوگۆ لەگەڵ(ناهید وەفایی)، بە سکایپ، نەرویچ، ٢٠١٩/٧/٢٧.

111. اعدام وحشیانە دختران انقلابی شهلا و نسرین کعبی، خبرنامە، شمارە ٧٢، ١٣٥٩/٦/١٤، ص٥.

112. رژیم جمهوری اسلامی شیر زن قهرمان ظریفە باجلانی را اعدام نمود، خبرنامە، شمارە ٨٥، ١٣٥٩/٧/٢٩، ص٣.

113. هۆشمەند عەلی محمود، س.پ، ل٢٦٠.

114. نادر ئینتسار، ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، و. عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٠١.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: بڵاوکراوەی پارت و ڕێکخراوەکان:


1.خبرنامە، اعتراض دختران دانش اموز علیە پاسداران، شمارە ١٣٩، ١٣٦٠/٦/١٨.

2ـــــ اعدام وحشیانە دختران انقلابی شهلا و نسرین کعبی، شمارە ٧٢، ١٣٥٩/٦/١٤.

3ـــــ برگزاری میتینگ زنان در یکی از روستاهای بوکان، شمارە ١٣٧، ١٣٦٠/٦/٤.

4ـــــ بمناسبت ١٧ اسفند روز جهانی زن، شمارە ١١٦، ١٣٥٩/٢/١٥.

5ـــــ تظاهرات پرشور دانش اموزان در سنندج، شمارە ٦٦، ١٣٥٩/٩/١٨.

6ـــــ دبیرستان دختران نیشتمان مهاباد، شمارە ١٤١، ١٣٦٠/٧/١٠.

7ـــــ رژیم جمهوری اسلامی شیر زن قهرمان ظریفە باجلانی را اعدام نمود، شمارە ٨٥، ١٣٥٩/٧/٢٩.

8ـــــ سنندج: رژیم جنایتکار اعدام زنان و مردان مبارز زندانی را ادامە میدهدم، شمارە ٥٦، ١٣٥٩/٣/٢٨.

9ـــــ گلولە باران شهرهای مریوان- سنندج- سقز از طرف پادگان همچنان ادامە دارد، شمارە ٢٤، ١٣٥٩/٢/٥.

10ـــــ مراسم پرشور بر مزار رفیق شهید جمیل رمضانعلی، شمارە ١٣٤، ١٣٦٠/٥/٦.

11ـــــ نامەای از یک رفیق پیشمرگە، شمارە ١١٤، ١٣٥٩/١٢/٢.


### دووەم: یاداشت و بیرەوەری:

أ-بە زمانی کوردی:


12.ئامینە کاکە باوە، لە پێشمەرگایەتیەوە بۆ پەرلەمانی سوێد، و. ڕووناک شوانی، ئەم کتێبە دەستنووسە(توێژەر).


ب- بە زمانی فارسیی:


13.فرح پهلوی، کهن دیارا خاطرات فرح پهلوی، ٢٠٠٤.

14.گلرخ قبادی، شقاقق ها بر سنگلاخ زندگی و زمانەی یک زن کرد از کردستان ایران، چ١، ٢٠١٥.

15.محمد جعفری، روشنک، چ١، انتشارات شنبە، ٢٠٠٥.

16.ناهید وفایی، جلوهای زندگی، چ٢، سوید، ٢٠١٩.

17.ویداد حاجی تبریزی، داد بی داد نجستین زندان سیاسی زنان١٣٥٧-١٣٥٨، جلد١، چ١، خرداد١٣٨٣.

18.ویداد حاجی تبریزی، داد بی داد نجستین زندان سیاسی زنان۱۳۵۷ -۱۳۵۸، جلد۲، چ۱، خرداد۱۳۸۳.

**سێیەم: چاوپێکەوتن و گفتوگۆکان:**

أ-چاوپێکەوتنەکان:

19.چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەدیجە پورمەند)، کۆیە،۲۰۱۹/۷/۲۹.

20.چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەدیجە مەعزوری)، کۆیە،۲۰۱۹/۷/۲۹.

ب-گفتوگۆکان:

21.گفتوگۆ لەگەڵ (عیسمەت نەستانی)، بە ئیمێڵ، کۆیە، ۲۰۱۹/۷/۳۰.

22.گفتوگۆ لەگەڵ (کوێستان فتوحی)، بە سکایپ، ئەڵمانیا، ۲۰۱۹/۷/۲۵.

23.گفتوگۆ لەگەڵ (گوڵێ قوبادی)، بە سکایپ، سوێد ۲۰۱۹/۷/۸.

24.گفتوگۆ لەگەڵ(ناهید وەفایی)، بە سکایپ، نەرویج، ۲۰۱۹/۷/۲۷.

**چوارەم: بەرنامەی تەلەفزیۆنی:**

25.ئینتیها جەهانگیری، تەوار(بەرنامەی تەلەفزیۆنی)، کەناڵی ئاسمانی کورد کەناڵ، ۲۰۱۷/٦/۳۰.

26.زولەیخا خزری، تەوار(بەرنامەی تەلەفزیۆنی)، کەناڵی ئاسمانی کورد کەناڵ، ۲۰۱۷/۷/١٤.

27.عومەر باڵەکی و ئەوانی تر، ڕۆژی پێشمەرگەو ئاڵای کوردستان، بەرنامەی دیداری تایبەت، کورد کەناڵ، ۲۰۱۸/۱۲/۱۸.

**پێنجەم: کتێبەکان:**

أ-بە زمانی کوردی:

28.امال السبکی، مێژووی سیاسیی ئێران لەنێوان دوو شۆڕشدا(۱۹۰٦-۱۹۷۹).و.شەماڵ ئەحمەد، چ۱، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ۲۰۱۳.

29.ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و خەلیل عەلی موراد،مێژووی ئێران و تورکیا،و. بەهادین جەلال مستەفا، چ۱،چاپخانی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ۲۰۱۱.

30.ئەحمەد هەمزەپور(مەکڵاوی)، قاسملۆ سوار چاکی خەبات بۆ ئاشتی و دیموکراسی، چوار چرا، سلێمانی، ۲۰۱۰.

31.ئەیوب ئەیوب زادە، چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کۆمەڵەو دۆزی ناسیۆنالی کورد)، ب۱، چ۱، Nima Verlag،۲۰۰۲.

32.یێژەن ساعدی، حەقیقەتی مێژوو دیدار لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەنزادە تایبەت بە مێژووی حیزبی دیموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەلی کورد، چ۱، ۲۰۱۹.

33.بەهمەن سەعیدی، خەبات بەرەو سەرکەوتن، ب۱، چ۳، ۲۰۱۲.

34.ـــــــــ سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە، چ۱، ۲۰۰۹.

35.حامد گەوهەری، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەساڵدا(۱۹۷۸-۱۹۸۸)، ب۱، هەولێر، ۲۰۱۱.

36.ڕەشاد مستەفا سوڵتانی، کاک فوئاد ڕێبەرو سیاسەتمەدارو زانایەکی سیاسیی، چاپی ڕۆژهەڵات، ۲۰۰٦.

37.زاهیر ڕەشید پور، کۆمەڵە، چوارچرا، سلێمانی، ۲۰۰٦.

38.سەعید مەموزینی، ڕووخانی شاو سەرکەوتنی خومەینی،چ۱، هەولێر، ۲۰۱۱.

39.شەیما سەعید حمەلاو، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران-کۆمەڵە(سازکا) (۱۹٦۹-۱۹۸۸)، چ۱، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ۲۰۱۷.

40.نادر ئینتسار، ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، و. عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ۲۰۰٤.

41.هۆشمەند عەلی محمود، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکە لەدۆخی سیاسیی بزوتنەوەی ڕزگاریخوزی کورد(۱۹۷۹-۱۹۸۹)،چ۱، جاپخانەی شەهاب، هەولێر، ۲۰۱۲.

42.یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کورد(۱۹۳۹-۱۹۷۹)، چ۲، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

ب- بە زمانی عەرەبی:

43.جعفر حسین نزار، الثورة الاسلامية في ايران وقائع واحداث، ط۱، ۱۹۷۹.

ج- بە زمانی فارسیی:

44.حسین مراد بیگی، تاریخ زنده کردستان- چپ و ناسیونالیسم، انتشارات نسیم.

45.محمد رضا پهلوی،پاسخ به تاریخ، ب.س، ب.م.

46.مسعود بهنود، ازسید ضیاء تا بختیار، ب.م، ب.س.

47.مصطفی ایزدی و دیگران، تاریخ بیست ساله پاسداری از انقلاب اسلامی در غرب کشور اوضاع و احوال مناطق غرب و شمال غرب در اواخر دوران فترت یا عوامل به وجود اوردەی نبرد دوم، کتاب دوم، چ۱، ۱۳۸٦.

48.ملکه مصطفی سلطانی و ساعدوطن دوست، مباعث کنگره اول کومله، ب.م، ب.س.

49.یروان ابراهامیان، ایران بین دو انقلاب از مشروطه تا انقلاب اسلامی، ت.کاظم فیروزمند و دیگران، چ١٦، چاپ سعدی، تهران، ۱۳۹۱.

50.یرواند ابراهامیان، اعتراف شکنجه شدگان، چ۱، نشر باران، سوید، ۲۰۰۳.

د- بە زمانی ئینگلیزی:

SHahrzad Mojab, Women of Anon State Nation the .51 .Kurds, Toronto, Canada,2001

**شەشەم: سەرچاوی زانکۆیی:**

52.سنەوبەر سەردار ستار، شێخ عیزەدینی حوسەینی (۱۹۷۹-۱۹۸۹)، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ۲۰۱٦، بڵاونەکراوە.

**حەوتەم: گۆڤارەکان:**

أ-بە زمانی کوردی:

53.پێشڕەو، پەلێکی تر لە ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش بە ڕیزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەیوەست بوون، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە،ژ ۲٦، دەورەی دووهەم، گەلاوێژی ۱۳٦۷، ئووتی ۱۹۸۸.

54.ــــــ پەلێکی تر لە ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕ هاتنە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، ژ۲۷، دەورەی دووهەم، ڕەزبەری ۱۳٦۷، ئۆکتۆبەری ۱۹۸۸.

55.ــــــ ڕاپەیمانیی هەزاران ژن و پیاوی کرێکارو زەحمەتکێش لە شەقام و کۆڵانەکانی شاری سنە، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، ژ۳۰، جۆزردانی ۱۳٦۷، ژوئەنی ۱۹۸۹.

56.دۆسێی ئێران، ڕامبود لەتیفپور، سەرهەڵدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی لە ئێران، ژ٢، کانونی یەکەمی٢٠١٠.

57.ژنان، ڕۆژ عەزیزی، یەکیتی ژنانی دیموکراتی کوردستان یادگارەکەی کۆماری کوردستان، ژ٣٩، نەورۆزی ١٣٩٣.

58ـــ ژنانی نێو کۆری خەبات، ژ٢٦، جۆزردانی ١٣٨٩.

59ـــ شوعلە قادری، ڕۆلی ژنان لە سیاسەت، ژ٣٦، ڕەشەمەی ١٣٩١.

60ـــ عیسمەت نەستانی، مۆدێرنەو ڕزگاری ژن، ژ٣٧، جۆزردانی ١٣٩٢، ٢٠١٣.

61ـــ کوێستان فتوحی، بزوتنەەی نەتەوایەتی لە کوردستان و پێگەی کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست، ژ ٣٠، تەموزی ٢٠١١.

62ـــ کوێستان فتوحی، ڕۆلی ژنان لە خەباتی پێشمەرگایەتیدا، ژ٣٢، سەرماوەرزی ١٣٩٠.

63ـــ کوێستان فتوحی، ژنانی پێشمەرگەو خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوزانە، ژ٣٨، پاییزی ١٣٩٢، ٢٠١٣.

64ـــ گەلاوێژ پەیڕەوان، ڕۆڵی کچان و ژنان لە شۆڕشدا، ژ٣٥، خەرمانانی ١٣٩١، ٢٠١٢.

65ـــ موژگان عەلیپور، گۆشەیەک لە خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات، ژ٤٢، بەفرانباری ١٣٩٤، ٢٠١٦.

66ـــ ئەحمەد ئەسکەندەری، ژن و سیاسەت، حیزبایەتی و یەکسانی، ژ٣٠، تەمووزی ٢٠١١.

67.کوردستان دیپلۆماتیک، (م، ا) سەعید، گفتوگۆ لەگەڵ گوڵێ قوبادی، ژ٢٨-٢٩، ٢٠١٨.

ب-بە زمانی فارسیی:

68.پژوهش نامه زنان، سمیه عباسی و دیگران،نگاهی به موقعیت زنان ایران در دوره پهلوی از سال ١٣٠٠-١٣٣٢ش، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال پنچم، شماره اول، تابستان ١٣٩٣.

69.فصلنامه علمی پژوهشی زن و فرهنگ حامد نظری، محمد رضا علم و دیگران، فرهنگ سیاسی زنان شیعه(با تأکید بر نقش انقلاب اسلامی ایران)، سال پنجم، شماره١٧، پاییز١٣٩٢.

70.نشریه زن در توسعه و سیاست، حسین مسعودیان و دیگران، مطالعه تطبیقی حضور زن در قوه مقننه: تحولات قبل و بعد انقلاب اسلامی ایران، دوره١١،شماره٤،زمستان١٣٩٢.

هەشتەم: ڕۆژنامەکان:

أ-بە زمانی کوردی:

71.کوردستان، دەقی قسەکانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ڕێوڕەسمی ٢٤ی ڕەشەمە سالرۆژی دامەزراندنی بەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان، ژ٣٦١، ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٨١.

ب-بە زمانی فارسیی:

72.اطلاعات، شماره 15783، دوشنبه، ٢٣ بهمن ١٣٥٧.

73ـــ شماره ١٥٧٠٦، شنبه ١٨شهریور ماه ١٣٥٧.

74ـــ شماره 15802، چهارشنبه ١٦ اسفند ماه ١٣٥٧.

75ـــ شماره ١٥٨٠٣، پنچشنبه، ١٧ اسفند ماه ١٣٥٧.

76ـــ شماره ١٥٨٠٤، شنبه، ١٩ اسفند ماه ١٣٥٧.

77ـــ شماره ١٦١٧٩، چهارشنبه ١١ تیرماه ١٣٥٩.

78ـــ شماره١٥٧٠٦١، سه شنبه،٢٨دی ماه ١٣٥٧.

79ـــ شماره١٥٧٧٤، پنچشنبه، ١٢ بهمن ماه ١٣٥٧.

80.مجاهدین خلق ایران، فاطمه امینی، شماره ٢، سال اول، دوشنبه ٨ مرداد ١٣٥٨.

81ـــــــ فاطمه امینی، شماره اول، سال اول، دوشنبه اول مرداد، ١٣٥٨.

82ـــــــ مجاهد شهید فاطمه امینی چگونه درزیر شکنجه بشهادت رسید،حماسه یک پایداری بزرگ، شماره٤، سال اول، دوشنبه٢٢ مرداد ١٣٥٨.

83ـــــــ یاد مجاهد شهید بهجت تیفتکچی را گرامی بداریم، شماره ١٣، سال اول، دوشنبه ١٢ اذرماه ١٣٥٨.

نۆیەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان(ئینتەرنێت):

84.امار شهیدان انقلاب اسلامی، http://www.ion.ir/news/325469

85.روایت تاریخی،تاریخ انقلاب، نقش زنان در دفاع مقدس، http://farsi.khamenei.ir/newspart-index?tid=5170

86.ریحانه قادری، تاثیر فرهنگ سیاسی بر مشارکت زنان با تاکید بر نقش انقلاب اسلامی ایران، http://kssi- /journal.ir/faslname/aboutus/9318/4/9318/52

87.فاطمه کریمی، زبه کومله؛ روایت زندگی یکی از نخستین زنان پیشمرگه کرد، https://www.nawext.com/fa/post/view/zbh-khwmlh- -rwyt-zndgy-ykhy-z-nkhstyn-znn-pyshmrgh

88.فاطمه کریمی، مبارزات زنان کرد: پیوند شاخ و شار برگرفته از گاهنامه تحلیلی"بەرجەوەندار"، http://www.nnsroj.com/fa/detiles.aspx?id=100835

89.گزارشی از زندان اوین مشهورترین زندان ایران، https://fa.iran-hrm.com/گزارشی-از-زندان-اوین-مشهورترین-زندان-ا/

90.مرتضی مطهری، نقش زن در جمهوری اسلامی،

.91 www.mortezamotahari.com/fa/BookView.html?BookId=418&BookArticleID=130755

92.مریم یزدانی، نگاهی به پیدایش انقلاب اسلامی و نقش زنان در پیروزی آن، http://www.imam-khomeini.ir/fa/n123708/نگاهی_به_پیدایش_انقلاب_اسلامی_و_نقش_زنان_در_پیروزی_آن

93.نقش زنان در پیروزی انقلاب اسلامی چیست؟ https://www.porseman.com/article/نقش-زنان-در-انقلاب-اسلامي/55386

Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.19636

# هەڵسەنگاندنی ڕێژەی خوێندنەوە بەزمانی کوردی لای خوێندکارانی کورد لە زانکۆی کەرکووك

کریم احمەد عزیز[1] ، سامان بهمن حمید[2]

[1]زانکۆی گەرمیان/کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

[2]زانکۆی گەرمیان/کۆلیژی پەروەردە

**Article Info**

Received: July, 2019

Revised:July,2019

Accepted: September ,2019

**Keywords**

خوێندنەوە بەزمانی کوردی، کەرکوك

**Corresponding Author**

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی ڕێژەی خوێندنەوەیە بەزمانی کوردی لای خوێندگارانی کورد لەزانکۆی کەرکوك . توێژەران نمونەی (10,44٪) کۆمەڵگەی توێژینەوەی وەرگرتوە کە ژمارەیان دەکاتە(63) خوێندکار بە گۆڕاوی ڕەگەزی ( نێر ) و ( مێ ) لە چوار بەشی زانستی کۆلێژی ئاداب زانکۆی کەرکوك ، هەروەها داتاکان لەڕێگەی فۆرمێکی ڕاپرسییەوە کە هەستاوین بە ئامادەکردنی بەدەستهێنراوە ، بۆ شیکارکردنی داتاکان ئامڕازەکانی ئامارکردنی ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی و هاوکێشەی پێرسۆن بەکارهاتوون ، لەکۆتاییدا گەیشتین بەم ئەنجام وڕاسپاردانەی خوارەوە :

– جەختکردنەوەی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی کەکوك لەسەر پێوستی خوێندنەوە لەسەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی لەو شارە .

– بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی تەنها یەك بڕگە لای ڕەگەزی ( مێ ) سەرکەوتوو نەبووە بە ناوەندی شیاوی (1,75) و کێشی سەدی (58,33) ئەویش باس لە خوێندنەوە بەزمانی کوردی ڕێگایەکی ئاسان نییە .

– کردنەوەی پەرتوکخانە کوردی زیاتر و پێشەنگای کتێب بەشێوەی بەردەوام ، بۆ ئەوەی خوێندکارانی زانکۆی کەرکوك ئاگاداری کتێبە نوێیەکان بن بە زمانی کوردی .

– ئەنجامدانی کۆنفرانس و ۆرك شۆپی تایبەت بە گرنگی خوێندنەوە بە زمانی دایك لای خوێندارانی زانکۆی کەرکوك .

## پێشەکی

لەڕاستیدا ڕاهاتنی خوێندکارانی زانکۆ لەسەر ئەزبەرکردن پشت بەستن بەو مەعریفەیی مامۆستا ئاڕاستەیان دەکات ، ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەیان گرتبێت مامۆستایانی زانکۆ تەنها مەعریفە ئاڕاستە بکەن لە بەکارهێنانی ڕێگای وانەوتنەوەی کلاسیکی و لەبەرامبەردا فێرخوازەکانیش پشت بەئەزبەرکردن ببەستن، بەبێ شرۆڤەکاری و تێگەیشتن و گەشەدان بە بیرکردنەوەی فێرخواز ئەم کردارەش وا دەکات ئەو زانیارییانەی خوێندکار وەریدەگرێت لە یادەوەریدا زۆر نەمێنێتەوە(هندی وأخرون،1992،ل223) ،ئەم ڕاستیەش لە هەریەکە لە دیراسە بیانیەکانی (الجبوری،2001، 9) و (السعدی،2002،ل2) و دیراسە کوردیەکانی (میکە،2010،ل 94). هەربۆیە جەختکردنەوە لەسەر فێرخواز و بەسەنتەرکردنی(Centered Progressivism Student) واتە خوودی خوێندکار بە بیرکردنەوە وپرسیارکرن و چالاکی هەستێت ، فێرخوازێکی چست وچالاك و خاوەن بیرکردنەوە وپرسیاری مەعریفی درووست دەبێت کە لە ئێستادا ئەرکی سەرەکی مامۆستایە خوێندکار بۆ ئەو مەبەستە ئاڕاستەبکات . ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوو بدەینەوە دەبینین سەرەتا بەهۆی پێداویستەکانی مرۆڤـ و

گەشەیی ئەقڵی و پێشکەوتنی بوارەکانی تری ژیان و دەزگاکانی چاپەمەنی بواری فێرکردن و لەنێویشیاندا خوێندنەوە لەو قاوغە سەرەتایە هاتەدرەوە و پەرەی سەند و بە هاتنەکایەیی ناوەندە زانستی و دروست و بون لەدایك بوونی زانکۆکان، لە ژێر رۆشنایی پێداویستیەکانی تاککدا ، گرنگیدان بە خوێندنەوەی تاکەکەسی لای خوێندکاران پەرەی سەند ، هەروەها لە ئاستی کۆمەڵگەش فێرخواز و خوێنەر بەدوای ئەو بابەتەدا دەگەڕان کە پێداویستیە مەعنەویەکانیان پڕدەکردنەوە بۆ ئەوەی کەڵکی لێوەربگرێت و رۆشنبیری خۆی پێ زیاد بکات ، کەواتە خوێندنەوە وەك بنەمایەکی سەرەکی لە ژیانی کۆمەڵایەتی هەر تاکێکدا خۆی سەلماند و بوە بە پێویستیەکی هەمیشەیی بۆ هەرتاکێك شابەشانی ئەو گۆرانکارییە رۆشبیریانە برۆن کە لە کۆمەڵگادا رووئەدات (حسین:2015،ل197).

لەڕوانگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستایانی و خوێندکاران لە زانکۆی کەرکوك بۆمان دەرکەوت چەندین گرفت لە لای خوێندکارانی کورد کەڵەکە بوە گرفتی خوێندنەوە بەزمانی کوردی بەتایبەت لەنێو ئەو دامەزراوە ڕۆشنبیرییە و خوێندکارە کوردەکانی بەزمانی دایك بە گرفتێکی گەورەمان زانی لەم قۆناغە هەستیارەی مێژووی کلتووری و ڕۆشنبیری و ڕامیاری ئەو شارە گرنگە کوردستانییە . هەروەها هەستمان بەوە کرد کە فێرخوازەکان کەمترین خوێندنەوەیان بەزمانی کوردی هەبووە لە قۆناغی پێش زانکۆ . هەروەها نەبوونی سەرچاوەی زانستی پێویست بەزمانی کوردی، لەهەمووی گرنگتر نەبوونی توێژینەوەیەکی زانستی لەدەرخستنی گرفتەکانیان لە زانکۆی کەرکوك . ئەم خالآنە لەو کێشانەبوون بوون بوون بەهۆی پاڵنەری توێژەران بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

## بەشی یەکەم : ناساندنی توێژینەوە

### گرنگی توێژینەوە: The Importance the Research

زمان ئەو دەنگانەیە کە نەتەوەکان مەبەستەکانی خۆیانی پێ دەردەبڕن. (عەبدولوەهاب، 2015.:ل8) یاخود وتراوە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیەو سیستەمێکی دەنگی رێکوپێکە بریتیە لە کۆمەڵێك هێمای خۆیی لەخۆوە کەلەلایەن کۆمەڵەوە پەسەندکراوە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بەکاریدەهێنن (عەبدولا، 2008: ل 22) هەر بۆیە هەر نەتەوە و کۆمەڵەیەکی مرۆیی لەڕێگەی ئەو زمانەی پێی دەدوێت و دەنووسێت خۆی لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەم دەگونجێنێت . لەگرنگترن پایەکانی بالآ بوونی هەر نەتەوە وکۆمەڵەیەکیش خوێندنەوەیە، چونکە لەڕێگەی خوێندنەوەوە زانیاری و زانست وەردەگیرێت و بەرهەم دێت وا لەمرۆڤ دەکات پەیوەندی راستەوخۆ ببەستێت لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەدا، هەروەها تێگەیشتنی هەبێت لەزانیارییە مرۆڤایەتەیەکان لە ئێستاو رابردویدا، هەروەها لە گرنگترین هۆکاری پەیوەندیکردنی مرۆڤە و کاریگەری نواندنیەتی لەهزر و بیری کەسانی تر، سەرباری ئەوەی کە رۆڵی کاریگەری هەیە لەپێکهێنانی کەسایەتی بەهەموو رەهەندە جیاوازیەکانیەوە.( عومەر:،2015، ل27) .دەبێت خوێندنەوە بۆ خوێندکار و مامۆستا و کەسانی پسپۆر و شارەزا لەناوەندەکانی زانستدا چەند هێندە گرنگتر بێت ، کەواتە ئەگەر خوێندنەوە گرنگترین هۆیەکانی بەدەستهێنانی زانست و زانیاری بێت، هەروەها زانست و زانیاری یەکێك لە مەرجە هەرە گرنگەکانی پێشکەوتنی ژین و ژیاری مرۆڤایەتی بێت کەواتە نابێت کەمتەرخەمی بکەین لە رەنگرێژکردنی ژیانی تاکە کەسی و کۆمەڵگەییمان بە خوێندنەوە. (بکار،2017،ل17) ئەمەو لەکاتێکدا خوێنکاری زانکۆ وێنادەکرێت بەوەی یەکێك لە دەروازەکانی بەرێوەبردنی ژینگەی زانست و زانیاریە لە ناوەندە ئەکادیمیەکان، هەر بۆیە گرنگرین دەروازەکانی پرۆسەی پەروەردەیی بە بێ خوێندکار ناتوانێت زانست و زانیاری بە ئەنجام بگەیەنێت ( خمله،2014: ل61) لە کاتێکدا خوێنکاری زانکۆ بەو تاکە دەناسرێت کە لە قۆناغی لاویدایە و توانای هزری لە ئاستێکی بەرزدایە، لەبەر ئەمە توانای هەستانی بە کردارە هزریە جۆراو جۆرەکان هەیە وەك هەستکردن بە کێشە و بیرکردنەوەی داهێنەرانە، پێویستی بەردەوامی بۆ بەکارهێنانی ئەم توانایە هەیە.(راشد،2007 ،ل55 ).

دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە بەکورتی لەم خالآنەی خوارەوە بخەینەڕوو:

1- گرنگی ڕێژەی خوێندنەوە لەڕوانگەی فێرخوازانەوە لە زانکۆی کەرکوك .

2- لەڕێگەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، دەتوانرێت پێشنیاری چارەسەر بکرێ ، بۆ یارمەتیدانی ڕێژەی خوێندنەوە لای خوێندکارانی کورد لەو شارە گرنگە .

3- ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەر دەبێت بۆ فێرخوازان بۆ زانینی لایەنی بەهێز ولاوازی خۆیان، لەمەڕ دۆخی خوێندنەوە لەو ناوەندە گرنگەی شاری کەرکوك .

### ئامانجی توێژینەوەکە: Research Objective

1- زانینی رێژەی خوێندنەوە لای خوێنکارانی کورد لە زانکۆی کەرکوك(کۆلێژی ئاداب)

2- هەڵسەنگاندنی ڕێژەی خوێندنەوە بەزمانی کوردی لای خوێندکارانی کورد لەزانکۆی کەرکوك ) .

**سنووری توێژینەوەکە:-** سنووری توێژینەوەکە خۆی دەبێنێتەوە لە هەڵسەنگاندنی ڕێژەی خوێندنەوە بەزمانی کوردی لای خوێندکارانی کورد لەزانکۆی کەرکوك(کۆلێژی ئاداب) بۆ ساڵی خوێندنی 2018–2019.

### ناساندنی چەمکەکان : Definitions of Terms

یەکەم / هەڵسەنگاندن Evaluation :

- (رسول ، 2014) پێناسەی کردوە بەوەی " بریاردانە لە سەر نرخی بیرۆکەو کردارو ڕێباز و بابەتەکان،پشت بەست بە سەنگێك یان ئاستێك یان پێوەرێك ،بە مەبەستی خەملاندنی شیاویی و وردی و کارایی شتەکان" . (رسول ابراهیم رسول،2014: ل219).
- (عزیز،2014) پێناسەی کردوە بەوەی : "پرۆسەیەکی گرنگ و بەردەوامە ، مەبەست لێی نرخاندنی ئامانجەکانی وانەوتنەوە و ڕێگای فێرکاری و پرۆگرام و ئامرازەکانی فێرکارییە کەلەهەموو ئەمانە مەبەست چەندێتی بەدیهاتنی یان بەدینەهاتنی ئامانجەکانە " (عزیز، 2014: ل13).

دووەم / خوێندنەوە Reading :

- ( حسن ، 2017) پێناسەی کردوە بەوەی : "خوێندنەوە گەشتێکە بە تاك و تەنیا، بە نیازی خۆ پێگەیاندن بە نێو دونیایی بەرینی مەعریفەدا،خوێندنەوە و بیرکردنەوە دوانەن،بە بێ یەك بەرێوەناچن .)
- ( محمد ، 2018) پێناسەی کردوە بەوەی : " خوێندنەوە ئەو چالاکیە ئالۆزەیە کەلە جوڵەیی هەمەجۆری چاوەکان و ئەندامەکانی دەنگ و هەوڵدانی مێشك بۆ تێگەیشتن پێك هاتووە.خوێندنەوەیەکی باش بەستراوەتەوە بە هەماهەنگی ئەم چالاکیانەوە . (ئێرتوغرول، 2018، ل70).

سێیەم / خوێندکاری زانکۆ University Student:–

- ( راشد ،2007) پێناسەی کردوە بەوەی : "ئەو کەسانەن کە لە قۆناغێکی خوێندنی دیارکراو دەخوێنن و پەیرەوی پرۆگرامەکانی خوێندنی باڵا دەکەن لەو بوارانەی بۆ خۆیان لە ڕێگەی بەدەستهێنانی نمرەکانی قۆناغی(12) وێژەیی و زانستی هەڵیان بژاردووەو چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت کە ڕۆڵێکی باش بگێرن بۆ بەرەو پێشبردن و چارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە لە دوا ڕۆژدا)).( سەمین، 2017، ل374–375).
- (حسن ، 2015 )پێناسەی کردوە بەوەی : " مەبەست لە خوێندکاری زانکۆ سەرجەم ئەو کچ و کورانە دەگرێتەوە، کە لە پاش قۆناغی ئامادەیی دێنە زانکۆو تێکرا بۆ ماوەی(4–6)ساڵەبەپێی کۆلێژو بەشە پسپۆرییە جیاوازەکان دەخوێنن"
- پێناسەی ڕێکاری توێژەران: فێرخوازی زانکۆ گرنگترین کاراکتەری پرۆسەی فێرکاری وفێربوونە و خاوەن تایبەتمەندی هزری وتوانای جۆراوجۆرە، تایبەتمەندیەکانی سودی هەیە لە دیاریکردنی ئامانجەکانی کە دەتوانێ بەدی بهێنێت".

چوارەم / زمانی کوردی Kurdish Language :–

- زمانێکە کە خەڵکی کورد قسەی پێدەکەن،لە ڕووی بنەماڵەوە بەشێکە لە زمانە هیندۆئەوروپیەکان،ئم زمانە لە زمانی کەڤناری مادی کەتووەتەوە،زمانی کوردی لە نێوان زمانی هیندۆ ئەوروپییەکان لەبواری گەورەیی سێهەمین زمانە و دەکەوێتە دوای زمانی فارسی و زمانی پەشتۆ (ckb.m.wikipedia.org)

- پێناسەی ڕێکاری توێژەران:– زمانی کوردی:زمانێکی هیندۆ ئەوروپی /هیندۆ ئارییە و خزمایەتی لەگەڵ هەریەك لە زمانەکانی وەك فارسی و پشتۆ،بلوجی ،تاجیکی ...هتد هەیە،لە چەند زارو شێوەزارێك پێکهاتوە.

شەشەم/ زانکۆ ( University )

ڕێکخراوی جیهانی یونسکۆ پێناسەی زانکۆ دەکات بەوەی:زانکۆ دەزگایەکی خاوەن ئاستێکی بەرزی زانستیە، بەشە زانستی و مرۆڤایەتیەکان لەخۆدەگرێت،جگە لە پیشەی فێرکردن بە توێژینەوەی زانستی هەڵدەستێت.(الیونسکو، 1983، 18 ).

حەوتەم /زانکۆی کەرکوك ( University of Kirkuk )

پێناسەی ڕێکاری توێژەران:– زانکۆیەکی حکومییە لە ڕێکەوتی 2003/1/17 دامەزراوە ، سەرەتا لە چوار کۆلێج پێکهاتبوو (یاسا و پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان و زانست وکشتوکاڵ) ، بەلام لەئێستادا پێکهاتوە لە ( 17 ) کۆلێج ، وەك لەپلانی زانکۆ خراوەتە ڕوو ساڵانە بەپێی بازاڕی کار هەلی خوێندن لەبەشە زانستیەکان دەخەنەڕوو .

## بەشی دووەم :چوارچێوەی تێوری

**– پوختەیەك دەربارەی مێژووی خوێندنەوە و گەشەسەندنی:–**

خوێندنەوە دیاردەیەکی دەروونی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیە و زۆرینەی کۆمەڵگە پێویستە بەهەند وەری بگرن ، خوێندنەوە بەشدارە لە زۆربەی بوارەکاندا وەك زانستی دەرونی و کۆمەڵناسی و ئەدەب و مێژوو ڕاگەیاندن وە پەیوەندیەکی توندوتۆڵی هەیە لەگەڵ خود دا (عسلونی:2017،ب3) ئەستەمە باس لە بابەتێك بکرێت مێژووی نەبێت یان بەلایەنی کەمەوە مێژووەکەی نادیار و پەنهان بێ، زانینی مێژووی شتەکان هاوکارمان دەبن لەوەی بە شێوەی باش بە لایەنی جیاوازەکانی ئەو بابەتانە ئاشنا بین و بتوانین بە شێوەیەکی وردی زانستی لەسەریان بدوێن، بێگومان پرۆسەی خوێندنەوە وەك سەرجەم بوارەکانی تری ژیان بۆ مرۆڤەکان گرنگی

و بەهای تایبەتی خۆی هەیە، وە یەکێکە لەوکایانەی پەیوەنیەکی زۆری بە پێشکەوتن و گەشەکردنی ژیان و ژیاری تاك و کۆمەڵەوە هەیە، بە بیٚ خوێندنەوە ئەستەمە بتوانین تاکێکی هۆشیار و بەئاگا پێکبێت کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێشکەوتوو لەسەرجەم بوارەکانی ژیان .

لە مێژە نەتەوە و کۆمەڵگەکان هەستیان بە گرنگی خوێندنەوە و نووسین کردوە و ئەو باوەڕیان لادرووست بوە کە لەڕێگەیەوە دەتوانن پێشبکەون و بەڕووی جیهانی دەرەوەی خۆیان بکرێنەوە، ئەگەر بڕوانینە مێژووی ئەم دوو دیاردەیە دەبینین مرۆڤ بۆیە نوسیویەتی و خوێندویەتیەوە، تاوەکو بە دەنگ پێداویستیەکانی باوەڕی ئایینی و ژیانی و دوای مەرگەوە بچێت، وەك فیرعەونیەکان کردویانە، کاتێك ئەوان (پیرامیدیان) بونیادناوە و نوسینی ( هیرۆگلیفیان) تۆمارکردوە، تاوەکو ژیانی دوای مەرگیان بۆ تەرخان بکات، هەروەها بۆ مەبەستی بازرگانیش بووە وەکو لای فینیقیەکان دەبینرێت. بڕوانە(بسام برکە ،2006،www.eqraa.com))

(سوند دال) لە کتێبەکەی خۆیدا و بەسەردێڕی پەڕە بەردینەکانی میسر،نوسیویەتی"لە مێژووی خەت و کتێبدا ، میسریە کۆنەکان لە پێش گەلانی ترەوەبوون هەروەکو چۆن لە زۆرینەی بوارەکانی تری شارستانی مرۆڤایەتیدا هەردەم پێشڕەوبوون، ئەوان لەسەر پەڕەی بەردی (گیایەکە لەدەم زەلکاوەکانی دەلتای نیلدا ڕواوە بە یۆنانی پێی دەوترا(پاپیرۆس) ئەوان لەسەر پەڕەی ئەم گیایە نوسیویانە) (بڕوانە:.سوند دال،2008،ل6).

پێیدەچێت پرسی خوێندنەوە لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە لە دۆڵی میزۆپیتامیاشدا سەری هەڵدابێت، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە دێت ، کە خەتی بزماری داهێنراوی سۆمەریەکانە، ئەو گەلە زیندوو و وریایە نیشتەجێی باکوری عێراقی ئێستا بوون، هەندێك سەرچاوەی مێژووی ڕەچەڵەکی سۆمەریەکان دەبەنەوە سەر گەلی کورد،پێیان وایە ئەوان لە چیاکانی باکوورەوە کۆچیان بەرەو پێدەشتەکانی باشووری عێراقی ئێستا کردبێت، بەڵام لەسەردەمە کۆنەکاندا بەزۆری بنەماڵەی پادشاو میران و پیاوانی ئایینی کتێبیان لای خۆیان گل داوەتەوە و خەمیان خواردوە، ئەو سەردەمە کتێب کاڵایەکی دەگمەن بوە وە ژمارەی خوێندەواریش زۆر کەم بوە.کەوابوو پرۆسەی نوسین و خوێندنەوە لە دۆڵی میزۆپۆتامیدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، دواتر بەهۆی داهێنانی کاغەزەوە، کتێبی دەستنووس بە دونیادا بڵاو بوەتەوە،پاشان بە داهێنانی ئامێری چاپ، کتێب ڕۆژنامە پرۆسێسی خوێندنەوەیان بە جەماوەری کردوە، کەواتە لەسەرەتای سەرهەڵدانی نووسینەوە، ڕۆنانی کتێب و پرۆسەی خوێندنەوە و نووسین و خدەیەکی جەماوەری نەبوە،بەڵکو سنوورداربووە. (حسن،2017،ل36,37).

بەڵام بەهۆی پێداویستەکانی مرۆڤ و گەشەیی ئەقڵی و پێشکەوتنی بوارەکانی تری ژیان و دەزگاکانی چاپەمەنی،بواری خوێندنەوەش لەو قاوغە سەرەتایە هاتەدرەوە و پەرەی سەند و بە هاتنەکایەیی ناوەندە زانستی و دروست و بون لەدایك بوونی زانکۆکان لە ژێر ڕۆشنایی پێداویستیەکانی خوێنەردا گرنگیدان بە خوێندنەوەی تاکەکەسی لای خوێندکاران پەرەی سەند، هەرەوەها لە ئاستی کۆمەڵگەش خوێنەر بەدوای ئەو بابەتەدا دەگەڕا کە پێداویستیە مەعنەویەکانی پڕبکاتەوە بۆ ئەوەی کەڵکی لێوەربگرێت ورۆشنبیری خۆی پیٚ زیاد بکات، کەواتە خوێندنەوە وەك بنەمایەکی سەرەکی لە ژیانی کۆمەڵایەتی هەر تاکێکدا خۆی سەلماند و بووبە پێویستیەکی هەمیشەیی بۆ هەرتاکێك چونکەپێویستە مرۆڤەکان شابەشانی ئەو گۆرانکارییە ڕۆشبیریانە برۆن کەلە کۆمەڵگادا ڕووئەدات . (حسین، 2015،ل197).

- ئامانجە گشتیەکانی خوێندنەوە بریتین لە:-

1- پێدانی توانا بە فێرخواز بۆ گەڕانەوە بۆ کتێبەکان و بەدوای مەعریفەدا لە واتا جیاجیاکاندا، چونکە وای لێدەکات بتوانێت ڕۆشنبیریی خۆی و کەلەپوری بناسێت، هەروەها لەدەستکەوتەکانی زانست و ژیاریی تێبگات.

2- پێدانی توانا بۆ فێرخواز بۆ چێژوەرگرتن لەخوێندنەوەی سەرچاوەکانی ئەدەب لە شیعرو چیرۆك و شانۆگەریی.

3- پێدانی توانا بە فێرخواز لە نوسینی داهێنەرانەلە بوارە جیاجیاکانی ئەدەبدا، ئەمەش لە میانەی خوێندنەوە جۆاروجۆرییەکانیەوە بۆ بەرهەمە ئەدەبیە پلۆڕاڵیەکان .

4- پێدانی سامانێکی زمانی بە فێرخواز لە وشە و زاراوە و وێنەی هونەری کە زۆرێك لە کتێبە جیاجیاکان پڕن لەم بەرهەمانە.

5- بەرزکردنەوەی ئاستی فێرخواز و فراوانکردنی هەستەکانی کەوا دەکەن فێرخواز بتوانێت بە شێوەیەکی قووڵ بیربکاتەوە وتوانای داهێنانی لە گشت بوارەکانی ژیاندا هەبێت.

6- بەرزکردنەوەی رەفتاری فێرخواز لەمیانەی خوێندنەوەی ژیاننامەی گەورە پیاوان ولەسەرکردەکان و بیرمەندەکان،تاکو هەڵسوکەوتی ئەرێنی ئەوان بکات بە ڕێنیشاندەرێك و شوێنیان بکەوێت.))(عەبدولڕەحمان:،2014،ل36)

گرنگی خوێندنەوە لای خوێنکاری زانکۆ:-

خوێندنەوە بۆ هەموو مرۆڤێك گرنگە ئەگەر بیەوێت تاکێکی وشیار و بەئاگاو لێهاتوو بێت و ئاگادار بەشێك لە کایەکانی ژیان و بێت یان بیەوێت کەسێکی ڕۆشبیرو خوێندەوار بێت،چون خوێندنەوە و ڕۆشنبیری و دوانەیەکن لەیەك جودا نابن، وە ((خوێندنەوە وەك یەکێك لە بابەتە فێرکارییەکان پێویستە لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا بە تایبەت لە زانکۆدا لەبەرچاو بگیرێت. ( حسن اشرف و دیگران، 1389،ل 1046) وە پێشکەوتن و شارستانیەتی هەموو کۆمەڵگەیەك لەڕێگەی خوێندن و خوێندنەوە بوونی کتێبەوە دەبێت،چونکە ((خوێندنەوە توانایی بیرکردنەوە و داهێنان و نوێگەری لە مرۆڤدا بەرزدەکاتەوە ، بەم شێوەیە ئەندێشەو بیروباوەڕی تازە لە مرۆڤدا نیشان دەدات، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت کە خوێندنەوە رەگەزێکی نکۆڵی لێنەکراوی لە ژیانی زانستی

فێرخوازاندا. (فاگمە جواهری و دیگران ،1397،ل97) کەوابوو هەرکۆمەڵگەیەك دووربوو لە خوێندنەوە یان کلتوری خوێندنەوە و کتێب و رۆشبیری تیا ئامادە نەبوو ، ئەوا ئەو کۆمەڵگە بەخۆی تاکەکانیەوە لە دونیایەکی هەژاری خوێندنەوە دواکەوتووی دەژین، تەنانەت خوێندنەوە لە کتێبەکان و تێکستەکانیش گرنکترن، چون گەر مرۆڤەکان نەیاننخوێننەوە ئەوا ئەوکات کتێب و تێکستانە وەك جەستەیەکی مردوو وان، وەك( رای برادبوری ) دەڵێت(( بۆ ئەوەی شارستانیەتێك وێران بکەیت، پێویست ناکات کتێبەکان بسوتێنیت، بەڵکو قەناعەت بە خەڵکەکەی بهێنە چیدی کتێب نەخوێننەوە. ( قانع،2011،ل 5)) هەوەرها لە شوێنێکی تردا بە پێناسەیەکی کورت و پوخت باس لە گرنگی و رۆڵی خوێندنەوە کراوە بۆ مرۆڤ، وەك لە پێناسەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە خوێندکار دەروازەی چونە ناو پرۆسەی پەروەردە و بەرێوەبردنی ژینگەی زانست و زانیارییە، ئەگەر ئەم رۆڵە گرنگەی هەبێت ببێتە چەقی پەروەردەو زانست و زانیاری، ئەی بەبێ خوێندنەوە خۆ قاڵکردن بە خوێندنەوەی چڕو بەبەرنامە چۆن دەتوانێت ئەم ئەرکە قورسە راپەڕێنێت، چون بەدەست هێنانی مەعریفەو داینەمۆی هەموو پێشەڤەچونێکە.دەفری مەعریفیەش کتێبە، شاڕێی بەدەستهێنانی مەعریفەش خوێندنەوەیە،دەکرێت تۆ لە رێگەی پرۆسێسی خوێندنەوەوە پەرە بەکەسێتی خۆت بدەیت، خەیاڵت فراوانتر بکەیت و ببیتە تاکێکی داهێنەر (حسن ، 2017،ل12).وە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی فێرخواز ئەوەیە لە رێگەی خوێندنەوەوە ببێتە خاوەن پاشخانێکی هەمە چەشن لە مەعریفەو زانست و زانیاری بە بارتەقای ئەوەی بتوانێت بەلایەنی کەمەوە وەڵامی بۆ زۆرشت لەو پرسیارە مەعریفی و ئەکادیمیانە هەبێت کە لەچوارچێوەی پسپۆریەکەی دێنە رێگەی یان لەدەرەوەی پسپۆریەکەی خۆیین ، چونکە خوێندنەوە بە یەکێك لە کەرەستە هەرە گرنگەکانی بەدەستهێنانی زانست و زانیاری دەژمێردرێت، کە مرۆڤەکان توانیویانە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بگەنە زانست و زانیاری و لێهاتویەکان لە ئێستا و لە رابردوودا (فرمان و ئەوانی تر 2016،ل170). کەوابوو خوێندکارێك بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن مەعریفەیەکی زۆر و دەوڵەمەند دەبێت بخوێنێتەوە و بتوانێت لەم رێگەیەوە پەرە بەتواناکانی خۆی بدات و کەسێتی خۆی بەهێزبکات و هەوڵبدات لە بوارەکەی خۆیدا نوێکارو داهێنەر بێت،

## بەشی سێیەم :ڕێکاریەکانی توێژینەوە:–

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:–** پێکهاتوە لەهەموو ئەو بەشانەی لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی کەرکوکدا هەن ، مەبەست لەوەرگرتنی ئەو کۆلێژەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەپێی پسپۆڕییەکەیان بێت پێویستی زیاتریان بە خوێندنەوە هەیە کە مەبەستی توێژینەوەکەی ئێمەیە ، کۆلێژی ئاداب پێکهاتوە لە بەشەکانی : (جوگرافیا ، ڕاگەیاندن ، مێژوو ، زمانی عەرەبی) کۆی فێرخوازانی ئەم چوار بەشە بریتیە لە (603) فێرخواز ، خشتەی ( 1) .

خشتەی ( 1 ) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (فێرخوازانی کوردلە کۆلێژی ئاداب)

| ژ | بەش | قوناغی یەکەم | قۆناغی دوەم | قۆناغی سێهەم | قۆناغی چوارەم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | مێژوو | 86 | 65 | 62 | 59 | 272 |
| 2 | عەرەبی | 22 | 29 | 33 | 19 | 103 |
| 3 | راگەیاندن | 46 | 51 | 34 | 22 | 153 |
| 4 | جوگرافیا | 35 | 40 | – | – | 75 |
| | کۆی گشتی | 603 | | | | |

**نمونەی توێژینەوە: –** بریتیە لە فێرخوازانی کورد لەهەر چوار بەشی کۆلێژی ئاداب مەبەست لەوەرگرتنی لەهەر چوار قۆناغ لەلایەن توێژەرانەوە بۆ ئەوەبووە نمونەی توێژینەوەکە وێنەی تەواوی کۆمەلگەی توێژینەوەکە بخاتەڕوو جۆری نموونەکەشمان بە شێوەی(هەرەمەکی سادە)وەرگرتوە وە ژمارەیان(63) فێرخوازە ، خشتەی ( 2 ) .

خشتەی ( 2) نمونەی توێیژینەوەکە(فێرخوازانی کوردلە کۆلێژی ئاداب)

| ژ | بەش | مێ | نێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مێژوو | 13 | 12 | 25 |
| 2 | عەرەبی | 1 | 0 | 1 |
| 3 | راگەیاندن | 9 | 18 | 27 |
| 4 | جوگرافیا | 5 | 5 | 10 |
| | کۆی گشتی | 63 | | |

**ئامرازی توێژینەوە:–** هەر توێژینەوەیەك پێویستی بە ئامڕازێك هەیە بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە داتا وزانیاریمان دەستکەوێت، بۆ ئەو مەبەستە توێژەران سودیان لە ئامرازە ئامادەکراوەکانی توێژینەوەکانی پێشتر و سەرچاوە پەروەردەییەکانی وەرگرت، هەر بۆ زیاتر گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانی توێژینەوەکە توێژەر هەستاوە بەئەنجامدانی ڕاوەرگرتنی سەرەتایی(استگلاعی) بۆ بەدەست هێنانی زانیاری سەرەتایی بۆ دروستکردنی فۆڕمی ڕاوەرگری، بۆ ئەم مەبەستە فۆڕمێکی سەرەتایی پێشکەش بە ژمارەیەك لە مامۆستایان کرد کە بریتی بوو لە حەوت مامۆستا. وپاش کۆکردنەوەی سەرجەم فۆڕمەکان و زانیاریەکانی بەتاڵکرانەوە و پاشتر فۆرمی کۆتایی لێوە درووست بوو. پاشکۆی ژمارە( 1 ).

**ڕاستێتی ڕواڵەتی ئامڕاز face Validity :–** ڕاستێتی لەگرنگترین مەرجەکانە بۆ پێودانکردنی ئامڕاز بۆ ئەو بابەتەی دەیپێوێت، چونکە مەبەست لە ڕاستێتی تواناداری ئامڕازە بۆ پێوانەکردنی ئەو بابەتەی لەپێناویدا دانراوە(الگریحی،2001،ل72)، باشترین میکانیزمیش بۆ دەرخستنی ڕاستێتی ڕووکەشی(Face Validity)ئامڕازی ڕادەربڕین، واتەپیشاندانی ئامڕازەکەیە بۆ کۆمەڵێك پسپۆڕ

وتایبەتمەند بۆ داوەریکردنی و دەرخستنی ڕادەی گونجاوی بڕگەکانی (احمد،1998،ل370)، هەر بۆیە پاش ئەوەی ئامڕازی توێژینەوە لەلایەن چەند شارەزاییەکی بوواری پەروەردە(ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەروونناسی ِ استێتی بۆ ئەنجامدرا کە ژمارەیان (7)پسپۆڕ بوون (بڕوانەپاشکۆی ژمارە 2)، توێژەر ڕێژەی (80٪)ی پشتیوانی داوەری وەرگرت بۆ هەر بڕگەیەك،لەکۆتاییدا چەند بڕگەیەك گۆڕانکاری تێدا کراو ژمارەیەك بڕگەش دوورخرانەوە ، لەئەنجامدا کۆی بڕگەکان لە فۆرمی مامۆستایان گەیشتە(20) بڕگە ، توێژەر سێ هەڵبژاردنی بەشێوەی (بەڵێ)، ( تاڕادەیەك)، ( نەخێر) وەك پێوەر بەشێوەی پلەبەند داناوە، لەکۆتاییدا دەرکەوت ڕاستێتی ئامڕازەکە گونجاوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە .

**جێگیری ئامڕاز:−** توێژەر هەستاوە بە وەرگرتنی ( 5 ) مامۆستا و (20) فێرخواز کە لە دەرەوەی نموونەی وەرگیراوی توێژینەوەکە بوون فۆرمیان بەسەردا دابەشکرا پاش 15ڕۆژ، جارێکی تر توێژەر فۆرمی نوێی بەسەریاندا دابەشکردەوە، پاش وەرگرتنەوەی هەموو فۆرمەکان دەستمانکرد بە ئەنجامدانی دۆزینەوەی جێگیری ئامڕازەکە بە هاوکێشەی پێرسۆن بۆ ژماردنی کارای جێگیری دەرکەوت جێگیری ئامڕازی مامۆستایان (0,82) وجێگیری ئامڕازی فۆرمی فێرخوازان(0,76).

**جێبەجێکردنی ئامڕاز:Application of the tool** پاش دڵنیابوون لە ڕاستێتی وجێگیری ئامڕازەکانی توێژینەوە، توێژەر هەستا بەجێبەجێکردنی بەشێوەی کۆتایی لەسەر کۆمەڵگای توێژینەوە کە پێك هاتبوو لە( 603) خوێندکار لەبەشەکانی عەرەبی و مێژوو و جوگرافیا و ڕاگەیاندن سەر بەکۆلێژی ئاداب کە دابەشبوون بەسەر هەر چوار قۆناغی خوێندن ، توێژەران بەشێوەی دابەشکردنی ڕاستەوخۆ فۆرمی ڕادەربڕین لەبەرواری 2/ 2019/2 بۆ 2019/5/16 بەسەر فێرخوازان جێبەجێکرد ، ئەم شێوازەش وەك (عوبەیدات ) جەختی لەسەر دەکاتەوە دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی بەدیقەتر وەڵامبدەنەوە و دەرئەنجامەکان ڕاستتر بەدەستەوە بدەن (عبیدات، 1992، ل128 ) .

ئامڕازە ئاماریەکان (The Statistical Procedures):

**1** هاوکێشەی پێرسۆن ( Pearson ) :

توێژەر بۆ ئەژمارکردنی بەهای هاوسەنگی جێگیری ئامڕازی ڕاپرسیەکە بەشێوەی دووبارەکردنەوەی وەڵامدانەوە .

$$ر = \frac{\text{ن مج س ص} - (\text{مج س})(\text{مج ص})}{\sqrt{(\text{ن مج س}^2 - (\text{مج س})^2)(\text{ن مج ص}^2 - (\text{مج ص})^2)}}$$

(السید،1979،ل183 ) .

2ـ ناوەندی شیاوی (یەکلاییکەرەوە) :

$$\text{ناوەندی شیاوی(یەکلاییکەرەوە)} = \frac{\text{ت}_1 \times 3 + \text{ت}_2 \times 2 + \text{ت}_3 \times 1}{\text{کۆ ت}}$$

( Fischer, 1955 , P: 156 )

4−ڕێژەی سەدی ( Percentage ) : لەپێناو ئەژمارکردنی کۆمەڵگا و نمونەی توێژینەوە بەکارهاتووە.

$$\text{ڕێژەی سەدی} = \frac{\text{ژمارەی لاوەکی}}{\text{کۆی گشتی}} \times 100$$

(السید،1979،ل 112 )

5 − کێشی سەدی ( Coefficient of Weight ) :

$$\text{کێشی سەدی} = \frac{\text{ناوەندی شیاو}}{\text{بەرزترین کێش}} \times 100$$

( الغریب،1978،ل76 )

## بەشی چوار: خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

لەخشتەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە هەموو بڕگەکان لەلایەن گۆڕاوی ڕەگەزی ( نێرە ) ەوە سەرکەوتوو بووە ، چونکە بڕگەی ژمارە ( 3 ) پلەی یەکەمی تۆمارکردوە دەقەکەی دەڵێت " خوێ،دنەوەی ئازاد بەزمانی دایك بۆ من چێژ بەخشە " بە ناوەندی شیاوی ( 2,82) و کێشی سەدی ( 94,28) ، هەروەها نزمترین بڕگە کە کۆتا پلەی( 16) تۆمارکردوە بڕگەی ژمارە (6) دەقەکە بەم شێوەیەیە" خوێندنەوە بەزمانی کوردی ڕێگایەکی ئاسان نییە" بە بە ناوەندی شیاوی (2) و کێشی سەدی ( 66,66) ، واتە خوێندنەوە بەزمانی کوردی نەبوەتە کێشە و نە زۆر ئاسانیشە لای خوێندکارانی کورد لە زانکۆی کەرکوك ، خشتەی ( 3 ).

لەخشتەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە بەرزترین بڕگەی لەلایەن گۆڕاوی ڕەگەزی ( مێ ) ەوە تۆمارکرابێت ، بڕگەی ژمارە ( 18 ) پلەی یەکەمی تۆمارکردوە دەقەکەی دەڵێت " هاندان وگرنگیدان بە خوێندنەوەی زمانی کوردی ڕێگایەکە بۆ گەشەپێدانی بیری نەتەوەیی " بە ناوەندی شیاوی (2,92) و کێشی سەدی (97,33) ، هەروەها نزمترین بڕگە کە کۆتا پلەی( 15) تۆمارکردوە بڕگەی ژمارە ( 6) دەقەکە بەم شێوەیەیە" خوێندنەوە بەزمانی کوردی ڕێگایەکی ئاسان نییە " بە ناوەندی شیاوی (1,75) و کێشی سەدی (58,33) ، واتە خوێندنەوە بەزمانی کوردی لای گۆڕاوی ڕەگەزی ( مێ ) بووە بە کێشە لای خوێندکارانی کورد لە زانکۆی کەرکوك ، بەڕای توێژەر هۆکاری خوێندنەوە بەزمانی کوردی ڕێگایەکی ئاسان نییە ، ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ڕەگەزی مێ لەو شارە دەرفەتی چوونەدەرەوەیان کەمتر بێت یاخود لایەنی کلتووری ڕێگر بێت لەوەی لە پاش دەوامی فەرمی

زانکـۆ بچـنە دەرەوە و سـەردانی پەرتوکخانـەکان و پێشـەنگاکانی کتێب بکەن ، خشتەی ( 3 ).

## ئەنجام و ڕاسپاردە وپێشنیاز

**یەکەم/ئەنجامەکان:**

1- زۆرینەی برگەکانی فۆرمی ڕاوەرگری سەرکەوتوو بووە ، سەبارەت بە خوێندنەوە بەزمانی کوردی لای خوێندکارانی کورد لە زانکۆی کەکوک .

2- جەختتکردنەوەی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی کەکوک لەسەر پێوستی خوێندنەوە لەسەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی لەو شارە .

3- بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی تەنها یەك برگە لای ڕەگەزی ( مێ ) سەرکەوتوو نەبووە بە ناوەندی شیاوی (1,75) و کێشی سەدی (58,33) ئەویش باس لە خوێندنەوە بەزمانی کوردی ڕێگایەکی ئاسان نییە .

دووەم/ ڕاسپاردەکان :لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخارتەڕوو:-

1- کردنەوەی پەرتوکخانە کوردی زیاتر و پێشەنگای کتێب بەشێوەی بەردەوام ساڵانە بۆ ئەوەی خوێندکارانی زانکۆی کەرکوك ئاگاداری کتێبە نوێیەکانی زمانی کوردی بن .

2- ئەنجامدانی کۆنفرانس و ۆرك شۆپی تایبەت بە گرنگی خوێندنەوە بە زمانی دایك لای خوێندارانی زانکۆی گەرکوك .

3- ئەنجامدانی گەشتی زانستی بۆ خوێندکارانی زانکۆی گەرکوك بۆ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەپێناو پەیداکردنی ئەزموون ولێهاتوویی زیاتر.

1- کارکردنی ڕێخراوە خوێندکارییەکان بۆ گەشەپێدانی پاڵنەری خوێندنەوە بەزمانی کوردی لەپێناو گەشەپێدانی هەستی نەتەوەیی لای خوێندکاران زانکۆی گەرکوك

سێیەم/ پێشنیازەکان:

1-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە، بەڵام لەسەر ئاستی سەرجەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان .

2-هەڵسەنگاندنی ڕێژەی خوێندنەوە لای چین وتوێژەکانی تری شاری کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان

3- توێژینەوەیەك ئەنجام بدرێت، بە مەبەستی دانان و ئامادەکردنی بەرنامەیەك بۆ گەشەپێدان و بەهێزکردنی پاڵنەری خوێندنەوە لای خوێندکارانی کورد لە زانکۆی کەرکوك

**توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخارتەڕوو:-**

1- کردنەوەی پەرتوکخانە کوردی زیاتر و پێشەنگای کتێب بەشێوەی بەردەوام ساڵانە بۆ ئەوەی خوێندکارانی زانکۆی کەرکوك ئاگاداری کتێبە نوێیەکانی زمانی کوردی بن .

2- ئەنجامدانی کۆنفرانس و ۆرك شۆپی تایبەت بە گرنگی خوێندنەوە بە زمانی دایك لای خوێندارانی زانکۆی گەرکوك .

3- ئەنجامدانی گەشتی زانستی بۆ خوێندکارانی زانکۆی گەرکوك بۆ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەپێناو پەیداکردنی ئەزموون ولێهاتوویی زیاتر.

4- کارکردنی ڕێخراوە خوێندکارییەکان بۆ گەشەپێدانی پاڵنەری خوێندنەوە بەزمانی کوردی لەپێناو گەشەپێدانی هەستی نەتەوەیی لای خوێندکاران زانکۆی گەرکوك

**سێیەم/ پێشنیازەکان:**

1-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە، بەڵام لەسەر ئاستی سەرجەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان .

2-هەڵسەنگاندنی ڕێژەی خوێندنەوە لای چین وتوێژەکانی تری شاری کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان .

3- توێژینەوەیەك ئەنجام بدرێت، بە مەبەستی دانان و ئامادەکردنی بەرنامەیەك بۆ گەشەپێدان و بەهێزکردنی پاڵنەری خوێندنەوە لای خوێندکارانی کورد لە زانکۆی کەرکوك .

## سەرچاوەکان

**سەرچاوە بە زمانی کوردی :-**

1- بکار، عبدالکریم (2017): خوێندنەوەی بەسوود،چەمك و شێوازەکانی) ،ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا. چ4

2- توغرولٚ ،خالد ئێر: (2018) : تەکنیکی نویٚ لە کتێب خوێندنەوەدا) ،و،ئەڤین صدیق محمد ،ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا.چ 1

3- حسن ،محمد فریق (2017): بەکولتورکردنی خوێندنەوە ، چاپخانەی تاران، چ3.تاران

4- حسین،توانا فریدون(2015): خوێندنەوەی دەرەکی لای خوێندکارانی زانکۆ(توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆیە)،گۆڤاری زانکۆی کۆیە،ژ37

5- سەمین،سەرحەد محمەد(2017 ) :ڕۆڵی زانکۆ لەپەرەپێدانی بەهای هاولاتیبوون لای خوێندکارانی زانکۆ(توێژینەوەیەکی مەیدانیە)گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.ژمارە 14

6- سوند دال ( 2008) : مێژووی کتێب، و.د .ئەدهەم ئەمین ، بڵاوکراوەی موکریانی،هەولێر

7- عەبدوڵا، عەبدولسەلام نەجمەدین (2008).شیکردنەوەی دەقی شیعری لەرووی زمانەوانیەوە،چاپخانەی حاجی هاشم ،چ1.هەولێر

8- عەبدولڕەحمان ،ڕازاو محیەدیین(2014) . بەکارهێنانی ستراتیجی دۆزینەوەی ئاراستەکراو لە گوتنەوەی خوێندناوکاریگەری لە

گەشەپێدانی کارامەیەکانی تێگەیشتن لە خوێندنەوەداو ئاراستەکردن بەرەو خوێندنەوە لە زمانی کوردیدا، ماستەر،زانکۆی سەلاحەدین.

9- عەبدولوەهاب ،عەدنان عبدوڵڵا(2015 ) . وەرگرتنی زمان لای منداڵ ،نامەی ماجیستێر،زانکۆی سلێمانی.

10- عزیز، کریم ئەحمەد(2014). بنەما گشتیەکانی رێگاکانی وتنەوتنەوە) دەزگا وچاپ وپەخشی نارین ، چ1، هەولێر

11- عزیز،کریم احمد (2017): کێشە پەروەردەیەکانی خوێندنی کوردی لەناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم"ناوەندی قەزای خانەقین وەك نمونە"،گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە 14.

12- عومەر ،سروە عەلائەدین: (2015) : (کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی ( SQ3R) لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەرەتی لەبابەتی خوێندنەوەی کوردیداو گەشەپێدانی مەیلیان بۆ خوێندنەوە) نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین .

13- قانع مەریوان وریا(2011) : کتێب و دونیا ،چاپخانەی سەردەم. سلێمانی

14- میکە،هەردی مەهدی(2010): هەڵسەنگاندنی لێهاتووییەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی مێژوو لەخوێندنگە ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی،زانکۆی سلێمانی،(ماستەری بلاُونەکراوە.

15- رسول ،ابراهیم رسول(2014) : دەروازەیەك بۆ وانەوتنەوە ،چاپ و پەخشی نارین.هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

1. بسام برکە (2006) : دور القراە فی حیاتنا الاجتماعیە المعاصرە) .(www.eqraa.com)

2. الجبوری،شاکر محمود(2001): اثر استخدام نمگین للملخص السبوری فی تدریس مادە التاریخ للصف الخامس الابتدائی فی تحصیل واستبقاو المعلومات ،رسالە ماجستیر غیر منشورە ، کلیە المعلمین ،جامعە دیالی.

3. جلال عزیز فرمان ،حامد شهاب احمد(2016): مجلە کلیە التربیە الاساسیە للعلوم التربویە والأنسانیە / جامعە بابل،عدد 26.

4. خملەاهد ،(2014) : واقع الاختیار المهنی الخریجی الجامعە الجزائریە ( جامعە محمد خیچر نمژجا) رسالە الماجیستر ،جامعە محمد خچیر

5. السعدی ، فراس نبیل(2002): اثر المناقشە بتمپیل الأدوار فی تحصیل تلامیژ الصف الخامس الابتدائی فی مادە التاریخ الأسلامی ، رسالە ماجستیر غیر منشورە ، کلیە المعلمین ، جامعە دیالی.

6. کمال عسلونی، (2017) : تگویر مهاراتی الالقاو والحوار فی نشاگ المگالعە الموجهە(سنە أولی پانوی– نموژجا)،رسالە ماجستیر،جامعە زیان عاشور– الجلفە .

سەرچاوە بە زمانی فارسی:

1. حسن اشرفی، بهجت ڤاهری، زهرا خوشکام(1389) : بررسی میزان یالاییبیدانشجویان دانشگاه علوم پزشکی اصفهان با شیوەهای مگالعە مجله ایرانی اموزش در علوم پزشکی) ژ5.

2. فاگمە جواهری ،امیر محمدی (1397 ) :تاملی در وچعیت مگالعە دانیشجویان با تأکید برنقش خانوادە و دانشگاو مجله راهبرد فرهنگ، ژ 41 .

**خشتەی ( 3 ) ناوەندی شیاوی وکێشی سەدی بڕگەکانی فۆرمی هەڵسەنگاندن تایبەت بە ڕەگەزی نێر**

| بڕگەکان | ژ | پلە | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر | ناوەندی شیاوی | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خوێندنەوەی ئازاد بەزمانی کوردی بۆ من چێژبەخشە | 3 | 1 | 32 | 1 | 2 | 2,82 | 94,28 |
| زۆر ئەزموون وشت فێربووم لە ڕێگەی خوێندنەوەوە | 13 | 2 | 28 | 4 | 3 | 2,71 | 90,47 |
| ئەگەر کۆمەڵەیەك بۆ خوێندنەوەی ئازاد بەزمانی کوردی پێکبهێنرێت پەیوەندی پێوەدەکەم | 2 | 3 | 25 | 8 | 2 | 2,65 | 88,57 |
| هاندان وگرنگیدان بە خوێندنەوەی زمانی کوردی ڕێگایەکە بۆ گەشە پێدانی بیری نەتەوەیی . | 18 | 4 | 23 | 10 | 2 | 2,6 | 86,66 |
| ساڵ لەدوای ساڵ خوێندنەوەم زیاتر دەبێت | 15 | 4 | 24 | 8 | 3 | 2,6 | 86,66 |
| بۆ سەرکەوتن لەژیان خوێندنەوەی ئازاد بەزمانی دایك | 8 | 5 | 25 | 5 | 5 | 2,57 | 85,71 |
| سەردانی کتێبخانەکان دەکەم بۆ خواستنی کتێب بە زمانی کوردی . | 5 | 6 | 23 | 6 | 6 | 2,48 | 82,85 |
| هەوڵدەدەم ئەوە کە دەیخوێنمەوە بەزمانی لەگەڵ هاوڕێکانی زانکۆم باسی بکەم. | 1 | 7 | 21 | 8 | 6 | 2,42 | 80,95 |
| شارەکەم پشتگوێخراوە لە ڕووی گرنگیدان بە فەرهەنگی کوردییەوە. | 16 | 7 | 18 | 14 | 3 | 2,42 | 80,95 |
| مامۆستایانی زمانی کوردی هاندەرمان دەبن لە پێدانی سەرچاوە وژێدەری بنەڕەتی بۆ خوێ، دنەوە وتوێژینەوە . | 20 | 8 | 18 | 12 | 5 | 2,37 | 79,04 |
| خوێندنەوەی چیرۆك و ڕۆمانم بەلاوە چێژبەخشە | 9 | 8 | 20 | 8 | 7 | 2,37 | 79,04 |
| ئاواتەخوازم کتێبخانەیەکم هەبێت ئەو کتێبانەی تێدا بێت کە خۆشم دەوێن | 7 | 9 | 18 | 11 | 6 | 2,34 | 78,09 |
| ڕێکخراوە خوێندکاری وقوتابیەکان ڕۆڵیان هەیە لە هاندان بۆ خوێ، دنەوە بەزمانی دایك . | 19 | 10 | 19 | 8 | 8 | 2,31 | 77,14 |
| خوێندنەوەی بابەتە زمانەوانیەکانم بەلاوە چێژبەخشە | 10 | 11 | 14 | 16 | 5 | 2,25 | 75,23 |
| بە پێویستی دەزانم ساڵانە لەزانکۆ پێشبڕکێی "خوێنەری چاپووك" ئە نجامبدرێت . | 11 | 12 | 14 | 15 | 6 | 2,22 | 74,28 |
| سەردانی پێشەنگای کتێب دەکەم . | 14 | 13 | 15 | 12 | 8 | 2,2 | 73,33 |
| سەردانی کتێبخانەکان دەکەم بۆ خواستنی کتێب بە زمانی کوردی . | 4 | 14 | 15 | 9 | 11 | 2,11 | 70,47 |
| کاتی پشووەکان دەقۆزمەوە بۆ خوێندنەوەی ئازاد | 12 | 15 | 10 | 17 | 8 | 2,05 | 68,57 |
| گۆڕینەوەی کتێب لەگەڵ هاوڕێکانم ئە نجام دەدەم | 17 | 15 | 12 | 13 | 10 | 2,05 | 68,57 |
| خوێندنەوە بەزمانی کوردی ڕێگایەکی ئاسان نییە | 6 | 16 | 12 | 11 | 12 | 2 | 66,66 |

خشتەی ( 4 ) ناوەندی شیاوی وکێشی سەدی بڕگەکانی فۆرمی هەڵسەنگاندن تایبەت بە ڕەگەزی ( مێ )

| بڕگەکان | ژ | پلە | بەڵێ | تارادەیەك | نەخێر | ناوەندی شیاوی | کێشی سەدەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هاندان وگرنگیدان بە خوێندنەوەی زمانی کوردی ڕێگایەکە بۆ گەشە پێدانی بیری نەتەوەیی . | 18 | 1 | 26 | 2 | - | 2,92 | 97,33 |
| خوێندنەوەی ئازاد بەزمانی کوردی بۆ من چێژبەخشە . | 3 | 2 | 25 | 3 | - | 2,89 | 96,42 |
| ئاواتەخوازم کتێبخانەیەکم هەبێت ئەو کتێبانەی تێدا بێت کە خۆشم دەوێن . | 7 | 2 | 25 | 3 | - | 2,89 | 96,42 |
| بۆ سەرکەوتن لەژیان خوێندنەوەی ئازاد بەزمانی دایك | 8 | 3 | 26 | 1 | 1 | 2,85 | 95,23 |
| ئەگەر کۆمەڵەیەك بۆ خوێندنەوەی ئازاد بەزمانی کوردی پێکبهێنرێت پەیوەندی پێوەدەکەم . | 2 | 4 | 23 | 3 | 2 | 2,75 | 91,66 |
| خوێندنەوەی چیرۆك و ڕۆمانم بەلاوە چێژبەخشە . | 9 | 5 | 22 | 4 | 2 | 2,71 | 90,47 |
| زۆر ئەزموون وشت فێربووم لە ڕێگەی خوێندنەوەوە . | 13 | 5 | 20 | 8 | - | 2,71 | 90,47 |
| بە پێویستی دەزانم سالآنە لەزانکۆ پێشبڕکێی "خوێنەری چا پووك" ئە نجامبدرێت . | 11 | 6 | 21 | 6 | 1 | 2,67 | 89,28 |
| سەردانی کتێبخانەکان دەکەم بۆ خواستنی کتێب بە زمانی کوردی . | 5 | 7 | 20 | 4 | 4 | 2,57 | 85,71 |
| ساڵ لەدوای ساڵ خوێندنەوەم زیاتر دەبێت | 15 | 8 | 19 | 5 | 4 | 2,53 | 84,5 |
| سەردانی کتێبخانەکان دەکەم بۆ خواستنی کتێب بە زمانی کوردی . | 4 | 9 | 17 | 8 | 3 | 2,5 | 83,33 |
| کاتی پشوەکان دەقۆزمەوە بۆ خوێندنەوەی ئازاد . | 12 | 10 | 14 | 11 | 3 | 2,39 | 79,76 |
| گۆڕینەوەی کتێب لەگەڵ هاوڕێکانم ئە نجام دەدەم | 17 | 10 | 13 | 13 | 2 | 2,39 | 79,76 |
| شارەکەم پشتگوێخراوە لە ڕووی گرنگیدان بە فەرهەنگی کوردییەوە. | 16 | 11 | 16 | 5 | 7 | 2,32 | 77,38 |
| سەردانی پێشەنگای کتێب دەکەم . | 14 | 12 | 11 | 14 | 3 | 2,28 | 76,19 |
| هەوڵدەدەم ئەوە کە دە یخوێنمەوە بەزمانی لەگەڵ هاوڕێکانی زانکۆم باسی بکەم. | 1 | 13 | 11 | 13 | 4 | 2,25 | 75 |
| خوێندنەوەی بابەتە زمانەوانیەکانم بەلاوە چێژبەخشە | 10 | 13 | 10 | 15 | 3 | 2,25 | 75 |
| ڕێکخراوە خوێندکاری وقوتابییەکان ڕۆڵیان هەیە لە هاندان بۆ خوێ،دنەوە بەزمانی دایك . | 19 | 14 | 13 | 8 | 7 | 2,21 | 73,80 |
| مامۆستایانی زمانی کوردی هاندەرمان دەبن لە پێدانی سەرچاوە وژێدەری بنەڕەتی بۆ خوێ،دنەوە وتوێژینەوە . | 20 | 14 | 9 | 16 | 3 | 2,21 | 73,80 |
| خوێندنەوە بەزمانی کوردی ڕێگایەکی ئاسان نییە | 6 | 15 | 8 | 5 | 15 | 1,75 | 58,33 |

# پاشكۆكان

**پاشكۆی (1): ليستی پسپۆرو شارەزاكان**

| ژ | ناو | بڕوانامە | نازناوی زانستی | پسپۆری ورد | ناونیشان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | د.حسين اسماعيل علی | دكتۆرا | پرۆفيسۆر | كۆمەڵناسی | زانكۆی گەرميان / كۆلێجی پەروەردە |
| 2 | د.نظام عبدالجبار حسين | دكتۆرا | پرۆفيسۆر | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | زانكۆی سلێمانی /كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| 3 | پگاه علی مردان | دكتۆرا | مامۆستا | دەروونناسی | زانكۆی گەرميان / كۆلێجی پەروەردە |
| 4 | كوردستان حميد حمد | ماستەر | مامۆستا | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | زانكۆی پۆليتەكنيكی سلێمانی |
| 5 | كريم مدحت حاتم | ماستەر | مامۆستا | ڕێبازەكانی توێژينەوە | زانكۆی گەرميان / كۆلێجی پەروەردە |
| 6 | نازدار قدرت عباس | ماستەر | مامۆستا | تەندروستی دەرونی | زانكۆی گەرميان / كۆلێجی پەروەردە |
| 7 | م.سرحد محمد سمين | ماستەر | م.ی | كۆمەڵناسی | زانكۆی گەرميان / كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |

**پاشكۆی (2):وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژينەوەی زانستی**

**زانكۆی گەرميان**

**ب/ فۆرمی ڕاوەرگری**

**خوێندكاری بەڕێز/**

**سلاَوی زانست ...**

بۆ ئە نجامدانی توێژينەوەيەك بەناونيشانی : ( هەڵسەنگاندنی ڕادەی خوێندنەوە بەزمانی كوردی لای خوێندكارانی كورد لە زانكۆی كەركوك ) هەستاوين بە ئامادەكردنی ئەم فۆرمەی بەردەستتان بۆ زانينی ڕادەی خوێندنەوە بەزمانی كوردی لای خوێندكارانی كورد لە زانكۆی كەركوك ، داواكارين لە بەڕێزتان وەك خوێندكارێكی كورد لەوەڵامانەوەی بڕگەكانی ئەم ڕاوەرگرييە هاوكارمان بن بەدانانی هێمای (  ) لەو خانەيەی بەگونجاوی دەزانن .

هاوكاريتان جێگەی ڕێزە ...

ناو :......................................

بەش :.....................................

قۆناغ:.....................................

ڕەگەز :...................................

تەمەن:....................................

تێبينی:لەم توێژينەوەيە پێوەری (ليكرت ) سێی بەشێوەی (بەڵێ ،تاڕادەيەك ،نەخێر ) بەكاردەهێنن .

**توێژەران**

م.كريم احمد عزيز                م.ی.سامان بهمن

( هەڵسەنگاندنی ڕێژەی خوێندنەوە بەزمانی كوردی لای خوێندكارانی كورد لە زانكۆی كەركوك )

| ز | بڕگەكان | بەڵێ | تاڕادەيەك | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| .1 | هەوڵدەدەم ئەوە كە دەيخوێنمەوە بەزمانی لەگەڵ هاوڕێكانی زانكۆم باسی بكەم. | | | |
| .2 | ئەگەر كۆمەڵەيەك بۆ خوێندنەوەی ئازاد بەزمانی كوردی پێكبهێنرێت پەيوەندی پێوەدەكەم . | | | |
| .3 | خوێندنەوەی ئازاد بەزمانی كوردی بۆ من چێژبەخشە . | | | |
| .4 | سەردانی كتێبخانەكان دەكەم بۆ خواستنی كتێب بە زمانی كوردی . | | | |
| .5 | حەزم لە بەشداريكردنە لە چالاكيە ڕۆشنبيريەكان بەزمانی كوردی . | | | |
| .6 | خوێندنەوە بەزمانی كوردی ڕێگايەكی ئاسان نييە | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| .7 | ئاواتەخوازم کتێبخانەیەکم هەبێت ئەو کتێبانەی تێدا بێت کە خۆشم دەوێن . | | | |
| .8 | بۆ سەرکەوتن لەژیان خوێندنەوەی ئازاد بەزمانی دایك پێویستە . | | | |
| .9 | خوێندنەوەی چیرۆك و ڕۆمانم بەلاوە چێژبەخشە . | | | |
| .10 | خوێندنەوەی بابەتە زمانەوانیەکانم بەلاوە چێژبەخشە. | | | |
| .11 | بە پێویستی دەزانم سالأنە لەزانکۆ پێشبڕکێی "خوێنەری چاپووك" ئە نجامبدرێت . | | | |
| .12 | کاتی پشوەکان دەقۆزمەوە بۆ خوێندنەوەی ئازاد . | | | |
| .13 | زۆر ئەزموون وشت فێربووم لە ڕێگەی خوێندنەوەوە . | | | |
| .14 | سەردانی پێشەنگای کتێب دەکەم . | | | |
| .15 | ساڵ لەدوای ساڵ خوێندنەوەم زیاتر دەبێت . | | | |
| .16 | شارەکەم پشتگوێخراوە لە ڕووی گرنگیدان بە فەرهەنگی کوردییەوە. | | | |
| .17 | گۆڕینەوەی کتێب لەگەڵ هاوڕێکانم ئە نجام دەدەم . | | | |
| .18 | هاندان وگرنگیدان بە خوێندنەوەی زمانی کوردی ڕێگایەکە بۆ گەشەپێدانی بیری نەتەوەیی . | | | |
| .19 | ڕێکخراوە خوێندکاری وقوتابیەکان ڕۆڵیان هەیە لە هاندان بۆ خوێ، دنەوە بەزمانی دایك . | | | |
| .20 | مامۆستایانی زمانی کوردی هاندەرمان دەبن لە پێدانی سەرچاوە وژێدەری بنەڕەتی بۆ خوێ، دنەوە وتوێژینەوە . | | | |

هەواڵنامەی کتێب

Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.19637

# ژەهری زمانی و کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی (زمانی کوردیی بە نموونە)

باخان سەرحەد عەبدولڕەحمان ، محەمەد مەجید سەعید

زانکۆی گەرمیان، کۆلێجی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی

***Article Info***

Received: January, 2019

Revised:February,2019

Accepted: February ,2019

***Keywords***

ژەهری زمانی ، ئاسایشی نەتەوەیی ، زمانی کوردی

***Corresponding Author***

Muhammed.majeed@garmian.edu.krd

**پێشەکی**

ئەم توێژینەوەیە (ژەهری زمانی و کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی(زمانی کوردیی بە نموونە).) توێژینەوەیەکی پەسنییە ، لەبارەی دیاردەی ژەهری زمانی و ئەو کاریگەرییەی، کە دەیکاتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی، توێژینەوەکە لەو ڕوانگەیەوە خەتەری دیاردەکە دەخاتەڕوو، کە ژەهری زمانی زمان لاواز دەکات و لاوازبوونی زمانیش شیرازەی کۆمەڵ دەشێوێنێ، کە ڕەهەندێکی سەرەکییە لە ئاسایشی هەر نەتەوەیەکدا، هەرکاتێکیش ئەم ڕەهەندە تووشی گرفت و ئاڵنگاریی ببێتەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ ئاسایشی نەتەوە دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە گرنگە بتوانرێ ڕێگە بە هاتنی ئەم ژەهرە بگیرێ و ڕێگەچارە هەبێت بۆ ئەو مەبەستە، کە ئەمەش لە توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو.

گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە گرنگیی زمان لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەدا ڕووندەکاتەوە، بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو زمانانداو لە زمانی کوردییدا بە تایبەتی، تا ئێستاش ئەوەی بەرچاو دەکەوێت ، توێژینەوە لەمبارەیەوە لە زمانی کوردییدا کەمە.

کەرەستە وسنووری توێژینەوەکە:

کەرەستەی ئەم توێژینەوەیە، هەموو ئەو دەستەواژە و وشانەن، کە ڕۆژانە بە سەر زاری ئاخێوەرانی کوردەوەن، سنوورەکەشی لە چوارچێوەی زمانی کوردیی_زاری کرمانجی ناوەڕاستدایە.

## بەشی یەکەم

### (١ -١) ئاسایشی نەتەوەیی:

زاراوەی ئاسایشی نەتەوەیی لە بنەڕەتدا لە دوو ڕەگەز پێکهاتووە، ڕەگەزی ئاسایش و رەگەزی نەتەوەیی.(1) مەبەست لە ئاسایش ئەوەیە ، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پاراستنی وڵات و ژیانی هاوڵاتیانەوە هەیە، پێناسەکردنی ئەم ڕەگەزە کارێکی ئاسان نییە، چونکە واتای جۆراوجۆری هەیە، بۆ کەسانی جیاوازو لە کات و شوێنی جیاوازدا.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێ بوترێ ئاسایش، پارێزگارییکردنە لە تاك، کۆمەڵگە، نەتەوە و دەوڵەت لە هەر دەستدرێژی و پەلامارێك کە ڕووبەڕویان دەبێتەوە(2)، ئەمە ڕەگەزی یەکەم، ڕەگەزی دووەمی بریتیە لە نەتەوەیی، کە کۆمەڵە خەڵکێکن، خاوەنی پەیوەندی خوێنین و بنەچە و ڕەچەڵەکیان یەکە، ڕابردوویەکی هاوبەش و پرۆژەی هاوبەشیان بۆ ئایندە هەیە، بانگەشە بۆ مانەوەی حوکمڕانی خۆیان دەکەن.(٣)

سەبارەت بە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی (National security)، "هافندرون" پێی وایە بناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەمی زاینی، سەردەمی دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوە(Nation- state)، ئەم چەمکە بە واتای مانەوەی

نەتەوە (National- survival) بەکارهێنراوە، زانایان ئاماژە بەوە دەکەن ئەم چەمکە لە سەدەی بیستەم بەتایبەتی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی برەوی پەیداکردووە.(٤)

چەمکی ئاسایشی نەتەوە لە ئێستادا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە سیستەمی نێونەتەوەیی هاتۆتە ئاراوە، هەروەها پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنەلۆجیا و بەرفراوانبونی بواری ئاسایش، چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی بە مانا کلاسیکیەکەی تەنها ڕەهەندی سەربازی لەخۆدەگرت، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئەم چەمکە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێ و چەندین ڕەهەندی دیکە لەخۆدەگرێ وەك: ئابوری، کۆمەڵایەتی، مرۆیی و کەلتوری، کە لە یەك کاتدا هەم ڕەهەندی ناوخۆی و هەم دەرەکین، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا زیاتر کاری لەسەرکراوە تەنها ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەیە، بە حوکمی ئەوەی زمان پایەیەکی سەرەکییە لە بنیاتنانی هەر کۆمەڵگەیەکدا، کاری توێژینەوەکەش پەیوەستە بە زمانەوە بە شێوەیەکی گشتی.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە مانای سەرەکی ئاسایشی نەتەوەیی بریتیە لە پاراستنی سەربەخۆی و یەکپارچەی خاك و پەرەپێدانی بەها بنەڕەتی و بنچینەییە نەتەوەییەکان و ڕێگرتن لە دەستێوەردانی دەرەکی، بەمەبەستی سەربەخۆی سیاسی، هەروەها پاراستنی بەها کلتورییەکان و دورکەوتنەوە لە ترس و دڵەڕاوکێ چ دەرەکی بێت چ ناوخۆی.(٥) جێگەی ئاماژەپێکردنە ڕۆڵی دەوڵەت لە پرسی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەردوو ڕوانگەی کلاسیکی و نوێدا جیاوازی هەیە، لە ڕوانگەی کلاسیکدا دەوڵەت سەرچاوەی ئاسایشی نەتەوەیە، بەڵام لە ڕوانگەی پۆست مۆدێرندا سەرچاوەی ئاسایشی نەتەوە لە دەوڵەت دەسەندرێتەوە و چیتر دەوڵەت بابەتی ئاسایش نییە، چونکە لەم ڕوانگەیەدا دەوڵەت لەبری ئەوەی پارێزەری ئاسایش یان سەرچاوەی ئاسایشی نەتەوەی بێ ئەوە مەترسی دروستکەرە(٦)، کاتێ لەژێر ناوی یەك دەوڵەتدا چەندین نەتەوە ، تەنها گرنگی بە نەتەوەی دەسەڵاتدار دەدرێ و نەتەوەکانی دیکە پەراوێز دەخرێن، دەوڵەت دەبێتە مەترسی و هەڕەشە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی.

پاش خستنەڕووی پێناسە و چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی ، لە خشتەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە، کە چۆن ژەهری زمانی بە خشکەیی و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دادەنێت، کە تیایدا ڕوونکراوەتەوە چۆن یاساو ڕێسا وەرگیراوەکان دێنە ناو زمانەوە و دواتر لە ڕێگەی (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی)ەوە وەکو هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەردەخات:

خشتەی (١)

لە هێڵکاریی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە چۆن ژەهری زمانی کاریگەریی دەکاتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی، هەنگاوەکانی دیاریکراوە، کە لە دوو ڕێگەی (فۆنەتیک/یاسافۆنۆلۆژییەکان)، کە کەمتر ڕوو دەدات و یاسا سینتاکسییەکان ڕێژەکەی زیاترە. هەرچەندە دەکرێت ژەهری زمانی لە ئاستی "مۆرفۆلۆژییشدا" هەبێت، بە تایبەت لەناو کەرەستە لێکدراو و نسادەکاندا(چونکە کەرەستە تاک مۆرفیمییەکان هەڵگری یاسای مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی نیین)، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە پێی وایە، کە یاسا مۆرفۆلۆژییەکان لە سینتاکسەوە دادەبەزن و ڕەنگدانەوەی هەمان ئاستن، بە تایبەت لە دروستەی فرێزەکاندا و لە مەسەلەی (سەرو تەواوکەر)دا ئەوکاتەی بە لێکسێم دەبن و دەبنە کەرەستەیەکی فەرهەنگی پاشان مۆرفۆلۆژی، بۆیە تەنها باس لە یاسا سینتاکیی و فۆنەتیکییەکان کراوە.

(١ -٢)ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی:

ئاسایشی نەتەوەیی بابەتێکی فرە ڕەهەند و فرە ڕەگەزە، هەرچەندە لەڕابردوودا ڕەهەندی سەربازی بە تاکە ڕەهەندی ئاسایشی نەتەوەیی هەژماردەکرا، بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆدا بەهۆی پێشکەوتنەکانی زانست و کرانەوەی جیهان بە ڕوی یەکتردا، وایکرد ڕهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی فراوانتر بن، لێرەدا هەوڵدەدەین ڕەهەندە سەرەکییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بخەینەڕوو:

(١ -٢ -١) ڕەهەندی سەربازی:

لە مێژووی مرۆڤایەتی ئەزمونێکی زۆر هەیە، کە دەریدەخات هێز یان هێزی سەربازی ئامرازێکە بۆ بەرەنگاربونەوەی هەڕەشە و مەترسیەکان و دابینکردنی ئاسایش. هێزی سەربازی لە ڕابردوودا (تا ڕوخانی یەکیەتی سۆڤیەت) ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی بینیوە لە ئاسایشی نەتەوەیی لەو سەردەمەدا هێز ئامرازێك بووە بۆ هێرشکردن و بەرگریکردن.(٧) چونکە دەوڵەت پێویستی بە هێزی سەربازی هەیە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەڕەشەی دەرەکی و هەڕەشە ناوخۆییەکانی گروپە چەکدارەکان کە هەڕەشەن بۆ سەرئاسایشی نەتەوەیی.(٨)

لە ئێستاشدا هەڕەشەی سەربازی یەکێکە لە پرس و بابەتە گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، چونکە بە هێرشی سەربازی دەتوانرێ هەموو ئەو دەسکەوتە گرنگانەی بە درێژایی چەند سەدەیەك بەدەستهاتووە لە بوارە جیاجیاکانی

وەکو: سیاسەت، هونەر، پیشەسازی، کولتور و......هتد، لەناوببرێت.(٩)

(١-٢-٢) ڕەهەندی ئابوری:

ئابوری بەهێز یەکێکە لە پایە گرنگەکانی دەوڵەت، دابینکردنی بژێوی ژیان و بەژەوەندی ئابوری، بەرژەوەندییەکی نەتەوەییە و بەشێکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی هەر دەوڵەتێکە(١٠)، ڕەهەندی ئابوری ڕۆژبەڕۆژ گرنگی زیاددەکات، ئەگەرچی لە ڕابردوودا بە پشتیوانیەکی باشی هێزی سەربازی هەژماردەکرا(١١)، بەڵام لە ئەمڕۆدا جگە لەو گرنگیەی خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگا دابین دەکات، بووەتە پێداویستیەکی ژیانی، دەتوانێ ژیانی کۆمەڵگا بخاتە مەترسیەوە، یان بە پێچەوانەوە ببێتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا.

(١-٢-٣) ڕەهەندی سیاسیی:

ڕەهەندی سیاسیی لە بنەڕەتدا گرنگیی بە سیستەمی سیاسی لە ناوخۆدا دەدات، سیستەمی سیاسیی کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەبێ، هۆکارە بۆ لاوازی و بەهێزی دەوڵەت.(١٢) ئەو دەوڵەتەی لە ڕوی سیاسییەوە بەهێز بێ، توانایەکی زیاتری هەیە بۆ ڕێگریکردن لە هەر پشێوییەک کە ڕوبەڕوی کۆمەڵگا دەبێتەوە(١٣)، لە هەمانکاتیشدا لاوازی سیستەمی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆ دۆخێکی ناهەموار دێنێتەکایەوە و پشێوی و نائارامی لە کۆمەڵگادا دروستدەکات، لەسەر ئاستی دەرەوەش دوژمنانی دەرەکی سود لەو بارودۆخە ناهەموارەی ناوخۆ وەردەگرن و دەست وەردەدەنە کاروبارە ناوخۆییەکانی وڵات.

(١-٢-٤) ڕەهەندی کەلتوری:

ئەم ڕەهەندە بریتیە لە دابینکردنی ئازادی بۆ کەمینەکان و بیروباوەڕ و کەلتوریان، لەسەر بنەمای ڕێزگرتنە لە هزر و داهێنانەکان و پاراستنی مێژوو و دابونەریتیان، هەروەها پاراستنی بەهاکانیان کە بووەتە بەشێك لە ویژدانی بە کۆمەڵیان.(١٤) ئەمڕۆ گرنگی کەلتور زۆر بەرچاوبووە، تەنانەت هەندێ لە زانایان بڕوایان وایە، کە ململانێ و جەنگەکانی داهاتوو لەسەر جیاوازی کەلتور و ئایدۆلۆجی دەبێ. ئاسایشی کەلتوری، واتا توانای بەرهەمهێنان و کۆکردنەوە و تایبەتمەندییەکان بۆ نەهێشتنی مەترسی لەدەستدانی ئەو بەها کەلتوریانەی کۆمەڵگا.

ئاسایشی کەلتوری بە واتای لەناوبردنی جیاوازییە کەلتورییەکانی نێو تاکەکانی کۆمەڵگا نایەت، پێویستە هەموو سستەمێکی سیاسی ئاگاداری ئەوە بێ کە جیاوازییە کەلتورییەکان بۆ کەلێنی گەورە نەگۆڕێت، ئەم کەلێنانە لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ بکرێ، تا کۆمەڵگا دوچاری لێکترازان نەبێ.(١٥)

(١-٢-٥) ڕەهەندی کۆمەڵایەتی/کۆمەڵگەیی:

ئەم ڕەهەندە نەبوونی ترس و دڵەڕاوکێیە لە پاراستنی تایبەتمەندییەکانی گروپە کۆمەڵایەتیەکان وەکو: ئاین، نەژاد، زمان و شێوازی ژیان، تەنها بە نەبوونی ترس و هەڕەشە ئاسایشی کۆمەڵگەیی ناپارێزرێ، پێویستە هاوڵاتیان ئازاد بن لە هەموو بەربەست و کێشە و مەترسیە مادی و نامادییەکان.

چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگەیی بۆ یەکەمین جار لەلایەن "باری بۆزان" (Barry Buzan) لە کتێبی (خەڵك، دەوڵەتان و ترس) بەکارهاتووە. باری بۆزان لەم کتێبەیدا پێنج ڕەهەندی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دیاریکردووە، ڕەهەندی کۆمەڵگەیی یەکێکە لەو پێنج ڕەهەندە، لە ڕوانگەی بۆزان هەموو ڕەهەندەکان پێکەوە گرێدراون و بەشێکن لە ئاسایشی دەوڵەت.(١٦)

ئاسایشی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی، ناسنامەی کۆمەڵایەتی، یەکگرتووی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کۆمەڵایەتی هەیە، لەم ڕوانگەیەوە کاتێك کۆمەڵگاکان ئاسایشیان هەیە، کە ناسنامەیان نەکەوێتە ژێر مەترسییەوە.(١٧) بۆزان و هاوڕێکانی زۆر گرنگیان بە بابەتی ناسنامە داوە، بڕوایان وایە مانەوە و بەردەوامی کۆمەڵگا گرێدراوە بە ناسنامەکەیەوە، وەك ئاشکرایە زۆر گروپ و کۆمەڵ هەیە کە دەوڵەتیان نییە، ناسنامەیان لەژێر هەڕەشەدایە، ئەگەر ناسنامەش لەدەستبدەن ئەو کۆمەڵگایە بوونی خۆی لەدەستدەدات، لە کاتێکدا لاوازی ئابوری، دواکەوتوی سەربازی، ناکارامەیی سیاسی و کارەساتی ژینگەی، بەجۆرێك لە جۆرەکان قەرەبوودەکرێتەوە.(١٨)

نەتەوەکانیش بەهەمان شێوەی دەوڵەتان دەتوانن ناسنامەی خۆیان بپارێزن، ئەوانیش بە پاراستنی ڕەگەزەکانی ناسنامەی کۆمەڵگەیی وەکو: زمان، ئاین، مێژوو و نەژادیان. ئەو هۆکارانەی ناسنامەی نەتەوەیی دەخاتە ژێر مەترسیەوەبریتین لە: قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمان، جلوبەرگ، داخستنی شوێنە ئاینیەکان و کۆمەڵکوژی.

(١-٣) زمان و ناسنامەی نەتەوەیی:

زمان یەکێکە لە پایە گرنگەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ڕۆڵێکی باڵا لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێ، هەموو بوارەکانی ژیانی

مرۆڤی داگیرکردووە، مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە بیروبۆچون و هەست و سۆز و خواستەکانیان دەگەیەنن بەیەکتر، هەر لە ڕێگەی زمانەوە مرۆڤ پەیوەندی نێوانیان بەهێزتر دەکەن و یەکتر باشتر دەناسن و ئەزمون و شارەزای خۆیان بەیەکتر دەدەن بۆ پەرەپێدانی ژیانەکەیان.

زمان دیاردەیەکی ئاڵۆز و بەناوبەکداچووە، ئەمەش وایکردووە پێناسە و لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی زمان بکرێ، تا ئێستا زمانەوانان لەسەر یەك پێناسە ڕێکنەکەوتون، بەڵام هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە فەلسەفەی زمان بۆ درێژەپێدانی پەیوەندی و لیکتێگەیشتنە.(١٩)

سەرەڕای ئەم ڕۆڵە گرنگەی زمان، کە ئامرازی گەیاندنە و تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ پەیوەندیکردن بەکاریدەهێنن، ڕۆڵێکی گرنگی دیکەی زمان ئەوەیە، کە ناسنامەی نەتەوەیی دەپارێزێ و لە بنەما سەرەکیەکانیەتی.(٢٠)

پاش ناساندنێکی کورتی زمان ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێبکرێ ناسنامەی نەتەوەییە، وشەی ناسنامە لە زمانی ئینگلیزی (Identity) لە عەرەبی (الهویە) و لە فارسی (هویت) پێدەگوترێ، بە واتای حەقیقەت و ڕاستی دێ. ناسنامەی نەتەوەیی لە کۆمەڵێك بیروباوەڕ و خاڵی هاوبەشی نێوان ئەندامانی نەتەوەیەکی دیاریکراو پێکدێ، کە جیایان دەکاتەوە لە نەتەوەکانی دیکە، گرنگترین بنەما هاوبەشەکانی نێوانیان بریتیە لە: زمانی هاوبەش، ئیرادە و ویستی هاوبەش، خاکی هاوبەش و مێژووی هاوبەش.(٢١)

زمان بەپێی ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزم، بەیەکێ لە مەرجە هەرەسەرەکیەکانی دروستبوونی نەتەوە و ژێرخانی کۆمەڵگا دادەنرێ.(٢٢) ئەو زمانەی کەسێك پێی دەدوێ ناسنامەکەیەتی، مێژووش ئەم گەواهیە دەدات کە ناسنامەی نەتەوەکان لەنێو زمانیاندایە، بۆیە زمان مایەی شانازییە و بیر و ڕۆشنبیری نەتەوە دەناسێنێ، چونکە وشەی نێو فەرهەنگی زمانی هەر نەتەوەیەك تەنیا لە چوارچێوەی وشەکەدا نامێنێتەوە، بەڵکو وشەکان ڕەمزن بۆ ناسنامە و مێژووی زمانێکی دیاریکراو کە سنوری واتا تێدەپەڕێنێ چەمکی شارستانی و ڕۆشنبیری و زەمەنی دواوەی وشەکان دەدرکێنێ.(٢٣)

زمان یەکێکە لە بەهێزترین ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ناسنامەی نەتەوەیی، چونکە نەتەوە بەهۆی زمانەوە دەناسرێ و بوونی خۆی دەسەلمێنێ و پەرە بە کەلتور و فەرهەنگی نەتەوەی خۆی و دابونەریتەکانی دەدات(٢٤)،

ئاڵنگاریی هەڕەشەی بەردەوامی سەر کیانی نەتەوەیی، وا دەکات کە زمان تێك بچێت و زیاتر زمانانی تر بەکاربهێنن...هەر لەم ڕووەوە لە باسی کوردەکانی ڕۆژئاوادا (عەقیل سەعید) دەڵێت: کوردەکان بۆ دوو مەبەست زمانەکەیان دەست پێوە گرتووە، (1) بۆ پاراستنی وەك زمانی دایك. (2) هەڵگرتنی کۆمەڵێك وشە وەکو گەنج_ێك.(٢٥) هەروەها ناونانی زۆرێك لە نەتەوەکان کە بەشێکە لە پرۆسەی نەتەوەیی بەناوی ئەو زمانەوەیە کە تاکەکانی نەتەوە قسەی پێدەکەن وەکو: کوردەکان، فارسەکان، تورکەکان و عەرەبەکان، زمان هۆکاریشە بۆ یەکپارچەیی و یەکڕیزیی نەتەوە و پەیوەندییەکی پتەو لەنێو تاکەکانی نەتەوەیەك دروستدەکات.(٢٦)

هەربۆیە پێویستە هەموو نەتەوەیەك بایەخ بە زمانەکەی خۆی بدات و لە فەوتان بیپارێزێ، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی زمانی نەتەوەی باڵادەست تاکە زمانی ڕەسمییە بوار بە زمانی نەتەوەکانی دیکە نادرێ، ئەم خۆسەپاندنەی زمانی نەتەوەی سەردەست هۆکارێکە بۆ تواندنەوەی زمانی نەتەوە ژێردەستەکان.(٢٧)

هەرکاتێك کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی (اثنی) کیانێکی سیاسیی تایبەت بە خۆی نەبێت، یان دانی پێدا نەنرابێت لە لایەن ئەوانی ترەوە، ئەوکات گرنگیی زمان بۆ ئەو نەتەوەیە چەند بەرابەر دەبێت و دەبێتە ئامرازی شوناس و بوون.(٢٨) ئەم وتەیە بۆ نەتەوەی کورد تەواو دروست و گونجاوە، چونکە بە درێژایی مێژوو کورد نە خاوەنی کیانی سەربەخۆ بووە و نە خاکی دیاریکراوی دانپێدانراوی هەبووە، بەڵکو تەنها زمانێکی سەربەخۆی خۆی هەبووە.

زمانی کوردی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە چارەنوسی نەوەکانییەوە هەیە، بۆیە پێویستە هەر تاکێکی کورد هەوڵی پاراستنی زمانەکەی بدات، چونکە پاراستنی زمان پاراستنی نەتەوە دەگەیەنێ، ئەو نەتەوەی زمانی بسڕێتەوە خۆشی بەرەو سڕینەوە دەچێ.

هەر لەمبارەیەوە هەژار موکریانی دەڵێ: (قەواڵەی بوون و مانەوەی گشت نەتەوەکانی جیهان زمانە، زمان نەمێنێ بوون و نەبوون لە نێو دەچێ).(٢٩) نەتەوەی کورد سەرەڕای داگیرکاری و چەندین جار دابەشکردنی لە نێو ئەو وڵاتانەی داگیریان کردووە و ئەو هەموو نەهامەتییەی بەسەری هێنراوە، توانیویەتی پارێزگاری لە زمانەکەی خۆی بکات.

### (١-٤) کاریگەریی زمان لەسەرئاسایشی نەتەوەیی:

دەکرێ لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە سەیری زمان بکرێ یەکێکیان لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، کە تێیدا زمان تەنێکی

بێلایەنە و کەرەستەیەکی خاوە، ئەویتریان لە ڕوانگەی هەستی نەتەوەییە، کە تێیدا زمان دەبێتە پێناسەی نەتەوە و بە بەشێك لە ئاسایشی نەتەوەیە دادەنرێ(٣٠). بابەتی سەرەکی لەم نوسینەدا ڕوانگەی دوووەمە، پرسی پەیوەندی نێوان زمان و ئاسایشی نەتەوەیی، بەو واتایەی پاراستن و پەرەپێدانی زمانی هاوبەشی نێوان ڕۆڵەکانی نەتەوەیەك بەشێکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیە، چونکە ئامانجی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەیی پاراستنی یەکپارچەی و یەکڕیزی نەتەوەیە، ئەمەش لە ڕێگەی پارێزگاریکردن لە ناسنامەی هاوبەشیان دەبێ، یەکێك لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ئەم ناسنامەیە بریتیە لە زمان، بۆیە پاراستن و پەرەپێدانی ئەم زمانە هاوبەشە لە جیهانی خێرا و ئاڵۆزی وەك ئەمڕۆدا پرسی هەرە سەرەکی ئاسایشی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەکە، بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی کە تەوەری سەرەکی بۆ پاراستنی ناسنامەکەیان زمان بێ، پاراستن و پەرەپێدانی زمانەکەیان بەشێکی گرنگ و هەستیاری ئاسایشی نەتەوەیی پێکدێنێ و دەتوانێ تاکەکانی ئەو نەتەوە پێکەوە گرێبدات.

لای ئێمەی کورد زمانی کوردی نەك بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیمان، بەڵکو هۆکاری هەرە گرنگی مانەوەمانە، چونکە نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو لەدوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی ماد خاکەکەی لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا بووە، بەڵام زمانەکەی پاراستووە ئەمەش هۆکاری مانەوە و بەردەوامیان بووە. زمانی کوردی لای هەر تاکێکی کورد زیاتر بەهایەکی سیاسی هەیە بە حوکمی ئەوەی کورد لە مێژە هەرەشەیەکی گەورەی لەسەرە، داگیرکارانی کوردستان هەر کار لەسەر لەناوبردنی زمانی کوردی ناکەن، بەڵکو کار لەسەر تواندنەوەی نەتەوەی کورد دەکەن.(٣١)

ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە (عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا) تەنیا لە عێراق دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و ڕاپرسی لەسەر دەستوری کۆماری عێراق لە ساڵی 2005 لە ماددەی چوارەمیدا بۆ یەکەمجار دانرا بە زمانی کوردی، ناوی زمانی (عەرەبی و کوردی) بە دوو زمانی فرمە هاتووە(٣٢)، بەڵام لەبەر نەبوونی یاسای زمان زەحمەتە هەردوو زمانەکە بە یەکسانی بەکاربهێنرێ، زمان گیانلەبەرێکە گەر پلاندانانی بۆ نەکرێ و بە یاسای زمان ڕێکنەخرێ و ساڵانە بژارنەکرێ و وشەی نوێی بۆ دانەڕێژرێ لەجیاتی بوژانەوە زمانەکە توشی سستی و لاوازی دەبێ، دواتر بەرەو هەڵدێر و پوکانەوە دەچێ.(٣٣)

زۆرجار ناکۆکی و ململانێ لە نێوان زمانی نەتەوەی باڵادەست و نەتەوەی بندەست دروستدەبێ، ئەم ناکۆکییەش بە کارێکی خۆڕسك دادەنرێ، چونکە لە نێوان زۆربەی زمانەکانی نەتەوەی باڵادەست دەستپێدەکات، لەگەڵ فراوانبوونی دەسەڵاتی ڕامیاری زمانی نەتەوەی باڵادەست زیاتر زمانی نەتەوەی بندەست دەچەوسێنێتەوە(٣٤)، بێگومان نەتەوەی بندەست دەسەوسان ناوەستێ، لەلایەك لە پێناو مانەوەی زمانەکەی هەوڵی بوژاندنەوەی زمانی نەتەوەی خۆی دەدات، لەلایەکی دیکەوە دژایەتی هەر هەوڵێك دەکات کە بۆ سنوردارکردن و سەرکوتکردنی زمانی نەتەوەییان دەگیرێتەبەر لەلایەن نەتەوەی باڵادەست.(٣٥)

ئەم سەرکوتکردنەش زیاتر لە وڵاتە نادیموکراتیەکاندا ڕوودەدات، هەوڵدەدەن لەو ڕێگەیەوە ڕێگە لە بەهێزبوونی ئەو نەتەوەیە بگرن، تاوەکو ناسنامەیەکی نەتەوەیی نایەکگرتوو دروستببێ، ئەمەش کاردەکاتە سەر یەکڕیزی نەتەوەیی و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوە دەخولقێنێ. نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان شکستی بە پلانی دوژمنان هێناوە بۆ لەناوبردنی زمانەکەی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تۆکمەیی پەیوەندی و وابەستەبوونی هەموو تاکێکی کورد بە زمانەکەیەوە.(٣٦)

زمانەکان ئاڵۆزترین داهێنراوی عەقڵی مرۆڤن، کاتێك خودی زمانێك لەنێودەچێ، ئەوە هەر زمانەکە خۆی نییە کە نامێنێتەوە، بەڵکو هەر زمانە بەشێوەیەکی چەسپیو گرێدراوە بە کەلتورێك و وێژەیەکی دانسقەوە، بۆیە لە هەموو ئەمانەدا کۆتای بە هەزاران ساڵی داهێنانی مرۆڤایەتی دێ، لەبەرئەوە لەڕەگەدەرکێشانی زمانەکانی جیهان دەبێتە تراژیدیایەکی ڕاستەقینە، دەبێتەهۆی وێرانکردنی زۆربەی هونەر و وێژەی جیهان(٣٧)، بۆیە پێویستە هەر نەتەوەیەك پارێزگاری لە زمانەکەی خۆی بکات، بەشێوەیەکی بەردەوام هەوڵ بۆ پێشخستن و پەرەسەندنی بدات، بۆئەوەی چ زمانەکە و چ نەتەوەکە بەرەو پوکانەوە و لاوازبوون و تەنگوچەڵەمەی نەتەوەی نەرۆن و قەوارەی ڕامیاری لەدەستنەدا.(٣٨)

زمان لای هەر تاکێکی کورد لە ئەستونە پتەوەکانی ناسنامەی نەتەوەییە، بۆیە گرنگە نەك هەر نوێنەرانی کورد لە هەرەمی دەسەڵات، بەڵکوهەموو تاکێکی کورد بابەتی زمان بە ئامانجی ستراتیژی خۆیان بزانن و هەوڵی بوژاندنەوە و پاراستنی بدەن، چونکە بە لەناوچوونی زمان وردە وردە پەیوەندی نێوان ڕۆڵەکانی نەتەوە بەرەو لاوازی دەچێ، یەکڕیزی و یەکگرتووی نەتەوە بەرەو لاوازی دەچێ، یەکڕیزی و یەکگرتووی نەتەوە، کە ئامانجی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەییە لەنێودەچێ.

## (١-٥) ڕۆڵی زمانی کوردی لە پاراستن و هێشتنەوەی کورد وەك نەتەوەیەکی بێ کیان:

نەتەوەی کورد یەکێکە لە گەورەترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاتر لە چل ملیۆن کەسە، لە نێوان وڵاتانی عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا دابەشکراوە. دیارە هەرکاتێ هێزی داگیرکەر نیشتمانی نەتەوەیەکی دیکە داگیر دەکات، لەپێش هەموو شتێکەوە هەوڵدەدات زمانە نەتەوەییەکەی قەدەغە بکات، زمانە نەتەوەییەکەی خۆی بەسەردا بسەپێنێ، بەڵا نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو هەوڵی پاراستن و بوژاندنەوەی زمانەکەی خۆی داوە، تاوەکو بیپارێزێت لەبەرامبەر زمانی نەتەوەی فەرمانڕەوا.

زمانی کوردی مێژوویەکی کۆنی هەیە، زۆربەی زمانەوانان و مێژوونوسان پێشینە و بنەچەی زمانی کوردی دەگەڕێننەوە بۆ زمانی مادی(٣٩)،مادەکان یەکێکن لە نەتەوە ئێرانییە کۆنەکان لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین خاوەنی ئیمپراتۆریەتی بەهێز بوون(٤٠)، دوای ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتەکەیان لەلایەن هەخامەنشینیەکانەوە تا ئێستا، نەتەوەی کورد لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندایە، ئەو وڵاتانەی کوردستانیان پێوەلکێنراوە، بەدرێژایی مێژوو بە پلانێکی ستراتیژی تۆکمەی بۆدارێژراوی درێژخایەن، هەوڵیانداوە قۆناغ بە قۆناغ نەتەوەی کورد لەنێو نەتەوەی باڵادەست بتوێننەوە، لە ڕێگەی سڕینەوەی زمانەکەیان.(٤١)

ژمارەی ئەو زمانانە لە دنیا هەیە نزیکەی شەش هەزار زمانە، هەرچەندە زۆرێك لەو زمانانە، ژمارەی قسەپێکەرانیان کەمە لەبەر مەترسی ئەوەدان لە نێوبچن و لەلایەن زمانە گەورەکانەوە جێگەیان پڕبکرێتەوە، کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك قسەی پێدەکەن(٤٢)، ئەو زمانانەی کەلە بیست هەزار تا سەد هەزار کەس پێیدەدوێن، زیاتر مەترسی لەناوچونی لەسەرە. زمانی کوردی خۆڕاگرە و ڕەگ و ڕیشەی بە ناخی کوردستاندا چۆتەخوارێ، لەنێو زمانانەدا بە چلەمین زمان لە سەرتاسەری دنیا دادەنرێ(٤٣)، زۆرن ئەو زمانانەی کە خاوەنی پێگە و کلتور و فەرهەنگن لە چوارچێوەی دەوڵەتدا ڕێکنەخراون، بەڵام زمانەکەیان پارێزراوە و مەترسی لەسەر نییە.(٤٤)

هەر نەتەوەیەك زمان و ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی بپارێزێ بە نەتەوەیەکی زیندوو دەژمێردرێ، زمان بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد بۆتە سەنگەرێکی بەهێز بۆ بەرگریکردن لە توانەوە و لەناوچوونی(٤٥)، چونکە وەك نەتەوەیەکی تر بۆی نەگونجاوە، کە پشت بە بنەماکانی تر ببەستێ، تا خۆی وەك نەتەوەیەك جێگیربکات، ئەگەر هەر نەتەوەیەکی دیکە لە مێژوودا وەك نەتەوەی کورد دوچاری ئەو هەموو نەهامەتیە ببوایە و دەسەڵاتی سیاسی خۆی لەدەستبدایە، ڕەنگە نەیتوانیایە خۆی ڕابگرێ و زمانەکەی بپارێزێ، بەڵام هەبوونی ترس لە توانەوە و لەناوچوون پاڵنەرە بۆ نەتەوەی کورد، تا هەموو توانای خۆی بۆ پاراستنی زمانەکەی بخاتەگەڕ، چونکە زمان دوا سەنگەری بەرگریکردنە بۆ زیندوو ڕاگرتنی نەتەوە.

زۆر نەتەوە هەبوون لە نێو نەتەوەی دیکەدا تواونەتەوە، چونکە بە ئاسانی سەنگەری زمانەکەیان داگیرکراوە، کە زمانیش داگیرکرا، بەها نەتەوایەتیەکانی تر ئەو نرخەیان نامێنێ(٤٦)، یەکێ لەو نمونانەش دەوڵتێکی وەکو مەغریب، تا سەدەی حەوتەم و هەشتەمی زاینی وڵاتێکی عەرەبی نەبوو،بەڵام لەدوای ئەو مێژووە تا ئەمڕۆ بە پارچەیەك لە نیشتمانی عەرەب دادەنرێ، لەبەرئەوەی نیشتمانی عەرەب زمانەکەیان لەلایەن عەرەبەکانەوە عەرەبێنرا.(٤٧)

زمان لە ژیانی نەتەوەدا دەورێکی گرنگ و کاریگەری هەیە، چونکە مانەوەی بەندەپێوەی، بۆیە گرنگیدان بە زمان و بەرزڕاگرتنی و ڕێگاخۆشکردن بۆ پێشکەوتنی زمان گرنگ و پڕ بایەخە و ئەرکێکی نەتەوەییە، پێویستە کاری بۆ بکرێ(٤٨)، نەتەوەی کورد بەهۆی نەبوونی کیان و دەسەڵاتی سیاسی ، پێویستە گرنگی زیاتر بە زمانەکەی بدات و هەوڵی پاراستنی بدات، چونکە پاراستنی زمانی کوردی پەیوەندییەکی پتەوی بە چارەنوس و داهاتووی نەوەکانییەوە هەیە، بۆ پاراستنی زمانی کوردی و بەرزڕاگرتنی، پێویستە ئەم هەنگاوانە بگرینە بەر:

١-گۆشکردنی تاکی کورد هەر لە منداڵییەوە بە وەرگرتن و فێربوونو فێرکردنی زمانی کوردی، بۆئەوەی ببێتە بنچینەیەکی بەهێز و پتەو بۆ زیندوێتی زمانەکە و بەکارهێنەرانی.(٤٩)

٢-پێویستە خوێندن لە هەموو بوارەکان و قۆناغە جیاجیاکانی پەروەردە و فێرکردن بە زمانی کوردی بێت(٥٠)، بەتایبەتی لە ئاستی زانکۆکانی کوردستاندا بایەخێکی تەواوی پێبدرێت و بکرێتە زمانی زانست.

٣-بەکارهێنانی یەك شێوە زمان و یەك ڕێنووس لە ناوەندەکانی خوێندن و ڕاگەیاندن نەك زیاتر، کە دەبێتە هۆی دابڕانی تاکەکانی یەك نەتەوە لە یەکتر.

٤-هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ لە گرنگی و ڕۆڵی زمانەکەیان لە پاراستنی بوون و کیانی نەتەوەدا، هەروەها خستنە پێش چاوی نمونەی ئەو میللەتانەی کە زمانەکەیان لەدەستداوە و ئەوەش بووەتە هۆی لە ناوچوونی خۆیان.(٥١)

٥-وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی لە بوار جیاجیاکاندا وبوونی فەرهەنگی وشەکان و بڵاوکردنەوەی کتێب لە بواری دابونەریتو کەلتوری کوردیدا.

٦-پێویستە پێگەی زمانی کوردی لەسەرتۆڕە جیهانییەکان و تەکنەلۆجیای ... و ژمارەی ماڵپەڕەکان زیادبکرێت و پەرەی پێبدرێت: بایەخدان و پاراستنی زمان گرنگیەکی سەرتاسەری هەیە، گرنگی زمان و پاراستنی واتە پاراستنی نەتەوە، هۆکارێکی گرنگی مانەوەی نەتەوەی کورد زمانی کوردییە، ئەگەر زمانی کوردی نەبوایە لەمێژە کورد دەتوایەوە لەناو نەتەوە داگیرکەرەکانی.

بەشی دووەم

(٢-١) چەمك و پێناسەی "ژەهری زمانی":

زاراوەی ژەهری زمانی، زاراوەیەکە کە بۆ ئەو کەرەستە بیانییانە بەکاردێت، کە لە شێوەی کەرەستەی (سینتاکسی و فۆنەتیکی)دا لە زمانێکەوە دەچنە زمانێکی ترەوە.(٥٣)

واتە: هەر کەرەستەیەکی زمانی، ئەگەر لە شێوەی کەرەستەی "سینتاکسی" یان "فۆنەتیکی"دا بێت و لە زمانێکەوە بچێتە زمانێکی ترەوە، ئەوە بەر چەمکی "ژەهری زمانی" دەکەوێت و دەکرێ وەك ژەهرێك بۆ زمانە بۆ وەرگیراوەکە سەیر بکرێت، لێرەدا ڕەنگە پرسیارێك سەرهەڵبدات! ئەویش بریتییە لەوەی، کە وەرگرتنی کەرەستە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر زیاتر لە شێوەی (وشەی وەرگیراو یان خواستراو)دایە، بە واتایەکی تر وەرگرتن و خواستنەکە زیاتر لە ئاستی (مۆرفۆلۆجی)دایە وەك لەوەی لە ئاستی (سینتاکس و فۆنەتیك)دا بێت، بۆچی؟ لێرەدا دەکرێ ئەوە بوترێ، کە وەرگرتنی "وشە" لە نێوان هەموو زمانانی جیهاندا دیاردەیەکی تەواو سروشتی و ئاساییە و بگرە پێویستیشە، چونکە وەك دەزانرێ هەموو زمانان وشەی پێویستیان لە بەردەستدا نییە، بۆ ناونان و دەربڕینی شت و دیاردەکانی دەوروبەر، بۆیە ئاساییە گەر پەنا بۆ وەرگرتن و خواستنی وشەی بێگانە ببەن و لە زمانەکەی خۆیاندا بەکاری بهێننەوە، چونکە ئەم دیاردەیە بەشێکە لە پرۆسەی بەلێکسێمبوونیش.بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی پرۆسەی بەلێکسێمبوونەوە.(٥٤) بەڵام ئەوەی ڕێگەپێدراو و سروشتی نییە، وەرگرتنی کەرەستەیە لە ئاستەکانی (سینتاکس و فۆنەتیك(فۆنۆلۆژیی)دا)، چونکە ئەوەی خەساری گەورە لە زمان دەدات، وەرگرتنی کەرەستەیە لەو دوو ئاستەدا(لە تەوەرەکانی دواتردا وردتر لەم بابەتە دواوین)، نەك ئاستی مۆرفۆلۆژی، بۆیە لێرەدا دەکرێ بڵێین: کە ژەهری زمانی بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی وەرگرتنی کەرەستەی ئاستی سینتاکس و فۆنەتیکدا دەخولێتەوە.هەرچەندە دەکرێ ژەهرەکە لە ڕێی تاکە وشەیەکەوە دەست پێبکات.(٥٥)

ئەمە بە واتای ئەوەی، کە تێکچوونی یاسابەندیی وشەیەك لە ژێر هەژموونی وشەی بێگانەدا ، دەرگا بەسەر هاتنی ژەهرەکەدا دەکاتەوە.ڕونتر بڵێین: مەرج نییە وەرگرتنی ... خۆشکەرێت بۆ هاتنی ژەهرەکە، بە تایبەتیش وشە ناسادەکان، کە هەڵگری فۆڕمێکی بە لێکسێمبووی سینتاکسیین.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت ، ئەوەیە، کە بە زۆریی ژەهری زمانی لە ڕێگەی "وەرگێڕان"ەوە ڕوو دەدات، چونکە هەر زانیارییەك لە قاڵبی زمانێکدا بێت و بخرێتە قاڵبی زمانێکی ترەوە بەر چەمکی وەرگێڕان دەکەوێت.(٥٦)

زیاتریش لەو جۆرەی وەرگێڕاندا ڕوو دەدات، کە پێی دەوترێ وەرگێڕانی "وشە بە وشە" ، چونکە لەم جۆرەی وەرگێڕاندا کەمتر ڕەچاوی دەستووری ڕێزمان و چۆنێتی ڕیزبوونی کەرەستەکان دەکرێت.لە کاتێکدا جیاوازیی ڕێزمان لە زماناندا، واتای جیاوازیی و سەربەخۆیی هەر زمانێکە.(٥٧) ، بۆیەش ئەم جۆرەی وەرگێڕان کەمتر پشتی پێ دەبەسترێ و لایەنی نەرێنی زۆرە.

بۆیەش وەرگرتنی کەرەستەکان بە ژەهر دادەنرێت، چونکە کار لە یاسابەندیی کەرەستە زمانییەکان دەکات، چونکە وەك دەزانرێت، کە زمان یاسابەندە یان خاوەن نەزم و یاسایە، هەرکاتێکیش ئەم یاسابەندییە تێکچوو، ئەوکات دەوترێ زمانەکە ژەهراوی بووە.

(٢-٢)یاسابەندیی زمان و ڕێگەدان بە ژەهری زمانی:

مەبەست لە یاسابەندیی لە زماندا بە گوێرەی وتەی "دەیڤد کریستاڵ" واتە: ئەو چەمکەی کە هەموو ئاستەکانی زمانی دەگرێتەوە، هەرکاتێکیش فۆڕمە زمانییەکان پەیوەست بوون بە یاسا گشتییەکانی زمانەوە، ئەوکات پێیان دەوترێ یاسابەند.(٥٨) ، ئەمە بەو واتایەیە، کە زمان لە کۆمەڵێك یاسا پێکدێت، کە بەسەر هەموو ئاستەکانی زماندا دابەش بووە، سەرجەمی فۆڕمە زمانییەکانیش ئەگەر بەستران بە یاسا گشتییەکەوە، ئەوکات یاسابەندن. یاسابەندیی هەردوو دیوی فۆڕم و واتای کەرەستەکان دەگرێتەوە، لە ڕووی یاسابەندیی لە فۆڕمدا ئەوەیە، کە کەرەستەکان فۆڕمدروست بن، واتە لە ڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە دروست بن...لە ڕووی واتاییشەوە واتە کەرەستەیەك دوای ئەوەی فۆڕمەکەی دروستە، پێویستە ڕەچاوی یاسابەندییە سیمانتیکی/واتاییەکەشی بکرێت، کە ئەمەیان زیاتر پێوەندیی نێوان کەرەستەکان دەگرێتەوە.(٥٩)

هەر لەمبارەیەوە لە زمانناسیدا دەوترێ زمان پێڕەوە یان پێڕەوبەندە.(٦٠) ، واتە: لە نێوان یاساکانی زماندا پێوەندیی پتەو هەیە، کە ئەمەش وا دەکات نیزام یان پێڕەوێك بە زمان ببەخشن و وای لێدەکەن، کە زمان لەسەر سیستەمێکی تایبەتی بڕوات ، کە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ بە ئاسانی لە زمان بگات و زمان لێك بداتەوە، چونکە ئەگەر وا نەبوایە مرۆڤ نەیدەتوانی بە ئاسانی کۆمەڵێك ڕستە گۆبکات، کە پێشتر نە بیستوویەتی و نە بینیویەتی.(٦١) ، لێرەدا مەبەستمانە بڵێین: هەموو کەرەستەیەکی زمانی خاوەنی یاسایە، جا لە هەر ئاستێکدا بێت، بۆیە ناکرێ کەرەستەی زمانێکی تر(مەبەست یاسا و ڕێسایە) وەربگیرێ و لە زمانەکەدا بەکاربهێنرێتەوە، چونکە ئەمە لە دوور مەودادا زیانی گەورە لە زمانەکە دەدات و نەوەکانی داهاتووی ئاخێوەری ئەو زمانە بەکاری دێنن وەك بەشێك لە زمانەکەی خۆیان. ئەمەش بەواتای هەڵمژینی ژەهر دێت بۆ ئەو زمانە.

بۆیە ئەم هەڵمژینی ژەهرە ئەگەر بە شێوەیەکی فراوان و بەردەوام بێت و ڕێگەی پێ نەگیرێ، دوای ئەوەی زمانەکەی تووشی لاوازی کرد، ئەوکات لێکتێنەگەیشتن دێنێتە ئاراوە لە نێوان دوو نەوەی کۆن و نوێ، ئەمەش وا دەکات شیرازەی کۆمەڵگە تێك بچێ و وەك لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەشدا باسکرا، کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ئاسایشی هەر نەتەوەیەك، تەنها بریتی نییە لە ڕێوڕەسم و عادات و ئایین و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو زمانیش کە بەدیهێنەری هەموو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و پایەیەکی سەرەکیی ڕاگرتنی هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەکە، ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ڕاگرتن و مانەوەی هەر کۆمەڵگەیەکدا، واتە بە لاوازبوون و کەنارکەوتنی زمان، کۆمەڵگەش بەرەو کەنارکەوتن و لەناوچوون دەچێت.

ئەوەی تا ئێرە باسکرا ڕۆڵی زمان بوو لە کۆمەڵگەدا، بەڵام ئەوەی گرنگە بوترێت ئەوەیە، کە ئایا پایەکانی ڕاگرتنی خودی زمان کامانەن؟ کە وا دەکەن زمانەکە بمێنێتەوە و لەسەر پێی خۆی بوەستێت! پێویستە ئەوە بوترێ ، کە زمانیش بۆخۆی چەند یاسا و ڕێسایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە زمانانی تر، هەر ئەم یاسا و ڕێسایانەشە، کە زمان لە لەناوچوون و فەوتان دەپارێزێت، بۆچی؟ چونکە ئەگەر زمانی (ئەمهەری) بە نموونە وەرگرین، دەبینین، پاش تێکەڵبوونی بە زمانێکی تر و گۆڕانی یاسا زمانییەکانی، خودی زمانەکەیش لەناو چووە و نەماوە.(٦٢)

واتە: دەتوانین بڵێین، کە زمانی ئەمهەری بە کاریگەریی ژەهری زمانی تووشی ئەو لەناوچوون و مردنە بووە، چونکە وەکو وتمان وەرگرتنی یاسا و ڕێساکانی زمانێکی تر و تێکەڵبوونی لەگەڵ زمانی دایکدا، واتە لەناوچوونی زمانی دووەم(دایك)، وەك ئەوەی لە زمانی ئەمهەریدا ڕوویدا، بۆیە لێرەوەیە، کە ژەهرەکە کاریگەریی خۆی دادەنێت و لەسەرخۆ و بەشێنەیی سەرجەم جومگەکانی زمانەکە دەگرێتەوە، تا وای لێدێت نەوە نوێیەکانی قسەپێکەری ئەو زمانە چیدی نازانن، کامە یاسای ڕەسەنە و کامە یاسای وەرگیراوی زمانەکەیە! ، مەگەر کەسانێك کە زمانناس بن یاخود کار لەسەر زمان و مێژووی زمان بکەن، ئەمە بۆ زمانی کوردییش وەکو هەر زمانێکی زیندووی تری جیهان دروستە، چونکە لە سەردەمی جیهانگیریی و تەکنەلۆژیادا، زمانەکان زیاتر لە پێشوو ڕووبەڕووی گرفتی ناوان و زاراوە دەبنەوە و تێکەڵاوی و بەریەککەوتنی شارستانییەتەکان و پێوەندیی ڕاستەوخۆی زمانە جیاوازەکان لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ڕێگەی هاتنی "ژەهری زمانی" زیاتر و ئاسانتر دەکات، واتە: تا بەریەککەوتن و پێوەندییەکان زۆرتر و خێراتر بن، وەك ئەوەی لە ئێستادا بە دی دەکرێت، ئەوە ئەو زمانانەی، کە خاوەنی فلتەری تایبەت نین و دەزگای فەرهەنگیان نییە و زمانەکەیان کەمتر گرنگیی پێدەدرێت، زۆر بە زوویی ڕووبەڕووی هاتنی بە لێشاوی ژەهری زمانی دەبنەوە.

وەکو پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا، کە ژەهری زمانی هاوشێوەی هەر ژەهرێکی فیزیکی و کیمیایی کاریگەرییەکانی لەسەرخۆن و بە زوویی دەرناکەون، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات دەردەکەون و کاریگەریی بەجێدێڵن، چونکە زمان بە سروشتی خۆی گۆڕانکارییەکانی سست و لەسەرخۆن و چەندین ساڵی پێویستە تا درك بە گۆڕانە زمانییەکان بکرێت، بۆیە لە سەرەتاوە هاتنی ژەهرێکی زمانی زۆر دیار و ئاشکرا نییە و بە ئاسانییش جێی نابێتەوە، بەڵام هەرکات توانی جێگەی خۆی بکاتەوە و ڕەگ داکوتێ، ئیتر ئەوکات ئەبێ بە بەشێك لە ناسنامەی زمانەکەو نەوە دوای نەوە بەکاردەهێنرێتەوە و کاری پێدەکرێت، بۆ نموونە: وەرگرتنی کەرەستە سینتاکسییەکانی وەك:

1. هەستا بە ناشتنی نەمامێك. لێرەدا بە کاریگەریی سیستەمی سینتاکسی زمانی عەرەبی وەرگیراوە، وشەی "هەستا" لە بری وشەی (قام)ی عەرەبی بەکارهێنراوەتەوە، کە ڕەژاوی یاسابەندیی زمانی عەرەبیی کردووە، کە کردار لە سەرەتای ڕستەوە دێت، ئەم مۆدێلە لە ئێستادا لە زمانی کوردییدا زۆر بە بەربڵاوی بەکاردێت و خەریکە وەکو کەرەستەیەکی زمانی کوردیی خۆی دەناسێنێ.
2. یان چەند نموونەیەکی تری وەکو (سلێمانی پاڵاس ، هێمن کار ، نازە کافێ)، کە نموونەی (1 و 2) هەردووکیان یاسای سینتاکسی فرێزی زمانی کوردییان پێڕەو نەکردووە ، کە

سەر_کۆتاییە ، بەڵکو لە (1) یاسای سەرسەرەتای زمانی عەرەبی و لە(2)دا یاسای زمانی ئینگلیزی پێڕەو کراوە.

ئەگەر سەرنج لەو نموونانە بدەین، دەبینین دەیان نموونەی هاوشێوەی ئەوانە دروست بوون و بڵاوبوونەوەو ڕۆشتوون، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا خەتەری "ژەهری زمانی" لە زمانی کوردییدا دەردەخات و ئەوە دەسەلمێنێت، کە زمانی کوردیی دەرگای بەسەرژەهرەکەدا کردۆتەوە.

لە بارەی وەرگرتنی کەرەستە لە ئاستی (فۆنەتیک"فۆنۆلۆژیی")دا، لە زمانی کوردییدا دیاردەیەکی ئەوتۆ بەرچاو ناکەوێت تا وەک نموونە بهێنرێتەوە، ئەوەی هەیە لێرەو لەوێ باسی هەندێ دەنگی وەکو (ح، ع، غ) دەکرێ و دەوترێ لە زمانی عەرەبییەوە هاتوون و هی کوردیی نین، بەڵام لە ئێستادا ئەم دەنگانە لە وشەی کوردیی پەتیدا هەن، بۆیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی (ئیتمۆلۆژیيانە) دەبێت.

وەکو یاسا فۆنۆلۆژییەکانیش، لە زمانی کوردییدا هیچ یاسایەکی وەرگیراو بوونی نییە، بۆ نموونە: هەرچەندە ناوەکانی وەک (یوسف و یونس) ، کە عەرەبیین و یاسایەکی فۆنۆلۆژیی زمانی عەرەبییان پێڕەوکردووە، کە بریتییە لە هاتنی هەردوو فۆنێمی /ی/ و /و/ بەدوای یەکدا لە سەرەتای وشەوە، کە ئەمە لە زمانی کوردییدا بوونی نییە، بەڵام ئەو ناوانە لە کوردییدا بەکاردێن، کەچی وشەی تری کوردی نابینرێت، کە هاوشێوەی ئەو ناوانە بێ و بەکاربهێنرێتەوە، مەبەست لە خستنە ڕووی لایەنی فۆنەتیک وەکو ژەهرێکی زمانی، تەنها وەکو خستنەڕوویەکە، کە وەرگرتن و خواستنی ئەو ئاستەش بە ژەهر دادەنرێت.

بە کورتی: ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان بووە، خستنەڕووی کاریگەریی ژەهری زمانییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، نەک هێنانەوەی نموونەکان، چونکە لە ڕاستیدا نموونە ئەگەر یەک دانەش بێت، دەکرێ هەر بە ژەهر دابنرێت و دواتریش وەکو دیاردەیەکی زمانەوانی سەیربکرێت.

### (٢-٣)هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ژەهری زمانی لە زمانی کوردییدا:

زمانی کوردیی بە درێژایی مێژووی خۆی هەمیشە ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی گەورە و مەترسیدار بۆتەوە، لەلایەن ئەو میللەتە سەردەستانەی، کە داگیرکاری کوردستان بوونە و دەسەڵاتدار و حوکمڕانی سەردەمی خۆیان بوون، بە تایبەتیش فارس و تورك و عەرەب، کە دراوسێی کوردبوون و پاش دەبەشکاریی کوردستانیش لە دوای شەڕی (چاڵدێران)ەوە ئەم دیاردەیە تەواو پەرەی سەند و تائێستاشی لەگەڵدابێ بەردەوامی هەیە، کە هەوڵدراوە زمانی دایك(کوردی) کەناربخرێت و زمانی میللەتی سەردەستە بسەپێنرێت.

ئەوەی تا ئێرە وترا ئەوەبوو، کە زمانی کوردی ڕووبەڕووی خەتەرێکی دەرەکی بۆتەوە، بەڵام ئەگەر بە مێژوودا بچینەوە، دەبینین، کە زمانی کوردی لەو هەموو ئاڵنگاریی و بەربەست و خەتەرانەی هاتوونەتە ڕێی توانیویەتی خۆی بپارێزێ و بمێنێتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەبووە، کە کوردییزمانان هەردەم بە زمانی کوردیی قسەیان کردووە و کەمتر هەوڵیانداوە زمانی بێگانە بەکاربهێنن، ئەمەش وای کردووە، دنیابینی زمانییان فراوان بێت و لە دروستکردن و ناونانی کەرەستەکاندا تەنها پشت بە زمانی کوردیی ببەستن، دواتریش ئەم ڕەوەندە درێژەی هەبووە و نەوە دوای نەوە وشە و دەستەواژەی کوردانەیان بۆ زمانەکە زیادکردووە، ئەمەش وای کردووە زمانەکە زیاتر بەهێزبێت و توانای مانەوە و خۆپاراستنی هەبێت، لە هەمبەر هەر خەتەرێکی دەرەکییدا.

بەڵام پاش ئەوەی لە سەدەی نۆزدەدا زمانی کوردیی بە کاریگەریی زمانی عەرەبی و بە هۆی ئەوەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی ئەو سەردەمە بە عەرەبی خوێندوویانە، بۆیە دەبینین لە پەنجاکانی سەدەی نۆزدەوە، زمانی کوردیی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبییەوە و نووسەرانی ئەوکاتیش کۆمەڵێك وشەی وەك: (زانکۆ و خوێندکار) دادەتاشن، کە لەسەر بنەمای هیچ یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردیی ساز نەکراوە، کە دەکرێ وەك سەرەتای هاتنی "ژەهری زمانی" سەیر بکرێت، دواتریش دەستەواژەکانی وەك: (هەستا بە کردنەوەی پێشانگایەك.) و (هەستا بە ناشتنی نەمامێك و ...تاد) ، کە دەستەواژەی (هەستا) لە وشەی (قام)ەی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بە داخەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هێشتاش بەکارهێنانی هەیە لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و چ لە میدیاکانیشدا، کە ئەمە ڕاستەوخۆ واتای "ژەهری زمانی" دەگەیەنێت، چونکە وەرگرتن و خواستنی یاسا و ڕێسای زمانێکی بیانییە.

پاش چەندین ساڵ و کاڵبوونەوەی کاریگەریی زمانی عەرەبی، لە ئێستادا بە کاریگەریی و هەیمەنەی زمانی ئینگلیزی، لە ڕێی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێتەوە و بە سیاسەتێکی زمانی پلان بۆ دارێژراو(بۆ سەر هەموو زمانانی تری دونیا)، زمانی کوردیی کەوتۆتە ژێر ئەم کاریگەرییەوە و ئەوەتا مرۆڤی کورد لە بری ئەوەی بڵێت: (پاڵاسی سلێمانی) دەڵێت (سلێمانی پاڵاس) و لە بری ئەوەی بڵێت: (پێشانگای ڕاستی) دەڵێت (ڕاستی شۆو) و هەربەك لە نموونەکانی وەك: (هێمن کار و سەردارگروپ و نازکافێ و ئارۆڕێکلام و ...تاد) نموونەی زەقی ئەم

بەکارهێنانە نادروستەن، کە ئێستا خەریکە بە تەواوی لە زمانی کوردییدا ڕەگ دادەکوتێ و دەبێتە دیاردەیەکی تەواو نامۆ، کە لە ڕاستیدا ئەمە دەکرێ بە ژەهری زمانی دادەنرێ، چونکە پێڕەوی ڕێسای سینتاکسی فرێزی زمانی ئینگلیزیان کردووە، کە سەرسەرەتایە، بە پێچەوانەی زمانی کوردییەوە ، کە سەرکۆتایە.(٦٣)

(٢ -٥)ڕێگەگرتن لە هاتنی ژەهری زمانی:

وەکو لە تەوەرەکانی پێشووترا دەرکەوت، کە کاریگەری و گرنگیی زمان بۆ نەتەوە و ئاسایشی نەتەوە چەند گرنگە، هەر لەبەر ئەم گرنگییەی زمان بە گشتی بۆ هەموو نەتەوەیەك و بە تایبەت بۆ نەتەوەی کورد، پێویستە ڕێگەچارە و چارەسەر هەبێت، بۆ ڕێگری کردن لە هاتنی ژەهری زمانی، بۆیە پێویستە زمانی کوردیی بۆ ئەم مەبەستە ئەم ڕێگایانە بگرێتە بەر:

1. دروستکردن و دامەزراندنی دەزگای فەرهەنگیی یان ئەنجومەنی زمان، کە ئەندامەکانی ئەو ئەنجوومەنە کار لەسەر زمان دەکەن، لەسەر ڕەوشی زمان قسە دەکەن.(٦٤) ، وەکو ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا هەیە، کە کاری دروستکردن و داتاشینی وشەی نوێ و بەکارهێنانەوەی هەندێ وشە و دەستەواژەی کۆن و کەنارکەوتوو، لە بەرامبەر هاتنی وشەی بێگانە و ژەهری زمانیدا.
2. بە ستانداردکردنی زمانی کوردی و کارکردن لەو پێناوەدا، چونکە هەر زمانێك ستانداردی هەبوو، ئیتر هێندە کراوە نابێ بە ڕووی هاتنی ژەهری زمانییدا و چیدی وشە و دەستەواژە و یاسای وەرگیراو، ناتوانێ زاڵ بێت بەسەرروشە ڕەسەن و باوڕۆشتووەکاندا.
3. دانانی پلانی زمانی و سیاسەتی زمانی، پاشانیش دانانی یاسای زمان، بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردیی.(٦٥)
4. گرنگییدا بە وەرگێڕان و بە تایبەتییش وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ زمانانی تر.(٦٦)
5. دەرکردنی ڕێنمایی و یاسای تایبەت بە تابلۆ و تایتڵی جێگە و شوێنەکان، لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتەوە.
6. ڕێگەگرتن لە چاپکردنی کتێبی نازانستی و نائەکادیمی، لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندیی و وەرگێڕانەوە، لە لایەن کەسانی کەم شارەزاوە.

ئەنجام

لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە بەم ئەنجامانەی لای خوارەوە گەشتووە:

1.ژەهری زمانی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر زمان هەیە و ناڕاستەوخۆش هەڕەشەیە بۆ سەرئاسایشی هەر نەتەوەیەك.

2.هەر کەرەستەیەك لە شێوەی کەرەستەی سینتاکسی و فۆنەتیکیدا لە زمانێکەوە بێتە زمانێکی ترەوە بە "ژەهری زمانی" دادەنرێت.

3.ژەهری زمانی لە دوور مەودادا و لە داهاتوودا کاریگەرییەکانی دەردەکەون، چونکە خودی گۆڕانەکان لە زماندا سست و لەسەرخۆن.

پەراوێزەکان:

1.عمر احمد قدور(2009): 10
2.علی مضلوم(1388): 183
3.مۆنسترات گیبرنا(2003): 30
4.محمدعلی بصیری(1380): 166
5.جەلیل ڕەوشەندڵ(2009): 32
6.نەجات علی(2014): 115
7.نەجات علی(2014): 119
8.لی نور جی مارتین(1387): 192
9.باری بوزان(1378): 143
10.نەجات علی(2014): 124
11.لی نور جی مارتین(1387): 192
12.نەجات علی(2014): 135
13.لی نور جی مارتین(1387): 194
14.نەجات علی(2014): 135
15.علی مقلوم(1388): 186
16.پل روی(1382): 692
17.نەجات علی(2014): 126
18.قدیر نصری(1390): 114
19.هاشم ئەمین(2017): 173
20.محمد رضا قمری، محمد حسن زاده(1389): 155
21.عبدالمطلب عبدالله(1395): 41 -42
22.حوسێن محەمەد عەزیز(2005): 71
23.پەخشان سابیر(2013): 146
24.ڕەفیق شوانی(2016): 159
25.عقیل سعید محفوظ(2013): (103
26.محمد رضا قمری(135): 101
27.تاریق جامباز(2014): 365

هەواڵنامەی دیتیر

28.بێهزادی خۆشحاڵی(2008): 23
29.عقیل سعید محفوظ(2013): 208
30.حوسێن محەمەد عەزیز(2005): 74
31.قەیس کاکل تۆفیق(2007): 7
32.سەلام ناوخۆش(2010): 87
33.تاریق جامباز(2014): 265-266
34.هەمان سەرچاوە: 169-170
35.حوسێن محەمەد عەزیز(2005): 37
36.محمد رچا قمری و محمد حسن زاده(1389): 162
37.دارا حمید محەمەد(2013): 109
38.بێرنارد کەمریێ(2007): 79
39.حوسێن محەمەد عەزیز(2005): 78
40.فواد محمد خورشید(1391): 16
41.حسن رچایی باغ بیدی(1388): 54
42.تاریق جامباز(2014): 127
43.بێرنارد کەمریێ(2007): 31
44.تاریق جامباز(2014): 319
45.هاشم ئەمین(2017): 172
46.بێهزادی خۆشحاڵی(2008): 26
47.قەیس کاکل تۆفیق(2007): 9
48.هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
49.حوسێن محەمەد عەزیز(2005): 79
50.ڕەفیق شوانی(2016): 158
51.ئومێد بەرزان برزۆ(2019):١٨
52.ڕەفیق شوانی(2016): 174
53.دارا حمید محەمەد (2013): 112
54.ڕەفیق شوانی(2016): 175
55.ئومێد بەرزان برزۆ، 2019:١٨
56.بڕوانە: محەمەد مەجید سەعید(2015):112
57.بڕوانە: هەمان سەرچاوە: 41-102
58.هەمان سەرچاوە: 113
59.وریا عومەر ئەمین(2011):88
60.ڕەفیق شوانی(2008):42-44
61.David Crystal(2003): 39
62.محەمەد مەجید سەعید(2015): 109-110
63.محەمەد مەعروف فەتاح(1990): 49
64.محەمەد مەجید سەعید(2015): 109
65.بێرنارد کەمریێ و ...(2007):53
66.بڕوانە: صلاح حوێز رسول(2013) و محەمەد مەحوی(2009)
67.سەلام ناوخۆش (٢٠١٦)لا53
68.ئازاد عزیز (٢٠١٤): ١٩
69.دارا حەمید محەمەد(٢٠١٧):٨

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:


1. ئازاد عزیز (٢٠١٤)، ململانێی زمان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
2. ئومێد بەرزان برزو و کەژاڵ جهابخش محمد (2019)، جیهانگیریی زمانی و کاریگەرییەکانی لەسەر داهاتووی شوناسی نەتەوەیی و فێرکردنی زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە
3. بێرنارد کەمریێ (2007)، زمان، و: کامل محەمەد قەرەداغی،
4. بێهزادی خۆشحاڵی (2008)، فیلۆلۆجیای زوانی کوردی و مێژووی کوردستان، و: مستەفا غەفوور، چاپخانەی خانی، دهۆك.
5. پەخشان سابیر حەمەد (2013)، زمانی دایك لە نێوان ئاین و ئەدەب و بایەخی نێونەتەوەییدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیایی کوردی، ژمارە (200).
6. تاریق جامباز (2014)، بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
7. جەلیل ڕەوشەندڵ (2009)، ئاسایشی نەتەوەیی و سیستەمی نێودەوڵەتی، و: مستەفا شێخە، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.
8. حوسێن محەمەد عەزیز (2005)، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
9. دارا حمید (2013)، زمانی دایك و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیایی کوردی، ژمارە (200).
10. دارا حەمید محەمەد(٢٠١٧)، جینۆسایدی زمان زمانی کوردی بە نموونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ.تایبەت بە کۆنفرانس.
11. ڕەفیق شوانی (2016)، لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری زمانناسی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
12. ڕەفیق شوانی(2008)، زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، چاپی یەکەم، هەولێر.
13. سەلام ناوخۆش (2010)، زمانی دایك هەڵگری زمانی نەتەوەییە، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (9).


هەواڵنامەی دیتر

14. سەلام ناوخۆش (٢٠١٦)، ناسیۆنالیزمی کوردی و زمانی کوردی( کۆبەرهەمی زمانەوانی)، چاپی یەکەم، هەولێر.

15. صلاح حوێز رسول(2013)، پرەنسیپی ئابووریکردن لە زمانی کوردییدا لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچووکترین پرۆگرامدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.

16. عمر احمد قدور (2009)، ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی دەوڵەت، و: ئازاد گراوی، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

17. قەیس کاکل تۆفیق (2007)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، دەزگای ئاراس، هەولێر.

18. محەمەد مەجید سەعید(2015)، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسێمبوون، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

19. محەمەد مەحویی(2009)، زانستی هێما هێما، واتاو واتا لێکدانەوە، بەرگی دووەم.

20. محەمەد مەعروف فەتاح(1990)، زمانەوانی، زانکۆی سلاحەدین، هەولێر.

21. مونتسرات گیبرنا (2003)، نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی، و: کەمال ڕەشید شەریف، سلێمانی.

22. نەجات عەلی (2014)، دیموکراسی وەك ڕگەزێکی نوێ لە ئاسایشی نەتەوەییدا، موکریانی، هەولێر.

23. هاشم ئەمین (2017)، زمانی فەرمی و پێگەی زمانی کوردی لە نێو زمانە جیهانیەکاندا، گۆڤای زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، ژمارە (2).

24. وریا عومەر ئەمین(2011)، پیتۆکەکانی زمانەوانی (کۆمەڵەوتار)، چاپی یەکەم، هەولێر.

به زمانی فارسی:

25. محمد رضا قمری و محمد حسن زاده (1389)، نقش زبان در هویت ملی، فصلنامه علمی- پژوهشی زبان پژوهی دانشگاه الزهرا، سال دوم، شماره (3).

26. عبدالمطلب عبداله (1395)، بررسی میزان توجه به مولفەهای هویت قومی و ملی بین دانشجویان کرد و ازری در دانشگاەهای تهران، فصلنامه پژوهش های راهبردی سیاست، سال چهارم، شماره (16).

27. محمد رضا قمری (1385)، نقش زبان در تامین امنیت ملی، مجله دانش انتظامی، شماره(31).

28. باری بوزان (1378)، مردم، دولت ها و هراس، ترجمه: پژوهشکده مطالعات راهبردی غیر انتفاعی، تهران.

29. فواد محمد خورشید (1391)، زبان کردی و پراکندگی جغرافیایی لهجەهای ان، ترجمه: سعید خچری- جعفر خضری، چاپ دوم، پانیژ، سنندج.

30. حسن رضایی باغ بیدی (1388)، تاریخ زبانهایی ایرانی، چاپ دوم، مرکز دائره المعارف، بزرگ اسلامی، تهران،

31. لی نور جی ماتین (1387)، رهیافتی جامع برای مطالعه امنیت ملی در خاور میانه، ترجمه: قدیر نصری، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال سوم، شماره (9).

32. پل روی (1382)، معمای امنیت اجتماعی، ترجمه: منیژه نویدنیا، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال ششم، شماره سوم.

33. قدیر نصری (1390)، تأملی نظری دریافته ها و دشواری های "باری بوزان" در بررسی امنیت، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال چهاردهم، شماره چهارم.

34. علی مظلوم (1388)، امنت و امنیت ملی، مجله حصون، شماره (19).

35. محمد علی بصیری (1380)، تحولات مفهوم امنیت ملی، مجله اطلاعات سیاسی-اقتصادی، شماره (163-164).

به زمانی ئینگلیزیی:


36. David Crystal(2003), A Dictionary of Linguistics & Phonetics, Fifth edition, Blackwell Publishing.

به زمانی عەرەبی.

37. عقیل سعید محفوظ(2013)، الاکراد واللغه والسیاسه(دراسه فی البنی اللغویه و السیاسات الهویه)، بیروت ، لبنان، طبعه الاولی.


هەواڵنامەی کتێب

نەخشەی (1)


ئاسایشی نەتەوەیی
ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی
ڕەهەندی سیاسی
ڕەهەندی کلتووری
ڕەهەندی ئابووری
ڕەهەندی سەربازی
ڕەهەندی کۆمەڵایەتی
زمان(دایک/بۆ وەرگیراو)
یاسا سینتاکسییەکان(وەرگیراو)
یاسا فۆنۆلۆژییەکان(وەرگیراو)
ژەهری

Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.19638

# کردەی کرتاندن لە سینتاکسی زمانی کوردی و عەرەبیدا
# -توێژینەوەیەکی بەرانبەرکاری-

**مهاباد كامیل عبدالله[1]، تەلار سالار احمد[2]**

[١] بەشی زمانی کوردی ، کۆلیجی پەروەردەی شارەزور، زانکۆی هەڵەبجە

[٢] بەشی زمانی عەرەبی (زمانەوانی)، زانکۆی چەرموو

***Article Info***

Received: January, 2019

Revised:February,2019

Accepted: February ,2019

***Keywords***

کرتاندن ، سینتاکس ، زمان

***Corresponding Author***

Mahabad.abdullah@univsul.edu.iq

**پێشەکی**

**زمان ئامرازێکە بۆ ئاڵاوگۆڕی بیروڕاو زانیاری و تێگەیشتن لە یەکتری. زمانی کوردیو عەرەبی جۆرە نزیکبوونەوەیەکیان لەیەکەوە هەیە لە ڕووی جوگرافیو مێژوییەوە. هەربۆیە بەپێویستمانزانی باس لە حاڵەتێکی زمانەوانی نێوان هەردوو زمان بکەین، و (کرتاندن) یەکێکە لەو دیاردانەی کە ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت لە هەردوو زمان، ولە ڕووی سینتاکسەوە چەندین دەرهاویشتەی هەیە. بۆیە پێمان باش بوو ئەم توێژینەوەیە تەرخانبکەین بە دیاریکردنی چەمك و پێناسەی کرتاندنو مەرجەکانیو جۆرەکانی لە هەردوو زمانو دەرخستنی لایەنە لێکچووەکانو جیاوازەکان لەم دیاردەیە.**

**ئەم دیاردەیە لەلایەن قسەپێکەرانی هەردوو زمان بەشێوەیەکی باش بەکاردەهێنرێت. بەڵام هەندێك لە بەکارهێنەرانی. یاساو ڕێساکانی بەتەواوی نازانن،یان پەیڕەوی ناکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی کێشەو لێك تێنەگەیشتن لە واتاو مەبەستی قسەکەر. یاخود ئەو خوێنەرانەی کە دەیانەوێت فێری ئەم دوو زمانە ببن -وەکو زمانی دووەم لەدوای زمانی دایك- ڕووبەڕووی چەندین کێشەو گرفت دەبنەوە. نازانن چۆنێتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیو چۆنێتی وەرگێڕانی لە یەکێك لەم زمانانەوە بۆ زمانەکەی تر. بۆیە بەلامانەوە گرنگە تیشك بخەینە سەر ئەم دیاردە بەربڵاوە. بۆئەوەی هەردوو زمان پارێزگاری لە ڕێزمان و ڕەسەنایەتی خۆیان بکەن. هەروەها خوێنەر بەرچاو ڕوون بێت لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا لە پرۆسەی بەکارهێنانو وەرگێڕاندا.**

**لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی جۆرەکانی کرتاندن وکرتاندنی کەرەستە جیاجیاکانی ڕستە دەکەین لە زمانی کوردی وعەرەبیدا. هەروەها تیشکمان خستۆتە سەر مەرجەکانی کرتاندن بەگشتی. پاشان لایەنە لێکچووەکانی کرتاندن لە هەردوو زماندا لە ڕووی سینتاکسەوە باسی لێوەکراوە و جیاوازیەکانی هەردوو زمان لەهەمان دیاردە دەستنیشان کراوە ولە کۆتاییدا ئاریشەکانی وەرگێڕان لە زمانی عەرەبیەوە بۆ کوردی تیشکی خراوەتەسەر.**

## 1/1 - چەمك و پێناسەی کرتاندن:

کرتاندن لە زمانی کوردیو عەرەبی چەندین قسەی لەسەرەو چەندین پێناسەی بۆکراوە. لە زمانی عەرەبیدا کرتاندن لە ڕووە ڕێزمانیەکەی چەندین زاراوەی جۆراوجۆری تێدا بەکارهێنراوە بۆ هەمان مەبەست، وەك: (الحذف، والإضمار، والخفاء، والقطع، والإيجاز) (أبوالبقاء الكفوى: 1998، ص384) (مأمون شيما: 2008، ص219) (د.صلاح الدين الهوارى: 2007، ص192)، بەڵام ئێمە (حذف) هەڵدەبژێرین بەواتای (کرتاندن)، چونکە ئەم زاراوەیە گرنگترینیانەو زۆرترین زاراوەیە کە لەلایەن زمانەوانیە عەرەبیەکان بەکارهێنراوە. لە زمانی کوردیدا زاراوەی (کرتاندن، لابردن) بەکارهێنراوە، بەڵام لە ڕووی سینتاکسەوە زاراوەی (کرتاندن) گونجاوترینە. کرتاندن لە ڕووی زمانەوانیەوە لە فەرهەنگەکاندا بەواتای لێکردنەوەو لێکەوتنو لابردنو کورت کردنەوەو دژ بە

درێژکردن دێت (طاهر حموده، ص18) (د.روحی البعلبکی: 2005، ص459).

کرتاندن بریتیە لە چەندین کەرەستە بەشداری داڕشتنی ڕستە دەکەن و بوونی ئەو کەرەستانە بە خورتیەو جێکەوتەکانیان چەسپاوە، بەڵام زۆر ئەو کەرەستانە دەرنابڕدرێت و دەربڕینێکی فۆنەتیکیان نییە، بەڵکو بە جێکەوتەکانیاندا دەستنیشاندەکرێت.

کرتاندن (الحذف) لە ڕووی سینتاکسییەوە بریتی یە لە کرتاندنی وشەیەك لە ئاستی قووڵی ڕستە، ڕەنگە ئەو وشەیە پایەیەك بێت لە پایەکانی ڕستە، وەك نیهاد وگوزارە (مبتدأ، خبر)، یاخود کردارو بەرکارەکان، وەیان لابردنی پیتێك یان ڕستەیەك بەتەواوی (مالیزیا: 2010، ص19).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کرتاندن بریتی یە لە کرتاندنی بەشێك لە پێکهاتەکانی ڕستە یاخود لابردنی چەند پیتێك یاخود کرتاندنی هەندێ وشە لە ڕستە ڕاستو دروستە ڕەسەنەکە.

شارەزای بواری زمانەوانی سەردەم (چۆمسکی) باسی لە کرتاندن کردووە، و بە یەکێك لە ئامرازەکانی گۆڕینی ڕستەی داناوە لە ڕستەیەکی سادەو سنوردار بۆ ڕستەیەکی گۆڕاوو بێسنوور، و ئەشێت ژمارەیەکی بێسنوور لە ڕستەیەکی سادەو ساکارەوە دروست بکرێت بە بەکارهێنانی ئامرازی گوێزانەوە (عناصر التحویل) لە ڕستەدا (Chomsky, pp. 26-48). (نعوم جومسکی: 1993، ص146-150).

ڕێزمان و پێکهاتە ڕێزمانیەکان Syntactic Structures بریتی یە لە دوو پێکهاتەی گرنگ ئەوانیش Deep Structure (البنیة العمیقة) واتا ئاستی قووڵ و Surface Structure (البنیة السطحیة) ئاستی ڕووکەش، بەو واتایەی هەموو کرتاندنێك لە ئاستی ڕووکەشی دەرکەوتنێکی تەواوەتی هەیە لە ئاستە قووڵەکەی ڕستەکەدا.

کەواتە بەکورتی کرتاندن بریتی یە لە لابردنی سینتاکسی (ڕێزمانی) Gramatical Omission لە ئاستەکان یاخود لە پێکهاتەی ڕستەدا Quirk, R. Greenbaum, S. Leech, G and Svartrik, J: 1985, p. ) ..(883

## 2/1- جۆرەکانی کرتاندن لە کرمانجی ی ناوەڕاستدا:

### أ-کرتاندنی بکەری ڕستە:

بکەر یەکێکە لەو کەرەستانەی، کە دەتوانرێت لە رستەدا بە فۆنەتیکی بەرجەستە نەکرێتو بکرتێنرێت، چونکە زمانی کوردی زمانێکی بکەر خراوە، دەتوانرێت لە شوێنی کەرەستە لابراوەکە pro دابنرێت، چونکە رستە بەبێ بکەر نابێت، چ لە ڕووی واتاوە چ لە ڕووی داڕشتنەوە، زۆرجار لە فۆرمێکی فۆنەتیکیدا دەرناکەوێت، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە بکەر لای قسەکەرو گوێگر ناسراوەو پێویست بە ناوهێنان نەکات، جۆری رستەکە رۆڵی لە دەرنەکەوتنی بکەردا هەیە، وەك:

1-لەو رستانەی کە بارو حاڵەتی مرۆڤ رادەگەیەنن:

بکەر مۆرفێمی تایبەت بەخۆی هەیە، کە بە کردارەوە لکاوە، وەك کلیتیکی بکەری، بۆ نموونە:

من هاتم هاتم

لێرەدا (م) کە کلیتیکی بکەرییە ئاماژەیە بۆ کەسی یەکەمی تاك کە بکەرەکەی (من)ە، بەڵام کرتێنراوە.

2-ئەو رستانەی کە باسی ئاووهەوا دەکەن:

ساردەواتە ئاووهەوا سارده

لەو رستەیەدا (ئاووهەوا) لە قسەکردندا دەکرتێنرێت، بەڵام گوێگرو قسەکەر لەکاتی گفتوگۆدا دەزانن مەبەست لە (سارده) ئاووهەوایە کە سارده.

3-لە رستەی فەرمان و داخوازیدا:

لە دەربڕینێکی وەك: سەیرکە واتە تۆ سەیری شتێك بکە

لێرەدا (تۆ) کە ئاماژەیە بۆ کەسی دووەمی تاك دەکرتێنرێت، بەڵام گوێگر ئەم دەربڕینە دەناسێتەوە، مەبەست پێی کەسی دووەمی تاکە نەك کەسێکی تر، بەڵام کاتێك دەوترێت بخۆن، واتە ئێوە شتێك بخۆن نەك بۆ کەسی تاك بێت، هەرچەند لە هەندێك حاڵەتی رێزلێناندا دەتوانرێت بۆ کەسی دووەمی تاك دەتوانین وەك کۆ دەربڕێت، بەڵام لەوحاڵەتەشدا دەوروبەری قسەکردن رۆڵی هەیە، کە کەسەکان ناسراونو دیارن، ئەم دیاردەیەش تەنها لەو زمانانەدا هەن، کە کردارو بکەر رێککەوتن لەنێوانیاندا هەیە، بکەرو کردار هاونیشانەن.

کەرەستە بەتاڵەکان کە بەپێی تیۆری (GB) کەرەستەیەکی ئەبستراکتەو داڕشتەیەکی فۆنەتیکی نیە، بەڵام لە رستەدا شوێنی فرێزی ناوییە دیاریکراوەکان پڕدەکەنەوە بریتین لە (شوێنی فرێزی ناوی، شوێنی رستەی پرسیار، PRO، pro)، بەڵام زمانی کوردی لەبەرئەوەی زمانێکی بکەر خراوە، تەنها کەرەستەی بەتاڵی (pro)ی بچوکی هەیە کەرەستە بەتاڵەکانی تری نییە، چونکە هەموو وشە تەواوکەرەکانی کاتو کەسداری فەرهەنگی زەنگینن. (محەمەدی مەحوی، 2001، 164)

pro – جێکەوتەی بەتاڵی بکەر پڕدەکاتەوە، هەمیشە لە جێکەوتەی حوکمکراودایەو لەلایەن سەرێکی حوکمەکەیشەوە دۆخی ڕێزمانی وەردەگرێت، بەڵام مەرج نییە سەرە حوکمکەرەکە نیشانە تایبەتیەکانی (کەس و ژمارە)ی هەڵگرتبێت. بەمشێوەیە دەرکەوتنی بکەری (pro)ی خاوەن نیشانەو بێ نیشانەی دیارو نادیار رێگەپێدراوە. (حاتم وریا، 2006، 124)

یاسای کرتاندن، یەکێکە لە یاساکانی رێزمانی گواستنەوە بۆ کورتکردنەوەو ئابوریکردن ئاسانترین رێگایە، بەپێی ئەم یاسایەش، لە جێکەوتەی بکەرە کرتاوەکەدا pro دادەنرێت، وەك:

1) ئەو پێشکەوت. pro. پێشکەوت.

2) ئەوان هاتن.pro هاتن.

3) تۆ نامەت نارد.pro نامەت نارد.

4) ئێوە خانوەکەتان فرۆشت.pro خانوەکەتان فرۆشت.

ئەگەر سەیری رستەکانی سەرەوە بکەین دەبینین چ لەو رستانەی کە تێپەڕن یان تێنەپەڕن، بەئاسایی دەتوانرێت بکەر بکرتێنرێت، واتای رستەکەش وەك خۆی بێت، چونکە لە جێکەوتەی بکەردا (pro) دادەنرێت، نیشانەی بکەر بە کردارەوە لکاوە، واتە بکەرو کردار هاونیشانەنو لە حاڵەتی ناونەهێنانی بکەریشدا لەلایەك جێکەوتەکەیو لەلایەکی تر کلیتیکی بکەری کە بە کردارەوە لکاوە،

بکەرمان پێ دەناسێنێت بەبێ ئەوەی بکەر خۆی بوونی فۆنەتیکی و فیزیکی هەبێت.

## ب-کرتاندنی بەرکار:

دەرنەبڕینی بەرکارو کرتاندنی لە رستەدا، کرتاندنی ئەو کەرەستانەیە کە لە رستەدا بوونیان بە خورتییەو لەو رستانەدا بەکاردەهێنرێت، کە واتاکانیان روونەو، زۆرجار دەرنەبڕین و کرتاندنیان واتای رستەکە ناگۆڕێت. وەك:ئەو کتێب دەخوێنێتەوە.

ئەو دەخوێنێتەوە.

لە رستەی (ئەو دەخوێنێتەوە) کلیتیکی هەرچەند هیچ مۆرفیمێکی تایبەت بە بەرکار بە کردارەوە نەلکاوە، بەڵام بە واتاکەیدا دەردەکەوێت کە بەرکارێك هەیەو دەرنەبڕراوە.

بەپێی هێزی کردارەکانیش، چەند جۆرێك بەرکار لە رستەدا بوونی هەیە، کە بەرکاری راستەوخۆو بەرکاری ناراستەوخۆیە، واتە هەندێکجار یەك بەرکار یا خود دوو بەرکار یان زیاتر، بەڵام ئەگەر کردارەکە تێپەڕ بێت ئەوا رستەکە بەبێ بەرکار واتای خۆی دەگەێنێت.

1-کرتاندنی بەرکاری راستەوخۆ:

بەرکاری راستەوخۆ ئەو بەرکارەیە کە بکەر پێوەی پابەندە، بۆ نموونە لە رستەی:

ئەو هۆنراوە/ رۆمان/ چیرۆك دەنوسێت.

دەتوانرێت هۆنراوە/ رۆمان/ چیرۆك لە رستەکەدا لابرێت و بکرتێنرێت.

2-بەرکاری ناڕاستەوخۆ:

بەرکاری ناڕاستەوخۆ ناتوانرێت لە رستەدا بکرتێنرێت، چونکە بە کرتاندنی واتای نادروست دێتە بەرهەم، چونکە فرێزی پێشناوی لە رستەدا بەپێی هێزی کردارەکە بەخورتیەو وەڵامی پرسیارەکانی (بەکێ، لەگەڵ کێ، بەکێ، بەچی، لەگەڵ چی) دەداتەوە.

لە رستەی سادەدا ناتوانرێت ئەمجۆرە بەرکارە بکرتێنرێت، چونکە لە رستەدا کەرەستەیەك نییە هاونیشانە بکرێت لەگەڵیدا، لەکاتی نەهاتنیدا جێکەوتەیەکی بەتاڵ دروست دەبێتو کەرەستەی کۆنترۆڵ کەری نابێت، چونکە ئەم جۆرە بەرکارە فرێزێکی نائارگومێنتەو کردار داوای ناکات (ڤیان سلیمان، 2006، 153) بۆ نموونە:

تۆ بەچی هاتیت؟ من بەپێ هاتم.

ناتوانین (بەپێ) لە رستەکەدا بکرتێنین، چونکە بە لابردنی وەڵامی دروست دیار نامێنێت، رستەکە وەك رستەیەکی ئاسایی دەردەکەوێت و مەبەستی قسەکەر ون دەبێت.

کۆپیکردنیش یەکێکی ترە لەو حاڵەتانەی کە توخمێکی رێزمانی لەکاتی گواستنەوەیدا دادەنرێت، کۆپیکردنی یەکێك لە رەگەزەکان بە یاساکانی گواستنەوە دەگوێزرێتەوە جێکەوتەیەکی ترو پێویستی سەرەکی رستە نییە، واتە بەخورتی نییە واتە سەرپشکییە، ئەگەر گواستنەوەش نەبێت رستەکە هەر رێزمانی دەبێت.

مناڵەکە تۆپەکەی تەقاند.

تۆپەکە، مناڵەکە ...t تەقاندی.

i i → i

دانانی جێناوی لکاوی (ی) کە لەسەر کرداری تەقاندنە بە کۆپیکردن دادەنرێت.

مۆرفۆسینتاکس: واتە بە کلیتیکردنی رستەیە لە مۆرفۆسینتاکسدا دەتوانرێت رەگەزەکانی رستە بکرتێنرێت لەبری ئەو رەگەزانە جێناو دابنرێت، واتە کرتاندنی کەرەستەکان و دانانی جێناو لەبری ئەو کەرەستانە دیاردەیەکی ئاساییەو رستەکانیش واتا دروست دەبن، گوێگرو قسەکەر ئاگایان لە رستەکانە، وەك:

رەشەبا کەپرەکەی روخاند. روخاندی

(روخاندی) لە روکەشدا تەنها وشەیەکە، بەڵام لە واتا لە پێکهاتەیدا چەند کەرەستەیەکی لەخۆگرتووە، بەڵام کەرەستەکان کرتێنراون، لەو دەربڕاوەدا بکەرو بەرکاری کرتێنراو هەن، بەڵام لەبری ئەو کەرەستانە مۆرفێمی بکەریو بەرکاری ئەرکیان بینیوە، روخاندی لە چەند مۆرفێمێك پێکهاتووە وەك رەگ + م.بکەری + م.بەرکاری + روخاند + Ø + ی

## 3/1- کرتاندنی کەرەستە لە رستە ناسادەکاندا:

1) کەرەستە بەتاڵەکان لە رستەی لێکدراودا:

کەرەستە بەتاڵەکان لەمجۆرە رستانەدا بە (pro)ی بچوك ئاماژەیان پێدەکرێت، کە لە مەودای دەسەڵتیاندا بە ئازادی دەجوڵێن، کەرەستەکان هەرچیەك بن دەبێت هاونیشانە بن لەگەڵ کەرەستەیەکی تری رستەکەدا (ڤیان سلێمان، 2006، 65)

أ- کرتاندنی بکەر:

لە رستەی لێکدراودا بکەر دەکرتێنرێت بە مەرجێك لەگەڵ وشەی پێش خۆیدا هاونیشانە بێت. کەرەستەکە لە ئاستی قووڵدا بوونی هەیە، بەڵام لە ئاستی رووکەشدا دەرناکەوێت، دەتوانرێت کەتیگۆرییە دووبارەکان بکرتێنرێت، جێکەوتە بەتاڵەکان لەلایەن سەرە رێزمانییەکان حوکم دەکرێن، دەرنەبڕینی بکەر بە دانانی pro چارەسەر دەکرێت (عبدالجبار مستەفا، 2009، 83)

من رۆژی شەممە دەڕۆم بۆ هەڵبژاردن pro ، ناڕۆم بۆ گەشت SS

من رۆژی شەممە دەڕۆم بۆ هەڵبژاردن، من ناڕۆم بۆ گەشت DS

لە رستەی یەکەمدا کە ئاستی رووکەشە (من) لە بەشی دووەمی رستەکەدا (pro) لە جێکەوتەکەی دانراوەو واتایەکی روونی هەیەو بەڵام بکەرەکە دووبارە نەکراوەتەوە، بەڵام لە ئاستی قووڵدا ئەم کەرەستەیە بوونی هەیەو گوێگرو قسەکەر جێکەوتەو ئەرکی ئەم کەرەستەیە دەناسنەوە.

ب- کرتاندنی بەرکار:

لە رستەی دووەمی رستەی لێکدراودا بەرکار دەکرتێنرێت، دروستەکە بەرەو دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی دەبات، چونکە بەرکارەکە لەناو دروستەی کرداردایەو نیشانەکان لە بەرکاری رستەی یەکەمەوە وەردەگرێت. وەك:

ئێوە هەنارەکانتان کڕی و pro خواردتانن.

لەم رستەیەدا لەلایەك بکەر کرتێنراوەو لەلایەکی تر بەرکار دەرنەبڕاوە، لە ئاستی قووڵدا دۆخی ڕێزمانیی وەرگرتووە پاشان گوازراوەتەوە بۆ ئاستی رووکەش.

خواردتانن پێکهاتووە لە رەگ + م.بکەری + م.بەرکاری + خوارد + تان + ن.

پ- کرتاندنی کردار:

بەپێی یاسای (شەق/ کەلێن) کردارو ئەو مۆرفێمانەی کە تایبەتن بە کردارەکە دەکرتێنرێن (کاروان عومەر، 2006، 33) وەك:

من حەزم لە خوێندنەوەیەو ئەویش لە نووسین SS

من حەزم لە خوێندنەوەیەو ئەویش حەزی لە نووسینە DS

لە ئاستی رووکەشدا، کردارەکان لە بەشی دووەمی رستەکاندا دەکرتێنرێن بەمەبەستی خۆلادان لە دووبارەکردنەوە چونکە بەپێی سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکان (بکەر، بەرکار، کردار) تەنها کەرەستەی کۆتایی دەمێنێتەوە، کلیتیکی کەسی رستەکان بەپێی تاك و کۆیی کەسەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێتو بەپێی ڕێککەوتنی بکەرو کردارکلیتیکەکانیش دەگۆڕێن.

لە حاڵەتی بوونی چەند بەرکارێکی بەستراوە لە رستەدا واتە لە چەند ناوێك و ئامرازی بەستن پێکهاتبوو ئەوا بەهەمان پێڕەو یەك کردار ئەو ناوانە پێکەوە دەبەستێت، واتە هەمان کردار حوکمیان دەکات.

وەك:

من رادیۆو تەلەفزیۆنەکەم کوژاندەوە.

کرداری ئەم رستەیە (کوژاندنەوە)یە، بەڵام حوکمی هەردوو فرێزی ناویی (من، رادیۆو تەلەفزیۆن) دەکات، رادیۆو تەلەفزیۆن پێکەوە فرێزێکی ناوین لە جێکەوتەی بەرکاردان، بەڵام کرداری کوژاندنەوە بۆ هەردووکیان جێبەجێ دەبێت.

من رادیۆم کوژاندەوە.

من تەلەفزیۆنم کوژاندەوە.

لە ئاستی رووکەشدا ئەم دوو رستەیە بەمەبەستی ئابوریکردن لە زماندا یەکدەگرن:

من و تۆ هاتین.

کرداری (هاتن) بۆ هەردوو جێناوی (من و تۆ)یە بەڵام هەردووکیان بە ئامرازی بەستن پێکەوە بەستراون و لە بناغەدا هەریەکەیان رستەیەکن، بەڵام قسەکەر بەمەبەستی درێژکردنەوە ئەم فۆرمە بەکاردەهێنێت وتەنها یەك کردار بۆ هەردوکیان بەکاردەهێنێت.

2) کرتاندن لە رستەی ئاوێتەدا:

1- کرتاندنی پارتیکلی تەواوکەرانەی (کە) و (ئەگەر)ی مەرجی لە رستەی سەرجێناویدا، لە زمانی کوردیدا جێکەوتەی (comp) بە هەردوو پارتیکلی تەواوکەرو مەرج (کە/ ئەگەر) پڕدەبێتەوە، کە ناوەرۆکێکی سیمانتیکییان هەیە، دەرکەوتن‌و دەرنەکەوتنیان سەرپشکییە، چونکە یاساکە پێشێل ناکات‌و پێکدادانی دۆخی ڕێزمانیی ناهێنێتە ئاراوە (کاروان عومەر، 2006، 35):

ئەو منالەکەی {comp /کە/} pro تۆ بینیت pro برامە.

{comp /ئەگەر/} بخوێنیت، pro خەڵتت دەکەم.

/کە/ لە رستەی یەکەمدا کرتێنراوە، چونکە لە جێکەوتەی (comp)دایەو ناوەرۆکێکی سیمانتیکی هەیەو لەکاتی دەرنەکەوتنیدا بە جێکەوتەکەیدا واتاکەی لای قسەکەرو گوێگر روونەو هیچ ئاڵۆزییەك بەجێناهێڵێت.

2- کرتاندنی ئامرازی لێکدەر

هەریەك لە ئامرازە لێکدەرەکانی (چونکە، هەروەها، ئینجا، جگەلەوە، تەنانەت، بۆئەوەی، تومەز) زۆرجار لە رستەدا بوون‌و نەبوونیان سەرپشکیە:

من کارەکەم دەکەم و ئینجا من دەخەوم DS

من کارەکەم دەکەم pro دەخەوم SS

تۆ دەستەکانت شت وهەروەها pro ئەویش

تۆ دەستەکانت شت و pro ئەویش

ئەم ئامرازانە کرتاندن و نەکرتاندنیان ئاساییەو رستەی نادروست ناهێننە بەرهەم، وەك پێشتریش باسمان کرد بکەریش لەم رستانەدا دەکرتێنرێت چونکە زمانی کوردی زمانێکی بکەر خراوەو کلیتیکی بکەری بە کردارەکەوە دەلکێت (بەکر عومەر عەلی، 1992، 44)

3- کرتاندن لە رستەی سەرجێناویدا:

رستەی سەرجێناویی لە چەشنی بەستراوەییە، واتە گواستنەوە تیایدا رونادات‌و کرتاندن تیایدا ئاساییە بەپێی یاسای گێڕشانەوەو کورتکردنەوەی رستەی سەرجێناوی، دەتوانرێت بکرێت بە فرێزو کورت بکرێتەوە (بەکر عومەر عەلی، 1992، 18) وەك:

خوێندکاری زیرەك لە تاقیکردنەوە ناترسێت.

ئەو خوێندکارەی کە pro زیرەکە pro لە تاقیکردنەوە ناترسێت.

ئەو رستەیە لە ئاستی قووڵدا کەرەستەکانی بە فۆنەتیکی دەرکەوتوون، جگە لە بکەر کە pro لە جێکەوتەکەیدایە، بەڵام رستەیەکی دوورو درێژە دەتوانرێت بەمەبەستی ئابوریکردن لە ئاستی روکەشدا بکرێت بە: خوێندکاری زیرەك لە تاقیکردنەوە ناترسێت.

جووتە ئامراز:

ئەو ئامرازانەی کە بە یەك فۆرم لە رستەی ئاوێتە دووبارەدەبنەوە. وەك (یا...یا)، (نە...نە)..هتد. بەڵام بکەرو کردار دەکرتێنرێن هەروەها بکەرو بەرکاریش دەتوانرێت بکرتێنرێن، واتە هاتنی ئەم جووتە ئامرازانە یارمەتیدەرە بۆ کرتاندنی کەرەستەکانی (بکەر، بەرکار، کردار) لە رستەدا، وەك:

1. یا ئێستا دەڕۆم بۆ بازاڕ یا بەیانی
2. یا ئاو دەخۆمەوە یا شەربەت
3. نە کتێبم کڕیوە نە دەفتەر

لە هەرسێ رستەکەدا بکەر کرتێنراوە، کلیتیکی تایبەت بە بکەری دەرکەوتووە، هەروەها کرداریش دووبارەنەکراوەتەوە و لە بەشی دووەمی رستەکاندا کرتێنراوە.

## 4/1- مەرجەکانی کرتاندن:

گومانی تێدا نییە، کە ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی جیهانییە لە هەموو زمانەکاندا هەیە، و یەکێکە لە دیاردە هەرە باوەکانی هەردوو زمانی

کوردی و عەرەبی، بەڵام لە زمانێکەوە ڕەنگە جیاواز بێت بۆ زمانێکی تر. بەکارهێنانی کرتاندن لە زماندا پێویستی بە شارەزابوون لەو زمانەدا هەیەو ئەو کرتاندنە چەندین کارلێکی سینتاکسی دروست دەکات لەسەر ڕستەکە (Tim, Shopen, 1973, p.65). کەواتە هەر لابردنێك ئامانجی دیاریکراوی خۆی هەیەو ئەو کرتاندنە بەبێ ئاگاداربوون لە سروشتی زمانەکە ڕەنگە بە ئامانجە دیاریکراوەکە نەگات و ببێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزبوونی ڕستەو یاخود ناڕێکی و ناڕوونی ڕستەیی، کە ئەمە دوورە لە ئامانجە سەرەکیەکانی کرتاندن لە زماندا. قسەکەر کە کرتاندن زۆربەی کات لەبەر چەند هۆکارێکی دیاریکراو بەکاردەهێنێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناکرێت یاسایەك یاخود ڕێزمانێك نەبێت بۆ پاراستنی ئەم دیاردەیە بۆئەوەی دوورنەکەوێتەوە لە ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی.

یاساکانی کرتاندن یەکێکە لەو یاسایانەی، کە دەشێت یەکێك لە کەرەستەکانی ئاستی قووڵ لەکاتی گواستنەوەیدا بۆ ئاستی رووکەش لەبیربکرێت، ئەگەر بەهۆی یەکسانی بێت لە واتادا یاخود یەکسانی لە فۆرمدا، هەرچەندە ئەم کەرەستانە لە ئاستی سیمانتیکدا بوونیان هەیە، بەڵام لە ئاستی رووکەشدا دەکرتێنرێت و وەك کەرەستەیەکی بێشێوەی فۆنەتیکی دەناسرێت.

ئەم دیاردەیە چەند مەرجێکی گشتی هەیە، کە دەبنە هۆی ڕێگرتن لە پێکدادانی هزری‌و هۆشی بۆئەوەی بەرامبەر تووشی هەڵە نەکات‌و پێچەوانەی ئامانجەکەی قسەکەر کار ناکات (ابن هشام، ص692، ظاهرة الحذف: ص115 و پەڕەکانی دواتری). ئەم مەرجانەش لە چەند خاڵێکدا کۆکراونەتەوە لەوانە (ابن قتيبة، 1997، ص182)، (ابن السراج، 1985، ص254)، (ڤیان سلیمان، 2007، ص128):

1-بوونی نیشانەیەك یاخود ئاماژەیەك بۆ کرتێندراوەکە:

لە زمانەکاندا کرتاندن یەکێکە لەو ئامرازانەی کە دەتوانێت ڕستە لە بارێکی وەستاوەوە بگۆڕێتە سەر بارێکی تازەو نەبەستراو، وابکات کە دەقەکە زیاتر کاریگەرتر بێت ئاسانتر بێت و پەیوەندی نێوان وشەکان توندتر بکات‌و هێزو رەسەنایەتی دەقەکە زیاتر بکات، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناکرێت گوێگر تووشی شڵەژانی هزری‌و دەروونی‌و ناڕوونی بکات، چونکە کرتێندراوەکە خۆی ئامرازێکە بۆ جوانترکردنی زمان‌و دەرکردنێتی لە سادەیی‌و چەق بەستوویی‌و ئاسانکاری تێدایە، کە ناکرێت هەموو ئەمانە پێچەوانە ببنەوە.

لەکاتی گواستنەوەدا دەتوانین کەرەستەیەك بگوێزینەوە بە مەرجێك وشەیەك هەبێت کە لەگەڵ کەرەستە لابردراوەکەدا هاونیشانە بێت‌و پێکەوە پۆلێك بن، وەك کرتاندنی (بکەر) یاخود ئەو کەرەستەیەی کە لە پۆلی خۆی بچێت، وەك کرتاندنی فرێزی ناوی (ڤیان سلیمان، 2007، 128).

لە رستەی لێکدراودا زۆرجار ئەم دیاردەیە جێبەجێدەکرێت، بەڵام لەژێر مەرجی وەك یەکبووندا، وەك کرتاندنی کرداری ڕستەی تەواوکەر، یاخود ڕستە تەواوکەرەکە هەمووی یاخود کرتاندنی فرێزی ناوی، وەك:

- ئەو دەفتەرەکەی خوێندەوە، بەڵام کتێبەکەی نەخوێندەوە.
- ئەو دەفتەرەکەی خوێندەوە، بەڵام کتێبەکە نا.

بەشی دووەمی رستەکان لە ئاستی سیمانتیکدا بوونی خۆیان هەیە، بەڵام لە ئاستی دەربڕیندا دیار نین، تەنها وەك یەکەیەکی سینتاکسی جێکەوتەی تایبەتی خۆیان دەپارێزن، کەواتە ئەو وەچە پێکهاتانەی ناو ڕستەو دەق دەتوانرێت بکرتێنرێن، کە لەگەڵ وەچە پێکهاتەی تردا وەك یەك بن.

بوونی نیشانەی کرتێندراوەکە لە زماندا دوو جۆرن، بە وشەیی (لفظي) یاخود بە سەلیقەی قسەکەر هۆشەکی (عقلي)، بەم دوو جۆرە دەکرێت بزانرێت کرتێندراوەکە چیەو لەکوێ ڕوویداوە، بۆ نموونە ئەگەر قسەکەر پرسیارێك بکات:

1.(إلى أين تذهب؟) (بۆ کوێ دەچیت؟)

لە وەڵامدا بەرامبەر ئەڵێ: (إلى الكلية) (بۆ کۆلێژ)، ئەم وەڵامە لە ئاستی رووکەش بەم شێوەیە بەڵام لە ئاستی قووڵدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

2.(أذهب إلى الكلية) واتا (ئەچم بۆ کۆلێژ).

ئەم جۆرە کرتاندنە دروستە، چونکە ئاماژەکەی روون‌و ئاشکرایە بۆ لابردراوەکە. لە جۆری دووەمی ئاماژەییە (قرينة)، بە سەلیقەی قسەکەر ئەشێت بزانرێت کرتاوەکە لەکوێوەیە، بە نموونە:

3.(اسأل القرية) واتا (پرسە لە گوندەکە)

لە بنەڕەتدا ئەم رستەیە بەم شێوەیەیە:

4.(اسأل أهل القرية) واتا (پرسە لە خەڵکی گوندەکە)

ئەگەر سەرنج بدەین رستەی یەکەم بە سەلیقەی قسەکەرەکە دەزانرێت کە پرسیار لە گوند ناکرێت، بەڵکو پرسیار لە خەڵکی گوند دەکرێت نەك گوند خۆی، ئەمە بەپێی لۆژیك‌و واتاوە دەردەکەوێت‌و درکی پێ دەکرێت بۆیە ئاماژەکەی ئەم جۆرەش ڕوونە‌و ئەوجۆرە لە کرتاندنانە دروستن.

2-تێکەڵ نەبوون لە قسەکردندا:

نابێت کرتێندراوەکە بەشێوەیەك بێت کە ناڕوونی‌و تێکەڵی‌و بێ سەروبەری پێوە دیاربێت، چونکە ئامانج لە لابردن (حذف) ناڕوونی و تێکەڵی نیە، بەڵکو چەند هۆکارێکی تری لەپشتە کە خۆی لە حەزی قسەکەر بۆ ئاسانی و وشە کەمی‌و پوختی دەبینێتەوە، ئەگەر تێکەڵاو پێکەڵی پێوە دیاربوو ئەوا دەبێت هیچ جۆرە کرتاندنێك‌و پێش‌و پاش کردنێك ڕوونەدات، وەك: (ضرب عيسى موسى)، ئەمجۆرە ڕستەیە ناکرێت پێش‌و پاش بکرێت، واتا (عیسى) بە بکەرو (موسى)، بە بەرکار ئەژمار دەکرێت، و ناکرێت بڵێین (ضرب عيسى)، چونکە تووشی ناڕوونی دەبین، چونکە ئەوکات نازانرێت کە ئایا (عیسى) لەوێ بکەرە یاخود بەرکارە، بەهۆی نەبوونی مەرجی ناڕوونی‌و نەبوونی ئاماژەیەك بۆ بکەرەکە یاخود بەرکارەکە ئەم جۆرە کرتاندنە ڕێگە پێدراو نیە لەنەر دیارنەبوونی بەرکار، چونکە (عیسى) نیشانەکانی (ـــَ ، ـــُ ، ـــِ) وەرناگرێت لە زمانی عەرەبیداو ناتوانین بڵێین مەبەست لێی بکەرە یاخود بەرکارەکەیە. هەربۆیە نەبوونی ئەم مەرجانەی کرتاندن ڕێگری دروست دەکات لەبەردەم گەیشتنی کرتاندنەکە بە ئامانجەکەی کە مەبەست لێیەتی، چونکە

ئەم جۆرانە لە ڕستە بەرامبەر تووش بە شڵەژان و تێکەڵ بوونی بکەرو بەرکارو تێکدانی هزری وتێگەیشتن دەکات وڕێگە پێدراو نین. لەژێر مەرجی خستنە تەکیەك و پێکەوە بەستندا تەنها ئەو کەرەستانە دەخرێنە تەکیەك و پێکەوە دەبەسترێنەوە، کە بەیارمەتی /و/ی لێکدەر بێت، وەك: (ناو و ناو، ئاوەڵناو و ئاوەڵناو، ڕستەو ڕستە) یەکێك لەو کەرەستە هاوئەرکە لەیەکچووانە لە ڕستەدا بەمەبەستی ئابوریکردن لە زماندا لادەبرێت (وریا عمر أمین، 1989، 72-75).

## 1/5- جۆرەکانی کرتاندن لە زمانی عەرەبیدا:

ئاشکرایە کە کرتاندن لە زمانی عەرەبیدا گرنگیەکی تایبەتی پێدراوەو چەندین کەرەستەو بەش هەن کە تووشی ئەم کرتاندنە ئەبنەوە، هەروەك جورجانی باسی لە کرتاندن کردووە لە کتێبی (دلائل الاعجاز)، دەڵێ: "کرتاندن یەکێکە لە ڕێگا وردەکان، و لوتف و خۆشی تێدایەو کارێکی سەرسوڕهێنەرو ناوازەیە، و لە سیحر و جادو دەچێت، کاتێك دەبینی نەوتنی باس لێکراوو ڕەوانترو باشترە لە وتن و بێدەنگی باشترە لە وتن و سوودی زیاتری هەیەو قسەزانترە لەکاتی نەوتن و بێدەنگی و ڕوونترە کاتێك کە لابردن ئەکەیت، و لە وتنی کرتێندراوەکە ڕوونترە ئەو نەوتن و لابردنە" (جرجانی، ص146).

ئەم وتانەی جورجانی ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە کرتاندن ناکرێت پشتگوێ بخرێت بەڵکو هەندێك جار لە وتن و دەرکەوتنی وشە کرتێندراوەکە زۆر جوانترو باشترو ڕوونترو پرماناترە، چونکە جورجانی لەوە تێدەگات کە کرتاندن چ واتایەك دەبەخشێت لە زمانی عەرەبیداو چەند بەربڵاوە لە بەکارهێناندا. لە زمانی عەرەبیدا هەندێك جار کرتاندنەکە پێویستە (واجب)، وجۆرێکیتریان دروستە (جائز). چەندین ڕەگەزلە زمانی عەرەبیدا دەکرتێندرێن، یەکێك لەو ڕەگەزە کە لادەبرێت بە زۆری لە زمانی عەرەبی بریتیە لە ناو (الاسم) [1]، ناو لە زمانی عەرەبیدا بە مرفوعی – واتا بزوێنەری (و) ئەبێت بە بکەر یا خود نیهاد (مبتدأ)، لای هەمووان ئاشکرایە کە بکەر (فاعل) یاخود نیهاد (مبتدأ) لە زمانی عەرەبی لە بنەما گرنگەکانی پێکهێنانی ڕستە، کە ناکرێت پشتگوێ بخرێن هەروەك چۆن باسکراوەکە (فاعل) واتا بکەر هەندێجار لادەبرێت، لەبەر چەند هۆکارێك (مصطفى الغلاييني، 2006، ص345)، لەوانە نازانرێت بکەرەکە کێیە بەتەواوەتی، یاخود لە ترسان ناوی نابردرێت، یاخود قسەکەر حەزدەکات بە دەرنەخستنی بکەرەکەو مانەوەی بە شاراوەیی یان لەبەر چەندین هۆکاری تر کە ڕەنگە قسەکەر مەبەستی لێی لە شاردنەوەی یاخود ئاماژە پێ نەکردنییێت. بە نموونە (كسرَ الزجاجَ) (شووشەکە شکا) – لەم ڕستەیەدا بەپێی بزوێنەرە کورتەکان (الحرکات) ئەزانین کە بکەر (فاعل) لابردراوەو (الزجاج) تەواوکەرەکەیە، بەپێی بزوێنەرە بچووکەکەی لە کۆتایی وشەکەدایە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا تقدیر ئەکرێت واتا ئەوترێت ئامرازێکی نادیار هەیە کە ئەگەڕێتەوە بۆ (ئەو) ئەبێتە بکەر. ڕەنگە ئەم بکەرە پێشتر باسکرابێت بۆیە لابراوە لە ڕستەکە چونکە قسەکەرو گوێگر پێشتر ئاگاداری بابەتی گفتوگۆکە بوون، کە وادەکات پێویست ناکات بکەرەکە دووبارە بکەنەوە لە وشەکانیان و ڕستەکانیان.

هەروەها لە وەڵامی پرسیاردا زۆربەی کات بکەر (فاعل) دووبارە ناکرێتەوەو تووشی لابردن،دەبێت چونکە هەردوولا ئاگادارن بە بکەرە قسە لەسەرکراوەکە، بە نموونە: (أين كنت؟) واتا (لەکوێ بوویت؟) لە وەڵامدا: (في المستشفى) (لە نەخۆشخانە)، بەڵام لە ئەسڵدا ڕستەکە بەم شێوەیە (من لە نەخۆشخانە بووم) بەهەمان شێوە بکەرە لابردراوەکە لەمجۆرە ڕستانەی کە پرسیارین یان (مبتدأ) لابردراوە تیایاندا.

هەروەك باسمانکرد، کە بکەر (فاعل) لە پایە هەرە گرنگەکانی ڕستەیە کە ناکرێت ڕستەیەکی کاری (جملة فعلية) بێبەش بێت لێی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زۆرجار بکەر تووشی لابردن دەبێت، جا هەندێکجار لابردنەکەی بەخورتیەو دەبێت لابرێت وەك لە ڕستەی (مبنى للمجهول) ئەو ڕستانەی کە بکەر نادیارەو هەندێکجاریش لابردنەکە هەڵبژاردەیەکە بە چەند هۆکارێك ئەشاردرێتەوە هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

لە زمانی عەرەبیدا بکەر لادەبرێت ئەگەر شێوازی گفتوگۆکە ڕاستەوخۆ بێت و بۆ کەسی بەرامبەر بێت (المخاطب) چونکە هەمووان ئەزانین، کە ئەمجۆرە قسانە بۆ کێیەو بکەر کێیە، بە نموونەی ئەم هۆنراوەیەی (المتنبی) کە دەڵێ (المتنبی، شرح أبي البقاء العكبري، ص135):

ألم ترَ أيها الملك المرجى     عجائب ما رأيت من السحاب

دەبینین (تر) فەرمانێکە بکەرەکەی نادیارەو لابردراوەو لە ئەسڵدا (تر أنت) تۆ نەتبینی، بەڵام (أنت)، (تۆ) لابردراوە چونکە شێوازەکە گفتوگۆیەو بە بەرامبەر ئەڵێ (تۆ نەتبینی)، لەبەرئەوەی شێوازەکە مخاگبیە بۆیە ئاساییە کە بکەر لابدرێت. هەروەها لە شێوازی بکەری نادیار (المبنى للمجهول) بکەر نابێت بەهیچ شێوەیەك دەرکەوێت، چونکە خۆی ئەم شێوازە بۆ شاردنەوەی بکەرە لەبەر چەند مەبەستێکی دیاریکراو یاخود دیارینەکراو، وەك لەم نموونەیەدا شیدەکەینەوە: (كسر الزجاج) واتا (شوشەکە شکێنرا) لەم ڕستەیە بکەر نادیارەو لابراوەو (زجاج) جێگرەوەیەتی و پێی دەڵێن (نائب فاعل) واتا جێگری بکەر. ڕەنگە بکەر بە مەبەست شاردنەوە لابرابێت و ڕەنگە هەر بە دڵنیاییەوە نەزانرێت ئاخۆ کێ شکاندوویەتی بۆیە وا وتراوە.

بەشێکی تر لەناو (الاسم) ئەوانە کە گرنگی تایبەتیان هەیە لە زمانی عەرەبیدا تووشی لابردن دەبن ئەویش (مبتدأ) واتا دەستپێکەرو خەبەر، ئەمجۆرە ناوانە لە زمانی عەرەبیدا زۆر تووشی لابردن دەبنەوەو لابردن ئەمەش دەگرێتەوەو تووشی دەبێت.

هەروەك لەم نموونەیەی تردا بە ڕوونی دەردەکەوێت لابردنی (مبتدأ) لە زمانی عەرەبیدا بەتایبەت لە گفتوگۆی چڕی نێوان دواندا، وەك: (هذا القصر لك) واتا (ئەم کۆشکە بۆ تۆ) لە وەڵامدا بەرامبەرەکە کە هەژارێکە دەڵێ (فقير محتاج؟) واتا (هەژارێکی

[1] ناو لە زمانی عەرەبیدا بە دوو جۆر دەوترێت لەڕووی ڕێزمانییەوە، یەکەمیان نیهاد (مبتدأ)، و ئەوی تریشیان بکەرە (فاعل) و بەشێکی تریشی هەیە ناو کە ئەویش تەواوکەرە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها مەبەستمان لە ناو لە دوو جۆری یەکەمە.

دەست كورت؟!!) وەك ئەوەی تووشی شۆك و سەرسوڕمان هاتبێو باوەڕ بە گوێ و بیرو هۆشی نەكاتو وەك بڵێ (منێكی هەژارو داماو كوا دەتوانێ كۆشكێكی وای هەبێ) ئەم وێنانە هەموو بۆمان دەگوازرێتەوە لەڕێی ئەم شێوازە لە لابردن لە ڕووی سینتاكسەوە، خۆ ئەگەر ئەم لابردنە نەبوایە ئەوە نەماندەتوانی ئەم دیمەنە خەیاڵاویە جوان و پڕ مانایە وێنا بكەین.

نموونەیەكی تری لابردنی (مبتدأ) لە زمانی عەرەبیدا: (الرجل أفضل من المرأة)، و مەبەست لەم نموونەیە (جنس الرجل أفضل من جنس المرأة) (محمود سليمان ياقوت، 1985، ص13)، واتا (پیاو باشترە لە ژن) لە واتا لۆژیكیەكەی مەبەست پێی (ڕەگەزی پیاو باشترە لە ڕەگەزی ژن).

زۆربەی كات لە شیعری عەرەبیدا دەبینین شاعیر لابردنی (مبتدأ) زۆر دووبارە دەبێتەوە لەلای، لەبەر دوو هۆكار یان بۆ پێویستی (وزن و قافیە) كە پێی دەوترێت پێویستی شیعری، یان لەبەرئەوەی پێشتر باسی لەو بابەتە كردووە بۆیە لایدەبات لە دێڕەكانی دواتردا، بە نموونە شیعری ئەم شاعیرە(أبو فرج الاصفهاني، 1997، ص156):

يا خليلي إن أم جسير حين يدنو الضجيج من علله

روضة ذات حنوة و خزامى جاد فيها الربيع من سبله

لە دێڕی دووەمدا دەبینین (روضة) گوزارەیە (خبر) بۆ (مبتدأ)ێكی لابردراو كە ئەسڵەكەی (هي روضة) واتا ئەو وەك باخێك وایە لە جوانی و بۆن ڕێحانی، و تووشی لابردنی (مبتدأ) هاتووە چونكە پێشتر ئاماژەی بۆكراوە (مصطفى عبدالسلام أبوشادي، 1992، ص17)، و شاعیر بۆ پێویستی سەرواكەی پەنای بردۆتە بەر لابردنی (مبتدأ) بە بیانووی ئەوەی پێشتر باس كراوەو ئاماژەی بۆكراوە.

- لابردنی كردار (حذف الفعل): لابردنی كردار بەشێكی باشی پڕكردۆتەوە لە بابەتی لابردن یان كرتاندن. هاتنی كردار لە زمانی عەرەبیدا بكەریش بەدوای خیدا دەهێنێتو هەر كردارە وادەكات بكەر (مرفوع) بێتو هێزو توانای (ضمة)ی دەداتێ.

لابردنی كردار زۆربەی كاتەكان بەمەبەستی كارئاسانی لادەبرێت لە زمانی عەرەبی وە یاخود بەمەبەستی كەمی كاتو ساتو بەكارهێنانی كەمترین وزەی جەستەیی پەنا دەبردرێتە بەر كرتاندنی یاخود لابردنی كردار (فعل) لە زمانی عەرەبیدا. بە نموونە لە حاڵەتی هەڵكوتانە سەر ماڵاو دز چونە سەریان خاوەن ماڵ هاواردەكات و دەڵێ: (النجدة، النجدة) واتا (یارمەتی، یارمەتی) و لە بنەڕەتدا (أطلب النجدة)یە، بەڵام لەبەر نەبوونی كاتو ترسو دڵەڕاوكێ كات بەشی ئەوە ناكات هەمووی بڵێ، تەنها جەخت لەسەر وشە گرنگەكە دەكات كە هەموو لێی تێبگەن و هەموو واتاكە بگەیەنێ بە كردارەكەشەوە ئەویش وشەی (النجدة)یە واتا یارمەتیەكە.

هەروەها لەكاتی فەرمان كردندا بە كارێك كە مەبەست لێی كردنی بێت یاخود نەكردن بێت، لە زمانی عەرەبیدا كردارەكە تووشی لابردن دەبێتو تەنها (مفعول بە) تەواوكەرەكە دەردەخەن، چونكە بەتەنیا تەواوكەرەكە واتای فەرمان كردنەكەش دەدا، وەك: (الاسد) واتا (احذر الاسد) یاخود وشەی (إياك) بەواتای دووربكەوە دێت كە ئەمەش فەرمانە بۆ خۆی وئەمە شێوازێكی تایبەتە بۆ كاتێكی تایبەت.

هەندێكجار رستەیەك بەتەواوی و بە تێكڕا لادەبرێت بەتایبەت لە شیعردا (ابن قتيبة، ص182)، ئەمە لەكاتێكدا ڕوودەدات كە سەرەداوێك یاخود بەڵگەیەك هەبێت بۆ لابردراوەكە (ابن جني، ص360). هەروەك لە پرسیارێك كە نەتوانرێت وەڵامی هەبێت یاخود مەبەست لەو رستە پرسیاریە پرسیاركردنی راستی نیە بەڵكو مەبەست لێی سەرسوڕمانە یاخود گاڵتەپێكردنە وەك: (ما هذا؟) واتا (ئەمە چیە؟) ئەمە هەندێكجار بە بێ وەڵام دەمێنێتەوە، چونكە مەبەست لێی پرسیاری راستەقینە نییە، یان وەكو دەوترێت (هل أنت مجنون؟) بەهەمان شێوە پێویست بە وەڵام ناكات.

- لابردنی تەواوكەر (حذف الفضلات): مەبەست لەم جۆرە لابردنە هەموو ئەو وشانەیە جگەلە مسند و مسند اليە واتا جگەلە مرفوعەكان ئەوەكانی تر ئەگرێتەوە، وەك (مفعول به، و صفه، و حال، وظرف).

ئەم لابردنە لە زمانی عەرەبیدا زۆر بەربڵاوەو لە قورئانی پیرۆزدا زۆر هاتووە بۆ جناس و راگرتنی ئیقاعی قورئانەكە، وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: "ما ودعك ربك وما قلى" (سورة الضحى: اية 3) بەواتای (ما قلاك)، ئەو (ك) مفعول بەیە واتا تەواوكەرە لە زمانی عەرەبیدا كە بە فەرمانەكەوە لكاوە. هەروەك ئەم نموونەیە: (أعطيت زيدا درهما) كە دەشێت بڵێی (اعطيت) (ابن عقيل: 1997، ص460) بەتەنها چونكە بەتەنیا بەسە بۆ پڕكردنی ئەو بۆشاییانە، و رەنگە پێشتر باسكرابێت تەواوكەرەكان.

هەندێكجار مەبەست لە لابردنی ئەو بڕگانە (فضلات) جەخت كردنە لە فەرمان بەتەنها نەك هەر شتێكی تر جگە لەو (الجرجاني، ص154) وەك: (فلان يأمر و ينهى، و يضر و ينفع) واتا تەنها باس لە فەرمان كراوە بێ ئەوە باسی تەواوكەرەكان بكات چونكە مەبەستەكە تەنها خستنەپاڵ بكەرەكە فەرمانەكان نەك شتی تر.

## 1/2- لایەنە لێكچووەكانی كرتاندن لە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی لە ڕووی سینتاكسیەوە:

لێكچووەكان لە بابەتی كرتاندن زۆر زیاترە لە جیاوازییەكان لەنێوان هەردوو زماندا، كە ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەو خوێنەرانەی دەیانەوێت یەكێك لەم زمانانە فێربن وشارەزایی تێدا وەرگرن.

1. كرتاندن دیاردەیەكی باوو بەرفراوانە لە بەكارهێنان لە هەردوو زماندا. هەروەها زۆربەی بەشەكانی ڕستە لە هەردوو زماندا دەكرتێنرێت.
2. كرتاندنی بكەر (فاعل) لە هەردوو زماندا بوونیان هەیە، بەڵام مەرجی كرتاندنەكە دەبێت ئامادەبێت.
3. مەرجی كرتاندنی بەشەكانی ڕستە لە هەردوو زماندا لەیەكتریەوە نزیكە، بە نموونە مەرجی یەكەم بریتیە لە بوونی ئاماژەیەك بۆ كرتێندراوەكەو تێكەڵ نەبوونی واتای ڕستەكە لای بەرامبەر.
4. كرتاندنی كردار لە هەردوو زماندا بوونی هەیە، و كرداری رابردوو و رانەبردوو، كرداری داواكاری تووشی كرتاندن دەبن، چونكە جێی سەرنجی بەرامبەر نییە، پێشتر باسی لێوە كراوە بۆیە دەكرتێندرێن.

5. 5.ئەوەی جێی تێبینیەو لێکچوبەکی ترە لە هەردوو زماندا بریتیە لە دۆخدانی کرداره بۆ بکەرو بەرکارەکان لە زمانی کوردی و عەرەبیشدا.

6. بەرکار لە زمانی کوردیو عەرەبیدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەکرتێنرێن، بەڵام ئەگەر بەرکارەکە خودی خۆی جێگەی پرسیاری بەرامبەر بوو وەك پرسیار بکات بەم ئامرازانە: (بەکێ، چۆن، لەگەڵ کێ بێت) ئەوا نابێت بکرتێنرێت، چونکە ئامانج لەو گفتوگۆیە لە وشەی بەرکاردایە نەك بکەر یاخود کردار، بۆیە دەشێت بکەر یاخود کردار یاخود هەردووکیان بکرتێندرێن، بەڵام بەرکار دەبێت بمێنێتو لانەبرێت.

7. رستەی لێکدراو لە هەردوو زماندا بوونی هەیە، بۆیە بەشێکی زۆری کرتاندنی رستە بەتەواوەتی دەکەوێتە ئەم جۆرە لە رستە لە هەردوو زماندا، بەهۆی دوورو درێژیەوەو کرتاندن ئامرازێکە بۆ ئاسانکاریو کەمترین هیلاك بوونی دەوێتو قسەکەر حەزی بە کورتیە بۆیە پەنا دەبەنە بەر کرتاندنی رستە لەم شێوازە لە رستانە لە هەردوو زماندا.

8. جێناوەکان (الضمائر) لە هەردوو زماندا هۆکارێکە بۆ پەنابردنەبەر کرتاندن، چونکە جێناو دەتوانێت جێگای وشە کرتێنراوەکە بگرێتو رستەکە لە رووی سینتاکسەوە بەڕاستی بهێڵێتەوەو کێشەی تێگەیشتنی بۆ دروست نەکات.

9. کرتاندنی بکەر لە رستەی بکەرنادیار (مبنی للمجهول) لە هەردوو زماندا مەرجی کرتاندنی بکەرە، واتا بکەر دەبێت لابرێتو وشەیەکی تر جێگرەوەی بێت لەوجۆرە رستانە، وەك: خانووەکە ڕوخێنرا (هدم المنزل) دەبینین کە بکەر نادیارەوکەس نازانێت کێ ڕوخاندویەتی.

10. هەروەك باسمان کرد لەم چەند لایەنەوە لە رووی سینتاکسەوە لە دیاردەی کرتاندن هەردوو زمان لێکچونێکی باشیان هەیە، کە یارمەتی خوێنەری هەردوو زمان دەدات و کێشەکانی لەم دیاردەیە کەمدەکاتەوە.

## 2/2- جیاوازییەکانی دیاردەی کرتاندن لە زمانی کوردی و عەرەبیدا:

پاش ئەوەی باسی لێکچوەکانی هەردوو زمانمان کرد لەم دیاردەیەدا، بەڵام ئەم دیاردەیە بەدەرنیە لە جیاوازی کە دەبنە سەرچاوەی کێشە بۆ خوێنەری هەربەکێك لەم دوو زمانە، جیاوازیەکانیش بریتین لە چەند خاڵێك یان لە چەند لایەنێکەوە جیاوازن، لەوانە:

1- لەڕووی زاراوەوە زمانی عەرەبی زۆرترین زاراوەی بەکارهێناوە بۆ ئەم دیاردەیە لەوانە: (قطع، حذف، اضمار، ایجاز، اقتصار)، بەڵام لە زمانی کوردیدا رەنگە چەند زاراوەیەکی کەم بێت وەك: (کرتاندن، لابردن)، کە ئەمە لای خوێنەری زمانی عەرەبی توشی کێشە دەبێتەوە رەنگە تووشی سەرلێتێکدانی بکاتو نەزانێت مەبەست چیە لەم زاراوە جیاوازانە، بۆیە بە پێویستی دەزانین کە زاراوەکان دەستنیشان بکەینو رێکەوتن لەسەری وەك: (حذف) بۆ زمانی عەرەبیو (کرتاندن) بۆ زمانی کوردی بەکاردەهێنرێت.

2- شێوازی زنجیرەیی وشەکان و ریزبوونی کەرەستەکان لە رستەدا لە زمانی عەرەبی جیاوازە لە زمانی کوردی، بۆ نموونە زمانی عەرەبی بە کردار دەستپێدەکات، ئەگەر رستەکە کرداری بێت مەرجە بە کردار دەستپێبکات پاشان بکەرو تەواوکەرەکان، بەڵام لە زمانی کوردی بەپێچەوانەوەیەو دەبێت کردارەکە بکەوێتە کۆتایی رستەکەوە، چونکە ڕستەی زمانی کوردی سەرەو ڕیزبوونی ( بکەر، بەرکار، کردار)ی هەیە، هەر لەبەر ئەم جیاوازیەیە جیاوازی لە دیاردەی کرتاندنیش ڕوودەدات. لە زمانی عەرەبی ئەگەر بکەر لەپێش کردارەوە بێت ئەوە پێی دەوترێت (تقدیم و تأخیر) و وادەکات لەکاتی شیکردنەوە بۆی بوترێت، وە بکەری کردارەکە کرتێندراوەو (تقدیر) دەکرێت بۆی کە لە رووکەشدا هیچ شتێك دیار نییە. واتا تەنها لە ئاستی قووڵ (بنیة عمیقة) بوونی هەیە، بە نموونە: (الولد یرکل الکرة) واتا (کوڕەکە شەقی لە تۆپەکە هەڵدا)، ئەگەر ئەم رستەیە لە زمانی عەرەبی شی بکەینەوە (إعراب) ئەوا (الولد) دەبێتە بکەری کردارێکی نادیار یاخود دەبێتە دەستپێکەر (مبتدأ) و بەوهۆیەشەوە بکەری کرداری (یرکل) بە جێناوێکی نادیار دادەنرێت کە بگەڕێتەوە بۆ ئەو (هو)، بەڵام ئەگەر سەیری نموونە کوردییەکەی بکەین دەبینین کێشەی نیەو رستەکە دوورە لە هەموو کرتاندنێکەوە. ئەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ تێنەگەیشتن لەم زمانە کە ئەگەر خوێنەرێك بیەوێ ئەم زمانە بخوێنێ.

3- بوونی رستەی بێ کردار تایبەتمەندیەکی زمانی عەرەبیەو لە زمانی کوردیدا بوونی نیە، وە ئەم جۆرە رستەیە (الجملة الاسمیة) لە زمانی عەرەبیدا کرتاندن تیایدا ڕوودەداتو دیسانەوە ئەو بەشەی کە کرتێندراوە (تقدیر) دەکرێت بۆی.

1. هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە: (صُمٌّ بُكْمٌ عميٌ فَهُمْ لا يَرجَعُونَ) (سورەتی البقرة: ئایەتی ١٨) ئەمە کرتاندنی (مبتدأ) کراوە کە لە کوردی وەرگێڕانی بۆ کراوە دەڵێن: (کەڕن لاڵن کوێرن) دەبینین لە عەرەبیدا کرتاندنی مبتدأ هەیە بەڵام لە کوردی ئەو کرتاندنە رووی نەداوە وڕستەکە تەواوە، چونکە (جملة اسمیة) بوونی نیە لە زمانی کوردیدا.

4- کرتاندنی تەواوکەر یاخود بەرکار (الفضلات) لە زمانی عەرەبیدا زیاترو زۆرترن بەراورد بە زمانی کوردی، چونکە بزوێنەرەکان (حرکات) وەردەگرن، بۆیە ئاسانتر دەناسرێنەوە، وە هۆکارێکی تر بۆ زیاتر کرتاندنی لە زمانی عەرەبیدا دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو زمانە، لە زمانی عەرەبیدا (مسند و مسند الیه) هەیە کەوا ناکرێت دەستبەرداری ببین لە رستەداو جگە لەوان ئەوەکانی تر بە (فضلات) ناوزەند دەکرێنو دەشێت لابرێن بەمەش وادەکات کە زمانی عەرەبی زیاتر ڕوودانی کرتاندنی ئەم بەرکارانەی تیا ڕوودەدات. بە نموونە: (شربتُ التوتَ) توت واتا توو، تووش ناخورێتەوە بەڵکو شەربەتەکەی ئەخورێتەوە، بۆیە ڕستەکە لەبنەرەتدا بەم شێوەیەیە: (شربتُ عصيرَ التوتِ).

5- زۆرترین کرتاندن لە زمانی کوردیدا لە رستەی لێکدراودا ڕوودەدات بەپێچەوانەی زمانی عەرەبی لە یەك رستەدا زۆرترین کرتاندنو (تقدیرات)ی تیا ڕوودەدات. لەم ڕووەوە زمانی کوردی

لە زمانی ئینگلیزیەوە نزیکە، زمانی کوردیو ئینگلیزی زۆرترین کرتاندن لە رستەی لێکدراوەکان رێتێدەچێت بەپێچەوانەی زمانی عەرەبیەوە کە ڕەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە (فئە)ی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیدا.

6- جیاوازی لە شێوازی جێناوی کەسی سەربەخۆو لکاو لە هەردوو زماندا وادەکات کە جیاوازی هەبێت لە شێوازی کرتاندنەکە. زمانی عەرەبی جیاوازی هەیە لە جێناوی لکاوی یەك کەسیو دوو کەسیو سیانیو چواریو کچو کوڕ، بۆیە خوێنەری هەردوو ئەم زمانە دەبێت ئەوە بزانێت کە جیاوازی هەیە لە جێناوەکان و کاتێك وشەیەك لادەبرێت لە زمانێك لەم زمانانەو ویستی جێناوێك جێگەکەی بگرێتەوە دەبێت بەپێی ژمارەی کەسە کرتێندراوەکان ئەژمار بکاتو بەپێی ئەوە جێناوەکە دابنێ.

7- کرتاندنی پیت لە زمانی عەرەبیو کوردیدا بوونی هەیە، بەڵام بە قەبارەو ساتو کات جیاوازی هەیەو بەپێی یاساو رێسای زمانەوانی دەگۆڕدرێت. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبی بە یاسای رێزمانی گەیشتنی دوو پیتی بێ حرکە (إلتقاء الساکنین) لە دوو وشە رەت دەکرێتەوە کە کۆتایی وشەی یەکەم و سەرەتای وشەی دووەم رووبدات بۆیە بە یاسا یەکێکیان لادەبرێت، وەك:

2. (معلمو الصف) کە لە بنەڕەتدا (معلمون الصف) دەبینین هەردوو پیت (ن ال) دوو ساکینن بەدوای یەکدا هاتوون بۆیە پیتی (نون) لادەبرێت چونکە ناخوێنرێتەوە لەسەر زمانو قورسە بۆ زمان، بەڵام ئەم شێوازە لە کرتاندنە لە زمانی کوردیدا بوونی نیە، رەنگە هەندێك جۆری تر هەبێت کە لە زمانی کوردیدا هەبێتو لە زمانی عەرەبیدا نیە لەوانە کاری ناتەواو کە تەنها ئەمانەن: (ە، بوو، دەبێت) کە لە بنەڕەتدا لە چاوگی (بوون) وەردەگیرێن.

3. هەروەها ئامرازی پەیوەندی (حروف العطف) لە زمانی عەرەبیو کوردی جیاوازن، و لە زمانی کوردیدا کە چەند وشەیەك دەخرێتە نێوان دوو کەوانە بەبێ بوونی (و) دەنوسرێتەوە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا کە چەند وشەیەك دەنوسرێت لەنێوان دوو کەوانەدا ئەوا (و) دادەنرێت لەنێوان هەموو دوو وشەیەك. زۆرترین کرتاندنی پیت لە زمانی عەرەبیدا بوونی هەیە بە بەراورد بە زمانی کوردی.

8- هۆکارێکی تر لە هۆکارەکانی بوونی کرتاندن لە زمانی عەرەبی بە رێژەیەکی زیاتر لە زمانی کوردیدا بوونی (اشتقاق)ە، کە ئەم ئامرازە یارمەتیدەرە بۆ زیاتر کرتاندنی وشەکان و جێگرەوەیان بە (مشتق)ە کراوەکان. بۆ نموونە: (درسَ الطالبُ اللغة) ئەم ڕستەیە تەواوە وهیچ کرتاندنێکی تیا نیە، بەڵام ئەگەر (اشتقاق) بەکاربهێنین ئەوە کرتاندنی تیا ڕوو دەدات، وەك: (دارسٌ للغة)، کە جێگەی ڕستەی پێشوتر دەگرێتەوە.

9- بوونی کرتاندنی حرکات تایبەتە بە زمانی عەرەبی، چونکە زمانێکی (حرکی)یەو تایبەتمەندیەکی تایبەتە بە زمانی عەرەبیو چەندین جار تووشی کرتاندن دەبێت بە یاسا بە نموونە لە کاری داخوازی، وەك: (قلْ)، (اكْتُبْ) و چەندەها نموونەی تر.

-ئەنجامی توێژینەوەو ئاریشەکانی وەرگێڕان لە عەرەبیەوە بۆ کوردی:

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوە بەرانبەرییەی نێوان زمانی کوردی وزمانی عەرەبیدا لە بارەی کرتاندن لە سینتاکسی هەردوو زماندا گەیشتین بەوەی کە لە چەندین ڕوودا هاوشێوەن وەک هۆکارەکانی پەنابردنە بەرکرتاندن ومەرجەکانی وهەروەک لە پێشتردا ئاماژەمان پێکردووە، وە لە چەندین لایەنیتردا جیاوازن وەک سیستەمی زمانەوەنی هەردووزمان وجۆرەکانی کرتاندن وجێگرەوەکانی ووشەی کرتێندراو، بۆیە بە پێویستی دەزانین کە تیشک بخەینە سەر ئاریشەکانی وەرگێڕان وەک دەرەنجامی ئەم توێژینەوە بەرامبەرکاریە.

گومانی تێدا نییە، کە وەرگێڕان کارێکی قورسەو وەرگێڕەکان تووشی چەندین گیروگرفت دەبنەوە، یەکێك لەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بریتیە لە وەرگێڕانی بابەت لە زمانی عەرەبیەوە بۆ کوردیو بەتایبەتیش لە دیاردەیەکی ڕوونی وەك کرتاندن. بۆیە بە پێویستمان زانی کە تیشك بخەینە سەر ئەم لایەنەو ئەگەر لێڵی یان بەرچاوڕوونی تیا نییە ئەوە ڕوونی بکەینەوەو لانیکەم وەرگێڕەکان و خوێنەران ئاگادار بکەینەوە پێشوەختە لەم کێشەو گرفتانە، لەمانە:

1- شێوازی جێگرەوەی (pro) واتا جێناوەکان جا چ سەربەخۆبن یان لکاو وەرگێڕ تووشی گرفت دەکات لە دیاردەی کرتاندنەکە، چونکە رستەکە بۆ خۆی بەشێکی لێ دیار نەماوەو کرتێندراوە لەگەڵ ئەمەشدا جێگرەکە کە وەردەگێڕدرێت بۆ زمانی کوردی ڕەنگە نەتوانێت وەك دەقە عەرەبیەکە واتاکەی بەتەواوەتی بدات، بەتایبەت کاتێك کە زمانی عەرەبی جیاوازی دەکات لەنێوان جێگرەوەی کوڕو کچو دووانی کوڕو کچو کۆی کوڕو کچ، هەر لەبەرئەمەیە کە واتاکەی جیاواز دەبێت یاخود دەبێت وەرگێڕ دوورکەوێتەوە لە کرتاندنی وشەکان تا بتوانێت واتاکەی شانبەشانی واتا تەواوەکەی دەقە عەرەبیەکەیە، بە نموونە: (ذهبت مستعجلة) ئەم رستە عەرەبیە ئاماژە دەکات بە چەند شتێك لەوانە: (بکەر کرتێندراوەو بکەرەکە کچە بەهۆی بوونی (ت) بە کردارەکەوە لکاوە)، بەڵام کاتێك ئەم رستە سادەیە وەردەگێڕدرێت بۆ سەر زمانی کوردی دەبێت بە: (ڕۆیشت بەپەلە، یان کچەکە بەپەلە ڕۆیشت) دەبینین هەردوو رستە هەمان واتای رستە عەرەبیەکە نابەخشێت، چونکە رستەی یەکەم دەستنیشانی رەگەزی خاوەن بابەتەکە ناکات، و رستەی دووەم کە ئاماژە بە رەگەزەکە دەکات کرتاندنەکەی تیا نەکراوەو رستەکە وەك خۆیەتی بەبێ بوونی هیچ ئامرازێکی گوێزانەوە (عناصر التحویل) کە هەروەك چۆمسکی باسی لێوە دەکات.

2- ئەو رستانەی کە پێکهاتوون لە (مبتدأ وخبر) بەبێ بوونی هیچ کردارێك: ئەم جۆرە رستانە گەورەترین کێشەی زمانەوانی بۆ وەرگێڕی سەر زمانی کوردی دروست دەکات، چونکە زمانی کوردی لەوجۆرە رستانەی نیەو پێویستدەکات کە وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی بیکاتەوە بە بکەرو کردار، بەتایبەت لە قورئانی پیرۆز ئەم کێشەیە دەردەکەوێت بە ڕوونی، چونکە خوای گەورەو میهرەبان بە مەبەستێك یەکێك لەو کەرەستانەی ئەو جۆرە رستەیەی لابردووە، کەچی کە وەردەگێڕدرێت بۆ سەر زمانی کوردی تووشی گرفت دەبنو ئەو واتایەی کە ئایەتەکە مەبەستیەتی لێی لە زمانە وەرگێڕدراوەکە بۆی هەستی پێ ناکەین یاخود جوانیو تامو چێژی خۆی لەدەست

دەدات، بە نموونە وەك لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە: (فصكت وجهها وقالت عجوز عقيم) (سورة الذاريات: اية 29) لە بنەڕەتدا رستەکە بەم شێوەیەیە (أنا عجوز عقيم) بەڵام لە خۆشی هەواڵەکەو لە سەرسوڕمانی قسەکەرەکە (مبتدأ)ەکەی لابرد کە (أنا)یە، بەڵام کە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی دەبێت بە (وتی: پیرێژنێکی نەزۆکم) دەبینین کە رستەکە تەواوەو ئەو واتای سەرسوڕمانە زۆرەو کەمی کاتە لە خۆشیا کە مەبەستێتی خوا گیان ناگات پێمان لە وەرگێڕدراوە کوردییەکە، چونکە ئەوانیش هەر دەبێت بگەڕێنەوە سەر سەرچاوە عەرەبییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە واتای وشەکان (مجاهد أبوالفضل: 2016، ص66).

3- کێشەی جیاوازی زاراوەکان و تایبەتمەندی زمانەکان بەشێکی ترە لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبێتەوە لە بابەتی کرتاندنەکە، هەروەك باسمان لێوە کردووە زمانی عەرەبی چەندین زاراوەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنێت بۆ ئەم بابەتە بەپێچەوانەی زمانی کوردی ناتوانرێت سود لە جۆراوجۆری زاراوەکان وەربگیرێت.

4- هەندێکجار کێشەکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە وەرگێڕانی پیت بە پیتی بۆدەکرێت نەك بەپێی واتا، کە ئەمەش وادەکات وشە کرتێندراوەکە ببێتە کێشەو مەرجی ڕوونی رستە لەدەست بدات یاخود ئامانجی کرتاندنەکە لەدەست بدات وڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕینی جۆری کرتێندراوەکە لە امانەکەی تردا.

5- زاڵبونی زمانی دایك بەسەر ئەو زمانەی کە وەری دەگێڕێت (قدرية هوکلکی و سهی نعجة: 2016، ص121-122)، ئەم خاڵە رەنگە کاردانەوەی خراپی هەبێت لە بابەتی کرتاندنەکە، چونکە وەرگێڕ ناتوانێت هەموو کات خۆی دەربکات لە هەژموونی زمانی دایك و کاریگەرییەکانی، بۆیە ئەگەر زۆر وریا نەبێت رەنگە نەتوانێ بەباشی کاری وەرگێڕان بۆ ئەو بابەتانەی کە کرتاندنی تێدا کراوە بکات.

هەروەها چەندین کێشەی تر ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبێتەوە لەم ڕووەوە وەك جیاوازی أسلوب و جیاوازی واتای وشەکانو وشە هاوتاکان بەتایبەت لە دیاردەی کرتاندن، ئەمەش پێویستی بە وەرگێڕێکی لێهاتوو و شارەزا هەیە تا خۆی دەربکات لەژێر هەژموونی هەردوو زمانەو بتوانێت بە شێوازێك دەقەکان وەرگێڕێت کە مەرجەکانی کرتاندنی تیا بکرێتو لەهەمان کاتدا واتا بنەڕەتیەکەی خۆی لەدەست نەدات.

## سەرچاوەکان

### کوردی:


1.بەکر عومەر عەلی، بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەڵحەدین، هەولێر، 1992.

2.دیار علی کمال کەریم، ڕێزمانی کوردی روانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2002.

3.عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2005.

4.ڤیان سلێمان حاجی، کەرەسە بەتاڵەکان لە روانگەی تیۆری دەسەڵت و بەستنەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، 2007.

5.کاروان عومەر قادر، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی،2008.

6.محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، شارەوانی سلێمانی، 2004.

7.مەهاباد کامیل عەبدوڵلا، چەند کردەیەکی سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی،2010.

8.وریا عمر أمين،ئاسۆیەکی تری زمانەوانی،هەولێر 2004.


### عەرەبی:


1. القرآن الكريم.
2. أدب الكاتب: ابن قتيبة، عبد الله بن مسلم، بيروت: دار المعرفه، ط1، 1997.
3. الاصل في النحو: ابن السراج، بيروت: مؤسسة الرسالة، د.ط، 1985.
4. الاغانى: أبو فرج الاصفهانى، بيروت، دار إحياء التراث العربى، ط2، ج22، 1997.
5. الترجمة بين نظامى اللغتين: العربية والتركية (مقاربة دلالية)، قدرية هوكلكى وسهى نعجة، مجلة العربية والترجمة، السنة السابعة، العدد 26، 2016.
6. ترجمة قوله تعالى: (أكاد أخفيها...) دراسة مقارنة بين ترجمات معانى القرآن الى اللغة الإنجليزية: مجاهد أبوالفضل، مجلة العربية والترجمة، السنة السابعة، العدد 26، 2016.
7. جامع الدروس العربية، مصطفى الغلاييني: أحمد زهرة، دار الكتاب العربي، بيروت – لبنان، ج2، 2006.
8. الحذف البلاغي في القرآن الكريم: مصطفى عبدالسلام أبوشادى، القاهرة: مكتبة القران، د.ط، 1992.
9. الحذف في اللغتين العربية والانجليزية و دلالته – دراسة وصفية تقابلية: تلار سالار أحمد، أطروحة دكتوراه في الجامعة الإسلامية العالمية/ ماليزيا، 2015.
10. الحذف والتقدير في النحو العربى: أبو المكارم، القاهرة: دار غريب، (د.ط)، (2008م).
11. دلائل الاعجاز: عبد القادر الجرجاني، صححه: الشيخ محمد عبده ومحمد محمود الشنقيطي، علّق عليه: محمد رشيد رضا، القاهرة: مطبعة محمد علي صبيح وأولاده، ط6، 1960م.
12. ديوان أبي الطيب المتنبي: المتنبي، شرح أبي البقاء العكبرى، بيروت، دار المعرفة، (د.ط)، (د.ت).
13. شرح ابن عقيل على ألفية ابن مالك: عبدالله بن عبدالرحمن ابن عقيل، بيروت: دار الكتب العلمية، ط1، 1997.
14. ظاهرة التحويل في الصيغ الصرفية: محمود سليمان ياقوت، الإسكندرية، دار المعرفة الجامعية، د.ط، 1985.

15. ظاهرة الحذف في الدرس اللغوي، الإسكندرية: دار الجامعية، د.ط. (1980م).
16. الكتاب: سيبويه، أبو بشر بن قنبر، تحقيق وشرح: عبد السلام محمد هارون، (بيروت: عالم الكتب، ط1، 1983م.
17. الكليات: معجم في المصطلحات والفروق اللغوية: أبوالبقاء الكفوى، بيروت: مؤسسة الرسالة، ط2، 1998.
18. اللباب في علل البناء: أبي البقاء العسكرى، ت: محمد عثمان، القاهرة، مكتبة الثقافة الدينية، ط1، 2009.
19. معجم الصحاح: الجوهرى: اعتنى به خليل مأمون شيما، بيروت: دار المعرفة، ط3، 2008.
20. المعجم الوجيز: د.صلاح الدين الهوارى، بيروت: دار ومكتبة الهلال، د.ط، 2007.
21. المعرفة اللغوية: طبيعتها وأصولها، واستخدامها، نعوم جومسكى، القاهرة: دار الفكر العربى، ط1، 1993.
22. مغنى اللبيب عن كتب الاعاريب: عبد الله بن يوسف ابن هشام، بيروت: المكتبة العصرية، د.ط. (1987م).
23. المورد: د.روحى البعلبكى، دار العلم للملايين، ط19، 2005.
24. همع الهوامع في شرح جمع الجوامع: للسيوطى، ت: أحمد شمس الدين، بيروت، دار الكتب العلمية، ط1، 1998، ج3.

ئينگليزى:

1. A Comprehensive Grammar of the English Language: Quirk, R. Greenbaum, S. Leech, G and Svartrik, J., (Essex: Longman Group Limited, 1985).
2. Structuralism: An Introduction: Tim, Shopen, (Oxford University. 1973).
3. Syntactic Structure: Chomsky, A. N. (2002). Berlin: Walter de Gruyter GmbH. 2nd Edition.


هەواڵنامەی کێتر

Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.19639

# ئاستی هۆشیاری مامۆستایانی خوێندنگە بنەڕەتییەکان سەبارەت بە گرانی فێربوونی خوێندنەوە (Dyslexia ) لە خوێندنگە بنەڕەتییەکانی شاری کەلاردا.

**هەڵمەت فائق درويش محمود**

*بەشی باخچەی ساوایان ،کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت*، زانکۆی گەرمیان

***Article Info***

Received: June, 2019
Revised:August,2019
Accepted: August ,2019

***Keywords***

**گرانیەکانی فێربوون، گرانی فێربوونی خوێندنەوە، ئاستی هۆشیاری.**

***Corresponding Author***

Halmat.mahmood@garmian.edu.krd

## پێشەکی

گرانی فێربوونی خوێندنەوە یەکێکە لە گرفتە باوەکانی فێربوون کە توشی خوێندکاران دەبێت لە قۆناغەکانی خوێندندا، لەدەرئەنجامدا کاریگەری نەرێنی لەسەر بەدەستهێنانی خوێندکار لە خوێندنگە بەجێدەهێڵێت. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، ئامانج لێی دیاریکردنی ئاستی هۆشیاری مامۆستایانی خوێندنگە بنەڕەتییەکانە سەبارەت بە گرانیەکانی فێروونی خوێندنەوە، یەکێکیتر لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە کاریگەری ئەزموونی وانەوتنەوە لە سەر ئاستی هۆشیاری مامۆستایان، فۆرمی ڕاپرسی درووستکرا لەسەر بنەمای توێژینەوەکانی پێشوو هەروەها پێشنیاری پسپۆڕان، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیارییەکان فۆرمی ڕاپرسییەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەسەر (٩٤) مامۆستای قۆناغی بنەڕەتی لە(١٢) خوێندنگەی بنەڕەتی لە سنووری پەروەردەی شاری کەلار دابەشکرا، دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە (٧١٪)ی مامۆستایان ئاستی هۆشیارییان باشە سەبارەت بە نیشانەکانی گرانی فێربوونی خوێندنەوە، هەروەها ٢٠٪ی مامۆستایان ئاستی هۆشیارییان مامناوەندە، تەنها (٨٪) لە مامۆستایان ئاستی هۆشیارییان نایابە، هەروەها ئەنجامی توێژینەوەکە سەلماندی کە ئەزموونی وانەوتنەوە کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەرئاستی هۆشیاری مامۆستایان سەبارەت بە گرانی فێربوونی خوێندنەوە.

## پیشەکی

خوێندنەوە و نوسین لە بنەما سەرەکی و گرنگەکانی فێربوونە، هەبوونی کەموکورتی لە هەریەک لەم بوارانەدا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەدەستهێنانی خوێندکاران لە قوتابخانەدا دەبێت، لە جیهاندا (٥-١٠٪)ی خوێندکاران گرفتیان هەیە لە فێربوونی خوێندنەوە و نوسین و هەروەها پرۆسەکانی بیرکاری (Chakravarty,2009). بە دیاریکراوی گرانی فێربوونی خوێندنەوە یەکێکە لە بەربڵاوترین جۆرەکانی گرانی فێربوون لە نێو خوێندکاراندا، ئەم گرانییە هەر لە لەدایکبوونەوە لەگەڵ منداڵدایە، بەڵام ناتوانرێت هەستی پێبکرێت، چونکە کەسی توشبوو بەشێوەیەکی ئاسایی مامەڵە و ڕەفتار دەکات، تاوەکو ئەو کاتەی کە منداڵ دەخرێتە خوێندنگە ئەوکات توشی گرفتی قورس دەبێتەوە لە فێربوونی پرۆسەکانی خوێندنەوە. توێژینەوەکان دەریان خستووە ئەو خوێندکارانەی کە گرفتی خوێندنەوەیان هەیە توشی کۆمەڵێک گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبنەوە، کە وایان لێدەکات ڕووبەڕووی گرفت بن لە بەدەستهێنانی قوتابخانە Shultz,2013; Glazzard, 2010; Ingesson, (2007). هەر بۆیە پێویستە زۆر گرنگی بدرێت بە دەستنیشانکردنی ئەو خوێندکارانەی کە گرفتی فێربوونی خوێندنەوەیان هەیە تاوەکو بێبەش نەبن لە پرۆسەی فێربوون، خوێندکاری توشبوو بە گرانی فێربوونی خوێندنەوە تاوەکو زووتر دەستنیشان بکرێت ئەگەری چارەسەرکردنی کێشەکەی زیاتر دەبێت بە پێچەوانەشەوە ڕاستە(Snowling, 2013).

زانایانی بواری دەروونناسی و پەروەردە بەدرێژایی مێژوو پێناسەی جیاوازیان کردووە بۆ گرانی فێربوونی خوێندنەوە، یەکەمین ڕوونکردنەوە بۆ گرانی فێربوونی خوێندندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان کە وشەی (Dyslexic) بەکارهێناوە (Dys) بە واتای گرفت هەروەها (lexic) بەواتەی وشە (Savage,1985). دیسلێکسیا بریتییە لە گرانی فێربوونی دیاریکراوی خوێندنەوە کە هۆکارەکەی گرفتە لە پرۆسە مێشکییەکان، گرانی فێربوونی خوێندنەوە دەستنیشان دەکرێت لە ڕێگەی هەبوونی گرفت لە ناسینەوەی وشەکان هەروەها گرفت لە

گواستنەوەی هێماکانی نووسین بۆ هێماکانی دەنگ (Vaughn, Bos, & Schumm,2011).، بە تێپەڕبوونی کات و ئەنجامدانی توێژینەوەی نوێ گۆڕانکاری بەسەر پێناسە و چەمکی گرانی فێربوونی خوێندنەوە هاتووە، بە بۆچوونی رێکخراوی پزیشکانی دەروونی ئەمریکی، گرانی فێربوونی خوێندنەوە بریتییە لە گرفت لە خوێندنەوەی وشەکان، ئەم کەموکورتیە کاتێک دەردەکەوێت کە خوێندکارێک لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی خوێندنەوە نمرەی لاواز بەدەستبهێنێت بە بەراورد بەنمرەی پێشبینیکراو.
(Al-Shidhani&Arora ,2012; Hayiou-Thomas&Snowling,2015)

بەهۆی گرنگی و بەربڵاوی گرانی فێربوونی خوێندنەوە توێژینەوەی زۆر کراوە بە ئامانجی باشتر تێگەیشتن لە گرفتەکە و هەروەها چۆنیەتی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی، هەرچەندە ئەو توێژینەوانەی کراوە بەتەواوی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە نییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئامانجە گشتییەکانی توێژینەوەکان لەیەکەوە زۆر نزیکن.

(Ness & Southall,2010). توێژینەوەیەکیان ئەنجامدا بە ناونیشانی " زانست و زانیاری و بیروو بۆچوونی مامۆستا سەبارەت بە گرانی فێربوونی خوێندنەوە" کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٢٨٧) مامۆستا لە شاری ئەلەباما- ئەمریکا، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبوو لە دەستنیشانکردنی ئاستی زانست و زانیاری مامۆستایان سەبارەت گرفتەکانی فێربوونی خوێندنەوە، توێژەران هەستان بە دروستکردنی راپرسییەک لەسەر بنەمای پێوەری تایبەت بە نیشانەکانی گرانی فێربوونی خوێندنەوە. دەرەنجامی توێژنەوەکە دەریخست مامۆستایان شارەزاپی سەرەتاییان هەیە سەبارەت بە گرانی فێربوونی خوێندەوە، بەڵام هەڵە تێگەیشتن و زانیاری هەڵەیان هەبوو سەبارەت بە نیشانەکان و بنەما سەرەکییەکانی گرانییەکانی فێربوون و هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان.

(Nascimento & Queiroga,2018) توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییان لە بەرازیل ئەنجامدا بە ناونیشانی" زانست و زانیاری مامۆستایانی خوێندنگە بنەڕەتییەکان سەبارەت بە گرانی فێربوونی خوێندنەوە" کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە مامۆستایانی بنەڕەتی لە شاری ئەبرێو لیما- بەرازیل، چاوپێکەوتن بەکارهێنرا بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە رێگەی کۆمەڵە پرسیارێکی ئاراستەکراو سەبارەت بە گرانییەکانی فێربوونی خوێنندنەوە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە زۆرینەی مامۆستایان زانیارییان کەمە لەسەر گرانییەکانی فێربوونی خوێندنەوە، سەرەڕای هەبوونی پێشینەیەکی پەروەردەیی باش، بەڵام ئەو پرۆگرامە پەروەردەیییانەی کە بۆ مامۆستایان دانراوە هاوکاری مامۆستایان ناکات کە شارەزای نیشانەکانی گرانی فێربوونی خوێندنەوە وهەروەها چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندکاران بن.

لە هیندستان، (Acharya , prasantakumar2015) توێژینەوەیەکیان ئەنجامدا بە ناونیشانی هۆشیاری مامۆستایانی خوێندگە بنەڕەتییەکان سەبارەت بە گرانییەکانی فێربوونی خوێندنەوە، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیبوو لە دەستنیشانکردنی ئاستی هۆشیاری مامۆستایانی خوێندنگە بنەڕەتییەکان سەبارەت بە گرانییەکانی فێربوونی خوێندنەوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٦٠) مامۆستای بنەڕەتی لە ناو شار و گوندەکان، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست ئاستی هۆشیاری مامۆستایانی خوێندنگە بنەڕەتییەکان لاوازە دەربارەی گرانی فێربوون خوێندنەوە.

بە ئامانجی دۆزینەوەی ئاستی هۆشیاری مامۆستایان سەبارەت بە گرانییەکانی فێربوون لە زانکۆی ئۆهایۆی ئەمریکا، توێژینەوەیەک بە ناونیشانی " روانگەی مامۆستایان سەبارەت بە گرانی فێربوونی خوێندنەوە" لەلایەن (Chugh , 2011) ئەنجامدرا، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە مامۆستایانی خوێندنگە بنەڕەتییەکان لە (٦) ناوچەی جیاواز لە ویلایەتی ئۆهایۆ، ئەنجامی توێژینەوەکان دەریخست هەرچەندە مامۆستایان بە شێوەیەکی گشتی ئاستی زانیارییان پەسەندە سەبارەت بە گرانی فێربوونی خوێندنەوە، بەڵام کۆمەڵێک هەڵە تێگەیشتنیان هەیە دەربارەی نیشانەکانی و چەمکە بنەڕەتییەکانی گرانی فێربوونی خوێندنەوە.

لە کوردستاندا، بەپێی پێویست توێژینەوە لە بوارەکانی پەروەردەی تایبەت نەکراوە بەبەراورد بە وڵاتانی پێشکەوتوو کە گرنگی و بایەخێکی تایبەتیان داوە بەم بوارە، کەمی توێژینەوەی زانستی لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی پسپۆڕ لە بوارەکەدا، هەربۆیە ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات ئاستی هۆشیاری مامۆستایانی خوێندنگە بنەڕەتییەکان سەبارەت بە گرانییەکانی فێربوونی خوێندنەوە دەستنیشان بکات، چونکە دەروونناسان و پەروەردەکاران کۆکن لەسەر رۆڵ و گرنگی مامۆستا لە دەستنیشانکردنی کەسانی خاوەن گرانی فێربوون، هەروەها ئەم توێژینەوە لە کاریگەری ئەزموونی وانەوتنەوەی مامۆستایان لەسەر ئاستی هۆشیارییان دەکۆڵێتەوە.

## رێبازی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی پەسنی (وەسفی) شیکارییە، توێژەر هەستاوە بە ئامادەکردنی فۆرمی راپرسی لەسەر بنەمای توێژینەوەکانی پێشوو، پاشان بۆ بەهێزکردنی راپرسییەکەو دەستکەوتنی راستی و دروستی، فۆرمی راپرسییەکە ئاراستەی ( ٥ ) پرۆفیسۆری یاریدەدەر، دکتۆر، هەروەها مامۆستا لە بوارەکانی پەروەردە و دەروونناسی کرا. پاش وەرگرتنی تێبینی و پێشنیارەکانیان، چەند برگەیەک لە فۆرمی راپرسییەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات، پاش وەرگرتنی رەزامەندی مامۆستایان لە مانگی (٤) ی (٢٠١٩) فۆرمی راپرسییەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکرا بەسەر (٩٤) مامۆستای ئاستی بنەڕەتی لە (١٢) خوێندنگەی جیاوازدا لەسنوری بەرێوبەرایەتی پەروەردەی کەلار، راپرسییەکە پێکهاتبوو لە (١٦) برگەو بەشێوەی (Likert Scale) پێنج بژاردەی هەبوو، واتە بەرزترین نمرە دەبێت (٨٠) بێت. ئاستەکان دابەشکرا بەسەر نایاب (٦٠-٨٠)، باش(٤٠-٥٩)و مامناوەند (٢٠-٣٩) و هەروەها خوار مامناوەند لە ١٩ وە بۆ خوار. بۆ دەستکەوتنی راستی و دروستی راپرسییەکە توێژەر کرۆنباخ ئەلفای بەکارهێنا، کە ئەنجامەکەی بریتی بوو لە (٠.٧٨١) کە ئەمەش راستی و دروستی راپرسییەکەیە دەسەلمێنێت، بۆ شیکردنەوەی زانیارییە کۆکراوە ئامارییەکان توێژەر پرۆگرامی(SPSS) ی ڤێرژنی ٢٤ی بەکارهێنا.

## ئەنجام

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە ٣٠٪ی مامۆستایان ئەزموونیان لە نێوان (٠-٥) ساڵە هەروەها ٤٠٪ی بەشداربووانی توێژینەوەکە ئەزموونی وانەوتنەوەیان لە نێوان (٦-١٠) ساڵە، هەروەها ٢٨٪ی مامۆستایانی بەشداربوو لە توێژینەوەکە ئەزموونی وانەوتنەوەیان لە سەرووی ١١ ساڵە.

**خشتەی ژمارە (١) ئەزموونی وانەوتنەوە**

| | | فرێکوێنسی | ڕێژەی سەدیی | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | کەم ئەزموون (٠-٥) ساڵ | 29 | 30.9 | 30.9 | 30.9 |
| | مامناوەند(٦-١٠)ساڵ | 38 | 40.4 | 40.4 | 71.3 |
| | ئەزموندار(١١ ساڵ بۆ سەرەوە) | 27 | 28.7 | 28.7 | 100.0 |
| | کۆی گشتی | 94 | 100.0 | 100.0 | |

فرێکوێنسی و ڕێژەی سەدی بەکارهێنرا بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ئاستی هۆشیاری مامۆستایانی خوێندنگە بنەڕەتییەکان سەبارەت بە گرانی فێربوونی خوێندنەوە، ئاستی هۆشیاری دابەشکرا بەسەر چوار ئاستدا (خوار مام ناوەند)، ( مامناوەند)، (باش)، هەروەها( نایاب).
ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە ٧١٪ ی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی ئاستی هۆشیارییان باشە، ٢٠٪ی ئاستی هۆشیارییان مامناوەندە، هەروەها تەنها ٨٪ لە مامۆستایان ئاستی هۆشیارییان نایابە.

**خشتەی ژمارە(٢) ئاستی هۆشیاری مامۆستایانی خوێندنگە بنەڕەتییەکان سەبارەت بە گرانی فێربوونی خوێندنەوە**

| | فرێکوێنسی | ڕێژەی سەدی | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|
| مامناوەند | 19 | 20.2 | 20.2 | 20.2 |
| باش | 67 | 71.3 | 71.3 | 91.5 |
| نایاب | 8 | 8.5 | 8.5 | 100.0 |
| Total | 94 | 100.0 | 100.0 | |

خشتەی ژمارە (٣) تاقیکردنەوەی وەن وەی ئەنۆڤا (one-way ANOVA)

Total Score

| | Sum of Squares | Df | Mean Square | F | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|
| Between Groups | 1423.008 | 2 | 711.504 | 11.500 | .000003 |
| Within Groups | 5630.109 | 91 | 61.869 | | |
| Total | 7053.117 | 93 | | | |

بۆ زانینی کاریگەری ئەزموون لەسەر ئاستی هۆشیاری مامۆستایان سەبارەت بە گرانییەکانی فێربوونی خوێندنەوە، تاقیکردنەوەی وەن وەی ئەنۆڤا بەکارهێنرا، بە پشتبەستن بە (ف) لەسەر ئاستی ١٪ جیاوازی دەرکەوت کە ئەزموون کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی هۆشیاری.

هەروەها بۆ دەرخستنی زیاتری جیاوازی لە نێوان هەر ئاستێکی ئەزموون و ئاستی هۆشیاری، تاقیکردنەوەی دەنکن بەکارهێنرا، لەسەر ئاستی ١٪


**خشتەی ژمارە (٤)تاقیکردنەوەی دەنکن(جیاوازی لە نێوان ئاستی ئەزموونی وانەوتنەوە و ئاستی هۆشیاری)**

**Duncan[a,b]**

| ئاستەکانی ئەزموونی وانەوتنەوە | ژمارە | Subset for alpha = 0.05 1 | 2 | 3 |
|---|---|---|---|---|
| کەم ئەزموون | 29 | 44.3793 | | |
| باش | 38 | | 50.0789 | |
| ئەزموونداراز | 27 | | | 54.4074 |
| Sig. | | 1.000 | 1.000 | 1.000 |

دەرکەوت کە جیاوازی هەیە لە نێوان ئاستەکانی ئەزموون و ئاستەکانی هۆشیاری سەبارەت بە گرانییەکانی فێربوونی خوێندنەوە.

**خشتەی ژمارە (٥)تاقیکردنەوەی دەنکن**(جیاوازی لە نێوان ئاستی ئەزموونی وانەوتنەوە و ئاستی هۆشیاری)




بە ئامانجی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ڕەگەز و ئاستی هۆشیاری تاقیکردنەوەی پیرسۆن کای سکوێر بەکارهێنرا. ئەنجامی تاقیکردنەوەکە دەریخست هیچ پەیوەندییەکی کاریگەر لە نێوان ڕەگەز و ئاستی هۆشیاری مامۆستایان نییە سەبارەت بە گرانیەکانی فێربوونی خوێندندەوە.

نەخشتەی ژمارە (٦)تاقیکردنەوەی پیرسۆن کای سکوێر ( پەیوەندی نێوان ڕەگەز و ئاستی هۆشیاری)

| | Value | df | Asymptotic Significance (2-sided) |
|---|---|---|---|
| Pearson Chi-Square | 1.581[a] | 4 | .812 |
| Likelihood Ratio | 1.897 | 4 | .755 |
| Linear-by-Linear Association | .368 | 1 | .544 |
| N of Valid Cases | 94 | | |

### شیکردنەوەی ئەنجامەکان

دوای شیکردنەوەی ئامارەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت کە (٧١٪)ی مامۆستایانی بەشداربوو لە توێژینەوەکە ئاستی هۆشیاریان سەبارەت بە نیشانەکانی گرانی فێربوونی خوێندنەوە باشە، واتا زۆرینەی مامۆستایان ئاشنان بە بنەما سەرەکیەکانی گرانی فێربوونی خوێندنەوە و دەتوانن هاوکاری توێژەری دەروونی بکەن لە دەستنیشانکردنی کەسانی خاوەن گرانی فێربوون، هەرچەندە زۆرینەی مامۆستایان ئاستی هۆشیاریان باشە سەبارەت بە گرانییەکانی فێربوونی خوێندنەوە، بەڵام شارەزای مامەڵەو چۆنێتی کارکردن لەگەڵ ئەو خوێندکارانەدا نین، چونکە تەنها (٨٪)ی بەشداربوان ئاستی هۆشیاریان نایابە و دەتوانن رێکاری پێویست بگرنەبەر بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ خوێندکارانی توشبوو بە گرانی فێربوونی خوێندنەوە، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە یەکدەگرێت لەگەڵ دەستکەوتەکانی توێژینەوەی Nascimento& Queiroga, 2018; (Chugh , 2011) کە ئەنجامی توێژینەوەکەیان سەلماندی زۆرینەی مامۆستایان شارەزای بنەما سەرەکییەکانی دەستنیشانکردن و هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندکارانی خاوەن گرانی فێربوونی خوێندنەوە نین، هۆکاری ئەم ئەنجامە دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ بایەخنەدان بە بواری پەروەردەی تایبەت لە سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەپێی پێویست. هەرچەندە بابەتەکانی پەروەردە و دەروونناسی لەسەرجەم ئەو بەشانەی زانکۆ کە دەرچوانی لە داهاتوودا دەبن بە مامۆستا دەخوێنرێت، بەڵام بە شێوەیەکی لاوەکی تەماشا دەکرێت و گرنگی زۆری پێنەدراوە بەراورد بە بابەتەکانی تر، هەروەها لەو بەشانەی کە دەرچوانی دەبن بە مامۆستا بابەتی پەروەردەی تایبەت بەشێک نیە لە پرۆگرامی خوێندنی زانکۆیان، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکان کە مامۆستایان بە پێی پێویست ناتوانن مامەڵەی تەندروست لەگەڵ خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەتدا بکەن.

هەروەها ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست ئەزموونی وانەوتنەوە کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی هۆشیاری مامۆستایان دەربارەی گرانییەکانی فێربوونی خوێندنەوە، بەواتای تاوەکو ئەزموونی وانەوتنەوەی مامۆستا زیاتر بێت ئاستی هۆشیاری مامۆستایان سەبارەت بە گرانییەکانی فێربوونی خوێندنەوە زیاتر دەکات، بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە ئەو مامۆستایانەی کە ئەزموونی وانەوتنەوەیان لە نێوان (١-٥) ساڵە ئاستی هۆشیاریان سەبارەت بە گرانییەکانی فیربوونی خوێندنەوە کەمترە بە بەراورد بەو مامۆستایانەی کە ئەزموونی وانەوتنەوەیان لە نێوان (٦-١٠) ساڵە، هەروەها ئەو مامۆستایانەی کە ئەزموونیان لە سەرووی (١١) ساڵە، ئاستی هۆشیاریان زیاترە لە دوو ئاستەکەی تری ئەزموونی وانەوتنەوە، ئەم ئەنجامەش پشتگیری توێژینەوەی Moothedath&Vranda, 2015; Rudiyati, &Mumpuniarti, 2017) دەکات کە کاریگەری ئەزموونی وانەوتنەوەی لەسەر ئاستی هۆشیاری مامۆستایان سەبارەت بە گرانییەکانی فێربوونی خوێندنەوەی پشتڕاست کردووەتەوە، هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئەزموونی وانەوتنەوە، چونکە تاوەکو مامۆستایان ئەزموونی وانەوتنەوەیان زیاتربێت شارەزاتر دەبن لە دەستنیشانکردنی گرفتە پەروەردەیی و فێرکردنەکانی خوێندکار، ئەزموون دەبێتە هۆی فراونکردنی زانست و زانیاری مامۆستایان، چونکە مامۆستایان لە کاتی وانەوتنەوەدا ڕووبەڕووی خوێندکاری جیاواز لە رووی توانای هزری و جەستەیی و هەروەها دەروونی دەبنەوە، کە لە سەرەتادا ئاسان و روون نیە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات بەهۆی دووبارە ڕووبەڕووبونەوەی ئەوگرفتانە باشتر دەتوانن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

یەکێکیتر لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیبوو لە دەستنیشانکردنی جیاوازی نێوان ڕەگەز و ئاستی هۆشیاری، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە نێوان ڕەگەز و ئاستی هۆشیاری، واتا جیاوازی ڕەگەزی هیچ کاریگەرییەکی نەبووە لەسەر ئاستی هۆشیاری مامۆستایان سەبارەت بە گرانی فێربوونی خوێندنەوە، دەکرێت هۆکاری نەبوونی ئەم جیاوازە بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی خولی راهێنان بۆ مامۆستایان دەربارەی گرانیەکانی فێربوون لە سەرجەم دامودەزگاکانی پەروەردە و فێربوون بەبێ جیاوازی ڕەگەزی.

### دەرئەنجام و راسپاردە

گرانی فێربوونی خوێندنەوە یەکێکە لە گرفتە باوەکانی خوێندن کە تووشی منداڵان دەبێت هەر لە سەرەتای تەمەنی چوونە باخچەی ساوایان و خوێندنگە، زۆرێک لەمامۆستایانی خوێندنگە بنەرەتییەکانی شاری کەلار ئاستی هۆشیاریان باشە دەربارەی نیشانە سەرەتاییەکانی گرانی فێربوونی خوێندنەوە، بەڵام دووچاری گرفت دەبن کاتێک ڕووبەڕووی خوێندکارێک دەبنەوە کە خاوەن گرانی فێربوونی خوێندنەوەیە، ئەویش بەهۆی نەبوونی شارەزایی لە شێوازی مامەڵەکردن و هەروەها چۆنێتی هاوکاریکردنی ئەو جۆرە خوێندکارانە، تەنها رێژەیەکی زۆر کەم لە مامۆستایان ئاستی هۆشیاریان نایابە و دەتوانن بە دروستی مامەڵە بکەن لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی کە گرانی فێربوونی خوێندنەوەیان هەیە. هەروەها ئەو مامۆستایانەی کە ئەزموونی وانەوتنەوەیان زۆرە ئاستی هۆشیاریان سەبارەت بە گرانی فێربوونی خوێندنەوە باشترە بە بەراورد بەو مامۆستایانەی کە ئەزموونی وانەوتنەوەیان کەمترە. پێشنیار دەکرێت کە توێژینەوەی زیاتر بکرێت سەبارەت بە گرانییەکانی فێربوون بە گشتی و گرانی فێربوونی خوێندنەوە بە دیاریکراوی بە ئامانجی تیشکخستنەسەر لایەنەکانی دیکەی ئەم بوارە، یەکێکیتر لە رێگەچارەکان بریتییە لە کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان و توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی سەبارەت بە گرانییەکانی فێربوون و چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ خوێندکارانی توشبوو، هەروەها گرنگیدان بە پەیوەندی بەهێزی نێوان دەستەی خوێندنگەکان و خێزانی خوێندکارانی توشبوو بەمەبەستی باشتر هاوکاریکردنیان، چونکە هەبوونی پەیوەندیەکی تەندرووست کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر بەرەوپێشچوونی ڕێڕەوی چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، لە ئاستی خوێندنی باڵادا پێویستە بابەتی پەروەردەی تایبەت بخوێندرێت لەسەرجەم ئەو بەشانەی کە دەرچوانی دەبن بە مامۆستا لە داهاتوودا، ئەمەش بە ئامانجی زیاتر ئاشناکردنیانە بە بابەتەکانی پەروەردەی تایبەت بە گشتی و گرانیەکانی فێربوون بە تایبەتی.

## سەرچاوەکان


Acharya ,P. (2015) , A study of the awareness of secondary schools teachers towards language learning difficulties of students. *Scholarly Journal for Interdisciplinary Studies.* 26 (4), *2889-2898.*

Al-Shidhani, T. A., &Arora, V. (2012).Understanding dyslexia in children through human development theories. *Sultan Qaboos University Medical Journal*, *12*(3), 286.

Chakravarty, A. (2009).TaareZameen Par and dyslexic savants. *Annals of Indian Academy of Neurology*, *12*(2), 99.

Chugh, S. (2011).Teachers' perceptions of students with late emerging reading disabilities. *Iowa State University Digital Repository.* https://lib.dr.iastate.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1371&context=etd

Glazzard, J. (2010). The impact of dyslexia on pupils' self-esteem. *Support for learning*, *25*(2), 63-69.

Ingesson, S. G. (2007). Growing up with dyslexia: Interviews with teenagers and young adults. *School Psychology International*, *28*(5), 574-591.

Moothedath, S., &Vranda, M. N. (2015).Knowledge of primary school teachers in identifying children with learning disabilities. *Disability, CBR & Inclusive Development*, *26*(3), 68-76.

Nascimento, I. S. D., Rosal, A. G. C., &Queiroga, B. A. M. D. (2018).Elementary school teachers' knowledge on dyslexia. *Revista CEFAC*, *20*(1), 87-94.

Ness, M. K., &Southall, G. (2010). Preservice Teachers' Knowledge of and Beliefs About Dyslexia. *Journal of Reading Education*, *36*(1).

Rudiyati, S., Pujaningsih, P., &Mumpuniarti, M. (2017).Teacher Knowledge and Experience Dealing with Students with Learning Disabilities in Inclusive Elementary School and Implications to Learning Accommodation and Modification.In *1st Yogyakarta International Conference on Educational Management/Administration and Pedagogy (YICEMAP 2017)*.Atlantis Press.

Savage, John F (1985). *Dyslexia : understanding reading problems*. J. Messner, New York. Retrieved from :https://trove.nla.gov.au/work/18914794?q&versionId=44612624

Shultz.J. (2013) The dyslexia-stress-Anxiety connection. Retrieved May 13,2019, From, www.dyslexiaida.org.

Snowling, M. J. (2013). Early identification and interventions for dyslexia: a contemporary view. *Journal of Research in Special Educational Needs*, *13*(1), 7-14.

Thompson, P. A., Hulme, C., Nash, H. M., Gooch, D., Hayiou-Thomas, E., &Snowling, M. J. (2015). Developmental dyslexia: predicting individual risk. *Journal of Child Psychology and Psychiatry*, *56*(9), 976-987.

Tunmer, W., &Greaney, K. (2010). Defining dyslexia. *Journal of learning Disabilities*, *43*(3), 229-243.

Vaughn, S., Bos, C. S., &Schumm, J. S. (2011). *Teaching students who are exceptional, diverse, and at risk in the general education classroom*. Upper Saddle River, N.J.: Pearson Education.